هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 93

سالَی/ 2013 – بەرگی نەوەت و سێ

---

چاپی یەکەم/ سالَی 2013

له بلاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی(2013)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: 93
چاپی یەكەم: 2013
تیراژ: 250
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات كردن: شەرمین خضر، نەورۆز شێرزاد، گزەنگ ابراهیم، دلێر اكرم، بەختیار جمیل، شوان محمد، نەهلە اسعد. كۆڤان خسرو، مروان ابراهیم.
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێڕیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (25) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوارشەممە 2013/5/29 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (26) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2013/6/3 ل 81

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (27) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2013/6/4 ل 109

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (28) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2013/6/5 ل 195

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (29) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2013/6/10 ل 233

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (30) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2013/6/12 ل 291

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (31) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2013/6/17 ل 353

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (32) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2013/6/18 ل 365

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (33) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2013/6/19 ل 385

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (34) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2013/6/25 ل 457

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (35) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2013/6/30 ل 511



# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (25)**

**چوار شەممە رێکەوتی 29\5\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (25)

## چوار شەممە رێكەوتی 2013/5/29

كاتـژمێر (10)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چوارشـەممە رێكـەوتی 2013/5/29 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (25)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (25)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە كـات (10)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چـوار شـەممە رێكـەوتی 2013/5/29 دا بـەم شێوەیە بێت:

بەردەوام بوون لەسەر خستە روو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای مـافی بەدەست هێنـانی زانیارییـەكان لـە هەرێمی كوردستان - عێراق،

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بـەناوی گـەلی كوردسـتان، دانیشـتنی ئـەمڕۆمان دەست پێدەكـەین، پەرلـەمانی كوردسـتان، خـولی سـێیەمی هەڵبژاردن، سـاڵی چـوارەم خـولی گرێـدانی دووەم، ژمـارەی دانیشـتن (25)، رۆژی دانیشـتن 2013/5/29، بەرنامـەی كـار، بـە پێـی حوكمـەكانی بڕگـە یـەكی مـاددە (20)، لـە پـەیرەوی نـاوخۆی ژمـارە یـەكی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلـەمانی كوردسـتانی عـیراق، دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیـاری دا بەرنامـەی كـاری دانیشـتنی ژمـارە (25)ی ئاسـایی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، لـە كاتـژمێر (10) پـێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2013/5/29 بەم شێوەیە بێ:

بەردەوام بوون لەسەر خستە روو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای مافی بەدەست هێنـانی زانیارییـەكان لـە هەرێمی كوردستان - عێراق، داوا لە لیژنەی هاوبـەش دەكـەین بفـەرموون بـۆ سـەكۆی لیژنـەكان، فـەرموون دەست پێبكەن بیخوێننەوە بە عەرەبی و بە كوردی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لـە دانیشـتنی دوێـنی گەیشـتینە مـاددەی دەیـەمی پرۆژەكـە كـە راپـۆرتی هاوبـەش بـووە ئەسـاس بـۆ موناقەشەكردن.

**المادة العاشرة:** تقترح اللجنة تغيير عنوان المادة من **"أسباب تبليغ المعلومات"** إلى **"ايصال المعلومات"**

أولاً: لمقدم الطلب بيان الطريقة السهلة لوصول المعلومات اليه، و على المؤسسة العامة أو الخاصة تلبية طلبه.

ثانياً: على المؤسسة العامة أو الخاصة تلبية المطالب الواردة أدناه عند الطلب:

أ- نسخة أصلية عن الوثيقة بالصورة المعتمدة لديها.

ب- حق معاينة الوثيقة عند الضرورة بإستخدام الوسائل التي تملكها المؤسسة المعنية عادةً.

ت- حق نسخ الوثيقة بإستعمال أجهزة يملكها الشخص.

ث- نسخة طبق ألاصل عن مضمون الوثيقة، مطبوعة أو مسجلة، مرئية أو مسموعة، إذا ما أمكن إنجاز هذه النسخة بإستعمال الأجهزة المتوفرة لدى المؤسسة المعنية.

ج- اعداد نسخة صحيحة من الوثيقة الاساسية، بشكل مختصر أو أي تصنيف آخر لصيغ الوثيقة.

ثالثاً: للمؤسسة المعنية رفض أعطاء المعلومات على النحو المطلوب في الفقرة أعلاه، حين يمثل ضرراً على الوثيقة.

رابعاً: في حالة وجود الوثيقة بلغات متعددة، يزود المعلومات لطالبها باللغة أو اللغات التي يرغب فيها.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو د. دانا بە كوردییەكەی.

**بەڕێز د. دانا سعيد صوفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ماددەی دەیەم:** لیژنە پێشنیار دەكات ناونیشانی ماددەكە بگۆڕدرێ بۆ **"گەیاندنی زانیاری"**

یەكەم: لەسەر كەسی داواكار پێویستە، ئاماژە بۆ ڕێگەیەكی ئاسانی پێگەیاندنی زانیاری بكات و لەسەر دامودەزگای گشتی یان تایبەتیش پێویستە بەدەم داخوازییەكەیەوە بچێ.

دووەم: لەسەر دامودەزگای گشتی یان تایبەتی پێویستە، ئەم داخوازییانە جێبەجێ بكەن:

أ- دانەیەكی ئەسڵیی لە دۆكیۆمێنتی داواكراو بەو وێنەیەی كە دامودەزگا خۆی پشتی پێ دەبەستێ.

ب- مافی چاولێكردن و لێوردبوونەوەی دۆكیۆمێنتی داواكراو لەكاتی پێویستدا و بە بەكارهێنانی دەستاوێژەكانی دامودەزگای دیاریكراو.

ت- مافی لەبەرگرتنەوەی دۆكیۆمێنتەكە بە بەكارهێنانی ئامێری كەسی داواكار خۆی.

پ- دانەیەكی چاپكراو، یان تۆماركراوی بیستراو یان بینراو و دەقاودەقی ناوەڕۆكی دۆكیۆمێنتەكە، ئەگەر كرا ئەو لەبەرگرتنەوەیە بە بەكارهێنانی ئەو ئامێرانە بێ كە لە دامودەزگاكەی خۆیدا هەن.

ج- ئامادەكردنی دانەیەكی ڕاست و دروستی دۆكۆمێنتە بنەڕەتییەكە، چ بە كورتكراوەیی بێ یان بەهەر پۆلینێكی تری شێوازەكانی دۆكیۆمێنتەكە.

سێیەم: دامودەزگای دیاریكراو، بۆی هەیە زانیاریی داواكراو بەو شێوانەی لەسەرەوە باسكران، نەدات ئەگەر زیان بە دۆكیۆمێنتەكە بگەیەنێ.

چوارەم: ئەگەر دۆكیۆمێنتەكە بە چەند زمانێك هەبێ، ئەوە دەبێ بەو زمانە یان زمانانەی كەسی داواكار دەیەوێ، زانیارییەكەی پێ بدرێ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (كاك فاضل، سۆزان خان، كاك حەمە سعید، كاك شێرزاد، كاك عماد، ئاهەنگ خان، كاك عبدالله، مامۆستا عمر، كوێستان خان، لیلی خان، كاك شوان)، فەرموو كاك فاضل.

**بەڕێز فاضل محمد قادر (بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من تەنها تێبینیم لەسەر خاڵی (ب) هەیە، كە باس لە دۆكۆمێنت و یان بابڵێین چاپكردن هەیە، ئەو چاپكردنە بە شێوازێك بێت كە ئەو جیهازە لە جێگاكانی تر هەبێ، بەبڕوای من لە ئێستاوە ئەگەر ئەم یاسایە بەو شكڵە دەربچێ هەموو ئەو زانیارییانە لە ڕێگەی ئەجهیزەی ئەلیكترۆنییەوە نەقڵبكرێ، پێموایە هەم لە رووی ئەمنییەتەوە باشترە و گەیاندنەكەشی زیاتر و زووتر بە كەسی پەیوەندار دەگات، لەوەی لە ڕێگەی دۆكۆمێنت و چاپكردن و ئەوانەوە بێ، چونكە بەراستی ئێستاكە ئەجهیزەی ئەلیكترۆنی یەعنی بەو رادەیە پێشكەوتووە زۆر بەباشی دەتواندرێ ئاڵوگۆڕی هەموو زانیارییەكان و هەر بەرنامەیەكی تری پێبكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من دەست خۆشیتان لێدەكەم جارێكیتر لە لیژنەی هاوبەش، لە خاڵی (ت) كەم و كورتییەك دەبینم (حق نسخ الوثیقة بأستعمال اجهزة یملكها الشخص)، یەعنی ئەمە بكرێ بەوەی (حق تصویر الوثیقة بأجهزة یملكها الشخص)، چونكە ئەگەر مەسەلە ئیستنساخ بێ و جیهازی فۆتۆكۆپی بێ، هیچ كەسێك باوەڕناكەم بتوانێ وەسیقەییەك تاقە یەك نوسخەبێ بدات بەدەست كەسێك پێی بڵێ بڕۆ فەرموو خۆت فۆتۆكۆپی كەو بیهێنەرەوە، بەڵام دەكرێ لەعەینی كاتە بە هۆی ئەم ئەجهیزە ئەلیكترۆنییە تازانەی كە هەیە حەقی تەصویری هەبێ، تەصویری كات، لە شوێنی خۆیدا تەصویری كات، چونكە تۆ حیسابی ئەوە بكە وەسیقەیەكی دەگمەن هەیە بیدەیتە دەست كەسێك خوانەكردە رۆیشتەدەرەوە سیارەیەك لێیدا، یان تووشی حادیسەیەك بوو وەسیقە دەگمەنەكە دەفەوتێ، نامێنێ، والله چیە ئەم حەقی ئەوەی هەیە بە ئەجهیزەی خۆی ئیستنساخی كات، بۆیە ئەگەر مەبەستەكە لێرەدا حەقی ئەوەی هەبێت جیهازی خۆی بەكار بهێنێ ئەبێ بوترێت (حق تصویر الوثیقة بأستعمال أجهزة یملكها الشخص) هەر ئەوەندەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك حەمە سعید.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر خاڵی سێیەم تێبینیم هەیە، کە موئەسەسە بۆی هەیە رەفزی داواکە بکات لە حاڵەتێکدا کە زیان بگەیەنێ بە دۆکۆمێنتەکە، راستە نابێ زیان بگەیەنرێ، بەڵام ئەمە دەکرێ بە پاساو و بیانوویەك کە مەعلومات نەدرێ بە کەسی داواکار، بۆیە پێموایە بنووسرێ موئەسەسە بۆی هەیە کە تەعاهودی دا یان زەمانەتێ وەرگرێ لە کەسی داواکار (بعدم أضرار بالوثیقة)، کە زەرەر نەگەیەندرێ بە وەسیقەکە ئەمە باشترە کە لەوەی رەفزی تەڵەبەکە بکات، چونکە دەبێ بە پاساوێك لە داهاتوودا هاووڵاتییەك، کەسێك داوا دەکات یان شەخسێکی تەبیعی یان مەعنەوی کە تەڵەبەکە داواکرا رەفزبکرێ، بۆیە رەفزەکە نەبێ باشە، بەڵام تەعاهودی لێ وەربگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

والله من یەك تەوزیحم هەیە، هەندەك وەسیقە هەیە مومکینە ساحێبی وەسیقەکە بە ملیۆن دینار بیکڕێ نەکە شتی لەسەر خۆی تێدابێ، ئایا ئەو وەسیقانە قابیلی ئەوەی هەیە بچێتە دەرەوە مەسەلەن، تێبینی ئەوە بکەن، کاك شێرزاد فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من پشتگیری لە قسەکانی سۆزان خان دەکەم لەوەی کە باسی کرد، دووەم پشتگیریش لە کاك حەمە سعید دەکەم قسەکانی من کرا، بەڵام من زیاتر لەوە بەراستی پێموایە سێیەم هەر بەتەواوی لابرێت، لەبەر ئەوەی ئەو ئەجهیزە ئەلیکترۆنییەی کە ئێستا هەیە یەعنی مەجالی ئەوەی تێدایە کە بتوانرێ ئەگەر نوسخەیەکیش بێ، ئەگەر مەجالی هەڵدانەوەشی نەبێ خۆ بۆ یەك جار هەڵدرێتەوە هیچی لێ نایەت، یەك جار دەتوانرێ ئەوانە سکان بکرێت، یان وەکو باستان کرد رەسم بگیرێ، شتێ بکرێ، دەتوانرێ هاووڵاتییان ئیستفادەی لێ بکەن، لەبەر ئەوە من پێمباشە ئەم سێیەمە هەر لابرێ، لێرە هیچ سوودێك ناگەیەنێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك عماد.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەنها من دوو تێبینی ئیحتماله لوغەویم هەبێتن، لەسەر بڕگەی یەکەم و سێیەم، سەبارەت بە (أولاً: لمقدم الطلب بیان الطریقة السهلة) پێمباشە ببێتە (الطرق السهلة)، چونکە لەوانەیە مەسەلەن ئەو تەریقەی کە

موقدمي تەڵەب دەستنیشان بکات لە توانای ئەو دەزگایە نەبێ، ببێتە (الطرق السهلة)، هەروەها سێیەمشی لە کۆتاییەکەدا (حین یمثل ضرراً علی الوثیقة) بە تەسەوری من ببێتە (إذا أدی إلی الضرر بالوثیقة) نەك (حین یمثل ضررا علی الوثیقة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من هەر لەو قانونە بە عام شتێکم بۆ گەلاڵە بووە، ئەویش کە مەعلومات تۆ داوای دەکەی یان مەعلومات حکومەت بە تەوعی دەیدات، لەو فەقەرەیە لەبابی (ثانیاً: علی المؤسسة العامة أو الخاصة تلبیة المطالب) شەرت نیە موئەسەسات ئەو وەخت مەعلومات بدات، زانیاری بدات کە ئەشخاص دەیەوێ، زۆر مەعلومات هەیە عایدە بە تەکنەلۆجیا، ئەوەی کە کاك فاضل ئیشارەتی پێدا من لەگەڵیدامە، ئەو دەبێ حکومەت خۆی پرۆگرامەکی بۆ دانێ لەگەڵ هەندەك موئەسەساتی عالەمی وەکو (Google)، مەسەلەن سایەقەکی تەکسی دەیەوێ بچێتە مەنتیقەیەکی موعەیەن هەموو سایەقەکانی تەکسی زۆرجار جێیەکەی پێنازانی، لێی دەپرسی لەهەموو عالەمێ دەپرسی ئەرێ ماجدی مۆڵ لە کێیە؟ یان هەر مێوانەکی کە دێ ئەرێ فلانە جێیە لەکێیە؟ ئەوە ئەگەر خەریتەیەك لە (Google) مەسحەك هەبێ ئەو زانیارییانە تەوعییەن بدرێتە ئەو سەیارانە ئەو عالەمە لە تەکنەلۆجیاش ئیستفادە دەکات، لە مەعلوماتیش ئیستفادە دەکات، بەڕێزان ئیستحسالی یان ئیصال معلومات دائیمەن ئەوە نیە کە سەحوفیەك وەسیقەیەکی دەوێ عیلاقەی بە تەتور و ماستەرپلان و خەدەماتی وەزارەتی داخلی و وەزارەتی بەلەدیات هەیە، بۆیە من لیرە ئیقتراح دەکەم فەقەرەیەك زیاد بێ (علی المؤسسات العامة) نەك بەس (تلبیة المطالب) بەخۆشی (تقدیم الخدمات العامة المتطورة لأجل تطور خدمات المواطن)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك عبدالله.

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من لە بڕگەی یەکەم خاڵی سێیەم هەمان تێبینی سۆزان خانم هەیە، بەلاّم بە جۆرێکی تر رێکم خستۆتەوە، ئێمە کاتێك کە مەبدەئێك تەسبیت دەکەین دەبێ ئەم مەبدەئە لە چوارچێوەی دروشم تەحول بکات بۆ سیستەم، ئەویش بەو جۆرە دەبێ کاتێك کە تۆ موەزەفێك دادەنێی مەعلومات بدات لە دەزگایەکدا ئەو موەزەفە نابێت تەنها موەزەفێك بێت، بەڵکو دەبێ موستەلزەماتی پێدانی مەعلوماتیشی بۆ فەراهەم بکرێ، واتە کە دەڵێین حەقی نەسخکردنی مەعلوماتێك بۆ کەسێك فەراهەمە و ئەو کەسە دەبێ جیهازێکی هێنی پێبێ، ئیستنساخی پێبێ، تۆ بێنە پێش چاوی خۆت وەکو یەکێك بچێتە مەکتەبەیەکی عامە جیهازی

ئیستنساخی بە کۆڵەوە بێ، بچێ کتێب کۆپی بکات، ئەمە زۆر واقیعی نیە، باشتر وایە بڵێین ئەم کەسە حەقی وەرگرتنی مەعلوماتی هەیە، ئەم موئەسەساتەش مەعلوماتەکە دەدات، پێداویستییەکانی پێدانی مەعلومات لەلایەن ئەم دامودەزگایە رێکدەخرێ، دەکرێ شتێکی وای لێ بکرێ بڵێ موقابیلی رسوماتێك، بۆ نموونە ئیستنساخەکە دەزگایەکە ئامادەی دەکات، کە کتێبێك شتێکە زانیارییەکە کۆپی دەکات بۆ ئەو کەسە موقابیلی رسوماتێك بێ، کە وەکو ئەوە بێ کەسێك بچێ لە دەرەوە کۆپی بکات، بەڵام لەناو دەزگاکە هەم ئیحتیفاز دەکرێ بە وەسیقە ئەسڵییەکە، نوسخە ئەسڵییەکە هەمیش کار ئاسانیی دەبێ بۆ کەسەکە و شێوازێکی سیستەماتیکیشی پێوەدیارە، خاڵێکی تر ئەوەی کاك شێرزاد ئاماژەی پێکرد و کاك حەمە سعیدیش، سەبارەت بە مەسەلەی خاڵی سێیەم کە رەفزی ئەعتائی مەعلوماتە، لە کاتێکدا کە زەرەر بە وەسیقە بگەینرێ ئەمە دوو شتی موتەناقیزە، ئێمە لە ماددەی پێشوودا باسمان لەوە کرد کە لە چ حاڵەتێکدا رەفزی ئەعتائی مەعلومات دەکرێ، لێرەدا باس لە وەسیقە دەکات، دەبووایە ئەمە باس لە نوسخەی ئەسڵی بکردایە، واتە موئەسەسەکە ئەو دامەزراوەی کە زانیاری دەدات مافی ئەوەی هەیە کە پارێزگاری لە نوسخەی ئەسڵی دۆکۆمێنتەکە بکات، نەك لە دۆکۆمێنتەکە بەتەنها، نوسخەی ئەسڵییەکە چونکە بەم شێوەیە نابێتە رێگرێك لەبەردەم پێدانی زانیاری، بەڵام ئەگەر بڵێی پارێزگاری لە وەسیقەکە دەکات، جۆرێکە لە رێگری لە پێدانی مەعلومات، واتە بەم شێوەیە من رێکم خستۆتەوە لە کاتێکدا دامەزراوەکە بۆی دەردەکەوێت کە نوسخەی ئەسڵییەکە زیانی بەردەکەوێت دەتوانێت یاخود مافی ئەوەی هەیە ئیحتیفاز بە نوسخە ئەسڵییەکەوە بکات، لەگەڵ پاراستنی مافی داواکاری لە پێدانی زانیاری، واتە بەلأنسێك دروست بکات لە بەینی پاراستنی نوسخەی ئەسڵیی دۆکۆمێنتەکە و ئەو مافەش قانونەکە بۆ ئەو کەسەی فەراهەم کردووە کە پێدانی مەعلوماتەکەیە، بەم جۆرە من پێموابێ دروست ترە لەگەڵ مەبدەئی قانونەکە دەگونجێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

مامۆستا عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوشك و برایاني بەڕێز، من تێبینییەکم هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، دەستخۆشی دەکەم لە لیژنەکە بە شێوەکی گشتیی سیاغەکەی زۆر باشە، بەس بۆ چارەسەری ئەو گرفتەی بەڕێزان باسیان کرد وابزانم خاڵێ لە بڕگەی دووەم بەندی (ت) لەگەڵ خاڵی سێیەم بکەین بە یەك بڕگە چارەسەری ئەو گرفتەش دەبێ، چونکە بەراستی ئەوەی کە برادەران باسیان کرد لە خاڵی سێیەمدا کە ئیحتمالی هەیە بە حەنجەتی زیانگەیاندن بە وەسیقە، ئەو هاولاتییە مەحروم بکرێ لە زانیاری، لەگەڵ خاڵی (ت) بەم شێوەیەی لێ بکەن ئەو گرفتە چارەسەردەبێ، ئەگەر بەڕێزان لە لیژنە لەگەڵمان بن بەندی (ت: حق نسخ الوثیقة بأستعمال أجهزة یملکها الشخص) لەوێ یەك جوملە زیاد بکەین بەڕێزان لە لیژنە (الاّ إذا أدی إلی الاضرار

بالوثيقة حين ذاك تقوم المؤسسة بتصويرها)، بەم شێوەیە بڕگەی سێیهەمیش لەغوکەینەوە، هیچ پێویست نەکات، لەویٚ بنووسریٚ لێرە ئەم جوملە ئیزافە بکەین ئەوە تێبینییەك، یەعنی لە بەندی (ت) ماڤى نەسخی وەسیقە بۆ هەموو کەس بێ ئیلا کاتێك لیژنەیەکی تایبەت یان بەرپرسی ئەو دەزگایە بەهەر شێوەیەك بیسەلمێنیٚ کە زیان دەگەیەنیٚ ئەگەر بچێتەدەرەوە، ئەو کاتە هەر دەبیٚ زانیارییەکە بدریٚ، بەلاٚم موئەسەسەکە هەستیٚ بە ئیستنساخی، تێبینی دووەمم لە بەندی (ث: نسخة طبق ألاصل عن مضمون الوثيقة) مضمونەی بۆ چیە؟ بوتریٚ (عن الوثيقة)، چونکە لەوێش ئەگەری ئەوە هەیە کە دەقاو دەقەکە نەگەینریٚ بە هاوولاٚتی نایەویٚ بوتری (عن مضمون الوثيقة) بەلٚکو (نسخة طبق ألاصل عن الوثيقة)، تێبینی ئەخیرم پەیوەندی بە خالٚی ئەخیرەوە هەیە (رابعاً: في حالة وجود الوثيقة بلغات متعددة)، یەعنی چی (يزود المعلومات لطالبها) ئەو داڕشتنە چۆن شتی ئاوا بەسەر ئێمەدا تێدەپەڕێت (يزود الطالب بالمعلومات التي يريدها بأي لغة) داڕشتنەکە لە رووی زمانەوانییەوە هەلٚەیە، ئەوە داواکارم کە چاك بکرێت، (في حالة وجود الوثيقة بلغات متعددة يزود طالب المعلومات) نەك (يزود المعلومات)، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کوێستان خان فەرمووو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبنییەکەی منیش هەر لەسەر بڕگەی سێیەمە، کە پێموایە رەنگە ئەمە بێتە هۆکار بۆ ئەوەی کە لە زۆر حالٚەتدا وەسیقەکە نەدریٚ بە داواکار، بۆیە لەگەلٚ ئەو داڕشتنەوەی مامۆستا عمر دام، کە ئەگەری ئەوەی هەبوو کە ئەو دۆکۆمێنتە زەرەری پێبگات ئەو کاتە موئەسەسە خۆی وەسیقەکە ئامادە بکات بە هەر ئامێرێکی پێشکەوتوو کە زیان بە دۆکۆمێنتەکە نەگەیەنیٚ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

لیلی خان فەرمووو.

**بەڕێز لیلى امير عاض:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینی من لەو ماددەیە لە برگەی دووەم خالٚی سێیەمە، لە ماددەی هەشتەم ئەوەی کە تەسبیت بوو، دەنگی بۆ درا، ئەوە بوو کە رێکخراوە گشتییەکان و موئەسەساتە گشتییەکان تايبەتییەکان لە ماوەی (10) تا (15) رۆژ بتوانن ئەو زانیارییانەی کە هاوولاٚتی داوایکردووە بە کەسی داواکراو بگەیەنیٚ، بۆیە من لێرە بە پێویستی نازانم کەسی داواکار بە ئەجهیزەی تايبەتی خۆی لەو دامودەزگایانە نوسخە لە وەسیقەکان لەبەر بگرێتەوە، چونکە ئەوە تووشی چەند کێشەیەکمان دەکاتن لەوانەیە ئەو کاتەی ئەو کەسە کە ئەجهیزەی بەکار دەهێنێتن و وەسیقەکە بکەوێتە بەر دەستی، ئەو وەسیقەیە تووشی تەلەف بوون بێتن، هەندەك حالٚەت هەیە کە مەعلوماتەکان لەسەر کۆمپیوٚتەر لە دامودەزگایەکان هەلٚدەگیرێن، دەکریٚ لەو

حاڵەتە کەسێك میمۆرییەك بەکاربهێنتن ئەگەر ئەوە تەسبیت بێتن بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان، ئەو میمۆریە لە حاڵەتی ئەگەر ڤایرۆسەکی هەبوو لەوانەیە هەموو ئەجهیزەکە تووشی موشکیلە بکات، هەم وەسیقەکانیش بفەوتێن، یەعنی ئەوە تووشی مەترسی گەورە دەبێت بە هەڵگرتن و پاراستنی ئەو وەسیقە و، مەعلوماتانە، بۆیە من بە پێویستی نازانم ئەم خاڵە لێرە هەبێتن، چونکە لە ماددەی پێشوو تر ئەو بابەتە تەسبیت کراوە و لەسەر ئەو موئەسەساتانەیە کە لەو ماوە دیاریکراوە مەعلوماتەکە بە کەسی داواکراو بگەینن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەکەم داواکارم لیژنەی قانونی تەسەلسولەکە ڕێك بخاتەوە بەپێی حروفی ئەبجەدی، چونکە هەڵەیەك لە تەسەلسولەکە هەیە، هەم لە کوردییەکەدا، هەم لە عەرەبیەکەشدا ئەوە یەکەم، دووەم بەنسبەت ثالثەنەوە ڕێگری ناکات لەوەی کە یەکێك داوای بەڵگەنامەیەك دەکات نەیدەنێ لەبەر ئەو هۆکارەی کە وتراوە بەراستی، دەڵێ بەو شێوازەی کە لەسەرەوە دیاری کراوە ئەو بەڵگەیە نادرێت، دەنا ڕێگەی تر هەیە بەڵگەکە بدرێت، چونکە ئیحتمال هەیە بەو شێوازەی کە لە ئەعلا ئاماژەی پێدراوە زەرەر بە بەڵگەکە بگەیەنێ، بەڵام ئەوە ڕێگری نیە ناڵێ نایدرێتێ بەتاتەن، دەڵێ ئەگەر بەو شێوازەی سەرەوە داوای بکات، ئەعلا بۆی هەیە ئەو دەزگایە کە لەبەر ئەوەی کە بەڵگەکە ئیحتمالی تەلەفی هەیە و، ئەوە زیاتر لە یاسای پاراستنی بەڵگەنامەکاندا ئەمە هاتە بەردەستمان، لەوەشدا پێموایە چارەسەرمان کرد دواتر کە لەناو پەرلەمان موناقەشەی کرا ئەوە زیاتر روون دەبێتەوە، سێیەم بەراستی من پێم سەیرە لە رابیعەندا ئەمە لەوە دەچێت بەراستی عەقوبەدانی ئەو دەزگایە بێت، یان ئەو موئەسەسەیە بێت کە تۆ داوای بەڵگەنامەکەی لێدەکەی من داوای بەڵگەنامەیەك دەکەم، با بە ئینگلیزی بێت، یەعنی ناکرێ تۆ ئیجباری ئەو موئەسەسەیە بکەی بۆشم بکات بە کوردی، بەراستی ئەوە ناحەقیە دەکرێت، تالبی بەڵگەکە خۆی دواتر ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، بەڵگەنامەکە بە زمانی عەرەبی هەیە، بە زمانی کوردی هەیە، من بۆ خۆم کەسێکم ئیشم پێیەتی بە عەرەبی ناکرێ پێشی بڵێم واللە دەقەکەشم بۆ دەکەی بە عەرەبی زەحمەت نەبێ، ئینجا بمدەیتێ، باشە لەوێ هین ناکرێ کە ئەو دەقەی تەرجەمەی دەکات دەقێکی ناراست دەرچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك عبداللە.

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دەڵێین ئەو کەسەی کە داوای مەعلومات دەکات لە دامودەزگایەکی حکومی، دامودەزگای حکومیش بەپێی دەستووری عێراقی زمانی رەسمی کوردی و، عەرەبیە، بۆیە مەفروزە ئەم دامودەزگایە بە زمانی یەکێك لە زمانە دەستووریەکان مەعلوماتەکان فەراهەم بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله هەر تێبینییەك بۆ ئەوەی كاك شوان وتی لێرە دەڵێ (فی حالة وجود الوثيقة بلغات عديدة)، یەعنی ئەو ئەرکە ناکەوێتە سەر شانی، هەر ویستم ئەمە راست کەمەوە بۆ بەڕێز کاك شوان ئەگەر لەگەڵمان بێ، یەعنی دەڵێ وەسیقەکە هەبێ بە چەند زمانێك ئەو کاتە هەر کامیانی داوا کرد ئەوەی دەدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مافی هیچ ئەندامێك نیە وەڵامی ئەندامێکی تر بداتەوە، بەڕێزان لیژنە لەوێ دانیشتوون هەموو تەوزیحك کە پێویست بوو بدرێتەوە بە داوای لێبوردنەوە من ئەم قسەیە دەکەم، پەیڕەوی ناوخۆ نەك ئیهمال کراوە پێشی بەسەردادەنرێت و لە جیاتی جارێکش دووجار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئێمە ئیدارەی جەلەسات دەدەین سۆزان خان نەك بەڕێزت، فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کۆمەڵێك تێبینی و بیرو بۆچوون سەبارەت بەم ماددەیە خرانە روو، ئێمە بە پێویستی دەزانین هەندێك روون کردنەوە هەیە، ئێمە بە نیسبەت یەکەم کە پێشنیارکرا بڕگەی یەکەم لە جیاتی (الطريقة السهلة) بنووسرێ (الطرق السهلة) ئێمە لاریمان لەوە نیە، بە نیسبەت بڕگەی دووەم هەر دامودەزگایەکی گشتی یان تایبەتی رەنگە کە داوای دۆکۆمێنتی لێ دەکرێ بە چەند رێگەیەك داوای لێبکرێ یەعنی رەنگە هەبێ نوسخەی ئەسڵی بوێ، هەیە بەس دەیەوێ چاوی لێبکات، بەس تەمەشای بکات، بۆ خۆی ببینێ رەنگە هەندێ شتی لەبەردەگرێتەوە، هەیە موختەصەرێکی لێ ئامادە دەکات، هەیە دەیەوێ کۆپییەکی بدرێتی، هەیە دەیەوێ یەعنی هەر یەك لەوانە، بەڵام بە شکلی جیاجیا وەسیقەش تەنیا بە شکلی مەکتوب نیە بە

(CD) هەیە، بە كاسێتی ڤیدیو هەیە، بە وێنە هەیـە، یـەعنی بـە ئەشكالی موختـەلیف هەیـە، دەكـرێ بـە ئەشكالی جیاجیاش بیدرێتێ، پێموایە لیلی خان هەندێك شتی جوانی وت، بۆیە بەراستی بەم شكلانە ئەگەر بە شێوەیەك لە شێوەكان سـەیركرا ئـەوە زەرەری هەیـە بـۆ وەسـیقەكە بـەو شـێوەییەی ئـەو داوای كـردووە نایدرێتێ، بەلاَم ئەوە بەو مانایەی نیە كە بە شێوەی دیكە نەیدرێتێ كە زەرەری نابێت بۆ سەر وەسـیقەكە، كـاك شـوان بەراسـتی جـوانی روون كـردەوە، بۆیـە ئـەو مەترسـیە نیـە كـە هەنـدێك لـە خوشـك و بـرای پەرلەمانتار باسیان كرد كە ئەوە بۆ ئەوەیە حەجبی مەعلومات بكرێ، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەین بەو شـكلە بمێنێتەوە، سەبارەت بـەو پێشـنیارەی كـە لـە جیـاتی حـەقی نەسـخ بكرێـت بـە حـەقی تەصـویر، بـە تـەنیا تەصویر دەكرێ لە رێگەی بابڵێین مۆبایلەوە بێت، یان لە رێگەی كامێراوە بێ، بەلاَم رێگـەی دیكـەش هەیـە بۆ ئەوەی تۆ وەسیقەیەك بە ئەجهیزەی خۆت مەسەلەن لەبـەری بگرێـت، مەسـەلەن بـۆ نموونـە شـتێك بـە (CD) هەیە دەتوانی بە لاپتۆپەكەی خۆت، بە میمۆری بتدەنێ، بەلاَم رەنگـە ئـەلێرەدا ئـەو ئجهیـزە لـەناو دامودەزگاكە بێ، نابێ بیباتە دەرەوە، یەعنی ئەمە رەنگە هەستمان كرد ئیشكالێك هەیە، یەعنی كەس بـۆی نیە وەسیقەكە بباتەدەرەوە لە دەرەوە بچێ ئیستنساخی بكـات، یـەعنی كـۆپی لەبەربگرێتـەوە، بۆیـە لـەناو موئەسەسەكەدا، یەعنی مەبەست رەنگە ئەلێرانـە ئەگـەر پێویسـت بكـات لـەناو موئەسەسـە نـابێ ببردرێتـە دەرەوەی موئەسەسە، من هـەر ئەوەنـدە روون كردنـەوەم هـەبوو ئەگـەر خوشـك و برایـان شـتێكی دیكـەیان هەبێ، سوپاس.

**بەرێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو د. دانا.

**بەرێز دانا سعید صۆفی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان:**

والله یەك دوو تێبینی تر هەبوو وابزانم، كـە بـە نسـبەت برگـەی (ث) داوایـەك هـەبوو كـە لـە كوردیەكـەی وشەی ناوەڕۆكی یاخود مەزموونی لابدرێت، پێموایە ئێمە موشاوەرەیەكمان كرد، هیـچ لاریمـان نیـە لەسـەر ئەوە، دەكرێت لابدرێت، دیارە مەبەست نـاوەڕۆكی ئەوەكـە نیـە مەبەسـت خـودی دۆكۆمێنتەكەیـە بـدرێت، داوایەكی تریش هەبوو لەسەر لێكدانی (ت) و سـێیەم بـابڵێین (ت) لـە برگـەی دووەم لەگـەڵ سـێیەم، بـەلاَم لێرەدا هەست دەكەم ئیشكالێك دروست دەبێ لەبـەر ئـەوەی (ت) یـەعنی تەقریبـەن بـۆ هـەموو ئەوەیـە كـە جۆرێكی پاراستنی مەعلومات كە هەیە، چ بە نووسراوبێ، بە ئەلیكترۆنی بێ، بە هـەر شـێوەیەك بـێ، بـەلاَم سێیەم زیاتر مەبەستی ئەو دۆكۆمێنتانەیـە كـە زەرەریـان پێـدەگات زیـاتر بـابڵێین ئەوانـەی كـە نووسـراون ئەگـەر لێـك بـدرێ هـەمان مـەفهووم نـادات، تووشـی ئیشـكاڵ دەبـین، چونكە لـە (ت) دەكـرێ تـۆ بـە فـلاش میمۆری بابڵێین خەزنی بكەین عیلاقەی بەوە دانیە لە سێیەم، چونكە زەرەری پێ ناگات ئەو كاتە ئـیلا لـە حاڵەتێكدا ئەگەر مەسەلەی بوونی ڤایرۆس لەناو فلاش میمۆریەكە یاخود شـتێكی لـەو بابەتانـە، جا بۆیـە بە رەئی ئێمە ئەوە بە جیا بمێنێتەوە، چونكە دوو شتی جیا موعالەجە دەكات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بە ڕەچاوکردنی تێبینی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دوا سیاغەتان بخوێننەوە تکایە، فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سیاغەی ماددەکە دوای ڕەچاوکردنی پێشنیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان بەو شێوە دەبێت،

المادة العاشرة: "ايصال المعلومات"

أولاً: لمقدم الطلب بيان الطرق السهلة لوصول المعلومات اليه، و على المؤسسة العامة أو الخاصة تلبية طلبه.

ثانياً: على المؤسسة العامة أو الخاصة تلبية المطالب الواردة أدناه عند الطلب:

1- نسخة أصلية من الوثيقة بالصورة المعتمدة لديها.
2- حق معاينة الوثيقة عند الضرورة بإستخدام الوسائل التي تملكها المؤسسة المعنية.
3- حق نسخ الوثيقة داخل المؤسسة بإستعمال أجهزة يملكها الشخص.
4- نسخة طبق ألاصل عن الوثيقة، مطبوعة أو مسجلة، مرئية أو مسموعة، إذا ما أمكن إنجاز هذه النسخة بإستعمال الأجهزة المتوفرة لدى المؤسسة المعنية.
5- اعداد نسخة صحيحة من الوثيقة الاساسية، بشكل مختصر أو أي تصنيف آخر لصيغ الوثيقة.

ثالثاً: للمؤسسة المعنية رفض أعطاء المعلومات على النحو المطلوب في الفقرة أعلاه، حين يلحق ضرراً بالوثيقة.

رابعاً: في حالة وجود الوثيقة بلغات متعددة، يزود طالب المعلومات باللغة أو اللغات التي يرغب فيها.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە (3) کەس لەگەڵ دانیە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

المادة الحادية عشرة: وجود الوثيقة لدى مؤسسة آخرى

أولاً: حين يستلم الموظف المختص الطلب، عليه أن يؤكد إن كانت المؤسسة العامة تحتفظ بالوثيقة المطلوبة أم لا، وإن لم تكن بحوزتها، ويعتقد بحوزة مؤسسة عامة آخرى، يلجأ الموظف إما إلى تحويل الطلب إلى المؤسسة المعنية مع اعلام مقدم الطلب بذلك أو إلى إرشاد مقدم الطلب إلى المؤسسة المعنية التي تحتفظ بها.

ثانياً: تحتسب مهلة الإجابة على الطلب من تأريخ تحويله إلى المؤسسة المعنية.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاک نەریمان.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی یازدەم: بوونی دۆکیۆمێنت لەلای دامودەزگایەکی دی**

یەکەم: کاتێ کە فەرمانبەری تایبەتمەند داواکاری وەردەگری، پێویستە جەخت لەوە بکاتەوە کە داخوا دۆکیۆمێنتی داواکراو لای ئەو دامودەزگا گشتییەی ئەوی لێ فەرمانبەرە راگیراوە یان نا؟ ئەگەر دۆکیۆمێنتەکە لای ئەو دامودەزگایە نەبێ و پێی وابێ لە دامودەزگایەکی دیکەی گشتیدا دەستدەکەوێ، ئەوە پێویستە فەرمانبەرەکە، یان ئەوەتا داواکارییەکە رەوانەی ئەو دامودەزگایە بکات و کەسی داواکاریشی لێ ئاگادار بکاتەوە، یان رێنوێنی ئەو کەسە بکات بۆ ئەو دامودەزگا دیاریکراوەی کە دۆکیۆمێنتەکەی لا راگیراوە (پارێزراوە).

دووەم: ماوەی وەڵامدانەوەی داواکارییەکە، لە رۆژی حەواڵەکردنیەوە بۆ دامودەزگای دیاری کراو، حیساب دەکرێ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ تێبینی هەیە؟ کاك شێرزاد نوقتەی نیزامت فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەستدەکەم دوێنێ تا ئەو ماددانەی پێشەوەمان کە تەواوکرد هەمووی بڕگە بە بڕگە دەخرایە دەنگدانەوە، بەڵام ئەمڕۆ ماددەکە هەمووی بە یەکەوە دەخرێتە دەنگدانەوە ئەگەر بە گوێرەی پەیڕەو بێ ئەمەی ئەمڕۆ راستە، نازانم بۆ وای لێهاتووە ئەمڕۆ؟ ئەگەر لیژنەی یاسایی پێمان بڵێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەوەی دوێنێ پێشتر موناقەشەکرابوون دەمێکی زۆری بەسەرچوو بوو، بۆیە بڕگە بە بڕگە خستمانە دەنگەوە، بەڵام لێرە نەریتەکە هەر ئەوە بووە ماددەکە بە عام دەخەینە دەنگەوە، کاك عبدالله نوقتەی نیزامت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ سێ کەس پێشنیاری کرد یاخود ئەو عورفەی کە پەیڕەوە دەبێ ئەم پێشنیارە ئیشی لەسەربکرێ، پێنج کەس داوای کرد بڕگەی سێیەمی ماددەی پێشوو بگۆڕدرێت، لایەنی کەم بگۆڕدرێ، چونکە ئەم ماددەیە زۆر مەتاتیە دەکرێ مەسەلەن کێ تەفسیری ئەوە دەکات کە زەرەر دەگەیەنێ بە ئەو وەسیقە رەسمیە، بۆیە بەراستی ئەمە زۆر،،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

ماددەی پێشوو ڕۆیشت كاك عبدالله، تكایە زۆر موناقەشەمانكرد بە ئارەزوی خۆمان، تكایە ماددەی پێشوو ڕۆیشت، ئەگەر لەسەر ماددەی پێشووە كاك عبدالله تێپەڕیوە، كاكە دەنگی لەسەردراوە، تێپەڕی كاك عبدالله، ئەگەر ماددەی پێشووە تێپەڕی، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سەرەنجێك دەدەم بەس حەزدەكەم بیری لێبكەیتەوە خۆت، یەعنی قسە لەسەر ماددە و بڕگە ناكەم، ئامانج لە گەیاندنی زانیاری بابڵێین لە بەینی ماف هاووڵاتی لە وەرگرتنی زانیاری و، پاراستنی دۆكۆمێنتێك، كامیان گرنگە، من ئەو پرسیارە دەكەم حەزدەكەم بیری لێبكەیتەوە ئەگەر دۆكۆمێنتێك هاووڵاتی سوودمەند نەبێت لێی ئەم دۆكۆمێنتە كەوابێ نەبێ باشترە، كەوا وجودی بۆ چی هەبێ، كەوابێ هەر تۆ بڵێی ئەم دۆكۆمێنتە (الى الابد)، مەترسی پێدەگات نابێ دەستكاری بكرێت و، نابێ بگات بە هاووڵاتی بە پاساوی خراپ دەبێت، ئێ هەر واباشترە بیدرێنی، بسووتێنی ئەم دۆكۆمێنتە، بۆیە كەوابێ دەبێ تۆ كەناڵێك بدۆزیتەوە بۆ سوود وەرگرتن لەم جۆرە دۆكۆمێنتانەی كە مەترسی لەناو چوونیان هەیە، بۆیە تكادەكەم والله بڕگەی سێ حوكمی تەواوی ماددەكەی پێشوو باتل دەكاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

ئێستا ئەم ماددەیەی كە دوا ماددە خوێندرایەوە كێ تێبینی هەیە؟ تا ناوی بنووسین ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (گوڵێزار خان، ئاشتی خان، مامۆستا عمر، سۆزان خان، بێریڤان خان، پەروین خان، كاك جلال، كاك جمال، لانا خان، كاك عبدالسلام، كاك نەژاد، كاك خورشید، كاك عبدالله مەلا نوری، كاك فاضل، كوێستان خان)، گوڵێزار خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵێزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تێبینی من لەسەر بڕگەی دووەم لەم ماددەیە، كە دەڵێ ماوەی وەڵام دانەوەی داواكاریەكە لەرۆژی حەواڵەكردنیەوە بۆ دامودەزگای دیاریكراو حیساب دەكرێت، پێشتر لە ماددەكانی تردا باس لە وەرگرتنی داواكاریەكە كرا، بۆیە لێرەش پێموایە ئەگەر بكرێتە لەرۆژی وەرگرتنی داواكاریەكەوە لەلایەن دامودەزگای دیاری كراو حیساب دەكرێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو كاك ئاشتی.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینی من سەبارەت بەم ماددەیە کە دەڵێ (وإن لم تكن بحوزتها ويعتقد بحوزة مؤسسة عامة أخرى)، ئیزافەی (ذات علاقة) بۆ بکرێت، واتە ئەو موئەسەسەیە دۆکۆمێنتەکە، یان ئەو کەسەی تالبە بۆ مەعلومات بۆی ئیحالە بکەیت کە عیلاقەی هەبێت بە ئەو مەعلوماتەی کە ئەو هاووڵاتیە داوایکردووە، واتە لە دوای (مؤسسة عامة أخرى ذات علاقة) نەك بینێریٚ بۆ هەر موئەسەسەیەك و کارەکە قورس بکات لەسەر ئەو کەسەی کە داوای زانیاری دەکات، یەك تێبینی ترم هەیە لەسەر (يلجأ الموظف إما إلى تحويل الطلب الى المؤسسة المعنية)، بە بڕوای من ئەمە زۆر زەعیفە یەعنی خۆ ئێستا بەر لەوەی ئەم یاسایە دەرچێ لە هەموو شوێنێك کە تۆ دەچی سەردان دەکەیت بە ئیجتهادی خۆی موەزەفەکە بە تۆ دەڵێ واللە تەسەوردەکەم لە فلان شوێن هەبێت، خۆی ئەمە دەبێ ئەمەش جارێکی تر بیکەینەوە بە شێوەیەکی دامەزراوەیی، یەعنی یان نووسراوێکی بۆ بنووسێت، یان ئەو تەلەبە وەکو ئیعتیبار چۆن ئیحالەکراوە بۆ موئەسەسەکەی خۆی هاوپێچێکی بۆ بنووسی وەکو وابێت کە ئەم پشتگیری دەکات کە هاوکاری بکرێت، ئەگەر ئاوا نەبێت وەکو وابێ مەعلوماتێکە جارانی تریش خەڵك بە ویژدانی خۆی ڕێنموونی خەڵکی کردووە، بۆیە ئەمە بەراستی دەبێت بچێتەوە سیاغەی یاساکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە نیسبەت ماددەی (11) من وادەزانم لە دێری دووەمی دەقە عەرەبییەکە مادام دەقە عەرەبییەکە دەکەنە ئەسل، بەڕێزان تێبینی دەکەم کەلیمەیەك پەڕیوە لەویٚ کە دەڵێ (حين يستلم الموظف المختص الطلب عليه أن يؤكد إن كانت المؤسسة العامة تحتفظ بالوثيقة المطلوبة أم لا، وإن لم تكن بحوزتها ويعتقد) دەبێ لەوێدا بوترێ (وجودها بحوزة مؤسسة عامة أخرى)، یەعنی چی؟ (ويعتقد بحوزة مؤسسة) لەوێدا کەلیمەیەك پەڕیوە چاکی کەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕیزان ئەندامانی پەرلەمان، من لەو بابەتەی کە ئاشتی خان باسی کرد (مؤسسة أخرى ذات علاقة) پشتگیری دەکەم لەو خاڵەدا، بەڵام لەم حاڵەتەی کە دەڵێ تەحویل دەکرێ بۆ موئەسەسەیەکی تر (مع اعلام مقدم الطلب بذلك أو إلى إرشاد مقدم الطلب الى المؤسسة المعنية)، بەڕێزان ئێمە نامانەوێت هین دروستبێ

ڕۆتـین و عەزیەتـدانی هاووڵاتیـان، ئێمـە لـە ماددەکـانی لەمـەو پـێش وتوومانـە ئەگـەر لەگـەڵ چـەند موئەسەسەیەکی (ذات العلاقة) بێت ئەوان خۆیان تەقدیمی کردووە بۆ کوێ؟ ئەوان هەموو پەیوەندییەکانی خۆیـان دەکـەن نوسخەکە وەردەگـرن هـەمووی بـۆ حازردەکـەن، کاتێـك کـە مودەکـە تـەواو بـوو، یـان پـێش مودەکە پەیوەندی پێوەدەکەنەوەو پێی دەڵێن ئەوەتا بۆمان ئامادەکردووی، بۆ دەینێرن بۆ موئەسەسەیەکی دیکە؟ بەڕێزان لەوانەیە ئەم کەسە موئەسەسەکە دوو سەدو پەنجا کیلومـەتر لێـی دووربێـت، یـەعنی دەبـێ سواری سەیارەبێ و سەفەربکات، یەعنی لەوانەیـە حـەیاتی بکەوێتـە خەتـەرەوە، ئەگـەر ئـەوان ئاسـان کـاری بکەن و بتوانن لە ڕێگەی (email) ئەو شتانە داوا بکەن، بۆ ئێمە کارئاسانی نەکـەین لـەو بابەتـەدا؟ بـەڵام یەك شتی کەش هەیە، یەك حاڵەتێکی دیکە هەیە، ئەگەر بە هەڵە تەقـدیمی ئـەو موئەسەسـەی کردبێـت و بڵێ لەلای ئێمە نیە بۆی ڕاست بکەنەوە بڵێین لە موئەسەسەیەکی تردایە، ئـەوە ئاسـاییە، بـەڵام ئـەوەی کـە تۆ تەلەبەکە لەلای تۆ بەشێکی هەبێ و، لەلای موئەسەسەیەکی تـر بەشـێکی هـەبێ خـۆی بنێـرن، بەڕاسـتی ئەوە کار ئاسانی نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە نیسبەت من ئەو ماددەیە زیادە ئیلغا بکرێت، چونکە پێویست ناکات، ئەوە ئیشی ماددەیەکی یاسایی نیـە ئەوە ئیشی ئیسعلاماتە (information) هەر هاووڵاتییەك کە دەچێ داوای زانیارییەك دەکات ئەگەر لـەو دامودەزگایەی نەبێ بە شەفەیی پێی دەڵێ بڕۆ فلان دامودەزگا، بۆیە ئەوە ئیشەکی تەنها ئـی ئیسـتعلاماتە، ئی پرسگەیە (information)، کە هەموو لە دامودەزگایەك پێویستە هەبێتن ئەگەر هاووڵاتییـەك چـووە شوێنێك داوای شتێکی کرد لەوێ نەبوو دەڵێ بڕۆ فلان جێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دیـارە ئـەم ماددەیـە دەبێتـە هـۆی زیـادکردنی ڕۆتـین و چەواشـەکردنی خـەڵك، لەبـەر ئـەوەی هـەر موئەسەسـەیەك دۆکـۆمێنتی تایبـەت بـە خـۆی دەپـارێزی لـەو موئەسەسـەیە، کاتێـك کـە یـەکێك داوای دۆکۆمێنتـەك دەکات، داوای زانیارییـەك دەکـات، ئـەم دامودەزگایـە پێـی دەڵـێ ئەمـە لای مـن نیـە بـڕۆ لای دامودەزگایـەکی تـر، ئایـا ئـەدی ئەمـە ئیشـی ئـەم دامودەزگایـە چـیە؟ هـەڵگرتن و پارێزگـاریکردنی ئـەو زانیارییانە نیە کە تایبەتە بە موئەسەسەکە، بۆیە منیش داوادەکەم کـە ئـەم مادەیـە ڕەفزبکرێتـەوە لەبـەر ئەوەی دەبێتە هۆی زیادکردنی ڕۆتین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كاك جلال فەرمووو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من لە ماددەكانی كە هەمواركرابوون باسكرا، باسی ئەوەم كرد كە موئەسەسات و دامەزراوەكانی حكومەتی هەرێم دوای ساڵی (1991) و، عێراق بە گشتیی كە زیاتر لە هەشتا ساڵە ئەم شتەی كە لەم ماددە هاتووە موقەسیرە بە حەقی هاووڵاتی و بە حەقی دەوائیریش، یەعنی هاووڵاتییەك كە نەزانێ ئیشێكی تەربەوی هەیە بچێ بۆ صحە، یان ئیشێكی صحەی هەبێ بچێ بۆ تەربیە یەعنی خەڵكی ئێمە (90٪) خوێندەوارە، دوو تەحسیل حاسڵە خەڵك كە دەچێ بۆ دائیرەیەك بەراستی بە تەوجیە دەچێ بە پرسكردن دەچێ خەڵك وشیارە و، دائیرەكانیش بەراستی ئەمە وادەگەیەنێ كە لە دائیرەكان هەتا ئێستا نەمەعلومات دەدرێت، نە رێگەی راست پیشان بە خەڵك دەدرێ لەوانەیە چەواشەكاری بكرێ ئەمانە هەمووی تەقسیرە بە حەقی مواتن و دەوائیریشە، لەبەر ئەوە بەراستی بوونی ئەم ماددەیە لەم یاسایە تەقسیرە بە حەقی دەوائیریش و بە حەقی هاووڵاتیش، حەقە ئیلغابكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كاك جمال فەرمووو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر بێین و سەیری ئەم ماددەیە بكەین بە تایبەتی خاڵی یەكەم، وابزانم ئەو بابەتە لە ماددەكانی پێش ئێستا كە ماددەی (6)، ماددەی (3) (مهام و صلاحیات الهیئە و استلام الشكاوی الی أخره)، بۆیە من نابینم یەعنی بە پێویستی نابینم ئەم ماددە هەبن، چونكە مادام موئەسەسە سایتی خۆی هەیە و مەعلومات هەمووو لەسەر كۆمپیوتەر، یان ئینتەرنێت، یان ویب سایتی خۆی بلاّو كردووە، پێویست ناكات هەووڵاتییەك یان خەڵكێك یان كەسێك داوای زانیاری بكات و لە دائیرە یان لەو موئەسەسە داوابكات، چونكە پێش داواكردنی زانیارییەكان پێویستە لەسەر داواكار بزانێت تەئكید بكاتن ئەو بابەتە پەیوەندی بەم دائیرە هەیە، بۆیە منیش نابینم ئەوە شتێكی زێدەیە داوای ئەوە دەكەم كە ئەو ماددە نەمێنێت، ئەگەر هاتو ماش وابزانم زمانەوانی تەواو نیە ئەگەر ما دەنگی نەهێنا لابدرێت، پێشنیارێكم ناردووە بۆ لیژنەی یاسایی دەڵێ ( حین یستلم الموظف المختص الطلب علیه أن یتأكد من إحتفاظ المؤسسة بالوثیقة من عدمه وإن لم تكن بحوزتها ویعتقد بوجودها بحوزة مؤسسة أخری علی الموظف إما تحویل الطلب الی المؤسسة المعنیة و اعلام مقدم الطلب بذلك أو إرشاده الیها)، دووبارە موئەسەسەو، موئەسەسە دووبارە نەكرێتن ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

لیژنەی یاسایی زیاتر لە سێ كەس داوادەكات ئەم ماددەیە لەغوبكرێ؟ ئێمە ئەگەر ئەم ماددەیە كەوتە دەنگدان و لەغوكرا ئەو موناقەشەی بۆ چی بكرێ؟ كەواتە با بیخەینە دەنگەوە بزانین كێ لەگەڵ ئەوەیە كە بمێنێت و موناقەشە بكرێت، ئاخر باشە ئەگەر لەغوبكرێ بۆ ئەو هەموو موناقەشەیە بكرێ ، فەرموو كاك دانا.

**بەڕێز دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە زیاتر وەكو ئەوە داڕێژراوە كە لە نموزەجەكانی بابلێین یاسای ماف بەدەست هێنانی زانیاری ولأتانی تریش هەیە، زیاتر مەبەستەكەش ئەوەیە رێنمایی كردنی داواكارە، یەعنی تۆ هاوكاریەكی زیادەی بابلێین پێشكەش دەكەی بەو شێوەیە بیری لێكراوەتەوە، بەڵام سەبارەت بەوەی كە ئەگەر لەو دامودەزگایە نەبوو ئەوە ئەو دامودەزگایە لە شوێنی تریش زانیاریەكەی بۆ بخاتە بەردەست و یاخود بۆی پەیدابكات، بەراستی ئەوە كەمێك لەوانەیە زەحمەت بێت چونكە داواكاری ئەوە هەبوو لەوانەیە ئیشی ئەو دامودەزگایەش نەبێت، لەوانەیە بابلێین وەزارەتەكانیشیان جیاوازبێت بوارەكانیان جیاوازبێت ئینجا بۆیە زەحمەت دەبێ ئەوە، بە هەرحاڵ قسەیەك هەبوو لەسەر ئەوەی كە ئیستعلامات یاخود (ئینتەرمەیشن) ئەو دامودەزگایە دەتوانی ئەو خەبەرەبدات بە داواكار، بەڵام ئێمە لە یاسایەكەدا موەزەف موختەصمان دیاریكرد لەو بوارەدا، جا بۆیە ئیشی موەزەف موختەصە بەپێی ئەو یاسایە كە زانیاری بخاتە بەردەستی هاوولأتییان، یاخود وەڵامی داواكاریەكەیان بداتەوە، بەڵام یەك نموونە دەهێنینەوە كە لەوانەیە ئەو مەسەلەیە زیاتر روون بكاتەوە بۆ نموونە یەكێك دەچێت داواكاری دۆكۆمێنتێك دەكات، شتێك دەكات لە پەروەردەی هەولێر، بەڵام لەلای پەروەردەی هەولێر نیە موەزەف موختەص زانیاری لایە پێیوایە لە وەزارەتی پەروەردەیە، لەبەر ئەوەی پەروەردەی هەولێر سەر بە وەزارەتە، ئایا ناكرێت تەحویلی بكات بۆ وەزارەتی پەروەردە تەڵەبەكەی زیاتر وەكو هاوكاریەكی زیادە بیرمان لێكردەوە ئاسانكارییەكە و رێنماییەكە، بەڵام كە داواشكراوە چەند ئەندامێكی پەرلەمانی بەڕێز داوایانكرد كە لەغوبكرێتەوە، دەكرێت بخرێتە دەنگدان ئەگەر رەتكرایەوە ئێمە مانعاتمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەوە دایە ئەم ماددەیە لەغوبكرێتەوە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (22) كەس لەگەڵدایە لەغوبكرێت، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دایە بمێنێتەوە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە زۆرینە لەگەڵدایە بمێنێتەوە، زۆر سوپاس ، كەواتە بەردەوام دەبین، لانە خان فەرموو.

**بەڕێز لانە احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تەبیعی من لەگەڵ ئەوەی بووم بە نیسبەت ماددەی (11) لەغوبکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو  هەدەفەکەم چ بوو لە لەغوکردنەوەکەی ماددەی (11)، چونکە کە تۆ هەر زانیارییەکی وەردەگری لە هەرچی جیهەتەکی بە شێوەی شەفەهی نیە، بە کیتابی رەسمی، بە عینوان تەوجیە دەکرێ لۆ فلان وەزارەتی، دەبێت تۆ زانیاری لەو جیهەتەی وەربگری، یەعنی کە موەزەفی موختەص یەعنی مەسەلەن ئەو زانیاریە تەوجیە کرابوو بۆ وەزارەتێکی موختەص، مەسەلەن ئەو مەعلوماتە لەوێندەر نەبوو، لە جیهەتەکی دیبوو بە شێوەی شەفەهی موەزەفە موختەصەکە ناتوانێ مەسەلەن تەحویلی بکات، دیسان دەبێ یەعنی بە ئیجرائاتی رۆتینیدا تێپەڕێتەوە، مەسەلەن عنوانی لۆبدرێتێ لۆ جیهەکەی دی کە زانیاری لەوێندەر هەیە، ئەوە بوو مەبەستم، یەعنی بە من ئەو ماددە کە زیاد بوو لە ناو قانونەکە ئیجرائاتی رۆتینیە تۆماتیکیەن بەم شێوە دەبێتن ئەوە بوو رەئیەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەراستی فایدە نەبوو لەوەختی خۆی من ناویشم نووسرابوو، ویستم تەنها یەك شت بڵێم پێشنیارێك هەبوو کە ئەم ماددەیە نەمێنێت جارێ ئەوانەی داوایان کرد بوو ناویان بنووسرێت مەجەلمان نەدرایە، پاشان مەجالدرا بە خاوەنی بیرۆکەی بمێنێت، کە دیفاعێك دوورو درێژ قسەبکات کە تەئسیر لە خەڵك بکات مەجال بە ئێمە ئەمانەی داوادەکەین رەتبکرێت نەدرا ئێمەش وەکو ئەو بەرامبەری ئەو تەبریراتە کە بدۆزین.......

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئێستاش دەنگدانی ئەخیری ماوە دەتوانن دەنگی نەدەی، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەم ماددەیە زەرورەتی نیە هەتا ئەو تەبریراتە هاتوونەش زۆر تەسەور ناکەم هی ئەو نەبوون تۆ ماددەیەك بێنی، ناکرێت من دەست پێ بکەم بە یاسایەك لەوە دەست پێ بکەم شکم هەیە لە سەر موەزەفینی دەوڵەت و موئەسەسات، هەروەها تاوانبارە هەتا ئەگەر سەڵماندی کە تاوانبار نیە ئەوە یاسا ئەوها نانووسرێت، موەزەفی دەوڵەت ئەرکێتی، ئێمە بەم یاسایە لەهەر موئەسەسەیەك موەزەف موختەص دادەنێین تەدریب کراوە ئەرکێتی مەعلومات بدات ئەگەر ئەرکەکەی ئەنجام نەدا دەتوانی شکایەتی لێبکەی، داعی هەیە من لە موستشفایەك بم برادەرێك بێت بەمن بڵێت ئەرێ چەند تەلەبە لە کولیەی هەندەسە تەخروجیان کردووە، من مولزەم بکەی بە ماددەیەك کە هەڵسم کیتابێك بنووسم بۆ سەرۆکایەتی زانکۆ بۆ ئەوەیە کاکە تۆ پێی دەڵێی (علیه تحویل) ئەوە دەکەی، بۆیە ئەمە تەبریرە ئێوە رەئیتان هەبوو، ئێمە

رەئیمان هەبوو، تەسەوری منی شەخصی ئەو هەردوو، سێ برادەر و خوشکانەی کە وتیان داعی نیە، مونتەڵەق لەوێ دایە، ئەمە موەزەفینن ئەوانە تەنها مەسئوولن لە دانی مەعلومات و وەسائیقی پەیوەندی بە موئەسەسەی خۆیان، ناکرێ تۆ بە قانون ئیلزامی بکەی، ئیشێك بکات بۆ شتێکی تر، ئەو برادەرەش با ئەوەندە مودەلەل نەبێت ئەو خۆشکە با باوەڕی پێبکات، وەسیقە لای نیە، ئەگەر پێیوت نازانم لە کوێە نابێ من تاوانباری بکەم، بۆیە تەسەوردەکەم دانانی ئەم ماددەیە تەنها زیادکردنی رۆتینە، تەنها لەو مونتەڵەقەیە کە شەك بە هەموو موئەسەساتی قیتاع عام دادەنێم و، بێ ئەم ماددەش هەمان ئەو ئیشەدەکرێ، ئەرکێتی، ئیشێتی ئەو بڵێت بێی ئێمە وەزارەتی تەندروستیین تۆ برۆ لای وەزارەتی زراعە، ئەم ماددە هەبێت نەبێت هەر ئەو ئیشەدەکات، بۆیە زیادە و تۆ تەنها واجبێك فەرزدەکەی لەسەر موەزەفێك کە هیچ عیلاقەتی بە ئەو ئەرکە نیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

راستی ئەو ماددەیە (أولاً)ی تۆزێك درێژە بە حەقیقەت، من لە هەندێك بۆچووندا لە هەمووی نا لەگەڵ کاك عبدالسلام دامە، بالفعل ئەوەی کابرای موەزەف یەعنی ئەوەندە ئەوە نیە مەجبور بێت، دەبێ ئیلا ئیرشادی بکات بزانێ لە کوێ هەیە، بەلاّم دیسانەکە ئەگەر بزانی پێی بڵێت یەعنی لەبەر ئەوە من وامدارشتووە ماددەکە کە ئەگەر برادەرانی لیژنە لوتف بکەن گوێیان لێبێ (في حالة عدم وجود الوثيقة المطلوبة بحوزة مؤسسة ما للموظف المختص)، یەعنی بۆی هەیە و بۆشی نیە ئەوە خۆیتی، یەعنی ئیختیارەکە لە دەستەخۆیتی (إرشاد مقدم الطلب الى المؤسسة المعنية التي تحتفظ بها) ئەوە یەك، ئەوەی دووەمیش پێموایە زیادە (ثانياً: تحتسب مهلة الاجابة) ئەوە تەحسیل حاسڵە پێموایە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

واللە من تێبینییەکی گشتیم هەیە، من وا تەسەور دەکەم کە ئێمە زۆر بە گومان تەماشای ئەو فەرمانبەرانە دەکەین ئەوانەی لە دامودەزگای حکومەت ئیشدەکەن، ئیتر لەسەر ئەو ئەساسە هاتووین زۆر قیودمان داناوە و زۆر تەئکیدمان کردووە کە ئەم موەزەفە لە دائیرەی شوبهەیە، یەعنی ئەوە خۆ وانیە ئێمە ئەسڵی یاسایەکە دەبێت لەسەر ئەساسی حوسنو نیە بێت، نەك لەسەر ئەساسی ئەوە بێت بڵێی واللە گومانمان هەیە و، دەبێت هەموو قەیدو قیود دانێین، هەموو بە وردی بچینە ناو مەسەلەکە، چونکە ئەم موەزەفە هەموو خەمی ئەوەیە زانیارییەکان بشارێتەوە، وانیە مەسەلەکە ئەمە یەك، دوو خۆ ئەخلاقیەن

ئەگەر كابرایەك بچێتە دائیرەیەك پێی بڵێت واللە من ئەو زانیارییەم دەوێت ئەم كابرایە ئەوەنـدە یـەعنی هاووڵاتییەكی بڵێین بەڕێزەك دەتوانێ بڵێی بەڕێز ئەو زانیاریە لێرە نیە، دەتوانی لە فلان شوێن وەرگریت، ئەمـە بـە دەقـەیكی یاسـایی دابنـێین واللە ئیلزامـی بكـەین شـتێكی نـا مەعقولـە ئەمـە، پاشـان دێـت دەڵێـت (ویعتقد) هیچ یاسایەك لەسەر ئەساسی (ویعتقد) دانانرێت (ویعتقـد) یـەعنی چـی یـان دەبێـت (ویتأكـد أو یعلم أنها موجودة بحوزة مؤسسة أخرى)، لەسەر ئیعتقاد یاسا دانانرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كاك عبداللە مەلا نوری فەرموو.

**بەڕێز عبداللە محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

واللە من پشتگیری ماددەكە دەكەم كە بەڕێزان لیژنـەی هاوبـەش ئامادەیـان كـردووە، یـەعنی فەرمانبـەریش مرۆڤە، مرۆڤیش قابیلی ئەوەیە هەڵە بكات و، كەم وكورتی هەبێت، ئیتر كورد بێ یاخود ئەمریكی بـێ یـان ئەوروپییـەك بێـت هـەر وەكـو یەكـە، یـەعنی قـانونی هینیشـمان هەیـە، قـانونی ئینزیبـاتی فەرمانبـەرانی دەوڵەتمان هەیە كەوابێ فەرمانبەر كەم وكورتی و غەڵەتی هەیە، بۆیە ئەم قانونە دانراوە، بۆیە بوونی ئەم ماددەیە پێویستە وەكو كاك دانـا ئامـاژەی پێـدا، ئێمـەش بینیومانـە لـە زۆر یاسـای وڵاتـانی پێشكەوتووشـدا هەیە، بۆیە پشتگیری مانەوەی ماددەكە دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

مامۆستا نوقتەی نیزامت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیەمان موناقەشەكرد خرایە دەنگدانیشەوە بڕیاردرا بمێنێتەوە، بەڕێزان لە لیژنە وەڵامیان دایەوە نازانم بۆ دووبارە موناقەشەی دەكەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

دەنگمان لەسەر ئەوە دا لەغوبكرێتەوە، یان بەردەوامبین لـە موناقەشـەكردنەكەی، لەسـەر ئـەوە دەنگمانـدا، دەنگـدانی ئـەخیری مـاوە، دەنگدانەكـە لەسـەر ئـەوە بـوو موناقەشـەكە بـەردەوام بـێ، یـان ماددەكـە لـە غوبكرێتەوە، فەرموو كاك فاضل.

**بەڕێز فاضل محمد قادر (بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من تێبینییەكـەم لەسـەر ئەوەیـە لـەم ماددەیـە ئەگـەرێكی تێدایـە، بـە بـڕوای مـن ئـەو ئەگـەرە ئیشـكالیات دروست دەكات، كە دەڵێ ئەگـەر ئـەو مەعلوماتـە كـە فەرمانبـەرێك دەچێت لـەلای ئـەو نـەبوو، بـۆی هەیـە ڕەوانەی جێگایەكی تری بكات كە زانیاریەكە وەربگرێت، ئایا ئەو جێگایەی تر كە ئەم بۆی دەچێ مولزەمـە

بەوەی زانیارییەکەی پێ بدا یان نا؟ بە بڕوای من ئەم یاسایە کە دەردەچێ یاسای بەدەست هێنانی زانیاری، بە بڕوای من پێویستە لە هەر شارێك مەرکەزێك هەبێت، وەکو چۆن مەرکەزی پەخشی ڕۆژنامەکان هەیە، مەفروزە مەرکەزێك هەبێ بۆ پێدانی زانیاری بە هەر فەرمانبەرێك یان، بە هەر هاووڵاتییەك، ناکرێت هاووڵاتی یان فەرمانبەرێك دائیرە بە دائیرە بگەڕێ بزانێ لە کوێ ئەم زانیارییەی دەستکەوێت، بۆیە بە بڕوای من باشتر وایە مەرکەزێك دیاری بکرێت کەوا زانیارییەکانی لێ پەخشبکرێ بۆ هەر کەسێك کە پێویست بێت، نەك فەرمانبەر دائیرە بە دائیرە بگەڕێ لە کوێ زانیارییەکەی دەستدەکەوێت ئەگەر لای خۆی نەبوو بینێرێ بۆ جێگایەکی تر، ئەو جێگایەی تر مولزەم دەبێ ئەم زانیارییە بدات بەو، لەسەر چ ئەساسێك پێی بدات؟ بۆیە مەرکەزەکە زەرورە لە ناو یاساکەدا دیاری بکرێت، چونکە ئەمە بە یاسا دەردەچێ مەسەلەی ماف بە دەست هێنانی زانیاری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینییەکانی من لەسەر بڕگەی یەکەم وترا، تێبینیم هەیە لەسەر بڕگەی دووەمیش ئەو حەواڵەکردنە مەبەست ئەو دەزگایەی یەکەمە کە زانیارییەکانی لایە، یان کە زانیارییەکانی لانیە، حەواڵەی دەزگای دووەمی دەکات، ئەگەر بۆ دەزگای دووەمە کەی حەواڵەدەکرێت ئەگەر ئیهمالیەك کرا زۆر درەنگ حەواڵەکرا کە لە (15) ڕۆژەکە تێپەڕی، من سەیری ماددەی سزایەکانیشم کرد سزایەکی بۆ ئەوە دانەناوە، بۆیە ئەمە پێویستی بە چارەسەر هەیە کە ئەمەش ماوەیەکی بۆ دابندرێت بۆ حەواڵەکردن بۆ دەزگای دووەم ئەویش یەعنی ماوەیەکی بۆ دابنرێت بۆ ئەوەی لەم (15) ڕۆژە تێنەپەرێت کە لە ماددەکانی پێشوودا دەست نیشانمان کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

حەقیقەت من دەبینم ماددەیەکی زۆر ئیزافی هاتووە، یەعنی هیچ موجەب ناکات کە ئەم ماددە لەودا هەبێت، من موەزەفێکی مەعنیمە بە دانەوەی دۆکۆمێنت، لەو دائیرە مەعنیە کە ئەو داواکارە هاتووە لای من، هەر لە بابی عورف تەعاون و هاوکاری کردن ئەگەر هەتا موەزەفیش نەبم وەکو کاك عبدالسلام وتی، بەو داواکارە دەڵێم لە فلان شوێنە یان من دەزانم یان نازانم، یان لای منە یان لای من نیە، یەعنی ئەمە شتێکە تەحسیل حاسڵ هاتووە، یەعنی  ئەو ماددەیە هەبێت و نەبێت ئەو موەزەفە واجبێتی بکات، ئێمە لێرە بە ماددەیەك ئیلزامی بکەین بە خۆی مولزەمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سەبارەت بەو یاسایە، بەو ماددەیە یەكەم جارە بە یاسا داواكردنی زانیاری فەراهەم دەكرێ، ئەوەی ئاسانكاریە بۆ ئەو كەسەی داوای زانیاری دەكات پێویستە لەناو ئەو یاسایە هەبێ، چونكە یەكەم جارە بە یاسا رێكدەخرێت، هەروەها گومان نیە لەسەر هیچ فەرمانبەرێك لەبەر ئەوەی ئەگەر بگەڕێنەوە یاسای سزادان بۆ ئەو فەرمانبەرەی تەجاوزی حدودی وەزیفەدەكات، یان گومانی لێدەكرێ سزای بۆ دانرایە مانای ئەوە نیە گومان لە فەرمانبەرەكە دەكرێ بەپێی ئەركەكانی جێبەجێ ناكات، ئەگەر ئەو حاڵەتە رویدا پێویستە یاسا چارەسەری بكات، ئەو ماددەیەش تەنها بۆ ئەوەیە ئاسانكاری ئەو كەسەی كە داوای زانیاری دەكات سەردانی دەزگایەكی كرد، باشە ئەو زانیاریە لەو دەزگایە نیە رێك نیشانی كەسەكە بدات، ئەوەی كە داوای زانیارییەكە دەكات ئاسانكاریە بۆ ئەو كەسە گومان نیە لە فەرمانبەرەكە بە قەد ئەوەی كە دەمانەوێ ئاسانكاری بۆ ئەو كەسەی دەیەوێ زانیاری بەدەست بێنێت، داڕشتنەوەیەكیش لەلایەن لیژنەی هاوبەش ئامادەكراوە بۆ دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

سیاغەكەی بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموون.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**المادة الحادية عشرة: وجود الوثيقة لدى مؤسسة آخرى**

أولاً: حين يستلم الموظف المختص الطلب، عليه أن يتأكد من إحتفاظ المؤسسة العامة بالوثيقة من عدمه، وإن لم تكن بحوزتها، ويعتقد بوجودها بحوزة مؤسسة عامة آخرى، ذات علاقة للموظف إما تحويل الطلب إلى المؤسسة المعنية و اعلام مقدم الطلب بذلك أو إرشاده اليها.

ثانياً: تحتسب مهلة الإجابة على الطلب من تأريخ تحويله إلى المؤسسة المعنية.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵ دایە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (41) كەس لەگەڵ دایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (17) كەس لەگەڵ دانیە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عەونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**المادة الثانية عشرة: حفظ الوثائق**

على كل مؤسسة عامة أو خاصة أن تحفظ بالوثائق الموجودة لديها بطريقة تسهل الاطلاع عليها وفق أحكام هذا القانون.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو كاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ماددەی دوازدەم: پاراستنی دۆكیۆمێنتەكان**

بەگوێرەی حوكمەكانی ئەم یاسایە، لەسەر هەر دامودەزگایەكی گشتی یان تایبەتی، پێویستە ئەو دۆكیۆمێنتانەی لای خۆی راگرتوون، بە شێوەیەك بیپارێزێ كە بە ئاسانی سەیریان بكرێ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (مامۆستا كاوە، كاك نەژاد، كاك لقمان، كاك جمال، ناسك خان، كاك عبدالله، ئاهەنگ خان، كاك عبداللە مەلا نوری، د. شڤان، د. احمد، سۆزان خان، بەیان خان، سیوەیل خان، مامۆستا عمر، كاك پێشەوا)، فەرموو مامۆستا كاوە.

**بەڕێز كاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە رای من ئەو ماددەیە زۆر روون نیە، لەبەر ئەوەی باسی رێكاری ئاسانكاری دەكات بۆ پێدانی مەعلومات لە دائیرەكان، من پێموایە هەر دائیرەیەك خۆی لەسەر شێوەی چۆنیەتی خصوصیەتی دائیرەكەی خۆی، خۆی تەنزیم دەكات لە واردە و صادرەو بەشەكانی و ئەرشیفەكانی خۆی، هەروەها ئەو فەرمانبەرەی كە تەدریبی پێكرایە و راهێنرایە لەسەر پێدانی مەعلومات بە داواكاری مەعلومات، ئەویش لە دائیرەكەی خۆی پاش ئەوەی ئەو كە قانونە پەسەند دەكرێ لە پەرلەمان، تەعمیم دەكرێتە سەر دامودەزگاكان، خۆی لە خۆیدا ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی كە ئەو دائیرە خۆی حازركات بۆ پێدانی مەعلومات، رێكاری، خۆی، رێنمایی خۆی دەردەكات، هەروەها ئەو موەزەفەی كە موختەصە لەوێ ئاسانكاری دەكات، بۆیە ئەگەر هاتو ئەو ماددەیە بمێنێتەوە پێمباشە هەندێك روون كردنەوەی تێدا بێ، ئایا ئاسانكاری مەعلوماتەكە لەسەر (ویب سایت) دەبێ؟ لەسەر لەوحەی ئیعلانات دەبێ؟ بە چ شێوەیەك دەبێ؟ نازانم تۆزێك ماددەكە مەتاتییەتی پێوە دیارە، بە رای من ئەو ماددەیە زیادە، چونكە هەر خۆی لەخۆیدا ئەگەر هاتو یاسایەكە پەسەندكرا، بچێتە سەر دامودەزگاكانی لێ ئاگاداربكرێتەوە قانونەكەی پێبكات، ئەوان خۆیان تەسهیلات دەكەن لە رێگەی فەرمانبەری موختەصەوە، بۆیە من ئەم ماددەیەم پێ زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشەکی من پێمباشە ئەو ماددەیە لە زمنی ئەو ماددانە بێ کە لە ئەحکامی خیتامی دابێن باشترە، یەعنی ئەوها پێدەچی، ئەگەر بشهێتن بە رەئی من دیسانەکە دەڵێمەوە کە ئەو فەرەزیاتە تۆزێك وەستاوە بە نسبەت فەرمانبەرانی حکومەتەوە، یەعنی ئەو فەرمانبەرانە ئەوانیش هاوولاتی ئەو ولاتەن، لەبەر ئەوە (علی کل مؤسسة عامة أو خاصة) ئەوانە تۆزێك وەستاوە بە حقیقەت، لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێ (أن تحفظ الوثائق الموجوة لدیها بطریقة تسهل الإطلاع علیها وفق أحکام هذا القانون)، باشە ئەگەر هەر موئەسەسەیەك بە پێی ئیمکانیاتی خۆی دەتوانی ئەمە بکاتن، تەبیعی لەو حاڵەتەدا ئێمە ناتوانین ئەوەی بەسەر هەر موئەسەسەیەکدا فەرزبکەین بڵێین ئەگەر شاید ئەوەی بکاتن، یەعنی پێویستە لە حاڵەتێکدا کە بەسەریدا فەرزدەکەین وابکات و، وانەکات، دەبێ ئەوە ئیلزامی حکومەتیش بکەین کە پێداویستییەکانی بۆ تەرتیب بکات، چونکە لەو حاڵەتەدا ئەگەر تەسهیلی ئیتلاع کۆمەڵێك شتی دەوێ، مەسەلەن خەرجی دەوێ، مەسەلەن شارەزای دەوێ، کۆمپیوتەراتی دەوێ، کۆمەڵێك شتی وای پێ دەوێ، کە رەنگە ئەو دائیرە یان ئەو موئەسەسەیە ئەو ئیمکانییاتەی نەبێ، لەبەر ئەوە شتێکی تێدابێ کە ئیلزامی ئەو جیهەتەش بکرێت ئەو شتانەی بۆ دابین بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان سلیمان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە بەم شێوەیە بنووسرێ، لەسەر هەموو دامودەزگایەکی گشتی یان تایبەتی، پێویستە ئەو دۆکیۆمێنتانەی لای خۆی راگرتووە بە شێوازێکی تەکنیکی و پێشکەوتووی بەردەست بیپارێزێ، تاوەکو کەسی بەرپرس بتوانێ بە ئاسانی ئەو دۆکیۆمێنتانە دەربهێنێ، لێرەدا دیسان باشترە ئاماژە بە بەکارهێنانی شێوازەکانی ئەلیکترۆنی و کۆمپیوتەری بدرێت، چونکە شێوازی ئاسانترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بینیم ئەوانە تەقریبەن دوو، سێ ماددەنە، بەلام ئێمە دەتوانین بە یەك مادده هەموو دووبارە سیاغە بکرێت، چونکە ئەوە تەفاسیلی دایە، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە بیدایەتی ماددەی (12، 13، 14) بکرێت بە ماددەی (12) بە یەك مادده بکرێت، لە بیدایەتی ماددەکە بڵێین (علی کل مؤسسة عامة أو خاصة أن)،

بێین ماددەی (12) بکرێت (تحفظ الوثائق) هەتا دوایی ئەمە یەك، (تضمن التـدریب) هـەتا دوایـی، (ترفـع تقریراً) هەتا دوایی، سێ ماددە بە یەك ماددە ڕێکدەخرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە من سەرەتا پێمباشە ماددەی (12، 13، 14) بچێتە ئەحکامی خیتامی ئـەم یاسایە، چـونکە بەراسـتی حەق وایە ماددەی (15) کە باس لە ریزپەڕەکان دەکات تۆزێ زووتر بێتـە نـاو یاساکە، چـونکە ماددەیـەکی حەساسـە حـەق وایـە بێتـە پێشـەوە کـە ئـەو ماددەیـە دیـاری دەکـات چـین ئـەو شـتانەی نابێـت بـدرێت بـە هاوولاّتی، لەبەر ئەوە من پێمباشە ئەم سێ ماددەیە بچێتە ئەحکامی خیتامی ئەوە یەك، دوو پێموایـە ئـەم ماددەیە چارەسـەری ئـەو مەترسـیە دەکـات کـە لەبڕگـەی سـێیەمی مـاددەی (10) لێـی دەترسـاین، ئـەویش مەسەلەی ئەوەی کە بە بیانووی پاراستن یان بە بیانووی زیانگەیشـتن بـە بەڵگەنامـەکان، زانیـاری نـەدرێت یاخود دۆکیۆمێنتەکان نەدرێت بەخەڵك، چونکە لێرە دەڵێ بە شـێوەیەك بـەپارێزرێ بـە ئاسـانی سـەیریان بکرێت، کەواتە ئەم ماددەیە ئەو مەترسیەی بڕگەی سێیەمیش حەل دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك عبداللە فەرموو.

**بەڕێز عبداللە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

منیش دەمەوێ تەئکید لەسـەر ئـەو مەبدەئـە بکەمـەوە، کـە ئـەو هاوسـەنگیەیە ئێمـە دەمانـەوێ تەسـبیتی بکەین لە نێوان پاراستنی دۆکیۆمێنت لەگەڵ پێدانی زانیارییەکان، لێرەدا هەردوو حاڵەتەکەی تێدایە، هـەم بە جۆرێك بێ کە بە ئاسانی سەیربکرێ و لە شـێوەیەکی تریشـدا دەڵـێ بـەپێی ئەحکامـەکانی ئـەم قانونـە، یەعنی مەترسییەکە جارێکی تر دێتەوە ڕێگەمان، بۆیە بۆ ئەوەی وەکو دەروازەیەك بۆ ئەو ماددەیە ئەگـەر بیدۆزینەوە من پیشنیارێك دەکەم، پاراستنەکە بە جۆرێك بێ بەم شێوەیە بێ ئەگەر دامەزراوەکە مەترسی هەبوو زەرەربگات بە دۆکیۆمێنتەکە دامەزراوەکە دۆکیۆمێنتەکە بپارێزێت و زانیارییەکـە بـدات، واتـە ئـەم ئیلتزامە جێبەجێبکرێت دەبێتە وەسیتێك و بەلاّنسێك لە بەینی ئەو داواکارییەی کە پێشکەش دەکرێت و ئەو ئەرکەی لەسەر دامەزراوەکە بۆ پاراستنی دۆکیۆمێنتەکە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەوە جێگیر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رۆوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من لەگەڵ قسەکەی کاك عبداللە دام، ئەوەی کە مەبەستم بوو لەو فەقەرەییەی حیفزی وەسیقە موحتەمەلە زۆر زەحمەتر بێ لەوەی کە تۆ بە سەهلی ئیتلاعی لەسەر دەکەی، حیفزی وەسائیق زۆرجار وەسائیقی عەسکەری (Map) خەریتە ئەوە بە تەنێ حیفزی زۆر یەعنی پرۆسەکی دەوێ کە حیفزی لەسەربکرێت زۆر زەحمەترە لەوەی کە تۆ ئیتلاعی لەسەردەکەی، بۆیە دەقاو دەق لەگەڵ قسەکەی کاك عبداللە دامە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك عبداللە مەلا نوری.

**بەڕێز عبداللە محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من لەگەڵ قسەکانی کاك عبداللە و ئاهەنگ خان هاوڕام، بەس یەك سەرەنجم هەیە نازانم لێرە دەیخەمە روو ئایا دەکرێ وەکو بڕگەیەکی تر ئیزافەی کەین بۆ ئەم ماددەیە؟ قسەکە دەکەم چونکە وا هەستدەکەم بە بۆچوونی خۆم لێرە دەکرێ جێگەی بکرێتەوە نازانم، ئێمە مەسەلەیەك هەیە لەگەڵ بابلێیین حیفزکردنی زانیاریدا یەك نوقتە هەیە پێویست دەکات لێرە ئەگەر بکرێ ئیزافەبکرێت، ئەویش ئەوەیە کاتێك دامودەزگای گشتی یان تایبەتی کۆبوونەوە دەکات، دانیشتن دەکات، یەعنی فەرزی کەین لەسەریان کە دەبێ ئەمانە کۆنووسیان هەبێ، لێرە مەبەستم چیە، یەعنی بۆ ئەوەی بەرچاوی بەڕێزان پەرلەمانتاران روون بێ، ئێمە لە رابردوودا بابلێیین چەند کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان کرا لەسەر یاسای عەفوی عام قسەمان لەسەر ئەوە کرد کە مادام کۆبوونەوەکە بە نهێنییە پیویست ناکات لە پرۆتۆکۆلدا تۆماربکرێت، لەکاتێکدا بابلێیین نهێنی بوون بە مانای تۆمارنەکردن نایەت یەعنی تۆ شتێك دەتەوێ نهێنی بێ، دەچێتە خانەی ریزپەڕەکانەوە دەتوانی ئەم نهێنییە بۆ نموونە بۆ بیست ساڵ بیپارێزی، بەلآم ئەمە بەو مانایە نایەت تۆ لە کۆنووسدا تۆماری نەکەی کە لە داهاتوودا ئەگەر کەسێك ویستی بۆ نموونە دیراسەیەك لەسەر دانیشتنە نهێنیەکانی پەرلەمان بکات هیچ بەڵگەیەك، دۆکیۆمێنتێك لەبەر دەستدا نەبێ، بۆیە نازانم ئەگەر دەکرێت ئەو بڕگەیەی ئیزافەبکەین لێرە کە پێویستە لەسەر دامودەزگای گشتی و هەروەها تایبەتەکان کە کۆنووسی تۆمارکراویان هەبێ بۆ کۆبوونەوەکانیان، نازانم پەیامەکە گەیشتووە یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك د. شڤان فەرموو.

**بەڕێز د. شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من پێموایە دیسان ئەم ماددەش لە هەمان ئەو ماددانەی كە تەحسیل حاسڵە ئەگەر هەبێت یان نەبێت، بۆ؟ جوابەكەش ئەوەیە فەلسەفەی ئەم یاسایە ئەوەیە كە هەموو دامودەزگایەك مولزەمە بە پاراستن و، یان ئامادەكردنی ئەو دۆكیۆمێنتانە، هەروەها موەزەفەیێكی موختەصمان بۆ دانـاوە لەو رۆژەی كە نەفاز وەردەگرێت ئەو دائیرەیە، یان ئەو موەزەفە بە تایبەتی ئەو ئامادەكاریە بە خۆی دەكات، ئەوەی ئەو ئاسانكاریە بۆ داواكارێك كە بێتە پێشەوە بۆ جێبەجێبكات، بۆیە بە تەحسیل حاسڵ دەبینم پێویست ناكات هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

د، احمد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من پێموایە ئەم ماددەیە بوونی زۆر زەرورە، لەبەر ئەوەی هەموو دامودەزگایەكی گشتی یان تایبەتی دوای دەرچوونی ئەم یاسایە خۆی ئامادە دەكات كە ئەو دۆكۆمێنتانەی لایەتی بە شێوەیەك بیپارێزی بە شێوەیەك هەڵیگرێ كە ئەو كەسانەی داواكاری پێدانی ئەو دۆكیۆمێنتانە بە ئاسانی دەستیان پێرابگات، بەڵام من پێشنیار دەكەم كە لە كۆتایی ماددەكەدا كە دەڵێ (على كل مؤسسة عامة أو خاصة أن تحفظ الوثائق الموجودة لديها بطريقة تسهل الإطلاع عليها و تزويد مقدمي طلبها وفق أحكام هذا القانون)، یەعنی بە كوردییەكەی لەسەر هەر دامودەزگایەكی گشتی یان تایبەتی پێویستە ئەو دۆكیۆمێنتانەی لای خۆی دەست دەكەون نەك لای خۆی راگرتوون، چونكە (الموجودة لديها) مەعنا كوردییەكەی دەبێتە لای خۆی دەست دەكەون (موجود لديها) نەك لای خۆی راگرتوون، بە شێوەیەك بیپارێزی كە سەیركردنیان و ئاگاداربوون لێیان و، دانیان بە داواكارانیان ئاسان بكات، بە گوێرەی حوكمەكانی ئەم یاسایە، واتە هەم پێدانەكە ئاسان بكات و، هەم هەڵگرتنەكەیان ئاسان بكات، لەبەر ئەوە وابزانم هەر ئامانجیش لەم ماددەیە هەر ئەوەیە كە ئەم وەسائیقانەی كە لای ئەو موئەسەسە عامەیە یان خاصانە ئەوەیە كە هەم بیانپارێزێ و، هەم كاتێك كە كەسێك داوای دەكات بە ئاسانی بتوانێ پێیان بدا، بۆیە من پێمباشە ئەم بڕگەیەشی بۆ زیاد بكرێ واتە هەم سەیركردنیان و ئاگاداربوون لێیان و، هەم دانیان بە داواكاریەكانیان ئاسان بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من پشتگیری ئەم ماددەیە دەکەم، لەگەڵ ئەوەدام بمێنێتەوە، بۆ؟ من خۆم بەسەرم هاتووە پێیان وتووم بڕۆ لە فەردەکاندا بگەڕێ بۆ وەسیقەکەت، بەسەر خۆمدا هاتووە کە وەسیقەم هەبووە داوام کردووە زەرور بووە بۆ من وتوویانە بڕۆ لە ناو فەردەکانە، بۆیە هەتا ئێستا لە وڵاتی ئێمەدا تەریقەی حیفزی وەسائیق نەبۆتە کەلتورێك کە ئێمە هەموو وەسیقەیەك بە گرنگییەوە سەیر بکەین ئەگەر لەوانەیە لەو دەقیقەیەدا بۆ کەسێك گرنگ نەبێ، بەڵام لەوانەیە لە دوای دە ساڵ کە ماوەیەك کە ئەو وەسیقەیە گرنگی خۆی هەبێت، بۆیە مانەوەی ئەم ماددەیە یەکەم هەنگاوێکە بۆ ئەوەی ئیلزامی موئەسەسە دەکەی بۆ ئەوەی وەسیقەکانی کە هەیەتی هەم ئەرشیفی بکات، حیفزی بکات، وای لێبکات، کە ئەگەر هاتو من وتم لە تەئریخی ڕۆژی ئەوەندەیە من ئەو کیتابەم هەبووە تکایە مەعلوماتی گرنگی تێدایە بۆ من پێم بدەرەوە زۆر بە ئاسانی بتوانی دەستی داتێ هەڵیبگرێ دەبێتە کەلتورێك، بەراستی ئەم ماددەیە وەك چۆن خۆی هاتووە بەبێ دەستکاری بمێنێتەوە لە قازانجی ئەرشیف و هەڵگرتنی دۆکیۆمێنتدایە لە قازانجی هاووڵاتی دایە بۆ ئەوەی بە ئاسانی نەڵێن وەسیقەکە ونبووە یاخود نەماوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەیان خان فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد کۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

راستی ژ بۆ بەرجەستەکرنا یا شەفافیەتێ کو مەتلەبەکێ ڤی پرۆژە یاسایێە، وەکو زانیاری یا موتاح بیت و بەردەستێ هاووڵاتیان بیتن، ئەز دبینم گەلەکە گرنگە، یەعنی دوو پرۆسەسە ڤی ماددەیدا هەنە، ئەم بەرامبەر دوو پرۆسەساینە، یەك پاراستنا وەسائیقا، دوو (تسهیل الإطلاع علیە) یەعنی دوو پرۆسەسن، چەند یەعنی مافێت بە دەست هێنانا زانیاریە یا گرنگە بۆ هاووڵاتییان پاراستنا زانیارا ژ هەر هۆسایا گرنگە، ئەز دبێژم ئێکیش سامانێت وڵاتێمەیە کو دبێتن ئەم گەلەکی بگرنگی چاڤێتخۆ بدەینێ و بپارێزین هەر لەبەر هەندێ ئەز دبێژم ئەڤی ماددەیی گەلەکی کەم بەسادەیی بەحسێ پاراستنی یا کری، ئەز دبێژم موستەلزەماتێ ڤێ پاراستنا وەسائیقا یا کەمە تێدا، ماددەیەت بەرێ نووکە هەر ماددەیەکی مە دوو سێ برگە بۆ زیدەکرین ئەز پێشنیارا هەندێت کەم کو دوو سێ برگەیەك ژبۆ پاراستنا وەسائیقا ئەم بۆ ڤی ماددەیە ژ زێدە بکەین، چونکە ئەڤە سەرەتایەکە کو پاراستنا وەسائیقا بێتەکرنێ بە شێوەیەکی یاسایی، بۆیە من سێ پێشنیارێت هەی بۆ پاراستنا یان زانیاریا ئێکیش وان تەبعەن ئەز بەعەرەبی دخینم (تحتفظ کل مؤسسة بمخزون أحتیاطي أمن، متضمناً نسخاً لکل ما لدیها من معلومات تتصل بإختصاصها و أنشطتها الرسمیة و یراع في ذلك إدخال الوسائل و الألیات الحدیثة بحفظ المعلومات للتقلیل من حیز اماکن الارشفة و إستخدام الفهرسة الحدیثة)، یەعنی ئەرشەفە یا سەردەمانە دڤێتن بۆ ئەرشیفێ مەو بۆ وەسائیقێتمە

بێتەکرنێ، خالاً دیترێ (ينشأ ضمن وحدة المعلومات في كل مؤسسة مستوى إداري مناسب يختص بالإشراف و الرقابة على تطبيق معايير أمنة للمعلومات لدى الجهات)، هەروەها خالاً دیتر ( على كافة المؤسسات وضع و تطبيق القواعد و الإجراءات الإدارية و الفنية و الفيزيائية لحماية نضم و شبكات المعلومات لديها و تأمين أستمرارية و إنتظام تشغيلها)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە نیسبەت ماددەی (15) نەگەیشتینێ، بەلاّم هاوڕام لەگەڵ ناسك خان ئەو مادده چونکە ئیستسنائاتی هەیە ئەوەی پێش بخەین پێشی ماددەی (12) ئەوە یەك، بە نسبەت ماددەی (12، 13، 14) هاوڕام لەگەڵ هاوکارم کاك جمال، کە وتی بکرێتە فەقەرەی (1، 2، 3)، ئەگەر ماددەی (12) بنووسرێ (على كل مؤسسة) نەك دووبارە بێتەوە (1، 2، 3)، لەئەخیر (على كل مؤسسة أن تحفظ الوثائق الموجودة لديها بطريقة تسهل الإطلاع عليها)، پێویست ناکات بڵێی (وفق أحكام هذا القانون)، چونکە لە دوایی ئەحکامی عامەمان بۆ دێتن دووبارە هەمووی (وفق أحكام هذا القانون) پێویست ناکات، ماددەی (13، 14) بەهەمان شێوە عەینەن شت دووبارە بنووسرێتەوە، بەلاّم ماددەی (12، 13، 14) ئەگەر بکرێتە یەك مادده، بەلاّم بە بڕگەی (1، 2، 3) پێمباشە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم بابەتەی مەسەلەی بەڵگەنامەکان بەراستی بابەتەکی زۆر گرنگ و هەستیارە، من وائەزانم هەموومان موتەفقین کە بەڵگەنامەکان، دۆکیۆمێنتەکان لە هەرێمی کوردستاندا سامانێکی نەتەوەیی و نیشتمانیە هەموو لامان بەرپرسین لێی، بەم تاکە ماددەیە من رایەکی جیاوازم هەیە، لەگەڵ بەڕێزان خوشك و برایانی ئەندامانی پەرلەمان، جێگەی ئەم ماددەیە ئێرە نیە، بەراستی ئێمە باسی دەست خستنی زانیاری دەکەین، باسی پاراستنی بەڵگەنامەو دۆکیۆمێنت ناکەین، بەلاّم لە ناچاری غیابی نەبوونی یاسایەك کە پەیوەندی بە پاراستنی بەڵگەنامەو دۆکیۆمێنتەکانمانەوە هەبێت لێرە دەمانەوێ، بۆیە خوشکە بەیان بەو تەفسیڵە چووە ناوی، بۆیە من لێرەوە داوا لە بەڕێزتان دەکەم پرۆژە یاسای پاراستنی دۆکیۆمێنت کە وابزانم خوێندنەوەی یەکەمیشمان بۆ کراوە بە زووترین کات لەم خولە هەوڵبدەین موناقەشەی بکەین، چونکە لێرە بەم تاکە ماددەیە ناتوانین چارەسەری ئەم گرفتە بکەین وە بەداخەوە دوای چەندین ساڵیش لە ئەزموونی حوکمرانی لە هەرێمی کوردستان نەمانتوانی یاسایەکمان هەبێ تایبەت بێ بە پاراستنی

دۆكیۆمێنتـەكان، لەبـەر ئـەوە لـەوێ چارەسـەری ئەمـە دەبـێ و ئـەم شـوێنە شـوێنی ئـەوە نیـە بەراسـتی لـە ناچاریدا دەزانم، بەڕێزانیش لە لیژنـە دایـان نـاوە، ئەگـەر هـەر ئـەم بیرۆكەیـە دەنگـی نـەهێنا، چـونكە مـن دەترسم لێرە ئەمەش لابەین، یاساكە نەخەینە ناو بەرنامەی كارەوە، سیاغەیەكی تر لەمە بەسـیت تـر مـن پێمباشە بكرێ بـۆ ئـەوەی ئەمـە نەبێتـە بیانوویـەك، پاسـاوێك بـۆ ئـەوەی یاسـای پاراسـتنی بەڵگەنامـەكان نەخەینە بەرنامەی كارەوە بەم شێوەیەی لێبكرێ هەر ئەوەندەی كە لێرە ئحتیاتەن تا ئەو یاسایە پەسـەند دەكەین (على كل مؤسسة عامة أو خاصة أن تسهل طريقةٌ الإطلاع على أية وثيقة متعلق بها وفق أحكام هذا القانون)، لەوە زیاتر لێرە نەڵێین باسی حیفزی وەسائیق و ئەوانە بابەتێكی تـرە، بەراسـتی بـەم تاكـە دێـرە ناتوانین چارەسەری بكەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرمووو كاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

منـیش پێموایـە ئـەم ماددەیـە زیادەیـە لێـرە، چـونكە ئەگـەر سـەیری ناونیشـانی ماددەكە بكـەین، بـاس لـە پاراستنی دۆكیۆمێنتەكان دەكات، واتە بە شـێوەیەكی گشـتی تـۆ ئەگـەر باسـت لـەوەكرد كـە دۆكیۆمێنتـەكان بپارێزێ ئەوە ئەو دامودەزگایە گشتی یان تایبەتە مـافی خۆیـەتی لـە فـەردەدا بێـت بیخاتـە ڕەفـەوە، بیخاتـە شاشـەی كۆمپیۆتەرەكەیـەوە، واتـە بـە شـێوەیەكی گشـتی باسـت كـردووە كـە بیپـارێزێ، بـەڵام ئەگـەر بێـی ناوەرۆكی ماددەكە بخوێنینەوە باستان لەوەكردووە كە واتە تەحسیل حاسڵە هەر دامودەزگایەكی گشـتی یـان تایبەتی دۆكیۆمێنتەكانی كە لای هەیەتی پاراستوویەتی، بەڵام ئێوە باستان لەوەكردووە كە ڕێگایەك هـەبێ بۆ ئەوەی كە ئەو بەڵگەنامانـەی كـە پـارێزراون لای ئـەو دامودەزگـای گشـتی و تایبەتیانـە ڕێگایـەكی ئاسـان هەبێ، بۆیە ناونیشانی ماددەكـەو نـاوەڕۆكی ماددەكە دوو شـتی جیـاوازن، بۆیـە منـیش داوای لابردنـی ئـەو ماددەیە دەكەم، پەیوەندی بە یاسای پاراستنی دۆكیۆمێنتاری هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

سمیرە خان فەرمووو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من لە سەرەتا پشتگیری لە قسەكانی كاك جمال و كاك شڤان دەكـەم، چـونكە بـە تایبـەتی ئـەو دوو مـاددەی بڵێین (12، 13) هەردووكی بە زیاد دەزانم، ئەگەر سەیری موئەسەساتی گشتی بكەین یان تایبەتی بكـەین، هەر یەكە تایبەتمەندی خۆی هەیە لە هەڵگرتنی وەسـائیق و تـەدریبی مـوەزەفین، بـۆ نموونـە ئەگـەر ئێمـە بچین وەسائیقی تەلەبەی بێنین لە سەڤ شەش تەخـەروج دەكـات، دەچـێتە كولیـە كـە هـەموو موەزەفـەكان مـودەربن بـە سـەهلیش دەدرێتـە دەسـتمان زۆر بـە جـوانیش ئیحتیفازكرایـە، بـەڵام فـەرقی هەیـە لەگـەڵ

موئەسەسەیەکی تر کە وەسیقەی نەوعەکی تری هەیە، بەلاّم ئەگەر لێرەش هەر ماوە پێویستە ماددەی (12، 13، 14) دەمج بکرێ وەکو کاك جمال وتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك برهان.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەبیعی دەربارەی ئەم ماددەیە حیفزی وەسائیق، ماددەیەکی زۆر جوانە من داواکارم بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی کێشەیەك هەیە لە دادگاکاندا دوای سێ، چوار ساڵ چی ئەوراقە لەناو دەچێ ڕەنگە یەکێ کێشەی هەبێ سەفەربکات بۆ دەرەوەی ولاّت یان تووشی کیشە بێ دوایی دەچێ بەدوای ئەوراقیدا دەگەڕێن، نامێنێ، بەهەمان شێوە ئەو کێشەیە لە دائیرەکانی تاپۆدا هەیە، لە هەموو ئەو دائیرانە هەیە کە ڕۆژانە خەڵك موعامەلەیەکی زۆر دەکات، ئەوراق ونـدەبێ، بۆیە ئەم ماددەیە من داواکارم وەکو خۆشی بمێنێتەوە ئیزافەیەکیشی بۆ بکرێ، تێیدا تەسبیت بکرێ حیفزەکە بە تەریقەی ئەلیکترۆنیە، زائیدەن میزانیەکی بۆ تەخصیص کرێ، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەلیکترۆنیش بێ میزانییەی بۆ تەخصیص نەکرێت ناتوانرێ ئەو ماددەیە جێبەجێ بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە تەنها جارێکی تر جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە ئەو ماددەیە زەرورە بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە قانونێکمان نیە بۆ حیفزی وەسائیق بەراستی، وابزانم یەك، دوو ئەندامی پەرلەمان تەئکیدیان لەسەر ئەوە کردەوە، بۆیە لێرانەدا دوو ئەرکی هەیە حیفزی وەسائیق، حیفزی وەسائیقە، سیانەیەتی، تەرمیمێتی، کۆمەڵێك شتی تر، بەلاّم ئەمە چۆن دەکرێ؟ بە کۆمەڵێك ڕێگا دەکرێ، یەك ڕێگەش نیە دەکرێ ئەلێرە ڕەنگە پێشنیارێکمان هەبێ ڕەنگە بڵێ (طرق)، یەعنی بە چەندین ڕێگا لە زمنی ئەوانە ئەلیکترۆنیش دەکرێ هەڵبگیرێ، حیفز بکرێ، بۆیە ئەمە زۆر زەرورە، یەك، دوو ئەندامی پەرلەمانیش ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد کە گرفتیان هەیە لەگەڵ حیفزی وەسائیق مادام وایە ئێمە قانونێکی تایبەت تا ئێستا نیە لە پەرلەمان دەرنەچووە، راستە ئێمە قانونی دۆکیۆمێنت پارێزی لەناو لیژنەکەی ئێمە موناقەشەکراوە راپۆرتمان ئامادەکردووە، بەلاّم تا ئێستا لیژنەی یاسایی راپۆرتی ئامادە نیە، دەنا دەبوایە بەراستی لە مێژە بخرێتە ئەجندای کۆبوونەوەکان، بۆیە زەرورە بمێنێتەوە وەك ئەوە ئەگەر بە کۆمەڵێك ڕێگا بێ، ئەو دەمە بە تەئکید یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی بتوانێ ئیتلاعی لەسەر بکات ئەمە هەدەفەکەشە، بۆیە بە بڕوای من

پێویستە وەکو خۆی بمێنێتەوە، پێویستیش ناکات بەراستی تەفسیلاتی دیکەی بدرێتێ ئەمە تەنها تەئکیدکرنەوەیەکە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

لیژنەی یاسایی پێشنیارەکان فەرموون.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەبارەت بەو پێشنیارەی کرا یەکخستنی ماددەی (12، 13، 14)، بۆیە ئەگەر گۆڕانکاری لە ناوەرۆکەکە نەکرێ کێشەی نیە، هەرچەند لەو راپۆرتە شێوازەکی نوێ جێبەجێکراوە ئەویش هەر ماددە و ناونیشانی خۆی هەیە، شێوازی پرۆژەکانی دیکە ئەوە بوو کە هەر دەروازەیەك ناونیشانی هەبوو لەبەر ئەوە ئەگەر کێشە دروست بێ، سەبارەت بە ماددەی (14) ناکرێت یەکبخرێ لەگەڵ ماددەی (12، 13)، لەبەر ئەوەی ماددەی (12، 13) ئەرك داوێتە سەر ئەستۆی دەزگای گشتی و تایبەت، بەڵام ماددەی (14) تەنها تایبەتە بە دەزگا گشتییەکان، بۆیە کێشە نیە لە یەکخستنەکە سەبارەت بە ماددەی (12، 13)، پێشنیاری ئەوە کرا کە باس لە راپۆرت و چالاکیەکان بکرێ ئەوە لە ماددەی (6) ئێمە دەنگمان بۆ دا، کە هەموو دەزگایەك پابەند دەبێ بەوەی لەسەر سایتەکەی کۆمەڵە شت بڵاوبکاتەوە پێویست ناکات لێرە زیادکرێ، وە ئێمەش دامانڕشتەوە بەوەی نەك تەنها بە یەك رێگا ئاسانکاری بکرێ بۆ ئەو کەسانەی داوای زانیاری دەکەن بە هەر رێگایەك، واتە تەریقەکە بکرێتە (طرق)، واتە بەچەند شێوازێك، گرنگ ئەوەیە ئاسانکاری بکرێ بۆ ئەوەی ئەو کەسەی داوای زانیاری دەکات زانیارییەکان فەراهەم بکرێ یاخود بەر دەست بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

نوقتەی نیزامی، فەرموو کاك عبداللە.

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سێ کەس پێشنیارێکیان کرد داواکارم بخرێتە دەنگدانەوە، پێشنیارەکە ئەوە بوو وتمان ئەگەر دامەزراوەکە مەترسی هەبوو زیان بکات بە دۆکیۆمێنتەکە، دامەزراوەکە دۆکیۆمێنتەکە بپارێزێ لەگەڵ دەستەبەرکردنی پێدانی زانیاری بە داواکار، ئەمە وەکو بڕگەیەك بۆ ئەم ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو د. رۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیتلاعەکە فـرەوانـترە لێـرە باسـی زەرەرمـان نەکردیـە وە لـە ماددەکـەی پێشـوو، حیفـزی وەسـیقە دەکـات، حیفزەکـەش لیژنــەی رۆشـنبیری روونیـان کـردەوە کـە حیفزەکـە چـەند جـۆرە شـت دەگرێتــەوە، چـەند قۆناغێکە تەنها یەك کار نیە (بطریقة تسهل الإطلاع علیها)، واتە بە هەموو شێوازێك ئاسانکاری بۆ ئـەوەی دەستەبەربکرێت ئەو زانیاریە زەرەری هەبێ و نەبێ ئەوە لە ماددەکانی پێشووتر چارەسەرکراوە، لێرە نیـە ئەوە بە گشتی یە، واتە بە پێی حوکمەکانی (وفق أحکام هذا القانون) ئـەوە دەگرێتـەوە ئەگـەر زەرەرەکـەش هەبێ لە ماددەکانی پێشووتر جێبەجێ دەکرێت پێویست ناکات لێرە زیادبکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەمووو کاك عبدالله.

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەکرێ ئەگەر ئیتلاعەکە بکەینە (إعطاء و تزوید بمعلومات)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

نوقتەی نیزامی، ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

منیش تەئکید لە پێشـنیارەکەی کـاك عبداللـە دەکـەم، بـەس ئـەو پێشـنیارەی کـە نـاردم بـۆ د. رۆژان نـاڵێم دەمجی هەرسێ ماددەکە (12، 13، 14)، نـەخێر هـەر بـە سـێ مـاددەی جیـاواز، بـەڵام عینوانـەکان لابـرێ، چونکە بەراستی کە دەڵێی ماددەی (12) پاراستنی دۆکیۆمێنـت، یـان راهێنـانی فەرمانبـەران، ئـەم عینوانـە عەکسی یەعنی بەراستی وەکو مامۆستا عمر ئیشارەتی پێدا، پاراسـتنی دۆکیۆمێنـت بـەم دوو دێـرە نـابێ وە راهێنانی فەرمانبـەرانیش کـە پەرلـەمانتارێکی تـری بـەڕێز ئیشـارەتی پێـدا هـەموو دامودەزگاکـان دەیکـات، لەبەر ئەوە ئەم عینوانانە لابەین هەر بـە مـاددەی موسـتەقل نـەك دەمـج بکـرێن، مـاددەی (12، 13، 14) بچێتە ئەحکامی خیتامی، ماددەی (15) بێتە پێشەوە، ئەوە تەرحەکەی ئێمە بوو، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەتاوەکو ماددەی (12) هەمووی مەعنوەنە، هەمووی عینوانی هەیە، یـەعنی ئێسـتا ئێمـە ئەگـەر هـەوڵێك بدەین عینوانی بۆ نەهێڵین، ناکرێ، چۆن دەبێ پاشان لە ماددەی (12) ئێمە بڕیار دەیـن عینـوانی نـەبێت، ئەم یاسایە بە شێوازێکی نوێ تەقدیم کراوە هەموو ماددەیەك عینوانێکی هەیە بۆ ئەوەی ئەو کەسـەی کـە

دەیخوێنێتەوە یەکسەر تێبگات ئەوە لەسەر چ بابەتێکە، بۆیە من پێموایە ئەگەر ئێستا ماددەکە بخرێتە دەنگەوە، پاش خوێندنەوەی دەنگی بۆ بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

راستە بەس ئەگەر پێشنیارێك وابێ سێ کەس تەقدیمی کردبێ دەخرێتە دەنگدانەوە، دەنگی پێ دەدەن یان دەنگی پێ نادەن، فەرموو د. رۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارێك کرا کەوا ئەو ماددانە بچێتە ئەحکام خیتامی لەو شۆینە نەمێنێ یەعنی شوێنەکەی بگۆڕدری بچێتە ئەحکامی خیتامی، ئەحکام خیتامی لەو پرۆژەی پێشکەشکرایە باسی ئەوە دەکات سێ ماددەیە (علی مجلس الوزراء) ئەحکام خیتامییەکان، واتە پێشنیارەکە ئەوەیە ماددەی (12، 13، 14) شوێنیان بگوازرێتە بۆ ئەحکامی خیتامی، ئەحکام خیتامی پرۆژەکە ئەگەر سەیرکەن تەنها ئەو ماددانە دەگرێتەوە کە وەکو ماددەی پرۆتۆکۆڵی یە ئەو لایەنانەی ئەرکی سەرشانیتیان کەوا یاساکە جێبەجێ بکەن و کار بەهیچ دەقێك نەکرێ کە بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەو یاسایە، ئایا ئەو سێ ماددەیە لەگەڵ ریزبەندی ئەو ماددانە دانرێ لە حوکمە کۆتاییەکان یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ لەگەڵ ئەوە دایە؟ ئەو سێ ماددە بچێتە ئەحکام خیتامی تکایە دەست بەرزکاتەوە، ئەمە دەخەینە دەنگدان دوایی چ پێشنیارێکی تر هەیە دەتوانن، کێ لەگەڵ ئەوەیە، ئەم سێ ماددەیە بچێتە ئەحکام خیتامی، تکایە دەست بەرزکاتەوە، (5) کەس زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، بەزۆرینەی دەنگ وەك خۆی دەمێنێ، فەرموو ئێستا ماددەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارێکیش کرا کەوا ماددەی (12، 13) یەکبخرێ، ماددەی (14)ەش پێشنیارکرا، بەس لەبەر ئەوەی ماددەی (14) تەنها باس لە دەزگا گشتییەکان دەکات، ماددەی (12، 13) باس لە دەزگای گشتی و تایبەت دەکات، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو پێشنیارە کە ماددەی (12، 13) یەکبخرێ لە یەك ماددە؟ سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڕیزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ ماددەی (12، 13) یەکبخرێ، تکایە دەست بەرزکاتەوە، (15) کەس لەگەڵ دایە یەکبخرێ، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (18) کەس لەگەڵ نیە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەك خۆی دەمێنێ، فەرموون.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشنیارێكیش كرا ئیلغای ئەو مادده، ئەو مادده پێویست ناكات..

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

خۆی بەراستی دەبوو ئەگەر ئیلغای تێدابوو یەكەم شت ئەوبایە بەهەر حاڵ، كێ لەگەڵ دایە ئەو مادده ئیلغابكرێت؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (4) كەس لەگەڵ دایە ئیلغابكرێ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە زۆر سوپاس، بەڵێ بە زۆرینەی دەنگ دەمێنێتەوە، ئێستا سیاغەی ماددەكە بكەنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**المادة الثانية عشرة: حفظ الوثائق**

**على كل مؤسسة عامة أو خاصة أن تحفظ الوثائق الموجودة لديها بطرقٍ تسهل الاطلاع عليها وفق أحكام هذا القانون.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

هیچ پێشنیارێكی تریان وەرنەگرتووە، ئەمە ئاخیر پێشنیارە كە باسكرا، فەرموو كاك عبداللە نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز عبداللە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نووسیم و ناردم بۆ لیژنە لەبەر دەستیانە داوا دەكەم بیخوێننەوە...

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

ئەگەر یەك ئەندام بێ وەرناگیرێ.

**بەڕێز عبداللە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سێ ئەندام. سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو د. رۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

وەڵامی ئەو پێشنیارەمان داوە كە لەلایەن یەك كەس پێشنیاركرایە، (ئەگەر دامەزراوەكە مەترسی هەبوو زیان دەگەیەنێ بە دۆكیۆمێنتەكە كە ئەوە دامەزراوەكە دۆكیۆمێنتەكە بپارێزێت لەگەڵ دەستەبەركردنی پێدانی زانیاری بە داواكراو)، روونكردنەوەمان لەسەر ئەو پێشنیارەدا بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەم سیاغەی کە خوێندرایەوە هەر چەندە پەیوەندی هەیە بە ماددەکەی پێشوو لەوێش دەنگی نەهێناوە، بەڵام لێرەش دەڵێینەوە ئەم پێشنیارەی ئێستا خوێندرایەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (16) کەس لەگەڵ دایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (36) کەس لەگەڵدا نیە، زۆر سوپاس، بۆیە ماددەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە، فەرموون سیاغەی نوێ بخوێنەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**المادة الثانية عشرة: حفظ الوثائق**

على كل مؤسسة عامة أو خاصة أن تحفظ الوثائق الموجودة لديها بطرقٍ تسهل الاطلاع عليها وفق أحكام هذا القانون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، ماددەی دوازدەیەم بەو سیاغەی ئێستا خوێندرایەوە کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (49) کەس لەگەڵ دایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بەو سیاغەی کە خوێندرایەوە تکایە دەست بەرزکاتەوە، بەکۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**المادة الثالثة عشرة: تدريب الموظفين**

على كل مؤسسة عامة أو خاصة أن تضمن التدريب المناسب لموظفيها المختصين فيما يتعلق بتنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بە کوردییەکەی فەرموو کاك د. دانا.

**بەڕێز د. دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ماددەی سێزدەم : ڕاهێنانی فەرمانبەران**

لەسەر هەر دامودەزگایەکی گشتی یان تایبەتی پێویستە بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، ڕاهێنانێکی گونجاو بە فەرمانبەرە تایبەتمەندەکانی خۆی بکات.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە رای لێژنەکانە، ئێمە لەگەڵ ماددەکەین، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەندامانی پەرلەمان کێ تێبینی هەیە؟ ئەم ناوانە نووسراوە (د. احمد، شلێر خان، سمیرە خان، کاك فاضل، کاك خلیل، مامۆستا عمر، کاك ئارام، کاك بکر، ئاهەنگ خان، د. بشیر)، کاك د. احمد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینییەکەم لەسەر کوردییەکەیە، هەروەها لە عەرەبییەکەش هەیە، د. رۆژان باشی خوێندەوە (أن تضمن التدريب المناسب)، ئەلف و لامی هەیە باش بوو بە تەواوی خوێندەوە، بەس لە کوردیەکەدا دەڵێ لەسەر هەر دامودەزگایەکی گشتی یان تایبەتی پێویستە بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە راهێنانێکی گونجاو (التدريب المناسب) دەبیتە راهێنانی گونجاو، نەك راهێنانێکی گونجاو، چونکە نەنووسراوە (تدريباً مناسباً)، نووسراوە (التدريب المناسب)، کەوابوو دەبێتە راهێنانی گونجاو بۆ فەرمانبەرە تایبەتەکانی خۆی دەستەبەربکات، یەعنی لێرە (أن تضمن) جیاوازە لەوەی راهێنانی گونجاویان پێ بکات، نووسراوە (أن تضمن التدريب المناسب) واتە لێرە کوردییەکەی دەبێتە راهێنانی گونجاو بۆ فەرمانبەرە تایبەتمەندەکانی خۆی دەستەبەربکات، یەعنی (ضمان) دەبێتە دەستەبەرکردن، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە من پێشنیار دەکەم کە ئەمە لێرە، چونکە ئەوەی عەرەبیەکە دەڵێ (فيما يتعلق بتنفيذ أحكام هذا القانون)، بۆیە بە کوردییەکەی بەو شێوە بێت، لەسەر هەر دامودەزگایەکی گشتی یان تایبەتی پێویستە راهێنانی گونجاو بۆ فەرمانبەرە تایبەتمەندەکانی خۆی دەستەبەربکات، پەیوەست بە جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، یەعنی (فيما يتعلق بتنفيذ أحكام هذا القانون)، پەیوەست بە جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، نەك لە پێشەوە بڵێ بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە نسبەت ئەم ماددەیە من تەسەور دەکەم زۆر تەرکیز بکرێتە سەر (على كل مؤسسة عامة)، لەبەر ئەوەی بەراستی ئێمە زۆری پێشێلکاریەکان لە موئەسەساتی عامە دایە کە ئەمە دەبێ یەعنی خۆی تۆ زانیاری بۆ چیە هاوولاتی؟ هەر بۆ ئەوەیە کە داوای زانیارییەك دەکات لەبەر ئەوەی حەقێکی خوراوە، زۆریشی لە موئەسەساتی عامەیە هینی دەوڵەتدا دەکرێت، دەشتوانی ئەوان فیعلەن دەبێ تەدریبی پێ بکری، چونکە ئەو کەسانە وەکو دەڵی وەسفی وەزیفی ئەو کەسە ئەگەر تەدریبی پێ نەکرێ ناتوانێ لەبەر ئەوەی ئیشێکی

تازەیە، بە نسبەت خاصەکە خۆی فێری دەکات، یەعنی پێویستی بە دەوراتیش نابێت ئەگەر بیەوێ، لەبەر ئەوە زۆر تەرکیز بکرێتە سەر موئەسەسە عامەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە (تدریب موظفین)، من لێرە بە زیادی دەزانم، تەحسیل حاسڵە هەر بە هەمان کاتدا لەگەڵ دیباجە و محتەوای ئەم یاسایە ناگونجێ، بەلاّم ئەگەر ماوەش سیاغەکەی کوردی و عەرەبی لەگەڵ یەك بگونجێ، چونکە هاوسەنگ نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك فاضل.

**بەڕێز فاضل محمد قادر (بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من پێشنیار دەکەم جگەلەو خاڵەی کە دیاریکراوە کە دەبێ ئەوانەی لەسەر پێدانی زانیاری کار دەکەن دەوراتیان بۆ بکرێتەوە، من پێشنیار دەکەم پێوەری تر دابنرێ، مەسەلەن وەکو هەر کام لەو قوتابیانەی کە تەخەروج دەکەن لە زانکۆکانی کوردستان تەخەصوصەکەی لە چیە؟ یەعنی تەخصوصێکیش بۆ ئەم وەکو پێوەرێك دابنرێ بۆ ئەوانەی کە داخلی دەورات دەبن، چونکە ئیمکانە لە هەندێك دامودەزگا موەزەفێکی پلە نزم مەبەستم لە مەسەلەی خوێندن بخرێتە ئەم دەوراتەوە، چونکە هەرچەند لە رابردوو باسمان کرد کە ئەم زانیارییەی پێویستە زیاتر لە رێگەی ئەجهیزەی ئەلیکترۆنیاتەوە دابەشبکرێ، چونکە ئێمە جگەلە هەرێمی کوردستان لە تەواوی ولاّتانی دونیا نوێنەرایەتیمان هەیە، ئیمکانە ئەوانیش داوای هەمان زانیاری بکەن، جا نازانم ئەوە دروستە یان دەبێت لەم یاسایەدا زانیاریەکە بدرێتە دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش، لەبەر ئەوەی مەفروزە ئەو خەڵکانەی کە داخیلی ئەم دەوراتە دەبن پێوەرەکانی تریشی لەگەڵدا دیاری بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك خلیل.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

والله به نیسبەت سیغه کوردییەکەوە، من ئەو سیغەیە پێشنیار دەکەم پێوستە هەر دامەزراوەیەکی گشتی یان تایبەتی دەستەبەری راهێنانی پەیوەست بەو بوارە بە فەرمانبەرە تایبەتمەندەکانی خۆی بکات، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ماموستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

والله من هاوڕام لەگەڵ ئەو بەڕێزانە، کە ئەم ماددەیە لێرە بە زیاد دەبینم ئەمە بابەتێکە دەچێتە خانەی تەعلیماتی هەر موئەسەسەیەکەوە چ پێویست دەکات، ئێمە دائیمەن لەم یاسایانە دەبێ هەوڵبدەین یاساکان زۆر مورەکەزبن وە بابەتە جەوهەریەکانی موتەعەلیق بەو بابەتەی تێدابێ، ئەگەر هەر برادەرانی لیژنەش موسڕن بمێنی، موەزەفینی موختەص مەبەستمان چیە؟ ئێمە لە ماددەی (8) بڕگەی سێ وتوومانە (موظف المختص) یەك موەزەفمان هەیە لە هەر موئەسەسەیەك کە تەرخاندەکرێ بۆ ئەم کارە، لەبەر ئەوە یان ئەگەر دەنگی نەهێنا لەسەر لابردنی ئەو (موظفین مختصین) بکرێ بە (موظف المختص)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك خلیل لیژنە داوای سیاغەی بەڕێزت دەکەن، بۆیان بنێرە، فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

منیش پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیە لابرێ، لەبەر ئەوەی دووبارەیە، داوا لە لیژنەی هاوبەشی بەڕێز دەکەم کە خۆشیان پێشنیاریان کردبوو، خاڵی دووەم لە ئەرکەکانی دەستە، یان دانانی بەرنامەی کار بۆ راهێنانی ئەو فەرمانبەرانەی تایبەتمەندن بە جێبەجێکردنی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە کە لەوێ دانراوە وەکو ئەرکێکی دەستە بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە، لێرە ئەم ماددەیە جارێکی دیکە دووبارەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

سێ کەس پێشنیاری کردووە کە ئەم ماددەیە ئیلغابکرێ، کێ لەگەڵ دایە ئەو ماددە ئیلغابکرێ؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، لیژنە دیارە تاقیبی هەیە لەسەر ئیلغاکردنەکەی، بۆیە رێی پێدەدەین بە لیژنەو دوایش یەکێك لەوانەی کەوا باسی ئیلغاکردنی کردووە ئەویش دیفاع لە رەئیەکەی خۆی بکات، فەرموو کاك بکر.

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەکو لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە دیارە تا ئێستا چەند ماددەیەکی لێ پەسەندکراوە، لە چەند ماددەیەك باس لە موەزەفی موختەص کراوە، لە تەعاریف باس لە موەزەفی موختەص کراوە لە ماددەی (8) فەقەرەی یەکەم باس لەوە کراوە لەسەر هەر موئەسەسەیەکی گشتی یان تایبەتی پێویستە موەزەفێك، یان زیاتر دابمەزرێ،

یان دەستنیشانی بکات، بۆچی؟ بۆ وەرگرتنی تەڵەباتی زانیاری ئەمە لەویٚ نووسراوە هەروەها لەو ماددەیەدا باسکراوە کە لە مەهامەکانی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤیش لەوێشدا باسکراوە کە دەبێت دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ بەرنامەیەك بۆ تەدریبی ئەوان دابنیٚ، بەرنامەیەك نەك ئەو تەدریبیان پێبکات بەرنامەیەك بیٚ، ئەلێرەدا ئێمە لەم ماددەیەدا بە پێویستمان زانی پێویست دەکات تەدریبێك بەو موەزەفە موختەصانە بکریٚ ڕەنگە لە هەر موئەسەسەیەك یەك یان زیاتر چۆن تەلەبات وەردەگرن، چۆن تەسجیلی دەکەن، چۆن ڕەتی دەکەن؟ ئەگەر ڕەتکرایەوە چۆن ڕەتدەبێتەوە؟ ئەمانە هەمووی زەرورە بۆ ئەوەی بەراستی هاووڵاتیان لە ڕێگەی ئەم موەزەفە موختەصەوە بتوانن زانیاریەکانیان پێبگات بە شێوەیەکی ڕێك و پێك، ئەوەیە مەبەست لەم ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

(سمیرە خان، مامۆستا عمر، کاك ئارام، ئاهەنگ خان)، لەسەر پێشنیاری خۆتانن، یەکێکتان دیفاعی لیٚ بکات، مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خوشك و برایانی بەڕێز، من تەنها مەترسییەکەم ئەوەیە کە ئەم جۆرە ماددانەی کە لێرە دانراوە ببنە ڕێگر لە هێنانی پرۆژە یاسای پاراستنی دۆکیۆمێنتەکانی هەرێمی کوردستان بۆ بەرنامەی کار، بە حوجەی ئەوەی لەم یاسایە ئەم بابەتانە ئاماژەیان پێکراوە بەراستی ئەمە جێگەی ئەوە نیە زۆر کارێکیٚ ئاساییە جا ئەگەر موئەسەسەیەك موەزەفێك لە شوێنەکدا دانیٚ و تەدریبی نەکات، ئەی چیٚ دەکات؟ لە دوایی تەعلیماتەکان چی تێدایە ئەگەر ئەم بابەتانەی تێدابیٚ، لەبەر ئەوە من زۆر پێم زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

پێش هەموو شتێك دەیخەینە دەنگدان، سیٚ ئەندام پەرلەمان داوا دەکات ئیلغابکریٚ، لیژنە دیفاعی لیٚ کرد، ئەندامان دیفاعیان لە رایەکەی خۆیان کرد، بۆیە دەیخەینە دەنگدان، کیٚ لەگەڵ دایە ئیلغابکریٚ؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (14) کەس لەگەڵ دایە کە ئیلغابکریٚ، زۆر سوپاس، کیٚ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ دەمێنێتەوە، ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من داوامکرد کە دیفاع لە نەمانەوەی بکەم، بەڵام بەڕێزت مەجالت نەدامیٚ کاك عمر دیفاعی لێکرد، بەڵام من یەك وەجهەت نەزەرم هەیە ئێمە ئەو ئەرکە داعی نیە لە هەموو قانونەکی بلێینەوە، چونکە ئەگەر ئێمە موناقەشەی بودجەمان لەبیربیٚ حکومەتی هەرێمی کوردستان پارەی تەخصیص کردووە بۆ تەدریب، هەروەها ئێمە داوادەکەین کە سەلاحیات هەبیٚ لە هەموو وەزارەتەکی بۆ تەدریبی هەموو کەوادیر، نەك هەر لە یەك موئەسەسە هەر ئەوە ئەرکە حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی دەیەویٚ بە خۆشی بودجەی

بۆ داناوە، بۆیە داعی نیە ئێمە لە هەموو قانونەکی ئەوەی تەئکید بکەینەوە، کەچی دەنگیشی لەسەر درا و تەواو، بەڵام ئەوە دیفاعەکەی منە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

د. بشیر فەرموو.

**بەڕێز د. بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە نیسبەت ئەو ماددەی کە ماوە باس لەوە دەکات، کە پێویستە هەر دامودەزگایەك فەرمانبەرێك بنێرێ بۆ خول یان بەخۆی خولی بۆ بکاتەوە، ئەگەر بەو حاڵە بێ ئێمە دەبێ چەندین خول بکەینەوە، لەبەر ئەوەی هەر دامودەزگایەك خولی تایبەتی خۆی دەکاتەوە، ئەمە دەکاتە زۆر بوونی خولەکان، هەروەها لەوانەیە یەك سیستەمی موەحەدیش نەبێ، یان معیارێکی موەحەد نەبێ لەناو ئەم خولانەدا بەکار بێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە جیاتی ئەوەی کەوا ئەم فەرمانگانە خول بکەنەوە با دەستەکە بەخۆی خولیکێ موەحەد بکاتەوە، دەکرێ بڵێین ساڵی خولێك یان لە دوو ساڵ جارێك خولێك بکاتەوە، ئەو فەرمانگەو دەوائیرانە هەر یەکەو دوو فەرمانبەر بنێرن، یەك فەرمانبەر ناکرێ، چونکە ئەگەر یەك فەرمانبەر بێ لەوانەیە ئەم فەرمانبەرە ئیجازە دەبێ، یان نەخۆش دەبێ کێ بەکارەکەی هەڵدەستێ بە لایەنی کەم دوو فەرمانبەر لەلایەن ئەم دەوائیرانەوە دەست نیشانبکرێن، وە خولەکەش لە دەستەکە بکرێتەوە بە سیستەمێکی موەحەد و بە نیزامێکی موەحەد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو مامۆستا کاوە.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من پێموایە ئەم ماددە ماددەیەکی زەروریە، بەڵام پێمباشە تۆزێك یەك، دوو وشە لە عەرەبی و کوردییەکە بگۆڕدرێ، بۆ ئەوەی زیاتر دەقیقتربێ کە دەڵێ (على كل مؤسسة عامة أو خاصة أن تضمن التدريب المناسب)، (المناسب) بکرێتە (الضروري)، لە کوردییەکەش راهێنانی گونجاو دەبێتە راهێنانی پێویست، ئەو کاتە، چونکە ئەو موەزەفە کە هەڵدەستێ بە وەرگرتنی داواکاری هاووڵاتیان بۆ پێدانی زانیاری، هەروەها پێدانی زانیاری پێویستە راهێنانی باشی کردبێت بۆ ئەوەی بتوانی ئیشەکەی خۆی باش جێبەجێبکات، بۆیە موناسبەکە بکرێتە زەروری، لە کوردییەکەش گونجاوەکە بکرێتە پێویست، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئێستا سیاغەی بخوێننەوە بۆ ئەوەی بخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**المادة الثالثة عشرة: تدريب الموظفين**

**على كل مؤسسة عامة أو خاصة أن تضمن التدريب المناسب لموظفيها المختصين فيما يتعلق بتنفيذ أحكام هذا القانون.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە بەو سیاغەی خوێندرایەوە، كێ لەگەڵ دایە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ نیە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، بە كۆی دەنگ پەسەندكرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**المادة الرابعة عشرة : تقديم التقارير إلى الهيئة بدلاً من المؤسسة**

**على المؤسسات العامة، أن ترفع تقريراً إلى الهيئة كل أربعة اشهر، عن أنشطتها وفقاً لإحكام هذا القانون، على أن يتضمن عدد: الطلبات المستلمة، الطلبات الموافق عليها كلياً أو جزئياً أو المرفوض كلياً، الإعتراضات و الدعاوي المقامة، التقارير التي نشرتها وفق المادة السادسة من هذا القانون و الدورات التي اقامتها لتدريب موظفيها.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كوردییەكەشی بخوێنن، فەرموون.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ماددەی چواردەم : لیژنە پێشنیار دەكات بكرێتە راپۆرت دان بە دەستە لە بری دەزگا،**

**پێویستە دامودەزگای گشتی، بەگوێرەی حوكمەكانی ئەم یاسایە، هەر (4) مانگ، راپۆرتێك لە بارەی چالاكییەكانی خۆی بۆ دەستە بنێرێ، سەبارەت بە ژمارەی: داواكارییە وەرگیراوەكان، داواكارییە پەسەندكراوەكان، چ بە تەواوەتی پەسندكرابن یان بەشێكیان لێ پەسندكرابێ، داواكارییە رەتكراوەكان، تێهەڵچوونەوە و داوا (دعوى) تۆماركراوەكان، ئەو راپۆرتانەی بەگوێرەی ماددەی (شەشەم)ی ئەم قانونە بلاّویكردوونەتەوەو ئەو دەورانەی بۆ راهێنانی فەرمانبەرەكانی كردوونەتەوە.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

ئەندامانی پەرلەمان كێ تێبینی هەیە؟ ئەم ناوانە نووسراوە (كاك كاردۆ، مامۆستا عمر، كاك پێشەوا، سیوەیل خان، سەرگوڵ خان، مامۆستا فەرمان، د. عمر، هاژە خان، كاك فاضل، كاك نەژاد، كاك جلال، د. ئاراس، سۆزان خان)، فەرموو كاك كاردۆ.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سەبارەت بە ماددەی (14)، پێموایە ئێمە سەبارەت بەو ماددەیە دەزگا گشتییەكان رانەسپێرین بۆ ئەوەی چوار مانگ جارێك راپۆرت پێشكەشكەن، بەڵكو ئەو هەیئەیەی كە جێبەجێكردنی ئەو یاسایەی پێ سپێردراوە كە هەیئەی مافی مرۆڤە ئەو بتوانی داوابكات، چوار مانگ جارێك بۆ كاری رەقابی یان چالاكیەكانیان، چونكە ئەویش دەكەوێتە بەر لێپرسینەوە، جگەلەوە ئەو ماددانەی كە لێرە ئاماژەی پێكراوە هەمووی دووبارەی دەكاتەوە (فیما یتعلق بتنفیذ أحكام هذا القانون)، یەعنی ئەوە چ زەرورەتەكی هەیە لە هەموو ماددەیەك ئێمە دەڵێین ئەوەی كە پەیوەندی بەم یاسایە هەیە، یەك جار دەیڵێین و دووبارە كردنەوەی ناوێ، بەڵام ئاسان كاریەكە لەوەیە موئەسەسەكە دەزگاكەی كە پێی راسپاردووە ئەو داوای تەقریر بكات، تۆ هەموو موئەسەسەیەك رادەسپێری كە تەقریر بنووسێ چوار مانگ جارێك، پێموایە ئەمە تەگەرە دروستكردنە، كۆسپ دروستكردنە لەبەردەم جێبەجێكردنی یاساكە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

والله منیش لەسەر ئەو قسەی كاك كاردۆ، واباشترە ئیلزامی هەیئە بكەین كە چوار مانگ جارێك داوای راپۆرت بكات بەو پێیەی كە ئەم دەزگایە عەفوەن باسی ئەم یاسایە ئەمە مەرجەعی ئەم كارە بوو بە دەستە لەبەر ئەوە سیاغەكە وا لێبكەین هەمان مەبەستی جێگەیە نیە كە لیژنەی هاوبەش بیستوویانە (علی الهیئة أن تطلب تقریراً كل أربعة أشهر من المؤسسات العامة علی أنشطتها علی أن یتضمن... الی أخره)، هەر سیاغەكە هیچ ناگۆڕێ چونكە ئەسڵ ئەوەیە ئەمان ئیلزام بكەین بەوەی كە داوای راپۆرت بكەن، نەك موئەسەسات ئیلزام بكەین، چونكە ئەمان مەرجەعن ئەوە تێبینیەكم، ئەگەر بەڕێزانی لیژنە هاوڕام بن لە دێری سێیەم و چوارەم پێویستی بەوە هەیە (واوی عطف) دانرێ، چونكە لە عەرەبی ئەو ئسلوبە موتەبەع نیە بە فاریزە (الطلبات المستلمة و الطلبات الموافق) تا ئاخیر، ( والاعتراضات) لەوێش پێویستیەتی، (والتقاریر التی نشرتها) لەوێش پێویستیەتی، یەعنی لە هەموویان دەبێ (واوی عطف) بنووسرێ، چونكە ئەوە لە كوردیدا فاریزە جێی واو دەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو كاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من پشتگیری هاوكارانی پێش خۆم دەكەم، داواكارم، پێشنیار دەكەم وشەی داواكاریە وەرگیراوەكان بكرێت بە داواكاریە تۆماركراوەكان، چونكە لە ماددەكانی پێشوو تر پێویستیان كردووە لەسەر دەستەی گشتی و

تایبەتی دەزگا گشتییەکان کە ئەو داواکاریانەی تەقدیم دەکرێن یەکسەر تۆماربکرێ، واباشترە بنووسرێ داواکاریە تۆمارکراوەکان، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

منیش هاوڕام لەگەڵ هاوکارانم کە (على الهيئة) بێ ،داوای تەقاریر بکات ئەوە یەك، لە کۆتایەکەشی دەڵێ (الطلبات المستلمة، الطلبات الموافق عليها كلياً أو جزئياً أو المرفوض كلياً الإعتراضات والدعاوي المقامة)، پێمباشە (والدورات التي أقامها لتدريب موظفيها) ئینجا بنووسرێ (والتقارير التي نشرتها وفق المادة السادسة من هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

سەرگوڵ خان فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە گشتی من پشتگیری لە ماددەکە دەکەم، چونکە ئەم ماددەیە زەمانەتی ئەوە دەکات بەپێی ئەو راپۆرتانە ئێمە بزانین ئەو دەزگا گشتییانە چ کارێکیان کردووە لە بواری پێدانی زانیاری، بەلاَم تێبینیەکم هەیە ئێمە لە ماددەکانی دیکە هەموو ئیلزامەکان و موئەسەسەی خاصەشی تێدابووە دەزگا تایبەتییەکان، وەکو پاراستنی بەلگەنامەکان و تەدریبکردنی موەزەفین و ئیعتای مەعلومات، بەلاَم لێرە ئەوانمان ئیلزام نەکردووە کە راپۆرتمان بدەنێ، دەبێ ئاگادار بین کە ئایا دەزگا تایبەتەکانیش بە چ شێوازێك موعامەلەیان لەگەڵ یاساکەدا کردووە، دەبێ لەپاڵ موئەسەسە عامە خاصەشی تێدابێ، بە رای من هیچ رێگریەکی قانونی نیە، لەبەر ئەوەی ئێمە لە ماددەکانی دیکە ئیلزاممان کردوون کە دەبێ هەستن بە جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، بۆیە دەبێ ئەوانیش راپۆرت بنووسن لەگەڵ موئەسەسە گشتییەکاندا وە ئەگەر پێشنیارەکانی پێشوو تر باس لەوە دەکرێ ئەگەر موئەسەسەبێ یان هەیئەبێ هەر کامیان بێ مەبەست لە ماددەکە یان هەدەفی ماددەکە دەپێکێ کە بلاَوکردنەوەی ئەو راپۆرتانەو زانینی چۆنیەتی جێبەجێکردنی ماددەکە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

مامۆستا فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆربەی زۆری قسەكانم كران، بەلاَم من دەمەوێ بەراستی هەر چوار مانگ جارێك راپۆرتێك لەباری چالاكیەكانی خۆی بۆ دەستە بنێرێ سەبارەت بە ژمارە و وشەی ناوەرۆك زیادبكرێت، بۆ ئەوەی ئێمە داتایەكمان هەبێت بۆ ئەوەی بزانین ئەو كەسانەی كە زیاتر ئیش لەسەر ئەو ئەرشیفانە دەكەن بەراستی لە چ بابەتێك زیاتری هێنایە، ناوەرۆكەكەشی بەراستی بشكێنێ بە ژمارەی راپۆرتەكان و، هەروەها ناوەرۆكی راپۆرتەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

د. عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بابەتەكە ئامادەكردنی راپۆرتە، من پێموایە دارشتنەكە گۆڕانێكی ئەوتۆی لێبكەین كە هەم دامودەزگا گشتییەكان هەم دەستەش مولزەم بكەین بلێین دامودەزگا گشتییەكان پێویستە راپۆرت بنێرن، بەلاَم لەسەر دەستەش پێویستە راپۆرتێكی یەكگرتوو ئامادە بكات دوای ئەوەی كە دامودەزگا گشتییەكان راپۆرت دەنێرن، هەروەها نووسراوە لەبارەی چالاكیەكان، ئێمە بەراستی چالاكیەكانی دامودەزگای گشتی زۆر فراوانە، یەعنی رەنگە هەندێ بوار بێ كە ئەسلەن پەیوەندی بەم قانونەوە نەبێ، بۆیە بلێین لەبارەی داواكاریەكان سەبارەت بە وەرگرتنی زانیاری، واتە ئێمە دەمانەوێ سەبارەت بە وەرگرتنی زانیاری لەو دەزگا گشتییە راپۆرت ئامادە بكرێت، نەك لەسەر هەموو چالاكیەكانی دەزگای گشتی، ئاماژە بەو خالاَنەش كراوە لە خوارەوە مەسەلەن وەرگیراوەكان ئیتر هەتا دوایی، من لە كۆتاییدا پێمباشە ئەوەش ئیزافەبكرێت بلێین لەسەر هەر بابەتێكی تری پێویست و لەسەر هەر زانیاریەكی تر كە پەیوەنداره بە وەرگرتنی زانیاری، واتە لە كۆتایدا دەرگاكە بكرێتەوە ئەگەر بابەت و زانیاری تری پێویست بوو بخرێتە ناو راپۆرتەكەوە پەیوەندی بە وەرگرتنی زانیاریەوە هەبوو لەناو راپۆرتەكەدا جێی بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

باسی دووجۆر راپۆرتە، ئەو راپۆرتانەی كە دەوائیری حكومی دەیداتە دەستە وە ئەویش دەستە دەیداتە پەرلەمان، وابزانم دەبێت وریابین لەوەی كە لە قانونی دەستەی مافی مرۆڤ باسمان كردووە كەوا ئەو راپۆرت دەدات بە پەرلەمان، ئیشكالاتمان لەوە بۆ دروست نەبێت، فەرمووو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەربارەی ئەو خالاَنەی كە دیاریكراوە بەراستی من وام پێباشە كە تەرقیم بكرێ، یەعنی ئێستا دەبینین كە لێرە نووسراوە سەبارەت بە ژمارەی داواكاریە وەرگیراوەكان، فاریزە داواكاریە پەسەندكراوەكان، عادەتەن لە ناو قانونەكان هەمووی ئێمە ئەو شتانەمان تەرقیمكردووە، بۆیە من پێشنیار دەكەم كە تەرقیمی بكەین بەو شێوەیە:

1- ژمارەی داواکاری زانیارییەکان کە فەرمانبەرەکە وەریگرتوون.

2- ژمارەی داواکاری زانیارییەکان کە بەتەواوەتی رەتکراونەتەوە.

3- تێهەڵچوونەکان بەهۆی رەتکردنەوەی پێدانی زانیاری.

4- ئەو راپۆرتانەی بە گوێرەی ماددەی شەشەمی ئەو قانونە بلاّوکراونەتەوە.

5- رێکارەکان و خولەکان کە بۆ راهێنانی فەرمانبەرەکان کراونەتەوە.

بەو شێوە تەرقیّم بکرێت. سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر (بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەم ماددەیەدا من لەگەڵ ئەوەم کە دەستە راپۆرتی لەسەر کار و چالاکیەکانی خۆی هەبێت، بەلاّم باس لە دەعوا دەکات، ئەگەر دەعوایەك چوار مانگی بەسەرداچوو، چونکە دەڵێ چوار مانگ جارێك راپۆرت بنووسرێت ئەگەر دەعوایەك چوار مانگی بەسەرداچوو چ مەفعولێکی دەمێنێ بۆ تەرەفێ بەرامبەر، بۆیە ئەو خاڵە یان نەمێنێ یان چوار مانگ زۆرە کە بەسەر دەعوایەکدا بڕوا، لەبەر ئەوەی من تێبینیەکەم تەنها ئەوەیە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەم کە چوار مانگ جارێك یان سێ مانگ جارێك کە دەکاتە راپۆرتێکی وەرزی لەسەر ئەو دەستەیە بۆ سەرەوەی خۆی بنووسێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە ئەگەر سەرنج بدەین تەماشادەکەین لە ماددەی (شەشەم)یش نەفسی شت هاتووە تەقریبەن، نازانم ئەگەر برادەران لوتوف بفەرموون ئەوانەی لە لیژنە تەماشای ماددەی (شەشەم) بکەن (أولاً: على كل مؤسسه عامة إصدار دليل سنوي ونشر المعلومات الأتية على موقعها الألكتروني وتحديثها بإستمرار و عن طريق نشر تقارير في إحدى وسائل الإعلام)، یەعنی تەقریبەن ئەوە نەفسی شتە ئەوە یەك، دوو ئەوە تەقریبەن لە تەعلیمات دەچێت، یەعنی زیاتر لەوەی کە ئێمە بە قانون فەرزی بکەین بەراستی، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەگەر زۆر پێشدابگرن لەماددەی (6) هاتووە تۆزێك یەعنی بە شێوەیەك دایبرێژن لەگەڵ ماددەی (6) تێك بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشەکی بەراستی تێبینیەکم هەیە، لەوەتەی هاتووینەتە ئەم قاعەیە بەڕێزتان لە سەرۆکایەتی بەس بەرچاوی خۆتان دەبینن، بەراستی حەقە لای راستەوە، لای چەپەوە یەعنی ناکرێ ئەوە لە هەموو کەڕەتێکدا بە تایبەتی ئەم دوو، سێ رۆژە، هیوادارم راست و چەپیش حیسابی بۆ بکرێ، چونکە زۆر گرنگە راست و چەپ، دووەم بە نیسبەت ئەو ماددەیەوە قسەکەی کاك نەژاد زۆر مەعقولە، کە دەڵێ لە ماددەی شەشەمدا ....

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

واللە هەر بۆ خاڵی یەکەم دیارە کاك خورشید نامەیەکی نووسی بوو دوێنێ، ئیتر دیارە نامەکەش نەیخواردووە، بۆیە جێگاکەی گواستۆتەوە ئێستا، فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەراستی مەسەلەی یاسا گرنگ نیە تەفاسیلێیان درێژەی هەبێ، چونکە لە ماددەی (6) بە تایبەتی ئەم ماددەیە باسکراوە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم کە ماددەکە بەو شێوەیە بێ (على كافة المؤسسات العامة أن ترفع تقريراً إلى الهيئة العامة)، ئەو (كل اربعة أشهر) دەتوانی بڵێی فەسڵی (تتضمن كافة النشاطات المتعلقة بإحكام هذا القانون)، ئەمە بەراستی هەمووی دەگرێتەوەو پێویست بەو نەشاتاتانەی خوارەوە ناکات، چونکە تووشی ئیشکالی قانونی دەبین لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو د. ئاراس.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێز، لەراستیدا تێبینیەکم هەیە دەربارەی ئەم پرۆژە یاسایە تا ماددەی (14)، ئێمە زۆرجار لەم پرۆژە یاسایانەو یاساکانی تریش جیاوازیەك هەیە، لەبەینی یاساو لەبەینی سیستەم، لەبەینی قانون و لەبەینی نیزام، زۆرجار ئێمە لە پرۆژە یاساکاندا، لە قانونەکاندا بازدەدەین دەچینە ناو سیستەمەوە، یەعنی ئالیەتی ئیشکردن لەراستیدا زۆر ماددەی یاساییمان هەیە پێویست دەکات بەس دەقە یاسایەکەی دارێژرێت، وەکو تەحدیدی پەیوەندی لە نێوان دوو شت یان دوو بابەت یان دوو فاکتەر، نەك چوونە ناو ئالیەت و یان میکانیزمی کارکردنەوە، لەراستیدا هۆی دواکەوتنی پەسەندکردنی یاساکان ماوەیەکی زۆر زیاتر دەگەڕێتەوە کە ئێمە لە ماددە یاساکاندا بازدەدەین لە قانونەوە بۆ نیزام، یەعنی باشتر وایە کاری پەرلەمان و کاری لیژنەکان تەئکیدیان لەسەر یاساکە بێ بە شێوەیەکی موجەڕەد، دوایی نیزامەکە یان میکانیزمی ئیشکردن بجێبێڵن بۆ ئەو لایەنانەی جێبەجێ دەکەین، هەروەها ماددەی (14) بەڕای من هەر یکێکە لەو ماددانەی بازیداوەتە سەر ئالیەتی ئیشکردن نەك روونکردنەوەی پەیوەندیە یاسایەکە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بێگومان ئێمە دەزانین كەوا هەیئەتەكە دەبێ تەقریرێكی هەبێ بۆ پەرلەمان بۆ ئاگاداری، لە هەمان كاتیشدا دەبێ موئەسەسەكانیش پابەند بكەین بەوەی كە تەقریر بەرزبكاتەوە، من حەزدەكەم بە بەڕێزتان بڵێم یەعنی شتەكە ئەوەندە قورس مەكەن، من لە موئتەمەرێكدا بووم سێ دەوڵەت باسی لەوەكرد كە ئەم یاسایەیان هەبووە، وتیان ساڵێكە هەر هەمووی یەك تەلەب تەقدیم كراوە، سێ دەوڵەت، بۆیە یەعنی ئێمە وا تەسەور نەكەین شتەكە ئەوەیە ئیتر دەبێ بە بازاڕی عوكازو هەموو رۆژێك خەڵكەكە تەقدیمی دەكات، نەخێر وانیە كەسێك كاری پێی نەبێت ناچێ تەقدیم بكات، ئیحتیماله لە هەرێمی كوردستان نەوعێكی تر بێ، بەڵام بەو شێوەیە نیە، بۆیە دەبێ هەردوولا ئیلزام بكەین ئەگەر لەناو یاسای دەستەكانی مرۆڤدا ئێمە هێشتا ئەم یاسایەمان پەسەند نەكردبوو، دەكرێ لێرەدا جێگەی بكەینەوە، پێی بڵێی، بڵێین دەستە دەبێ سێ مانگ جارێك، چوار مانگ جارێك من حیكمەتەكەشی نازانم بۆ چوارە خۆی عادەتەن دەبێ وەرزی بێ، سێ، شەش، نۆ، دوازدە، یەعنی ئێستا بووە بە چوار، ئەوان ئەو راپۆرتانە داوابكەن لە موئەسەسەكان و بیاندەنێ، بەڵام زەحمەت نەبێ ئەم سیاغەیە دەبێ چاكەین، یەعنی بەراستی بۆ ئەوەی ئەمەش خۆی ببێت بە (داتابەیس)ێك بۆ كۆكردنەوەی كۆمەڵێك لە مەعلومات بۆ ئەوەی بزانین خواستی خەڵكەكە لەسەر كامە وەسیقەیە، مەسەلەن هەر نەوترێ ژمارەی ئەو داواكراوانە، ژمارە و ناوەرۆك، چونكە ئێمە لە ماددەكانی پێشوودا وتوومانە موەزەف سیجلێك لەلای خۆی رادەگرێ بە ناوی داواكارو بابەتەكەی و ئەم شتانە، ئەگەر كاك ئاسۆ یارمەتیمان بدات نوسخەیەكی فۆرمەكەی لەلایە بە تەئكید ناوەرۆكەكەی تێدایە، بۆ ئەوەی ئەو ناوەرۆكە ون نەبێت مەفروزە بۆ ئەوەی بچێتە (داتابەیس)ەوە ئا ئەمە بە هەموو شێوازەكانی چاك بكرێت، هەر ژمارە نەبێت، یەعنی ژمارەو ناوەرۆكی داواكاریەكانی كە داواكراوە ئەوانەی كە موافەقەتی لەسەركراوە ژمارەیان چەند بووە، چونكە ئەلەوێ ئیتر ژمارەیە مادام تۆ لە (داتابەیس) ئەساسی یەكە وتت تەلەبەكەت چیە لەوانی تر پێویست ناكات جارێكی تر باسی ناوەرۆك بكەیتەوە، ژمارەی ئیعترازەكان و، دەعواكانی كە بەرزكراوەتەوە ژمارەی تەقریرەكان ئەو روونكردنەوەیەم هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز بكر كریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سەبارەت بەو ماددەیە چەند تێبینییەك هەبوو، ئێمە سەبارەت بەوەی کە رەنگە ئەوە ئیلتیباسێك دروست بکات کە لەسەر هەر موئەسەسەیەکی گشتی پێویستە راپۆرتێك بۆ دەستەی مافەکانی مرۆڤ بنووسێ هەر چوار مانگ جارێك، سەبارەت بە چالاکیەکانی بەپێی ئەحکامەکانی ئەم قانونە، بۆ ئەوەی ئیلتیباس دروست نەبێ سەبارەت بەوەی، چونکە هەر دامودەزگایەکی گشتی زۆر چالاکی هەیە، زۆر ئەنشیتەی هەیە، زۆر نەشاتاتی هەیە، بۆ ئەوەی لێرە مەبەستەکە روونتربێ دەکرێ ئەوە بسڕینەوە، یەعنی لابەین، بو ئەوەی ئەو ئیلتیباسە دروست نەبێ، (عن أنشطتها وفق أحكام هذا القانون) ئەوە لابچێ، دەکرێ، زۆر تەبیعیە ئەگەر لابچێ، بەلاَم راپۆرتەکە چی تێدابێ ئەو راپۆرتە بۆ ئەوەیە دەستەی مافەکانی مرۆڤ لەوە دڵنیابێ کە تاچەند دامودەزگا گشتییەکان پابەندن بە جێبەجێکردنی ئەم قانونە، لە رێگەی چی دەزانن چەند داواکاریان پێگەیشتووە زۆر ئاسانە، چونکە موەزەفی موختەص هەر شتێکی پێ بگات تەسجیل دەکات لای خۆی، چەندی مەرفوزە کولیەن دەینووسێ ئەمە رەفزکراوەتەوە، چەندی جوزئیەن رەفزکراوەتەوە، چەندی پێی دراوە، ئایا دەعوای لەسەر قەیدکراوە؟ چونکە مەحکەمەشمان هەیە هاوولاَتی بۆی هەیە ئەگەر زانیارییەکی پێ نەدرێ، بچێ دەعوا قەیدبکات لێرە ئەوەش دەتوانێ ئیشارەت پێ بکات، بۆیە ئەو راپۆرتانەی بلاَوی کردووتەوە ئەمانە هەمووی ئاماژەیان پێ بکات، چەند دەورەی کردووتەوە بۆ موەزەفەکانی ئەمانە تەنها لەو دەمەدا دەردەکەوێ کە دامودەزگا گشتییەکانی هەرێمی کوردستان تا چ رادەیەك پابەندن بە جێبەجیکردنی ئەم یاسایە، یەك شتی تر هەیە داخوا پێویست بەوە دەکات ئەو هەموو راپۆرتانە بۆ ئەوەی لە راپۆرتێکی یەکگرتوودا بلاَوبکرێتەوە، بەڵێ ئێمە لە ماددەی (3) لە خاڵی حەوتەم نووسیوومانە (على الهيئة) مەبەستمان دەستەی مافەکانی مرۆڤە (تقديم تقارير نصف سنوية إلى البرلمان حول عملها و نشرها للرأي العام)، چونکە ئێمە لەو ماددەیە نووسیمان بۆ ئەحکامەکان بۆ ئەم قانونە بۆ ئەوەی شتەکانی تر نەگرێتەوە ئەم راپۆرتە، بۆیە نصف سەنەوی وتمان ئەگەر هاتو هەر چوار مانگ لە هەموو دامودەزگاکان دەستی پێ بگات، ئەو ملزەمە هەر شەش مانگ جارێك راپۆرتێك بۆ پەرلەمان بنووسێ ئەم شتانەی تێدابێت، ئەگەر پێویست بەوە دەکات لێرانە ئیشارەتی پێبکەین لەسەر هەیئەش پێویستە راپۆرتێکی موەحەد بنووسێ دەکرێ ئاماژەی پێبکەین، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

دوای وەرگرتنی پێشنیارەکان، تکایە سیاغەتان، فەرموو د. رۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**المادة الرابعة عشرة : تقديم التقارير إلى الهيئة**

(على المؤسسات العامة، أن ترفع تقريراً إلى الهيئة كل أربعة اشهر، على أن يتضمن الطلبات المستلمة، الطلبات الموافق عليها كلياً أو جزئياً أو المرفوض كلياً، و الإعتراضات و الدعاوي المقامة، و التقارير التي نشرتها وفق المادة السادسة من هذا القانون و الدورات التي اقامتها لتدريب موظفيها)، لە ماددەی پێشوو کە باسمان لە

ئەرکەکانی دەستەی مافی مرۆڤ کرد لەویٚ باس لە راپۆرتەکەکراوە کە وەکو کاك ئاسۆ روونیکردەوە، ساڵانە دوو راپۆرت پێشکەش بە پەرلەمان دەکات ئەو راپۆرتەش بڵاودەکرێتەوە بۆ رای گشتی، هەر دەستەو راپۆرتی خۆی پێشکەش دەکات،،

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڵام چەند ئەندامێك داوای کرد کە یەعنی ئەم راپۆرتەی دەستەی مافی مرۆڤ دەینووسیٚ ئەم مەعلوماتەشی تێدابیٚ، بۆیە تکایە تەئکیدێك بکەن لەوە، فەرموو د. رۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو لە ماددەی پێشوو دەنگی بۆ درا، تەقاریرەکان چی تێدایە؟ چالاکی دەستەکەی تێدایە، واتە هەمووی دەگرێتەوە، بڵاویش دەکرێتەوە بۆ رای گشتی پێشکەشی پەرلەمانیشی دەکات، لە ئەرکەکانی دەستە لە مادده (3) دەنگی بۆ درایە تازە ئەو برِگەیە چۆن هەمواردەکرێتەوە؟ ئەوە تەنها باس لە دەستە گشتییەکان دەکات، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو مامۆستا عمر، خاوەن پێشنیار، دیفاع لە پێشنیارەکەتان؟

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە من تەسنیەم کرد، پێشنیارەکە سەرەتا کاك کاردۆ کردی، پێنج شەش پەرلەمانتاریش پشتیوانیان لیٚ کردووین، باسەکە لەوەیە کە ئێمە ئیلزامی هەیئە بکەین داوای راپۆرت بکات لە موئەسەسات بۆ ئەوەی ئەو ئیلتیباسەش کە خودی کاك ئاسۆ باسی کرد دروست نەبیٚ، هەیئە بەپێی فۆرمیٚ بۆی دادەنیٚ میکانیزمێك کە خۆی بە پەسەندی دەزانیٚ هەیئە داوابکات لە موئەسەسات راپۆرتی چوار مانگ جارێك بنێریٚ، ئەمە پێنج، شەش کەس پشتیوانیان لێکرد بۆ نایخەنە دەنگدانەوە؟ ئەم دوو بابەتە جیایە باسی راپۆرتی هەیئە بۆ پەرلەمان ناکەین داوا نەکەین لە موئەسەسات راپۆرت بنێریٚ، داوا بکەین لە هەیئە کە داوای راپۆرتی خۆی بکات بەپێی هەر ئالیەتیٚ خۆی بەباشی دەزانێت، عەینی شت نیە بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر ئیجازە بیٚ تەوزیحێکی زیاتر بدەم، خۆیان باسی ئیلتیباسێکیان کرد کە ئەگەری ئەوە هەیە موئەسەسات نەزانیٚ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بڕیارەی پەرلەمان یان ئەم مادده قانونیەبکات، بەس ئەگەر بیدەینە دەستی هەیئە کە مەرجەعی ئەم کارەشە خۆی بەهەر فۆرمێك بەهەر شێوازێك کە بەباشی دەزانێت داوای راپۆرتی چوار مانگی، یان سیٚ مانگی بەهەرچی شێوەیەك بڕیارمان لەسەردا داوادەکات لە موئەسەسات راپۆرت بنێرن لەمەڕ ئەم بابەتەی ئێمە کە ئێستا باسی وەسائیقە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

له ماددەی (3) مـەهام و سـەلاَحياتی هەيئـە لـە خـاڵی حەوتەمـدا، هـاتووە دەڵـێ هەيئـە تـەقرير پێشكەش دەكات بۆ پـەرلـەمان لەسـەر ئـەو كارانـە، ئێمـە لـەم خاڵەدا هەيئـەمان ئيلـزام كـردووە كـە تـەقريری خـۆی پێشكەشی پەرلەمان كات لەو خاڵەی پێشوو تردا پێويستيمان بەوەبوو موئەسەساتيش ئيلـزام كـەين بـەوەی كە هينی تەقديم بكات تەقاريری خۆی له چـوار مـانگ جارێكـدا بـۆ هەيئـە يـەعنی كەواتـە ئێمـە حەلەقـە يەكمان دروستكرد كە حەلەقەی سەرەوەيە كە هەيئەيە بۆ پەرلەمان، بەلاَم حەلەقەكەی خوارەوە مابوو كە موئەسەساتە بۆ هەيئە، مەبەستم لێرەدا ئەوەيە ئەگەر ئيعادەش بكرێتەوە لێـرەدا كێشـەيەكی ئـەوتۆ نيـە، چونكە ئەمە له ماددەی (3) دەنگی لەسەردراوە، زور سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

پێشنياری ئەندامانی پەرلەمان ئەوە نيە، باسمان كرد بۆ ئەوەی ئەمە تيكرار نـەبێ، چـونكە ئەگـەر تيكـرار بێ ئيشكاليات دروست دەكات، كەواتە ئێمە تيكرار ناكەينەوە، بەلاَم ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان عيلاقـە لـە بەينی موئەسەسەو لەبەينی دەزگاكانی حكومەت، فەرموو د. رۆژان خان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەيی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئـەوەی ناتێگەيشـتنەكە هـەبوو لـەوەی كـەوا وا تێگەيشـتوونە موئەسەسـاتی عامـە كـە پێناسـەكراوە لـە ماددەيەك هەر هەموويان يەك راپـۆرت پێشكەشـی دەسـتەبكەن، مەبەسـت ئـەوە نيـە سـياغەتەكە دەگـۆڕين (على كل مؤسسة عامة) واتە هەر دەزگايەكی گشتی، دەزگای گشتی له مـاددە (1) پێناسـەكراوە هـەر يەكـەو بە تەنها راپۆرتێك لەسەر ئەو بابەتانەی روونكراوەتەوە پێشكەشی دەستەبكەن، پاشان دەسـتەی مـافی مـرۆڤ راپۆرتێك لەسەر كار و چالاكيەكانی پێشكەش بە پەرلەمان دەكات، ئەگەر ئەوە مەبەستەكەتان نـەبوو واتـە (علـى كـل مؤسسـة عامـة ترفـع تقريـر إلى الهيئـة، والهيئـة بـدورها ترفـع تقريـر إلى البرلـان)، ئەگـەر ئـەوە مەبەستان بێ كاك عمر، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

دەگەينە نەتيجە، تكايە كەس لە جێی خۆی قسان نەكات، فەرموو كاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لەم هاوكێشـەدا بێگومـان سـێ ئۆرگـان هەيـە، دامودەزگـا گشـتييەكان، لـە ناوەڕاسـتەوە دەسـتەكە، لەسـەرەوە پەرلەمانی كوردستان، ئێمە لـە مـاددەی (3) بڕگـەی حەوتـەم ئيلزامـی دەسـتەمان كـردووە راپـۆرتی وەرزی شەش مانگی سەبارەت بە كار و چالاكيەكانی خۆی بنێرێتـە پەرلـەمان، بـەلاَم لـێرەدا لـەم ماددەيـەدا ئامـاژە

بەوەنـەکراوە ئـەم راپۆرتـەی دامودەزگـای گشـتییە لـە چوارچـێوەی راپـۆرتی دەسـتە ئاراسـتەی پەرلـەمان بکرێت، بۆیە پێویست دەکات کە دەوتـرێ بنێـردرێ بـۆ دەسـتە، دەسـتەش لـە چوارچـێوەی راپـۆرتی وەرزی خۆیدا ئاراستەی پەرلەمانی بکات، پێموایە کێشەکان چارەسەردەکات، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

قسەکە لەسەر ئەوەیە، دەستەکە یان دەزگاکە، یەعنی ئێمـە بـا قسـە لەسـەر ئـەوە نەکـەین چـیمان کـردووە، ئێمە مەبەستمان ئەوەیە ئەو دەستەیە قسەمان بۆ دەکات چی نەکردووە، ئەسڵ ئەوەیە دەزگاکـان کارەکـانی خۆیان بکەن و، ئەرکی دەستەکەیە موتابەعەبکات کە چی نەکراوە قسەکە لەسەر ئەوەیە، تۆ داوادەکـەی لـە هەموو موئەسەساتی گشتی راپۆرتم بۆ بنووسە، چـیت کـردووە؟ یـەعنی ئەمـە فـەرق دەکـات لـەوەی کـە تـۆ دەستەکە دەخەیتە ژێر بەرپرسیارەتی، موتابەعە دەکات، چی نەکراوە، بۆ ئەوەی کە پەیوەندی بە مـاددەی (3) کە دەستە تەقریرێك دەنووسی راپۆرتێك دەنووسی بۆ پەرلەمان باسی جێبـەجێکردنی یاسـاکە دەکـات، هەروەها ئـەرکی پەرلـەمانیش لێپێچـینەوە دەکـات کـە چـی نـەکراوە، یـەعنی قسـەکە لەسـەر ئەوەیـە ئێمـە هەموو دەزگای گشتی چوار مانگ بۆ دەستەیەك بنووسی کە چی کردووە، یەعنی ئەمە کێشە دروست کردنە بەراستی بۆ جێبەجێکردنی یاساکە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو د. عمر.

**بەڕێز عمر حمد امین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەراستیدا مەبەستەکە ئەوەیە کە راپۆرتێك لەسەر چۆنیەتی بەڕیوەچوونی پڕۆسەی وەرگرتنی زانیاری لەلای دامودەزگای گشتی ئامادە دەکرێت، لە ئەلقەی یەکەمدا ئەوەیە کە دەسـتە ئاراستەی پەرلەمانی دەکات، بەڵام دامودەزگای گشتی ئەگەر مولزەم نەکرێ بەوەی راپۆرت بدات بـە دەسـتە بەیانی دەستە داوای لێ بکات دەزگایەکی گشتی دەڵێ قانونەکە منی مولزەم نەکردووە پێت نـادەم، تـۆ چـۆن وادەکەی دامودەزگای گشتی مولزەم دەکەی لە رێگای قانونەوە بۆ ئەوەی زانیاری و راپۆرت بدات بە دەسـتە، جا ئەو کاتی دەسـتە لـە رێگـای چـاودێری خۆیـەوە حوکمـدەدات، ئایـا زانیاریەکـەی راسـتە؟ ئـەنجامی داوە؟ ئەنجامی نەداوە؟ ئەمە دەمێنێتەوە دەستە موراقەبە بکات، بەڵام ئەسڵ ئەوەیـە دامودەزگـای گشـتی مـولزەم بکرێ بە نەسێکی قانونی کە پێویستە زانیاری و راپۆرت بدات بە دەستە، تـا دەسـتە بـۆ تـەقیم سـوودی لـێ وەربگرێ، بۆ ئامادەکردنی راپۆرت بۆ پەرلەمان سوودی لێ وەربگرێ، بۆ لێ پرسینەوە سوودی لێ وەربگرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو كاك حەمە سعید.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من پێموایە ئەو (على كل مؤسسة عامة) خاصەشی تێدابێ ئەوە یەك، دووەم بۆ ئەوەی تەحقیقی هەردوو هەدەفەكە بێت من لەگەڵ هەردوو رەئیەكەدام، رەئی یەكەم ئەوەیە كە موئەسەسەی عامەو خاصە تەقریر بدەن بە هەیئە لەسەر ئەو شتانەی كە هاتووە، رەئی دووەم كە هەیئەش پێویستە بیكەین بە دوو بڕگە، بڕگەی دووەم (أن تقوم الهيئة بمتابعة المؤسسات العامة أو الخاصة بإعمالها)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

والله من شتێكی عەجیب دەبینم، پێنج، شەش ئەندام پێشنیارێكیان كردووە ئەوان با قسەبكەن، ئەوەی كە قسەی لەسەر بابەتەكە نەكردووە یان پێشنیارێكی نەبووە، بۆ ئەوەی تێبگەین لە پێشنیاری ئەوان، لیژنەش وەڵامیان بداتەوە بگەنە حەدێكی وەست، یان ئەوان ئینسیحابی پێشنیاری خۆیان دەكەن یان لیژنە قەبولی پێشنیاری ئەوان دەكات، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

داوای لێبوردن دەكەم بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئاخر ماددەی (3) حەوت خاڵە هەیئەی ئیلزام كردووە، یەعنی من تێناگەم دوێنێ دەنگمان بۆ داوە،،،

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

ئەم باسی ئەوە ناكات، موعارزیش نیە لەگەڵ ئەوەی دەنگی بۆ دراوە، باسی عیلاقەی بەینی دەستەو خوارێ دەكات، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ تیایەتی دەڵێ (متابعة تنفيذ أحكام هذا القانون و رفض المخالفات و المعوقات التي تعترض تنفيذه و إصدار التوصيات اللازمة)، یەعنی لەوە زیاتر چی تێدایە، ئاخر بەڕێزان بۆیە با شتێك نەكەین هەڵە بێت، دوای ئەوە تەنانەت بۆ شەكاوی بۆ بەرنامەی تەدریبی موەزەفین بۆ ئیعلامی موئەسەسات، بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتەی كە هەیانە نابێ ئەوان بەردەوامبن تیایە ئەمانەی هەمووی تیایە، ئێمە ئێستا باسم كرد وتم ئەلقەی سەرەوە پەرلەمانە كە شەش مانگ جارێك تەقریر وەردەگری، ئەلقەی دووەم دەستەی ماڤی مرۆڤە كە موتابەعەو چاودێری هەموو شتێكی ئەم یاسایە دەكات، خاڵی سێیەم دەمێنێتەوە موئەسەساتە چۆن ئەو

پەیوەندیــە ریکخــەین لــە نێــوان عیلاقــەی موئەسەســەکە؟ چــۆن ئــەم مــەعلومات و داتایــە دەگەیەنێتــە هەیئەکە؟ یەعنی ئەم ئەلقەیەمان ئەگەر دەنگ بۆ دا، هەرسێکی موتەکامل دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئێستا وازحە بزانین لیژنە، فەرموو د. رۆژان خان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە هیچ لاریمان نیە لەسەر ئەوەی ئەو راپۆرتەی دەستەی گشتییەکان ئامادەی دەکەن و رەوانەی دەستەی دەکەن دواتر رەوانەی پەرلەمان بکرێت، هیچ رێگریەك نیە، ئەو پێشنیارەی کە کرا کاك عمر و کاك کاردۆ پێشکەشی کردووە (علی الهیئة أن تطلب تقریراً کل اربعة اشهر مـن المؤسسات العامـة عـن أنشطتها علـی أن یتضمن)، وردەکاریەکە وەکو خۆی، واتە بەپێی ئەو پێشنیارە دەستەی ماڤی مرۆڤ داوا لە موئەسەساتی عامە دەکات دەڵێ راپۆرتم پێشکەش بکەن، بەپێی پێشنیاری لیژنەکان دەڵێ واجیبـە لەسـەر دەسـتەی گشـتییەکە راپۆرت پێشکەشی دەستەکە بکەن، نەتیجەکە یەکە واتە دەستە گشـتییەکان راپـۆرت پێشـکەش بـە دەسـتەی ماڤی مرۆڤ بکەن، بەلام لە پێشـنیارەکەی بـەڕێزتان دەڵێ (علـی الهیئـة) واتـە واجیبـە لەسـەر دەسـتەی مـاڤی مرۆڤ داوابکات، داوا لە کێ بکات؟ لـە دەسـتە گشـتییەکان، ئێمـە بـۆ ئاسـانکاری ئەرکەکـەمان خسـتۆتە سـەر دەسـتە گشـتییەکان، واتـە واجیبـە لەسـەر ئێـوە بـۆ ئاسـانکاری بکـەم کردنـەوەی رۆتـین پێویسـتە دەسـتەی گشتییەکان راپۆرت هەر چوار مانگ جارێك پێشکەش بە دەستەی ماڤی مرۆڤ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك عبدالسلام ئاخیر نوقتەی نیزام، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەرەتاوە ویستم ئەوە بڵێم ئەم ماددەیە بە یەك دێر ئیلزامی هەموو موئەسەسـات دەکـات، کـە مەبەسـت لەم یاسایە تەنفیز ببێت، هەیئەی سەربەخۆی ماڤی مرۆڤ دەستەلاتی بەسەر وەزارات و بەسەر دامودەزگاکان نیە، بۆیە ئەوان مولزەمنین ئەوامری تەنفیزکەن ئەمانە مەرجەعی ئیداری خۆیان هەیە، رجاتان لێدەکـەم بتانەوێت ئەم یاسایە تەنفیز ببێت، نـابێ ئێمـە نەسـێك بنووسـین کـە موخـالفی تەسەلسولی ئـەوامرش وە تەنفیزەکی دیکەش ناکات، بۆیە ئەم پێشنیارەی کە دەڵێ لـە جیـاتی ئیلزامـی موئەسەسـاتی هـەموو هـەرێم بکەی بە دێرێك تۆ دێی شتێك دەنووسی کە تەتبیق نابێت، من وەزیرم هەیە بۆم دەنێرێ دەڵێ من ئەمری تۆ وەرناگرم بڕۆ بینووسە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆم بێت دەمانـەوێ ئـەم یاسـایە جێبـەجێبکرێ یـان نـا، دەبێت تۆ بچی ئەو کاتە لە یاسای هەیئەی عولیای ماڤی مرۆڤ ئەو دەستەلاتەی بدەیێ کە ئەو حـەقی هەیـە ئەمر بە وەزارەت و شت بکات، بۆیـە لەسـەرەتاوە ویسـتم ئـەوە بڵێم ئەگـەر بمانـەوێ یاسـاکە تـەتبیق بێـت ئەمەی هاتووە دروستە، ئەوەی تر نە یاساکە جێبەجێ دەکات نەیاساییە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

پێشنیارەکەیان بخەنە دەنگ، یان پێشنارەکە قەبول کەن یان پێشنیارەکە بخەنە دەنگەوە، فەرموون.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەنها یەك ڕوونکردنەوە، کە دەڵێ (على الهيئة أن تطلب تقريراً) حسب پێشنیارەکەی هاتووە (كل اربعة اشهر من المؤسسات العامة)، واتە واجیبە لەسەر دەستە داوابکات، بەس واجیب نیە لەسەر دەستە گشتییەکان راپۆرتەکە بدەن، مانایەکە دەگۆڕێ لە بەرژەوەندی یاساکە نیە (على الهيئة أن تطلب تقريراً من المؤسسات العامة)، واجیبە لەسەر دەستەی مافی مرۆڤ داوای راپۆرتەکە بکات، ئەگەر جێبەجێنەکرا، باشە دەدەینە دەنگ،،،

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەگەر بوو بە قانون مولزەم دەبێ، بۆیە بیخەنە دەنگدان، فەرموو بیخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارەکە (على الهيئة أن تطلب تقريراً، كل اربعة اشهر من المؤسسات العامة عن أنشطتها، على أن يتضمن الطلبات المستلمة، و الطلبات الموافق عليها كلياً أو جزئياً أو المرفوض كلياً، و الإعتراضات و الدعاوي المقامة، والتقارير التي نشرتها وفق المادة السادسة من هذا القانون، و الدورات التي أقامتها لتدريب موظفيها)، ئەوە پێشنیارەکە بوو، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەو سیاغەی ئێستا خوێندرایەوە کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (9) کەس لەگەڵ دایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە زۆر سوپاس، ئەو ئیزافە قەبوڵ نەکرا، فەرموو سیاغەی ماددەکە وەکو خۆی بخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**المادة الرابعة عشرة : تقديم التقارير إلى الهيئة**

(على كل مؤسسة العامة، أن ترفع تقريراً إلى الهيئة، كل أربعة اشهر، على أن يتضمن الطلبات المستلمة، و الطلبات الموافق عليها كلياً أو جزئياً أو المرفوض كلياً، و الإعتراضات و الدعاوي المقامة، و التقارير التي نشرتها وفق المادة السادسة من هذا القانون و الدورات التي اقامتها لتدريب موظفيها).

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە بەو سیاغەی خوێدرایەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتـەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (6) کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عەونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**المادة الخامسة عشرة: الإستثنائات**

أولاً: لا يجوز للمؤسسة العامة أو الخاصة رفض أعطاء المعلومات حماية لمصلحة لا تفوق المصلحة العامة في الكشف عنها.

ثانياً: للمؤسسة العامة أو الخاصة الحق في رد طلب المعلومات وتزويد مقدم الطلب بوثائق في الاحوال الأتية:-

أ- الاسرار الخاصة بأمن الإقليم ودفاعه (تفاصيل الاسلحة و التجهيزات العسكرية، المهام السرية العسكرية والأمنية، التحركات والتكتيكات الدفاعية و المعلومات الأستخباراتية).

ب- تفاصيل سير المفاوضات التي يجريها الإقليم مع أية جهة، إذا أتفق الطرفان على سريتها لحين الاعلان عنها.

ت- المعلومات المتبادلة مع جهات آخرى تم الإتفاق على الابقاء على سريتها.

ث- حسن إدارة المحاكمات وتحقيق العدالة.

ج- المنافسة المشروعة أو التي تؤدي الكشف عنها إلى ربح و خسارة غير مشروعين لشخص أو شركة.

ح- الابحاث العلمية أو التقنية التي تؤدي الكشف عنها إلى الاخلال بحقوق المؤلف و حقوق الملكية الفكرية.

خ- سجلات الشخص التعليمية، الطبية، الوظيفية، حساباته المصرفية أو اسرار مهنته من دون موافقته.

د- تعريض حياة أي فرد أو صحته أو سلامته إلى الخطر.

ذ- الشؤون الداخلية للموظفين.

ر- المعلومات الالكترونية التي يتسبب الأفصاح عنها في إختراق الشبكات المحمية ويعرضها للمحو أو السرقة.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ئەم ماددەیە کێ تێبینی هەیە؟ ئەم ناوانە نووسراون (د. ئاراس، هاژە خان، کاک عبدالله، لانا خان، لیلی خان، کاک صباح، کاک فاضل، کاک قادر، کاک محمد، کاک عماد، د. شڤان، کاک سەردار، کاک کاردۆ، ئاهەنگ خان، کاک ئارام، کاک حەمە سعید، سەرگوڵ خان، کاک عبدالله، کاک عبدالله مەلا نوری، عظیمە خان، کوێستان خان، مامۆستا فەرمان، ناسك خان، سۆزان خان، کاك نەژاد، ئامینە خان، د. احمد، د. عمر، ئاشتی خان، ژیان خان، کاك شوان، کاك خلیل، کاك عبدالسلام، سمیرە خان، بێریڤان خان،

شلێر خان، مامۆستا کاوە، کاك لقمان)، دەستان خۆش بێ، بەس تکایە گوێ لە یەکتر بگرن و ڕێز لە ڕەئی یەکتر بگرن، د. ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێز، بەپێی بۆچوونی من پێویستە ئەم پرۆژە یاسایە بە شێوەیەك بێ ئەو ئیستسنائاتانە، کە حەوت جۆر ئاسایش هەیە لەناو دەوڵەتدا بیپارێزێ، لەبەر ئەوە پشتگیری لە دەقی ئەو مادده یاساییە دەکەم، بە مەرجێك بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوەخۆ، ئاسایشی سەربازی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئاسایشی ئابووری، ئاسایشی کەسایەتی، ئاسایشی تۆڕی کۆمەڵایەتی، ئەگەر هاتو ئەو پرۆژە یاسایە بە شێوەیەك دەستکەوتووی زانیاری هەر جۆرێك یان هەر یەك لەم ئاسایشانەی تێکدا، ئەو کاتە دەوڵەتەکە دەبێ بە دەوڵەتی فەوزا، کە دەوڵەتیش بوو بە دەوڵەتی فەوزا کەس حەسانەی نامێنێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە منیش بەڕاستی زۆر تەئکید لە ئەو خاڵانەی کە هاتووە لە ئیستسنائەکە دەکەمەوە، یەعنی بەڕاستی زۆر گرنگە کە هەندێك ئیستسنا هەبێت کە نەتوانرێت هەموو جۆرە زانیاریەك بدرێت بە هاووڵاتی یاخود بەکەس، بەڵام لە خاڵی یەکەمدا بەڕاستی ئاسایش و بەرگری هەرێم زۆر شت هەیە کە پەیوەندی بە ئاسایش و بەرگری هەرێمەوە هەیە، یەعنی تەفاسیلی زیاتر هەڵدەگرێت ئەگەر باسی بکەین لەوانەی کە هاتووە لێرەدا لە ڕاپۆرتەکە، بۆیە من پێموایە تەنها بەگشتی ئێمە باسی بکەین واتە بەو شێوەیە نهێنییەکانی تایبەت بە بەرگری نیشتمانی و ئاسایشی هەرێم، یەعنی بە شێوەیەکی گشتی بەرگری نیشتمانی و ئاسایش ئەوە دیارە کە چیە، هەموو شتەکان دەگرێتەوە بە شێوەیەکی موفەسەل، پێویست بەو وردەکاریە ناکات کە لەو خاڵەدا هاتووە، دەربارەی خاڵی (ث) باش بەڕێوەچوونی دادگایی کردن و بەدیهێنانی دادپەروەری، من پێشنیار دەکەم کە ئەوەشی بۆ زیادبکرێ و دەستگیرکردنی تۆمەتبار و گومان لێکراوان، زۆرجار دەستگیرکردنی گومان لێکراوێك، یان تۆمەتبارێك ئەگەر زانیاری کەسێك هەبێت کە ناحەزی ئەو کەسە بێت زانیارییەکەی لەسەر وەربگرێت و بڵاوی بکاتەوە ئەگەر ئەو کەسەش تەنها گومانی لێکراوە دواتر زۆر زەرەر بەو کەسە بگەیەنن، من پێموایە ئەوەش باشە کە لە ئیستسنایەکە دابێت و لەگەڵ ئەو خاڵە ڕەبت بکرێ، دەربارەی ئاخیر خاڵ ئەو زانیاریە ئەلیکترۆنیانەی کە ئاشکراکردنیان دەبنە هۆی چوونە ناو تۆرە پارێزراوەکان، من پێمباشە ئەوەشی بۆ زیاد بکرێ دەبنە هۆی تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵ

زۆرجار له ڕێگەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەوانەی کە لەسەر ئەلیکترۆنیاتە، یاخود لەسەر ئەنتەرنێتە، یاخود بە مۆبایلە ئەوانە زۆرجار بۆتە هۆی ئەوەی کە شیرازەی کۆمەڵ، یەعنی شیرازەی خێزان تێکدەدات، بۆیە واباشە ئەوەشی بۆ زیادبکرێ لەو خاڵەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك عبدالله حاجی محمود.

**بەڕێز عبدالله محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من پشتیوانی لە بۆچوونەکەی بەڕێز د. ئاراس دەکەم سەد لە سەد، ئەگەر (أ) وەکو خۆی مایەوە بە بۆچوونی من ئاسایشی ئابووری بۆ زیادبکرێ ئەگەر وەکو خۆی نەمایەوە ئەو پێشنیارەی کە د, ئاراس کردی من سەد لە سەد لەگەڵی دامە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لانا خان.

**بەڕێز لانا احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەبیعی بەنسبەت ماددەی (15)، کە نووسراوە بە ناو نیشانی (الإستثنائات) من پشتگیری لەو ئیستسنائاتەی دەکەم و، لەگەڵ پشتگیری ڕەئی د. ئاراس دەکەم سەد لە سەد لەگەڵ ڕەئیەکەی( د. ئاراس)ی دامە، بەس بەنسبەت خاڵی یەکەم (لایجوز للمؤسسة العامة أو الخاصة)، یەعنی بەمن پێویست ناکات خاڵی یەکەم بمێنێت، بۆ؟ لەبەر ئەوەی ماددەی (15) بەناوی ئیستسنائات نووسراوە یەعنی مەفروزە خاڵی دووەم کە (ثانیاً) نووسراوە ببێتە خاڵی یەکەم و، خاڵی یەکەمیش بە من داعی نیە وجودی هەبێت، بۆ؟ چونکە ئەو ئیستسنائاتانە کە لە زمنی ئیشارەتمان پێیداوە و پشتگیری لەو ئیستسنائاتانە دەکەم، ماعەدا ئەوەی تر مافی هەر هاوولاتیەکە کە مەعلوماتی وەربگرێت، هەروەها نوقتەکی تریش ئەلێرە داوا دەکەم لە لیژنەی پەیوەندیدار بەس ئەگەر بۆم تەوزیح بکەن خاڵی سێیەم (ت: المعلومات المتبادلة مع جهات أخری تم الإتفاق علی الایقاع علی سریتها)، یەعنی روون نیە لەلام ئەگەر بۆم بەس تەوزیح بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیلی خان.

**بەڕێز لیلی امیر عاض:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من سەرەتا پشتگیری لەم ماددەیە دەکەم، بە هەموو ئەو خاڵانەی کە تێیدا باسکراوون وەکو ئیستسنا، بەلاّم لێرە تێبینیەکم هەیە بۆ ئەوەی تەعاروز دروست نەبێت دوای دەرچوونی ئەم یاسایە لەگەڵ ئەو یاسایانەی

پێشوو تر دەرچوونەو کاریان پێدەکرێت و، کۆمەڵێك ئیستسنائات لە خۆی دەگرێت، بەباشی دەزانم لەم ماددەیە خاڵێك زیادبکرێت تێیدا ئاماژە بەو یاسایانە بدرێت و، لە ماددەکە لەم ئیستسنائاتانە باس بکرێت کە لەو یاسایانەی پێشوو تر هاتووە، لەو یاسایانە قانونی هەیئەی نەزاهە هەیە، ئیرهاب هەیە، قانونی ئسوولی موحاکەماتی جەزائی و عەقوبات هەیە و کۆمەڵێك قانونی تر کە پێشوو تر دەرچووینەو کۆمەڵێك ئیستسنا لەخۆ دەگرێت، بۆیە بەباشی دەزانم لەم ماددەیە خاڵێك بۆ ئەم مەبەستە زیادبکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك صباح.

**بەڕێز صباح بيت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەنیسبەت ماددەی (15)، (ثانیاً) من پێشنیار دەکەم ئەم خاڵانەش ئیزافە بکرێت (الأسرار الخاصة بسير المحاكمات، الأسرار الإقتصادية)، هەروەها (ثالثاً)ش ئیزافە بکرێت بەم شێوەیە (طبق الإستثنائات الواردة في القوانين السارية وبما لايتعارض مع أحكام هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك فاضل.

**بەڕێز فاضل محمد قادر (بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

والله لەراستیدا ئەوەی من زۆر پێی مورتاح بم ئەم ماددەیەیە لەناو یاساکەدا هاتووە، هەروەها هیوادارم ماددەکە، نەصی ماددەکە هەر وەکو خۆی بمێنێ، هیواشم دەخواست کەس قسەی لەسەر نەبێ بەتێکڕای دەنگ پەسەندی ماددەکە بکەین، لەبەر ئەوەی ئەوە عیلاقەی بە ئەمنیەتی وڵات و هەر تاکێکی ئەو وڵاتەوە هەیە، بۆیە من نامەوێ زۆر قسەی لەسەر بکەم، هەر خولاسەی قسەکەم ئەوەیە کە تەئیدی ئەو ماددەیە دەکەم و، لەگەڵ ناوەڕۆکی ماددەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك قادر حسن.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وێڕای پشگیریم بۆ ئەم ماددەیە، بە پێویستی دەزانم دوو بڕگەی تریشی بۆ ئیزافە بکرێ، یەکەمیان هەر زانیارییەك کە بە شێوەیەکی گشتی زیان بە ئابووری و بازرگانی هەرێم بگەیەنێت، دوو هەموو ئیستسنائاتی تر کە لە یاساکانی پێشوو تردا هاتبن نابێ پێچەوانەی ئەم ماددەیەی ئەم پرۆژە یاسایە بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

سێ ئەندام ئەم پێشنیارەتان كرد، بۆیە پێشنیارەكەتان بنێرن، فەرمووو كاك محمد.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

منیش هەر عەینی شت لەگەڵ ئەو سێ برادەرەدام، لەبەر ئەوەی ئێمە حەوت جۆر لە ئاسایشمان هەیە، یەكێك لەوانە ئاسایشی ئابووری، لەبەر ئەوە من پێمباشە ئەم خاڵەشی تێدابێ وردەكاری پلانەكانی سیاسەتی ئابووری بەتایبەتی پێشەسازی بۆ ماوەی پێنج ساڵ ئەمە خاڵێك، لەبەر ئەوەی پیشەسازی ئەمڕۆ لە دونیا دایم لە پێشكەوتن دایە، لە ماوەی پێنج ساڵدا ئەگەر بێت و نەتوانێ كاری خۆی بكات، لە دوای ئەوە شتی نوێ دێتە پێشەوە، بەلاَم لە ماوەی ئەو پێنج ساڵە پێویستە ئەو نهێنییانە بپارێزرێت، هەروەها نهێنی زانستی پزیشكی، پاراستنی نهێنی زانستی پزیشكی ئەمە ئەو دوو خاڵەی بۆ زیادبكرێ، بەلاَم لە هەمان كاتیشدا لەگەڵ ئەوەم خاڵێكی تر هەیە خاڵی (د) كاروباری ناوەخۆی فەرمانبەران، ئەمە پێویست ناكات وابزانم شتێكی رۆتیناتە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كاك عماد فەرمووو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆشی لە لیژنەی هاوبەش دەكەم بەراستی بۆ دارشتنی ئەم ماددەیە، منیش دیسان چەند تێبینی و، چەند پێشنیارێكم هەیە سەبارەت بەم ماددەیە، یەكەمیان سەبارەت بە (ثانیاً) پێمباشە بەم شێوەیە سیاغە بكرێت (للمؤسسة العامة أو الخاصة الحق في رد طلب مقدم الطلب و تزویده بالمعلومات، و الوثائق في الحالات التالیة)، چونكە ئیحتیمالە مەسەلەن موقەدەمی تەلەب یەعنی زانیارییەكان و بەڵگەنامەكان پێكەوە تەلەب بكات، بۆیە دەبێت هەردووك پێكەوە بن، چونكە ئەگەر تۆ تەماشای ئەم موقەدیمەیە بكەی مەعلومات بەجیا هاتووە بەڵگەنامەكان بەجیا هاتووە، بۆیە دەبێت دووبارە سیاغە بكرێتەوە، دیسان منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو برادەرانەی كە پێشنیاری ئیزافەكردنی دوو بڕگەیان كردووە، ئەو بڕگانەش بەم شیوەیە سیاغە بكرێت، یەكەمیان (المعلومات التي تؤدي إلى الإضرار بالأمن الإقتصادي للإقلیم)، (ثانیاً: الإستثنائات الواردة في القوانین النافذة في الإقلیم بما لایتعارض مع أحكام هذا القانون)، پێمباشە ئەم هەردوو بڕگەیەشی بۆ زیادبكرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

تەواومان کرد پێشنیارەکان بنێرن یەك جار بیخوێننەوە پێشنیارەکان دوایی بنێرن بۆ لیژنە، فەرمووو د. شڤان.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من سێ تێبینیم هەیە تێبینییەکی شکلی باس دەکەم، یەکەم تەسەلسولەکەی (أ، ب) ئەوانە بەو شێوە هاتووە بە تەسەلسولی کوردی هاتووە ئەوە لە عەرەبیەکەدا، لە کوردییەکەش بەهەمان شێوە ئەویش دروست نیە، دەبێ ئەوە چارەسەربکرێ لە رووی شکلیەوە، لە رووی مەوزوعی خوشك و برایان باسیان کرد، من پێمباشە هەر لە بڕگەی یەکەم ئاسایشی ئابووری بۆ ئیزافە بکرێ، نەك بە بڕگەیەکی تایبەت، یەعنی لە بڕگەی یەکەم بچێتە زمنی ئەو ئاسایشانە، یانیش ئەگەر ئەوەبوو هەر بە بڕگەیەکی ئیزافی لە خوارەوە دەکرێ بۆ ئیزافە بکرێ ئاسایشی ئابووری بۆ ئیزافە بکرێت، بڕگەی (ب، ت)، من پێموایە دەکرێ بکرێتە یەك بڕگە ئەو درێژیە پێویست ناکات بە یەك بڕگە سیاغەیەکی رێك وپێك تر دەبێت، هەروەها ئاخیر بڕگە کە کاك عماد باسی کرد، بەڵام بەو شێوەیەی کە چ بە عەرەبی چ بە کوردی بەو شێوە بێت (الإستثنائات الواردة في القوانين النافذة)، کافییە یەعنی ئەمە (في القوانين النافذة) ئەوە بەم شێوەیە بێت و، کوردییەکەی ئەو رێزپەڕانەی لە یاسا رێزپەڕەکاندا هاتوونە ئەوەندە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاری لیژنەی یاسایە دوای سیاغەی بکاتەوە، ئێوە جەوهەری ماددەکە بنێرن، فەرمووو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە منیش هەر وەك هاورێیانم پشتگیری لەم ماددەیە دەکەم، بۆ پاراستنی ئەو زانیارییانە کە لەراستیدا حەقی هەموو وڵاتێکە کە ئیحتیفاز بەو جۆرە زانیارییانەوە بکات و ئەمە لە تەواوی دونیا موتەبەعە، بەڵام ئەوەی کە من زیاتر دەمەوێت تەئکیدی لێبکەم ئەگەر لە حاڵەتێکدا ئەو مەعلوماتانە، بەراستی تەسەڕوبیان کرد حەقە یان فرۆشرا یان لایەنێکی موعادی ئیستیفادەی لەم زانیارییانە کرد، حەقە بەراستی عەقوبەیەك، یاخود خاڵێك، یاخود شتێك ئیزافە بکرێت، بۆ ئەوەی وابکرێ ئەو مەعلوماتانە بەراستی وەکو تەواوی دونیا من ئەوەی کە شارەزایم هەبێت ئەگەر یەکێ لەو مەعلوماتانە تەسەروب بکات عەقوبەی بۆ دەدرێ، بۆیە منیش پشتگیری لە هاورێیانم دەکەم بۆ ئیزافە کردنی ئەم ماددەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرمووو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرەتا دەمەوێ ئەوە بڵێم ئامانج لەم یاسایە شەفافیەتە لە بەدەستهێنانی مافی زانیاریە بۆ هاووڵاتیان، یەکێك لە گرفتەکان ڕەنگە پەیوەندی بە ماددەکە هەبێ کە ئەساسی ئەو ئیستسنائاتەیە کە مەترسی هەیە هەموو یاساکە بە تاڵکاتەوە، بە هەندێ دەستەواژەی تەم و مژاوی کە هەموو موئەسەسەیەك بتوانێ ڕەتی کاتەوە، هەروەها من پشتیوانی ئەو بۆچوونە دەکەم کە خاڵی یەکەم بۆ هەموو دەزگایەکی گشتی هەیە، ڕەتی هەر زانیاریەك نەکاتەوە کە لەسەرووی بەرژەوەندی گشتییە، یەعنی ئەمە جۆرەك لە مەترسی دروست دەکات دەتوانی بڵێی ئەمە بەرژەوەندی گشتی لەسەرووی ئەو زانیاریەیە من ڕەتی دەکەمەوە، تۆ وەڵامت چیە بۆ ئەوە؟ لەبەر ئەوە پێموایە ئەمە نەمێنێ و، ئیستسنائات تەوەسوعی پێنەکرێ، یەعنی بە شێوەیەکی یاسایی کە ناتوانی تەوەسوعی پێبکەی بە شێوەیەك کە هەموو یاساکە ڕەتکاتەوە، لەبەر ئەوە لەگەڵ خاڵی یەکەمدا نین ئەمە یەکیان، دوو: خاڵی (ب) پێمباشە کاتێك دابنرێت لە یاسای ئێمەش ئیمە لە چەند ساڵ دەمانەوێ ئەو نهێنییانە بپارێزین، یەعنی بۆ ماوەی چەند ساڵ بیپارێزین ئەمە دیاریکراو بێت، لە ماوەیەکی دیاریکراو، یان ئەو نهێنییانە کەشف بکرێ کە زەرورەتی تر دەخوازی، نەك هیچ مەترسی نامێنێ لەسەر مەسەلەی ئاسایش، خاڵێکی تر دەڵێ لە (ت) زانیاریە ئاڵوگۆڕەکانی کە لەگەڵ جیهاتی تر دەکرێ کە ئیتیفاقی لەسەر دەکەن وابمێنێتەوە، یەعنی ئەو جیهاتانە کێن لەسەر چ ئەساسەك ئیتیفاق دەکەن وابمێنێتەوە، یەعنی چ بەرژەوەندیەك وادەکات ئەوان ئەو نهێنییە بپارێزن، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

زۆر باشە، بەڵام تکایە تەحدیدکەن لەگەڵ چ خاڵێکن یان لەگەڵ چ خاڵێك نین؟ یان پێشنیاری موحەدەدتان چیە؟ بۆ ئەوەی دوایی نەڵێن والله ئێمە سێ کەس ئیقتراحی ئەوەمانکرد، چ خاڵێك لەگەڵ نین بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین ئیستیفادەی لێ بکەین لە کاتی دەنگدان، وا تەسەوردەکەم تۆ لەگەڵ خاڵی یەکەم نی؟

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەگەڵ دانانی مودەم بۆ پاراستنی نهێنی، لەگەڵ خاڵی (ت) نیم پێشنیار دەکەم کە نەمێنێ ڕەتکرێتەوە، بەڵێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، منیش لەگەڵ خاڵی یەکەم نیم، هاوڕام لەگەڵ کاك کاردۆ، ئیستسنائاتەکانی تر ئەگەر تێبینی بکەین بە عیلمی ئەو ئیستسنائاتەی کە دەرج کراوە لێرە لەگەڵ تەتەورو تەکنەلۆجیای

دونیادا ناگونجێت برادەران، من دەڵێم کەشفی مەسرەفی راستە من حیسابی مەسرەفی خۆم وەکو کلیلەکە لە دەستمدا لەم فەقەرە هاتووە، بەڵام دەبینی من لە ماڵی خۆم دانیشتوومە حیسابی مەسرەفی من لە شاری لەندەن دەدزرێ و پارەی لێ دەردێ، تەکنەلۆجیا هەیە ئەمڕۆ ئیختراقی ئەو شتانە دەکات، من دەچمە مفاوەزاتی کڕینی سەفقەکی ئیقتیصادی، من جارێ لە مەجلیسەکەی نەهاتوومەوە ئیعلان باسی دەکات، لە ئاخیر فەقەرەی دەڵێ (معلومات الکترونیة) مەعلومات ئەلیکترۆنی راستە من (password)م نیە بەڵام (email) میرارن و تیکرارەن هاککەر هەیە لەناو کوخەکی دانیشتووە هاك دەکات، بە قورسەکی زۆر ئیعتیادی کە لە بازاڕەکانی شەعبی دەفرۆشرێ ئەوە دارجە، ئێمە ئەگەر موحاوەلە بکەین هەندێ فەقەرات لەم ماددەیەی موحافەزەی لەسەر بکەین دەبێ ئەوەندە شەفاف بێ بە ناسکی تەعامولی لەگەڵ بکەین کە نەبێتە مەترسیدار بۆ ئەوەی بدزرێ یان شتێکی لێ بکرێ، بۆیە ئەوە ئەو فەقەرانە باوەڕبکەن لەگەڵ تەکنەلۆجیای عەسر ناگونجێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەکێك لە ئامانجەکانی یاساکە بریتی بوو لە ئاسانکاری بۆ پێدانی زانیاری بۆ هاووڵاتیان، واتە ئەسڵ و بنەڕەت لە یاساکە بریتیە لە بەخشینی زانیاری، ئیستسنا بریتیە لە سنوور دارکردنی ئەو بابەتانەی کە نابێ زانیاریەکان بدرێت، کەواتە نابێ ئیستسنائاتەکان ئەوەندە زۆر بکرێت بە شێوازێك کە فەلسەفەی یاساکە، یاخود دافیعی یاساکە بە هیچ شێوەیەك نەهێڵێتەوە، لەبەر ئەوە یەکەم من پشتگیری لە لانا خان دەکەم کە باسی لەوە کرد کە خاڵی یەکەم لابرێت، چونکە ئەوە پێویست ناکات، چونکە ئەم ماددەیە باس لە ئیستسنائات دەکات، هەروەها پشتگیری لە کاك کاردۆ دەکەم کە (ت) لابرێت، بۆ؟ چونکە لەگەڵ (ب) هەر یەك مەعنا دەبەخشێ زیادەیەو، تیکرارە، هەروەها خاڵی (د) ئەویش هەر پێشنیار دەکەم لابرێت، کاروباری ناوەخۆی فەرمانبەران، بۆ؟ چونکە لە خاڵی (خ) باس لە کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەموو هاووڵاتیەك دەکەین، کە مەسەلەی خوێندنەو، پزیشکییەو، مەسەلەی حیسابی بانکی و کۆمەڵێك بابەتی تر، لەبەر ئەوە هەر زیادەیە ئەوە، لابرێت، هەروەها خاڵی (ث) بەراستی مەتاتیە ئەویش باش بەڕێوەچوونی دادگایی کردن و بەدیهێنانی دادپەروەری، چونکە هەر خۆی سیستەمی دادگاکان یەکێك لە بنەماکانی دەڵێ دەبێ دادگایی کردن ئاشکرا بێ، دەبێ ئێمە بڵێین ئەو زانیارییانەی کە دەبێتە هۆی ریگری کردن لە دەستگیرکردنی تاوانباران یاخود ئاشکرا بوونی تاوان نەك باش بەڕێوەچوونی دادگایی کردن، چونکە ئەوە مەتاتیە لەبەر ئەوە من پیشنیار دەکەم کە ئێمە هەوڵبدەین ئیستسنائاتەکان سنوور داربکرێت، بۆچی؟ بۆ ئەوەی کە بتوانرێ یاساکە ببێتە هۆکارێك بۆ بەخشینی زانیاری بە هاووڵاتیان و رێگا ئاسان کردن نەك بە پێچەوانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو كاك عبدالله.

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

منیش هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا كە خاڵی یەكەم لابرێت، هەروەها لە خاڵی دووەمدا بڕگەكانی (ت، ث، ج) لابرێت، لەبەر ئەوەی لە بڕگەی (ت: المعلومات المتبادلة مع الجهات الأخرى تم الإتفاق على الإبقاء على سريتها)، نە تەرەفەكان دیارە، نە مەوزوعەكە دیارە، هیچی دیار نیە، بەس ئەوە دیارە كە دەڵێ بە سڕی بمێنێتەوە، بۆیە ئەوە زۆر مەتاتیە، یەعنی دەكرێ ئیستیغلال بكرێ و زۆر ئیستیفادەی لێ بكرێت، هەروەها لە خاڵی (ث) دا ئەوە لە قانونی خاصە دیاری كراوە و ئەم حاڵەتە هیچ پێویست بەوە ناكات لێرەدا ئاماژەی پێ بكرێت، لە (ج)یشدا مونافەسەی مەشروع لە قانونی مونافەسە باسی لێوەكراوە پێویست ناكات باسی لێوەبكرێتەوە، بۆیە من پێموایە ئەم سێ خاڵە زیادە لەگەڵ بڕگەی (أ)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كاك عبدالله مەلا نوری فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دیارە برادەران پێشتر ئاماژەیان پێدا منیش لەگەڵ ئەوەم كە بڕگەی یەكەمی ماددەی (15) نەمێنێ زیادیشە، چونكە بڕگەی یەكەمی ماددەكە بە شێوەیەك لە شێوەكان پاساو دەدات بەدەستی ئەو كەسەوە كە زانیاری لایە كە زانیاری نەدات بەو كەسەوە، ئیتر خۆی دەكات بە حەكەم، كە ڕەنگە زانیاریەك لەلای من بەرژەوەندی بالای تێدابێ شاردنەوەی، لەلایەكی تریش وانەبێ، بۆیە ئێمە لە ماددەكانی پێشتردا ئەم بابەتانە تا ئاستێك چارەسەركرا و لەم ماددەیەشدا لە بڕگەكانی خوارتردا بابڵێین چارەسەركراوە، بۆیە بوونی ئەم ماددەیە پێویست نیە ئەو بڕگەیە بڕگەی یەك، نوقتەی دووەمیان كە من دەمەوێ باسی بكەم وەكو كاك ئارام باسی كرد ئامانج لە یاساكە پێدانی زانیاریە بە هەر كەسێك كە زانیاری دەوێت، ڕاستە پاراستنی ئاسایش یەعنی سەنتەرە، بەلام لە نەتیجە هیچ كاتێك نابێ ئاسایش ببێتە مایەی زەوتكردنی ئازادی مرۆڤ، یەعنی ئەم نوقتەیە دەبێ لەبەرچاو بگیرێت، بۆیە من بۆ خۆم لەسەر ئەو بنەمایە هەندێك سەرەنجم هەیە لەسەر بڕگەكانی تر، یەعنی ئەوەی كە دەوترێ نهێنییە تایبەتیەكانی ئاسایش و بەرگری هەرێم كە دواتر لە كەوانەیەكدا وردەكاریەكانی چەك و چۆلی سەربازی و ئەركی نهێنی سەربازی تەنهایی و ئەوانە، ئەم بابەتە لەراستیدا من نازانم هەستدەكەم تۆزێك نەك تۆزێك بەڵكو زۆریش ناڕۆشنە، یەعنی

جارێ نهێنیـه تایبەتیـەکانی ئاسـایش، ئێمـە دوو یاسـامان هەیـە، لـە هـەرێمی کوردسـتاندا، یاسـای دەزگـای ئاسایش و، یاسای ئەنجومەنی ئاسایش، لەئامانج و ئەرکی ئەم دوو دەزگایە یەك دونیـا شـت رێـز کـراوە، بـۆ نموونە لە ئەرکەکانی ئەنجومەنی ئاسایشدا (18) ئەرك دیاری کراوە، هەرچی بوارە جیاجیاکانی ژیان هەیە دەچێتە ئەو بوارەوە، بەهەمان شێوە لە یاسای دەستەی ئاسایشدا (15) ئـەرك دیـاری کـراوە، یـەعنی تـۆ لـە نەتیجـە ئەگـەر بتـەوێ زانیارییـەك لـە دەزگـای ئاسـایش، یـان ئەنجومـەنی ئاسـایش وەرگـری ئـەو سـەیری یاساکەی خـۆی دەکـات، ئـیتر هـەر بابـەتێك کـە پەیوەسـتە بـە مەسـەلەی ئابووریـەوە پەیوەسـتە بـە کـاری تەلەفۆناتـەوە، بـە بازرگانیـەوە، بـە مـاڤی بەکاربـەرەوە هـەر بابـەتێك لـەو وێنانـە هـاتبێ بـە شـێوەیەك لـە شـێوەکان دەچـێتە ژێـر ئـەم خانەیـەوە، واتـە یـەعنی لێـرە کـۆت وبەنـدێکی گـەورە بـە قەناعـەتی مـن لـە داهاتوودا لە میانی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دێتە بـەردەم ئـەو کەسـەی کـە زانیـاری دەوێ لـەو بـوارە کـە باسم کرد، بۆیە بە بڕوای من پێویستە ئەم بابەتە زیاتر ورد بکرێتەوە و، زیاتر روونبکرێتەوە، بـۆ ئـەوەی دەرفەتی دروست کردنی کۆسپ لەبەردەم کەسـەکاندا دروسـت نـەبێ، هـەروەها هـەر لـەم خاڵـەدا مەسـەلەی ئاسایش و هێزی بەرگری ئەمە بکەنە دوو خاڵ باشترە، هێزی ئاسـایش پێناسـەی خـۆی هـەبێت، مەسـەلەی بەرگریش پێناسەی خۆی هەبێت، یەعنی ئەمە دوو شتە تێکەڵکراوە بە شێوەیەك لە شێوەکان مەفهوومەکە تا رادەیەك بابڵێین تێکەڵکراوە زیاتر لە بەرژەوەندی بەرگری هەرێم، بۆیە هیوادارم ئەوە روون بکرێتـەوە، نوقتـەی دووەمیـان وردەکاریـەکانی بەرێوەچـوونی دانوسـتانی هـەرێم لەگـەڵ هـەر لایەنێکـدا ئەگـەر هـاتو لایەنەکان لەسەر نهێنی بوونی ئەم رێکەوتنەدا رێکەوتووبوون، ئـەمیش نوقتەیـەکی گرنگـە بـە بـڕوای مـن دەبێ قسـەی لەسـەر بکـەین، یـەعنی ئێمـە جـارێ کـۆی یاسـاکە ئایـا بـۆ هاووڵاتیانـە یـان بـۆ دامودەزگاکـانی چاودێریشە؟ بۆ نموونە مـنی پەرلـەمانتار هـەر وەکـو هـەر هاووڵاتییـەکی تـر دوایـی ئـەو مافـەم نیـە داوای زانیاری لەسەر رێکەوتنێك بکەم کـە بـۆ نموونـە لەبـەینی عێـراق و هـەرێمی کوردسـتاندا دەکـرێ، لەبـەینی هەرێمی کوردستان و تورکیا دەکـرێ، یـەعنی ببـورن مـن ئـەو نموونانـە دەهێنمـەوە بـۆ ئـەوەی بەرچـاومان روون بێت، ئێستا رێکەوتنێك لەسـەر پرۆسـەی نـەوت لەبـەینی هـەرێمی کوردسـتان و تورکیـادا هەیـە مـنی ئەندامی لیژنەی پیشەسازیم وەکـو پێویسـت زانیـاریم نیـە، نموونەیـەکی تـر بێنمـەوە بـابڵێین لـە عێراقـدا پێشتر حکومەتی عێراق، وەزارەتی بەرگری رێکەوتنێکی لەگەڵ روسیا کرد لەسەر مەسەلەی کڕینی چەك و ئەوانە، دواتر کە دەرکەوت گەندەڵییەکی گەورەی تێدا کراوە، ئەگەر تۆ بڵێی ئەو مافە نەدەی بـە پەرلـەمان بۆ نموونە بە پەرلەمانتاران بەدواداچوون بۆ ئەم دۆسیە، ئەم گرێبەستە بکەن رەنگە ئـەم گەندەڵیـە دواتـر بیست ساڵ دوابکەوێ، ئەو کەسەی کە لێپرسراوە لەم مەسەلەیەدا لـەم گەندەڵییـەی کـە کـراوە دواتـر وەکـو بەرزەکی بانان بۆی دەرچێ، بۆیە ئەم مەسەلەیەش زۆر گرنگە یەعنی روونبکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشـدا ئـەو نوقتەیەی کە گرنگە مەسەلەی کە ئێمە دەڵێین ئیستسنائات هەیە هیچ زانیاریەك نیـە هـەتا وەکـو کۆتـایی بەنهێنی بمێنێتەوە، زانیاری دەبێت تـا فەترەیـەکی دیـاریکراو بـەنهێنی بمێنێتـەوە، یـەعنی لـە کۆتایـدا زۆر گرنگـە تـۆ بڕگەیـەك ئیزافەبکـەی لـەم بڕگەیـەدا باسـی ئـەوە بکـەی بـۆ نموونـە (15، 20، 25) ساڵە ئـەم

زانیاریە بەنهێنی دەمێنێتەوە دواتر خۆ دەبێ هەر ئاشکرا بکرێت، ئەو نوقتەیەی تر کە من جارێکی تر دێمەوە سەری مەسەلەیەکە بەلای منەوە گرنگە کە لەم ماوەیەشدا دەزگاکانی راگەیاندن کاریان لەسەرکرد، لە زۆربەی رۆژنامەکان پەرلەمان کەوتە بەر رەخنە، لەسەر ئەو بابەتە بە تایبەت رۆژنامەی ئاوێنەو هەندێك لە تەلەفزیونەکان ئیشیان لەسەرکرد، مەسەلەی تۆمارکردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان و دامودەزگا فەرمیەکاندا بە مەحزەر کردن، یەعنی تۆ لە کاتێکدا پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێك دەکات لەسەر داوای سەرۆکایەنی پەرلەمان یاخود بە دەنگدان لەلایەن پەرلەمانتارانەوە بڕیار دەدرێ ئەو کۆبوونەوە نهێنی بێ، ئەم نهێنیبوونە بە مانای تۆمارنەکردن نایەت، ئێستا ئێمە تەنها لاپەڕەیەکیش نەماوەتەوە لەسەر ئەوەی بزانین بۆ نموونە عبدالله مەلا نوری هەرچەندە من بەخۆم بایکۆتی دانیشتنەکەم کرد، بۆ نموونە من لەو کۆبوونەوەیەدا چیم وتووە، لەسەر مەسەلەی قانونی عەفو چیم وتووە، یەعنی تۆ دەبێ حکومەت و دامودەزگا فەرمیەکان ئیلزام بکەی کە پرۆتۆکۆلیان هەبێ مەحزەرەکان بنووسنەوە، بەلام دەشێت ئەم پرۆتۆکۆلە بۆ نموونە بۆ (20) سالْ بەنهێنی بمێنێتەوە، لەبەر تایبەتمەندی ئەو پرسەی کە لە پەرلەمانە یاخود لە کۆبوونەوەکە قسەی لەسەرکراوە ئەوە نوقتەیەکی تر، نوقتەی کۆتایی من ئەوەیە نازانم هیوادارم برادەران لەبەرچاوی بگرن ئەم بابەتە، یەعنی ئەوەی کە وەکو بڕگەیەك لە کۆتایی ئەم بابەتە روونبکرێتەوە مەسەلەی ئیستسنائات تەنها بۆ هاوولاتیەکی ئاساییە بۆ کەسێکە توێژینەوە دەکات، یاخود نەخێر بۆ دامودەزگاکانی چاودێریشە، بۆ دیوانی چاودێری داراییە، بۆ دەستەی نەزاهەیە، بۆ پەرلەمانی کوردستانە، چونکە لە نەتیجە هیچ کاتێك تۆ ناتوانی بلێی دەزگایەکی دیاریکراو کە گرێبەست لەگەلْ کۆمپانیایەکدا دەکات، یاخود لەگەلْ ولاتێکی دیاری کراودا دەکات پێتوابێ ئەم دەزگایە غەلەتی نیە، پێتوابێ ئەم دەزگایە سەد لە سەد کارەکانی، گرێبەستەکانی لە بەرژەوەندی هاوولاتیانەو لە پەرلەمانیش دڵسۆز ترە، لە نەتیجە دەبێ خۆ ئەگەر گومان دروستبوو، ئەگەر زانیاریەك بلاوبوویەوە کە ئەم دەزگایە هەلەیەکی کردووە دەبێ ئەم دەرفەتە برەخسێندرێ بۆ پەرلەمان بەدواداچوون بکات، بۆیە هیوادارم ئەم سەرەنج و تێبنییانە لەبەرچاو بگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

عظیمە خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە ئەوەی تێبینی منە لەسەر ئەم سێ خالە، کە بە گرنگیەوە کاك عبدالله و لەگەلْ رایەکانی ئاهەنگ خانیشم، بە حوکمی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و، سیستەمی دیموکراسی و، مافەکانی مرۆڤ ئەم سێ خالە لەناو قانونی بەدەستهێنانی مافەکانی ئاشکراکردنی زانیاری جێگای نابێتەوە، بۆیە من لەگەلْ ئەوەدام کە بڕگەی (أ) نهێنیە تایبەتیەکانی ئاسایش و بەرگری هەرێم وردەکاریەکانی، لەگەلْ (ب) وردەکاریەکانی

بەرێوەچوونی دانوستانی هەرێم، لەگەڵ (ت) زانیاری ئاڵوگۆڕکراو، ئەم سێ خاڵە لابرێ و پێویست ناکات، لەبەر ئەوەی کە ئەو هاوڕێیانەم باسیان کرد لە پێویست نەبوونی ئەو خاڵانە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

منیش پشتگیری هاورێکانی پێش خۆم دەکەم کە برگەی یەکەم لابرێت، بۆ برگەی دووەم لەسەر خاڵی (هـ) من پرسیارێکم هەیە لە لیژنە ئایا ئەوەی قەوسەکە پێناسەیە بۆ تایبەتیەکانی ئاسایش و بەرگری هەرێم بۆ هەردووکیان؟ ئەگەر بۆ هەردووکیانە،،،

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ببورە من پێشنیارێکم هەیە، چونکە تەصویری ئێوە دەرناچێ دەتوانم ئەمە تەئجیل بکەم هەتا وەکو دوایی یەعنی قسەی ئێوە تەئجیل بکەم تا دواتر چاك دەکرێ، دوا بخەم، ئەگەر دەربچێ لە کۆنترۆل تا جەوابەکەمان بۆ دێ بوەستە، حەزدەکەی، کاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من لەگەڵ ئەوەدام کە خاڵی یەکەم نەمێنێ، ئەگەر هەر دەڵێین با بمێنێ دەمج کرێ لەگەڵ خاڵی دووەمدا بەم شێوەی لێ بێ، پێویستە دامودەزگای گشتی یان تایبەتی بە هیچ پاساوێك پێدانی زانیاری رەت نەکاتەوە لەم بارانەدا نەبێ، کەواتە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی گەورەتر نەبێ ئەوە تەفسیر هەڵدەگرێت، تۆ دەچی داوای زانیاریەك دەکەی پێت دەڵێ کاکە ئەمە بەرژەوەندی گشتی لەمە گەورەترە لەبەر ئەوە پێت نادەین، بۆیە ئەو عیبارەتەی لابرێ و، لەگەڵ دووەمدا بکرێت بە یەك، لەم بارانەدا نەبێ، وێرای پشتگیریم لە رای هاورێکانم من لەگەڵ ئەوەدام (ث) نەمێنێت پاش بەرێوەچوونی دادگا، چونکە دادگاو بەدیهێنانی دادپەروەری لە مورافەعاتی قانونیدا هاوولاتی بە تەبیعی بەشداری لە مورافەعاتی قانونی و مەحاکم دەکات، مەگەر هەندێ خاڵ، هەندێ حاڵەت نەبێ کە خۆی بە یاسا دیسان مەنع کراوە پێشتر بە یاسای تر مەنع کراوە، خاڵێکی تر من پرسیارم هەیە کاروباری ناوەخۆی فەرمانبەران چیە؟ هەروەها لە خاڵی (خ، ذ) دووبارە بۆتەوە، چونکە دەڵێ تۆماری تایبەتی خوێندنی پزیشکی وەزیفی ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر (د) لە عەرەبیەکە هاتووەو لە کوردیەکە تەرجومەکەی نەکراوە، ئەوە لیژنە ئاگاداربن لە کوردیەکە تەرجومەکە نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

سەرگوڵ خان فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (15) بەراستی کە ئێمە باس لەم ئیستسنایانە دەکەین، کە دامودەزگای گشتی و تایبەتی مافیان هەیە کە دۆکیۆمێنت نەدەن، بەرای من ئەم ماددەیە زۆر تەوسوعی تێداکراوە، هەروەها خاڵەکان زۆرن، ئەگەر ئێمە پێمان وایە ئەم یاسایە زەرورە بۆ پێدانی زانیاری پێویستە ئیستسنائەکان کەم بکەینەوە، تەحدید بکەین لە یەك دوو خاڵەدا، من پێموایە زۆر زۆرە ئەم ئیستسنائانە بەتایبەتی ئەگەر بێینە سەر باسکردنی خاڵ بەخاڵ ئەگەر نهێنییە تایبەتیەکانی ئاسایش و بەرگری تەنها ئەوەبێ لەبەینی قەوسەکە ئەوە تەعریفکردنەکەی بێ من پێمباشە، بەلاّم ئەگەر ئەمە تەفسیری زیاتر هەڵدەگرێ دواتر بە بیانووی زیاتر هاوولاّتی لە پێدانی زانیاری ئەمە دەکرێتە ئیستسنا، ئەمە من لەگەڵی نیم، باس لەوە دەکات وردەکاریەکانی خاڵی (ب) بەرێوەچوونی دانوستانەکان لەگەڵ هەر لایەنێکدا ئەگەر هەردوو لایەن لەسەر نهێنی بوونی رێکەوتن تا ئەو کاتی رادەگەیەنرێ، واتە ئەم رێکەوتنانە هەر رادەگەیەنرێ، بۆچی ئێمە بیهێنین لە ئیستسنائەکان داینێن، من لەگەڵ ئەوەدا نیم ئەوە وردەکاریە، ئەوە دانوستانێکە ئەگەر بۆ بەرژەوەندی خەڵکی هەرێمی کوردستانە، بێگومان دانوستانەکان پێویستە ئەمە بەنهێنی نەمێنێتەوە، خاڵی (ت) زۆر روون نیە لای خەڵك ئایا ئەو زانیاریە ئاڵوگۆڕە کراوانە چی دەگرێتەوە؟ چ شتێك دەتوانێ ئێمە لە کاتێکدا ئەو موەزەفەی موختەصە بە پێدانی زانیاری ئەم ماددەیە بچێتە بەردەستی ئایا ئەمە دەچێتە چ بابێکەوە؟ لە چ کاتێکدا ئەم زانیارییانە دەدات؟ خاڵی دواتر باسی باش بەرێوەچوونی دادگاکان و بەدیهێنانی دادپەروەریە، ئێمە دەزانین مەبدەئێك هەیە لە مەحاکمدا کە عەلەنیە کە هەموو دادگایەکان بە ئاشکرا دەبێت، تەنها لە حاڵەتی تایبەتیدا نەبێ، لە دادگاکانی تاوانەکاندا کە کاتێك لایەنێك لەلایەنەکان خۆیان داوا دەکەن ئەم دادگایی کردنە بەنهێنی بەرێوەبچێ، بەلاّم کاتێك کە مەبدەئی عەلەنی هەیە لە دادگاکاندا ئێمە بۆ بێین ئەم مافە لە خەڵك مەنع بکەین لە کاتێکدا رۆژانە ئێمە بێین دادگاکان کە دەعوا دەبینن بە عەلەنی خەڵك بۆی هەیە بچێ دانیشێ لەناو هۆڵی دادگاکاندا، چۆنیەتی بەرێوەچوونی پرۆسەی دادگای کردنەکە ببینێت، بۆ ئێمە بێین ئەمە بکەین بە ئیستسنا کە من ئەوە لەگەڵیدا نیم، خاڵی دوای ئەو باس لە مونافەسەی مەشروع دەکات کە ئەمەش بەرای من هەر غموزی تێدایە و روون نیە لای هاوولاّتی، چ شتێکە کە وا لە تۆ دەکات ئاشکراکردنی ئەم دۆکیۆمێنتە ببێتە زەرەرو زیان بۆ لایەنێك یان کۆمپانیایەێك، توێژینەوەی زانستی یان تەکنیکی کە ئاشکراکردنیان زیان بە مافی دانەر دەگەیەنێت، ئێمە قانونێکمان دەرکرد لە پەرلەمان مافی فیکری کە بەپێی ئەو قانونە هەموو مافەکانی دانەر، هەموو مافەکانی حقوقی موجاویریش روون کراوەتەوە، چ پێویست دەکات ئێمە بێین لێرەدا زیکری بکەین، جارێکی دیکە بیکەینەوە بە ئیستسنا، بەرێگرێ بۆ هاوولاّتی بۆ وەرگرتنی زانیاری، بەلاّم لەم خاڵەی تر لەگەڵیم کە تۆماری تایبەتی خەڵك بە خوێندن، بە پزیشکی، بە وەزیفی، ئەمانە لەگەڵ خاڵی (د) هەردووکی بکرێت بە یەك ئیستسنا،

(خ، د) بكرێت بە یەك، كاروباری ناوەخۆی ئێمە وتوومانە فەرمانبەران لەوێ دەڵێن تۆماری تایبەتی خوێندن و پزیشكی وەزیفی كە وتمان وەزیفی فەرمانبەرانیش دەگرێتەوە، بۆیە ئەم دوو خاڵە دەكرێ بكرێت بە یەك خاڵ، بۆیە بەرای من لەوانەیە ئیستسنائەكە ئێمە بتوانین بە دوو خاڵ، یان سێ خاڵ كەمی بكەینەوەو ئەو مەجالە بەرفراوانە دروست نەكەین و، ئەمە وەكو وتم هەمووی روون نیە هەمووی غموزی تێدایە، پێویستە باشتر لیژنەی هاوبەش دای برێژنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

هەمووی تەواو نابێ تەسەور دەكەم هەر چەند ناوێك دەمێنێ، چونكە تا سەعات (2) دادەنیشین، بۆیە ئەگەر چەند ناوێك بمێنێ با ئەوانە بمێنن كە مایكەكانیان ئیش ناكەن، ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دیارە منیش هاوڕام لەگەڵ هاوكارانی پێش خۆم، پێموایە ئەم یاسایە بۆیە ئەوانەی كە پرۆژەیان تەقدیم كردووە لەبەر ئەوە بووە كە گەیشتن بە مەعلومات گەیشتن بە زانیارییەكان لە هەرێمی كوردستاندا وەكو پێویست نەبووە، بۆیە ئێستا ئەگەر بێتو ئیستسنائات و ریزپەڕەكان لەناو ئەم یاسایەدا زیادبكەین، ئەوە هەر خۆی بۆ خۆی قانونەكە محتەواكەی نامێنێ، یەعنی ناوەڕۆكی قانونەكە لەبار دەبرێت، بۆیە ئەگەر بكرێ (خ) كە كردوومانە بە دوو برگە، برگەی یەكەم لابەرین، چونكە هەر تۆ باس لەوە دەكەی ئەو برگانە چین كە دەكرێ ئیستسنا بكرێ و، دەكرێ وەڵامی ئەو كەسانە بدرێتەوە كە داوای زانیاری دەكات، لەبەر ئەوە هەر لە لانا خانەوە هەتاوەكو ئاخیر كەس تەرحی ئەوەیان كرد كە یەكەم لاچێ، بۆیە منیش دەنگم دەخەمە پاڵ ئەوان یەكەم لابرێت و، هەمووی بكرێتە چوار خاڵ، چونكە ئێستا دوو برگەیە برگەی دووەم یازدە خاڵە، ئەگەر بێتو ئەم برگەی یەكەمە لابەین و هەمووی بكرێتە چوار خاڵ، خاڵی یەكەم من وا لێی تێگەیشتووم بۆیە پێمباشە خاڵی (أ) بمێنێتەوە، چونكە پێموایە تەحدیدی كردووە بۆ ئەوەی كە لەناو دوو قەوسەكەیە، بۆیە پێمباشە خاڵی یەكەم لابرێ و (أ) بكرێتە یەكەم، (ب، ت) هەردووكی هەر یەك موحتەوای هەیە بەس من پێمباشە هەر لابرێت، چونكە بەراستی ئەو دانوستانەی كە هەرێم دەی كات لەگەڵ هەر لایەنێكدا مادام لە مەسالحی خەڵكدایە، مەفروزە خەڵك بیزانێت، چونكە دواجار هەر كەسێك ئایا حكومەتە، یان پەرلەمانە، یان سەرۆكی هەرێمە، یان هەر كەسێك كە دانوستان دەكات بۆ كێشەكانی هەرێم مادام لە مەسالحی خەڵكدایەو شتێك ناكرێ كە دژایەتی خەڵكی هەرێمی كوردستان بكات، یان دژایەتی مەسالحی خەڵك بكات، پێویست بەنهێنی و پاراستن ناكات، لەبەر ئەوە (ب، ت)یش لابرێت، هەروەها (ث) وەكو بەڕێزانی پێش خۆم ئیشارەتیان پێدا مەحاكم خۆی ئێستا موعلەنە هەموو هاووڵاتیان دەتوانن بەشداری دادگاكان بكەن، غەیری ئەوانە نەبێ كە خۆیان بڕیار دەدەن بەنهێنی بێت، وەكو چۆن پەرلەمان دەتوانێ خۆی هەندێك هەرچەندە ئێستا زۆر وانیە، بەڵام پەرلەمان خۆی هەندێك كۆبوونەوە

دەكات بەنهێنی ئیتر كەس ناتوانێ بێت بۆ كۆبوونەوەكان، بەهەمان شت مەحاكمیش وایە لەبەر ئەوە (ث) زیادەیە، بەراستی موزایەدەو موناقەصە خۆی لە جەریدە ئیعلان دەكرێت، ئەسڵەن خۆی بۆیە ئیعلان دەكرێت بۆ ئەوەی ئەگەر یەكێك بیەوێ بەشداری ئەو موزایەدەیە بكات، دواتر ئیعلام دەچێ بەشداری موزایەدەكان دەكات كە بۆ گرێبەستەكانی نەوتیش دەكرێت، بۆ فرۆشتنی نەوت دەكرێت، ئێستا ئێمە هاتووین لێرە دەڵێین زانیاریەكانی موزایەدەكانیش نەدرێت، لەبەر ئەوە (ث، ج)یش پێم زیادەیە، (د، خ)یش بكرێتە یەك لەبەر ئەوە چوار خاڵ دەمێنێتەوە ئەو كات ئیستسنائاتی ناو ئەم قانونە لە چوار خاڵدا كۆدەبێتەوە، نەك لە دوو بڕگەو بڕگەیەكیش بە یازدە خاڵ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بە یەك چاوخشاندن بە یاسای پێدانی زانیارییەكانی ولاَتان سەیر دەكەین لە هەموو ولاَتێك ئیستسنائات هەیە، كەمترینیان حەوتە زۆرترینیان حەڤدەیە، ئەم ئیستسنائانە بۆچی كراوە بۆ ئەوەی ئەم مەعلوماتانە خراپ بەكارنەهێندرێت بەرامبەر بە كێ؟ تۆ كاتێك كە باسی ئاسایشی ناوەخۆ دەكەی بێگومان ئەو مەعلوماتانەی كە لەلای ئاسایشی ناوەخۆ هەیە هەندێكی عیلاقەی هەیە بەسەر بابەكانی تیرۆر و تێكچوونی ئاسایشی ئەم ولاَتە، بۆیە دەبێت زۆر بە وازحی دەربخەی كە تۆ بۆچی ئەو ئیستسنائەت داناوە؟ چونكە خەتەرێك دروستدەكات، یەعنی لابردنی یەكەمی ئەم ماددەیە مەعنای ئەوەیە تۆ هەر ئیستسنائاتێكت داناوە بەبێ ئەوەی شەرحیكەی، كە بڵێی بۆیە ئەم ئیستسنائاتانە دانراوە لەبەر ئەوەی كە زەرەرە یان بە مەسلەحەتی عام، مەسلەحەتی گەورە، من پشتگیری لە رەئیەكەی كاك د. ئاراس دەكەم، دەتوانین ئێمە ئەمە بچووك كەینەوە بەوەی كە بڵێین ئاسایشی ناوەخۆیی، ئاسایشی عەسكەری، ئاسایشی كۆمەلاَیەتی، كاتێك كە تۆ دێی دەگەڕێی مەعلوماتێك لەسەر من دەردەهێنی لە زمنیدا رەقەم بانقمە، چەندەكی تێدایە پارە لەناو بانقەكەمدا كە (مع العلم) ئەمانە لە هەموو دونیادا سریە، تەنانەت كە یەكەم جار كارتی بانك وەردەگری لە ولاَتان بە ئیمزا پێتدەدەن كارتەكە، چونكە (password)ی لەگەڵدایە بە ئیمزاوە پێتدەدەن، بۆیە ئەمنی ئیجتیماعی، ئەمنی سیاسی، ئەمنی ئیقتیصادی، ئەمنی شەخصی، ئەمنی شەبەكەی ئیتصلات، بەڕێزان لەپاڵ ئەمانەدا من داوا دەكەم شتێك ئیزافە بكرێت كە لە هەندێ یاسای دەوڵەتاندا بە ماددەیەكی جیاواز دانراوە هەرچەند من پێمباشە بە ماددەیەكی جیاواز بێت، بەلاَم دەشكرێت بكرێتە بەشێك لەم بابەتە كە نابێ بەهیچ نەوعێك (لایجوز طلب المعلومات التي تحمل طابع التمیز الديني أو العنصري أو العرقي أو التمیز بسبب الجنس أو اللون)، كە ئەمەتان ئیزافە كرد جۆرێك لە حیمایە دروست دەكەیت بۆ ئەو خەڵكانە كە مەعلوماتەكانی كە هەیانە، مەسەلەن كەسێك ئاینەكەی خۆی دەگۆڕێ، پێویست ناكات تۆ ئەو مەعلوماتە بزانیت ببێتە هۆی ئەوەی كە ژیانی لە دەست

بدات، یان خەتەرێك لەسەر ژیانی دروست بێت، یاخود ئەمە ئەگەر سەیر بکەن لە زۆرێك لە یاساکاندا هەیە ئەمە جۆرێکە، سەمامێك دادەنرێت بۆ ئەوەی ئەم مەعلوماتانە نەبێتە دروستکردنی فیتنە و کێشەی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگاکەدا، من هەر ئەوەندە دەڵێم ئیستسنائەکانی لای ئێمە تۆزێك رێکحستنی دەوێ تۆزێك چاککردنی دەوێ، چونکە زۆر لە برادەران باسیان لەوە کرد کە لە مەحاکمدا جەلسەکانی موعلەنە، هەندێك ئەوەی ناوەخۆیی مەوزەفینیش دەتوانرێ باس بکرێ کەوا لەگەڵ یەکێکی تردا دەمج بکرێت، چونکە ئەوەش هەر عیلاقەی هەیە بەسەر شتی شەخصییەوە، من چەند جار عقوبە دراوم، چەند جار بە ئیفاد رۆیشتووم، چەند جار موخالەفەم کردووە، چەند جار درەنگ هاتووم؟ پێویست ناکات ئەمە ئیعلان بکرێت، چونکە ئەمە شتێکە پەیوەستە بە خۆمەوە، بۆیە من پێمباشە بە شێوەیەك لە شێوەکان چاوێکی پێدا بخشێنرێتەوە، کورت و بچکۆڵە بکرێ ئەگەر بە نەزەری ئیعتیباری وەربگرن ئەو ماددەیەی باسم کرد، وەکو (پرۆدێکشن)ێك حیمایەیەکە بۆ ئەوەی ئەو مەعلوماتانە بۆ تەتەڕوف بەکار نەهێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەراستی پێش ئەوەی بێمە سەر ئەوەلەن دەمەوێ بڵێم منیش لەگەڵ رەئیەکانی د. ئاراس بووم کە سۆزان خانیش تەئکیدی لێ کردەوە، بۆ ئەوەی یەعنی وەکو دەڵێی ئیختیزالیشی تێدا بکرێ، هەموو شتێك کە پەیوەندی بە ئەمنی ناوەخۆیەوە هەیە کە مومکینە حیسابی ئەوەی بۆ بکرێت سبەینێ ئیستغلال بکرێت، هەروەها ئەمنی عەسکەری کە ئەویش هەر دەچێتەوە ئەو بابە، هەروەها ئەمنی ئیقتیصادی و ئیجتیماعی، هەروەها شەخصی کە سۆزان خان بە تەفسیل باسی کرد، هەروەها ئەمنی سیاسی، هەروەها ئەمنی شەبەکەی ئیتیصالات، ئەوانە ناڵێم نەهاتوون بابڵێین لەو ئیستسنائاتانە، هاتوون بە حەقیقەتەن، بەڵام بە تەفاسیل وا هاتووە، یەعنی من پێموایە ئەوانە کۆ بکرێنەوە بە شێوەیەك کە بتوانرێت ئەو لایەنانە هەموو بگرێتەوە، بە نیسبەت ئەوەلەنیش کە نووسراوە (لایجوز للمؤسسة العامة أو الخاصة رفض إعطاء المعلومات حماية لمصلحة لاتفوق على المصلحة العامة في الكشف عنها)، تەبعەن لێرەدا پێویستە ئەو مەسلەحەیە دیاری بکرێت، چونکە تەفسیر دەکرێت بەراستی یەعنی کام مەسلەحەیە؟، یەعنی کە لە مەسلەحەتی عام لە پێشتر نیە کامە مەسلەحەتە؟ یەعنی ئەوە دەبێ تۆزێك لیژنەی بەڕێز روونی بکاتەوە بەراستی، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

امینە خان فەرموو.

**بەڕێز امینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرەرای دەستخۆشی کرن بۆ دەستنیشان کرنا ڤێ خالێ، کو هەڵبەت پاراستنا ئەمنیەتا هەرێمێ، کو وڵاتی ئەمنیەتا کەسی حوریاتێت کەسی، وە ئەمنیەتا ئابووری و سەربازی و ناڤخۆیی ئەڤە هەمووی پێتڤی هەندێنە کو هەندەك زانیاری هەبن بە ساناهی بدەستێ هاووڵاتیادا نەکەڤن، یان ژ ماویەك بۆ بێهتە دەستنیشان کرن، تشتێك کو من دڤێت بەحس بکەم ئەو خاڵە کو نەهاتیە دیارکرن یان ژ هاتیە بیرکرن، ئەوە هەندێك دۆکیۆمێنتی یان ژ وەسائیقێت حکومەتێ هەنە کو دگەل هەندەك لایەنێت یێ پەیوەندیدار، پێتڤیە وەختەك بۆ بێهتە دەستنیشان کرن، مەسەلەن بۆ نموونە لە بەریتانیا وەختێ ما پرسیار کری مەعلومەك کیش نەوعێ مەعلوماتانە کو چ وەخت دەردکەڤن، هەندەك مەعلوماتێت هەی ساڵ بۆ دێنە دیارکرن، مەعلومات هەنە پشتی (50) ساڵ دەردکەڤن، ئەو مەعلوماتە ژ کەنگیە؟ ئەو وەختە کو ئەو لایەنێت کو گرێدای بە ڤی مەوزوعێ ڤەبن مر بن، یەعنی نەمابن لە حەیاتێدا، یان هەندەك زانیارییێت موخابەرایەتییێت هەی کو دڤێت دیاربن پاش چەند ساڵدا، یەعنی دڤێتن مودەك بۆهەندەك خالا بێهتە دەستنیشان کرن بە دیتنا من، لایەکی دی ترڤە بڕگا (ث) کو بەحسێ باش بەرێڤەچوونا دادگاه کرنێ و بەدەست ڤەهێنانە دادپەروەرییێت دکەتن، ئەڤ خالا بۆ من یا وازح نیە، یەعنی مەبەست پێ چیە؟ هات مەحکەمە یەعنی ڤێرە مەحکەمە دشێتن حاکم بە رەئیا خۆ ڤێرەدا ئیجتیهاداتێ تێدا بکەت، برایێ من جەریمەکا کری ئەوێ جەریمێ من دڤێتن تەفاسیلێت وێ جەرێمێ بزانم، چونکە بۆچی مەحاکم بێتن گەلێ خەڵکی زۆر وازح و شەفاف بن بڕیاریت وێ گەلەك حەقێ رەئیا گشتییە کو بزانیت مەحکەمێ چ بڕیارا دەردێخی، تەنها لەوان حاڵەتەدا کو تەئسیر سەر تەشهیر یان ئیهانە کرنا وی کەسی نەبیتن، دڤێتن مەحکەمە یا وازح بیتن بۆ هاووڵاتییەت کوردستانێ، ژ بەر هەندێ بۆ من یا روون نینە، مەبەست پێ چیە؟ چ نەوعێ دادگاهی کرنە ڤێرەدا ئیجتیهاداتێ دهێنە کرن، ماڤێ منە ئەز بزانم برایێ من جریمەیەکا کرێ، یان ژی سیاسەتمەدارێکی جەریمەیەکا کری کو یا گرێدای یا بحەقێ یەعنی رەئیا گشتیڤە، رەئیا گشتی دڤێت بزانیتن کە ئەڤ جەریمە سەر چ نەوعە جریمەی کریا تەئسیرا وێ سەر کۆمەڵگەهێ چیە؟ ژبەر هەندێ ژ پێتەڤیە ئەڤەژی روونکردنەك بیتن حەتا وێ حەدێ ژی ئەز دبێژم کو تەشهیرا شەخصی تێدا نەبیتن، خالا دوماهیکێ دەربارەی ئەڤ زانیارییەێت ئەلیکترۆنی بەحسێ هەندێ کری تۆرێت پارێزراو، دیسان ئەڤەژی بۆ من وازح نینە، مەبەست ژ کیش نەوعێت مەعلوماتایە؟ ئایا تەنها ئەو مەعلوماتێت کو ڤی ماددەیدا بتەنێ هاتینە ئیشارە پێدان؟ یان ژی هەر نوعەکێ مەعلوماتێ دیترژی ڤی حاڵەتیدا دێچیتە زمنی ویدا، بۆ نموونە ئەگەر تەنها مەبەست خاڵێ ڤی ماددەی بن یا وازحە، بەس ئەگەر مەبەست لە هەندەك مەعلوماتێ دیتربن دەرڤەی ڤی ماددەی، دڤێت یا دیاربیتن ئەڤ چ خاڵە، چونکە ئایا ڤێ گاڤێ زمنی هەندێ وەرگری گەلەك جارا ئەز ڤی نموونێ بەحس کەم گەلەك جارا ئەم دچووین ئاهێت خوارنێ مە هێڤیا هەندەك ئامارێت سەرجەمێ هرێمێ بزانین یەك گوتیەمە ئەڤە تشەکی نهێنیە ئەم نەشێین ئامارا بدەین، یان پەروەردە گەلەك جارا مە هێڤیا هەندەك ئامارا (ئەڤە پێش ئەز ببمە ئەندام پەرلەمان) یەعنی ئەڤە لەڤەوسێدا، مە هێڤیا مەعلوماتێت ڤوتابیاو مامۆستا وەربگری یان تشتێ گرێدای ئاماری

پەروەردەیەڤەبی یەك گوتی ئەڤە تشتەکی نهێنییە ئەم نەشێین بدەینەهەوە، ئایا دڤێرەدا ئەڤە دچیتە زمنیت ویدا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**د. احمد فەرموو.**

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سەبارەت بەم ماددەیە من بەراستی چەند تێبینیەکم هەیە، سەبارەت بە بڕگەی یەکەم لەگەڵ ئەوەم کە بڕگەی یەکەم لابرێت، چونکە لێرە باس لەوە دەکات کە ئیستسنائەکان دیاری دەکات، لەبەر ئەوە پێویست ناکات لێرە بنووسرێ پێویستە دامودەزگای گشتی یان تایبەتی بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەك کە لە بەرژەوەندی گشتی گەورەتر نەبێ وەکو کاك نەژاد وتی، چ بەرژەوەندیەکە کە لە بەرژەوەندی گشتی گەورەتر نەبێ؟ لەبەر ئەوە تۆ لێرە ئیستسنائاتەکانت دەستنیشان کردووە هەر لەوێوە دەتوانی دەست پێبکەی بڕگەی دووەم بکرێ بە بڕگەی یەکەم، هەروەها لەراستیشدا لە هەموو ولاتێکدا بێگومان ئیستسنائات هەیە، چونکە پاراستنی ئاسایشی ولات و هەندێك نهێنی هەیە کە پێویست ناکات کەشف بکرێن ئەوە لە هەموو ولاتێکدا هەیە، بەلام تەوسع کردن لە ئیستسنائاتەکاندا رەنگە کارێکی باش نەبێت بۆ ئەوەی کە ئێمە بتوانین ئەو یاسایە ئەو بڕگانەی کە لەو یاسایدا جێگیرمان کردوون و داواکاری هەموو لایەك بوو کە زانیاری بگات بە دەستی خەڵك، بە دەستی رۆژنامە نووسان، ئەم ئیستسنائاتەنە نەبنە بەربەست بۆ ئەوەی کە زانیاری بگات بە هاوولاتی و بە رۆژنامە نووسان، هەروەها لەگەڵ ئەوەشم کە ماوەیەك دیاری بکرێت بۆ ئەو زانیارییانەی کە دەمێنێ وەکو نهێنی ماوەی چەند دەبێ ئەو زانیارییانە بمێننەوە و حەقی نەبێ ئەو لایەنانە و دامودەزگای گشتی یان تایبەتانە بیدەن بە کەسانی داواکار، سەبارەت بە خاڵی (ث) کە باس لە بەڕیوەچوونی دادگایکردن و بەدیهێنانی دادپەروەری دەکات وەکو امینە خان باسی کرد، بەلای منیشەوە بەراستی ئەم خاڵە زۆر روون نیە، چونکە ئەمە بە شێوەکی رەها باس کراوە، بەڕیوچوونی دادگایی کردن یەعنی باشترە بڵێی ئەو دادگایی کردنانەی کە دادوەر بڕیاری بەنهێنی بوونیان دەدات، لەو حاڵەتانەدا ئەو زانیاریە نەدرێ بە کەسانی داواکار نەك لە هەموو حاڵەتێکدا بە شێوەیەکی رەها، چونکە ئەوە دەکرێ دواتر تەفسیری لێکدانەوەی تری بۆ بکرێ، سەبارەت بە خاڵی (د) کە باس لە کاروباری ناوەخۆی فەرمانبەران دەکات بەراستی ئەمەش بە شێوەیەکی موتلەق هاتووە، بە شێوەیەکی رەها هاتووە، چونکە بۆچی ناکرێ کاروباری ناوەخۆی فەرمانبەر لە حاڵەتێکدا ئەگەر داوا بکرێت، بۆ نموونە زۆر کەیس هەیە کە پەیوەندی بە مەسەلەی گەندەڵییەوە هەیە، پەیوەندی بە فەرمانبەرەوە هەیە کە تۆ نەتوانی داوای بکەی بە حوجەتی ئەوەی کە ئەمە کاروباری ناوەخۆی فەرمانبەرە، نەتوانرێ داوای ئەوە بکرێ کە لایەنی پەیوەندار داوای کەشفی ئەو گەندەڵیە بکات لەو**

فەرمانبەرە، یان وردەکاری کاروبارەکەی بدرێ بە لایەنی ئەو کەسەی کە داوای دەکات، بەراستی ئەمە دەبێتە بەربەستێك کەوا سبەینێ هیچ فەرمانبەرێك بە حوجەتی ئەوەی کە ئەمە کاروباری ناوەخۆی فەرمانبەرە ناتوانی دۆسیەکەی وەربگری و لایەنی پەیوەنداریش ناتوانێ بەدوای ئاشکراکردنی گەندەڵیەکاندا بڕوات، بۆیە من پێمباشە ئەوانەی کە لە خاڵی یەکەمدا کە وتم بڕگەی یەکەم لابرێت و، بڕگەی دووەم بکرێتە بڕگەی یەکەم، ئەم حاڵەتانەی خوارەوە یەعنی دامودەزگای گشتی یان تایبەتی پێویستە زانیاری بدەن بە کەسانی داواکار تەنها لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا نەبێت، ئەوانە ریزبکرێن، هەروەها بڕگەی دووەم زیادبکرێت ئەمەی کە لە بڕگەی یەکەمدا هاتووە و، ئەو دەستەو لایەنانە ناگرێتەوە کەوا بۆ مەبەستی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە داوای زانیاری دەکەن، وەکو دەستەی نەزاهە، پەرلەمان، چاودێری دارایی، چونکە بەراستی ئەگەر تۆ ئەو جیهەتانە جیانەکەیەوە ئەوە وەکو لەپێشەوە باسمان کرد کەوا کەسی سروشتی و کەسی مەعنەوی دەتوانێ داوای زانیاری بکات، بەڵام لێرە بە شێوەیەکی موتلەق هاتووە بۆی هەیە ئەوانەش کەوا بەدوای ئەو زانیارییانەدا دەچن و لیژنەی لێکۆڵینەوە یان تایبەتمەندن بەوە ئەوانیش نەتوانن داوای ئەو زانیارییانە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

(16) ئەندام پەرلەمان ماوە بۆ رۆژی دووشەمە، بەس تەنها ناوەکانیان دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی تەسەلسولی خۆیان بزانن (کوێستان خان، مامۆستا فەرمان، ڤیان خان، هاوڕاز خان، د. عمر، ئاشتی خان، ژیان خان، کاك شوان، کاك خلیل، کاك عبدالسلام، سمیرە خان، بێریڤان خان، شلێر خان، مامۆستا کاوە، کاك لقمان، بەیان خان)، تا رۆژی دووشەمە بەخواتان دەسپێرین.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د.حسن محمد سورە | د. ارسلان بایز اسماعیل |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (26)**

**دوو شەممە رێکەوتی 3\6\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (26)

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2013/6/3

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2013/6/3 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبداللە سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (26)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (26)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2013/6/3 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاریەكان لە هەرێمی كوردستان- عێراق.

2-خستنەروو و گفتوگۆكردنی پرۆژە یاسای سندوقی داهاتەكانی نەوت و گاز لە هەرێمی كوردستان-عێراق.

3-خستنەروو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری هەمواركردنی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2008 كە تایبەت بە هەمواركردنی پیادەكردنی یاسای بە كرێدانی خانووبەرە ژمارە (78)ی ساڵی 1979ی هەمواركراو لەهەرێمی كوردستان-عێراق.

4- خستنەروو و گفتوگۆكردنی پرۆژە یاسای كانزا نا پۆلاَییەكان لە هەرێمی كوردستان.

5-خستنەروو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای جێ بەجێكردنی یاسای خزمەتی زانكۆیی ژمارە (23)ی ساڵی 2008ی عێراقی فیدراڵ و هەموارەكانی لە هەرێمی كوردستان-عێراق.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (26) ڕۆژی دانیشتن (2013/6/3)

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (26)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەمە ڕێکەوتی 2013/6/3 بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاریەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

2-خستنەروو و گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای سندوقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

3-خستنەروو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری هەموارکردنی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2008 کە تایبەت بە هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای بە کرێدانی خانووبەرە ژمارە (78)ی ساڵی 1979ی هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان-عێراق.

4- خستنەروو و گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای کانزا نا پۆڵاییەکان لە هەرێمی کوردستان.

5-خستنەروو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای جێ بەجێکردنی یاسای خزمەتی زانکۆیی ژمارە (23)ی ساڵی 2008ی عێراقی فیدراڵ و هەموارەکانی لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

داوا لەلیژنەی هاوبەش دەکەین فەرموون بۆ سەکۆی لیژنەکان، ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر خاڵی یەکەم، گفتوگۆکردن لەسەر پڕۆژە یاسای سەرچاوە زانیارییەکان، فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە، دیارە بڕگەیەکی گرینگە، من مانەوەی بە زەروور دەزانم، بەڵام بەمەرجێك دابڕێژرێتەوە، بەشێوەیەك یان دەمج بکرێ لەگەڵ بڕگەی دوو یان بڕگەی یەك ببێ بە دوو، دوو ببێ بە یەك، بۆ ئەوەی واتاکەی ئاشکرا بێ و دیار بێ کە مەبەست لە ریزپەڕەکانە، سەبارەت بە بڕگەی دووەم راستە ئەم ریزپەڕانە لە زۆربەی یاسای بەدەستهێنانی مافی زانیاری هەیە لەزۆربەی ئەم وڵاتانەی کە ئەم یاسایەیان هەیە، بەڵام ئەم وڵاتانەی ئەم یاسایانەیان هەیە ئەنجومەنێکیان بەناوی ئەنجومەنی نیشتیمانی یان ئەنجومەنی نەتەوەیی، ئەم ئەنجومەنەیە بڕیار دەدا دەوڵەت یان حکومەت لەگەڵ کێ موفاوەزات دەکا، لەسەر چی موفاوەزات دەکا، هەر ئەو ئەنجومەنەیە بڕیار دەدا کە دەوڵەت یان حکومەت چەك لە کێ دەکڕێ، چ جۆرە چەکێك دەکڕێ، کەی هێز دەجوڵێنی و بە چ ئاڕاستەیەك دەیجوڵێنێ، ئێمە لەکاتێکدا ئەم ئەنجومەنەمان نییە، خۆشمان دەزانین بارودۆخەکانی پێشتر چی پێ وتووین، بۆیە هۆکاری ئەوەیە کە وای کردووە ترس و گومانێك لای ئێمە دروست بکا لەسەر هەندێك لەم ریزپەڕانە، سەبارەت بە

خاڵی یەك، ئەگەر ئەوەی ناو کەوانەکە تایبەت بێ بە تایبەتمەندیەکانی ئاسایش و بەرگری هەرێم کە من داوا دەکەم لیژنەی هاوبەش ئەمەمان بۆ روون بکەنەوە، وەڵامم بدەنەوە، ئایا پەیوەندی بە هەردوو شێوەیەتی؟ یان تەنها بۆ بەرگری هەرێم ئەمە لەقەوسدا نووسراوە، ئەگەر بۆ هەردوو کی بێ کێشەیەك نییە، بەڵام من یەك ئیزافەم هەیە کە دەڵێ وردەکاریەکانی چەك و جۆڵی سەربازی، ئەرکی نهێنی سەربازی و تەناهی و جووڵەی هێزەکان بۆ دەرەوەی هەرێم، پێویستە ئەمە بنووسرێت، یەعنی ئەم ئیزافەیەم هەیە، جووڵەکانی هێز بۆ دەرەوەی هەرێم، چونکە لە رابردوودا بینوومانە کە هێز بە ئاراستەی ناوخۆش جووڵێندراوە، سەبارەت بە خاڵی (ت) من پێموایە ئەم خاڵە ناروونییەکی تێدایە، کام زانیارانە؟ کام لایەنانە؟ چونکە لای ئێمە زۆر لەلایەن و زۆر لە حزبی بچووکیش لەگەڵ وڵاتانی دەرودراوسێ زانیاری دەگۆڕێتەوە و ئەمە کە دەبێت بەڕەئی من لەگەڵ (ب)دا دەمج بکرێ یان نەمێنێت، سەبارەت بە خاڵی (د) کاروباری ناوەخۆی فەرمانبەران، لەگەڵ ئەوەم دەمج بکرێ لە (خ)، بەڵام بەمەرجێك ئەم خاڵە یاسای خدمەی مەدەنی ساڵی 1960 و هەموارکراوەکەی لەگەڵ یاسای ئینزیباتی مۆزەفی دەولەی تێدا پێشەل نەکرابێت، ئەگەر ئەم دوو پێشێلکارییە نەکرابێت، دەکرێت ئاشکرا نەکرێت، بەڵام لەکاتێکدا ئەم دوو یاسایە پێشێل دەکرێ، پێویستە ئاشکرا بکرێ، چونکە لە رابردوودا ئەم پێشێلکاریانە کراوەو بینومانە، من ئاخیر شتم ئەوەیە کە ئێمە بڕگەیەك زیاد بکەین، بڕگەکەش بۆ ئەوەی کە ئەم ریزپەڕانە بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە دانوستانەکانەوە هەیە بوترێت ئەمانە پێویستە لە دوای فەترەیەك ئاشکرا بکرێن بۆ خەڵك کە ئە ئەمە لەزۆربەی یاسایەکاندا هەیە، کە من پێشنیار دەکەم لەدوای بیست ساڵ ئەم نهێنیانە ئاشکرا بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا فرمان.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەشێك لە قسەکانی من کوێستان خان کردی، پشتگیری قسەکانیشی دەکەم، دیارە ئەوەی کە پەیوەندی بە دانوستانی هەرێم هەیە لەگەڵ هەر لایەنێك بێت، دیارە دەبێ بە هەرشێوەیەك بێ دەبێ کاتی بۆ دیاری بکرێ، بەمانای ئەوەی بەساڵ بێ چەندە؟، ئەوەی کە ستانداردە لە زۆربەی یاساکانی دەستکەوتی زانیاری وڵاتاندا هاتیە ماوەی بیست ساڵە، لێرەش بەڕاستی دەبێ دیاری بکەین، هەروەها خاڵی (ت) هەیە دەربارەی زانیاری ئاڵوگۆڕکراو بەڕاستی بەشێوەیەکی زۆر رەها هاتییە، ئەوە پێویستە بەڕاستی دیاری بکرێ کامن ئەم زانیاریانە، هەر زانیارێکی ئاڵوگۆڕکراو؟ خاڵی (ث)مان هەیە دادگا بەراستی بەشێویەکی ئاشکرا دەکرێ، دەستەواژەکە روون نییە، ئەگەر برادەرانی سەر مەنەسە کەرەم بکەن کە رەنگە لای کۆمەڵێك لە برادەرانی پەرلەمانتاریش ئەمەیان روون نەبێت، ئەوەمان لە بۆ روون بکەنەوە باشتریش، خاڵی توێژینەوەی زانستی، دیارە توێژینەوەی زانستی بە دوو قۆناغە، قۆناغی پێش ئاشکرا کردنی داهێنانەکە و قۆناغی دوایی، دیارە

مـن پـێم چـاكە توێژینـەوەی زانسـتی یـان تـەكنیكی ئـەو وشـەی بـۆ زیـاد بكـرێ، پـێش تۆمـاركردن و یـان ڕاگەیاندنی، پـێش تۆمـاركردن و یـان ڕاگەیانـدنی دیـارە ئەگـەر ئاشـكرا بكـرێ ئـەوە زیـان بـە داهێنـەرەكـە دەگەیەنێت، بەڵام دوای ئەوەی كە تۆمار دەكرێ، هەروەها بڵاودەكرێتەوە لە هەرشوێنێك بێت دیـارە ئـەوە هیچ كاریگەری بەمانای زیان بە داهێنەر ناگەیەنێ، بەڕاستی كاروباری فەرمانبەرانیش پێم چاكە مەسەلەن زۆر وردەكاری تێدا هەیە، مەبەست چییە ئەگەر برادەرانی سەرمەنەسە ئەوەشمان بەكەرەمەوە لە بۆ ڕوون بكەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ڤیان خان.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی پانزدە كە مادە ریزپـەڕەكانن، مـن پشـتیوانی لـە ڕەئییەكـەی كوێسـتان خـان دەكـەم، بـۆ مانەوەی بڕگەی یەكەم، بەڵام شێوازی داڕشتنەوەكەی بەشێوازێك بێت كە بكرێت بـە بڕگـەی دووەم یـاخود دەمج بكرێت كە بەشێوەیەك بێت پێدانی ئەم زانیاریانە لەكاتێكدا كە لەبەرژەوەندی شـتی گـەورەتر نـەبێ یاخود بەرژەوەندی گشتی وای خواست كە ئەمانەش ئەم خاڵانەی دووەم كە باسكراوە ئـەمانیش بـە هـەمان شـێواز زانیارییـەكان بـدرێن بـە ئـەو كەسـانەی كـە داوای یـاخود تەڵـەبی زانیارییەكـەی پێشكەش كـردووە، پێدانی زانیارییەكە، لەبەر ئەوەی ئێمە هەر یاسایەك كە دەردەچێت كۆمـەڵێك ئامـانجی هەیـە، یـەكێك لـە ئامانجە گرینگەكانی ئەم یاسایەش دیارە بەرەنگاری بوونەوەی گەندەڵییـە، پێـدانی زانیارییـە، پاراسـتنە لـە پرەنسیپی شـەفافییەت، ئەمانـە كۆمـەڵێك ئامـانجی زۆر گـرینگن كـە دەبـێ لـەم یاسایانەدا بـوونی هـەبێ و سەرجەمی ئەو زانیاریانە بگات بە هەر كەسێك ئەگەر بێت و داوای زانیـاری بكـات لـە هـەر دامودەزگایـەك، بـەڵام كـە تـۆ هـاتی ئـەم مـاددە ریزپەڕانـەت دانـاوە كەواتـە تـۆ ئەهمیـەت و گرینگـی ئـەم یاسـایەت باتـڵ كردۆتەوە لە پێنەدانی ئەم زانیاریانە یاخود بە كۆت و بەندكردنی ئـەو كەسـانەی كـە دەیانـەوێ بگـەن بـە سەرچاوەكانی یاخود بەسەرچاوەی ئەو زانیاریانەی كە دەیانـەوێ دەسـتیان بكـەوێ، مـن تێبینـیم هەیـە لـە بڕگەی دووەم لە خاڵی ئەلفی، نهێنییەكانی تایبەت بـە ئاسـایش و بـە بـەرگری هـەرێم، ئـەوە بـە كۆمـەڵێك دەستەواژە روونكراوەتەوە كە مەبەسـتی چـییە، بـەڵام ئـەوەی ئێمـە لـە كەوانەكـەدا باسـكراوە مەبەسـت لـە بەرگری هەرێمە، چونكە ئاسایش بە جیا نووسراوە، ئەمانە چونكە دوو دەزگای جیاوازن، كەواتە دەبێت بە هەمان شێوە نهێنییە تایبەتـەكانی ئاسایشیش بـۆ ئێمـە ڕوون بكرێتـەوە كـە مەبەسـت چـییە؟، بەنیسـبەت خاڵی (ب) و (ت) كە بـاس لـە دانوسـتانەكانی هـەرێم و دووەمـیش ئـاڵوگۆڕی زانیـاری دەكـات، چـونكە هـەر یـەكێك لەمانـە ئەگـەر هـەر ڕێككـەوتنێك بكرێـت یـاخود هـەر ئـاڵوگۆڕێكی زانیـاری بكـرێ لەسـەر هـەر مەسائیلێك كەواتە پەیوەندی هەیە بە خاڵی ئەلفەوە، ئەگەر پەیوەندی هەیە بە خاڵی ئەلفەوە كەواتـە تـۆ

ناكرێت (ب) و (ت)یش كە پەیوەندی هەیە بە دانوستانەكان یاخود پەیوەندی هەیە بە ئاڵوگۆڕی زانیاری جارێكی تریش كۆت و بەندی بكەیتەوە سەر، بەنیسبەت خاڵی (ث) كە باش بەڕێوەچوونی دادگایی كردن و بەدی هێنانی دادپەروەری، ئەمە تەواو مەتاتییە، چونكە ئەگەر مەسەلە لە بەڕێوەچوونی جەلسەكانی مەحكەمە بێ، ئەوا مەحاكم خۆی بڕیار لەوە دەدا كە ئایا جەلسەكە بە عەلەنی بێت یاخود بە شاراوەیی بێت، كەواتە لێرەدا دەبێت شێوازێك بێت ئەوەی من دەمەوێ پێشنیاری بكەم لێرەدا دەبێ بوترێت پێنەدانی ئەو زانیاریانە بە هەر لایەنێك كە ببێتە هۆی گۆڕانكاری لە ڕێڕەوی دادپەروەری كردن لە قەزیە جینایەكاندا، چونكە ئەگەر مەبەست لەوە نەبێت ئەم شێوەیەی كە لێرە داڕێژراوە مەحكەمە خۆی تەحسیلێ حاسڵە ئەو قەزیانەی كە پێویست دەكا جەلسەكە بە نهێنی بێت پێویستە بەنهێنی بڕوا بەڕێوە، بەنیسبەت خاڵی (ح) توێژینەوەی زانستی، پشتیوانی رایەكەی مامۆستا فەرمان دەكەم، كە ئەمە پێش تۆماركردن و بڵاوكردنەوە پێویستە ئەمەی بۆ زیاد بكرێت لە پێشەوە، پێش تۆماركردن و بڵاوكردنەوەی توێژینەوەی زانستی، چونكە دوای ئەوەی كە بڵاوكرایەوە و تۆماركرا، بڵاویش بكرێتەوە ئاساییە، پشتیوانی لەو رایەی كوێستان خان دەكەم، كە پێویستە مووددەیەكی زەمەنی دابندرێ، كە پێشنیاری كرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو هاوڕاز خان.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی پانزدە بەراستی بڕگەی یەكەم بڕگەیەكی زۆر مەتاتییە، سەربەخۆش داندراوە، ئەگەر ئەم بڕگەیە بەراستی پێویستی بە پێناسە و وردكردنەوە و شەفافیەت و سادەیی و روونتری هەیە، من پێموایە ئەم بڕگەیە جێگای ئێرە نییە، نابێ بەشێوەیەكی سەربەخۆ رەهایی لێرە دابندرێ، ئەگەر وەكو كوێستان خان گوتی بە داڕشتنێكی تر بخرێتە ناو ریزبەندیەكان ئەوە من پێشتگیری دەكەم، چونكە هیچ پێوەرێك نییە لێرە كە بڕگەیەكی سەربەخۆ هاتووە، پێوەرێك نییە بۆ بەرژەوەندی گشتی و تایبەتی، روون نییە شتەكە بەڕاستی، سەبارەت بەو خاڵانەی كە باس دەكرێ زانیاری نەدرێ بە كەسی داواكراو، من پێموایە هەر لە ئەلفەوە كە باسی نەهێنییەكانی تایبەتی ئاسایش دەكا، هەرچەندە لەناو كەوانە ئەو باس لە وردەكاری چەك و چۆڵی سەربازی دەكا، بەڵام لە دواتر یاسایەكان بەكوردیش لەناو وەقائیعدا بڵاو دەكرێنەوە، ئەگەر ئەم تەرجومە كردنە بڵاو بكرێتەوە من پێموایە ئەو تەناهییەكەی كە نووسراوە روون نییە و مەبەست لێی وازح نییە كە لەوێ تەرجومە كراوە، من داڕشتنێكی دیكەم هەیە لە بۆ ئەو خاڵە كە بەڕاستی پێویست ناكا ئەم هەموو ئەوەی پێبدەین، كە بوترێ یەعنی ئەو زانیاری نەدانە ئەو شتانە بێ وردەكاری چەك و تكنیكاتی بەرگری و ستراتیژیەتی بەرگری كردن لە هەرێم، یەعنی ئەو داڕشتنە بێت، سەبارەت بە خاڵی (ب) وردەكاری لە بەڕێوەچوونی دانوستانی هەرێم لەگەڵ هەر لایەنێك تەبعەن هەر دوو خاڵی (ب) و (ت) ئەگەر تێبینی بكەین باسی لەوە یەعنی كە دەخوێنیتەوە وا تێدەگەی باسی پەیوەندییەكانی ناوەخۆیە، زیاتر باسی بەغدایە و

باسی پەیوەندیەکانی هەرێمە و ئەو کێشانەی هەن، خاڵی (ت) هەر ئەو ئاڵوگۆڕی کردنەی رێککەوتن و ئەوانە هەر ئەو بابەتەی لێ دەخوێندرێتـەوە، مـن پێموایـە ئـەو شـێوەیەی کـە هـاتووە بـەنهێنی رێککەوتنـەکان یـان پەیوەندییەکان یان دانوستانەکان بمێننەوە بەڕاستی ئا ئەم شێوە نهێنیە تاکەی؟ ئەوە ئەگەر لە حاڵـەتێکی نـا ئاسایی بێ هەر کێشە دروست دەکا لەبۆ خەڵك، چونکە خەڵك حەقی خۆیەتی و مافی خۆیەتی، ئەگەر شـتەکان ترسناك نەبن لەسەر هەرێم، ترسناك نەبن لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان ئاساییە خەڵك بیزانـێ، بـەلاَم بەداخەوە لەبەر ئەوەی ئێمە لە واقعێکدا دەژیـن بـە نـەهێنین، زۆربـەی پەیوەندییـەکان، ئـەو گرێبەسـتانەی دەکرێن، ژێراو ژێر دەکـرێن، خـەڵك لێـی ئاگـادار نییـە، لەبـەر ئـەوە گومانێـك دروسـت بـووە کـە هـەموو ئـەو پەیوەندیانەی پەیوەندی بە حزبێك یان بە دەستەلاَتێکەوە هەیـە بـە نـەهێنی و بـەژێراو ژێـر بکـرێن، لەبـەر ئەوە من لەگەڵ ئەوە دانیم، هەر دووك خاڵەکە ئەگەر دەمج بکرێ، باشە، بەلاَم بەم شێوە دا رشـتنە نـەبێ کـە بەراسـتی بـەم شـێوەیە زانیارییـەکان پێویسـتی خـەڵکن، مـافی خـەڵکن، لـە خـەڵك بشاردرێتەوە،؟سـەبارەت بـە کێبڕکێی رەوا لە خاڵی (ج)باس دەکا، ئاشکرا کردن یان قازانج یان زیانی ناڕەوا بۆ هەر کەس و کۆمپانیایەك لە ئەصڵی ئەو پرۆژەیەی کە ئەم خاڵەی لێوەرگیراوە بەڕاستی بەم شێوەیە نییە، بەشێوەیەکی نادروست، خاڵێکـە دوو بەشکراوە، لەتکراوە، بەشێکی هێندرایە لێرە تەرجومـەی کـوردی کـراوە، بەشـەکەی دیکـەی لـێ بردرایـە، ئەگەر سەیری ئەصڵی ئەو پرۆژەیە بکەین کە ئەو خاڵەی لێ وەرگیراوە ئەو باسی زانیاری تایبەت بە تیجارە و بە سناعە و بە مال دەکا، باسی کێبڕکێی کۆمپانیایەکان ناکا، ئاساییە کێبڕکێی کۆمپانیایەکان خەڵك پێی بزانێ و عەلەنی بێ و لەبەر چاوی خەڵك بێ، خەڵك لێی ئاگادار بێ، یـەعنی ئـەوە بـەم شـێوەیە نییـە بەڕاسـتی، مـن پێموایە ئەو خاڵە خاڵێکی ناتەواو دەردەچێ، خاڵێکـە کـە بەڕاسـتی هـیچ پێویسـت نییـە لێـرە ئـەو زانیاریانـە خەڵك لێی ئاگادار نەبێ، خاڵێکی دی مەسەلەی کاروباری ناوخۆی فەرمانبـەران ئـەوەش وازح نییـە، مەبەسـت چییە لـەکاروباری نـاوخۆی فەرمانبـەران؟ دام و دەزگاکـانی حکومـەت، یـەعنی ئـەوە زانیارییـەکانیان لەبـەر دەستی خەڵك نەبێ؟ خەڵك لێی نەزانێ؟ ئەگەر پەیوەندی بە تاکە کەس هەیە، ئیدی ئەوە بابەتێکی دیکەیـە، نازانم ئەویش هەر رێکاری دی هەیە، بەس ئەوە زۆر وازح نییە، ناکرێ بەم شێوەیە بمێنێتـەوە، بەشـێوەیەکی گشتی من لەگەڵ ئەوە دام بەڕاستی ئەو هەموو ریزبەندەی کە لێـرەدا هـاتووە، ئـەو هـەموو ئیسـتیسـنائەی کـە لێرە هاتووە  بۆ ئەوەی زانیاریەکان نەدرێن بە خەڵك، کەم بکرێنەوە، هەندێ لە خاڵەکان دەمج بکرێن لەگـەڵ یەك، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. عمر.

**بەڕێزد. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم کە پەیوەستە بە ماف و ئازادی گەیشـتن بـە زانیـاری لەگـەڵ ئاسایشـی نەتـەوەیی و پرسی بەرگری، خاڵێکی زۆر، زۆر گرینگە، دەکرێ بە جدی لەسەری بوەستین، چونکە لەحکومڕانیەتی ولاَتدا،

لەسیستەمی سیاسی ولأتاندا بەگشتی، بەتایبەتیش ولأتانی دیموکراسی ئەوە ساخ بۆتەوە کە دەکرێ ئێمە ئاسایشمان بەبێ ئازادی، بەبێ مافی گەیشتن بە زانیاری یان بەشێوەیەکی گشتی هەبێ، بەلأم ناکرێ بەڕاستی ئازادی و مافەکان بەگشتی، بەتایبەتیش مافی گەیشتن بە زانیاری و ئازادی گەیشتن بە زانیاری بەبێ ئاسایش و نیزام و بەرقەرار کردنی ئاسایش لە ئارادا بێ، ئەمە دەمێکە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و شارەزایان کاریان لەسەر کردووە، لەخۆوە نەهاتووە کە پرۆتۆکۆڵی نێودەوڵەتی تایبەت بە ئازادییە سیاسیە مەدەنییەکان لەماددەکانی (19)، (21)، (22) کە تایبەتن ئەم سێ ماددەیە بە مافی گەیشتن بە زانیاری و بلأوکردنەوەیان، مافی ئازادی را دەربڕین، هەروەها ئازادی خۆ ڕێکخستن، ئەم جۆرە ماف و ئازادییەیان، مومارەسەکردنیان، پێگەیشتنیان، ڕێکخستنیانی بەستۆتەوە بە کۆمەڵێك ئیستیسنائات و هەلأواردن، کە ئەمانەن ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمانی، نابێ خەتەر دروست ببێ لەسەر ئاسایشی نیشتیمانی و نەتەوەیی، نابێ ببنە مایەی خەتەریان بۆ سەر ماف و ئازادی ئەوانی تر، کەسانی تر، هەروەها بۆ سەر ئادابی گشتی و تەندروستی گشتی و سەلامەتی گشتی، ئەمە پرۆتۆکۆڵی نێودەوڵەتی تایبەت بە ماف و ئازادیە سیاسییەکان لە ساڵی 1966 کە ئیمزا کراوە، ساڵی (1976) یش کەوتۆتە بوار جێ بەجێکردنەوە، ئەمە وەکو پرەنسیپی نێودەوڵەتی، ئێمە هەرگیز لەگەڵ ئەوە نین بەڕاستی کە بڵێین بەرگری کردن لە ولأت یان بەر قەرارکردنی ئاسایش و سیستەم لەسەر حیسابی ئازادیی و مافەکان بێ، بەلأم دەبێ هاوسەنگی هەبێ، پەیوەندیان بە یەکترەوە هەیە، دەبێ ڕێك بخرێ، ئەگەر بێین سەیری نموونەی هەندێ ولأتان یان هەتا ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بکەین، لەدوای (11) سێبتێمبەر لیژنەیەکی بالأ لە پسپۆران و ئەندامانی کۆنگرێس پێکهات بۆ دراسە کردنی ئەو ڕووداوەی کە ڕوویدا، لە ڕاپۆرتی خۆیاندا بەوە گەیشتن کە زێدەڕۆیی و شل و خاوی لەڕێکارە ئەمنییەکان، یان هەندێك جاران ئاسانکاری لە ڕادە بەدەر بۆ ئەوەی کە گەیشتن بە زانیاری هەبووە لەوێ، هۆکارێك بووە لە هۆکارەکانی ڕووداوەکانی (11)ی سێبتێمبەر، بۆیە ئەوان بڕیاریاندا ئیعادە نەزەر بگەن لەسەر ئاستی یاسا، لەسەر ئاستی موئەسەسات، لەسەر ئاستی ڕێنمایی، لەسەر ئاستی یاسا کۆمەڵێك یاسای تازەیان دەرکرد، یەکێك لەو یاسایانە یاسای نیشتیمانی ئەمەریکا (پاتریۆت ئەکت) کە جەدەلێکی گەورەی لە ئەمەریکا دروست کرد، ئەم یاسایە ڕێگای دا کە گوێگرتن لە پەیوەندیەکانی هاوولأتیان مەسموح بێ، ڕێگا درا بە موئەسەساتی ئەمنی کە نامەیەك ئاراستەی کەسانێك بکەن بە ناوی نامەی ئاسایشی نەتەوەیی، بە دەیان هەزار نامەیان ئاراستەی خەڵك کرد بۆ بەدوا داچوون، ڕێگاشی نەدەدا ئەو کەسە ئەم نامەیە ئاشکرا بکات، جەدەلێکی گەورە دروست بوو، کە ئەمە ئەم ڕێکارە ئەمنیانە، ئەم یاسایانە ئەم تەناقوزەی لەگەڵ دەستوور هەیە، بەلأم وتیان ئاسایشی هاوولأتی ئەمەریکا و ئاسایشی کۆمەڵگای ئەمەریکا سەرەکی ترین ئامانج و ستراتیژترین ئامانجی ئێمەیە، یاسایەکی تریان دەرکرد بەناو یاسای (ئاژانسی مواسەلأت) یاسای فرۆکەخانەکان، لەم یاسایانەدا پێداچوونەوەی جدییان کرد، چۆن مەعلومات دەبەخشن، چۆن مەعلومات وەردەگرن، چۆن ڕێکاری ئەمنی تازە دادەنێن، سەبارەت بە پشکنین، تا هەوڵبدەن تا ئەمنییەتی خۆیان بەرقەرار بکەن، سەبارەت بە بانکی نێودەوڵەتی ئەگەر سەیری ماڵپەڕی بانکی نێودەوڵەتی بکەین ئەم ڕێکخراوە ئابوورییە نێودەوڵەتییە لە

پێدانی زانیاری لەسەر خۆی دەیان ئیستیسنای کردووە، ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم کە ئەم هەڵاوردنانە هەبن، بەس وەکو ئاماژەم پێدا بەراگرتنی هاوسەنگی لەنێوان مافی گەیشتن بە زانیاری لەگەڵ بەرقەرار کردنی ئەمنیەت و ئاسایش، واتە هیچیان لەسەر حیسابی یەکتر نەبێ، سەبارەت بە بڕگەی یەکەم من لەگەڵ ئەوەم بەڕاستی کە هاژە خان ئاماژەی پێدا کە ڕێکبخرێتەوە و دابڕێژرێتەوە، من بیر و بۆچوونی خۆم بە نووسراو نارد بۆ لیژنەی هاوبەش، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکەم کە منیش ڕەئیم وایە دووبارە دابڕێژرێتەوە، بڵێین زانیاری و نهێنییە تایبەتی و هەواڵگرییەکانی پەیوەست بە بەرگری و بە ئاسایشی نیشتیمانی لە هەرێم، ئەوەندە کیفایەتە، نەك بچییە ناو تەفاسیل و ئیتر وردەکارییەوە، هەروەها پشتیوانی لە بیروبۆچوونی برای بەڕێزم کاك د. ئاراس، کاك عبداللە حاجی محمود دەکەم کە ئاماژەیان بە مەسەلەی کۆمەڵێك بواری تری پەیوەست بە ئاسایش کرد، بەتایبەتی ئاسایشی ئابووری، هەروەها بەشێکی زۆر لە هاوکاران ئاماژەیان بەوە دا کە ئەو ئیستیسنائەو ئەو هەڵاوردنانە تر من وشەی هەڵاوردن لە جیاتی ریزپەڕ، کە لە یاسایەکانی تردا هاتوون، داڕشتنێکیشم ناردبوو بۆ ئەم بڕگەیە، بۆ لیژنەی هاوبەش، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر سەیری یاسای مافی گەیشتن بە زانیاری لەلای وڵاتان بکەین بەتایبەتی وڵاتانی دیموکراسی، کۆمەڵێك ئیستیسنائاتی تریشیان داخیل کردووە، ڕەنگە پێویست بکا ئاماژەیان پێ بدەین بشیان گونجێنین ئێمەش، بۆ نموونە پێدانی زانیارییەك کە دەبێتە هۆی ئاشکرابوونی سەرچاوەیەکی زانیار، یان زانیارییەك کە لە ئەساسدا بە یاسا دەبێ ئەو نهێنییە بپارێزرێ، یان پێدانی هەر زانیارییەك کە دەبێتە پێشێلکردنی ماف و ئازادی کەسانی تر، هاووڵاتی بێ، گرووپ بێ، هەر لایەنێکی تر بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشتی خان.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە من کۆمەڵێك تێبینیم هەیە، بڕگەی یەکەمی پشتیوانی لەو ڕایە دەکەم کە بەشێوەیەك دەستی لیژنەی هاوبەش خۆش بێ زۆر خراپ دایان ڕشتۆتەوە، لەبەر ئەوە بۆیە زۆرترین قسەی لەخۆ گرتووە، ئەوەیە کە بەشێوەیەکی روون نەهاتووە کە لە کاتێکدا ئەو موئەسەسەیە بۆی نییە ڕێگری بکا لەبەردەم پێدانی زانیاری ئەگەر هاتو بەرژەوەندییەکی گشتی گەورەتر بێ لەو بەرژەوەندی موئەسەسە خاسە، کە بڕیار دەدا زانیارییەکە نەدات، واتە ئەلێرەدا دوو حاڵەتمان هەیە، یان بڕگەکە بە تەواوەتی دادەڕێژرێتەوە یان کە دەچینە سەر ئیستیسنائەکان بەشێوەیەك بێ کە دەبێ ئەو بڕگەیە گشتییە لە خزمەتی بڕگەکانی خوارەوەدا بێت، نەك تەناقوز بێ لەگەڵ یەکتردا، بەشێوەیەکی گشتی روحی یاسایەکە یەکسانە بە شەفافیەت و کەشف کردنی زانیاری، هەموو یاسایەك حیکمەتەکەی لەوەدایە کە روحی یاسایەکە بپارێزرێ، ئێمە لێرەدا نەهاتووین باس لە کۆمەڵێك ئسولی ڕێ گرتن لەبەر دەم پێدانی زانیاریدا بکەی، روحی یاسایەکە خۆی یەکسانە بەوەی کە هاووڵاتی لەسیستەمەکانی پێشوودا نەیتوانیوە

بگات بە زانیاری، ئێمە لەرێگای ئەم یاسایەوە دەمانەوێت ئەو مافە بۆ هاوولاّتیان دەستەبەر بکەین، واتە ئەگەر هەر برگەیەك دادەرێژینەوە موتەناقز بێ لەگەڵ روحی بەدەستهێنانی زانیاریدا بەبڕوای من وەکو وابێ یاسایەکە نە قوەتی دەبێت، نە لە جێ بەجێکردنیشدا هاوولاّتیان و خەڵکی گشتی سوودمەندن، سەبارەت بە برگەی دووەم کە باس لە ئەسراری خاس بە ئەمنی ئیقلیم و دیفاعی کراوە، کۆمەڵێك ئیستیسنائات خراوەتە ناو کەوانەیەکەوە، لەزۆربەی یاساکاندا بەبێ ئەوەی کە تەعریفی حاڵەتەکان بکرێت دانەڕێژراوەتەوە، بۆ نموونە تەفاسیلی ئەسلیحە زۆر بە موجەرەدی هاتووە، لەگەڵ ئەوەشی کە برگەکە سەقفی زەمەنی لەگەڵدا تەحدید نەکراوە، بەلاّم ئایا ئەم زانیاریانە (الابدالاهر) بەشێوەیەکی بێ سەقف، بەبێ ئەوەی سەقفی زەمەنی بۆ تەحدید بکرێ، یەعنی هەتا ماوە بەسری دەمێنێتەوە؟ ئەگەر باس لە هەندێك ولاّت دەکرێ، لە هەندێك ولاّتاتدا دەزگای نیشتیمانی هەیە، کە خەڵك دەتوانێ بچێ زانیاری لێ وەر بگرێ، ئێمە لە رێگای ئەم یاسایەوە ئومێدمان هەیە کە دەزگایەکی نیشتیمانی لە ئایندەدا دروست بێت، هەموو هاوولاّتییەك یان وێب سایتێك هەبێت بتوانێ بە کلیکێك کۆمەڵێك زانیاری دەست بکەوێت، بەلاّم ئەمەی کە ئەلێرە داندراوە بۆ موتڵەقییە، تەفاسیلی ئەسلیحە باشە ئێمە چۆن بزانین هەرێمی کوردستان بەرەو تەوەجوهی ئەوە دەڕوا کە داهاتی گشتی تەرخان بکا بۆ کڕینی چەك و تەقەمەنی، چۆن باحیسێك بتوانێ لەسەر ئایندەی هەرێمی کوردستان قسە بکا یان توێژینەوە بکات، ئەگەر هەموو زانیارییەکان جێگای حەجب بێ، نەگاتە دەستی، خۆ دەبێ بەشێك لەم زانیاریانە بگاتە....، بۆیە ئەگەر باس لە تەفاصیلی ئەسلیحە دەکرێ یا لە تەجهیزاتی عەسکەری دەکرێ، دەبێ ئامانجەکەی بۆ تەحدید بکرێ، لە چیدا ئەم زانیاریانە رێگای لێ دەگیرێ کە نەگاتە هاوولاّتی......

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی خان دەمەوێ یەك مولاحەزەی برایانەت پێ بڵێم، لەو چەند رۆژانەی رابردوو ئەمەریکییەکان کابرایەکی چینییان دەرکرد لەسەر ئەساسی ئەوەی کە مەعلوماتی لە هەندێك مەسائیلی چەکی ئەمەریکا کۆ کردۆتەوە، چونکە هەندێك مەسائیلی چەك هەیە لە هیچ ولاّتێکی دونیا ناوترێ، فەیناکە وەزارەتی دیفاعی ئەو ولاّتە مومکینە سالاّنە لە بودجەکەی خۆی بلێ ئەوەندە تەرخان دەکەم، مومکینە قەسەی لێ بکرێ، بەلاّم مەعلوماتی ئەسلیحە ئەوە شتێکی زۆر نهێنییە، بە نیسبەتی هەموو ولاّتێك، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موشکیلەکە ئەوەیە یەکێك لە سین لەوانەیە دادگایی بکرێ لەسەر پرسێکی وا، بەلاّم زۆر پرسی تر هەیە لێرە کەس لەسەری دادگایی ناکرێ، منیش قبووڵمە با هەموو کەشف بێ بەشتی تریشەوە، نەك هەر تەنها بەوەوە، باس لە مەهامی سری دەکرێ و ئەمنی، ئەمە کۆمەڵێك سیاغە کردنەوەی دووبارەی تێدایە، مەهامی سڕی و عەسکەری، چی فەرقە لە تەحەروکات و تەکتیکاتی دیفاعی، ئایا لە مەهامی سڕیدا پرسی ئیستخباراتیش لەخۆی ناگرێ؟ ئایا لە مەهامی سڕی و عەسکەریدا تەحەروکات و تەکتیکاتی دیفاعیشی

تێـدا نییـە؟ بۆیـە بـەربڕوای مـن ئەگـەر وەكـو دەسـتەواژەی دارشـتنەوە لـەرووی شكلیشـەوە كۆمـەڵێك موستەڵەحی دووبارەی تیدا هەیە، كە دەبێ ئەمانە: یەك، دەبێ ئامانجی لەگەڵدابێ، بۆ نموونە، ئەگەر بـاس لـە عەمـەلیاتی عەسـكەری دەكرێـت بكرێتـە پرۆسـەی سـەربازی، عەمـەلیاتی (العملیـات العسـكریة والقـوات المسلحة التي تهدف الى حمایـة الـوطن) یـان (حمایـة الاقلیـم)، بـەم شـێوەیە، واتـە ئامانجەكـە بـاس لـە یاسـای وڵاتەكانی تر دەكرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا كە ریزپەڕەكان داندراوە لەگەڵێشدا جەخت لە ئامانـج كراوەتـەوە، پێویستە لەگەڵ ریزپەڕەكاندا ئامانج تەحدید بكرێت نەوەك جێ بهێڵدرێ بـۆ ئـەوەی كـە تـەئویلی جیـاواز بكرێ، تەئیدی ئەو بیرۆكەیە دەكەم كە لـە هـیچ یاسایەكدا نییـە كـە سـەقفی زەمـەنی تەحدیـد نـەكرابێ، دەبێـت سـەقفێكی زەمـەنی لەگەڵێـدا تەحدیـد بكـرێ و جـارێكی دیكـە دەڵـێم بـۆ ئەبـەدی دەهـر ئایـا هـەر كابینەیـەك، هـەر دەسـتەڵاتێكی سیاسـی كـە دەگـۆڕێ باحیسـێك چـۆن بگاتـە زانیـاری؟ واتـە هـەر یەكـە جانتایەكەی خۆی كۆ بكاتەوە بە زانیاریەكانەوە بیبات بـۆ نـاو حزبەكـە و بـۆ نـاو مـاڵی خـۆی؟ یـان دەبـێ ئالیەتێك هەبێ كە ئەم زانیاریانە رێك بخرێت یان لە دوای بیست ساڵ شوێنێك هەبێت كە ئەو حەقە بدات بە تۆ چ لەرووی زەمەنەوە حەق بدرێ بە هاووڵاتی ئیعلان، چ لەرووی بڵێین موئەسەشەوە رێگـا بـدرێ كـە تۆ بتوانی ئەو زانیاریانە وەر بگری، بۆیە نە ئامانجی تێدایە، نە زەمەنی بۆ تەحدید كراوە، ئێمـە ئومێـدی ئەوەمان هەیە كە موئەسەسەكە دروست بكرێ و بە ئەرشیفی بكەین، ئامانج لە زانیارییە سرییەكانیش لـە هەموو هەرێمێكدا بریتییە لە ئەرشیف كردن، بە پرۆتۆكۆڵ كردن، بەڵام ئەو سیاغەی كـە دانـدراوە نـە لـە خزمەتی ئەرشیف كردنە، نە لە خزمەتی پرۆتۆكۆڵكرندایە، باس لـە ئـەمنی قـەومی دەكرێـت، یـەعنی ئـەو تەسەورە تەقلیدییە نەماوە بـۆ پاراسـتنی ئاشـتەوایی كۆمەڵایـەتی و ئـەمنی نەتـەوەیی لـە رێگـای پاراسـتنی نهێنی و سرییەی تام، ئێستا رێ و شـوێن هەیـە بـۆ سـرییەی تـام، یـەعنی خـەڵك لـە وڵاتـانی تـر، مـن بۆیـە دەچمە سەر ئاماژە كردن بە وڵاتانی تر چونكە كۆمەڵێك وڵات بەو وڵاتە باس دەكرێت، ئێمە دركمـان بـەوە هەیە كە لە هەندێك وڵاتدا هەندێك برگە داڕێژراوەتەوە بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا خـەڵك دەتوانێـت زۆربـەی زانیاریەكان لە رێگای وێب سایتێكەوە دەستی بكەوێ، بۆیـە ئـەو ئەمنییەتـە بەحتـە كـە دادەڕێژرێتـەوە لـە ماددەكانـدا بـە بـڕوای مـن ئـەوە ئاسایشـی نەتـەوەیی لـە شـەفافیەتدایە، لـە بـەهێز كردنـی پایـەكانی دیموكراسییەت دایە، لەواڵابوونی زانیارییەكانە لەبەردەم هەمووناندا، لەگەڵ ئەوەشدام با كۆمـەڵێك ریزپـەڕ هەبێت بۆ ئەوەی نەوترێت كە ئێمە ئیعتیبار بە كۆمەڵێك ریزپەڕ ناكەین، بەڵام پێویستە ئامانجی لەگەڵدا تەحدید بكرێ و زەمەنیش لەگەڵێـدا دابڕێژرێتـەوە، لـەرووی شـكلیەتی دارشـتنەوە لـە خـاڵی (ب) بـاس لـە تەفاسـیلی سـەیری موفـاوەزات دەكـا، لـە خـاڵی (ت)دا بـاس لـە مـەعلوماتی موتـەبادیل دەكـا، ئایـا سـەیری موفاوەزات بەشێكی بریتی نییە لە ئیتیفـاق؟ كـە موفـاوەزات زۆرجـار خـۆی لـە ئەكامەكـە دەدا، یـان بـەرەو ئیتیفاق دەڕۆی یان بەرەو ئیتیفاق ناڕۆی، بۆیە بەبڕوای من ئەوە هەردووكی یەك محتەوایە، لەگەڵ ئەوەی كە لایەنی بەرامبەر من وەكو باحیسێك، وەكو هاووڵاتییـەكی ئاسایی، وەكو سـەحافییەك چـۆن بـزانم كـە لایـەنی دووەم رەزامەنـد بـووە لەسـەر ئـەوەی كـە ئیتیفاقەكـە سـڕی بـێ؟ مـن وڵاتەكـەی خـۆم حـەجبی

مـەعلوماتم لـێ دەكـا، ئـەی وڵاتەكـەی تـر كـە لـە ئیتیفاقەكـەدا بـووە، یـەعنی بچـم پەیوەنـدی بكـەم بـە موئەسەسەی ئیعلامی وڵاتەكەی تر بڵێم بێ زەحمەت، ئێوە لەم پرۆتۆكۆڵەدا موافەقـەتان كـردووە كـە ئـەم ئیتیفاقەی یان ئەو موفاوەزاتە سرِی بێت؟ سەبارەت بە خاڵی (ث) كە دەڵێت (حسن ادارة المحاكمات وتحقيق العدالة)، ئەمەش بەشێوەیەكی گشـتی مـەحاكم لـەزۆر بـواردا دەرگـای والآیـە كـە هەنـدێ لـە قەزیـە دەكـرێ خەڵك تێیدا دابنیشێت، یان زانیارییەكانی دەست بكەوێ، بەلاّم دەكرێت دارِشتنەوەكەی بەم شـێوەیە بێـت، (الحاق الضرر بنتائج التحقيقات وسير الدعاوي التي لم يصدر فيها حكماً باتاً) واتە بەتەنها ئـەو دەعوایانـەی لە مەحكەمە و لە تەحقیقاتـە كـە هێشـتاكە ئەنجامـەكانی لێكۆڵینـەوە برِیـاری تـەواوی لەسـەر نـەدراوە، ئـا لەمەدا جۆرێك لە حەق دەدەین نەك بە تەواوەتی ئێمە تەواوی دانیشتنەكانی مەحكەمە لەبـەردەم ئـیعلان و هـاووڵاتی ئاسـایی دا زانیارییـەكان حـەجب بكـەین، لـە خـاڵی (ج)دا بـاس لـە موونافەسـە دەكـا، مـن لـە دارشـتنەوەكەدا دەڵـێم لـەرووی شـكلییەوە موونافەسـە جوزئێكـە لـە ئیقتیسـاد، یـەعنی لـەم هـەموو پرِۆسـە ئیقتیسادییە ئێمە بەس مونافەسەمان بەلاوە گرینگە؟ كە حەجبی مەعلوماتی لەسەر بكـەین، كـە بـەبرِوای من ئەوە هەڵەیە، چونكە زۆر بواری تر هەیە ئەگەر وەكو مەفهومی ئیقتیسـاد مەعامەلـەی لەگەڵـدا بكـەی، بەتەنها مونافەسە نییە، لەلایەكی تریشەوە مونافەسە كردن خۆی بە یاسای مونافەسـە، عـەدەمی ئیحتیكـار ئەمە كۆمەڵێك حقوقمان پاراستووە، بۆیە بەبرِوای من زیادەیە ئەم حەقە، سەبارەت بە خاڵی (ح) بـاس لـە ئەبحاسی عیلمی و تەقەنی دەكات ئەمەش بەبرِوای من لە یاسای پاراستنی مافی موئەلیفە لە مەیا پارێزراوە ئەم حەقە، بۆیە جارێكی تر هێنانەوەی بۆ ئێرە بەبرِوای من زەروور نییە و پێویستە هەڵبگیرێ، خاڵی (خ) بـاس لـە سـجلاتی شەخسـی تـەعلیمی دەكـا و لـە (د)یشـدا دوای ئـەوە (تعـريض حيـاة اي فـرد او صـحته او سلامته الى الخطر)، لەزۆربەی وڵاتاندا حەدێك هەیە بۆ ئەوەی كە سجلی خاسی كەسەكە لەدوای بیست ساڵ لە وەفاتكردنی رێگا دەدرێت یەعنی دەكرێت كەسەكە لەدوای ئەوەی كە دەمرێت وەكو شەخسێكی ئیعتیادی بمرێت، بەلاّم دە، ساڵ، پانزە ساڵ پێش ئەوە پۆستێكی گەورەی هەبووە، كۆمەڵێك زانیـاری هەیـە، پێویسـتە كەشفی هەندێك سجلاتی بكەی، بەتایبەت ئەوانەی كە لە پۆستی گشتیدا بوونە، لەبەر پرسـیارەتی گشـتیدا بـوون، ئایـا ئـەم كەسـە كـە مـرد هـەموو سـجلاتەكانیش لەگـەڵ خۆدیـا دەبـات؟ یـەعنی ئەگـەر ئەمـەش دادەنـدرێتەوە دەبێ تەحدید بكرێ كە لە دوای وەفاتكردنی بە بیست ساڵ حەقی ئەوە هەبێت كـە هەنـدێك زانیـاری لەسـجلەكانیدا ئیسـتیفادەی لـێ بكرێـت، چـونكە وەكـو جـارێكی تـر دەڵـێم پۆسـتە گشـتییەكان زانیارییەكان كە لەلایەتی موڵكی هەموو كەسێكە، هی بە تەنها ئەو كەسە نییە كە لەگەڵ خۆیدا دەیبا، یـان ئیقرار بكرێ بەوەی كە بە موافەقەتی كەسەكە خۆی بێ، یەعنی زۆر جار ئەو كەسە دەكرێت پرس بەخۆی بكرێت كە موافەقەتێك یان ئـەو مەعلوماتانـەی كـە لەسـەریەتی ئـیعلان كـراوە، یـەعنی دەكرێـت دۆسـیەك هەبێ لەسەر فلان، بەلاّم دۆسیەیەكی موعلەنە، ئیشی لەسەر كردووە ئیعلام لە چـەند سـاڵێكی پێشـووتردا، ئەگەر رۆشنایی چووبێتە سەر دواتر لە قەزیەیەكدا پێویست بكا مەعلوماتەكە بەكاربهێندرێتەوە، بەبرِوای من لەزۆربەی وڵاتانیشدا ئاوا دارِێژراوەتەوە، ئەگەر لەیـەكێك لـە دەزگاكـا گشـتییەكانەوە ئـیعلانم رۆشـنایی

خستبێتە سەری دەکرێ جارێکی تر ئەو دۆسیەیە بکرێتەوە و ئیشی لەسەر بکرێ، بۆیە حەلەکە ئەوەیە کە زۆربەی خاڵەکان دەبێ چڕ بکەینەوە و هەندێکیش لە خاڵەکان هەڵبگیرێت، چونکە نـە لـەرووی شـکلییەوە، نە لەرووی مەزمونـەوە یاسا ئیـستیفادە بـەروحی یاسـاکە ناکـات، کـە بریتییـە لـە شـەفافییەت، نـەك زیـاد کردنی رێگر لەبەردەم دەستکەوتنی زانیاریدا، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ژیان خان.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە پێشەکیدا پشتگیری لە ماددەی پـانزدە دەکـەم، بـە حکومـی ئـەوەی کـە ئـەم هەرێمـە پارچـەیەکە لـە هـەموو دونیـا، ناشـبێ ئێمـە وابـیر بکەینـەوە کـە لـە مـەلیك مـەلیکتر بـین، لەبـەر ئـەوە مـن پشـتگیری ئـەم ئیستیسنائاتە دەکەم، ئێمە ئەگەر سـەیری وڵاتێکـی وەکـو سـوید بکـەین کـە لـە سـاڵی 1766 ئـەو یاسـایەی دەرکردووە لە ساڵی 1976 هەمواری کردۆتەوە لەگەڵ ئەوەی کە یەکەم وڵاتە دەتـوانین بڵـێین لـە جیهانـدا کە رێگـای خۆشـکردووە بـۆ گەیشـتنی هـاووڵاتی بـە دیکۆمێنـت و بەڵگەنامـە و زانیارییـەکان، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا رێگری کردووە، هەر بۆ زانیاریش ئەو یاسایەکیشی هەیـە بـەناوی یاسـای پاراسـتنی نهێنیـەکان بـە پێی ئەو یاسایە چەند نەهێنییەك هەیە کە هاووڵاتی دەزانێت و لای روونە، خۆزگـە لـە کوردسـتانیش ئـەو یاسایە دەر بچێت بەناوی یاسای پاراستنی نهێییەکان، بۆ ئەوەی ئەو کاتە هاووڵاتی بزانێ چ شتێك نهێنییەو داوای نەکا، هەر بۆ نموونە لەو شـتانەی کـە لـە نهێنییـەکان هەیـە لـە سـوید وەکـو بەڵگەنامـەی وردبـینی و ژمێریـاری دەوڵـەت، نهـێنی بـەرگری نیشـتیمانی، سیاسـەتی دەرەوە، ئاسایشـی دەوڵـەت، نهـێنی بازرگـانی و گرێبەستی نەوت و چەك، نهێنی تایبەت بە چەکان، جا من دووبارەی دەکەمەوە هیوادارم ئینشاءالله ئێمەش یاسـایەکی وامـان هـەبێ لـەم هەرێمـە بـۆ ئـەوەی هـاووڵاتی لای روون بـێ چ شـتێك نهێنییـە و داوای نـەکا، هەروەها پشتگیری لە برای بەڕێزم کاك سەردار دەکەم کە داوای کرد کە عقوبەیەك دابندرێ، جا ئیتر لێـرە جێی دەبێتەوە یان لە ماددەیەکی تر بۆ ئەو کەسانەی کە دزە دەکەن بە پێـدانی زانیارییـەکان و کـە نابێـت بکرێ و ئـەو کەسـە کـە عقوبەیـەکی بـۆ دیـاری بکـرێ، چـونکە ئێمـە کـە ئیستیسـنائەکانمان دانـاوە، بـەڵام عقوبەمان دانەناوە، ئایا ئەو کەسەی کە دەری دەپەڕێنێ ئەمانە چییە عقوبەکەی؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شوان کابان.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من پشتگیری لە ماددەکە دەکەم، چونکە بەڕاستی من بە حکومی ئەوەی ئەندامی لیژنەی ڕۆشنبیریم لەگەڵ لیژنەی هاوبەشیشدا ئێمە زنجیرەیەك كۆبوونەوەمان كرد، بەتایبەتی بۆ ئەم ماددەیە، جگە لەوەی کە ئێمە لیژنەی خۆمان تەنیا دوو كۆبوونەوەی بۆ ئەم ماددەیە تەرخانکردبوو، لیژنەی هاوبەشیش كۆبوونەوەیەكی تەنیای زیاتر لە دوو سەعات بۆ ڕێكخستن و داڕشتنی ئەم ماددەیە تەرخانکردبوو، هیلاکییەکی زۆری لەگەڵ کێشا، هیوادارم دەرئەنجام بڕیاری كۆتایی لەسەر بدرێ، بە ڕەزامەندی خوشکان و برایانی ئەندامانی پەرلەمان، دووەم لە ماددەی پانزە ئەوەلەن بەڕاستی ئەوە زۆر گرینگە بمێنێتەوە، چونکە ئەوە زامنی بەدەستهێنانی زانیاری دەکات، یەعنی ڕێگری دەکات لەوەی کە دەزگایەك یان دەزگایەکی حکومی یان غەیری حکومی لەوەی کە زانیارییەکت نەداتێ لەبەر ئەوەی کە بیبەستێتەوە بە بەرژەوەندی گشتییەوە، ئەمە ڕێگری لەو مەسەلەیەدا دەکا، ڕێگری لەوە دەکات کە هیچ کەسێك یان هیچ دەزگایەك بە بیانووی بەرژەوەندی باڵاوە زانیاری نەدات، ئێمە ئەو دەقەمان لەلیژنەی هاوبەش لەیاسایەکی نموونەیی وەرگرت، بابڵێین هەڵێنجراوە لەکۆی ئەو یاسایانەی لە دونیادا پەیڕەو دەکرێ، کاری پێدەکرێ، یەکەمی ماددەی پانزە بەراستی لەم یاسایە وەرگیراوە، من پێموایە مانەوەی لە قازانجی بەدەستهێنانی زانیارییە، نەك پێچەوانە، دووەم بە نیسبەتی ئیستیسنائەکەوە، یەعنی ئێمە، دڵنیاشم زۆربەی خوشك و برایان ئەو قەناعەتەیان لا دروست بووە، دەشیزانن کە لە هەموو یاسایەکانی دونیادا ئیستیسنائات هەیە، پێم وانییە بەبڕوای من بە حوکمی وەکو وتم لە کاری لیژنەی هاوبەشیش، کاری لیژنەکەی خۆمان ئێمە ژمارەیەکی زۆر یاسای بە دەستهێنانی زانیاری هەریەکەی دیارە بەناوێکەوەیە، لەبەر دەستدا بووە، لە هەموویدا ئیستیسنائات هەبووە، من بۆ ئەوەی ئەمە نەبێت بە شتێکی نا تەبیعی، پێمان وابێ ئێمە بەدەر لە هەموو دونیادا هاتووین لە ناویاسایەکی تایبەتی بە بەدەستهێنانی زانیاری هاتووین ئیستیسنائاتمان دروست کردووە، من ئیستیسنائاتەکەی یاسای ئەمەریکا دەخوێنمەوە کە تایبەتە بە یاسای فیدراڵی ئازادی ڕاگەیاندن، ئازادی میدیا، لەو یاسایە نۆ ئیستیسنای هێناوە هەر نۆشی تەسبیت کردووە لە یاسایەکە، ئێستا لەوێ کاری پێدەکرێ، یەکەم نهێنییەکانی تایبەت بە ئاسایشی نەتەوەیی تایبەت بە بەرگری و سیاسەتی دەرەوە، دووەم هەموو ئەو بابەت و دیکۆمێنتانەی پەیوەستن بە کاروباری فەرمانبەران لەنێو دام و دەزگا حکومییەکاندا، سێیەم هەموو ئەو بابەتانەی بەپێی یاسای تری دەرچوو درکاندنیان قەدەغە کراوە، چوارەم هەموو نهێنییە بازرگانی و زانیارییە بازرگانییەکان کە پەیوەستن بە داراییەوە، تایبەتمەندیان هەیە، بە نهێنی ئەژمار کراون، هەموو ئەو نامە و نووسراوانەی لە نێوان ئاژانسە حکومی و نا حکومییەکاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێن کە بەپێی یاسا ئاشکرا کردنیان قەدەغەیە، مەگەر ئاژانسێك داوای بکات کە شکایەتی لە ئاژانسەکەی بەرامبەری هەبێ، شەش، هەموو ئەو زانیارییە کەسی و فایلە پزیشکییە کەسیەکان و هەموو ئەو فایلە هاوشێوانە کە ئاشکراکردنیان پێشێلکارییەکی بێ پاساوی تایبەتمەندیەتی کەسەکانە، حەوت، ئەو فایل و زانیارییانەی بە مەبەستی چەسپاندنی یاسا ئامادە دەکرێن، تا ئەو ئاستەی ئاشکرا کردنیان دەبێتە هۆی بەر گرتن لە چەسپاندنی یاسا و یاخود ببێتە هۆی لە

دەستدانی ماف دادگا کردنێکی عادیلانە، هەروەها دەرچوونی بڕیارێکی دادگا کە لایەنگری تێدا بێت یاخود درکاندنی ئەو زانیارییانە مەزندەی ئەوەی لێ بکرێت مافی تاکە کەس پێ شێل بکات یاخود ببێتە هۆی درکاندنی سەرچاوەیەکی گرینگی زانیاری فەرمانگەیەك کە بۆ چەسپاندنی یاسا پێویستییەتی، هەشتەم، هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە پرۆسەکانی پشکنین و رێکخستنی بانك و دامەزراوە داراییەکان، نۆیەم، زانیاری و داتای جیۆلۆجی و جیۆ فیزیایی هەروەها نەخشەی بیرەکانی نەوت، ئەمە لەیاسای فیدراڵی ئەمەریکیدا هاتووە بۆ ئازادی میدیا، دووەم بەڕاستی لەو یاسایانەی تر کە لەبەر دەستی ئێمەدا بوو، وتم یاسایەکی نموونەیی هەبووە، لەوەشدا دە گرووپ ئیستیسنائات هاتووە، پێم خۆش نییە ئێستا وەختی پەرلەمان بەرم، بەڵام دڵنیا بن لەوەش ئێمە لە لیژنەی هاوبەشدا بەراستی ئیستیفادەمان کردووە، خاڵی دووەم من داواکارم لە لیژنە کە ئەوەی کە کاك د. ئاراس پێشنیاری کرد ئەو حەوت ئاسایشەی کە کاك د. ئاراس پێشنیاری کرد بەشێوەیەك لەشێوەکان جێی بکەنەوە لەناو ئیستیسنائەتەکاندا، من پێموایە زەرەری لێ ناکەین، سێیەم، پشتگیری پێشنیارەکەی ئەو برا بەڕێزانە دەکەم کە باسیان لەوە کرد لە هەندێ یاسای تری بەرکار لە هەرێمدا چەند ئیستیسنائێك کراوە، ئیزافەی بکەن، بەم شێوەیە بەڕای من باشتر دەبێ، بیکەن بە خاڵی کۆتایی (الاستثناءات الواردة في القوانين النافذة في الاقليم)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینییەکانم دوو بەشن، بەشی یەکەم قسە کردنە لەسەر خودی ئەم یاسایە و تایبەتمەندییەکانی، بەشی دووەمیش چەند تێبینییەکی بچووکم هەیە لەسەر خاڵەکان یەك بەیەك، لێرە بیستم کە روحی ئەو یاسایە لەوەدایە کە هاووڵاتی هەستی کردووە لە ژێر سیستەمێکی پێشوو نەیتوانیوە بگاتە زانیاری، ئێستا ئەو یاسایە بۆ چارەسەرکردنی ئەمەیە، نەخێر، فەلسەفەی ئەم جۆرە یاسایانە ئەوەیە کە مافێکی سرووشتی هەیە بە دەستوور پارێزراوە، ئەرکی دەزگای یاسا دانانە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم مافە سروشتییە نابێ رێگای لێ بگیرێ، رێك دەخات، رێکخستنی بەکارهێنانی ماف واتە بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی دەزگای یاسا دانان بەوە ی لە رێگای بەکارهێنانی ئەم مافە زەرەر نەگەیەنێ بە مافەکانی لایەنەکانی تر، هەروەها ئازادییەکانیان چ تاك بن، چ کۆمەڵ بن، هەر یاسایەك دەری بکەین بۆ رێکخستنی چۆنیەتی بەکارهێنانی مافە سروشتیەکان نابێ ئەم هەردوو لایەنە لەبیر بکەین، ئێمە لە موعارەزەبین، لە حکومەت بین، کەمینە و زۆرینە بین، بەشێکین لە سیستەمێك کە بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی هەیە، سیاسەتکردن و هەوڵدان بۆ ئەوەی سیاسەتی خۆم شی بکەمەوە و بلاًوی بکەمەوە، تەئسیر لە دەنگدەر بکەم شتێکە، پابەند بوون بە پرەنسیپەکانی بەر پرسیارەتی کۆمەڵایەتی شتێکی ترە، بۆیە ئێمە لێرەینە خوشك و برایان هەمووومان بەرپرسین لەوەی بۆ ئەو وڵاتە بنەمایەك دابنێین، بۆ ئەوەی مافی هاووڵاتی بپارێزین،

بۆ ئەوەی بزانین ئەمانەی بە دەنگی من و بەناوی من حکوم دەکەن چۆن حکوم دەکەن، هەروەها ئەرکێك دادەنێینە سەر شانی ئەوانەی بەناوی من و بەدەنگی من حکوم دەکەن، ئاگادارم بکەن لە چۆنیەتی حکوم کردنیان، واتە روحی یاسایەك بۆ جێ بەجێکردنی یان پاراستنی مافی گەیشتن بە زانیارییەکان لەو چوارچێوەیە دەبێت، ئەرشیف کردن و پاش چەند ساڵ و مافی داهێنەر هەمووی لە یاسایەکانی تر پێویستە باسکرابن، ناکرێ ئێمە ئەم یاسایە ئەوەندە باری گران بکەین کە ئەنەهوو هیچ یاسای تر نییە، هەموو تایبەتمەندییەکانی یاسایەکانی تر بخەینە ئێرە، لەسەر ئەو بنەمایە بە تەسەوڕی من ناکرێ وا بخوێندرێ کە ئەنەهوو ئەم ئەندام پەرلەمانە سەر بە دەستەڵاتە ئیتر دیفاع دەکا لەمافەکانی دەوڵەت یان ئەمە سەر بە ئۆپۆزسیۆنە هەوڵدەدات پێگە و توانای دەوڵەت کەم بکات، یاسا دەرکردن لەوڵاتێکی موئەسەساتی، لە وڵاتێك کە پەرلەمانتاریەتی و یاسا دانانی تێدایە، هەمووومان پێکەوە دەبێ ئەو پرۆسە یاسا دانانە وای لێ بکەین توانای دەوڵەت سنووردار نەکرێت، بۆ ئەوەی ئەرکی کۆمەڵایەتی خۆی جێ بەجێ بکات، بەپێی رێککەوتنی یان عەقدی ئیجتیماعی، لەسەر ئەو ئەساسە من ئەم تێبینیانەم هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، ئێستا نووسراویش دەنێرم بۆ لیژنەی هاوبەش، بۆ ئەوەی ئەو هەموو تەفسیلاتەی زیاد بۆ بڕگەی یەکەم، دووەم نەکرێ، بۆ ئەوەی وابزانم لە پرەنسیپدا زۆر خوشك و برا لەسەر مەوزوعی ئاسایشی نەتەوەیی و مەسەلەی عەسکەری باسیان کرد، پێشنیارێکم هەیە، وابزانم یەك، دوو برادەریش هەر ئەوەیان کرد، تەنها بڵێین لە ئیستیسنائی یەکەم (المعلومات المتعلقة بأمن الاقليم ودفاعة والامن الاقتصادى.)، هەموو تەفاسیلی تێدایە، ئیتر ئەوە وازحە، ئەم بوارانەیە کە وەکو نموونەش هێنرا، مەنتیقیش قبووڵ ناکات ئیشی من و ئەو نییە کە بلاّو کردن نەك تەنها بۆ هاووڵاتییە، بلاّوکردن واتە دەرفەت بدەیە دوژمن و نەیار و ئەوەی بەرامبەری خۆتیش ئەو شتانە بزانێت، بۆیە دەبێ بپارێزرێت، چونکە ئەوە مەسڵەحەتی وەتەنییە، سەبارەت بە (ب) و (ث) ئەوەش کە بیستم لە قسەکان تەقریبەن هەندێك مەعنای موختەلیفی پێدەدرا، حەز دەکەم ئەگەر بەڕێز کاك ئاسۆ ئەگەر گوێی لێبێ باشترە، من دەڵێم (ب) و (ث) بکرێتە یەك خاڵ بەم دارشتنە تاوەکو مەبەست لێی وازح بێت، دەبنە یەك دەڵێین (تفاصيل سير المفاوضات الجارية)، هیچ لۆجیکێك قبووڵ ناکات تۆ داوا بکەی لەکاتی موفاوەزات تەفاسیلت پێ بدرێت، هەموو ئەو داواکارییەی خوشك و برایانە بۆ ئەوە بوو کە موفاوەزات تەواو بوو، ئەگەر تەواو بوو ئەوە شتێکی ترە، بۆیە دەست پێ دەکات، (ب) (تفاصيل سير المفاوضات الجارية ومحاضر الجلسات والاجتماعات)، کە ئەمە لەزۆربەی زۆری یاسایەکانی دونیاش هەیە، حەقی خۆمە لە موفاوەزات، لە جەلسەیەك، لە کۆبوونەوەیەك چیم گوتووە بلاّو نەبێت (والمعلومات التي تأثرو سلباً على سير المحاكمات)، (سەلبەن) کەیفی خۆتانە، (على سير المحاكمات و إجرائات تحقيق العدالة)، ئەمەش ئەو غەڵەت تێگەیشتنە کە ئەنەهوو مەحاکم عەلەنییە و نابی، ئێمە دەڵێین (المعلومات التي تأثر سلبا على سير المحاكمات و إجرائات تحقيق العدالة)، ئەتۆ دەتوانی بچیتە مەحکەمە، دەربارەی ئەوەی (خ) بەڕێزان ئەصڵەن خوشکە ژیانیش ئاماژەی پێدا، لەزۆربەی زۆری دەوڵەتانە یاسایەك هەیە، (یاسای زەرایت و پریفەرسی)، یاسای خسوسییەت سەرچاوەی هەموو یاسایەکانی

تره، مافی گەیشتن بە زانیفۆراری ئەگەر خسوسییەت پێشێل بکات نایاسایيە، یاسای مافی رادەربڕین، ئازادی رادەبڕین ئەگەر مافی خسوسییەت پرێفەرسی پێشێل بکات، نایاسایيە، بۆیە ئەمە تەسەوڕ دەکەم یەکێکە لەیاسایەکانی یان مافەکانی سروشتی، بەلاّم پێشنیار دەکەم لە کۆتاییەکەی بنووسرێ (وکل ما يتعلق بحق المواطن في الخصوصية)، ئەوە زۆر، زۆر گرینگە بەتایبەتی بە تەسەوڕی من تاوەکو حەسر نەکرێ ئەم هەردوو شتە، بڕگەی (ر) مولاحەزەیەکم هەیە بەپێی پسپۆڕی خۆم لە پیشەیی کە نووسراوە (المعلومات الالكترونية)، ئەو مەبەستەی کە پاش ئەو دێت (التي يتسبب الافصاح عنها )، نموونەیەکی بەسیتت بۆ دێنم ئێستا من کاغەزێکی بچووکت دەدەمێ لەسەری دەنووسم (یوزەر نێم و پاس ورتی جیهەتێك کە شەبەکەیەکە) کە لەسەر کاغەزم بەتۆ دا ئەوە زانیاری ئەلکترۆنی نییە، ئەوە مەعلوماتی مەکتوبە، بۆیە رەجاتان لێدەکەم ئەو (المعلومات الالكترونية التي يتسبب) نە شەرتە بەس ئەلیکترۆنی بێت، وەکو نموونەکەی هێنام رەنگە بە نووسراویش بدات، بۆیە بکرێتە (المعلومات) ئەو باشترە لە (معلومات البيانات فۆرمێشن بێت، البيانات التي يتسبب الافصاح عنها في اختراق) کام شەبەکە؟ لێرە گرینگە بڵێت (الشبكات الكترونية) (المعلومات التي يتسبب الافساح عنها في اختراق الشبكات الالكترونيه المحمية پرۆتێکتت نێت وێرکس، وشەیەکی چەمکە، او يعرض محتوياتها للمحو او السرقه) شەبەکە مەحوو نابێت، شەبەکە سەرق نابێت، محتەوەیاتە، ئەوە نووسیتم، ئاخیر شت من پێشنیارێکم هەیە ئەگەر (ب) و (ت) کران بە یەك واتە دەبێتە خاڵی (ر) نابێتە (ز)، یەکێك لە ئیستیسنائەکان کاك شوانیش وابزانم ئیشارەتی پێدا، (الاستثنائات الواردة في القوانين السارية بما لايتعارض مع احكام هذا القانون)، هەندێ یاسای تر هەنە ئیستیسنائاتی تێدایە، یاسای مەحاکمە، یاسای زەواجە، هەر شتێك بێت، ئەتوو لە ئەخیر ئەڵێیت (لا يعمل بأى نص يتعارض مع القانون)عەمەلییەن تۆ ئیلغائی نسوسی قانونی تر دەکەی، بۆیە لێرە دەبێ حەریس بی لەوەی (لا يعمل بأى نص يتعارض مع القانون) یاسای تر تێك نادەن، مادام مەسەلەکەی ئێمە ماددەی ئیستیسنائاتە بۆیە پێشنیار دەکەم ئەوەش ئیزافە بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سمیرە خان.

**بەڕێز سميره عبدالله اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر پشتگیری ئەو ماددەیەی دەکەم دەقا و دەق کوهاتووە ئەگەر هەندێك گۆڕانکاریش بکرێ بەس مەبەستم ئەوەیە کە بڕگەی یەکەم هەمووی، ئەوەلەن، ثانیەن لەگەڵ هەموو بڕگەکانی پشتگیری دەکەم، هەرچەندە هەموو وڵاتەکان خسوسیەت و تایبەتمەندی خۆیان هەیە بۆ ئەو ئیستیسنائاتانە، ئەگەر چەند وڵاتان وەکو ئەنجومەنی ئەورووپی و رێکخراوەکانی وڵاتانی ئەمەریکا و ئەمینداری گشتی و دادگای ئەورووپا هەوڵیانداوە کە ئەو مافە بەدەست هاووڵاتیان بگەیەنن، بەلاّم ئەوە نییە کە بەدەستی هێنا ئەو ئیستیسنائاتی لەو وڵاتانە هەیە ئیهمال بکرێت، پێویستە ئەو ئیستیسنائە خسوسیەتەکەی بپارێزرێ، بۆ

نموونە ئەگەر ئێمە تەماشای ولاّتی كۆریا بكەین لە ولاّتێكی كشتوكالّی بووە پیشەسازی، لە مەعمەلی چیمەنتۆ بووە شەریكەی هۆندا و سەیارات، ئەوە هەموو نەهێنییەكانە، بەگوێرەی ئەو نەهێنیانەی كە پاراستیتیان گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی، ئەگەر تەماشای ئەمەریكا بكەین لە حەربی عالەمین چەندەها ئەسراریان هەبوو هەتا ئێستا بە تەواوەتی كەشفیان نەكردووە، ئەلّمانیا هەر ئەوها، پێویستە ئێمەش پشتگیری بكەین كە ئەو ماددەیە هاتووە ئەمن زۆر بە كەمیشی دەزانم، پێویستە بە یاسایەك رێك بخرابایە كە عقوبەكانیشی تێدابایە، وەسائیلی حیمایەشی تێدابایە، هەروەكو كاك سەردار و ژیان خان باسی عقوبەكەیان كرد، ئەلێرە چ بەبڕگەیەك ئیزافە بكرێن، یان لە ماددەكە جێگای بكرێتەوە، چۆن ئێمە حیمایەی دەكەین كە كەشف نەكرێ، ئێمە هەر دەلێین ئیستیسنائاتمان هەیە، بەلاّم باسی ئەوەمان نەكردیە تەسەروبی كرد عقوبەكەی چی بێت؟ یان چۆن محاوەلە بكەین كە كەشف نەكرێ، زۆر سوپاس دەستان خۆش.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بێریڤان خان.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەماددەی پانزە بڕگەی دووەم زۆر بە گرینگ دەزانم لەو یاسایە كە چەندین ئیستیسنائاتی تێدایە بۆ ئەو زانیاریانە و دیكۆمێنتانەی كە بە نهێنی بمینێتەوە، بەتایبەتی ئەو ئیستیسنائاتەی كە پەیوەندی بە بەرژەوەندی گشتی هەیە و هەروەها بە بەرژەوەندی تاكیش هەیە لە چەند حالّەتێك، بەتایبەتی بەرگری هەرێم، پاراستنی ئاسایشی هەرێم كە ئەو نهێنی و دیكۆمێنتە دەبێ بپارێزرێ، بەم شێوەیە ولاّت بەرێوە دەچێ و دەتوانی بەڕێوەی ببەی بەشێوەیەكی راست، هەروەها هەندێك لە ئەندامان رایان وایە لەوانەیە هەندێك ئیستیسنائەكان زۆر بێت، بەلاّم بەلای من هێشتا كەمە، چەند ئیستیسنائەك پێویستە زیاد بكرێ، ئەویش ئاسایشی كۆمەلاّیەتییە، ئاسایشی كۆمەلاّیەتی لای من زۆر گرینگە كە ئەو نهێنی و دیكۆمێنتانە بپارێزرێ، نەدرێت بە كەس، چونكە تایبەتە بە خێزان و كۆمەلّگا، كێشە دروست دەبێ لەناو كۆمەلّگا، ئەو كێشەیەش زۆر كاردەكاتە سەر بەتایبەتی ژن، ژن دەبێ بەدانی نهێنی و دیكۆمێنت لەسەر كێشەی كۆمەلاّیەتی، بۆیە پێویستە بپارێزرێ نهێنییەكانیان، بەتایبەتی ناویان، ئەدرێسیان، ژمارەی تەلەفۆنیان، ئەو شتانە كە تایبەتە بە كەسایەتی یان بە كێشەی كۆمەلاّیەتی، هەروەها ئەو فەرمانبەرانەی كە ژیان خان باسی سویدی كرد، خۆم لەناو ئەو حكومەتانە ژیایمە كە مافی پاراستنی خەلّكیان هەیە، نهێنی و دیكۆمێنتەكانیان هەموو دەپارێزرێ بەپێی یاسا، بەهیچ شێوەیەك كەس بۆی نییە بچێ لەسەر كەسێكی تر مەعلومات وەر بگرێ، هەتا لەسەر منداڵی خۆی، ئەگەر تەمەنی هەژدە سالّ بوو بەرە و سەرەوە، بۆیە پاراستنی كەسایەتیش زۆر گرینگە لەو یاسایەدا كە هەبێتن لەو ماددەیەدا، هەروەها بۆ نموونە عیلاقاتی سیاسەی خاریجی، سیاسەی خاریجی زۆر گرینگە، ئەوە دەبێت بپارێزرێ كە چۆن هەرێم لەگەلّ

**موئەسەساتی وڵاتی تـرە، لـەبارەی ئـەوەی بازرگانییـەوە یـانیش کۆمەڵایەتییـەوە، یـانیش پاراسـتنی ئـەو کەسانەی کـە موتەهـەمن، هـەتا موشـتەبەهن، یـەعنی گومانیـان لەسـەرە کـە موتەهـەمن، دەبـێ ئەوانـەش بپارێزرێن، هەروەها ئەو شاهێدانەی کە لە دادگا بەشدار دەبن دەبێ ئەوانە بپارێزرێن نهێنـەکانیان، تـاوەکو ڕێی خۆی دەگرێ داد بەڕاستی، نهێنییەکی تریش هەیە کە  ئێمە لەهەرێم تازەیە پەنابەر و بیانیمان هەیە لە وڵاتی خۆمان، ئـەوە زۆر گرینگـە نهێنی دۆکۆمێنتی ئـەو پـەنا بەرانـە یـان ئـەو بیانیانـەش بپـارێزرێتن تاوەکو نەبێتە کێشە لەناو کۆمەڵگا، ئەگەر بەکورتی بڵێین ئەو حەوت خاڵەی کـە د. ئـاراس باسـی کـرد زۆر گرینگە داخیـل بکـرێ ئـەویش کـە ناوخۆیـە، سـەبازییە، کۆمەڵایەتییـە، ئابوورییـە، کەسایەتییە، هـەروەها تۆڕی کۆمەڵایەتییە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو شلێر خان.**

**بەڕێز شلێر محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەنیسیبەت ئەم ماددەی پانزدەیە من بەنیسـبەت خـاڵی دووەم کـە باسـی بـەرگری و ئاسـایش دەکـا، یـەعنی هەرچەندە لیژنەی موختەس خۆیان باش دەیزانن بەس ئاسایش جیایە، بـەرگری جیایـە، لەبـەر ئـەوە مـن پشتگیری قسەکانی د. ئاراس دەکەم بە نیسبەت باسی ئاسایش، ئەو خاڵانە بـاس بکـرێ، کـە دێ یتـە لەسـەر ئاسایشی کۆمەڵایەتییەکە کە دێیتە خاڵی (د) (تعريض حيـاة اي فـرد او صـحة او سـلامتة الى خطـر) پـێم باشە ئەگەر باسی یاسای (حماية مـن العنـف الاسـري) تێدا بکـرێ، کـە بەڕاسـتی پێشـێلکاریەکان بەنیسـبەت ئەو....، مەفرووزە ئـەوە بخرێتـە ئیستیسـنائەکانەوە، بەنیسـبههپەت یاسـای مونافەسـە ئیشارەت بـدرێ بـە ژمارە سێی ساڵی 2013 هەر ڕەقەمی یاسایەکە بەسە، چونکە هەر ئـەوە نییـە ئـەو شـتانەی کـە ئیستیسـناء کراون، بەنیسبەت ئەبحاسی عیلمی یـان حقـوقی موئـەلیف هـەر حەسـب یاسـای ژمـارە 17 ی سـاڵی 2012 ئیشارەتی پێ بدرێ، وەکو کـاك شـوان و ئـەوان وتیـان لـە ئاخیریـدا پێـی بـدرێت، بەنیسـبەت ئـەو شـئوونی داخیلییە لیل مۆزەفین بەڕاستی ڕاستە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا ئەو شتانە هەیە، بەڵام ئێمە نە وڵاتین، نـە بەو دەرەجەیەش پێشکەوتووین کە ئێمە بەو ڕۆژگـارە مـۆزەفێکی زۆر هانـا دێنێتـە لای ئێمـە کـە تـەتبیقی قانونی خدمەی مەدەنی ساڵی 1960 دەکرێ، پێشێلکارییەکی زۆر دەکرێ لەلایەن ئەو کەسانەی کە ئیـدارە و زاتییەکان کە بەراستی حقوقیان زۆر دەخورێ، کەسیش پشتگیرییان ناکا، جا نازانم لیژنەی یاسایی ئەگەر شـتێك لێـرەدا داخیـل بکـرێ، لـە قـانونی ئینزبـاتی مـۆزەفی دەوڵـەتیش نەفسـی شـت هـەر خروقـاتێکی زۆر دەکـرێ، ئـیتر ئەگـەر تـۆ بڵێـی ئیستیسـنائات و بـەهیچ شـێوەیەك نـابێ دەسـتکاری فایلـەکانیان بکـرێ، ئـەو خاڵـەش بـەوە بکـرێ، بەنیسـبەت خـاڵی (ر) پشـتگیری قسـەکانی کـاك عبدالسلام دەکـرێ، کـە بـەم شـێوەیە غەڵەتـە بوترێـت، فیعلـەن مەعلوماتەکـە ئـەلیکترۆنی نییـە، بـەڵام دوای ئـەوە دەبـێ بـە ئـەلیکترۆنی کـە ئێختراقیشە بە کاتەکان دەکرێ، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا كاوە.

**بەڕێز كاوە محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی پانزەمين بڕگەی دووەم ئەلف من لەگەڵ سياغە كردنەوەيمە كە ئاسايشی ناوەخۆ و سەربازی و ئابووری و كۆمەڵايەتی و هەروەها تۆڕی پەيوەندييەكانی بخرێتە سەر ڕێك بخرێتەوە، هەروەكو پێشنيازی بەڕێز كاك د. ئاراس كردی، هەروەها بڕگەی (ب) و (ت) هەردووكيان لەيەكتر نزيكن، يەك بوار دەگرێتەوە كە پەيوەندی بە موفاوەزات و هەروەها بە ئيتيفاقاتی بەينی هەرێم و لايەنی ترەوە هەيە كە بپارێزرێتن، من پێم باشە بكرێتە يەك، هەر بە نووسينيش بۆ ليژنەی هاوبەشيشم نارد، هيوادارم جێگەی ڕەزامەندی ئەوان بووبێتن، بڕگەی (ث) (حسن ادارة المحاكمات وتحقيق العدالة)، من پێموايە يان ئەو بڕگەيە زيادە، چونكە بەڕاستی مەحكەمە خۆيان سەربەخۆن، هەر خۆيان دەزانن ئەو قەزيانەی كە لەبەر دەستيان دايە كە حەقی هاووڵاتييە بيزانێ، كەی حەقی نييە نەيزانێتن، ئەوان دەزانن كە مافی بەدەستهێنانی زانياری لەلايەن هاووڵاتييانەوە، بۆيە تەداخول كردن لەو بوارەدا من پێموايە ئەوە شتێكی زيادە، بۆ دادا، بۆ خۆيان بەجێ بێڵين باشترە، هەروەها پشتگيری پێشنيارەكەی كاك شوان دەكەم كە ئەو ئيستيسنائاتەی لەقانونەكانی پێشووتر بۆ هەندێ بواری تر هاتووە لەبەرچاو بگيرێتن، چونكە ئەو لە ماددەكانی پێشووتر كە كاردەكرێ بە دەقی ئەو ياسايە لەوانەيە ئيلغای ئيستيسنائەكانی ياسايەكانی پێشووتر بكاتەوە، بۆ ئەوەی تەناقوز دروست نەكاتن، لەگەڵ سياغەكردنەوەی بڕگەكان پێويستە بەڕاستی هاوسەنگييەك هەبێتن لە نێوان مافی هاووڵاتی لە بەدەستهێنانی زانياری، هەروەها هاوسەنگی هەبێ لەگەڵ پاراستنی ئەمن و ئاسايش، ئەو هاوسەنگييە لەسەر حيسابی يەكتر نەبن، نەخێرێتە بواری هەندێ مەسائيلی تر كە فيعلەن زەرەر لە ئەمن و ئاسايش بداتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك لقمان.

**بەڕێز لقمان سليمان حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

فەلسەفەو ئامانجی ياسايەكە ئەوەيە كە زۆرترين زانياری بدرێت بە هاووڵاتيان، بۆ ئەوەی ئێمە سيستەمێكی ديموكراسيمان هەبێت پێويستە حكومەت حكومەتێكی كراوە بێت، لەكۆبوونەوەكانی دام و دەزگاكانی ئەم سيستەمەدا هاووڵاتيان مافی ئامادەبوون و مافی پێدانی زانيارييان هەبێ، بۆ ئەوەی هاووڵاتيان هەست بكەن كە ئاگايان لە ورد و درشتی بەڕێوەچوونی كارەكانی حكومەتە، بۆ ئەوەی هاووڵاتی گومانی لە هيچ شتێك نەمێنێت پێويستە ئيستيسنائاتەكان لەم ياسايەدا لە كەمترين ئاستدا بن، زۆر دياری كراو بن، نابێت ئيستيسنائاتەكان زياد بكرێن كە بگاتە ڕادەی پوچەڵكردنەوەی ياسايەكە، دەبێت حكومەت

پابەند بێت بە پێدانی زانیاری بە هاووڵاتیان، بە فراوانترین شێوە، چاکسازی لە کوردستان لە شەفافیەت و پێدانی زانیارییەوە دەست پێدەکات، پشتیوانی قسەکانی کوێستان خان و هاوڕێیانی تریش دەکەم کە بڕگەی یەکەم بمینێتەوە، سەبارەت بە خاڵی (أ) ئەوەی کە باسی جموجوڵی هێزەکان دەکات، دەبێت روون بکرێتەوە بۆ چ مەبەستێك هێزەکان دەجوڵێندرێن، ئەگەر بۆ ناوخۆ بێت، من لەگەڵی دانیم، دەبێ بنووسرێ (بۆ جموجۆڵی هێزەکان، بۆ پاراستنی سنوورەکانی هەرێم، بۆ مەبەستی یەکلایی کردنەوەی ململانێیە ناوخۆیەکان نەبێت)، خاڵەکانی (ت) و (س) و (ج) لابدرێت کە خاڵی مەتاتین، لەم ماوەیەدا، لەم ماددەیەدا دیار نییە کێ دەگرێتەوە ماددەکە، هەر بەتەنیا هاووڵاتیان دەگرێتەوە یان دام و دەزگاکانی چاودێریش؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەیان خان.

**بەڕێز بەیان احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

براستی ئەڤ ماددەیە دەڤ من جەوهەریێ ڤێ یاساییێیە، روحا ڤێ یاساییێیە، گەلەك گەلەکا گرینگە ئیستیسنائات تێدا بێتە تەحدید کرن، ژ بۆ هەندێ ئەگەر مە ببێتن سیستەمێ دیموقراتی ل هەر ولاتێکی براستی گرینگترین سیمایێ توێ شەفافیاتە، حکومەتا ڤەکرییە، زانیاریت بەر دەستێ هاووڵاتیانن، بۆیە من ناڤێتن ئەز دووبارە ئاخافتنێن هەڤاڵێت خۆ دووبارە بکەڤەمە، ئەز پشتتەڤانیا گۆتنێت هاوڕاز خانێت دکەم، کوێستان خان، ئاشتی خانێ کوو دڤێتن ئەڤ یەعنی تەفاسیلێت وانە گۆتن پشتەوانیا ئەز لێ دکەم، دگەل هەندێدا ئەڤ ماددێ موحتاجی سیاغەیەکا نییە، سیاغەیەکادی بێتە کرن، بێتە کورت کرن یان وازح بیت، ئارمانجدار بیتن، هەروسا بێتە سیاغە کرن، دگەل هەندێدامە بڕگەیەکادی بێتە زێدە کرن، کوو دڤێتن یەعنی هەتا کەنگی هەتا زانیاری مەنع کرییە ژ هاووڵاتیان، ئەڤە نابێتن، ل هندەك ولاتدا هەتا بیست سالا زانیاری تێنە پاراستن، ل هندەك ولاتە هەتا پانزە سالایە، بۆیە ئەز دگەل بڕگەکیمە لێرە زیاد ببێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەرهەنگ.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، دیارە قسە و باس لەسەر ئەم ماددەیە زۆر کراوە، من یەك شت روون دەکەمەوە بەڕاستی، تێگەیشتم لە نەتیجەی قسەکانی هەندێك لەبرادەرەکان کە بەراستی شتەکە عەکس بۆتەوە، خەریکە ئەوەی کە داوای دەکەی دەبێ بە ئیستیسنائات، بەراستی ئەصڵ ئەوەیە کە نەتوانی داوای زانیاری بکەی، بەڵکو لە ئیستیسنائاتەکان عەکس بۆتەوە، ئەوەی کە داوای دەکەی یەعنی ئەوە

ئیستیسنائاته، لەکاتێکدا مەزموونی ئەو یاسایە، هەدەفی یاسایەکە پێچەوانەیە بەراستی، بۆیە ئەم یاسایە وەکو زۆربەی برادەرەکانیش باسیان کرد کە یاسایەکی گرینگە، پەیوەندی بە مافەکانی مرۆڤەوە هەیە، زۆر، زۆر گرینگە کە لێرە ئێمە هەنگاوێکی گرینگ بنێین بۆ ئەوەی کە زیاتر کرانەوە هەبێ و زیاتر شەفافیەت هەبێ، لەو برگە و بابەتانەی کە لێرە دەستنیشان کراوە، من تێناگەم یەعنی ئەگەر ئێمە ئیزافەی ئەوە بکەین کە مەعلوماتی ئەمنی عەسکەری، ئیقتیسادی، کۆمەلایەتی ئێمە چی دەهێلێنەوە بەراستی؟ یەعنی هیچ شتێکی وا نامێنێتەوە، بۆیە دەبێ هەتا ئەو برگە و بابەتانەی کە لێرە باس دەکرێ زۆر بە روونی باس بکرێ، مەجالی هیچ تەفسیل و تەئویلێك نە بۆ موئەسەساتەکانی تر بێلێنەوە، نەبۆ خودی ئەو موئەسەسەیەی کە بەپێی ئەو یاسایە دروست دەکرێ و بۆ مەحاکمیش بەراستی، چونکە دەبێ زۆر، زۆر بەروونی دەستنیشانی بکەین، شتێکی مەتاتی نەبێ، سەبارەت بە برگەی یەکەمی ئەم ماددەیە، ئەمە برگەیەکی گرینگە، بەلأم پێویستی بەمە هەبوو کە لیژنەی بەڕێز یەعنی زیاتر روونکردنەوەی لەسەر بدەن، تەفاسیلی بدەنێ، چونکە ئەمە بەشێکی گرینکە لەو ریزپەڕانە، من پشتیوانی ئەوە دەکەم بەراستی ئەو ئیستیسنائاتانە زۆر، زۆر کورت بکرێتەوە، زۆر، زۆر بە وازحی دەستنیشان بکرێ، بەراستی هەندێك پێشنیار هەیە ئەگەر ئەو پێشنیارانە تەسبیت بکرێن ئیتر بوون و نەبوونی ئەو یاسایە هیچ گرینگییەکی نامێنێ، بۆیە من تکا دەکەم لەو مەسەلەیە زۆر بە وردی مامەڵەی بکەین، ئەمە ختوەیەکی گرینگە، هەم بۆ هەرێمی کوردستان، هەم بۆ پەرلەمانی کوردستان، بتوانین ئەم یاسایە وەك ئەوەی کە موتەبەعەو لە دونیای دیموکراسیدا هەیە بەم شێوەی دەر بچوێنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەر لەوەی هەندێ روون کردنەوەی هەیە بدرێ، بە پێویستی دەزانین هەندێ شت هەیە جەختی لەسەر بکەینەوە، یاسای بەدەستهێنانی زانیاری پەیوەندی زۆر نزیکی لەگەڵ دوو یاسای دیکە هەیە، ئەویش یاسای پاراستنی خسوسیەت، تایبەتمەندی کەسەکان، هەروەها یاسای پاراستنی دۆکیۆمێت، ئەو دوو یاسایەی ترمان نییە لە ولأتی ئێمە، راستە پرۆژەیەك پێشکەشکراوە، خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ کراوە، لەلیژنەکەی ئێمەشدا راپۆرتی خۆمان نووسیوە، ئەویش سەبارەت بە دۆکییۆمێنت پارێزی، بۆیە ئەوانە بەراستی پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، خاڵی دووەم ئەوەیە بەراستی دەمەوێ تەئکیدی لەسەر بکەم، ئەویش ئەوەیە بۆ وەبیرهێنانەوەیە، ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ژمارەی یاسایی پەرلەمانتارانەوە پێشکەشکراوە، لە 2010، بە تەحدیدیش لەلایەن پەرلەمانتارانی موعارەزەوە پێشکەشکراوە، ماددەی پانزە کە ئیستیسنائاتەکانە، ئێمە لە لیژنەی هاوبەش رێکمان خستۆتەوە، کەممان کردۆتەوە، ئەوەی لەوێ هەبووە زۆر توندتربووە، ئێمە شتێکمان نەکردووە، بۆیە بەراستی ئێستا دەبیندرێت شتێکی دیکە دەوترێ و وەکو ئەوەی وابێ ئێمە

شتێکمان نـەکردووە لـە لیژنـەی هاوبـەش بـێین لـە دەرەوەی ئـەو مەشـروعە، شـتێکە لـە ئەصـڵدا هـەروەکو لەلایـەن مـەعارەزەی ئێسـتاش بـاس لـەوە دەکـرێ کـە ئەمـە جەوهـەری قانونەکەیـە، جەوهـەری پـرۆژە یاسـایەکەیە، شـتێکی دیکـە بەراسـتی کـە زۆر گرینگـە باسـی لـێ بکـرێ، لـەماددەی (19)ی پەیماننامـەی نێودەوڵەتی بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەکان کە باس لە تەبادولی مەعلومات دەکرێ، شـەش قەیـدیان دانـاوە لەسەری، عێراق وەکو دەوڵەت تەرەفـە لـەو مواعهەدەیـە، یـەعنی ئـەوە ئیلتیزاماتێکـە بەسـەر عێـراق وەکو دەوڵـەت، کـە هـەرێمی کوردسـتانیش بەشـێکە لـە عێـراق، قیودەکـان چـین؟ ئەوەلـەن، رێزگـرتنی مافـەکانی کەسانی خەڵکانی دیکە، کەسانی تر، رێزگرتنی سومعەی ئەوانی دیکە، پاراسـتنی ئـەمنی قـەومی، حیمایـەی نیزامـی عـام، حیمایـەی تەندروسـتی گشـتی، هـەروەها پاراسـتنی ئـادابی گشـتی، ئـەم شـەش قەیـدە لەسـەر حوڕیەتی تەعبیر و رەئی و تەبادولی مەعلومات هەیە لـەماددەی (19)، عێـراقیش وەکـو وتم پابەنـدە بـەو مواعەهدەیە، بۆیە ئێمە هاتووین ئەو قەیدانەمان، ئەو ئیستیسنائاتانەمان لەو ماددەیـە رێکخسـتۆتەوە، بـە بۆچـوونی مـن ئـەو قەیدانـەی کـە ئێسـتا مـن باسـم کـردن هـیچ تـەعاروزێکیان نییـە لەگـەڵ ئـەو ئیستیسنائاتانەی کە لەماددەی پانزەدا ئێمە دامـان رشـتۆتەوە، بەنیسـبەت فەقـەرەی یەکـەم لەراسـتیدا زۆر خوشـك و بـرای پەرلـەمانتار داوایـانکرد، هـەبوو پێـی وابـوو پێویسـتە تـەوزیح بکـرێ، هـەبوو پێـی وابـوو پێویسـتە دابرِێژرێتـەوە، ئـەو مەبدەئـە کـە لـە فەقـەرەی یەکـەم مەبـدەئێکی گشـتییە، ئـەویش مەبـدەئی ئەسبەقییەی مەسڵەحەی عامەیە، لەزۆر لە قەوانینی ولاَتان بۆ ئەوەی بزانین مەسڵەحەتێك ئەوە دێنێ کـە مەعلوماتەکە بدرێ یان نا، تێستی بۆ دەکەن، ئێختیباری بـۆ دەکـەن، ئـەویش سـێ شـت هەیـە، ئێمـە چـەند مۆفەق بووین لە دارِشتنی جوملەکـە، ئەمـەیان شـتێکی دیکەیـە، لەئەصـڵی مەشـروعەکەش هـەروەکو خـۆی هاتووە، ئەویش ئەوەیە کەشفی مەعلومات دەبێ یـەعنی بـا بڵێین کەشـفی هـەر مـەعلوماتێك دەبـێ، رەبـت بکـرێ، دەبـێ گـرێ بـدرێ بـەو ئامانجـە شـەرعییەی کـە لەقانونەکـەدا هـاتووە، کـە ئێمـە لـە ماددەی دوودا چەسـپاندوومانە، ئـەویش دیـارە ئێمـە سـێ ئامانجمـان بـۆ یاسـایەکە دانـاوە، دەبـێ کەشـفی ئـەو مەعلوماتـە خزمەتی ئەو ئامانجانە بکات، دووەمیان کە ئێمە کەشفی مەعلوماتێك دەکەین کە سەیرمان کرد زەرەرێکـی لێ دەکەوێتەوە، زەرەرێك دەدا لە حەقێك قانون حیمایەی دەکا، ئەمە بابڵێین دووەم شت، حەقێك هەیە کە قانون حیمایەی دەکا، ئەگەر هاتو کەشفمان کرد یەعنی زەرەری پێدەگەیەنێ، حاڵەتی سێیەم ئەوەیـە ئێمـە کە تەماشا دەکەین ئەو زەرەرەی، ئەو زیانـەی کـە دەکەوێتـەوە، کـە ئێمـە مـەعلوماتێکمان کەشـف کـرد، کـە گەورەتر بوو ئەو زەرەرە لە مەسڵەحەتی عامە، بەپێی ئەم قانونە، ئەمە ئەلێرەیە، ئەم سـێیە دەبـێ رەبـت بن بەیەکەوە، بۆیە مەبدەئی زرووڕەی و تەناسوب هەیە، من جارێکی دیکەش دەڵێم چەندە مۆفـەق بـووین لە دارِشتنەوەکەی لەم جوملەیەدا هەر وەکو لە ئەصڵیشدا هاتبوو ئەمەیان شتێکی دیکەیە دەکرێ، بەبڕوای مـن دوای ئـەوەی کـە ئێمـە مـەجالێکمان پێـدەدرێ بـۆ ئـەوەی بتـوانین سـیاغەیەکی مۆفـەق بێـت، دای برِێژینەوە، کۆمەڵێك شت باس کرا، من باسی ئەوەی ئەمنی دیفاع و ئـەمنی ئیقلـیم ناکـەم، بـەلاَم هەنـدێك شت هەیە باسی (تفاصيل سير المفاوضات التي يجريها الاقلـيم مـع ايـة جهـة، اذا اتفـق الطرفـان علـى سـريتها

لحين الاعلان عنها)، ئێمە چاك دەزانین ئێمە دەوڵەت نین، ئێمە ئیقلیمین، ئێمە ئەگەر دەوڵەت باین باسی پەیوەندی دەولیمان دەکرد، بە تەئکید موفاوەزات ئیختیساسی دەولەیە، بەلاّم ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا وەکو هەرێمێك ئەو خسوسیەتەی هەمانە موفاوەزات دەکا، جیهەتەکەمان دیاری نەکردووە، لەگەڵ هەر جیهەتێك بێ، بەتایبەتی ئەگەر هەردوو تەرەف ئیتیفاقیان کرد لەسەر سرِرییەتی ئەم موفاوەزاتە، تا ئیعلان نەکرێ، یەعنی خۆ ئەمە بەو مانایە نییە ئەمە بەنهێنی بمێنێتەوە، (المعلومات المتبادلة مع جهات اخرى تم الاتفاق على سريتها)، ئەوە هەمان شتە، دەوڵەتێك بە ئەمانەت هەندێك ئەسرارت پێدەڵێت یان مونەزەمەیەکی ئیقلیمی بە هەرێم دەڵێ، زۆریش شتی وا بووە، هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك مەعلوماتی دەست دەکەوێ لە ولاّتانی دیکە لە مونەزەماتی ئقلیمی، لە جیهاتی دیکەش بەو مەرجەی ئەو مەعلوماتانەی رەنگە بە موستەمرِی پێ بدرێت کە سرِیەتەکەی بپارێزێ، ناکرێ ئەمە بلاّو بکاتەوە، یەعنی مەصدەرەکە بلاّو بکاتەوە، مەعلوماتەکە بلاّو بکاتەوە، بۆیە ئەوەیە، قسە کرا ئەم دووە بەیەکەوە گرێ بدرێ، دەمج بکرێ، دەکرێ دەمج بکرێ، بۆ کورتکردنەوەی وەنیە نەکرێ دەمج بکرێ، بەنیسبەت (ث) بەراستی هەموو ئەوەکە بەم شکلەیە، دیسان چەند مۆفەق بووینە یان نا ئەمە شتێکی ترە، هەموو ئەوەیە ئەگەر هاتو مەعلومەیەك دەرکرا، ئەو مەعلومەیە زەرەری گەیاند، بووە هۆی ئەوەی کە جەریمەکە قەدەغە نەکرێ، یات زەرەریدا لە تەحقیقات، لە تەحقیقاتی جینائی، ئەوانەی سەرەتایی یان زەرەرێکی لە عەدالەتدا، یان ئەگەر کەشف بکرێ زەرەر لە سومعەی شەخسەکە دەدا، کە هێشتان بەراستی ئیدانە نەکراوە، هێشتان بابلێین لە مەحکەمە ئیدانە نەکراوە کە تۆ بلاّوی بکەیەوە رەنگە سومعەتی ببەی، بۆیە ئەمە ناکرێ بەم شکلە، جارێکی تریش دەڵێم چەند مۆفەق بووین کۆمەڵێك سیاغە پێشنیار کرا، مەسەلەن هەرشتێك ئەگەر هاتو زەرەری گەیاند بە سەیری تەحقیقات و موحاکەمات و یان تەحقیقی عەدالە دەکرێ بەشکلێك رێز بکرێتەوە، سەبارەت بە مونافەسەی مەشروع قسە کرا، بەراستی من تەنها یەك شت دەڵێم، ئەوانەی موهەندیسن لێرانە دەزانن کە ئەوانەی عەتائە؟ تەقدیم دەکەن چ شەخس بێ، چ فەردێك بێ، ئەم عەتائە ناکرێ تا فەتح دەکرێ بە کەس بدرێ، چونکە ئەگەر کەشف بکرێ ئەو دەمە تۆ زەرەر لەم شەریکەیە دەدەی، لەم فەردە دەدەی، ئەمە نموونەیەکە هێناومە، نموونەی دیکەش زۆرن، هەمان شت بە نیسبەت ئەبحاسی عیلمی و تەقەنی، هەرچەندە بە تەئکید ناکرێ ئەمە کەشف بکرێ، بیل فیعل، بەلاّم ئەو شتەی ماملۆستا فرمان پێشنیاری کرد پێموایە شتێکی باشە، بەنیسبەت سجلاتی شەخس بەراستی سجلاتی شەخسیش دەتواندرێ بگوترێ ئەگەر هاتو بە موافەقەی خۆی بێ، یان مەحکەمە داوای بکات، یان ئەگەر هاتو لە حاڵەتێکدا مرد لە هەندێك مەعلومات، یان ئەگەر هاتو بچووك بوو، یان ئەهلییەتی نەبوو، ئەوەی وەسییە لەسەری، وەنییە مەعلومات نەدرێ، (شئوني داخلي للموظفين) بەراستی خوشك و برایان لەناو هەردائیرەیەك لەناو هەر موئەسەسەیەکی حکومی هەندێك شت هەیە بە تەوسیات شتی موداوەلاتی رۆژانەی چەند دەقیقەیینە، بەیانیان موداوەلات هەیە، موداوەلاتی داخیلییە، تەوسیات دەردەچێ، ئەوامیر دەردەچێ، هیچ پەیوەندی بە شئوونی گشتییەوە نییە، بەناو دائیرەکە خۆیانەوە هەیە، هێشتان موداوەلاتی

سەرەتاییە، هێشتان نەگەیشتۆتە بڕیار، بڕیارەکان موهیمن کە پەیوەندیان بە خەڵکەوە هەبێ، ئەمانە پێویست بەوە ناکەن ئەوانە تۆ بڵێی چ قەومە، یان مۆزەفێك ڕەنگە سزادرابێ، ئەمە وادەکات ئەو دائیرەیە تووشی ئیرباك بکات، تووشی ئیستزادی بکات، شتەکانی بۆ ناچنەوە سەر یەك، ئاخیر شت ئەوەی کاك عبدالسلام بەڕاستی پێشنیاریەکانی زۆر بەجێن و زۆر ڕێك و پێکن، ئێمە هەوڵدەدەین وەکو خۆی ئەوەی بکەین، دوو پێشنیاری دیکە هەبوو دیارە ئەوە دواتر بە دەنگدان ساغ دەکرێنەوە چ ئەوەی کە پەیوەندی بە ئەمنی ئیقتیسادییەوە هەبێ، یان ئەوەی پەیوەندی بە قانونی نافیزە هەبێ، دیارە ئەوە لەناو هۆڵی پەرلەماندا بە دەنگدان ساغ دەکرێنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك ئاسۆ دەتوانم بڵێم زۆربەی وەڵامی هەبوو بۆ رای پەرلەمانتاران، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە بڕگەی یەکەمەوە هەیە پێموایە دەبێ ئیزافەی بکەی،چونکە لەبەر ئەوەی پێشتریش قسەمان کردبوو، کاك ئاسۆ بابڵێین تەفسیرێکی بۆ ئەو بڕگەیە هەبوو، بەڵام بەدیوێکی تردا دەتوانین بەشێوەیەکی تر تەفسیر بکرێ، دیارە بنەمایەکەی یەکە، یەعنی ئەسبەقییە یاخود ئەولەویەت لەبۆ مەسڵەحەتی گشتییە، بەڵام ئەوەی ئێمە بابڵێین نییەتی ئێمە لە داڕشتنەوەی یاخود لەدانانی ئەو بڕگەیە ئەوە یەعنی ئەگەر بەکورتی باسی بکەم، بە بیانووی بەرژەوەندی گشتیش ئەگەر بۆ نموونە قەزیەیەك هەبێت کە پەیوەندی بەمەسەلەی بە نموونە دێنمەوە، گەندەڵی هەبێت لەپرسی بابڵێین کڕینی چەك و تەقەمەنیدا یان هەر شتێکی تر، نابێ لێرەوە مەسڵەحەتی گشتی ببێتە بیانوویەك بۆ ئەوەی کە نەتواندرێ ئەو موئەسەساتانەی یاخود ئەو کەسانەی کە مەعنین بە وەرگریتنی زانیاری یاخود پێویستیان هەیە بە وەرگرتنی زانیاری یەعنی ئەوە نەبێتە ڕێگر، یەعنی ئەوە دیوێکی تری ئەو ماددەیەیە، بەم شێوەیە دەکرێ تەفسیر بکرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە وابزانم بۆ وەڵامدانەوی بابڵێین بڕگە بە بڕگەی یاخود راوبۆچوونی ئەندامانی پەرلەمان پێویستمان بە نیو سەعات دەبێ بۆ ئەوەی هەم ئەوەکانیش دابڕێژینەوە.........

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نەریمان.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستیدا روحی یاسایەکە زۆرێك لە برادەرانیش باسیان کرد ئەم ماددەیەیە، ئەو ماددەیە گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کراوە، راو پێشنیاری زۆر هاتووە بۆ ئەوەی مەجالێکی باشتر بڕەخسێ بۆ لیژنە و لیژنەکەش

پێنج لیژنەی موشتەرەکە، من پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە بمێنێتەوە بۆ سبەینێ، بەلأم بەردەوام بین لەسەر ماددەکانی تر کە تەئسیراتی لەسەر ئەمە نییە، بۆیە بۆ ئەوەی بتوانین رێیەکی وا بهێنینەوە کە دەنگی لەسەر بدرێ و جەدەلێکی تر زۆرتر لەسەر مەوزوعەکە هەڵنەگرێ، بۆیە من پێشیاری ئەوە دەکەم ئەم ماددەیە بخرێتە سبەینێ، بۆ ئەوەی مەجالێکی باشترمان بۆ برەخسێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵلاٚ لیژنەکە خۆیان داوایان کردووە، لەسەر سەکۆیەکە داوا دەکەن دەڵێن نیوسەعاتمان بدەنێ، بۆیە نیو سەعاتیان دەدەینێ، دوای نیو سەعات دێینەوە بەردەوام دەبین لەسەر کۆبوونەوەکان، فەرموو.........

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە دانیشن، ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکانمان، لیژنەی هاوبەش فەرموون بۆ سەکۆی لیژنەکان.

بەڕێزان، خۆتان دەزانن ئەصڵەن ئەوە راپۆرتێکی موشتەرەك بوو کە پێنج لیژنە بەیەکەوە نووسیبوویان، ئەو هەموو موناقەشەیەی لەسەر کرا، ئەمڕۆ لە بەیانیەوە تائێستا نەمانتوانیوە نیو ماددە تەواو بکەین، زیاتر لە سەعاتێك دەرفەتمان دا بە لیژنەی هاوبەش بۆ ئەوەی سیاغەی بکەنەوە، بۆیە سیاغەکە دەخوێنینەوە، یەکسەر دەیخەینە دەنگەوە، دەنگی هێنا خێر عەلا خێر، دەنگی نەهێنا خێری عەلا خێر، لە هەردوو لایان، فەرموو لیژنەی هاوبەش سیاغە تازەکەتان بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة عشرة:

اولا: لايجوز للمؤسسة العامة او الخاصة رفض اعطاء المعلومات حماية للمصلحة الواردةفي الفقرة (2) من هذه المادة اذا اقتضىٰ المصلحة العامة كشفها.

ثانيا: للمؤسسة العامة او الخاصة الحق في رد طلب المعلومات في الاحوال الاتية:

1-الاسرار الخاصة با الدفاع وامن الاقليم (تفاصيل الاسلحة والتجهيزات العسكرية المهام السرية العسكرية والامنية، التحركات والتكتيكات الدفاعية والمعلومات الاستخباراتية).

2- المعلومات التي تؤدى الكشف عنها الى التأثيرعلى سير المفاوضات التي يجرها الاقليم مع اية جهة أخرى او تبادل المعلومات اذا اتفق الطرفان على سريتها لحين الاعلان عنها.

3- المعلومات التي تؤدى الكشف عنها الى التاثير على سير التحقيقات والمحاكم.

4- المعلومات التي تؤدى الكشف عنها الى الاخلال باالمنافسة المشروعة او حقوق المؤلف والملكية الفكرية.

5- المعلومات وملفات الاشخاص التعليمية او الطبية او الوظيفية، حساباته المصرفية او اسرار مهنية دون موافقته وكل ما يتعلق بسلامة وصحة المواطن وتعريض حياته للخطر.

6- البيانات التي يتسبب الافساح عنها الى إختراق الشبكات الاكترونية المحمية ويعرض محتوياتها للمحو والسرقة.

ثالثا: الاستثنائات الواردة في القوانين الاخرى النافدة في الاقليم بما لا يتعارض مع إحكام هذا القانون.

رابعا: يتم كشف المعلومات الواردة في البنود (1 ، 2، 3) من الفقرة ثانيا من هذه المادة بعد مضي عشرين سنة.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، كێ لەگەڵدایە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانییە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، (9) كەس لەگەڵدانییە، كەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، تا بەیانی سەعات (10)ی پێش نیوەڕۆ بەخواتان دەسپێرین هەر بژین.........

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د.حسن محمد سوره | د. ارسلان بایز اسماعیل |
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (27)**

## سێ شەممە ڕێکەوتی 4\6\2013

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (27)

## سێ شەممە رێکەوتی 2013/6/4

کاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2013/6/4 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (27)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (27)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2013/6/4 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاریەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

2- خستنەروو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای سندوقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

3- خستنەروو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری هەموارکردنی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2008 کە تایبەت بە هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای بە کرێدانی خانووبەرە ژمارە (78)ی ساڵی 1979ی هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان-عێراق.

4- خستنەروو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای کانزا نا پۆلاییەکان لە هەرێمی کوردستان.

5- خستنەروو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای جێ بەجێکردنی یاسای خزمەتی زانکۆیی ژمارە (23)ی ساڵی 2008ی عێراقی فیدراڵ و هەموارەکانی لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (27) ڕۆژی دانیشتن (2013/6/4)

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (27)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەمە ڕێکەوتی 2013/6/4 بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەروو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاریەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق.

2- خستنەروو و گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای سندوقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

3- خستنەروو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری هەموارکردنی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2008 کە تایبەت بە هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای بە کرێدانی خانووبەرە ژمارە (78)ی ساڵی 1979ی هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان-عێراق.

4- خستنەروو و گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای کانزا نا پۆلاییەکان لە هەرێمی کوردستان.

5- خستنەروو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای جێ بەجێکردنی یاسای خزمەتی زانکۆیی ژمارە (23)ی ساڵی 2008ی عێراقی فیدراڵ و هەموارەکانی لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

داوا لەلیژنەی هاوبەش دەکەین فەرموون بۆ سەکۆی لیژنەکان، فەرموون بۆ ماددەیەکی تازەتر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کۆبوونەوەکەی دوێنێ گەیشتینە ماددەی پانزەو تەواومان کرد، ئەمڕۆ لەماددەی شانزدەمەوە دەست پێدەکەین.

**الفصل الرابع**

**الاحكام العامة**

المادة السادسة عشرة: التكاليف

على مقدم الطلب دفع نفقات البحث عن المعلومات المطلوبة على ان لاتتعدى هذه النفقات القيمة الفعلية لعملية البحث عن المعلومات وتجهيزها وابلاغها.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە کوردییەکەی.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## بەشی چوارەم

## حوکمە گشتییەکان

**ماددەی شانزدەهەم: تێچوو.**

**لەسەر داواکار پێویستە خەرجی گەڕان بە دوای زانیاری داواکراو بداتەوە، بەمەرجێ لە بەهای راستەقینەی پرۆسەی گەڕان بەدوای ئەو زانیاریە و ئامادەکردن و پێگەیاندن بە کەسی داواکار زۆرتر نەبێ.**

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ تێبینی هەیە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، تەنها سێ کەس دەستیان بەرز کردۆتەوە (کاك جمال، هاوڕاز خان، لانە خان)، فەرموو کاك جمال.**

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**نازانم لێرە (تكاليف الحصول الى المعلومات)، ئاخیری جوملەکە دەڵێتن (لاتتعدى هذه النفقات القيمة الفعلية لعملية البحث)، یەعنی لێرە ئەم قیمەی فیعلی نازانین چۆن تەقدیر دەکرێ؟ هەتا وەکو بێت و تێچوونەکەی یان تەکالیفەکەی لەم قیمەیە کەمتر بێتن، وابزانم تەکالیف نابێت، پێم باشە بکرێت بە رسوم، چونکە ئەگەر گۆتی رسوم، رسوم هەموو جارێ کەمترە لە قیمەتی ئەو خزمەتە یان قیمەتی ئەو کارە، بۆیە من پێشنیار دەکەم پێشەکی ماددەی شانزە بکرێت بە (الرسوم)، بە جوملەیەکی کورت (يتحمل طالب المعلومات رسوم الحصول عليها) بەس، سوپاس.**

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو هاوڕاز خان.**

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە ماددەی شانزە، منیش تێبینیم لەسەر ئەوە هەیە کە لەماددەی شانزە دەڵێ لەسەر داواکار پێویستە خەرجی گەڕان بەدوای زانیاریی داواکراو بداتەوە، پێموایە گەڕانی خەرجی نابێ بدرێتەوە، دەبێ بەشێوەیەکی دی تەحدید بکرێ کە کولفەی لەبەر گرتنەوە شتێکی لەو بابەتە دەقیقەن تەحدید بکرێ، بابەتەکە چییە کە کولفەکەی دەدرێتەوە، خەرجی گەڕان چۆن دەدرێتەوە، یەعنی بەو شێوەیە کە هاتووە لەناو ماددەکە بەڕاستی دیار نییە، وازح نییە ئەو ماددەیە، لەبەر ئەوە یەعنی پێم باشە هەروا بنووسرێ یان تێچوونەکانی پێداویستی یاخود کولفەی لەبەر گرتنەکە بدرێتەوە، ئینجا بەڕاستی دەبێ لایەنێك هەبێ**

ئەم كولفەیە دیاری بكا، یەعنی كولفەكە هەر ناكرێ لێرە بوترێ كولفە بەجێ بهێڵدرێ، دەبێ لایەنێك هەبێ لە هەندێك یاسای وڵاتان هەیە، مەسەلەن ئەنجومەنی وەزیران كولفەكە تەحدید دەكا و دیاری دەكا، چونكە ئەگەر لەو كولفەیە زیادتر وەر بگیرێت، دیارە سزای لەسەر دەبێ، لەبەر ئەوە دەبێ كولفەیەكی تەحدید هەبێت، كولفەیەكی دیاری كراو هەبێ بۆ لەبەرگرتنەوە، بۆ ئەو رسووماتە، یان هەروەك كاك جمال وتی ئەو كولفەیە تەحدید بكرێ، لایەنێكیش دیاری بكا، نابێ ئاوا بمێنێتەوە، چونكە ئەگەر تەماشا بكەین لە ئیزافییەكەی لەماددەی هەژدە كەهاتووە لە خاڵی پێنج دەڵێ تێچوویەكی زیاد لە پێویستی زیاد بەسەردا بسەپێندرێ، ئەوە سزای هەیە، لەبەر ئەوە دەبێ لایەنێك هەبێ تەحدیدی ئەو كولفەیە بكا، بەم شێوەیەش نەبێ بڵێ خەرجی گەڕان، بەڕاستی بەم شێوەیە نابێ، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لانە خان.

**بەڕێز لانە احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی شانزدە یەعنی كە ئەمن دەبینم ئەمە ئەو زانیارییانەی هەر كەسێك كە زانیاری دەوێ یان مەعلوماتی دەوێ، كە وەری دەگرێتن، بەنیسبەت موئەسەساتی عامە و خاسە تەبیعی ئێمە دەبێ لێرە فەرق بكرێتن، بەنیسبەت موئەسەساتی خاسە یان موئەسەساتی حكومی ئەوە كە ئەتوو زانیارییەكەی داوا دەكەی، یەعنی كولفەی نییە مەعلوماتەكانت دەداتێ بە كولفە بۆت تەقدیر ناكاتن، یەعنی ئەمە هەر چەند پێشتریش پێشی ئەو یاسایەش دەر بچێتن چووینە ئەپحاس و شتمان كردییە، زانیاریمان وەر گرتییە لە موئەسەساتی حكومی، لە دەوائیری حكومی بەبێ كولفە ئەو زانیارییانە لەلامان هەبووە، لێرە یەعنی ئەمن كە رەئیم ئەوەیە دەبێ فەرق پێ بكرێتن، تەبیعی دەبێ فەرق هەبێتن لە مابەینی موئەسەساتی عامە لەگەڵ خاسەی لەوانەیە موئەسەساتی خاسە ئەو زانیارییەت بە بەلاش نەداتێ، بە كولفە بتداتێ، بەس موئەسەساتی دەوائیری حكومی بە بەلاش زانیارییەكانت دەداتێ، لێرە دەبێ لەیەكتر جودا بكرێتەوە، یەعنی بۆ ئەو سیاغەی كە بەم شێوەیە نووسرایە، چونكە فەرق هەیە لەحكومی و خاسە، لە هەمان وەختیش هەروەها پشتگیری لە قسەكەی كاك جمال دەكەم، ئەو كولفەیە كو حیساب دەكرێ؟ كو تەقدیر دەكرێتن؟ دەبێ بەشێوەیەكی عادل تەقدیر بكرێتن هەتا لە قیمەی فیعلی، لە قیمەی ئەصڵی زیاتر نەبی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشتی خان.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە دوو قیمە هەیە تێکەڵ نەکرێ، یەکەکییان ئەگەر مەبەست لە قیمەی دکۆمێنتەکان بێ لەوانەیە بە پارەیەکی زۆر ئەو کەسە ئەگەر بۆ پشت بەستن بەو یاسایە نەبێت یان ئەو دەستەڵاتەی کە دەدرێت بە موئەسەساتەکان کە زانیاری بدا بە خەڵك، ئەگەر بە پشتگیری ئەم یاسایە نەبێ لەوانەیە ئەو دۆکۆمێنتە نەکەوێتە دەست هیچ کەسێك، قیمەتەکە لێرە بەتەنها بۆ مەسەلەی کۆپی کردنە، بۆ عەمەلییەی بەحسکردنیش نییە، ئەگینا ئەو دۆکیۆمێنتانە لەوانەیە  بە مەلاین دینارو دۆلار یەکێك پێویستی پێی بێت نەتوانێ بگاتە دەستی، ئەگەر ئەو صەلاحییەتە نەدرێ بە رێگەی یاسایەکە بگاتە دەستی، ئەوەیە کە بەتەنها بۆ مەسەلەی کۆپی کردنە، بۆیە لە زۆربەی یاساکاندا کاتێك تەحدیدی کولفە دەکرێت کە کەمییەی مەعلوماتەکە زۆر بێ، واتە تۆ یەکێك دێنی بۆ یەك وەرەقە کۆپی کردن بەبڕوای من ئەوە زەروور نییە، تێدا ئیدراج بکرێ ئەگەر هات و کەمییەی مەعلوماتەکە زۆر بووە ئەوە ئەوکاتە کولفە لە بەرامبەریدا وەر بگیرێ، وشەی بەحسیش هەڵبگیرێ، چونکە مۆزەفی تایبەتمەند ئیشی خۆیەتی کە بگەڕێ بەشوێن ئەو زانیارییە، وەسفی وەزیفییەکەی ئەوەیە، بۆیە لەبەرامبەر عەمەلییەی بەحس هیچ پارەیە بۆ ئەو تەرخان ناکرێ، چونکە ئیشی خۆیەتی، تەنها مەبەست لە کولفەی کۆپی کردنی مەعلوماتەکانە، بۆیە بەبڕوای من دەبێ وشەی بەحسەکە هەڵبگیرێت، مەعلوماتەکەش تەحدید بکرێ، ئەگەر هاتو کەمییەکە زۆر بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز بکر کریم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستیدا ئێمە لەو ماددەیە رسووماتمان هەڵگرت، هەرچەندە لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە ئەو یاسایەیان تێدایە رسوومات هەیە، لەکەنەدا پاش ئەوەی دامودەزگا گشتییەکە رەزامەندی لەسەر ئەوە دەردەبڕێت کە زانیارییەکەی پێدا، رەسمی پێنج دۆلار بدات، موقەدیمە، ئەمە رەسمە، دیارە رەسم بە قانون تەحدید دەکرێ، ئێمە ئەوەمان لابرد، یەعنی وتمان ئەمە پێویست بەوە ناکا، بەلأم دامودەزگایەکە چ گشتی بێت، چ تایبەتی بێت، ئەمە کۆپی کردنە (بالفعل) لەبەر گرتنەوەیە، جاری وا هەیە ژمارەیەکی یەکجار زۆر دۆکیۆمێنت و خەرائیت و سیدی و شت دەبێ لەبەر بگیرێ، ئەمانە دەبێت ئامادە بکرێن، کۆپی بکرێن، پاش هەنگینێ ناردنیان، جاری وا هەیە داواکارە موقەدیمی تەڵەب داوا دەکات بە پۆست بۆی بنێردرێ، نەك لەرێگای ئەلیکترۆنییەوە، کێ تەعامولی ئەو نەفەقەیە دەکا؟ بۆیە ئەو نەفەقەیە دەبێ دامودەزگایەکی گشتی بیکا، بۆ ئێمە تەحمیلی موئەسەساتی عامە بکەین نەفەقاتی زیاد، یەعنی بەراستی ئێمە فێر بووین لەم هەرێمە هەموو شتێك بەس دامودەزگاکانی گشتی تەحمیلی بارگرانییان بخەینە سەر، یەعنی وەك ئەوە بڵێی لەکاتێکدا ئەوە داواکارە پێویستی بە زانیارییە، بۆیە پێویستە تەحەمولی نەفەقاتی..، تەرکیز کردنەکەی، راگەیاندنەکەی بکا، بۆیە ئێمە تەحدیدمان نەکردووە پێش وەختە چەند بێت، ئەمە دامودەزگایەکە

تەحدیدی دەکا، لەسەر ئەوە وەستاوە ئەو شتە راستە هەروەکو ئاشتی خان وتی لە هەندێك ولأتدا ئەگەر هاتو کۆپییەکە لەچوار لاپەڕە زێتر بوو ئەوجا تەحمیلی دەکەن، بۆیە ئێمە ئەوەمان تەحدید نەکرد، یەعنی ئەوە بە تەئکید لاپەڕەیەك بێت یان دوو، داوای پارەی لێ ناکەن، بەتەئکید یەعنی، بەلأم ئەو مەوزوعە دەکرێ مەوزوعی (عەمەلییەی بەحس) ئەمە لاببەین، بڵێین (عەمەلییەی تەجهیز و پێ راگەیاندنی)، من پێموایە ئەو ماددەیە لەجێگای خۆیەتی پێویستە بمێنێتەوە بەو شێوەیەی کە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فیعلەن ئەگەر چەند کەسێك مەسەلەن هاتنە دەر لە موئەسەسەیەکی حکومی، یان هەتا موئەسەسەیەکی ئەهلی داوای هەندێك وەسائیق بکەن، وەسائیقەکان چل لاپەڕە بوو کێ تەحەمولی دەکا؟ ئێ خۆ ناکرێ هەر کەسێك هات و داوای وەسائیقی کرد چل، پەنجا هەمووی بۆ فۆتۆ کۆپی بکرێ، ئەوە فۆتۆ کۆپی دەبێ، فۆتۆ کۆپیش عومرێکی هەیە، دوای ئیستینساخی ژمارە یەك، ئەویش ئیستۆك دەبێت، ئینجا ئەو وەرەقانە، ئینجا حوبری دەوێ، فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر دیاری نەکرێ، کێ تەحدیدی ئەو پارەیەی دەکا؟ چەندە؟ ئەو پارەیە چۆن وەردەگیرێت؟ ئەمە یەك ئیشکالاتە بۆ وەرگرتنی زانیاری، یەعنی دەبێتە کۆسپێك لەبەردەمی ئەوەی کە مەسەلەن کولفەکەی زۆرە، کێ ئەو پارەیە وەردەگرێ؟ کێ تەحدیدی دەکا؟ لەبەر ئەوە دەبێ ئەو پارەیە دیارا بێ، پەیوەندی بە نیسبەتێك بێت، پەیوەندی بە کۆپی کردنە، هیچ شتێکی دیکە نییە، کێشەیەکی دیکەی نییە، بەس کۆپی کردن، یەعنی کابرا بەڵگەیەکی دەوێ، کۆپی دەوێ یان مەعلوماتی دەوێ، زۆر مەعلوماتیش هەیە، زانیاری هەیە لەسەر سایتەکانە، هیچ پێویستی بە کولفە نییە و گەڕان و ئەوانەش نییە، بەلأم هەندێکیان ئەوەی کە پەیوەندی بە بەڵگە و ئەوەیە کۆپییەکەیە، کۆپییەکەش تەحدید بکەین، بۆ ئەوەی نەبێتە گرفتەك، چونکە مۆزەف کابرایەکی ئاسایی نییە، ناتوانێ یەك وەرەقە ئیستینساخ بکا ئەگەر ئەمری پێ نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوجا ئەوە دەکرێ ئەگەر سیغەیەکی بۆ بدۆزنەوە بەپێی کولفەی هینەکە، بەپێی کولفەی ئیستینساخەکە، بە پێی کولفەی ئیشەکە، نازانم یەعنی ئەگەر لەرووی قانونییەوە شتێکی.....، فەرموو کاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا سیاغەکردنەوەکەی بەم جۆرە دەبێ ئێمە ئەو تێچوونە لەسەر پرۆسەی گەڕان نابێ، چونکە پرۆسەی گەڕان ئەبعادی تری لێ دەکەوێتەوە، لەکاتێکدا ئەرکی فەرمانبەری تایبەت خۆیەتی ئەو پرۆسەیە ئەنجامبدا بەپێی داواکارییەك کە پێشتر لەماددەکانی تردا ئاماژەی پێکراوە، بەلأم هەروەکو بەڕێز سەرۆکی

پەرلەمان ئاماژەی پێکرد، ئەو کولفەیە دەخرێتە سەر مەسەلەی کۆپی و ئیرسالە، ئەوەی کاک ئاسۆ باسی کرد، مەسەلەی ناردن و ئەوانە، بەو جۆرە سیاغە دەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بزانین چۆنتان سیاغە کردۆتەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەم شێوەیەمان داڕشتۆتەوە:

على مقدم الطلب دفع كلفة استنساخ الاوراق المطلوبة وتجهزيها وارسالها.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ کولفە نییە، رسوومە، بەپێی ئەم یاسایە حکومەت لەسەریەتی یاخود واجبە لەسەری کە عەمەلییەی بەحسەکە بکات، ئەوە واجبی ئەوانە، ئێمە موقابیلی بەحسەکە پارە نابێ لە خەڵك وەربگرین، ئەمە پێی ناوترێ کولفە، چونکە ئێمە ناتوانین بزانین کولفە کەی چەندە؟ ئەگەر هاتو بەبەریەد ناردی ئێمە ئەو دەستەیە، دەستەی مافی مرۆڤ، لەسەریەتی تەعلیمات دەربکات، بۆ دەرچوونی ئەم یاسایە کاتێك کە دەچێتە تەتبیقەوە مادام ئەومان کردۆتە بەشێك لەپرۆسەکە تەعلیماتێك دەربکا بڵێ (لەچوار لاپەڕە زیاتر بایی ئەوەندەیە، وەرەقەی کۆپیی ئەوەندەیە، یەعنی ئێمە ئەو لایەنە نا دیارەی کە ئەوان دەڵێن کێ ئەو رسووماتە تەحدید دەکا بیخەینە دەستی ئەوانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو عظیمە خان.

**بەڕێز عظیمە نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ قسەکەی سۆزان خان، ویستم ئەوە بڵێم، چونکە وەرگرتنی بەڵگەیەك کە تۆ دەچیت بۆ فوتابخانەیەك یان بۆ وەزارەتێك بەڵگەی شەخسی کەسی خۆت دەهێنیتەوە، یەك نوسخەیە یەکسەر بۆت دەکرێت، مۆزەف هەیە بەشی موئەلەفاتە، ئەو مۆزەفە ئیشی ئەوەیە کە بەدوای بابڵێین بەڵگەی ئەو کەسەدا دەگەڕێ و دەیداتێ، یەعنی ئەمە لە حکومەت خۆی بەشی دۆسییەکان، بەشی مەلەفات، وەسائیق، ئەمانە هەمووی مۆزەفی هەیە و یەك نووسخەیە کە تۆ وەری دەگری، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کەتۆ زانیارییەك بە چەند بەڵگەیەك و بەچەند دەفەیەك و بە سیدی بدرێتە کەسێك جیاوازە، بۆیە ئەمە پێویستی بەوەیە

كە جیاوازی بكرێ لەوەی كە تۆ یەك بەڵگە وەردەگری یان زانیارییەك كە تۆ چەند رۆژی دەوێ یان كاتی دەوێ یان كولفەی زۆری دەوێ، دەبێ جیا بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

قسەكەی یەكەمجاری ئاشتی خان تەحدیدی ئەو مەسەلەیەی كرد بەڕاستی، فەرموو كاك خورشید.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جارێ ئەوەلەن ئەوە كولفەیە، رسم نییە، ئەوە یەك، دوو، دەتوانین بڵێین (الكلفة المماثلة یان الكلفة السائدة)، چونكە بەڕاستی لە گۆڕانكاری دایە، رۆژێك كۆپی بە هەزارە و رۆژێك بە پێنج سەدە و رۆژێك بە دوو سەدە و یان سیدی ئەمڕۆ بە هەزارە و بەیانی بە دوو هەزارە، بڵێین (الكلفة المماثلة یان الكلفة السائدة) خلاس و بڕاوە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالسلام:

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو موناقەشەیە رەسمە یان كولفەیە وازحە وابزانم، كاك ئاسۆش دیاری كرد، من پێشنیارێكم نارد بۆ لیژنە، وابزانم خیلافەكە هەموو لەوەی هات نووسراوە (القیمة الفعلیة لعملیة البحث)، ئەوە قیمە مەسەلەیەكە دەبێ یەكێك تەحدید بكات، لە باتی (القیمة الفعلیة)یە، (الكلفة الفعلیة)، تەواو، شتەكە وازح دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی مەسەلەن كە ئێمە دەچینە مەكتەبەیەك، لەسەر مۆزەڤ ئەو مەكتەبە پێویستە بگەڕێ ئەو كتێبەی كە من دەمەوێ بمداتێ، ئەوە حكومەت خۆی تەكلیف دەكا، ئەو تەكلیفەیە، بەلآم ئەگەر كتێبم بۆ ئیستینساخ بكا، ئێ ناكرێ ئەو مەكتەبەیە هەموو رۆژێ یەكێك بێ كتێبێكی بۆ ئیستینساخ بكا و پارەكەشی لێوەرنەگرێ، بەلآم كولفەكە چۆن تەحدید دەكرێ و سیاغەی بۆ دەكرێ، نازانم بەڕاستی، فەرموو هاوڕاز خان.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی ئێمە لەسەرەتادا موداخەلەمان كرد، باسمان كرد، قسەی یەك پەرلەمانتار كرایە روونكردنەوە و روونكردنەوەی لەسەر درا، قسەكەی كاك عبدالسلام جوانە، كولفەی فعلی تێچوونی فیعلی ئەو شتە چەندە وەربگیرێتەوە، من لەگەڵ ئەوەدام یەعنی بەڕاستی دەبێ شتەكە دیاری بكرێ، من چەندێ قانونی وڵاتانیشم

تەماشا كردیٚ بەڵیٚ تێچوونەكە دەبیٚ، بەلاٚم ئێستا لێرە ئیشكالەكەمان چییە؟ ئەو شوێنەی كە تێچوونەكە دیاری دەكا بەڕەسمی دیاری نییە، نازانین كێیە؟ لێرە لەماددەكەشدا كە دەڵیٚ گەڕان بەڕاستی مەسەلەی گەڕان نابیٚ ئەم تێچوونە لە هاوولاٚتی وەربگیریٚ، گە فەرمانبەرێك تایبەتمەندە،ئیشەكەی ئەوەیە دەبیٚ بەدوای زانیارییەكاندا بگەڕیٚ و زانیارییەكان بەڕاستی لەماددەكانی دیكەدا كە پەسەندمان كرد دەبیٚ ئاسانكاری هەبیٚ، بەشێوەیەك بیٚ كە زۆر ئاسان بێت، بەشێوەیەك ئەرشیف بكرێت كە زۆر ئاسان بیٚ، ئەوەی ناویٚ كە پارە لە هاوولاٚتی وەربگیرێت، یەعنی تۆ لەجیاتی ئەوەی هاوولاٚتی بیەویٚ زانیاری وەربگریٚ بەشێوەیەكی پێچەوانە ناچیٚ زانیاری وەربگریٚ، ئا بەم شێویە نادیارە ئەگەر لەم ماددەیەدا بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەیە قسەكەی كاك عبدالسلام باشە، یاخود تێچوونی پێداویستی ئەوەش تەحدید دەكا، ئەو پێداویستییەی كە ئەو تەكلیفەكەی چەند لە هاوولاٚتی وەر بگیریٚ شتێكی ئاساییە، ئێمە باسمان لە تەحدیدە، باسمان لەوە نییە كە هیچ تەكلیفێك لەسەر هاوولاٚتی نەبیٚ كە زاینیاری وەردەگریٚ، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك فرسەت هەندێك تێبینی هەیە، با بفەرمویٚ.

**بەڕێز فرسەت احمد/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرەئی من لەو مەوزعانە ئێمەش وەك دەوڵەتەكانی تر بین، ئەگەر دیموكراتییەت بێت ئەوان تەجروبەیان لە ئێمە زیاترە، ئەگەر قەزییەی ماڤی مرۆڤ بێت، ئەوان دیسان تەجروبەیان لە ئێمە درێژترە، بەپێی مەعلوماتم لە زۆربەی دەوڵەتەكان هەوكە نالێن لە هەموو دەوڵەتەكان خزمەتێك تەقدیمی بكەن رەسمەكی هەیە، با رەسمەكە رەمزی بێت، سەبەبەكە چییە، هەم لەلایەك دەبێتە مەورد بۆ ئەو دائیرەیە، هەم لەلایەك تەڵەبەكە جدی دەبێت، كاكە برایان هەوكە رەسمەك لەگەڵ بێت هەموو كەسێك بە ئاسانی ناچێت داوای مەعلومات بكات، ئەوە یەك، دوو، مەوزوعی تەكالیف بەڕەئی من تەكلیفەكە با......، چونكە رەسم لازمە بە قانون بێت، چونكە ئەگەر ئێمە رەسممان دانا لازمە لەناو قانون بێت، بەلاٚم بۆ تەكالیف ناتوانی لەناو قانون دا بنێی، چونكە حاڵەتێك لە حاڵەتەكان ئیختلاڤ تێدایە، یەكێك دێتن داوای چوار وەرەقە دەكا، ئیتر دوور نییە داواكارییەكە بە كیتابێك یەڵلاٚ تەواوبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك حەمە سعید:

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە ئیشكالەكە لەوەیە یەكەم: باسی بەحس كراوە، كە پێویست ناكا وەكو جەنابیشت ئاماژەت پێكرد كە مۆزەفێك موكەلەفە بەوەی بگەڕیٚ، دووەم: بە عموومی وتراوە و سێیەم: تەحدید نەكراوە،

ئەگەر ئەم سێ ئیشکالە ڕەفع بکەین چارەسەر دەبێ، بڵێین (كلفة استنساخ الوثيقة وارسالها باالبريد)، تەبعەن ڕەسم جیایە لە بەرید، بۆ؟ چونکە جەنابتان دەزانن، ئێستا یەکێك دەچێت تەعەهودێك دەدا، ڕەسمێکی ڕەمزی لێ دەستێنن (5)سەد دینار، بەڵام جاری وا هەیە ئیستینساخەکە بیست هەزار دیناری دەوێ، کەواتە ڕەسم و کولفە جیان، لەبەر ئەوە (كلفة استنساخ الوثيقة وارسالها باالبريد)، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی تەکالیف کە هاتووە بێگومان کە باسکرا لە هەندێك دەوڵەت، ڕسووماتی هەندێك دەوڵەت تەکالیفی هەیە، هەدەفەکە چییە، دەبێ تەکالیفەکە کەم بێ، ڕێگر نەبێ لەبەردەم هاووڵاتی زانیاری بە دەست بکەوێ، لەسەر ئەم مەبدەئە ئەم ماددەیە داڕێژراوە، بۆیە من پێموایە بەس بەحسەکەی لێ هەڵبگیرێ، باقی شتەکان وەك خۆی بمێنێتەوە، بەس نابێ لە قیمەی تەکلیفەکە زیاتر بێ، بۆ؟ چونگە مەبدەئی شەشەم لە ئەوەی گرووپی نۆزدە کە بۆ یاسای بەدەستهێنانی زانیاری یەکێك لەوانە تەکلیف بکا، دەڵێ نابێ تەکالیف ئەوەندە زۆر بکرێ لەسەر هاووڵاتی کە ڕەدع بکرێ هاووڵاتی داوای زانیاری بکات، ئەم ماددەیە بۆ ئەوە داندراوە، بۆیە پێموایە هەر وەك خۆی بەحسەکە هەڵبگیرێ، قیمەی تەکلیفەکە لە قیمەی فیعلی مەسروفەکە نەبێ، لەبەر ئەوەی سیعری گۆڕانکاری تەکلیفەش گۆڕانی بەسەر دادێت، بۆیە پێموایە ئەوە لە داهاتوو لە تەعلیمات ئەو تەکلیفانە دیاری بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك سالم.

**بەڕێز سالم توما كاكو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕەسم و تەکلیفە وابزانم دەبێ لە یەکتر جیاواز بکرێتەوە، ڕەسم یەکمجار دەبێ بە قانون بکرێ، تەکلیفەش بەپێی تەعلیمات دەستەی مافی مرۆڤ دیاری بکات، چونکە بەرزو نزمی هەیە، دوایی هەیبەتی ڕەسمەکە لە هەیبەتی دانی زانیارییەکە، وەرگرتنی هەردووکی بە وەصڵی (محاسبە (37) دەکرێ) وابزانم موتەفیقین لەسەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڕۆژان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەيی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

له ئەصڵی پرۆژەكە كە پێشكەشكرابوو رەسمی تێدابوو، ئێمە دوای ئەوەی گفتوگۆمان لەسەر ئەو بابەتە كرد ویستمان ئەو مافە كە بەو یاسایە مسۆگەر دەكرێ، هیچ بارێكی دارایی لەسەر هاووڵاتیان دانەندرێ، واتە ئەو مافەی كە بۆی مسۆگەر دەكەی بەرامبەری پارەی لێ وەرنەگری، بەڵام كە دەزگایەكی گشتی یان تایبەت ئەو زانیاریانەی داوا دەكرێ بۆی داوێتە سەر سیدی یان بۆی كۆپی دەكا، تەنها پارەی سیدیەكە یان میمۆرییەكە یان بە هەر شێوازێك بێ لەبۆی دەنێری تەنها ئەو پارەیەی لێ وەر دەگیرێ، مەبەستی لە كولفەی ئەوەیە، واتە ئەو رۆژەی كە داوای زانیارییەكە دەكات، لاپەڕەیەك بەچەندی كۆپی دەكرێ، سیدییەك نرخی چەندە، تەنها ئەوەندەی لێ وەر بگیرێ، ئێمە نامانەوێ بەرامبەر مسۆگەر كردنی یاخود فەراهەمكردنی ئەو مافە بۆ هاووڵاتیان هیچ رسووم و شتێكی لێ وەر بگیرێ، دووەم، ئەگەر رەسمەكە دەنگی هێنا یاخود داندرا، رەسمەكە كو دیاری دەكرێ؟ رەسم دەبێ بڕەكەی لەناو یاسا دیاری بكرێ، رەسم بەرامبەر وەرگرتنی زاینای لەسەر سیدی بەم شێوەیە، رەسم بەرامبەر وەرگرتنی زانیاری بە كاغەز لەسەر لاپەڕە بەم شێوەیە، ئەم رەسمە دیاری ناكرێ، رەسمیش دەبێ بە قانون بێ، بە تەعلیمات نەبێ، بۆیە ئێمە، لە لیژنە هاوبەشەكە كە ئەو راپۆرتەمان ئامادەكرد هەموومان لەگەڵ ئەوە بووین باری هاووڵاتیان قورس نەكەین، داوای رەسمی لێ نەكەین، تەنها كولفەی وەرگرتنی پێدانی زانیاریەكە و لەوانەیە بە بەرید لە بۆی بنێری، لەوانەیە بەبەریدی ئەلیكترۆنی لە بۆی بنێری، تەنها ئەو كولفەیەی لێ وەر بگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا لە وەرگرتنی زانیاری هەم رەسمی هەیە، هەمیش تێچوونی هەیە، مەسەلەن چۆنیەتی وەرگرتنی مەعلوماتەكە هەیە، من نموونەیەك دەهێنمەوە، ئێمە ساڵی (2008) كۆمەڵێك مامۆستای زانكۆ بووین، حەفتانە، رۆژانە هاتوچۆی كتێبخانەی زانكۆی ئەمەریكیمان دەكرد لە لوبنان، هەموو رۆژێك كە دەچووین تەنها بۆ داخیل بوونی كتێبخانەكە (20) دۆلار وەكو رەسم دەماندا، فۆڕمێكمان وەر دەگرت، بۆ وەرگرتنی زانیاری، بەڵام كە دەچووینە ناو كتێبخانەكە ئەگەر ئیستینساخمان پێویست بووایە ئەوە لەسەر خۆمان بوو، كولفەكەی لەسەر خۆمان بوو، جا ئایا هەردووكی لێك جیاوازە بەڕاستی، ئایا لێرە دەمانەوێ هاووڵاتی مەسەلەن دەچێ بۆ دائیرەیەك، بۆ كتێبخانەیەك رەسمی لێ وەر بگیرێت؟ ئەگەر رەسمی لێ وەر بگیرێ ئەوە دەبێ بە یاسا دیاری بكرێت، بەڵام وەك باسكرا هەم كاك سالم باسی كرد، هەم د. رۆژان، بە رەئی من تەنها تێچوون بێت، تێچوونەكەش بە تەعلیمات دەستە دیاری بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لانە خان.

**بەڕێز لانە احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمن كە تازە روونكردنەوەم دا بەنیسبەت ماددەی شانزدە، یەعنی مەبەستم لێ چی بوو، كە كاك عمر تازە ئیشارەتی پێدا، مەسەلەن بڵێین مامۆستای زانكۆ، كە بەحسێكی دەكەی، كە تۆ موراجەعەی دائیرەی حكومی دەكەی لەوێ زانیارییەكەت پێدەداتن، وەكی هەر جەنابت بەڕێزت كە تازە گۆتت مەسەلەن ئەمن كیتابێكم لەوێیە دەچمە مەكتەبەكی لە ئەتروحەكی مەسەلەن لەوانەیە پەنجا لاپەڕەم دەوێتن، ئەوە دەبێ لەسەرە خۆم بێت ئەمن ئیستینساخی بكەم، لەسەر دامودەزگای حكومی نەبێ لە بۆم من ئیستینساخ بكا، بۆ؟ چونكە من بەحسێكی دەكەم، یەعنی ئێمە ناتوانین لێرە موئەسەساتی حكومی ئیلزام بكەین، كە ئەو دابنیشیتن پارەكەم بۆ دەفع بكا یان بۆ من پەنجا لاپەڕەی ئیستینساخ بكاتن، بەس لێرە كە قیتاعی خاصە مەسەلەن لەوانەیە ئەو زانیاریەت بەلاش نەداتێ، یەعنی ئەمن لێرە كە ئیشارەت پێدەدەم یەعنی ئەوە دەبێت سیاغەكەی بەم شێوەیە بنووسێ، بەنیسبەت ماددەی شانزدە، یەعنی ئەگەر ئەو شەخسە مەسەلەن زانیاری داواكرد لە دەوائیر و موئەسەساتی حكومی، چ سیدی بێت، چ كیتابێكی كۆپی كرد، چ مەجموعە ئەوراقەكی ویست، ئەوە دەبێ لەسەر كولفەی شەخسەكە بێت، نەك دەوائیری حكومی، بۆمن ئیستینساخ بكات و تەسلیمم بكاتن، ئەم بەنیسبەت قیتاعی خاص لەوانەیە ئەو زانیارییەی بەلاش نەداتێ، یەعنی لەگەڵ قسەكانی كاك عمر نورەدینیمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وەڵلا ئەمن پێموایە كەسێك باسی ئەوە ناكا ئێستا حالییەن گوێم لەكەس نەبوو بڵێ وەڵلا دەچمە هەر دائیرەیەكی حكومی بە بەلاش پەنجا لاپەڕەم بۆ بكا، هەمووی وا دەڵێ مەبلەغێك هەبێ، بۆ؟ لە موقابیلی ئەوەی تێی دەچێ، هەمووی وادەڵێ، بەلآم سیاغەكەی چۆن دەكەنەوە؟ نازانم، یەعنی ئێمە موناقەشەكە هەر بەردەوامە هەمان شتیش دەوترێ، فەرموو كاك عونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سیاغەكە بەم شێوەیە:

على مقدم الطلب دفع نفقات تجهيز المعلومات المطلوبة على ان لاتتعدى الكلفة الفعلية لعملية تجهيز المعلومات وارسالها اليها.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاكە ناوتان دەنووسمەوە، زۆر داوا دەكەن، ئەم بەڕێزانە ناویان نوسراوە (كاك شوان، د. صباح، سیوەیل خان، د. احمد، كاك جمال، كاك حەمە سعید، د. ئاراس، كاك صباح، سۆزان خان)، فەرموو كاك شوان.

**بەڕێز شوان كریم كابان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بەشی بڕگەی یەکەمی بەم شێوەیە سیاغە بکرێ، بۆ ئەوەی ئەو بەحس و شتەشی تێدا نەمێنێ، (على مقدم الطلب دفع كلفة تجهيز وتوصيل المعلومات والى اخره....)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. صباح.

**بەڕێز د. صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەم ماددەیە ئەو موناقەشەیە هەڵناگرێ، كە ئێمە سەیری مەجموعەیەك قانونی تر بكەین، دەبێ ئەو تەعبیرانەی بەكاری دێنین بەڕاستی مونزەبیت بێ، كە دەڵێ (نفقات البحث)، بەحس مومكینە سێرچێ بكەی چۆن زەبتی دەكەی ئەمە بایی چەندە؟ بۆیە من لە قانونی حسولێ لەسەر مەعلوماتی یەمەنیدا نەسێك هەیە بزانم پێتان چۆنە، دەڵێ (تكليفه الحصول على المعلومة المطلوبة) ئینجا دواتر دەتوانی بڵێی (على ان لاتتعدى الكلفة الفعلية في السوق يان الكلفة الفعلية السائدة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر قسەكەی د. صباحی پەسەند دەكەن ئەوە ئەمن قسەم نییە، قسان ناكەم، ئەگەر نا پرسیارێكم هەیە، با پرسیارەكەی بكەم، لیژنەی هاوبەش ماددەیەكیان ئیزافە كردووە كە ماددەی هەژدەمە، نووسرایە (المادة الثامنة عشرة) (يحق لكل شخص، الاعتراض على الاجراءات وفي الحالات الاتية: كە لە ثالثا هاتووە (فرض تكاليف غير ضرورية على مقدم الطلب)، ئەوە پرسیارە دەیكەم، ئایا ئەو فەقەرەی كە ئەگەر پەسەندكرا لە ماددەی هەژدەهەم چارەسەری ئەو كێشەیەی ماددەی شانزدە ناكاتن؟ ئەگەر برادەرانی لیژنە جوابم بدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. احمد.

**بەڕێز د. احمد ابراهيم علي (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕەئییەكەی من لە ڕەئییەكەی كاك دڵشاد و كاك د. صباح نزیكە، كە لێرە هاوكارانیشم ئاماژەیان پێدا كە مەسەلەی گەڕان بەدوای زانیارییەكە (بحث)ەكە لابدرێ، تەنها لەسەر داواكار پێویستە كولفەی پێدانی زانیاری داواكراو بدات بە مەرجێك لە بەهای ڕاستەقینەی دۆسیە ئامادەكردن و پێگەیاندنی بەكەسی داواكراو زۆرتر نەبێ، واتە لێرە تەنها ئەو كولفەیە لەداواكراو وەردەگیرێ كە لە ئەنجامی ئیستینساخ و

کۆپی کردن و ئامادەکردنی ئەو وەسیقەیە ئەو دۆکۆمێنتە دێتە دی، ئەیگەیەنێ بەدەستی داواکار، یەعنی (بحث)ەکە لابدرێت، تەنها کولفە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جمال.

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە رەسم و کولفە، دوو موستەڵاحاتن لەیەکتر جودانە زۆر، رەسم مانای ئەوەیە فەرزیزەیەکی داراییە، هەیئەیەکی گشتی یان دەوڵەت فەرز دەکات بەرامبەر پێشکەشکردنی خزمەتێك، کولفە مانای گەورەترە، فراوانترە، رەسمیش حەتمەن بە (قائیمة حسابة محاسبة 37/أ)ە، ئەگەر موحاسب لێرە بزانن ئەوانە دەکرێتە ئیداع و ئیراد بۆ حکومەت، دکتۆرە ئەمن نەسێکم ناردییە، بەکورتترین، دوو دێڕە، ئەگەر پێتان باش بوو یەعنی مادام هەر کولفە دێنن قەناعەتتان بە رەسم نییە، هەرچەندە لە ئەصڵی قانون رەسم هەیە، لە ئەصڵی قانون وابزانم ئەو قانونە لە قانونێکی تر وەرگیراوە، یەعنی رەسم مەحمول بییە، من پێشنیار دەکەم نە (علی مقدم الطلب)، نە (علی الاخره)، نە لەبازاڕ کەمتر بێت، یانیش چۆن بێتن، (یتحمل طالب المعلومات تکالیف الحصول علیها) و خەڵاس، بە دوو دێڕ خەڵاس، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فرسەت سیاغەیەکی هەیە با بیخوێنێتەوە، گوێمان لێ بێ، فەرموو.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم سیاغەم هەیە.

(یستوفی رسماً من مقدم الطلب مقداره ثلاثة الآف دینار ویتحمل الکلفة الفعلیة للمستلزمات المادیة التي یتطلبها اعداد المعلومات المطلوبة من قبله وتجهیزها له دون غیرها علی ان تحدد التکالیف انواعها بتعلیمات موحدة تصدرها الهیئة).

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە پێتان باشە ئەوە؟ فەرموو کاك حەمە سعید.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەو تەجهیزە زۆر مەتاتیە، زۆر عمومیەتە، تەجهیز یەعنی کولفەی بەحسیش و کولفەی ئیستینساخ و هەموو ئەو کولفانە دەگرێتەوە، بۆیە ئەوەی د. صباح کە لەو قانونە وەرگیراوە (تکالیف الحصول علی المعلومات وتوصیلها)، ئەوە زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ئاراس.

**بەڕێز د. ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێز، لەڕاستیدا جیاوازی نییە لەنێوان نەفەقەو لەنێوان کولفە لەو داڕشتنەی کەوا لیژنەی هاوبەش ئامادەی کردووە، نەفەقە بەهەمان مانای کولفە دێت، ئەوە منیش سیاغەیەکم ئامادە کردووە ئەگەر بکرێت، بەم شێوەیە (على مقدم الطلب دفع تكلفة الحصول على المعلومات حسب السعر السائد وتحددها الجهة المعنية بتلبية الطلب)، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە ئەمن دەبمە سێیەمین کەس دەقێك دەخوێنم کە بە تەحدیدیش ناردوومە هەر لەسەرەتاوە بۆ لیژنەی هاوبەش (يتحمل مقدم الطلب تكاليف الحصول على المعلومات المطلوبة)، سێ کەس (على الاقل) د. ئاراسیش هەر لەو ئیتیجاهە هەیە، ئەم سیاغەمان پێشکەشکردووە، پێشنیار دەکەم، داوا دەکەم لە بەڕێزتان بیخەیە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی کاك عبدالسلام بۆ ئەو سیغەیە، کە بەم شێوەیەی کە (يتحمل مقدم الطلب الكلفة المترتبة على حصول المعلومة)، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك صباح.

**بەڕێز صباح بيت الله شكرى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە سیاغەکەی بەم شێوەیە بێتن (على مقدم الطلب دفع نفقات الحصول على المعلومات المطلوبة)، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش چوار کەس داوای یەك سیغەیان کرد، حەقی خۆیانە بیخەنە دەنگەوە، هەموو ئەوانەی سێ کەس داوایان کردووە، بیانخوێننەوە دەیان خەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سیاغەی یەكەم.

يتحمل طلب تكليف الحصول على المعلومات المطلوبة و وتوصيلها اليه.

سیاغەیەكی تر.

على مقدم الطلب دفع تكليفة الحصول على المعلومة المطلوبة على ان لاتتجاوز القيمة الفعلية السائدة في السوق.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمد امين (نوورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی من دەپرسم مەعلومات كاڵایە بەپێی سیعری بازاڕ دیاری بكرێ؟ زەحمەتە ئەوە بەڕاستی، ڕەنگە من بچم كتێبێك ئیستینساخ بكەم لە كتێبخانەیەك، تێچوونی ئیستینساخەكەی دوو ئەوەندەی قیمەتی ئەو كتێبە بێ كە پێی كڕاوە، بۆیە بەڕاستی من ئەوە بە پێویست نازانم بەو مەرجەی كە لە سیعری بازاڕ تەجاوز نەكا، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا كاكە دوو سیاغە، سێ ساغە هەیە، سیاغەكان دەدەینە دەنگەوە كێ دەنگی هێنا ئەو، ئێمە یەك دانە سەعاتە موناقەشەی یەك فەقەرە دەكەین بەڕاستی، كاك كاردۆ قسەتان كرد، با سیاغەكان بخەینە دەنگەوە بەڕاستی، لیژنەی هاوبەش تكایە ڕەئی پەرلەمانتارە بەڕێزەكان دوو ڕەئییە، سێ ڕەئییە، یەك، یەك بیخەنە دەنگەوە وەكو خۆی، تكایە دەستكاری مەكەن، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سیاغەی تر ئەوە بۆمان هات بەم شێوەیە، ئێستا دەیخوێنمەوە.

يتحمل طالب المعلومات تكاليف الحصول عليها على ان لا تتعدى الكلفة الفعلية لها.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی، كاكە یەك، یەك پێشنیارەكان، ئەوەی كە كراون سیاغەكان بخەنە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز بكر كريم محمد صالح (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی خوشك و برایانی پەرلەمانتار كۆمەڵێك سیغەیان خستە روو، وەكو من دەبینم بەڕاستی لەرووی جەوهەرەوە هەموویان لەیەكتر نزیكن زیاتر تەلاعوبە بە ئەلفاز و كەلیمات و عیبارات، بۆیە من پێم وایە ئەوەی ئێستا كاك عونی دەیخوێنێتەوە بخرێتە دەنگدانەوە، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نابێ هەر ئەوە، چونكە سێ كەس داوای یەك سیاغەیان كرد، دەبێ هەمووی بخرێتە دەنگەوە بەراستی، كاك عونی تكایە ئی خۆتان بخوێننەوە، ئەوەی كە پەرلەمانتارە بەڕێزەكان دوو سیاغە، سێ سیاغەیان هەیە بیخەنە دەنگەوە، كێ دەنگی هێنا ئەو دەڕوا، هی خۆتان نا تكایە، هی پەرلەمانتاران كە سێ كەس، چوار كەس داوایان كردووە، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دووبارە دەیخوێنمەوە، ئەو پێشنیارانەی كە پێشكەشكراون.

يتحمل طالب المعلومات تكاليف الحصول عليها.......

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی تكایە بە ئیجازەت، كاك عبدالسلام تكایە سیاغەكەی خۆت بخوێنەوە، تكایە گوێتان لەو سیاغەی كاك عبدالسلام بێ، دوایی ئەو تەرەفەی سیاغەیەكیان كرد ئەویش دەخەینە دەنگەوە، فەموو كاك عبدالسلام سیاغەكەت بخوێنەوە، لەلای خۆت.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

يتحمل مقدم الطلب تكاليف الحصول على المعلومات المطلوبة.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو سیغەی كاك عبدالسلام خوێندیەوە سێ كەس داوایان كردووە، كێ لەگەڵدایە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، (44) كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدانییە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، (20) كەس لەگەڵدانییە، كەواتە بە زۆرینەی دەنگ وەر گیرا، باشە سیاغەكەی تر كێ بوو با هەستێ سیاغەكەی خۆی بخوێنێتەوە......، كاك كاردۆ نوقتەی نیزامی نییە؟ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارەکان لەنێوان دوو را بوو، رایەك لەگەڵ تێچوون بوو، رایەك لەگەڵ رەسم بوو، ئێستا رەسمەکە هەر نەخرا دەنگدان کە ئوسوسێکی قانونی دیاری کراوە، کولفەکە ئێستا ئەوە خرا، دەنگیشی هێنا، بەلاّم لەسەر چ بنەمایەکی قانونی تەعلیمات دەردەکا؟ سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فرسەت سیاغەیەکی کرد قەبولّتان نەکرد، ئەو رەسوومی دانابوو (3) هەزار دینار ئەوەی تەڵەب دەکا، دوایی قبولْ نەکرا، کاکە ئەو سیاغەیەی دووەم بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سیاغەیەکی تر.

یتحمل مقدم طلب تکالیف الحصول علی المعلومات المطلوبة وتوصل الیە علی ان لا تتعدی الکلفة الفعلیة لتجهیزها وارسالها الیە.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (27) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (39) کەس لەگەڵدانییە، ئەوەی پێشووش (44) دەنگی هێنا بوو، د. صباح لەو سیاغەی خۆت تەنازول دەکەی؟ فەرموو.

**د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاّهی خۆی لە راستیدا مەسەلەی دەنگدانەکە دەبوایە بەم شێوەیە بوایە، ئایا مەرجی تێدابێ یان تێدا نەبێ، بەس ئەو سیغەیە (علی مقدم الطلب دفع تکلیفة الحصول علی المعلومة المطلوبة شریطة ان لاتتجاوز القیمة الفعلیة السائدة في السوق)، ئەوە سیغەی من بوو، نازانم دەنگ دێنێ یان نا، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك د. عمر.

**بەڕێز عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکە لە رووی مەزموونەوە لە دوو حاڵەت دایە، یەکێکیان ئەوەیە تەکلیفەی فیعلی داواکاری بۆ زانیارییەکە، ئەوەی تر دەڵێ بەو مەرجەی کە لەوە تەجاوز نەکا، هەردووکی خراوەتە دەنگدانەوە، حەسم بووە، بۆیە چیترپێویست بەوە ناکا پێشنیاری تر بخرێتە دەنگدانەوە، دەنگیشی هێنا، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەكو مادده ئەمان خستۆتە دەنگەوە، وەكو پێشنیار خستوومانەتە دەنگەوە، فەرموو ئەوەی د. صباح بخوێننەوە، بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

على مقدم الطلب دفع تكليفة الحصول على المعلومة المطلوبة على ان لا تتجاوز القيمة الفعلية السائدة في السوق.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو سیاغەیەی كە ئێستا خوێندرایەوە، هی د. صباح كە پێشنیاری كرد، تكایە كێ لەگەڵدایە؟ دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، (21) كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدانییە، تكایە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، (37) كەس لەگەڵدانییە، كەواتە دەنگی نەهێنا، كەواتە وەكو ماددەكە سیاغەی یەكەم كە (44) دەنگی هێنا، كەواتە ئەو بووە ئەصڵی ماددەكە، تكایە بڕۆن بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السابعة عشرة:

تقترح اللجنة المشتركة الغاءها لعدم الحاجة اليها، نظرا لأن رئيس و اعضاء الهيئة موظفين لدى الحكومة.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بە كوردییەكەی.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (17):

لیژنەی هاوبەش پێشنیاری لا بردنی دەكات، چونكە ئەو ماددەیە پێویست نییە و سەرۆك و ئەندامانی دەستە فەرمانبەرن.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. رۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها وەك روونكردنەوەیە ماددەی (17) لە دوو بڕگە پێكدێت لە ئەصڵی پرۆژەكە پێشكەشكرایە، بڕگەی یەكەم باس لەوەی دەكا كە لەبەر ئەوەی پرۆژەكە لەسەر بنەمای پێكهێنانی دەستەیەك بووە، واتە ئەندامانی دەستە مووچەیەك وەردەگرن، هەروەها دەستە بۆی هەیە فەرمانبەری نوێ دابمەزرێنێ، دەستە دەنگی نەهێنا، لەبەر ئەوە داوا دەكەین كە فەرمانبەرە تایبەتمەندەكەش خۆی فەرمانبەرە لە دەزگا گشتی

و تایبەتمەندەكان، خۆی مووچەی هەیە، پێویست ناكا مووچەیەكی بۆ دابندرێ، لەبەر ئەوە بوو داوامان كرد ماددەی (17) ئیلغا بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەوە دایە ئەو ماددەیە لەغو بكرێت؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانییە؟ تكایە دەست بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ رەت كرایەوە، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راپۆرتی لیژنەی هاوبەش بووە بنەما بۆ موناقەشەكردن، لیژنەی هاوبەش پێشنیارێكیان كردووە بە یادكردنی ماددەیەك لەجێی ماددەی (17) بەم شێوەیە:

مادة مضافة: المادة السابعة عشرة: (حماية المخبر):

لا يجوز ايقاع اية عقوبة على الموظف الذي يفشي بمعلومات حول مخالفات او انتهاكات ترتكب ضد القانون.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بە كوردییەكەی.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەیەكی ئیزافی ماددەی (17) (پاراستنی موخبیر):

نابێ سزای ئەو فەرمانبەرە بدرێ كە زانیاری لەبارەی سەرپێچی و پێشێلكاریەكان دژ بەم یاسایە دركاندووە و بلاّو كردۆتەوە.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ تكایە، بۆ ئەوەی ناوی بنووسین، تكایە ناوەكانتان بڵێن، زۆر سوپاس، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە ( كاك قادر حسن، سۆزان خان، د. احمد، كاك نەژاد، كاك دڵشاد، كاك شوان، كاك عبدالسلام، هاژە خان، ئاشتی خان، كاك عبدالله مەلا نووری، عظیمة خان، كوێستان خان، كاك لقمان، د. صباح، د. عمر نورەدینی، مامۆستا فرمان، سیوەیل خان، شلێر خان،)، فەرموو كاك قادر.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەبارەت بەو ماددەیە كە هاتووە دەڵێ نابێ سزای ئەو فەرمانبەرە بدرێ كە زانیاری دەربارەی سەرپێچی و پێشێلكاریەكانی دژ بەم یاسایە دركاندووە و بلاّو كردۆتەوە، پێشنیار دەكەم لە دوای زانیاری كەلیمەی سەلمێنەری بۆ زیاد بكرێ، واتە بڵێ نابێ سزای ئەو فەرمانبەرە بدرێ كە زانیاری سەلمێنەری لەبارەی سەرپێچی و پێشێلكارییەكان دژ بەم یاسایە دركاندووە و بلاّو كردۆتەوە، چونكە ئەگەر ئەمە نەبێ هەر

فەرمانبەرێك شتێكی بەدڵ نەبوو یان خیلافێكی لەگەڵ مودیر هەبوو ئەنواع و ئەشكال زانیاری بێ بنەما بلاّو بكاتەوە، گرفت دروست دەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕێزم بۆ لیژنەی هاوبەش، دەستخۆشیان لێدەكەم، هیلاك بوون زۆر، هەتاوەكو ئەو ڕاپۆرتە موشتەرەكەیان نووسی، بەلاّم ئیزافە كردنی ئەم ماددەیە بەڕاستی شتێكی زیادەیە، نەسی قانونەكە دەڵێ شەفافییەت، هەموو دەزگایەك لەسەریەتی مەعلوماتەكان بە شەفافیەت بدات، ئەصڵەكە ئەوەیە كە مەعلومات بدرێ، ئەم گومانە بۆ دروست بكرێ لەسەر ئەوەی ئەگەر هاتو مۆزەفێك مەعلوماتێكی دركاند لەسەر موخالەفات، دەبێ حیمایەی بكرێ، ئەسڵەن ئەوەیە كە ئەو مۆزەفە كاتێك كە ناچێ لەخۆیەوە مەعلومات نەشرٍ بكات، ئەو مۆزەفە ئیشی ئەوەیە ئەگەر من ئەوەندە كەسێكی چاو كراوەو وریا بم، هەست بكەم لەو دەزگایە كارێكی موخالەفە كراوە، موخالەفات كراوە، دێم داوای مەعلومات دەكەم لەسەری، ئەو مەجبورە ئەو مەعلوماتەم بداتێ، ئەمە نە دەزگای ئەمنییە، ئەمە نە هیچێكە، یەعنی من تێناگەم، ناویشیان هێناوە موخبیر، ئەو ئیشی ئەوەیە، ئەو مۆزەفی پێدانی مەعلوماتەكەیە، بۆ ناوی موخبیری لێ دەنێن؟ مۆزەفی پێدانی مەعلوماتە، (الموظف المختص بالمعلومات)، ئەگەر یەكێكی تریش بێ، هەر كەسێكی تریش بێ، ئەگەر ئەمن ئەوەندە وریا بم خۆم بەدوای مەعلوماتەكە بگەڕێم دەستم بگاتە سەر موخالەفەكان، پێویست ناكا ئەلێرەدا بوترێ وەڵلاّ مۆزەفەكە حیمایە دەكرێ، یەعنی زۆر سەیرە هیچ لەگەڵ ئەو مەوزوعەیەدا ناگونجێ ئەم ماددەیە، داوای ئیلغای دەكەمەوە من، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان، هەموو مۆزەفێك حەقی هەیە هەرچی مەعلوماتی دائیرەكە لایەتی بیدا؟ هەموو مۆزەفێك لە هەموو دائیرەیەك هەرچی مەعلوماتێكی لەلا بێت، هەرچ كەسێك داوای لێكرد حەقی هەیە بیدا؟ فەرمووو د. احمد.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەراستیدا بەرای من ماددەكە پێویستە، چونكە ناڵێ نابێ سزای ئەو فەرمانبەرە بدرێ كە زانیاری لەبارەی سەرپێچی و پێشێلكارییەكانی ئەم یاسایە، یەعنی زانیارییەكان لەبارەی ئەوەیە كە خەڵكێك پێچەوانەی ئەم یاسایە جووڵاوەتەوە، زانیاری داوە، بەلاّم من پێم باشە ئەم ماددەیە بێتە ماددەی نۆزدەهەم، یەكێك بێت لەو فەقەرانە كە سزای بۆ دانراوە، هەر كەسێك بە غەرامەیەك سزادەدرێ كە ئەو مەبلەغانەی دیاری كردووە،

یەكێك لەوانە بێت كەوا سزای ئەو كەسە دەدا كە زانیاری دەدركێنێ، پێم باشە لەگەڵ ماددەی نۆزدەهەمدا بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە كاتێك لیژنەی هاوبەش دانیشتین، هەموو لیژنەكانی تێدابوو، لەراستیدا دەبوایە پێشنیارەكانی لیژنەی هاوبەش بەو شێوەیە كۆمەڵێك مەبادیء هەیە كە ئێمە رەچاومان كردووە لە هەموو یاساكاندا، لەهەموو یاسا گشتیەكانیش رەچاومان كردووە، بەڵام بەداخەوە كاتێك دەخرێتە موناقەشە هەندێك مەبادیءهەیە لاچووە، وەكو لە پێشتر یەك، دوو مەبادیء لاچوو لە راستیدا زەرەر بە كۆی مەعنای یاسایەكە دەگەیەنێت، (حماية المخبر) لەخۆمانەوە دامان نەناوە لە لیژنەكە، ئەوە بەشێكە لە یاسا نەموزەجەكانی جیهان، یەكێك لە مەبدەئەكانی گرووپی نۆزدەیە كە دیفاع لە دەرچوونی ئەم یاسایە دەكا لە جیهاندا، مەبدەئی نۆیەمە، پێموایە ئەمە یاسایەكی لۆكاڵی نییە، ئیلزامێكی نێودەوڵەتی هەیە، بۆیە هیوادارم بەڕێزان لەوە تێبگەن مەبەست لەم یاسایە ئەگەر عەرەبییەكە بكەین بە ئەصڵ، لە كوردییەكە بە نەوعێكی تر نووسراوە، دەڵێ هەموو ئەو كەسانەی زانیاری لەسەر موخالەفەی قانونی دەدەن، لە شوێنێكدا كە روودەدا نابێت عقوبەی ئیداری بدرێن، ئەمە هەدەفی مەزمونەكە لەوەدایە، ئەمە یەكێك لە مەبدەئە گشتیەكانی یاسای بەدەستهێنانی زانیارییە لە جیهاندا، ئەگەر دەتانەوێ لە موناقەشەكردن بە ئاراستەیەك دەڕوا، ئەگەر ئەم مەبدەئانە لە چوارچێوەی یاسایەكە نەبێت لەراستیدا ئەم یاسایە لە پاش دەرچوونی دەكەوینە بەر رەخنەی رێكخراوە نێودەوڵەتییەكانەوە، بۆیە هیوادارم زۆر بە بچووكی و بە تەسكی لە مەوزوعەكە وردی نەكەینەوە، ئەمە مەبدەئێكی گشتییە، هەموو مۆزەفێك كە موخالەفەیەكی قانونی لە دەزگایەكی گشتیدا یان تایبەتدا دەكا، ئێعلانی دەكا یان دەیگەیەنێ لەراستیدا دەبێ بە قانونییەن حیمایە بكرێ، لەبەر ئەو هاوكاری كردووە لە مەبدەئی شەفافیەت، لە مەبدەئی گەیاندنی زانیاری هاوكاری كردووە لەوەی كە لە شوێنێكدا گەندەڵی روودەدا، ئینتیهاكێكی قانونی روودەدا، بۆیە دەبێ حیمایەی بكرێ، بۆیە هیوادارم ئەوە لەبەرچاو بگیرێ، رای لیژنەكانیش، پێنج لیژنە لەبەرچاو بگیرێ، كە ئەو یاسایەیان پێشنیار كردووە، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە هەندێك مەوزوعدا لەگەڵ سۆزان خانم بە حەقیقەت، خۆی خودی قانونەكە حیمایەی ئەو فەرمانبەرە دەكا كە یەعنی تەبلیغی ئەو مەعلوماتانە دەكاتن، ئەو مەعلوماتانە دەداتە ئەو خەڵكانەی كە پێویستیان بەو

مەعلوماتانە هەیە، بەڵام دیسان خۆ هیچ فەرمانبەرێك یەعنی ناتوانێ هەموو مەعلوماتێكی بداتێ، لە هەر دائیرەیەك هەندێك مەعلومات هەیە مەحزووره بیداتن، لەو حاڵەتەدا چۆن ئەوە حیمایە دەكرێ بە قانون؟ ئەو مۆزەفە چۆن حیمایە دەكرێ بە قانون؟ لەبەر ئەوە بەراستی ئەوە داڕشتنێكی دەوێ، من نازانم بە حەقیقەت ئەگەر لیژنە ئەو داڕشتنە بكا، بەڵام لەباتی ئەوە پێموایە (یكون الموظف الذي یدلي بمعلومات حول المخالفات او ایة مخالفات او انتهاكات ترتكب محمیا یعني بموجب هذا القانون)، یەعنی بەپێی ئەو قانونە، ئەوەی كە لەو قانونە هاتووە، نەك شتی تر یەعنی بابڵێین ئەو ئەوەی كە خاریجی ئەو قانونە مەعلومات دەدرێ، چونكە ئەوە یەعنی وای لێ دەخوێنمەوە كە تەحایلێكی قانونی بێتن بۆ دەستخستنی هەندێك مەعلومات كە دەچێتەوە ناو ئیستیسنائاتەكانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالكریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە بەڕاستی ئەگەر نەشبێت لەبەر ئەوەی كە لە یاسای تردا چارەسەر كراوە، ماڤی ئەو كەسە پارێزراوە زۆر تەبیعییە، چونكە لە قانونی عقوباتی عێراقیدا ئەو دەقە هەیە، ئەو ماددەیە هەیە، ئەمە یەك، ئەگەر بشمینێتەوە، ئەمن دوو تێبینیم هەیە، ئەو (یفشي)یە بەڕاستی بكرێ بە(یحمی مەعلومات) چونكە (یفشي) عەمەلییەكی جیاوازترە لەوەی كە زانیاری بداتن، دوو شتی جیاوازە لە مەعناكەیدا، دووهەم، لەكوردییەكە تەرجومەی كوردییەكەی جیاوازە لەگەڵ عەرەبییەكەدا، لە عەرەبییەكەدا دەڵێ (حول مخالفات او انتهاكات ترتكب ضد القانون)، بەگشتی، نەك ئەم یاسایە، كە هەر ئینتیهاكێك بەرامبەر هەر یاسایەك بكرێ، هەر كەسێك زانیارییەك لەو بارەیەوە بدا، هیچ مولاحەقەیەكی قانونی نییە، یاخود بڵێین نابێ سزا بدرێ، دەبێت دەقە كوردییەكە وەكو عەرەبییەكەی لێ بكرێت، چونكە بەڕاستی ئەگەر بە تەنها لەسەر ئەم یاسایە بێت جیاواز دەبێت لەو مانایەی كە لیژنەی هاوبەش مەبەستی بووە لە بنەڕەتدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالسلام:

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ئەو مەوزوعە تەئیدی كاك دڵشاد دەكەم، دەبێ بەسینگێكی فراوان و بە چاو روونی تەماشای بكەین، یەعنی گیرۆدەی دەق و وشە نەبین، بەڕێزان، ئەم یاسایە باسی دانانی زانیارییە بۆ یەكێك كە داوای دەكات، ئەم یاسایە ئەم مافە رێكدەخات، مۆزەفێك شتێك ببینێت لەناو دائیرەی خۆی بەپێی قەوانینی تر مولزەمە ئەمە رابگەیەنێت و بیگەیەنێتە جێگای مەبەست، ئەم مەوزوعە ئێرتیكابی موخالەفەی قانونی لەناو دائیرەیەكی حكومی، چۆن فەرمانبەرەكان مامەڵەی لەگەڵ دەكەن، لە دوورو نزیك پەیوەندی بەم یاسایەوە

نییە، ئەمە لایەکی، لای دووەم ئەم مۆزەفەی ئەو ئینتیهاکەی دیوە، دەیگەیەنێت، رای دەگەیەنێت بۆ رای گشتی، بۆ ئیعلام تاوەکو خەڵك ئاگادار بێت، ئەمە ئەو کردارە جارێکی تر گرێ دەدات بە یاسای خۆمان، بۆیە بابێین باسی ئەو مەوزوعە بکەین لەم رووەوە، واتە کە یەکێك سۆزان خان یان یەکێکی تر بڵێت ئەمە جێگای نییە لێرە، حیسابی ئەوە نەکات ئێمە دیفاع لە تەحاویل لەسەر قانون دەکەین، ئەگەر ئەرکی فەرمانبەر بەرامبەر شتێکی نایاسایی ئەوە پەیوەندی بەو یاسایەوە نییە جارێکی تر، ئێمە لەگەڵینە، دەبێ ئەو مۆزەفە فیعلەن حیمایە بکرێتن، بەڵام بابێین مەبەست لەم نەسە چییە خراوەتە ناو ئەو یاسایە، من فەرمانبەرێکم بەتایبەتی لە کەرتی تایبەت کە لەسەرەتاوە رەئیم ئەوە بوو کەرتی تایبەت ئەوها شتی لەسەر فەرز نەکەن وەکو لەسەر دەوڵەت، من لەکەرتی تایبەت ئیشم کردووە، ئەوەی دوو، سێ رۆژ لە دەوائیر و لە کەرتی تایبەت ئیشی کردووە دەزانێت لەگرێبەستەکە ئەگەر بە گرێبەست ئیشی کردبێت بەڵێن دەدەم یەك زەڕە لەشتەکانی کە  روو دەدەن، لەناو ئەو دەزگای خۆم بۆ دەرەوە نەینێرم، ئەگینا ئەوە دەبێتە سەبەبی دەرکردنم لەو، واتە مۆزەف مولزەمە شتەکانی کە روو دەدەن لەناو دەزگای خۆی بۆ دەرەوە نەیدرکێنێت، یاسا دژی درکاندنی بۆ دەرەوە بێتن، ئەوە هۆی هەیە ناچم زۆر لەسەری، بۆیە ئەو کەسەی کە دێت شتێك دەبینێت لە دەزگاکەی خۆی (یفشي)، واتە دەیداتە راگەیاندن، ئەمە حەقی هەیە ئێمە بینینە بیری خەڵك کە یاسا هەیە، دەبێتە هۆی دەرکردنی ئەم کابرایە، یاسای تەسەروفی فەرمانبەران و مۆزەفین شتێکە، ئەوەی کە دەتەوێ حیمایەتی یەکێك بکات تاوەکو تەڕد بکرێ، ناکرێ تۆ بە یاسا دژی گرێبەستێك بی لەنێوان دوو کەس، دژی مەبدەئێکی ئیداری بی، د. ئاراس لێرەیە، خەڵکی تر لێرەنە، ئێمە دژی ئەوە نین ئەگەر هاتو موخالەفەیەك کرا دژی قانون، خەڵك هان نەدەین باسی کەن، خەڵك دەبێ تەشجیع بکەین دژی ئینتیهاکاتی قانونی راوەستن، بەڵام لەهەمان کاتدا رێگای خۆی هەیە، موفەتیشی وەزارەت هەیە، مودیر هەیە، دادوەری گشتی هەیە، رێگای قانونی هەن، نەتەنها یەکەمین شت بچێت موخالەفەیەکی قانونی بکا، بچێت بۆ ئیعلام، ئەمە ببوورن، رێزم هەیە بۆ ئەوانەی دیکە، ئەمە بەرەو زیاتر فەوزا دەچێت، زیاتر لەوەی هەیبەت بۆ دەوڵەت نەمێنێت و ئەوە نەبێت، بۆیە من تەسەوڕ دەکەم هەرچەندە من لەگەڵ ئەوەمە ئێمە هانی ئەو مۆزەفانە بدەین، بیان پارێزین، ئەوانەی پێشێلکاریەکانی یاسایی ئاشکرا دەکەن، لەگەڵ ئەو مەبدەئەم، دەڵێم ئەو ماددەیە هیچ داعی نییە ئیزافە بکرێت، لەدوورو نزیك ئەم هاندان و پاراستنی مۆزەفە پەیوەندی بە یاسای پێدانی مەعلومات نییە، ئەمە یەك، دوو، ئەمە تەشجیعی خەڵك دەکات پێشێلی گرێبەستی خۆیان بکەن، مەعلومات بدەنە دەرەوەی موئەسەسەی خۆیان کە بۆیان نییە، ببێتە هۆی فەسل کردنیان، ئەوکاتە دێین من و تۆ و خەڵکی تر دەیکەینە هەڵلا دەڵێین لەبەر ئەوەی ئەم برادەرە ناشەفاف بوو، ئەم برادەرە دەیویست تەعبیر رەئی بکات، گیرا، کەچی ئەو موخالەفەیەکی ئیداری کردووە، پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە ئیزافەیە نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من لەگەڵ پاڕاستنی یاخود حیمایە كردنی موخبیرم، بەلاَم دیارە بە وازحی ئەو ماددە ئیزافییە دانەڕێژراوە، بۆیە من بەراستی مەسەلەی موخبیر لێرەدا هاتووە موخبیر دەتواندرێ لە دەرەوەش بێت، یەعنی شەرت نییە هەر فەرمانبەر بێت، بۆ نموونە ئەگەر نموونەیەكی سادە بێنینەوە موخبیر حەقی موكافەئەشی هەیە، لەقانونی گەمارك، لەقانونی ئەو غەراماتەی گومرك كە وەردەگیرێ، كاتێك كە موخبیرێك یەعنی خەبەر دەدات لەوەی كەوا شتێك بە قاچاخ بڕوات، حەقی ئەوەی هەیە یاخود ئەو لە غەرامەكە حەقی هەیە كە موكافەئەیەك وەر بگرێت، بۆیە بەڕاستی من پێموایە كە ئەو موخبیرە حەقی ئەوەی هەیە كە حیمایە بكرێ، بەلاَم شەرت نییە موخبیرەكە فەرمانبەر بێت، لێرە هاتووە لەسەرەوە دەڵێ پاراستنی موخبیر، دوایی دەڵێ نابێ سزای ئەو فەرمانبەرە بدرێت، واتە موخبیرەكەش شەرت نییە فەرمانبەر بێت، ئەوەی دووەم بەراستی ئەوە مادام بەناوی سزا هاتووە، لەناو ئێمەدا ماددەیەكی تایبەت هەیە بە سزا، وا باشترە لەوێ مەعالەجەی بكرێ، بۆیە من ئەو پێشنیارە دەكەم كە لەو ماددەیە موعالەجە بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشتی خان.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەوانەیە من كەمێك تێڕوانینم لەگەڵ هاوكارەكانی خۆشم جیاواز بێ، بۆ ئەوەی بە ئامانەتەوە ئەوەی كە من ئیدراكم پێی هەیە لەسەر ماددەكە قسەی لەسەر دەكەم، دوو مونتەڵەقی جیاواز یەعنی بۆ شەرحكردنی ئەم ماددەیە هەیە، یەكێك لە ئیشكالاتەكان ئەوەی دروست كردووە كە ناوی بابەكە تۆزێك بە حەزەرەوە قەسەی لەسەر كرا كە دەڵێ (حماية المخبر)، بەبڕوای من ئەگەر بنووسرابایە (حماية الموظف المختص) لەوانەیە ئەو ئیشكالیەتە موستەڵەحی موخبەر نەهاتبایەتە خوارەوە، بەیارمەتی ئەگەر من رەئیشم جیاواز بێ مافی ئەوەم هەیە قسە بكەم لە قاعەیا، ئەگەر مافم لێ بستێننەوە تەنازول لە قسە كردن دەكەم......

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە، كەس حەقی ئەوەی نییە تەداخول لە قسەی كەس بكات، كەسیش تەعلیقی لێ نەدا، فەرموو بەردەوام بە.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە دوو تێڕوانینی جیاواز هەیە، ئەگەر ئەو داڕشتنەوەی داندرایە بەبڕوای من ئێمە مەسئوولیەتمان نەخستۆتە سەر شانی مۆزەفێکی دیاری کراو، کە کۆمەڵێك زانیاری بدا، لە قسەکردنەکانیشدا دوو تەوەجوهی جیاواز هەیە، ئەگەر ئەو مۆزەفە تایبەتمەندە کۆمەڵێك مەسئوولیەتی خراوەتە سەرشان، لەبەرامبەردا من لەگەڵ ئەوەم نەسەکە بمینێتەوە، دەستیان خۆش بێ لیژنەی هاوبەش، سیاغە کردنەوەکەشی سیاغەیەکی گونجاوە، لەبەرامبەردا لەگەڵ ئەوەدام کە پێویستە نەسێکیش هەبێ بۆ حیمایە کردنی ئەو مۆزەفە، چونکە ئەم واجیهەیەی مەسئوولیەتێکی گەورەیە، لەبەینی دائیرەکەی خۆیدا، موئەسەسەکەی خۆی لەگەڵ ڕەئی عام، لەگەڵ سەحافە، لەگەڵ هەموو ئەوکەسانەی تر کە داوای زانیاری دەکەن، دەبێ ماددەیەکیش هەبێ دیفاع لەم بکا، ئێ ئەگەر هاتو بەشێك لە مووئەسەسەکەی ئەم مۆزەفە تایبەتمەندە داوای لێکرد وتی بۆ غورفەی مەلەفات یان ئەو ریز بەندییەی کە دەیکەین هی زانیارییەکان، جوزئێك لە زانیارییەکان بشارەوە، پێویست ناکا هەمووی لە غورفەی زانیاری یان لە مەلەفی پێدانی زایناری هەبێ، ئەم لەکاتێکدا کە پێی دەوترێت بە چ قوەتێکەوە بەدەر لەیاسایەکەش یاسایەکە مەسئوولەیەت و لەوانەیە مافیشی دابێتێ، بەلاّم مافی پاراستن گرینگە لێرەدا ئەم مۆزەفە چۆن مواجەهە بکا، کە مودیرەکەی پێی دەڵێ بەشێك لەزانیارییەکان بخەرە ناو ریزبەندی کە خەڵك داوای زانیاری دەکات، ئەو کاتە ئەم جیهەتی بەرزتر ئاگادار دەکاتەوە کە خروقات هەیە، کە ڕێگری هەیە لەبەردەم زایناری تەواو کە بدرێ بە خەڵك، ئەمە یەکێکە لە مونتەڵەقەکان، لێرەدا دەبێ ئەو سیاغەی لیژنەی هاوبەش ئیزافەی بۆ بکرێ، بڵێ (انتهاكات ترتكب ضد هذا القانون)، ئەمە ئەلێرەدا ئەو مەفهومەیان دێنێتە دی، بەلاّم ئەگەر ئەو مەفهومەی تر کە هەندێك لەهاوکارەکان باسیان کرد ئەو مۆزەفە مەسئول بێ لە ڕەسد کردنی هەموو ئینتیهاکاتێ کە بەرامبەر هەموو قەوانینەکان دەکرێ، سیفەتی موخبیری بدەینێ کە لە قانونەکانی تری عێراقیشدا کە هێشتا نافیزە لەناو هەرێمی کوردستانەوە، کۆمەڵێك یاسای تریش لێرە بەبڕوای من ئەو ناتوانێ هەڵگری ئەو بارگرانییە گەورەیە بێ، ئەگەر ڕایەکەی من موخالف بێ لەگەڵ هەمووشیان ئێمە پێی بڵێین تۆ مەسئوولی لە ڕەسد کردنی موخالەفاتی بیئە، جەرائیم، جینائە، ئاخیر ئەمانە بەیاسای تر ڕێکخراوە، سەواب و عیقابیشی کە موخبیر بێت لە مەسئەلەیەکی جینائیدا، لە مەسەلەیەکی تردا، هەموو ئەوانە سەواب و عیقابی خۆی هەیە، بەپێی یاسایەکانی تر، ناکرێ ئێمە ئەو مەسئوولیەتە گەورەیە بخەینە سەرشانی ئەم فەرمانبەرە، هەموو ئەو شتانەی ئەلێرە دایە بڵێین تۆ، هەر خروقاتێکت بینی لەجادە بەیانی کە هاتی بۆ دەوام مادام تۆ مۆزەفی تایبەتمەندی لەبەردەم......، نەخێر، ئەویش مۆزەفێکە، قانونی ئینزیباتی مۆزەفینی بەسەریە، خۆ ئەوانە هێشتاکە نافیزە، ئەم یاسایە ئەو یاسایانەی تری ئیلغا نەکردۆتەوە، بۆیە بەبڕوای من ئەو نەسەی کە داڕێژراوەتەوە ئەگەر تەحدید بکرێت، بۆ (انتهاكات ترتكب ضد هذا القانون)، بەبڕوای من لەو ئیشکالیەتە رزگاری دەبێ، چونکە ئەو کەسە یەعنی با مەسئوولیەتەکە

وابێ كە قابیلی ئەوە بێ كە لەسەر شانی هەڵی بگرێ، چونكە من لەگەڵ ئەوەی كە یاساكەم خۆش دەوێ، رۆشنایەتی دەخاتە ناو هەموو وەسەتی مەعلوماتەوە، لەبەرامبەردا بیر لەو مەسئوولیەتەش دەكەمەوە كە قابیلی رەسد كردن بێ، بۆ سەر شانی ئەو فەرمانبەرە، چونكە ئەوەل و ئاخیر ئەویش مواتنێكی ئەم كۆمەڵگایەیە، یەعنی من بیر لە مەسئوولیەتە عیقابییەكەی ئەویش دەكەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبداللەی مەلا نوری.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵاً من هاوڕام لەگەڵ ئەوەی كە ماددەكە بمێنێتەوە، دیارە یەكێك لە ئامانجەكانی خودی ئەم یاسایە، هەروەها لە ئەسبابی موجیبە هاتووە باسی با بڵێین چەسپاندن و جێگیر كردنی پرنسیپی شەفافییەت دەكا، یاخود بە مانایەكی تر رووبەروو بوونەوەی فەساد، یەعنی دەستەبەر كردنی پرۆسەی شەفافیەت و رووبەرووبوونەوەی دیاریدەی بابڵێین فەساد و گەندەڵی مەسەلەیەكە، پرۆسەیەكە تەنها بە پەرلەمان بەرێوە ناچێت، لەرێگەی تەنها دەزگای دیوانی چاودێری و دەستەی نەزاهە ئەم دام و دەزگایانەوە بەڕێوە ناچێ، یەعنی لە دونیای پێشكەوتوودا ئێستا لەگەڵ پەرلەمانتاراندا، لەگەڵ دام و دەزگایە فەرمییەكانی حكومەت و دەوڵەتدا ئەركی بەرپرسیارەتی دابەش بووە بەسەر رێكخراوی كۆمەڵگەی مەدەنی و هاووڵاتیانیشدا، هەتا ئەوەی بەسەر فەرمانبەرانیشدا، یەعنی جێگیر كردنی ماددەیەكی لەم جۆرە رۆحی بەر پرسیارەتی، هەروەها گیانی چاودێری، بابڵێێن رۆڵی چاودێری لەناو دام و دەزگایەكانی حكومڕانیدا بەهێز دەكا، كاتێك فەرمانبەرێك هەست دەكا، بەرپرسی دائیرەیەك، فەرمانبەرەكانی یاسا ئەو دەستەڵاتەی پێداون، ئەو مافەی پێداون، ئەگەر گرفتێك لەناو دام و دەزگاكە هەبوو بتوانێ بەدواداچوونی بۆ بكا و بتوانێ لێ پێچینەوە بكا، بتوانێ گوشاری لەسەر دروست بكا، ئەمە بەشێوەیەك لەشێوەكان هاوكارییەكی هەرە گەورەی پرۆسەی چاودێری كردنە، ئەمە بەدیوێكی تردا یەعنی ئێوە ئەم مەسەلەیە ناكرێ وەكو ئەوەی كە دەوترێ گومان هەیە، یەعنی حەز دەكەم شتێك هەیە روونی بكەمەوە، یەعنی فەرمانبەر هەبووە وەكو نموونە بۆتانی باس دەكەم، ناوی كەس ناهێنین، فەرمانبەر هەبووە لە دەزگاكەی خۆیدا هەستی كردووە گەندەڵییەك روویداوە، سەرپێچییەكی یاسایی روویداوە، بەڵگەكەی بەرز كردۆتەوە بۆ بەرپرسەكەی، لەدوای ساڵ و دوو ساڵ زانیویەتی چارەسەر نەكراوە ناچار بووە بەڵگەكەی داوە بە دەزگایەكی راگەیاندن، كاتێك كە لایەنێك شكایەتی كردووە لە دەزگای راگەیاندنەكە، دادوەری بەڕێز بانگی كەسەكەی كردووە، لەرۆژنامە نووسەكەی پرسیوە وتوویەتی بەڵگەكەت لەكوێ هێناوە؟ لەبری ئەوەی بڵێ گەندەڵییەكە چییە، پرسیاری ئەوەی لێ كردووە بەڵگەكەت لەكوێ هێناوە، رۆژنامە نووسەكە سزادراوە لەسەر ئەوەی بەڵگەی دەستكەوتووە، ئەمە لەكاتێكدا فەرمانبەرەكە پێشتر هەوڵی داوە بەو رێكارەی كە كاك عبدالسلام ئاماژەی پێدا بچێتە پێشەوە، بەڵام كەس گوێی لێ نە گرتووە، هەروەها ئێمە لەبیرمان نەچێت

له ئێستادا زۆربەی وەزارەتەکان و دام و دەزگایەکانی حکومەت بەتایبەت وەزارەتەکان ڕێنماییان دەرکردووە بۆ فەرمانبەرانی خوارووی خۆیان، بۆیان نییە لێدوان بدەن، بۆیان نییە زانیاری بەکەس بدەن، بۆیان نییە هەتا ڕەخنەش بگرن، وەزارەتی واش هەیە لەم حکومەتەی خۆماندا خۆتان دەزانن، یەعنی ناو ناهێنین، ئەصڵەن ئامادە نییە فەرمانبەرەکانی بچێتە لای، ئەصڵەن ئامادە نییە بەڕێوەبەرە گشتیەکانی بچێتە لای، هەمووشتان دەیزانن و ئەمە مەسەلەیەکی روونە، بۆیە ئەم مەسەلەیە من پێموایە نەك بابڵێین تەئسیری لەسەر هەیبەتی دەوڵەت نابێ، بەڵکو هاوکارییەکی زۆر باشە بۆ بەهێز کردنی هەیبەتی دەوڵەت، ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی توندی دیاریدەی گەندەڵی، هاوکارییەکی هەرە گەورەیە بۆ ئەم پەرلەمانە، گەورەترین خزمەت بە خودی دەستەڵات و بە هەموو هاووڵاتیان دەکا، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم نەك ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، هیوادارم بڕگەیەکی تریشی بۆ ئیزافە بکرێت (هەر فەرمانبەرێك زانیاری ئاشکرا کرد پێویستە خەڵاتێکی باشیش بکرێ)، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو عظیمة خان.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ مانەوەی ئەو مادەیەمە، زۆر بە پێویستیشی دەزانم کە ئەم بڕگەیە کە زیاد کراوە بمێنێ، بەڵام لەگەڵ یەك خاڵ لەناو یاساکەدا پێویستی بە چاککردنە لە کوردییەکەدا، لەگەڵ ئەوەی عەرەبییەکەدا جیاوازە، نابێ سزای ئەو فەرمانبەرە بدرێ کە زانیاری لە بارەی سەرپێچی و پێشێلکارییەکان دژ بە یاسا درکاندووە و بڵاو کردۆتەوە، نەك دژ بەم یاسایە، دژ بە یاسا درکاندووە و بڵاو کردۆتەوە، من ئەو تێبینیەم هەیە لەسەر چۆنیەتی داڕشتنەوەی، بەڵام لەگەڵ ئەوەدام کە ئەم یاسایە بابڵێین ئەم بڕگەیە زۆر، زۆر باشە، هەستی بەرپرسیارەتی لەلای هاووڵاتی جارێکی تر دروست دەکاتەوە، هەموو کەسێ خۆی بە بەرپرسیار بزانێ بەرامبەر ئەو دام و دەزگا و شوێنانەی کە پێشێلکاری و یان بابڵێین کاری نایاسایی و گەندەڵی و ئەمە دەرگا کردنەوەیەکە بۆ ئەوەی کە شەفافییەت لەناو دام و دەزگاکانی حکومەتدا هەبێ، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەم........

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووکاك. د. عمر نورەدینی:

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم کە من دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم ئەوەیە کە ئەم یاسایە هۆ و ڕێکاری یاسایی دەستنیشان کردووە بۆ ئەوەی چۆن دەگەیت بە زانیاری، واتە ئەصڵ ئەوەیە کە زانیاری بدرێ، نەك بەپێچەوانەوە، هەروەها ئەرك و مافی لایەنە پەیوەندی دارەکانیشی دەستنیشان کردووە، من هەندێ پرسیارم هەیە

لەلیژنەی هاوبەش، نابێ سزای ئەو فەرمانبەرە بدرێ کە زانیاری، کام جۆر لە زانیاری؟ دەپرسم کام جۆر لە زانیاری؟ زانیاری ڕاست و دروست و سەلمێنەر، زانیاری هەڵە، بەڕەئی من پێویستە وەسفێکی زانیاریەکە بکرێت، لەبارەی سەرپێچی و پێشێلکارییەکان، دیسان دەپرسم کام سەرپێچی و پێشێلکاری؟ دیسان دەبێ بوترێ سەرپێچی و پێشێلکاری یاسایی، دوای ئەوە دەگوترێ درکاندووە و بڵاوکردۆتەوە، بۆ کێی درکاندووە؟ چۆنی بڵاو کردۆتەوە؟ هەموو ئەمانە بەڕاستی ڕوونکردنەوەی زیاتریان وا دەکات کە ماددەکە بەشێوەیەکی یاسایی ئەو تۆ دابڕێژرێ کە فیعلەن خزمەتی ئەو ئامانجە بکا کە بۆی هێنراوە، لیژنەی هاوبەش پێوەی ماندووبوونە، ئەگینا تۆ دەڵێی بەناوی سەرپێچی و پێشێلکاری بە موتڵەقی، نابێتە سەرپۆشێك بۆ فەرێدانی زانیاری و بردنی زانیاری و ئیتر بۆ ئەوەی جۆرێك لەفەوزا دروست بێت؟ منیش پێموایە ئەگەر دووبارە بە دەقیقی دانەڕژرێتەوە، بەم شێوە بمێنێتەوە، هەم ئامانجەکە تەحقیق ناکا، هەمیش بەڕاستی لەجێ بەجێکردنی ماددەکەدا بە ئاسانی بەلارێ دادەبردرێ، بە ئاسانی بۆ مەرامی سیاسی بەکاردەهێندرێ، کە من هیوادارم لیژنەی هاوبەش بەشێوەیەکی وردی ئەو تۆ سیاغەی بکەنەوە، کە ئەم ئیشکالیەتە لەسەر ناوەڕۆکەکەی نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. عمر ئەگەر دیقەتی نیهایەتی سەتڕەکە بدەی، (انتهاكات ترتكب ضد القانون)، یەعنی ئیفشای مەعلوماتێکی کردووە کە دژی قانونە، فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە کاك د. لەراستیدا ئەصڵەکە ئەوەیە (ضد هذا القانون)، دژ بەم یاسایە، نەك دژ بە یاسا، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناسك خان نوقتەی نیزامت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی من نوقتە نیزامییەکەم لەسەر ئەوەیە من کوردییەکەم لەبەردەست دایە، ئەصڵەن بۆیە دەستم هەڵنەبڕی بۆ موشارەکە، لەبەر ئەوەی وازح ئەم شتە باسی ئەم یاسایە دەکا، ماددەیەکی هێناوە تایبەت بەوەی کە ئەگەر ئەو مۆزەفەی کەتایبەتە من وای لێ تەگەیشتم کە تایبەتە بەوەی کە زانیاری بدا، ئەگەر موخالەفەیەکی قانونی ڕوویدا لەو مەعلوماتە، ئایا مەعلوماتی هەڵە دەدا، ئایا مەعلومات دەشارێتەوە، ئەگەر فەرمانبەرێکی ئەو دائیرەیە، ئەو دەزگا گشتییە تایبەتە، زانی یەعنی پێشێلکاری دژ بەم یاسایە کرا، ئەمە بپارێزرێ، ئێستا دەبێ لیژنەی هاوبەش یەعنی کە یاساکەمان بۆ دەخوێنێتەوە سەرەتا عەرەبی و کوردی وەکو یەك دابڕێژێ، وەکو یەك بیخوێنێتەوە، نەك عەرەبییەکە بڵێ، من عەرەبیم لەبەر دەستدا نییە، کوردییەکەم لەبەر دەستدایە، بۆیە مولاحەزەم نەبووە لەسەری، ئەگەر دژ بەم یاسایە بێ شتێکە،

ئەگەر دژ بە یاسا بێ بە عام شتێکی ترە، بۆمان یەکلایی بکەنەوە، پێش ئەوەی گوێمان لەقسەی موداخەلاتی خەڵکی تر بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا فرمان.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لە لیژنەی هاوبەش دەکەم، بەزیاد کردنی ئەو ماددەیە، چونکە بەڕاستی هەندێك جار ئەگەر ئەو زانیاریانەی دەبێتە هۆی پاراستنی بەرژەوەندی گشتی، بۆ ئەوەی زیاتر سەروەری یاسا بپارێزرێ زۆر ئاساییە هەرکەسێك وەك لەیاسایەکەدا هاتووە ئاگاداری هەموو دامودەزگایەکان بکاتەوە لەم کەم وکوڕی و گەندەڵییانەی کە دەکرێتن، هەروەها ئەگەر سەرپێچی بەرامبەر یاسا کرا بەشێوەیەکی گشتی، خاڵی تر بەراستی ئێمە وەکو پەرلەمانتار لەبەر ئەوەی بەهیچ شێوەیەك پارێزگاری لەو کەسە ناکرێ کە زانیاری دەداتن بەتایبەتی ئەوەی کە وەکو موخبیر هاتووە، ئێمە وەکو پەرلەمانتار زۆرجار لە دامودەزگا فەرمییەکان دۆکۆمێنتەکی فەرمیمان دەست دەکەوێ، بەرامبەر بە سەرپێچییەك لە سەر پێچییەکانی کە لەو فەرمانگەیە کراوە، بەڵام ئەو فەرمانبەرەی کە پێمان دەدا، پێمان دەڵێ تۆ پەرلەمانتاری ناوی فەرمانگەکەم، ناوی سەرۆکی فەرمانگەکە، بەرواری دەرچوونی ئەم نووسراوە، ئەمانە هەمووی بسڕەوە، نەوەك پاشان دەزانن منم و سزا دەدرێم، بەڵام ئەگەر بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی بێ، بەڕاستی وەك لە یاسایەکەدا هاتووە دەست خۆشیان لێ دەکەم، هیچ پێویست بەوە ناکا ئەو فەرمانبەرە سزا بدرێت، خاڵی ترمان هەیە بەڕاستی، بۆچی بەپێی یاسا کۆمەڵێك بەرپرس پارێزراوە لەگەڵ ئەوەش گەورەترین سەرپێچی یاسایی دەکەن، بەڵام بۆ ئێمە سزای فەرمانبەرێك بدەین کە بۆ پاراستنی یاسا، بۆ گەڕانەوەی هەیبەتی یاسا، بۆ زیاتر شەفاف بوون، بۆ نەهێشتنی گەندەڵی ئێمە بێین سزای بدەین، دووبارە دەستخۆشی لە لیژنەی هاوبەش دەکەمەوە بەدانانی ئەو ماددە ئیزافییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا ئەمن لەو ماددەیە وا گەیشتوومە ئەو مۆزەفە واتە کەسی سێیەم، کەسی سێیەم کێیە؟ موقەدیم تەڵەب هەیە، مۆزەفی موختەس هەیە، کەسی سێیەم مۆزەفەکی دییە لە دائیرە، واتە مۆزەفی موختەس نییە، ئەگەر مۆزەفی موختەس ئەگەر زانیاری هەڵەی دا موقەدیم.........

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بیکوژێنەوە و پێیکەوە جارێکی تر.

**بەڕێز سیوەیل عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە بە تەسەوری من کەسی سێیەم دەگرێتەوە، کەسی دووەم ناگرێتەوە، کەسی یەکەم موقەدم تەڵەبە، کەسی دووەم ئەو فەرمانبەرە موختەسەیە کە داوای زانیاری لێ دەکرێ، کەسی سێیەمە ئەو فەرمانبەرەی کە دەبێ بیپارێزی، ئەگەر مۆزەفی موختەس زانیاری هەڵەی دا موقەدم تەڵەب......، کەسی سێیەم دەتوانێ خەبەر لە مۆزەفە موختەسەکەی بداتن، بڵێ ئەوە زانیاری هەڵەی دایتە موقەدم تەڵەبەکە ئەو کاتە کەسی سێیەم دەتوانی بیپارێزی، ئەمن لەو ماددەیەی ئەوها تێگەیشتیمە، لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیە باشە، پێم باشە بمینێتەوە، بەلام ئەگەر سیاغەکەی بەجۆرێکی تر بکرێتن و رێك و پێکتر بێتن باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە بەڕاستی وەکو برادەران زۆریان وتیان و بە تایبەتیش قسەکانی کاك د. صباح لایەنە یاسایەکەی زۆر بەباشی شی کردەوە، کە ئەمە مۆزەف هەیە لەزۆر دامودەزگا هەر بە کەیدی ئیش دەکات، ئەمە کێشەیەکی گەورەیە لە عێراقیشدا ئێستا خەریکن بەپێی قانونی عقوبات ئەصڵەن موخبیرەکە لادەبەن، چونکە ئەمەنە لەسەر شتی شەخسی ئیشی کرد و زەرەبەی گەورەی دا، لەبەر ئەوە ئێمە ئەگەر ئەو شتە ئاوا بەم رەهاییە باس بکرێت باوەڕ بکەن زۆر زەرەر دەدا، هیچ شتێك باشیش دەرناچێ، چونکە زۆربەی مۆزەفەکان و ئومی قانونین، یەعنی کە ئەو شتەش دەکات نازانێ لەو سەرەوە کە دەگاتە مەحاکم خۆی زەرەبەکە دەخوا، ئێمە لە سلێمانی چەند حاڵەتێکی وابوو، ئەو کەسەی خەبەری لەگەندەڵی گەورە دا خۆشی تووش بووە، ئێستا لە مەحاکمە، یەعنی مەفروز بوو ئێستا ئێمە ئەگەر ئەم قانونە دەر بکەین، یەعنی بە حاکمەکان دەڵێین با ئەو غەڵەتیش بووبێ بەس تۆ وەرە هەر حیمایەی بکە، ئەوە نابێت، بڕوا ناکەم بەعنی بۆشتان دەر دەکەوێ یەعنی ئەگەر ماددەکە بمێنێتەوە بەم شێوەیە، چونکە هەر کەلیمەی (ئیفشا) خۆی شتێکی خراپە، ئەگەر ئەو پەڕە کە بکرێ بە (یدلی بمعلومات ثبوتیة)، هەرچەندە ئەو مەوزوعی قانونییە جارێکی تر تەئکیدی لەسەر دەکەمەوە، هەموو کەسێ لێی نازانێ، لەوانەیە لە حاڵەتێکی عاتفیدایە یان لە حاڵەتێکی حەسەبیەتدا لە خۆیەوە شتێك باس بکا، کە زەرەبەیەکی گەورە بدات، لەبەر ئەوە نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان جەنابت زۆر لەمن باشتر لە دەوائیر ئیشت کردووە، بەڵام ئەمە ماددەکە دەڵێت ئەگەر مەعلوماتێکی دا مەعلوماتەکە موخالەفەی قانون بوو، بۆی هەیە بیدا، مەوزوعەکە ئەوە دەڵێ، ناڵێ ئەگەر مەعلوماتت دا راست نەبێ، چونکە ئەخباری کازیبە لەهەموو قانونەکانی تر عقوبەی لەسەرە، فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرەدا من رەئی لیژنە ناڵێم، رەئی خۆم دەڵێم، رەنگە سیاغەی ئەو ماددەیە زۆر دەقیق نەبێ، بەڵام ئەو ئەسبابانە چ بوون کە ئەو ماددەیە.......

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان قسە دەکات؟ قسەت کرد جەنابت، هێشتا هەر قسەی نەکردووە، لە کوێ قسەی کردووە؟ ئاخر با قسەی خۆی تەواو بکات، باشە جەنابت قسەت کرد کەس موقاتەعەی نەکرد، با ئەویش قسەی خۆی بکات، حەقی هەیە ئەویش، فەرموو بڕۆ سەر ئەو مەنەسەیە، قسە بکە کاك ئاسۆ.

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی سوپاسی کوێستان خان دەکەم کە لەوێ من وتم بە ناوی خۆم قسە دەکەم، (بالفعل) راستە حەقی من نیە لەوێ دابنیشم و دەبێ لێرە قسە بکەم، ئێمە رەنگە لە سیاغەی ماددەکە زۆر موەفەق نەبووبین لە لیژنە دامان رشتبێ، بەڵام ئەو هۆیانە چ بوون کە ئێمە ئەو ماددەیەمان ئیزافە کرد، فیکرەکە چ بوو؟ ئینجا بزانین ئەوە بوو، رەنگە لە دامودەزگایەکی گشتیدا ئیسائەی ئیستیخدامی سولتە بکرێ، رەنگە فەساد هەبێ، رەنگە ئەوامر و قەرارات و قەوانین جێبەجێ نەکرێ، رەنگە ها؟ ئێوە حیسابات بکەن، ئێمە گوتمان ئەمە موعالەجە کراوە، ئێمە دەزانین ئەوە موعالەجە کراوە لە قانونی عقوباتی عێراقی لە کۆمەڵێك ماددە، دەتوانن خوشك و برایانم بۆی بگەڕێنەوە بە تایبەتی لە ماددە (437) دوا فەقەرەی ئەو ماددەیە، لە کۆمەڵێك ماددەی تریش موعالەجە کراوە، هەروەها لە نیزامی رەقەم یەك کە مەجلسی وەزەرا دەری کردووە لە (2011/3/28)، لەوێشدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەسڵ ئەوەیە، ئەسڵ شەفافیەتە، ئەسڵ ئەوەیە دەبێ هەموو مەعلوماتێك بۆ خەڵك بوترێ تەنها ئەو ئیستسنائاتانە نەبێ ئەو نهێنیانە نەبێ کە بەپێی قانونەکان وتراوە کە ئەوانە نهێنین، ئەگەر نا ئەوەی تر دەبێ هەمووی بوترێ، بەڵام لە حاڵەتی ئەوهادا لە حاڵەتی ئەو شتانەی کە وتم ئەگەر هاتو ئینتیهاکات بوو ئێمە نەهاتووین دەست نیشانی بکەین لەو حاڵەتانەی کە ئەوانەی من وتم، ئێمە وتمان ئەگەر موخالەفات بوو، چونکە فەساد موخالەفەیە ئینتیهاکاتە دژی قانون، فەسادی مالی، فەسادی ئیداری، هەر شتێك بێ، هەروەها ئیسائەی ئیستیخدامی سولتە ئینتیهاکاتە، موخالەفاتی قانونە، (عدم تنفیذ الأوامر و القوانین) ئینتیهاکاتە دژی قانونە، بۆیە دەبێ ئەمانە جێبەجێ بکرێ ئەگەر هاتو ئەمانە نەکرا موەزەف بۆی هەیە ئەو مەعلومەیە بڵاو بکاتەوە ئەمە سبەبەکە بوو، بەڵام هەر وەکو وتم ئەمە لە ماددە (437) لە کۆمەڵێك شوێنی تردا موعالەجە کراوە،

لەناو نیزامەکەشدا موعالەجە کراوە، ئێمە پێمان وابوو من بۆ خۆم وەکو (ئاسۆ کریم) پێم وابوو بوونی ئەم ماددەیە لەگەڵ نە بوونی هیچ فەرق ناکات، بەلاّم بەراستی من وەکو (ئاسۆ کریم) لەناو لیژنەی هاوبەش موافەقەم کرد لەبەر دڵی برادەرانی موعارەزە، چونکە وتم بوون و نە بوونی وەکو یەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا ئێمەش کۆمەڵێك شت رازی بووین لەبەر دڵی برادەران لە لیژنەی هاوبەش، چونکە لە راستیدا لیژنەی هاوبەش وا دروست دەبێ، رەئی هاوبەش وا دروست دەبێ، بێگومان دەبێ رایەکان نزیك بکرێنەوە لەیەك، رەئی هاوبەش وا دروست دەبێ، بۆیە دەڵێین لیژنەی هاوبەش، ئەمە یەك، دووەم: بەڕێزان ئەم مەبدەئە ئێمە لە گیرفانی خۆمان نەمان هێناوە، لە هیچی دیکەش نەمان هێناوە، لە راستیدا کاتێك ئەو یاسایانەی پێشوو دەرچوون لە عێراقدا یاسای بە دەست هێنانی زانیاری نەبووە، لەو وڵاتانەی کە یاسای بە دەست هێنانی زانیاری نەبووە کۆمەڵێك ئینزیبات و زەوابت هەبووە پێشتر بۆ حەجبی زانیاری لە هەموو وڵاتەکان کراوە، بەلاّم ئەو وڵاتانە بەرەو کرانەوە رۆیشتوون بەم یاسایە (الخاص یقید العام) کۆمەڵێك شت هەیە زەبتدەکات کە پەیوەستە بەمەعلوماتەوە، بۆیە راستە یاسا هەیە لە هەموو دائیرەکانی وڵاتدا کە موەزەف عقوبە دەکات کە مەعلومات بدات، بەلاّم مەعلوماتێك کە مەسلەحەی عامە بوو، مەبدەئی یاساکە ئەوە نیە کەسێك بێ مەعلومات وەرگرێ، مەبدەئی یاساکە شەفافیەتە موشارەکەی فەعالە بە پێدانی زانیاریا بۆ هەموو خەڵکێك ئەمە مەبدەئی یاساکەیە، کە مادام لە ئەساسی ئەم مەبدەئە لەبەر ئەوەی یاسای پێشوو تر هەیە هەر لە یاسای رژێمی کۆنەوە تا یاسا تازەکانی خۆمان کە هەیە کە قیودی لەسەر موەزەف داناوە کە لە چوارچێوەی وەزیفەی خۆیدا دەبێ لە چوارچێوەکەی نەچێتە دەرەوە، بەلاّم ئەم یاسایە کە مادام دەبێ بە یاسایەکی خاص ئەو موەزەفە حیمایە بکات لە پێدانی زانیاریەك کە ئینتیهاکی قانون بکرێ نەك هەموو زانیاریەك، لە راستیدا هەندێ قسە هەیە کە دەڵێین مەسەلەن ئەگەر راست نەبوو، ئەگەر راست نەبوو عقوبەی تری هەیە، بۆیە پێمووایە ئەم ماددەیە گرنگە، یەکەم: لەبەر ئەوەی یاساکە تەکمیلە دەکات، چونکە مەبدەئێکی عالەمیە ئێمە دامان نەناوە و لە هەموو یاساکانی جیهاندا هەیە، ئەگەر کەسێك پێی وایە بە بچووکی، تێڕوانینەکە ئەوەیە، ئێمە دەمانەوێ یاسایەك دەرکەین بۆ ئەوەی سیستەمێکی کراوەمان هەبێ یان سیستەمێکی داخراو، بێگومان ئەگەر تێڕوانینەکە بۆ سیستەمێکی کراوەبێ باشترین ماددە دێنین بۆ ئەوەی شەفافیەت و سیستەمێکی کراوەمان هەبێ، ئەگەر بەرەو داخراو برۆین بێگومان سەد بیانوو هەیە بۆ ئەوەی دایبخەینەوە، بۆیە هیوادارم بەم نەفەسە ئیش بکەین، چونکە ئەم یاسایە لە دەرچوونەکەی و لە پاشانیش تووشی ئینتیقاد دەبین، تووشی ئینتقادی دەرەوەش دەبین، ئینتیقادی کۆمەڵگای مەدەنی و رۆژنامە نووسانیش دەبین، بۆیە پێم باشە یاسایەك دەربکەین و ئەم

ماددەیە مەبدەئێكە تێیدا جێی بێتەوە، مەبدەئی (9) لە یاسای عالی، هیوادارم ئەو مەبدەئە تێیدا جێی بێتەوە، چونكە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی یاساكە یاسایەكی جوان بێت و جێگەی ئەوەبێ كە ئێمە یاسایەكی باشمان دەركردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی تەوزیحتان هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ژمارەیەك لە ئەندامان داوایان كردووە ئەم ماددەیە ئیلغا بكرێ، پێشنیارەكەی ئەوان با بخرێتە دەنگدانەوە، پێش ئەوەش ئێمە لە لیژنەی هاوبەش پشتگیری لە ماددەكە دەكەین و پێشنیارەكانمان بە شێوەیەك دارشتووە كە سیاغەكی گۆڕایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە راستیدا ئەم نەصە، نەصێكە وەكو دەوترێ پڕەنسیپێكی گشتیە، پڕەنسیپێكی جیهانیە، ئەوەی كاك ئاسۆ وتی تەنها رەئی برادەرانی موعارەزە نەبوو، بەڵكو رەئی لیژنەكە بوو بە شێوەیەكی گشتی، ئەگەر موعارەزەش بێ دەستیان خۆش بێ، لەبەر ئەوە رەئی هەمووومان بوو، جەنابیشت تەئیدت كرد، داتڕشتەوە، لەبەر ئەوە هی تەرەفێك نیە، چونكە ئەمە گرنگە لەم یاسایە هەبێ لە راستیدا، بۆیە ئێمە وەكو لیژنەكە دواجار موتەمەسكین بە دەنگی زۆرینەوە كە لەگەڵ ئەوەین ئەم ماددەیە بمێنێتەوە وەكو خۆی، ئەوەی پەیوەندی بە موخبیرەوە هەیە، لا ببرێ بكرێتە فەرمانبەر، هەروەها یەك، دوو وشەی لاوەكی هەیە بگۆڕدرێ، لەوانەیە لە قەسدی دارشتنەوەكە زەعیف بووبین ئەگەر نا وەكو مەبدەئەكە بەهێزە بۆ یاساكە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا چەند كەسێك داوایان كردووە ئەم ماددەی ئیلغا بكرێتەوە، ئاخر كاكە ئەوە یەك، ئەوە دوو، ئەوە سێ دیسان ناوتان دەنووسمەوە بەسەر چاوان، هەر تۆ نی ئاخر ئەوە كاغەزی تریشم بۆ هاتووە، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە قسە بكەنەوە، تەبعەن ئەوە ئێمە لە بەیانیەوە دانیشتووین هێشتا دوو ماددەمان تەواو نەكردووە، ئاخر نابێ كاكە خۆ كەسی تریش هەیە دەڵێت ئیلغا بكرێتەوە، فەرموون ناوتان دەنووسین، ئەم ناوانە نووسراون (سۆزان خان، كاك قادر احمد، مامۆستا كاوە، كاك عماد، كاك نەژاد، كاك حەمە سعید، كاك برهان، كاك سەرهەنگ، كاك نەریمان)، ئاخر سیاغەی خۆتان نابێ بیخەنە دەنگەوە، چونكە هەیە دەڵێ دەبێ ماددەكە ئیلغا بكرێتەوە، ئەو دوورترە، فەرموو مامۆستا كاوە.

**بەڕێز كاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی ئێمە لێمان تێكچووە قسەكردن و نوقتەی نیزامی تێكەڵ بووە، هەیە سێ جار قسە دەكات بەناوی نوقتەی نیزامی،،،،،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا مامۆستا كاوە (10) كەس ناویان نووسراوە بەناوی نوقتەی نیزامی، بەس ڕێم داوە بە تۆ؟

**بەڕێز كاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هی من نوقتەی نیزامیە لەسەر ئیدارەدانی ئەوە بەراستی، یەعنی خەڵكێك هەیە سێ جار قسە دەكات لەسەر یەك مادده سێ، چوار جار هەمان قسە دەكاتەوە، خەڵكیش هەیە نازانم بەناوی نوقتەی نیزامی....

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەنیە وا تۆش قسە دەكەی؟

**بەڕێز كاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هی من نوقتە نیزامیە، داوا دەكەم ڕێگە نەدرێتە خەڵك سێ جار قسە بكات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سیاغەتان چیە؟ كاك عونی، بۆ دەنگدان نیە هەر بۆ گوێ لێبوونە، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السابعة عشرة: حماية الموظف

لا يجوز ايقاع عقوبة على أي موظف الذي يُدلي بمعلومات حول مخالفات أو أنتهاكات ترتكب ضد القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئیستا ئیلغاكە دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوە دایە ئەم ماددەیە ئیلغابكرێتەوە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (35) كەس لەگەڵ دایە ئیلغابكرێتەوە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دایە بمێنێتەوە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (43) كەس لەگەڵ دایە بمێنێتەوە، كەواتە دەمێنێتەوە، تكایە ئاخیر سیاغە بخوێننەوە بۆ دەنگدان، كاك عمر تكایە دەنگی لەسەر درا، فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

چەند ئەندامێکی پەرلەمان کە موناقەشەی ئەم ماددەیان کردووە پێشنیاری ئەوەیان هەبوو بـە شـێوەیەکی ورد دووبارە سیاغە بکرێتەوە، من بۆیە دەنگم پێنەدا، چونکە لیژنەی هاوبەش رەچاوی پێشنیار و دووبارە دارشتنەوەیەکی وردی بەر جەستەکەری تێبینیەکانی ئێمەیان نەکرد، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، باشە تەواو، فەرموو لیژنەی هاوبەش ئاخیر سیاغەتان بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە سیاغەکەمان گۆڕی ئەگەر دیقەتی خوێندنەوەی سیاغەکە بدەین،

المادة السابعة عشرة: حماية الموظف

لا يجوز ايقاع عقوبة على أي موظف يُدلي بمعلومات حول مخالفات أو أنتهاكات ترتكب ضد القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتـەوە، (45) کـەس لەگـەڵ دایـە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیـە؟ تکایـە دەسـت بەرزکاتـەوە، (27) کـەس لەگـەڵ دانیـە، زۆر سـوپاس، بەزۆرینـەی دەنـگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی هاوبەش پێشنیاری کردووە ماددەیەکی تر زیاد بکرێ لەسەر پرۆژەکە بەم شێوەیە:

المادة الثامنة عشرة: الاعتراض

يحق لكل شخص، الاعتراض على قـرارات و أجـراءات المؤسسـة العامـة أو الخاصـة أمـام المراجـع الاداريـة العليـا، الهيئة، و محاكم البداءة المختصة خلال مدة لا تتجاوز (سبعة) أيام من تأريخ صدورها و في الحالات الآتية:

أولاً: رفض الطلب، سواء كان كلياً أو جزئياً.

ثانياً: تجاوز المهلة المحددة لاجابة وفق المادة (الثامنة/ الفقرة سادساً).

ثالثاً: فرض تكاليف غير ضرورية على مقدم الطلب.

رابعاً: إحالته أو أرشاده إلى أكثر من مؤسسة آخرى, بهدف تضليل مقدم الطلب و اخفاء المعلومات عنه.

خامساً: القرار الصـادر مـن قبـل محكمـة البـداءة المختصـة يكون قـابلاً للطعـن تمييـزاً لـدى محكمـة اسـتئناف المنطقة بصفتها التمييزية، و خلال مدة (15) خمسة عشرة يوماً من تأريخ التبليغ أو اعتباره مبلغاً و يكون القرار الصادر نتيجة الطعن باتاً.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە کوردیەکەشی بیخوێننەوە.

**بەڕێز د. دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەیەكی ئیزافی: ماددەی هەژدەهەم: تێهەڵچوونەوە**

هەر كەسێك بۆی هەیە، ناڕەزایی لە بڕیار و ریكارەكانی دامودەزگای گشتی یان تایبەتی لەبەردەم مەرجەعی ئیداری باڵاتر، دەستە، دادگاكانی بەرایی تایبەتمەند دا دەربڕێ لە ماوەیەكدا كە لە حەوت رۆژ دوای دەرچوونیان تێنەپەڕێ لەم بارانەی خوارەدا:

أ- داوایەكە هەر هەمووی یان بەشێكی رەتكرابێتەوە.

ب-ماوەی وەڵام دانەوە لە كاتی خۆی تێپەڕیبێت بە گوێرەی ماددەی هەشتەم بڕگەی شەشەم.

ج-تێچوویەكی زیاد لە پێویستی بەسەردا سەپێندرابێ.

د-لەم دامودەزگاوە بۆ ئەم دامودەزگا ئەم دەست و ئەو دەستی پێكرابێ بە مەبەستی دەست خەڵەتاندن و شاردنەوەی زانیاری لێی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاڵی پێنجەم تەرجەمە نەكراوە، بەو سیاغەی كە خوێندرایەوە كێ تێبینی هەیە؟ تا ناوی بنووسین، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (كاك نەژاد، كاك جمال، كاك د. صباح، ئاهەنگ خان، پەیمان خان، كاك یاووز، كاك عبداللەی مەلا نوری، گوڵێزار خان، سەرگوڵ خان)، كاك پێشەوا نوقتەی نیزامت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە نوقتە نیزامیەكەی من لەسەر ئەوەیە ئەو ماددەیە ماددەیەكی ئیزافیە، بۆیە من داوا لە لیژنەی هاوبەش دەكەم بۆمان روون بكەنەوە بۆ ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان هۆكاری ئەو ماددەیە چییە كە ئیزافە كراوە؟ بۆ ئەوەی بەرچاومان روونتربێ، دواتر ئەندامانی پەرلەمان قسەی لەسەر بكەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك بكر.

**بەڕێز بكر كريم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە بۆ هێنراوەتە پێشەوە؟ ئەو مافە بە داواكار دراوە كە ئیعتیرازی هەبێ، ئەگەر هاتو زانیاری پێنەدرا یان كۆمەڵێك نەك هەر بە تەنها زانیاری شتی تریش ئیعترازی هەبوو لەسەر هەر بڕیارێك یان هەر ئیجرائێكی هەر دامودەزگایەكی گشتی بۆی هەیە سێ رێگا بگرێتە بەر، رێگەیەكیان ئیدارییە، ئەم رێگا ئیدارەییە ناوخۆییە، بۆ نموونە پێی دەوترێ (المراجع الداخلية الادارية)، بۆ نموونە ئەگەر تۆ داوای زانیاریەكت كرد لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر زانیاریەكەی پێت نەدا، تۆ بۆت هەیە لە رووی موراجەعەی ئیدارییەوە لەلای مەرجەعێكی باڵاتر كە وەزارەتی پەروەردەیە، وەزیرە، موراجەعە

بكەی ئەمە موراجەعەیەكی ئیدارییە، ئەمە حەقێكە داوتە بە موقەدەمی تەلەب بەداواكاری زانیاری بۆ ئەوەی زانیاریەكەی دەست بكەوێ كە پێیوایە ئەو ئیعتڕازێكی هەیە لەسەر بڕیار یان هەر ئیجرائێكی موئەسەسەكەی پێش، ئەمەیان یەك، دووەهەم موراجەعە پێی دەوترێ موراجەعەی خارجی، واتە لە دەرەوەی دامودەزگا گشتییەكە، ئەویش ئەو موراجەعەی خارجیەمان داوەتە دەست دەستەی سەربەخۆی مافەكانی مرۆڤ، موراجەعەی ئەوێ دەكات لەسەر هەر قەرارێك یان لەسەر هەر ئیجرائێك كە دامودەزگایەكی گشتی بە پێچەوانەی ئەحكامەكانی ئەم قانونە كاری كردبێ، دەچێت موراجەعەی ئەوان دەكات، ئەگەر ئەوێش هەر سوودی نەبوو بۆشی هەیە ئەمە بۆ هەر هاوولاتیەك هەیە موراجەعەی قەزا بكات، موراجەعەی قەزائی ڕێگەی سێیەم، یەعنی ئێمە سێ ڕێگەمان لەبەردەم هەر داواكارێك هەیە، ئەوەی زانیاری داوا دەكات سێ ڕێگەی لەبەردەمە، موراجەعەی ئیداری داخلیە، موراجەعەیەكی خارجیە لەلایەن دەستەیەكی تری سەربەخۆ كە پەیوەندی بە دامودەزگا گشتییەكانی تروە نییە، موراجەعەی سێیەم موراجەعەی قەزائیە، ئەوە مافێكی گشتییە بۆ هەموو هاوولاتیان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بێین سەیری ئەم مادده بكەین، خاڵی یەكەم كە دێتن بەرەهائی دێ، یەعنی سیغەی موتلەقی وەرگرتووە، (أولاً: رفض الطلب، سواء كان كلياً أم جزئياً)، ئەم فەقەرە بەم شێوەیە نەوعە ناكۆكیەك پەیدا دەكات لەگەڵ ماددەی (9) فەقەرەی یەكەم، ئەوەیە كە دەڵێت (اذا تم رفض الطلب كلياً أو جزئياً، فعلى الموظف المختص أن يبين في الرد الذي يسلمه الى مقدم الطلب، سبب الرفض على أن لا يخرج السبب عن)، بۆیە من پێشنیار دەكەم (أولاً: رفض الطلب، سواء كان كلياً أو جزئياً ما لم يكن مشفوعاً بالاسباب الواردة في الفقرة اولاً من المادة التاسعة من هذا القانون)، ئەگەر هاتو ئەسباب وازح بێ، بۆچی ڕەتی كردووە؟ چ جزئی بێ یان كولی بێ، وابزانم پێویست ناكات ساحێبی تەلەب بڕوات ئیعتڕاز پێشكەش بكات، چونكە موەزەف لەگەڵ ڕەدەكەی ئەسبابەكانی دیار كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حەمە سعید نوقتەی نیزامت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێمووایە مادام ماددەیەكی ئیزافیە مەبدەئیەن بیخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی ئایا ئەم ماددەیە زیاد بكرێ، دواتر موناقەشە بكرێ، نەك لە ناو موناقەشەكە، چونكە ئیزافەكردنی ماددەیەكی تازە پێمووایە قبولی دەنگدانی دەوێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە ئیتفاقمان كردووە كە ئەم راپۆرتە بۆ موناقەشەیە، ئەو ماددەیەش لە زمنی راپۆرتەكەیە دەنگیشی لەسەر دراوە، كاك نەژاد فەرمو.

**بەڕێز نەژاد عزيز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تا رادەیەك من لەگەڵ قسەكەی كاك حەمە سعید دام، لە ماددەی پێشووشدا هەروا بوو، ئەو ماددانەی كە ئیزافەنە دەبێ پێشتریش موافەقەی ئەندامانی پەرلەمانی پێ وەربگیرێ كە ئایا رازین ئیزافە بكرێ، ئینجا دوای ئەو موناقەشە بكرێ ئەوە حاڵەتێكی ئاساییە و یاساییەكان باشتریشی لێ دەزانن، بەڵام ئەگەر هەر موسیرن لەسەر ئەوەی ئەو ماددەیە ئەگەر بابڵێین ئیزافەكراوە بە حەقیقەت لە (ثانياً: تجاوز المهلة المحددة للاجابة وفق المادة (الثامنة/ الفقرة سادساً)، بەرەئی من ئەوە ئیزافە بكرێ (فيما اذا لم يكن تجاوز المهلة لظروفٍ قاهرة)، یەعنی گەڵێ جار مومكینە موەزەفی موختەص لە دائیرەیەكی موعەیەن نەتوانێ لەبەر هۆیەكی قاهیر نەتوانێت ئەو مەعلوماتە بدات، یەعنی نابێ ئەوە ئەو حیسابەی بۆ بكرێ، دەبێ ئەوە زیاد بكرێ بە رەئی من، لە (ثالثاً: فرض تكاليف غير ضرورية على مقدم الطلب)، نازانم، یەعنی تەحدید بكرێ زەروری و غەیرە زەروری بە چی را دیارە، یەعنی كامەی زەروریە و كامەی زەروری نییە، لە (رابعاً: إحالته أو أرشاده إلى أكثر من مؤسسة آخرى, بهدف تضليل مقدم الطلب و اخفاء المعلومات عنه)، لێرەش دیسان چۆن بزانرێ كە ئەوە بە ئامانجی رێ لێ ونكردنە، یەعنی چۆن ئێمە ئیسپاتی بكەین، دەبێ شتێك هەبێ واها دابڕێژرێ كە ئەوە یەعنی مومكینە وا نەبێ، یەعنی مەوزوعەكە وانەبێ كە موەزەفی موختەص ویستبێتی رێی لێ ون بكات، تەزلیلی بكات، لەبەر ئەوە دەبێ ئەوە بزانرێ كە ئایا چۆن بە ئامانجی رێ لێ ونكردنە و تەزلیلە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. صباح فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە كە ئیزافەكراوە زۆر گرنگە، یەعنی باسی ئەوە دەكات كە ئەو كەسەی كە تەلەبێك تەقدیم دەكات بۆ ئەوەی مەعلوماتێكی دەست بكەوێ، دوایی رەفزی تەلەبەكەی دەكرێ چی بكات؟ ئەمە محتەوای ماددەكە ئەوەیە، بەڵام هەست دەكەم سەرەتای مەوزوعەكە زۆر گەورەتر و فراوانتر دەبێ كە هەر كەسێك مافی هەبێ بەرهەڵستی هەموو ئەو بڕیار و ئیجرائاتەی موئەسەسەیەكی گشتی یان تایبەتی بكات بەرامبەر مەراجعی ئیداریی عولیا، ئەوە ئەم مەوزوعە لە راستیدا لە قوانینی تردا باس كراوە، یەعنی باری سەرشانی ئەم ماددەیە زۆر قورس كراوە بەم عینوانە گەورەیەی كە لە سەرەتاكەدا هاتووە، تەنها دەتوانین بڵێین یەعنی زۆر لەوە كورتر (يحق لكل شخصٍ رفض طلبه للحصول على المعلومات أن يعترض على هذا الرفض في

هذه الحالات)، یەعنی حاڵەتەكان دیاری بكرێت، بەلاَم ئەگەر ئەوەبێ هەر كەسێك بتوانێ ئیعتیراز بكات لە قەراراتی موئەسەسەی عامە و خاصە ئەمە لە شوێنی تردا باس دەكرێ، یەعنی لە قوانینی تر هەیە كە تەكەفولی ئەو مەوزوعەی كردووە، تەنها ئێمە دەتوانین باسی ئەوە بكەین، ئەو كەسەی كە رەفزی تەلەبەكەی دەكرێ بۆی هەیە ئیعتیراز بكات، یەكەم: داوای ئەوە بكات كە سەبەبی رەفزەكە روون بێتەوە، بەلاَم سەبەبەكەش ئەوەندە كراوە نەبێ، لە قوانینی تردا دەڵێم بۆ نموونە، نموونەی قانونمان لایە هەر كاتێك رەفزی تەلەبەكە كرا سەبەبەكە یەعنی ئەو دائیرە مولزەم دەكرێ بەوەی بەیانی سەبەبەكە بكات، بەلاَم سەبەبی زۆر نا، مەسەلەن ئەگەر وتی دەتوانێ بڵێ ئەو مەعلومەیە لای من نییە، یاخود ئەو مەعلومەیە دەچێتە ناو ئیستسنائات و ریزپەرەكانەوە، كەواتە هەر بەوەندە ئیكتیفا بكەین ماددەكە وا سیاغە بكرێتەوە هەر كاتێك رەفزی تەلەبەكە كرا بە كولی یان جوزئی ئەو كەسەی كە تەقدیمی كردووە بۆی هەیە ئیعتراز بگرێ لەو بڕیارە یەكەم یاخود موڵەتی یاسایی تێپەڕێنرا، یاخود تەكالیفی زیاد لە پێویست خرایە سەرشانی، پاشان كە دەڵێ (فی الحالات الآتیة: أولاً، ثانیاً، ثالثاً، رابعاً، خامساً)، دەبێ بڕگەیەكی جیاوازبێ لە ماددەكە، چونكە ناچێتە ناو حاڵەتەكانەوە، یەعنی خامیسەن دەبێ مەسەلەن دوو بێ یان (ثانیاً) بێ ئەمانەی تر ببێ بە رەقەم بۆ ئەوەی نەچێتە ناو ئەو حاڵەتانەوە كە باس كراوە، كەواتە پوختەی قسەكانی من ئەوەیە كە باری ماددەكە ئەوەندە قورس نەبێ بەو شێوەیەی كە هەموو قەرارت و ئیجرائاتی موئەسەسەی عامە لێردا باس بكرێ و حەقی ئیعتیراز بدرێ، كوردیەكەشی وشەی ئیعتیراز تەرجەمەكراوە، بە هەڵە تەرجەمەكراوە بكرێ بە (بەرهەڵست كردن)، یاخود (تانەلێدان)، محتەوای ماددەكە ئەوەیە، بەلاَم هەست دەكەم سەرەتاكەی مەوزوعەكە زۆر گەورەتر و فراوانتر دەبێ، كە هەر كەسێ مافی هەبێ بەرهەڵستی ئەوهەموو بڕیار و ئیجرائاتانە بكەین موئەسەسەیەكی گشتی یا تایبەتی بەرامبەر مەراجعی ئیداری عولیا، ئەم مەوزوعە لە ڕاستی دا لە قەوانینی تردا باس كراوە، یەعنی باری سەر شانی ئەم ماددەیە زۆر قورس كراوە بەم عینوانە گەورەیەی كە لە سەرەتاكەیا هاتووە، تەنها دەتوانین بڵێین زۆر لەوە كورت تر (یحق لكل شخص رفض طلبە للحصول علی المعلومة ان یعترض علی هذا الرفض فی هذە الحالات) یەعنی لەم حاڵەتەكان دیاری بكرێ، بەلاَم ئەگەر ئەوە بێ هەر كەسێك بتوانێ ئیعتراز بكات لە قەراراتی موئەسەسەی عامە و خاسە ئەمە لە شوێنی تردا باس دەكرێ، یەعنی لە قەوانینی تر هەیە كە تەكفولی ئەو مەوزوعەی كردووە، تەنها ئێمە دەتوانین باسی ئەوە بكەین، ئەو كەسەی كە رەفزی تەڵەبەكەی دەكرێ، بۆی هەیە ئیعتراز بكات، یەكەم/ داوای ئەوە بكات كە سەبەبی رەفزەكە ڕوون بێتەوە، بەلاَم سەبەبەكەش ئەوەندە كراوە نەبێ، لە قەوانینی تردا دەڵێ بۆ نموونە كە نموونەی قانونمان لایە، هەر كاتێك رەفزی تەڵەبەكە كرا سەبەبەكە ئەو دائیرەیە مولزەم دەكرێ بەوەی بەیانی سەبەبەكە بكات، بەلاَم سەبەبی زۆر نا، بۆ نموونە دەتوانێ بڵێ ئەو مەعلومەیە لای من نیە، یاخود ئەو مەعلومەیە دەچێتە ناو ئیستسنائات و ڕیزپەڕەكانەوە، كەواتە هەر بە ئەوەندە ئیكتفا بكەین، ماددەكە وا سیاغە بكرێتەوە، هەر كاتێ رەفزی تەڵەبەكە كرا، بە كولی یان بە جوزئی، ئەو كەسەی كە تەقدیمی كردووە، بۆی هەیە ئیعتراز

بگرێ لەو بڕیارە، یاخود ئەگەر مۆڵەتی یاسایی تێپەڕێندرا، یاخود تەکالیفی زیاد لە پێویست خرایە سەر شانی، پاشان کە دەڵێ (فی الحالات الاتیە: 5،4،3،2،1 دەبێ بڕگەیەکی جیاواز بێ لە ماددەکە، چونکە ناچێتە ناو حاڵەتەکانەوە، یەعنی (خامسا) دەبێ دوو بێ یان (ثانیا) بێ، ئەمانەی تر ببێ بە رەقەم، بۆ ئەوەی نەچێتە ناو ئەو حاڵەتانەوە کە باسکراوە، کەواتە پوختەی قسەکەی من ئەوەیە کە باری ماددەکە ئەوەندە قورس نەبێ بەو شێوەیەی کە هەموو قەرارات و ئیجرائاتی موئەسەسەی عامە لێرە باس بکرێ و حەقی ئیعتراز بدرێ، کوردیەکەشی وشەی ئیعتراز تەرجەمە کراوە بە هەڵە تەرجەمە کراوە، بکرێ بە بەرهەڵست کردن یاخود تانووت لێدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە داڕشتنی ئەم ماددەیە دەکەم، بەڵام دوو تێبینی بچووکم هەیە، یەکەم/ هەروەکو هاوکارم کاک نەژاد فەرمووی، ئەو تێچووی زیاد لە پێویستی بەسەردا سەپێنرابێ، نازانم مەبەست چیە لەو تێچووە؟، دووەم/ لێرە کە خاڵی 4 هاتووە (احالتە او ارشادە الی اکثر من مؤسسة اخری) نازانم یەعنی لێرە دیار نیە، چۆن ئەو دەست و ئەو دەستی پێ کراوە؟، مەسەلەن ئێمە پرسێکی پەروەردەیی هەیە دەچین بۆ لای وەزارەتی پەروەردە، ئایا لە پەروەردە دەتنێرێتە ناوخۆ دەینێرێتە کوێ؟ یەعنی دیار نیە، ئێستا لێرە ڕوون بکرێتەوە، مەبەستەکە چیە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک یشار فەرموو.

**بەڕێز یشار نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم خاڵێك زیاد بکرێ، حەقی ئیعتراز هەبێ لە کاتی پێدانی زانیاری هەڵە، کاتێ زانیاریەکەی پێ دەدات ئیعتراز ناکات زانیاری بەو کەسە بدات کە داوای دەکات، بەڵام ئەو زانیاریە کە پێی دەدات، ئەو زانیاریە نیە کە ئەو داوای کردووە، زانیاریەکی تری پێ دەدات، کە بۆ دواجار بۆی دەردەکەوێ ئەو زانیاریانە نیە کە ئەو داوای کردووە، ئەو کاتی ئەویش حەقی ئیعترازی هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئیستفسارەکم هەیە لە لیژنەی قانونی کاک عونی، (رابعا احالته وارشاده الی اکثر من مؤسسة) وابزانم ئەو ماددەیە موتەعەلیقە بە ماددەی (11 وجود وثیقة لدی مؤسسة اخری) و (المادة 12 حفظ الوثائق)، لە وڵاتانی دەرێ پاش چەند ساڵێك موئەسەسەیەك هەیە پێی دەڵێن (پەبلیك ئینفۆرمەیشن ئۆفیس)، هەموو مەعلوماتێك کە مودەتێکی بەسەرچوو، دەچێتە ئەو مەکتەبەیە یان ئەو دائیرەیە، هەروەکو حفزی وەسائیق بێ، ئەوراقی هەر موئەسەسەیەك بێ، بەحسەکی علمی بێت، دۆکیۆمێنتەکی موهیم بێ، دۆکیۆمێنتەك لە کن شەخسەکی هەبێ، ئەو پەبلیك ئینفۆرمەیشن ئۆفیسە زۆر زۆر موهیمە لە ئەحکامی عامە جێی بۆ بکرێتەوە، بە مەدای بەعید یان قەریب دابمەزرێ، بۆ ئەوەی ئەمە ئەو سێ ئەشکالاتەی کە دەبێ لە حفزی وەسائیق و وجودی وەسائیق لە موئەسەسەی ئوخرا تەنزیم بکات، بەڵام تەنزیمەکە بەشێوەیەکی عەسری تەکنەلۆژی، چونکە ئەوە دەبێ دوو بابی هەبێ، بابەك هەبێ پێپەر هەبێ، یەعنی کە ئەوراق هەبێ، بابەك هەبی ئۆن لاین، بە تەکنەلۆجیا، ئەمن بە مەعلومات دەمەوێ لەسەر ئینتەرنێت دەچمە سایتی ئەو موئەسەسەیە و دەیکەمەوە، نا ئەوەی کە فایل لەسەر یەك دابندرێ و تۆزی لێ بکەوێ کە دەچی شتێکی لێ بپرسی نەزانی لە کوێ بیبینێتەوە، وام پێ باشە بۆ ئەشکالی ئەو سێ ماددەیە کە (رابعا، مادە 11 و مادە 12) ئێمە ئیقتراحی بکەین لە ئەحکامی عامەی موئەسەسەیەکی وا دابنێین یان مەکتەبەك ئەو کەناوی لێ بندرێ، مەکتەبەکە لە هەموو جێگایەك هەیە، چونکە (پەبلیك ئینفۆرمەیشن ئاکت) ئەو قانونەی کە ئێستا ئێمە دەردێنین لە هەموو وڵاتی دونیا هەیە، ئەو موئەسەسەیەش لە هەموو وڵاتی دونیا هەیە، بۆ ئەوەی بتوانین (علی المدی البعید) تەنزیمی بکەین، ئەگەر ئیمکانیەت هەبێ؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عبداللە فەرموو.

**بەڕێز عبداللە مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم ماددەکە بمێنێتەوە، بەس تەنها یەك سەرنجی بچووك ئەگەر برادەرانی لیژنە گوێم لێ بگرن، سەرەتای ماددەکە تاوەکو خاڵی (پ کە من کوردیەکەم لەبەردەستە) هەست ناکەی باسی زانیاری دەکات تاوەکو دەگەیتە خاڵی (ت) کە دەڵێ ( شاردنەوەی زانیاری لێی)، بۆیە واباشترە بۆ ئەوەی بەرچاوی هەموومان ڕوون بێ کاتێ کە دەڵێ هەرکەسێك بۆی هەیە نارەزایی لە بڕیار و ڕێکارەکانی دامودەزگای گشتی یان تایبەتی لەبەردەم مەرجەعی ئیداری باڵاتر لە دەستەی دادگای بەرایی تایبەتمەند دەربڕێ ئەگەر زانیاری پێ نەدرا، یەعنی بۆ ئەوەی هەست بکەی ماددەکە پەیوەستە بەو حاڵەتەوە کە زانیاری نادرێ، چونکە باسی ئەوە نەکراوە، هیوادارم پەیامەکە ڕوون بێ، هەر ئەوەندە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

گوڵزار خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵیزار قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من لەو ماددەیە كە سەیری دەكەم حەوت ڕۆژ دانراوە من پێشنیار دەكەم ماوەی ئەو حەوت ڕۆژە بكرێ بە دە ڕۆژ واتە ئاوای لێ بێت، (هەركەسێك بۆی هەبێ نارەزایی لە بڕیار و ئیجرائاتەكانی دامودەزگای گشتی یان تایبەتی هەبێ لەبەردەم دەستە و دادگای تایبەتمەنددا لە ماوەیەك دا كە لە $10$ ڕۆژ دوای دەرچوونی ئەو بڕیار و ڕێكارانە تێ پەڕ نەكات لەو حاڵەتانەی لەم ماددەیەدا دیاری كراون)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

سەرگوڵ خان فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش ئەو ماددەیەم بەلاوە گرنگە كە ئیزافە بكرێ، چونكە ئەمە مافێكە بۆ ئەو كەسەی داوای زانیاری دەكات لە دوای ئەوەی كە ئەو حاڵەتانەی بەسەر دا دێت، بۆ ئەوەی موراجەعەی ئەو دەزگایانە بكات، بەڵام تێبینیەكم هەیە لەسەرەتای داڕشتنی ماددەكە، باس لەوە دەكات كە ئەگەر سێ شوێن هەبێ بۆ ئەوەی ئەو موراجەعەی بكات، بەڵام بەڕای من لەوانەیە لیژنە ئەمە بە ئیجابی دابنێ كە سێ شوێن هەبێ، بەڵام من ئەمە بە ڕۆتینێكی زیادە دادەنێم، چونكە مەرجەعی باڵای ئەو موئەسەسەیە بێگومان تەعلیماتی دەركردووە بۆ موئەسەسەكە لەسەر چۆنیەتی پێدانی زانیاری لەسەر ئەو مودانە، لەوانەیە موراجەعەكردنی بۆ ئەو موئەسەسەیە باڵاتر هەمان وەڵامی دەست بكەوێ، دەستەش، هەمووومان دەزانین دەستەی مافی مرۆڤ بارەگاكەی یان بڵێین شوێنەكەی لە هەولێرە ئەمە دەبێتە بارگرانی بەسەر هاووڵاتیان بۆ نموونە لە شوێنێكی دوورە دەست ولە دەزگایەك داوای مەعلوماتێ بكات كە ئیعتڕازەكەی بچێتە دەستە، من پێم باشە یەك شوێن هەبێ بۆ ئیعتڕاز ئەویش دادگای بەراییە كە لە هەموو مەنتیقەكان دا و لە شار و شارۆچكەكان دا دادگای بەرایی هەیە، ئەمە كارئاسانیە بۆ هاووڵاتی و دادگاكانیش هەموومان دەزانین لەڕووی سەربەخۆییەوە زیاتر موعتەبەر ترن لای هاووڵاتی، تەنها دادگاكان حەقی ئەوەیان هەبێ سەیری ئەو ئیعتڕازانە بكەن، لەبەرئەوەی دواتریش كە لەم دادگایە كە دەرچوو ئەگەر بە دڵی نەبوو بۆی هەیە تەمیزیشی بكاتەوە لە دادگای تەمیز، یەعنی ئەمە زەمانەتی زیاترە بۆ ئەو كەسەی كە داوای مەعلومات دەكات، لەو سیلسیلە موراجعەی كە دانراوە و كە سێ شوێنە و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەك تێبینیم هەیە لەسەر دادگاکە، پێشنیار دەکەم دادگای ئیداری بێ، دادگای کارگێڕی، لەبەرئەوەی بە پێی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ئەو جۆرە کارانە و ئەو جۆرە ئەرکانە بەو دادگایە ڕاسپێردراوە، ناکرێ ئێمە یاسایەك دەربچوێنین پێچەوانەی ئەو ئەرك و دەسەڵاتانەی بە مەحکەمەی ئیداریمان ڕاسپاردووە بە پێی یاسای دەسەڵاتی دادوەری، مەحکەمەی بیدائە لێرە، تەبعەن ئەومەحکەمەیە زۆر ئەرکی پێ ڕاسپێردراوە و کاری زۆرە، ئەو کارەشی بۆ زیاد بکەین بەڕاستی زۆر قورس دەبێ لەو ماوە دیاری کراوەی کە بە پێی حوکمەکانی ئەو یاسایە بتوانێ ئەو ئەرکە جێ بەجێ بکات، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم لە شوێنی مەحکەمەی بیدائە مەحکەمەی ئیداری و موختەس بێ بە وەرگرتنی ئەو تانانە بۆ گونجاندنی ئەم یاسایە لەگەڵ یاسای دەسەڵاتی دادوەری و ئەو ئەرکانەی بەو دادگایە ڕاسپێردراوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش؟ کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەمەوێ ڕوونکردنەوەیەك بدەم سەبارەت بە دادگاو مەحکەمەی ئیداری و مەحکەمەی بیدائە، بۆ ئێمە ئەوەمان کرد؟ خۆی بە پێی قانونی ئەنجومەنی شورا نا، بە پێی قانونی دەسەڵاتی دادوەری کە د.ڕۆژان ئاماژەی پێی کرد، ئەنجومەنی شورامان هەیە مەحاکمی کارگێڕیمان هەیە، بەڵام ئێمە تێبینی ئەوەمان کرد، تەنها حالیەن لە هەولێر مەحکەمەی ئیداریمان هەیە واتە لە شارەکانی دیکەی کوردستان مەحکەمەی ئیداریمان نیە، بۆ ئاسانکاری بۆ هاووڵاتیان ئەوانەی کە دەیانەوێ زانیاری بە ئاسانی بەدەستیان بکەوێ، ئێمە گوتمان مەحاکمی بیدائە بەو کارە هەڵبستێ ئەگەر هاتو داوای کرد زانیاریەك لە دائیرەیەك لە دائیرەکان زانیاریەکە بە ئاسانی نەکەوتە دەست، تانە لەو قەرارە بدات کە جیهەی ئیداری دەری دەکات لە مەحکەمەی بیدائە، مەحکەمەی بیدائە لە هەموو شاروشارۆچکەکان هەیە لە هەموو قەزاکان هەیە و لە هەموو ناحیەکانیشمان هەیە، ئەمە تەنها بۆ ئاسانکاری بوو بۆ ئەو کەسانەی کە داوای زانیاری دەکەن، سەبارەت بە پرسیارەکەی ئاهەنگ خان، ئاهەنگ خان فیعلەن ئێمە قانونی عیراقیمان هەیە (حفظ الوثائق) لە کوردستان پێشنیارێك تەقدیم کراوە کە بەناوی (دیکۆمێنتپاریزی) هەتا ئێستا ئەم بابەتە یەکلانەکراوەتەوە، واتە نەخراوەتە بەرنامەی کاری پەرلەمان بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەن، دوای ڕەچاوکردنی ئەو پێشنیارانە کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کرا، ئێمە سیاغەی ماددەکە بەو شێوە دادەڕێژینەوە:

**المادة 18:**

**الاعتراض**

اولا/ يحق لكل شخص رفض طلبه الاعتراض على قرارات واجراءات المؤسسة العامة أو الخاصة امام المراجع الادارية العليا الهيئة ومحاكم البداءة المختصة خلال مدة لاتتجاوز 7 ايام من تاريخ صدورها وفي الحالات الاتية:

1/رفض الطلب سوى كان كلياً أو جزئياً مالم يكن الرفض مشفوعا بالاسباب الواردة في الفقرة أولا من المادة التاسعة من هذا القانون.

2/ تجاوز المهلة المحددة للاجابة وفق المادة الثامنة (خامساً).

3/ فرض تكاليف غير الضرورية على مقدم الطلب.

4/ احالته أو ارشاده الى اكثر من مؤسسة اخرى بهدف تضليل مقدم الطلب واخفاء المعلومات عنه.

ثانيا/ القرار الصادر من قبل المحكمة البداءة المختصة يكون قابلا للطعن تميزا لدى محكمة استئناف المنطقة بصفته التميزية وخلال مدة خمسة عشرة يوما من تاريخ التبلغ او اعتبارهم مبلغا ويكون القرار الصادر نتيجة طعن باتا.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

ليژنەی هاوبەش دوا سياغەتان بخوێننەوە؟ تكايە گوێ بگرن بۆ ئەوەی ئاخر سياغە بخوێننەوە و بيخەينە دەنگەوە، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

داڕشتنی ماددەكە بەو شێوەيەيە:

المادة 18:

**الاعتراض**

اولا/ يحق لكل شخص رفض طلبه للحصول على المعلومات الاعتراض على قرارات واجراءات المؤسسة العامة أو الخاصة امام المراجع الادارية العليا الهيئة ومحاكم البداءة المختصة خلال مدة 7 ايام من تاريخ صدور القرار المعترض عليه او قرار الجهة المعترض لديها وفي الحالات الاتية:

1/رفض الطلب سوى أكان كلياً أو جزئياً مالم يكن الرفض مشفوعا بالاسباب الواردة في الفقرة أولا من المادة التاسعة من هذا القانون.

2/ تجاوز المهلة المحددة للاجابة في المادة الثامنة في الفقرة (خامساً).

3/ فرض تكاليف غير الضرورية على مقدم الطلب.

4/ احالته أو ارشاده الى اكثر من مؤسسة اخرى بهدف تضليل مقدم الطلب واخفاء المعلومات عنه.

ثانيا/ القرار الصادر من قبل محكمة البداءة المختصة يكون قابلا للطعن تميزا لدى محكمة استئناف المنطقة بصفته التميزية وخلال مدة خمسة عشرة يوما من تاريخ التبلغ او اعتبارهم مبلغا ويكون القرار الصادر نتيجة الطعن باتا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەهەرحاڵ فەرموو دوا سیاغەکەی بخوێنەوە گۆڕانکاری هەبوو لەسەری، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 18:

**الاعتراض**

اولا/ يحق لكل شخص رفض طلبه للحصول على المعلومات الاعتراض على قرارات واجراءات المؤسسة العامة أو الخاصة امام المراجع الادارية العليا الهيئة ومحاكم البداءة المختصة خلال مدة 7 ايام من تاريخ صدور القرار المعترض عليه او قرار الجهة المعترض لديها وفي الحالات الاتية:

1/رفض الطلب سواءَ أكان كلياً أو جزئياً.

2/ تجاوز المهلة المحددة للاجابة وفق المادة الثامنة الفقرة (خامساً).

3/ فرض تكاليف غير الضرورية على مقدم الطلب.

4/ احالته أو ارشاده الى اكثر من مؤسسة اخرى بهدف تضليل مقدم الطلب واخفاء المعلومات عنه.

ثانيا/ القرار الصادر من قبل محكمة البداءة المختصة يكون قابلا للطعن تميزا لدى محكمة استئناف المنطقة بصفته التميزية وخلال مدة خمسة عشرة يوما من تاريخ التبلغ او اعتبارهم مبلغا ويكون القرار الصادر نتيجة طعن باتا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ 1 کەس لەگەڵ دانیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 19: تختص بالمادة الثامنة عشرة من اصل المشروع

تقترح اللجنة تغير عنوان المادة من المسؤولية العقابية والمدنية للعقوبات الى المسؤولية الجزائية والمدنية.

اولاً/ يعاقب بغرامة لاتقل عن مائتين وخمسين الف دينار ولاتزيد على خمسة ملايين دينار كل من:

أ/ امتنع عن تزويد الوثائق أو الاطلاع او الحصول على المعلومات أو قدم معلومات غير صحيحة بخلاف احكام هذا القانون.

ب/ اعاق اعمال الهيئة في مايتعلق بمراقبة تنفيذ احكام هذا القانون.

ثانياً/ يعاقب كل من اتلف الوثائق خارج حدود الصلاحيات القانونية وفق القوانين النافذة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 19 کە ماددەی 18 لە ئەسڵی پرۆژەکەیە:

لیژنە پێشنیار دەکات ناوی ماددەکە بگۆڕدرێ بۆ بەرپرسیاریەتی سزایی و مەدەنی:

یەکەم/ هەر کەسێك بە غەرامەیەك سزادەدرێ کە لە 250 هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە 5 ملیۆن دینار زیاتر نەبێ، ئەگەر:

1/ ڕێگە بگرێ لە بەڵگەنامەپێدان یان لە ئاگادار بوون یان زانیاری بەدەستهێنان یان زانیاری ناڕاست بدات بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ب/ کۆسپ بخاتە سەر ڕێگەی کاروبارەکانی دەستە سەبارەت بە چاودێری کردنی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

2/ هەر کەسێ لە دەرەوەی سنووری دەسەڵاتەکانی خۆی بەڵگەنامەکان لەناو ببات بە گوێرەی یاسا بەرکارەکان سزادەدرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، کاك شێرزاد و کاك عبدالسلام و کاك کاردۆ، ئاهەنگ خان، د.صباح، کاك حمه سعید، کاك سەرهەنگ، کاك پێشەوا، ئاشتی خان، کاك برهان، پەیمان خان، کاك شێرزاد فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەوەی أ من پێموایە ئەم جەزایەی کە دانراوە 5 ملیۆن تەبعەن هەمووتان دەزانن سیقە هەیە و ڕەنگە زۆر لە 5 ملیۆن زیاتر بکات، بۆیە ئەمەی کە ئەمەی لێرە دانراوە دوای ئەوەی ئەو جەزایەی لەسەردێ ئیتر ئەو کەسەی کە ئەو داواکاریەی ئەو وەسیقەیەی داوا کردووە ڕەنگە پێی نەدرێ یان پێی بدرێ، چونکە لێرە دیاری نەکراوە، بۆیە من پێم باشە لەم فەقەرەیە ئیزافەی ئەوە بکرێ دوای ئەو جەزایەش ئەو کەسە ئەو وەسیقەیەی هەر دەست بکەوێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی مەبدەئی تەکامولی قانونی ئەم (ثانیا) زیادە بە تەسەوری من بە تایبەتیش هەر خۆی دەقەکە دەڵێ (وفق القوانین النافذة)، واتە قانون هەیە موعاقەبەی خارجی حدودی سەڵاحیەتی خۆی دەکات، بۆچی تێدا

بێت، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەوە نەمێنێ، واتە حاجەت بۆ أ و ئەوەڵەنیش نامێنێ و هەر ماددەکە دەست پێ دەکات بە (یعاقب) و پاشان أ و ب، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکە لەسەر بەرپرسیاریەتی سزادانە لە ڕووی جەزائی و مەدەنیەوە، بەڵام لایەنی کەمی پارەکە زۆر زۆر کەمە، یەعنی هەرچەند سەیری دەکەی، چونکە پێشێلکاریەکان دیاری کراون لەسەر چ بنەمایەك مەسئولیەتەکە هەیە، پەیوەندی بە تەزویدی وەسائیق و ئیعاقە دروست کردنە، لەبەرئەوە من پێموایە دەبێ مەسافەکە کورت بکەینەوە بە شێوەیەك کە 250 زۆر زۆر کەمەو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەو ماددەیە لە غەرامەکەی ئیستفسارەکم هەیە لە لیژنەی قانونی، مەدای غەرامەکە لە 250 هەزار دینار بۆ 5 ملیۆن، میکانیزمی تەتبیقی ئەوەی ڕاستە لە دەست حاکمە تەقدیرەکە، بەس ئەو مەدایە لەو کەمەی بۆ ئەو زۆرەی یەعنی بەڕاستی ئەشکال دروست دەکات، وەکو ئەوەی ببێتە سەڵاحیاتەکی موتڵەق یەعنی هیچ میکانیزمێکی بۆ تەقدیر ناکەی، ئەوە یەك، دوو/ یعاقب کل من اتلف الوثائق خارج حدود صلاحیته القانونیة، ئەی ئەگەر لە سەڵاحیەتی قانونی بێ، دوایی ئەو غەرامەیە کێ دەیدات موئەسەسە یان ئەشخاس دەیدات، موحتەمەلە مودیرەك بڵێ ئەو وەسیقەی مەدە، ئەو مودیرە بۆ هەر غەرەزەکی بێت، بۆ هەر شتەکی بۆ هەر قانونەکی بوێ و بڵێتە موەزەفەکەی ئەو وەسیقەیەی تەزوید مەکە یان ئەو وەسیقەیە ئیتلاف بکە، ئەو غەرامە کێ دەیدات، شەخس دەیدات یان موئەسەسەك دەیدات، یەعنی دەردی کاك عبدالسلام گوتەنی هیچ وازح نیە ئەو فەقەرەیە، بەئیعتقادی منیش عەلامەتی ئیستفهامەکی زۆرە و خزمەتی قانونەکەی  ناکا و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە بۆچوونی لیژنە دەکەم کە عینوانی ماددەکەی گۆڕیوە، لە موسئولیەی عیقابی و مەدەنیەوە بۆ مەسئولیەی جەزائی و مەدەنی، ئەوە زۆر باشە، بەڵام ئیقتراحی ئەوە دەکەم لە پێشدا

بنووسرێ (مع عدم الاخلال بالعقوبات الواردة فى القوانين النافذة الاخرى، يعاقب........) بەم شێوەیە، ئینجا ئەوەی (ثانیا) کە دەڵێ (يعاقب كل من اتلف الوثائق خارج حدود الصلاحيات القانونية وفق القوانين النافذة) ئەمە تەحسیلێ حاسڵە، هیچ ئیزافەیەك پێشکەش ناکات، بەڵام ئەگەر ئەو بڕگەیەی بۆ زیاد بکرێ کە (مع عدم الاخلال بالعقوبات الاخرى الواردة فى القوانين النافذة الاخرى)، دەتوانرێ ئەوە بکرێ بە سێهەم، ئیتر پێویست ناکات، ئەوەڵەن و دووەممان هەبێ، یەعنی پێویست بەوە ناکات سیاغەکە بەو شێوەیە بێ کە ئێستا هاتووە، ئینجا مەوزوعی سزاکە دەبێ موتەناسب بێ لەگەڵ حەجمی عقوبەکەدا، حەجمی تاوانەکە،یەعنی عقوبەکە تەناسوبێکی تەواوی هەبێ لەگەڵ ئەو تاوانەی کە ئەنجام دەدرێ، بۆ ئەوەی زیاتر رادع بێ، یەعنی جاری واهەیە موعلومەکە ڕەنگە بەسیت بێ، تۆ دەتوانی حەدی بۆ دابنێی، بەڵام حەدی ئەعلاکەی کەمە بەڕاستی، یەعنی وەکو ئەوەی کاك شێرزاد باسی کرد، جاری واهەیە ئیتلافی وەسیقەیەك ڕەنگە پارەیەکی زۆر زۆری وەرگرتبێت کابرا لە موقابلی ئیتلافی وەسیقەوە، بۆیە تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوە ئیعادەی سیاغەی ئەو ماددەیە بکرێ بە شێوەیەك کە ئەو عقوبانەی کە لە قەوانینی تریشدا هاتووە لێرە بسەپێ، وێڕای ئەم عقوبانەی کە لەم قانونە تایبەتمەندە ئێمە دەنگی لەسەر دەدەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

کاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێموایە عقوبەکە وەکو ئەوەی لە ئەسڵی پرۆژەکە هاتووە با هەم بەندکردنی تیا بێ و هەم غەرامەی مالی تیا بێ یان هەردووکیان، چونکە بە ڕاستی رادعێك هەبێ و بەرگرییەك دەکات لەوەی کەوا بە پێی ئەم یاسایە موەزەفەکە هەڵسوکەوت بکات و بۆ ئەوەی موخالەفە نەکات و زانیاری بدات بەو کەسەی کە داوا دەکات، بۆیە پێشنیار دەکەم بەندەکە لە 3 مانگ و 250 هەزارەش کە هەندێ مەعلومات هەیە کابرا مانعی نیە نەیدات، بەڵام ئەو غەرامەیە بدا و غەرامەکە کەمە، بۆیە ئەو بڕە زیاد بکرێ بەلای کەمەوە بۆ 500 هەزار یان ملیۆنێك، ئەو 5 ملیۆنەش وەکو لە ئەسڵی ماددەکە زیاد بکرێ بۆ 8 ملیۆن ئەمە خاڵێك، خاڵێکی تر دووەمەکە من پێموایە زۆر گرنگە کە بمێنێتەوە، چونکە ئەمە باسی پاراستنی بەڵگەنامەکانە، یەعنی ئەگەر کەسێ موخالەفەی کرد کە بەڵگەنامەکان لەناو ببات، لەبەرئەوە ئێمە لە یاساکانی تردا دەڵێین دەبێ لە ماددەیەکدا بەڵگەنامەکان بەشێوەیەك بپارێزرێن کە بە ئاسانی دەست بکەوێ، بەس بۆ لەناوبردنی، سزامان دانەناوە بۆ ئەو کەسانەی کە لەناوی دەبەن، بۆیە پێموایە زەرورە ئەوەی دووەمیش، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێز، دەستخۆشی لە لیژنەی هاوبەش دەكەم بۆ ئەو گۆڕانكاریەی كە لە سەر ماددەكە كردوویانە، سەبارەت بەو تێبینیەی كە كاك شێرزاد خستیەڕوو تێبینیەكی زۆر زۆر گرنگە و من پشتیوانی دەكەم، چونكە زۆر گرنگە كە ڕەنگە ئەگەر ئێمە ئەو تەوزیحە بكەین و ئەو ئیزافەیە بكەین بۆ سەر ئەو ماددەیە كەمترین حاڵەتی پێنەدانی زانیاری دروست بێ و ئەوە پێموایە هەم كاروباری مەحاكمەكانیش سووك دەبێ و هەم مەبەستی یاسایەكە كە لە پێدانی زانیاریدا ئاسانتر جێ بەجێ دەبێ، ئەمە یەكەم، لەسەر خاڵی دووەم كە هەندێك بیروڕا هەبوو نەمێنێ، ڕاستە لە قانونی ئەوەی كە بەركارە، ئەو قانونانەی كە نافیزن لە هەرێمی كوردستان، باسی ئەم مەسەلەیە كراوە، بەڵام پێموایە مانەوەی ئەمە لێرە بۆ بابی تەئكید و تەوكید شتێكی خراپ نیە و ئیزافەیەكە بە زیانی ماددەكە ناشكێتەوە و، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر سەیری دەقە عەرەبی و كوردیەكە بكەین، بەڕاستی ڕوون نیە لای من وەكو ئەندامێكی پەرلەمان ئەو بەرپرسیاریەتە یان ئەو سزایەی كە دانراوە بۆ خودی دامودەزگا گشتیەكە یان تایبەتیەكەیە یان بۆ ئەو فەرمانبەرەی كە تەرخان كراوە بۆ پێدانی زانیاریەكە، بۆیە ئەگەر دەقەكان هەردووكیان بخوێننەوە باس لە شەخس دەكات، چونكە بەڕاستی ئەو شەخسەی كە دانراوە بۆ پێدانی زانیاری ئەگەر سزاكە بەسەر شەخسەكە یان ئەو موەزەفەی كە تەحدید كراوە بسەپێندرێ ئەوە ئەو مەبلەغەی كە دانراوە زۆر زۆرە، بەڵام ئەگەر بەسەر دامودەزگا گشتی یان تایبەتیەكە بێ كە دەبێ زانیاری بدات بەو كەسەی كە داوای دەكات ئەوە شتێكی ترە، بۆیە من داوا دەكەم ئەوە زیاتر ڕوون بكەنەوە، مەبەستتان لەوەیە ئایا سزا یاسابیەكە بۆ دامودەزگا گشتی و تایبەتیەكەیە، یان بۆ فەرمانبەرەكەیە؟ ئەوەی كە تەحدید كراوە، بە نیسبەتی خاڵی دووەمەوە، منیش پێموایە ئەو خاڵە لێرە زیادە، چونكە تەحسیلٌ حاسڵە و باستان كردووە، یاسای تر هەیە كە جێ بەجێ دەكرێ بەسەر ئەو دامودەزگایانە و ئەو كەسانەی كە بەڵگەنامەكان لەناو دەبەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە دەستخۆشی لە گۆڕینی ناونیشانەکەی دەکەم، بەڵام لەسەر خاڵی أ ئەگەر ببینی هەموو محتوای یاسایەکە لەناو خاڵی أ دایە، واتەی ئەوەی کە ئیمتناع دەکات لە تەزوید کردنی وەسائیق، ئەوەی کە نایەڵێ کە تەنها تەماشاش بکەی، یەعنی چەند ڕۆژە ئێمە بەس ویستوومانە وەکو حەق ئەمانە ئیقرار بکەین، یەعنی ئێستا بەشێوەیەکی زۆر هەڕەمەکی جارێکی تر هەر هەمووی لە سیاغەیەك دا و یەك عقوبەشی بۆ دانراوە، ئەوەشی کە ئیمتناع دەکات لە پێدانی زانیاری، ئەوانەی مەعلوماتی غەڵەتیش دەدەن، یەعنی هەر هەمووی مەعقول نیە تۆ یەك سزای بدەی کە لە $250$ هەزارەوە بۆ $5$ ملیۆن دەزانین هەموو موئەسەسەیەك خۆ موەزەفەکە ئەو لە گیرفانی خۆی دەرناهێنێ، هەموو موئەسەسەیەك دەتوانێ ئەو عیبارەتە مالیە بخاتە سەر شانی خۆی، ئەگەر مەبەستی نەدا بە لایەنێك یان دەڵێ فەوتاوە و $5$ ملیۆنەکەی بۆ دەدات، کە ئێمە دەزانین بە پێی ئەسعاری ئێستا $5$ ملیۆن لەوانەیە بۆ لاپەڕەی وەسیقەیەکیش هیچ نەبێ، نەك دۆکۆمێنتێکی تەواو، بۆیە ئەگەر ئەوە ئەقسای عقوبە بێ بەڕاستی ئێمە نەمانتوانی حەقەکە پارێزگاری لێ بکەین، ئەوانەی لە پێشەوە دامانڕشتووە، ئەگەر عقوبەکە بە پێی پێویست نەبێ ڕێگری لەبەردەم دا بکات، ئەو حەقە ناگاتە کەس، من بەدڵنیاییەوە بەرلەوەی یاسایەکە دەربچێ، چونکە موعامەلە کردن لەگەڵ ئەو عقوبەیە بە سیعری ئێستا بە ژیان و گوزەرانی ئێستای کوردستان، زۆر زۆر یەعنی سادەیە، سەبارەت بە خاڵی دووەم کە نووسراوە (یعاقب کل من اتلف الوثائق)، یەعنی من ئالێرەش دا جارێکی تر قسەیەك دەکەم بە ویژدانەوە بۆ ئەو موەزەفەی کە مەسئوولە، یەعنی مەرج نیە وەسیقەکە بە عەمدی وەسیقەکەی فەوتاند بێ، خۆ ئیحتمالی 1٪ ی بۆ دابنێین، $10$ ساڵ ئەو کەسە لەو ئیشەدایە لاپەڕەیەکی لێ ئەفەوتێ، مەفروزە لیژنەیەکی تەحقیقی مەجالێ بەو کەسە بدا پێش ئەوەی عقوبە بدرێ، بەڵام فەرقی هەبێ لەگەڵ یەکێك دا کە بە عەمدی، لە کاتێك دا کە من داوا دەکەم ئیزافەی وشەی عەمد بۆ ئیتلاف کردنی وەسائیقەکان بکرێ، هەڵبەتە ئەو کاتەش عقوبەکە فەرق دەکات لە یەکێك کە تەحقیقی لەگەڵ دا دەکرێ کە عەمد بێ یان بە حوسنی نیە یان ئیهمالی بێ، یان لە هەر شتێکی تر، بۆیە من پێشنیازێك دەکەم، (یعاقب کل من اتلف الوثائق عمدا) یەعنی ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی منیش بەهەمان شێوە سوپاسی لیژنە دەکەم کە مەسئوولیەی عیقابی و مەدەنی و عقوباتی گۆڕیوە، لەبەرئەوە موستەڵەحاتێ من یەکەم جارمە گوێم لێی بێ، دەستیان خۆش بێ کە گۆڕیویانە، خاڵێکی تر دێمە سەربڕگەی أ و ئەوەڵەن و سانیەنی ماددەکە کە ئەوەڵەنەکەی لە أ و ب پێك هاتووە، من

وەكو ڕەئی قانونی خۆم وا هەست دەكەم ئەم ئەوەڵەن و دووەمە، نەوعێكە لە لەفودەوران بە دەوری ماددەی 300 و 330 ی قانونی عقوباتی عیراق، لەبەرئەوەی ئێمە مەبدەئێكی عامی قانونمان هەیە (الخاص يقيد العام) ئەگەر ئەمە بكرێت بە مەبدەئێكی خاس و قانونێكی خاس، ئەو وەختە كارپێكردن لەبەرامبەر ئەمە بە ماددەكانی 300 و 330 ی قانونی عقوباتی 111 ی ساڵی 69 ڕادەگرێ، ئەمەش من بەجۆرێ، لەفودەورانی دەبینم بە دەوری ماددەی 300 و 330 دا، لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی ئەوەڵەنی ئەم ماددەیە ئەگەر بێینە سەر أ و ب یەكەی لە یەكەمیان دا باسی ئیمتناع دەكات، ئیمتناع لە قانون دا جەریمەیە، دووەمیان باسی ئیعاقە دەكات كە جۆرێكە لە ئیمتناع، هەردووكی لە ماددەی 300 و 330 ی قانونی عقوباتی عیراقی 111 ی ساڵی 69 شمولی دەكات كە بە نەس تیایدا هاتووە (يعاقب بالحبس كل موظف أو مكلف بخدمة عامة امتنع بغير حق عن اداء عمل من اعمال وظيفته أو اخلى عمدا بواجب من واجباتها نتيجة لرجاء او توصية او وساطة أو لای سبب اخر غير مشروع)، ئەگەر بێینە سەر دووەمەكەشی كە باسی ئیتلافی ئەوراق دەكات، ئیتلافی ئەوراق لە قانونی عقوباتی 111 ی 69 دا جەریمەیە و پێویست بەوە ناكات جارێكی تر دیسانەوە وەكو پێشووتر وتم زكر بكرێتەوە، لە ماددەی 300 هاتووە (يعاقب بالحبس مدة لاتزيد على سبعة سنوات أو بالحبس كل من اتلف أو افسد او عيوبة (تەنها باسی ئیتلاف ناكات، باسی ئیفساد و عەیب و ئیبتاڵیشی دەكات) أو افسد او عيوب أو ابطل بسوء محررا موجودة (موحەرەریش موحەرراتی ڕەسمی و غەیر ڕەسمی بە شكلێكی عام باسی كردووە) مخالصة أو ای محرر يمكن استعمال لاثبات حقوق الملكية، ثانيا/ وتكون العقوبة الحبس اذا ارتكب الفعل فی محرر اخر غير فی الفقرة المتقدمة)، بەڕێزان ئەم دوو ماددەیە هەبێ 300 و 330 لە قانونی عقوباتی عیراقی دا، چ پێویست دەكات ئێمە ئەوەڵەن و سانیەن لەم ماددەیە بنووسین، ئیللا یەك لەفودەوران و یەك حیلەی قانونی تیایە لە گەڵ حورمەتما ئەوەیە عقوبەی ماددەی 330 كە نەفسی ئەلف و بایە، عقوبەكەی حەبسە، عقوبەی ماددەی 300 عقوبەكەی سجن یاخود حبسە، تۆ لێرە كردووتە غەرامە و 250 هەزار دینار بۆ 5 ملیۆن دینار كە ئەمە سەڵاحیەتی تەقدیری بە دەستی مەحكەمە و حاكمەكەیە لە 250 هەزارەكە بۆ 5 ملیۆن دینارەكە چەنێ عقوبە هەیە، بۆیە من داواكارم تەنها ئەمە بنووسرێ لە بڕگەی سانیەنەكەی ئیلغا بكرێتەوە، بڕگەی ئەوەڵەنەكەی كە لە أ و ب پێك هاتووە هەر ئەوەندە بنووسرێ، هەركەسێ ئیمتناعی لە جێ بەجێ كردنی ئەو ماددەیە ماددەی 330 قانونی عقوباتی 111 ی ساڵی 1969 شمولی دەكا و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

یەك كەس ماوە با ئەویش قسەی خۆی بكات، ئینجا تۆ، كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا دارشتنەوەی ڕاپۆرتەكە وەكو پێشتریش ئاماژەی پێكرا، بە ئیجماعی لیژنەكان بووە و ئەوانەشی كە پێكەوە كاری لەسەر كرا، بەدەر لە هەر حاڵەتێك كە پەیوەندی بە لەف و دەوەران یان

فرتوفێڵەوە هەیە، برای بەڕێزم کاك بورهان وەکو پیاوێکی قانونی خۆی پیشان دەدا، بەڵام ئەو بابەتە لایەق نیە بۆ ئەوەی جوهدی لیژنەکە و ئەندامانی پەرلەمان، بۆیە داوا دەکەم لە پرۆتۆکۆڵ بسڕێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

باسی لەف و دەوەرانت کرد بڵێ مەقسەدم هیچ نەبووە، هەر ئەوە بڵێ کاك بورهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لائیحەی مەحامی لەبەردەمی حاکم دا باسی لەفودەوران و حیلەی قانونی دەکات، هەزارەها لائیحە و هینە، دوو موستەڵەحی قانونی زۆر زۆر بەسیت و عادی و شائیع و بەکارهێنراوە ڕۆژانە، من نازانم ئەمە تەشهیری لە کوێیەتی و بۆچی لە پرۆتۆکۆڵ بسڕدرێتەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ڕەئیەکانی کاك بورهان دەکەم لە جۆری غەرامەکە، پێویستە بگەڕێینەوە سەر ئەسڵی قانونەکە کە ئەو جۆرە کارانە و ئیمتناع کردن لە مافی پێدانی زانیاری بەڕاستی بە گوێرەی قانونە پیادەکراوەکان چیە؟، ئەوە پیادە بکرێ لێرە، نەك با بڵێین غەرامەی نوێی بۆ دابین بکرێ لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش، کاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی پێم خۆش بوو کاك بورهان دابنیشێ کە وەڵامی دەدرێتەوە، چونکە لەبەرئەوەی بیل فیعل ...، لە ئەسڵی مەشروعەکەدا هەم حەبسی تێدایە هەم غەرامە، ئێمە دامانڕشتووەتەوە نوێنەرانی لیژنەی هاوبەش، ئێمە ئەوەمان بە نەزەر ئیعتبار وەرگرت، ئیتجاهی سائید لە سیاسەی جینائی لەسەر ئاستی دونیا، ئیتجاهی سائید بەو ئاستەیە عقوباتی سالیبەی حوریە وردە وردە کەم دەکرێتەوە و جێگەی عقوباتی غەرامە و مالی دەگرێتەوە، یان عقوباتی بەدیلە، ئەمە باعسی ئێمە بوو، نەك باعسێکی دیکە نە لەف خوا لەسەرڕا ئاگای لێیە نە دەوران نە نازانم شتێکی دیکە، بەڕاستی بەداخەوە بەم شێوەیە تەفسیری

نیـەتی ئێمـە كـرا، لەگـەڵ ئـەم هـەموو مانـدووبوون و ئـەو هـەموو كۆبوونەوانـەی كـە ئێمـە كردوومانـە، ئیتجاهەكە بۆ ئەوە بوو، ئەمە نوقتەی یەكەم، نوقتەی دووەم، بەڕاستی ئەم قانونە شتێكی نوێیە لە وڵاتـی ئێمە و هەموو دەوربەر لە نەوەد وڵات ئەم شتە هەیـە، ئێمـە پـێش حكومـەتی عێراقـیش دەكـەوین، لەهـەر دامودەزگایـەكی گشـتی وتوومانـە مووەزەفێـك یـان زیـاتر دادەمـەزرێنن یـان دیـاری دەكـەن، تەماشـامان كـرد بەڕاستی ئەگـەر عقوباتـەكان قـورس بكـەین بەڕاسـتی ئەمـە وا دەكـات و ڕەنگـە خـەڵكێك نـەبێ تەحـەمولی مەسئولیەتەكە بكات، بۆیـە ئێمـە هەوڵمانـدا هـەم ئیتجاهی سیاسـەی جینـائی دونیـا بـە نـەزەری ئیعتبـار وەربگرین، هەم ئەوەش بۆ ئەوەی ئـەم قانونـە بێتـە جـێ بـەجێ كـردن، ئەمـە سـەبەبەكە بـوو، سـەبەبێكی دیكە نەبوو، نوێنەرانی سەرجەم لایەنەكانیشی تیادا بوو لەناو لیژنەكە دا بۆیە بەداخەوە جارێكی دیكـەش دەیڵێم نە دەبووایە ئاوا تەفسیری نیەتی ئێمە بكرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەداخەوە من حەزم لێ نیە موستەڵەحاتی قانونی خراپ تەفسیر بكـرێ، مـن دەستخۆشـی لـە لیژنـە دەكـەم ئەگەر تەوەجوهی لیژنە ئەوە بووكە هی سائید لە عالەم دا چیتر بەو ئیتجاهە بڕوات، عقوباتی سالیبە كەم بكاتەوە، بۆیـە وای لێ كـردووە، مـن دەسـت خۆشـی لێ دەكـەم لـە موقـابیلی ئـەوە حـەق بـوو حـەدی ئـەدنای عقوبەكە كە 250 هەزارە بەرزی بكاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش دوا سیاغەتان؟ كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری جۆراوجۆر پێشكەش كرا سەبارەت بەو ماددەیە، پێشنیاری وا كرا كـە بڕگـەی دووەم لـە ماددەكـە لاببرێ، دوو/ پێشنیارێكی دیكە كرا كەوا ئەسڵی پرۆژەكە بێت، واتە عقوبەی حـەبس و ئەوانـە بگەڕێتـەوە، با ئەو بابەتانە یەكلا بكرێتەوە، هەتا بتوانین بە گوێرەی ئەو دەنگدانانە سیاغەی ماددەكەی دابڕێژینەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

باشە یەك، یەك بیخوێننەوە، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم/ لابردنی بڕگەی 2 لە ماددەكە كە دەڵێ (ثانیا/ یعاقب كل من اتلف الوثائق خارج حدود الصلاحیات القانونیة وفق القوانین النافذة).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك شێرزاد فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارێكی دیكەش هەبوو كە سێ كەس باسمان كرد، ئەوە بوو كە دوای ئەوەی ئەو جەزایە دەدرێ بەو كەسەی كە داوای دەكات، ئەوە جێی بكرێتەوە، تەواوی كردو وتی ئەو دووانەیە و بەس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

ئاخر باشە ئەوە حەل و فەسڵ بكرێ دوایی، ئێستا دووەم/ (يعاقب كل من اتلف الوثائق خارج حدود صلاحياته القانونية وفق القوانين النافذة)، كێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەوە نەمێنێ تكایە دەست بەرز بكاتەوە؟ 15 كەس لەگەڵ دایە نەمێنێ، كێ لەگەڵ دایە بمێنێ؟ زۆرینە لەگەڵ دایە كە بمێنێ، چی تریش بوو كاك عونی؟ فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

عقوبەی حەبس كە لە ئەسڵی پرۆژەكە هەبوو بگەڕێتەوە، ئێستا دەیخوێنمەوە، ئەسڵی ماددەكە بەو شێوەیە بوو، (المادة الثامنة عشرة: اولا/ يعاقب بالحبس لمدة لاتقل عن ثلاثة اشهر ولاتزيد على السنتين، وبغرامة لاتقل عن مائة وخمسين الف دينار ولاتتجاوز ثلاثة ملايين دينار أو باحدى العقوبتين كل من ... الخ، ا/ اعترض على كيفية استحصال الوثائق أو على كيفية اطلاعه على المعلومات بعكس احكام هذا القانون، ب/ اعترض على عدم تزويده بالوثائق أو على حرمانه من الاطلاع المعلومات بعكس احكام هذا القانون، ج/ تدخل فى الامور المؤسسة، د/ اتلف الوثائق خارج حدود صلاحياته، ثانيا/ وبالاضافة الى العقوبات الواردة اعلاه فان اللجنة ستسلك الطرق المناسبة الواردة فى نظامها داخلى وقانونها فيما يخص كيفية الانسحاب من المناصب الحكومية بعد الاستلام التقارير ورئيسه.......)، ئەوە ئەسڵی پرۆژەكەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەسڵی پرۆژەكە خوێنرایەوە بۆ تەوزیح، بەڵام یەك پرسیار هەیە، ڕایەك هەیە ئەوویش ئەوەیە كە غەرامەكە كەمە، ڕایەك هەیە بڵێین بۆ نموونە وەك ئەسڵی پرۆژەكە سجنیشی تێ بكەی، هەرچەندە ئەمە ڕای لیژنەی هاوبەش پێمان وابوو بڵێین لە باتی ئەوە غەرامات بێ، ڕایەكە ئەوەیە غەرامەكە زیاد بكرێ، من حەز دەكەم لیژنەی هاوبەش ئەوە بزانن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

بەڵام لیژنەی هاوبەش سیاغەیەکی تازەیان هێناو ئێمە دەنگمان لەسەری دا، ئەوەی لیژنەی هاوبەش ئەوە دەکەینە ئەساس، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ئەوە بووە ئەساس، بەڵام پێشنیاریان هەبوو گوتیان سیاغەی ئەسڵی مەشروعەکە بە نیسبەی عقوبەی حەبس ئەو باشترە لەوەی کە ئێستا داڕشتراوە، واتە ئایا عقوبەی حەبس هەبێ یان نەبێت؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ لەگەڵ ئەوەیە عقوبەی زیندانی کردن هەبێ دەست بەرز بکاتەوە؟ 22 کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ ئەوە دایە زیندانی نەبێ دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆرینەیە، کەواتە ئەوە نەبوو، چی تر؟ کاك نەریمان نوقتەی نیزامیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە بابچینەوە بۆ سەرەتای ئەو یاسایە، ئێمە لێرە بە کۆی دەنگ بڕیارماندا کە ڕاپۆرتی لیژنەی موشتەرەك بکرێ بە ئەساس، بۆیە هەر گەڕانەوەیەك بۆ دواوە و بۆ ئەسڵی پرۆژەکە موخالەفەی ئەو دەنگدانەیە، بۆیە داوا دەکەم بەڕاستی ئێمە نەگەڕێینەوە سەر ئەسڵی پرۆژەکە، لەبەرئەوە بەدەنگدان یەکلاییمان کردەوە کە هاوبەش دەبێتە بنەما بۆ موناقەشە کردن و گفتوگۆ کردن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عونی چی تر هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار هەبوو کەوا غەرامەکە 250 هەزار زیاتر بێ و ببێتە 500 هەزار دینار؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

چەند کەس ئەو پێنشیارەی کردووە؟ 3 کەس کەواتە دەبێ بخرێتە دەنگدانەوە، کێ دەیەوێ لە 250 هەزارەوە بکرێ بە نیو ملیۆن تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ 29 کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە 250 هەزار دینار، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ 38 کەس لەگەڵ ئەوەنە کە 250 هەزار بمێنێتەوە، کەواتە زۆرینەیە، کاك عونی چی تر هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەواو جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عبدالله نوقتەی نیزامە؟ فەرموو.

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك شێرزاد پێشنیازێکی کردو کاك عمر و کاك سەرهەنگیش پشتیوانیان کرد مەسەلەی ئەوەی کاتێ کە کەسێك دەڕوات دۆکۆمێنتێك دەکات پێی نادرێ، فەرمانبەرەکە غەرامە دەکرێ دوای ئەوە دۆکیۆمێنتەکە هەر بدرێ، واتە ئەسڵ ئەوەیە کە کابرا بگات بەزانیاری، ئەگەر لە سەر بنەمای غەرامەیەکی تر ئەم زانیاریە بشاردرێتەوە، ئەمەش جارێکی تر ڕێگریە لەبەردەم پێدانی زانیاری.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارە تەحسیلێ حاسڵە، زانیاریەکە هەر دەدرێ بەو کەسەی کە داوای دەکات، فەرمانبەرەکە موعاقەبە دەکرێ، ڕاستە، بەڵام زانیاریەکەش هەر دەدرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر فەرمانبەرێك سزا بدرێ لەسەر ئەوەی دۆکیۆمێنتێکی نەداوە، مەعنای وایە نەیداوە، کەواتە دەبێ بیدات، بۆیە کە سزادەدرێ مانای ئەوەیە دۆکیۆمێنتەکە بدات، بۆیە تەحسیلێ حاسڵە ئەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەگەر لەم نەسە ئەو بابەتە ئیزافە بکەین زۆر زۆر گرنگە و هیچ ئەو شك و گومانانەی کە هەیە نایهێڵێتەوە و هیچ زیانێکیشی نیە بۆ ماددەکە بەڕاستی،سێ کەسیش پێشنیاری کردووە، تکایە لایەنی کەم بیخەنە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش لەبارەی ئەو پێشنیارەوە دەڵێن چی؟، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نالێم نیزامی، ئەگەر بە تەسەوری من نیزامی نەبێ، شتێك كە دژی مەبدەئی بێ ناكرێ وەربگیردرێ وەكو پێشنیار بخرێتە دەنگدان، عیلاقاتی بە سێ كەس و پێنج كەسەوە نیە، من سزای دەدەم، یەعنی چونكە ئەو ئەركەی ئەنجام نەداوە، مەعنای دووەم مەعلومەكەم داوا كرد كابرا ناچارە بیدات، چونكە سزا دەدرێ، بۆیە تەسەور دەكەم عیلاقە بەوە نیە پێشنیارە و دایتی، مەبدەئیەن ئەوە پێویست نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

من قانونی نیم، بەڵام قسەیەك هەیە دەڵێن نابێ لە قانون دا حەشو بكرێ بەڕاستی، وەكو حەشو وایە ئەوە، كاك شێرزاد فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێموایە ئەو قەزیەیە كەتا دەدرێتە مەحكەمە و ئەڕوا و دێ، ڕەنگە زۆرجار ساڵێكی پێ بچێ، مەفعولی ئەو دۆكیۆمێنتە بەو كەسەی كە داوای كردووە هەر نامێنێ، لەبەرئەوە ئەگەر داوابكرێ لەگەڵ سزاكەی دا دەست پێكردنی ئەو دۆكیۆمێنەش بدرێ باشە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەندە تازە تەواو تەسویتی لەسەر كرا، بەڵام من یەك ئیزافە بۆ قسەكەی كاك شێرزادی دەكەم، ئەی ئەگەر من ئەو مودەیە ئەو دۆكیۆمێنتە لە كن من موهیم بوو پاشی ئەو مودەیە كە عیقاب دراو دراوە بە من ئیكسپایەر بوو بۆ من هیچ كەڵكی نەبوو؟ لەو حاڵەتە بۆ من چ دەكات 250 هەزار ئەو غەرامەی داو هیچ علاجی من ناكرێ، چونكە ئەو فەترەیە ئەو دۆكیۆمێنتە بۆ من موهیم بووە، پاشی وی ئێكسپایەر بوو مەفعولی، لەو حاڵەتەی چ دەبێ، ڕاست دەكات كاك شێرزاد، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا لەبەرئەوەی سێ ئەندامی پەرلەمان پێشنیاریان كردووە، وەكو مەبدەئێك حەق وایە بخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام وەكو لیژنە ئێمە پێمانوایە ئەمە تەحسیلێ حاسڵە سزایەكە لەسەر ئەو ئەساسەیە كە دۆكیۆمێنتەكەی نەداوە، وەكو جەنابیشتان فەرمووتان ئەوە حەشوە، بەڵام ئەساس ئەوەیە بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

باشه دەیخەینە دەنگدانەوە، لیژنە پێیوایە  باس کردنی ئەو مەسەلەیە حەشوە، بەڵام سێ برادەر ئیلحاح دەکەن کە بمێنێ، کێ لەگەڵ ئەوەدایە دوای ئەوەی کە عقوبەکە دەدرێ وەسیقەکە بدرێ تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ نەسەکە وا دەڵێ ئەوان دەڵێن کە عقوبەش دەدرێ دەبێ ئەوەیەکی تێدا بنووسرێ کە وەسیقەکە دەبێ هەر بدرێ، ئەوانیش دەڵێن تەحسیلێ حاسڵە هەر دەدرێ، چونکە عوقبەی لەسەر دراوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارە خۆی لەوە دەگرێتەوە سیاغەکە بەو شکلەی بێ و ئیزافە بکرێ لەسەر فەقەرەکە، (ویزود مقدم الطلب بالمعلومات المطلوبة).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ لەگەڵ ئەوە دایە ئەوە ئیزافە بکرێ تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ 37 کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 40 کەس لەگەڵ ئەوەیە کە ئیزافە نەکرێ، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ ئیزافە ناکرێ، کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة عشرة

المسؤولية الجزائية والمدنية يعاقب بالغرامة لاتقل عن مائتين وخمسين الف دينار ولاتزيد على خمسة ملايين دينار كل من:

1/ امتنع عن تزويد الوثائق أو الاطلاع او الحصول على معلومات أو قدم معلومات غير صحيحة بخلاف احكام هذا القانون.

2/ اعاق اعمال الهيئة فى ما يتعلق بمراقبة تنفيذ احكام هذا القانون.

ثانيا/ يعاقب كل من اتلف عمدا وثيقة خارج حدود صلاحياته القانونية وفق القوانين النافذة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

تکایە کێ لەگەڵ دایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ 55 کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دانیە؟ بڵێم چی بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الفصل الخامس

الاحكام الختاميه

المادة التاسعة عشرة من اصل المشروع تقترح اللجنة حذفها لعدم الحاجة اليها.

ئەسڵی پرۆژەکە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ماددەی 19 بەو شکلەیە:

باستثناء الفقرة الاولى من المادة الثالثة فان المجلس ينتخب المؤسسة وصولا الى الدورة الانتخابية الحالية، بعد اعمال هذا القانون.

واتە ئەو ماددەیە هیچ عەلاقەتی بەو پرۆژەیە نیە کە ئەو گۆڕانکاریەی لەسەر موئەسەسە هەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بە پێی پێشنیاری لیژنەی هاوبەش ماددەی 19 لە ئەسڵی پرۆژەکە دەیانەوێ ڕەدی بکەنەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ڕەد بکرێتەوە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ ڕەد کرایەوە فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة العشرون

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

لیژنەی هاوبەش پشتگیری ماددەکە دەکات بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

نوقتەی نیزامیت هەیە کاک نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا ماددەی ئیزافی هەبوو کە پێشتریش لەگەڵ لیژنەی موشتەرەك قسە کراوە، ئیتفاقیش تەقریبەن وابوو بۆئەوەی ئەمە لە ئەحکامی خیتامی دا پێشنیار بکرێ، ئێمە مەبەستمان لە یاسایەکە مەبدەئیەتی شەفافیەت و بەقوەت کردنی پرەنسیپی دیموکراتی و موشارەکەی هاوولاتیە، ئێمە هەموومان بە پێی یاسایەکە موتەفقین لەسەر ئەوەی کە حکومەت حکومەتی هاوولاتی بێ، بۆیە هاوولاتیش پێویستە ئاگاداریەکی تەواوی هەبێ لە هەموو ئەو بڕیارانەی کە ڕوودەدات لە حکومەتەکەی دا، ئەو ئیتفاقاتانەی دەکرێ و ئەو دانیشتنانەی کە دەکرێ، بۆیە پێشنیارێك هەیە من داوا دەکەم لە لیژنەی موشتەرەك و لای خۆشیان سیاغەکە هەیە کە بخرێتە پێشنیار و دەنگی لەسەر بدرێ بە قەبوڵ کردنیان، ماددەی یەکەم کە لە ئەحکامی خیتامی دا جێگەی خۆیەتی بوترێ، ئەمە پێشنیارەکەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، (على كل مؤسسة عامة تنوى اجتماع عام تعلن عن موعد ومكان هذا الاجتماع والهدف منه ولايجوز ان يمنع الجمهور من حضور هذا الاجتماع الا وفقا لاستثناءات محددة فى هذا القانون أو وفق الاجراءات الادارية والفنية) ئەمە بەڕاستی نەسێکە کە زۆرێك لە ئەندامانی لیژنە موتەفقین لەسەری، لیژنەی موشتەرەك نەهاتووە لە یاسایەکە، بۆیە من پێشنیار دەکەم و داوا دەکەم جەنابیشت ڕێگە بدەی بە ئەندامانی پەرلەمان کە ڕەئی خۆیان لەسەر ئەم بڕگەیە بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە هەمان نەسی ئەو ماددەیە کە بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان ڕەفز کرایەوە کە باس لە حزوری ئیجتماعات دەکات، کاتی خۆشی باسمان کرد، وتوومانە پەرلەمان بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی خۆی ڕێگەی داوە کە خەڵك ئامادەی کۆبوونەوەکانی بێ پاش ئەوەی کە ئیزن وەردەگرێ و دەتوانێ بێ دابنیشێ لە هەموو جۆرە کەسێك، لە کەسانێك کە خواستیان لەسەر ئەوەیە ئاگاداری دانیشتنەکانی پەرلەمان بن، یان کەسانێك بن ڕۆژنامەنووس بن، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم/ هەموو ئیجتماعاتێکی عام کەس ڕێگری ناکات لەوەی داخڵ بێ، بەڵام مەسەلەن کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بۆ نموونە دەیهێنمەوە هاووڵاتی ناتوانێ بچێ دابنیشێ، ئەنجومەنی زانکۆ، بۆ نموونە ئەنجومەنی زانکۆ خۆیان داوا دەکەن لەو کاتەدا ئەگەر پێویستیان بەوە بێ کەسێك بانگ بکەن پێی دەڵێن فەرموو دابنیشە، بەڵام وەکو ئەوە باسی شتی فەنی دەکەن، بۆیە من بەداوای لێ بوردنەوە دەیلێم کەمن بۆ م نیە ئەم قسەیە بکەم، بەڵام دەیلێم، چونکە وترا، ئەمە جارێکی تر لەفودەوەرانە بەسەر ئەو ماددەیە کرا دەنگمان بۆی داوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەرەتای قسە کردن لەسەر ئەم یاسایە ئەو ماددەیە یان ئەو بڕگەیە خرایە دەنگدانەوە و دەنگی نەهێنا، تکایە ڕەچاوی ئەومەسەلەیە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەندەی من لە دەقەکە تێگەیشتم زۆر جیاوازن لەگەڵ دەقی ماددەکانی پێشووتردا، یەعنی دوو شتی جیاوازە ئەوە، پەرلەمانتاریش حەقی خۆیەتی لە ماددەکانی کۆتایی دا داوای ئیزافە کردنی ماددە بکات، نابێ ئەو حەقەی لێ وەربگیرێتەوە، ماددەکەی پێشکەش کردووە و چەند کەسیش پشتیوانی دەکەن و دەنگدانی لەسەر بکەن و دەنگی هێنا، ئەوە هێنای نەیهێنا ئەوە شتێکی ترە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتیوانیم بۆ قسەکانی سۆزان خان و کاك شوان کە ئەمە لە موناقەشەکردنی ئەم قانونەدا ئەم مەوزوعە موناقەشە کراو دەنگی لەسەر دراو یەکلابووەتەوە، ڕەنگە لە سیاغەدا جیاواز بێ، بەڵام بە هەمان مەفهوم و هەمان ناوەڕۆك، ئەمە یەك، بۆیە بەڕاستی قانونیەن من دەپرسم لە لیژنەی قانونی تکایە کاك عونی و د.ڕۆژان وەڵامان بدەنەوە، جائیزە دیسانەوە ئەم مەوزوعە بخرێتە موناقەشە و دەنگی لەسەر بدرێ یان نا؟ ئەمە یەك، دوو/ ئەمە لەناو ڕاپۆرتەکەش دا نیە بەڕاستی، لەناو ڕاپۆرتەکە کە هەش بووە بەرز کراوەتەوە، ئێستا پێویستە ئەگەر موناقەشەشی لەسەر بکرێ بە دەنگی ئەندامانی پەرلەمان ئایا گفتوگۆی لەسەر بکرێ یان نا، بەڵام من بۆ خۆم لەگەڵ ئەوەم کە من پێموایە قانونیەن جائیز نیە جارێکی تر موناقەشە بکرێ و دەنگی لەسەر بدرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەوە لیژنەی هاوبەشە کە دەتوانێ بڕیار لەسەر ئەوە بدات ئایا ئەو ماددەیە دەکرێ جارێکی تر بخرێتە دەنگدانەوە یان نا؟، توخوا با قسەکانی خۆمان بکەین، کاك نەریمان باسی لەوە کرد کە ئەوان لە کۆبوونەوەی لیژنەی موشتەرەك مەبدەئیەن لەسەر ماددەیەکی بەو شێوەیە موافەقەتیان کردووە، بۆیە من داوا دەکەم لیژنەی هاوبەش وەڵامان بدەنەوە ئایا ئەم ماددەیە دەکرێ لەناو ڕاپۆرتەکە بوونی هەبێ و بخرێتە دەنگدانەوە یان نا؟ چونکە ئەوان دواجار بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك پێشەوا لیژنەی هاوبەشیش ناتوانێ قەرار لەسەر ئەوە بدات، چونکە ئێمە ئەوەی لیژنەی هاوبەش وەردەگرین کە دەقێکە نووسراوە کە دەنگمان لەسەری داوە، هەر ماددەیەکی تر ئیزافە بکرێ پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەنگی لەسەر دەدەن و ئیزافە بکرێ بۆ موناقەشەیان نەکرد، چونکە ئەو دەقەی لەبەردەستمانە ئەوەی تێدا نیە، عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو ئەندامێك مافی ئەوەی هەیە بەدەر لە لیژنە جیاوازەکان کە با بڵێین سیاغەی قانونەکەیان کردووە وەکو ئەو پێشنیارەی کاك نەریمان حەقی خۆیەتی و کاك عبداللە و منیش پشتگیری دەکەین و چەند ئەندام پەرلەمانی تریش هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقە ئێمە لە جیاتی هەم سەرۆکایەتی، هەم پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان وەڵامی پەرلەمانتاران بدرێتەوە، جگە لەوەی ئەوەی بەڕێز سۆزان خان بەو نیەتەوە بڵێ ئێوە دەتانەوێ لەفودەوران بکەن، بەڕاستی حەقە لە پرۆتۆکۆڵ بسڕێتەوە، چونکە فەرق دەکات کە تۆ بە ئاسایی دێتە سەر زارت یان بە ڕوویەکی ئاسایی دەڵێی لەوەی بە نیەتەوە جوابی پەرلەمانتار دەدەیتەوە، ئەوە خاڵێکیان، ئەگەر هەر ئیجرائاتەك کرابێ، یان هەر دەنگدانێك کرابێ سێ پەرلەمانتار پێشنیار دەکات و دەخرێتە دەنگدانەوە با ڕەفز بکرێتەوە، بەڵام کاتێك باس لە حکومەت و لە شەفافیەت دەکەین لەبەشداری کردن دەکەین، ئێمە لە پەرلەمان هاووڵاتی حەقی هەیە، بەڵام پەیڕەو هەیە و ڕێکاری ئیداری هەیە و ئیجرائاتی تەکنیکی هەیە، نەك بۆ هاووڵاتی بۆ پەرلەمانتار جاری وا هەیە وا ئاسان نیە سەردانی بکات، لەبەرئەوە ئەم پێشنیارە بە مانای ئەوە نیە کە ئێمە دەڵێین با شەفافیەت هەبێ لە کۆبوونەوە گشتیەکان یان لە کۆبوونەوەکانی کە پەیوەندار بە توێژێك یان بە هاووڵاتی، مانای ئەوەیە ئیترخەڵك بەیانی لە ئەنجومەنی وەزیران کۆدەبێتەوە وئەوەندە هاووڵاتی دەچن ڕێگە نادەن کۆبوونەکە ئەنجام بدرێ، یەعنی لێکدانەوەکە با بەم شێوەیە نەکرێ، بەڵام مەبدەئێکی شەفافیەتی تیایە هاووڵاتی حەقی هەیە لە مەحاکم و لە پەرلەمان و لە حکومەتیش، لە کۆبوونەوە گشتیەکانیش و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە جەنابت ڕێگەت دا بە ئێمە کە قسە بکەین، من پێموایە ئەو پێشنیارەی کاك نەریمان وەکو پێشنیار موعامەلەی لەگەڵ کراوە، ئێمە هەموومان ئەوە دژ و لەگەڵی قسە دەکەین، بۆیە ئەو مەوزوعە لەوە دەرچووە بۆی هەیە یان بۆی نیە، دەستی خۆش عەزیمە خان کە ئیشارەی بەوەدا کە ناوی دوو، سێ کەسی هێنا کە تەئیدیان کرد، پێشنیارەکە لە دوو، سێ کەسەوە هاتووە، بێجگە لەوەی هەڵوێستمان چیە دەربارەی ناوەڕۆکی وەکو ئەو پێشنیاری کرد ماددەیەکی تازە ئیزافە بکرێ و ئەوە خەریکین ئێمە لەگەڵی و لە دژی بین، بۆیە من لەسەر ئەو ئەساسە قسە دەکەم ئەگەر هاتو ئەو پێشنیارە وەرگیراو خرایە دەنگدان، دوو مەوزوعە وشەی کۆبوونەوەی گشتی، کۆبوونەوەی گشتی مەعنای (پەبلیك میتینگس) ئەوانەی لە پارك دەکرێن هەر بەناو کۆبوونەوەی گشتیە، من تەسەور دەکەم یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکانیش و لە وەکو دەستووریش و مافی مرۆڤیش مافی هەر مرۆڤێکە کە بەشداری بکات کۆبوونەوە گشتیەکان ئەگەر داخراو و موحەدەد نەبوون بۆ خەڵکێك، واتە ئەو پێشنیارە هەبێت و نەبێت ئەو مافە پارێزراوە، دوو/

ئەگەر مەبەست ئەوە بێ وشەکەی کۆبوونەوەی گشتی لادەن ئەگەر وابێت کۆبوونەوەیەکی دەزگایەکە، رجاتان لێ دەکەم ئەو فەقیرانە کەرتی تایبەت لادەن لەو مەوزوعە، من کۆمپانیای خۆم هەیە و دوکانی خۆم هەیە بە چ حەقێك تۆ رێگا دەدەی خەڵك بێن دانیشن لە کۆبوونەوەکانی من، ئەتو دەتەوێ حکومەت شەفاف بێ، واز لە منی فەقیر بێنە، بۆیە ئەو لکاندنی کەرتی تایبەت هەمیشە بە هەموو شت، بەڕاستی من ئەو مۆدیلەم نەدیوە لە هیچ جێگایەك، بۆ ئامادەبوونی دانیشتنەکان لەدەستووریش و لە زۆربەی یاساکان و لە نیزام داخلیەکان رێکخراوە ئەو مەوزوعە، وەکو مەبدەئێك کەس مافی ئەوەی نیە لە سنوورە ئیداریەکان بچێت، هاووڵاتی بە چ سیفەت بچێ دانیشێ لە کۆبوونەوەی مودیر عامەکان؟، هاووڵاتی بە چ سیفەتێك بچی دانیشێ لە کۆبوونەوەی لیژنەیەکی ئیداری؟، ئێمە بە شەفافیەت و مافی هاووڵاتی لە ئاگاداربوون و ئەرکی حکومەت بۆ ئاگادار کردنی هاووڵاتی وا پیشانی نەدەین کە هەموو سیستەمە ئیداریەکان بکەینە قوربانی ئەوە، بۆیە من ئەوە وەکو پێشنیار دەڵێم موبەرر نیە لەبەر دوو هۆ، یەك/ کۆبوونەوە گشتیەکان، ئەوە بە هەموو یاساکان رێگەپێدراوە و داعی نیە نەس هەبێ، دوو/ پرەنسیپی ئەوەی ئێمە ئەو زانیاریە بلاوبکەینەوە کە هاووڵاتی مافی هەبێ بچێت لە کۆبوونەوەکانی دەوڵەت دابنیشێ، ئەوە گەڕاندنی ئێمەیە بۆ پێشەوە، ئەوە نازانم یەعنی هەموو ئەو تەشکیلاتی ئیداری کە سیستەمی دیموکراتی دەوڵەت پێویستیەتی داهێنانێکی تازە هەیە سەروو تازە بیریان لێ بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

تکایە دەستتان داگرن، لیژنەی هاوبەش؟ ئەگەر ئەو ماددەیە کە کاك نەریمان تەرحی کرد پێشتر لە بەرنامەکانی ئێوە بووە و موناقەشەمان کردووە، قابیلی موناقەشە کردن نیە ماددەیەك دووجار کە دەنگی لەسەر دراوە کە موناقەشە بکرێتەوە و جارێکی دیکە تەرح بکرێتەوە بۆ موناقەشە کردن، تکایە ئەو وەڵامەمان بدەنەوە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئی قانونی ئەوەیە ئەو ماددەیە موعالەجە کرا لە ماددەی 6 ی قانونەکە دا و بە پێی ماددەی 56 ی برگە 2 ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئەو بابەتە موخالەفەی قانونە ئەگەر دووبارە بخرێتە دەنگدانەوە، واتە کۆتایی هاتووەو حەسم کراوە و یەکلا کراوەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەوە کۆتایی هاتووە برۆنە سەر ماددەیەکی دیکە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة العشرون**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**کەس تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە تا ناوی بنووسین بۆ موناقەشە کردن؟ کاك عبدالسلام فەرمووو.**

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕاستی لە هەموو یاساکان دا ماددەیەکی پرۆتۆکۆڵیە یەعنی تەشریفاتیە و دەڕوات، بەڵام سەبارەت بەم یاسایە پێویستی بە چەند ئامادەکاری هەیە، ئەو موەزەفە ئەرکەکانی سەلاحیاتەکانی، بۆیە دەبینم ئەوەش بیری لێ کراوەتەوە، کە دەڵێ (ینفذ هذا القانون .. لە ماددەی ئەخیر، ........ بعد تسعین یوما) نیەتی موشەریع ئەوە بووە ئەم یاسایە تاوەکو بکەوێتە بواری جێ بەجێ کردن کاتی پێویستە، ئەو کاتەش بۆ چەند ئیجرائاتە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەم ماددەی 20 (على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفیذ احکام هذا القانون) تەنفیز تەنها نەبێ، سیاغەیەك بدۆزنەوە باوەڕیم بە برادەرانی لیژنەی هاوبەش هەیە زیاتر لەمن لەناو مەوزوعەکەنە، سیاغە (اتخاذ الاجراءات اللازمة) یان هەر شتەکی تێدا بێ، بێجگە لە تەنفیز، ئەگەر پێویست بوو، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**کاك عونی فەرمووو.**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سیاغەی ماددەکەی دووبارە (على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفیذ احکام هذا القانون).**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**کێ لەگەڵ دایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر کاك عونی فەرمووو.**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الماده 21**

**لایعمل بأی نص قانونی أو قرار یتعارض مع احکام هذا القانون.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ تێبینی هەیە؟ کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، کاک پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم یاسایە دوای پەسەند کردنی پێویست بەوە ناکات کە لایەنێکی تایبەتمەند هەبێ بۆ ئەوەی تەعلیمات دەربکات بۆ جێ بەجێ کردنی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە، پێویستە ماددەیەکی لەو شێوەیە هەبێ ئاماژەی پێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا منیش هەمان ڕەئی کاک پێشەوام هەبوو، دەبێ ماددەیەکمان هەبێ و بڵێین لەسەر دەستەی مافی مرۆڤ و لایەنە پەیوەندارەکانە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کێ ئەو قانونەی جێ بەجێ دەکات؟ کێ هەر قەوانینەك کە لە کوردستان و لە پەرلەمان دەردەچێ جێ بەجێ ی دەکات، مەجلسی وزەرا، مەجلسی وزەرا بۆی هەیە نیزام دەربکات، یان تەعلیمات دەربکات، ئەو هەیئەیەی کە لە قانونەکە ئیشارەتمان پێیدا ئەوانیش دەتوانن تەعلیمات دەربکەن بە گوێرەی قانونەکەی خۆیان، واتە هیچ کێشەمان نیە، بەو سیاغەیەی کە هاتووە حکومەت قانونەکان جێ بەجێ دەکات، جێ بەجێ کردنیشی ئەرکی حکومەتە، هیچ پێویست ناکات شتێکی دی ئیزافە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەم یاسایە یاسەیکی گرنگ بوو بەڕاستی دەست خۆشی لە لیژنەی هاوبەش دەکەم، ئەم خاڵە وادەزانم تۆزێ تیا بوەستین باشە، چونکە مەرجەعی ئەم پرۆژە یاسایە بۆ جێ بەجێ کردن پەرلەمانی کوردستانە، لەبەرئەوە دەبێ لەویا تێبینی ئەوە بکەین، نەك مەجلسی وزەرا، چونکە بە حساب دەستەی

مافی مرۆڤە و دەستەی مافی مـرۆڤیش کـە سـەربەخۆیە و مەرجەعەکەی دەبێتـە پەرلـەمان و لێـرەوە بـۆ ئەوێ، ویستم ئەو تێبینیە عەرزی لیژنەی موشتەرەك بکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جگە لەوەی چەند ئەندامێکی پەرلەمانی بەڕێز ئەو پێشنیارەیان کرد بەڕاستی پێشنیارەکەش پێشـنیارێکی مەنتقی و لە جێی خۆیەتی، چونکە ئەحکامی ئەم یاسایە و ناوەڕۆکی ئەم یاسایەو مەهامەکەشـی، دەسـتەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ جێ بەجێ دەکات، کە سەر بە پەرلەمانی کوردستانە دواجار پەرلەمانی کوردسـتان و دەستەی سەربەخۆیی مافی مرۆڤ مەعنیە بە وردکردنەوەی ئەو بابەتانە و دەرکردنی تەعلیمات، ئیزافە کردنی ئەو بابەتە خزمەتێکی گەور بە مەساری ئەم یاسایە دەکا و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاسـتی دا مـن پشـتگیری ئـەو بۆچـوونەی کـاك پێشـەوا دەکـەم، زۆر زەرورە، لەبەرئـەوە ئـەو هەیئەتـە پەیوەنـدی بـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانەوە نیـە، پەیوەنـدی بـە پەرلەمانـەوە هەیـە، پەرلـەمانیش مەشغول بەو تەعلیماتانە و ئەو شتانە نابێ، ئەگەر بشـبێ دەبـێ لـە هـۆڵی پەرلەمانـدا بڕیارەکـان دەربچـێ، بۆیە پێویستە ئێمە ئەو دەسەڵاتە بدەین بە هەیئەتەکە کە بۆیان هەبێ ئەنزیمە وتەعلیمات بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربچوێنن، لەبەرئەوە ئامانجەکانی ئەم یاسایە زۆر بەرفراوانە و پێویستی بە وردەکاری زیاتر هەیە، بۆیە ئەو دەسەڵاتە و ئەو سەڵاحیەتە پێویستە بدرێ بە هەیئەتەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عبداللە فەرموو.

**بەڕێز عبداللە مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر پشتگیری لە ڕەئیەکی کاك نەریمان و کاك پێشەواو کاك سالار دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

كه من داوام كرد ئەوە بوترێ لەو جێگای خۆی رەفز كرا، سەبارەت بەم تەڵەبە، جیهاتی مەعنی كێنە؟، من نازانم ئێمە دەنگمان دا لەسەر ماددەیەك دەڵێ (علی مجلس الوزراء والاجهات ذات العلاقة)، جیهاتی زاتە عیلاقە بێجگە لە هەموویان لە لیژنەی پەرلەمانی و دەستەی مافی مرۆڤ و كێی ترە؟ بۆیە تەسەور دەكەم ئەوانەی ناویان هاتووە خەلاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەم یاسایەدا هەموو وەزارەتەكان و هەموو دەوائیرە مەعنیەكان دەبێ موەزەفی موختەس دابنێن، دەستەی مافی مرۆڤ تەعلیمات دەربكات ناتوانێ ئەمر بكات بەسەر ئەو وەزارەتانەدا و پێیان بڵێ فەرموون موەزەفێك دابنێن، كەواتە ئەنجومەنی وەزیرانە تەنفیزی ئەم یاسایە دەكات و ئەوەی هاوكار دەبێ وبەردەوامی دەدات بە یاسایەكە و موراقەبەی دەكات دەستەی مافی مرۆڤە، بۆیە جیهاتی زاتی عیلاقە ئەنجومەنی وەزیران تەعلیماتەكەی پێ دەردەكات و هەموو وەزارەتێك لای ڕوون دەبێ كە ئیتر لەمەودوا ئینفۆرمەیشن سەنتەری دەبێ هەبێ موەزەفێكی دەبێ تیا بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەكرێ لەبری ئەوە ئەو ماددەیە بەو شێوەیە بێ كە پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن، دەتوانین هەر ئەم ماددەیە بەو شێوەیە دابڕێژینەوە كە پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەكان ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێ بەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربكەن) یەعنی بەوە هەم ئەنجومەنی وەزیران تەكلیف دەكرێ و هەم لایەنە پەیوەندارەكان كە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانكردنی جێ بەجێ كردنی ئەم یاسایە دەربكەن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەكانی د.احمد دەكەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

ليژنەی هاوبەش؟ كاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سیاغەیەكمان ئامادە كردووە بەو شێوەیە زیاد كردنی ماددەیەك (على مجلس الوزراء بالتشاور مع الهيئة المستقلة لحقوق الانسان اصدار الانظمة والتعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك دڵشاد فەرمووو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەوزیحێك دەدەم بۆ ئەوەی ئەو ئەشكالە ڕەنگە سوودی هەبێ بۆ ئەوەی ئەشكالەكە حەل بكەین، ئێمە لە تەعریف دا شتێكمان هێناوە لە چوارەم ناوی (المؤسسة العامة، كافة المؤسسات التشريعة والتنفيزية والقضائية والادارات المحلية والهيئات المستقلة)، ئەنجومەنی وەزیران لەبەرامبەر زمنی موئەسەسەی تەنفیزیە، كەواتە ئەنجومەنی وەزیران ناتوانێ تەعلیمات بۆ موئەسەساتی تەنفیزی دەربكات بۆ پەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیران ناتوانێ تەعلیمات بۆ قەزا دەربكات، ناتوانێ تەعلیمات بۆ هەیئە موستەقیلەكانیش دەربكات، چونكە سەر بە ئەوێ نین، بۆیە من پێشنیار دەكەم و بۆ ئەوەی ئەمە حەل بێ، بە یەك بڕگە لەدوای ئەوەی دەنگی لەسەر درا، (على المؤسسات العامة) كە هەمووی دەگرێتەوە لە تەعریفەكە (اصدار التعليمات اللازمة لتنفيذ هذا القانون) هەمووی دەگرێتەوە كاكە، قەزاش.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

د.ڕۆژان فەرمووو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ڕێسا و ڕێنماییەی كە دەردەچیت هەر بۆ ئاسانكاری جێ بەجێ كردنی یاسایەكە، چەند ئەو لایەنانەی كەوا بەرپرسن دەبن لە دەركردنی ئەو ڕێنماییانە كەمتر بێ بە ئاسانتر ڕێنمایی و ڕێسایەكە دەردەچێت، مەرج نیە كەوا تۆ بە پێی یاسا دەداتە دەسەڵاتێك دەسەڵاتی جێ بەجێ كردن ڕێسا دەربچوێنی، ئێمە پەرلەمانین و دەسەڵاتی تەشریعینە یاسا دەردەچوێنین بۆ دەسەڵاتی دادوەری بۆ ئەنجومەنی وەزیران و دەسەڵاتی جێ بەجێ كردن، دەبی ئەركەكە بە لایەنێك ڕاسپێردرێ، هەموو لایەنەكانی تر پابەند دەبن، لەبەرئەوەی ئەو ڕێنماییە یاخود ئەو یاسایە لە چوارچێوەی ئەو یاسایە كە پەرلەمان پەسەندی كردووە،

تەنها بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایەیە، زۆر ئاساییە ئەگەر ئەو ئەرکە بە ئەنجومەنی وەزیـران ڕاسپێردرێ و لایەنەکانی تریش هەموو پابەند بن پێوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی یاسایەکە کاك سالار باسی کرد دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ دەستەیەکی سـەربەخۆیە و لـە ژێـر چاودێری پەرلەماندایە، واتە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی لەگەڵ ئەنجومـەنی وەزیرانـدا نیـە، بۆیـە نـاکرێ لەڕێگەی ئەم ماددەوە دەسەڵات و یاخود ئەو دوو دەستەیە حکومەت و دەستەی مـافی مـرۆڤ تێکـەڵ بکـەی، مادام لەژێر چاودێری پەرلەماندایـە دەشـێ بڵێـی دەسـتەکە بەڕاوێـژ لەگـەڵ سـەرۆکایەتی پەرلـەمان کـەمن لەگەڵ ئەوەش نیم، بـەڵام ئـەو مەبدەئـەی د.ڕۆژان ڕاسـتە لـە یـەك ڕووە، ڕاسـتە بـۆ ئـەوەی یـەك ڕێنمـایی هەبێ، هەموو لایەك ئیلتزامی پێوە دەکات بدرێ بە تەنها لایـەنێك ئـەم ڕێنماییـە دەربکات، ئـەویش تـەنها دەستەکەیە، دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، تەنها ئەو دەستەیە بۆی هەیە، بۆیە تکایە با شـتەکان تێکـەڵ نەکرێ، ڕوونە هینەکە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی هەرە زۆری ئەو یاسایانەی لەم پەرلەمانە دەرچووە، ئەوەی تیایە کە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنـە پەیوەندارەکان ئەم یاسـایە جـێ بـەجێ دەکـەن بـەدوای ئـەوە ماددەیـەکی دیکـە هەیـە کـە وەزارەت بـێ یـان دەستە بێ یان لایەنە پەیوەندارەکان ڕێنمایی پێویست دەردەچوێنێ بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە، ئەوە من چوار یاسام لەبەردەستدایە، لە هەر چواریدا هەردوو ماددەکە هەیەبۆ لەمەیان دا تەعقیـد کـراوە، بۆیـە من پێموایە هەردووکی دەبێ هەبێ، ئەنجومەنی وەزیران و لایەنـە پەیوەنـدارەکان ئـەم یاسـایە جـێ بـەجێ دەکەن، دواتر دەستەی مافی مرۆڤ ڕێنمایی پێویست دەردەکات بۆ ئاسان جێ بەجێ کردنی ئەم یاسـایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی له پێشنیارەکەی کاك د.احمد دەکەم کە بەڕاستی من پێموایە سیاغەیەکی قانونی و مەنتقیە، ئەنجومەنی وەزیران سەرەنجام موئەسەساتی عامە 90٪ ی سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، کەواتە ئەوەی کە وتراوە لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانە و لایەنە پەیوەندارەکانە کە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربکەن، ئەمە کۆی دەکاتەوە و هەم دەستەش بەرپرسیار دەکات و هەم ئەنجومەنی وەزیرانیش، چونکە دەستەی مافی مرۆڤ بە تەنها وەکو دەستەیەکی سەربەخۆ کە سەربە پەرلەمانە، ڕێنمایی دەربکات بۆ 90٪ ی موئەسەساتی عامە کە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانن، ئایا دەتوانن بڵێین ئێمە ئیلتزامی پێوە دەکەین؟ ئەوەش موشکیلەیە لەڕاستی دا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، جارێکی تر من دووپاتی دەکەمەوە موەزەف تەرخان دەکەی، دەستەی مافی مرۆڤ ناتوانێ ئەمربکات بەسەر وەزارەتێك دا و پێی بڵێ تۆ کەسێك دەست نیشان بکە بۆ ئەوەی مەعلومات بدات، بۆیە تکایە با ئەم یاسایە دەرچێ بڵێی ئەنجومەنی وەزیران سیغەکەی کاك د.احمد (والجهات ذات العلاقة اصدار التعلیمات) بێگومان ئەنجومەنی وەزیران حسابی ئەوە دەکات کە دەستەی مافی مرۆڤ عیلاقەی هەیە بەسەر ئەم بابەتەوە لە کاتی دانانی تەعلیماتەکەدا، پەیوەندیەکە پێکەوە کار دەکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەواو لەگەڵ قسەکانی کوێستان خانم کە ئیشارەتی بەوە دا کە ئێمە هەموو یاسایەك دوو فەقەرەی تیایە یەکێکیان ئەوەیە کە ئەنجومەنی وەزیران ئەحکامی ئەم قانونە تەتبیق دەکەن، ئەوەی تریش لایەنێك ڕێنمایی دەردەکات، بەمە دوو شت تەحقیق دەبێ، یەکەم/ جارێکی تر مەرجەعیەتی ئەم یاسایە دەگەڕێنیتەوە بۆ دەستەکە، چونکە بەڕاستی ئێمە یەکەم جار ئەم پرۆژەیە ئەسڵی ئەوانەی کە تەقدیمیان کردبوو باسیان لە دەزگایەکی سەربەخۆیی تر بوو، ئەوە لابرا، دەستەی مافی مرۆڤ کراوەتە بەرپرسیاری ئەم یاسایە، یەعنی ئەم یاسایە مەرجەعیەتی دەستەی مافی مرۆڤە، لەبەرئەوە کاتێ تۆ لێرە لە ئەحکامی خیتامی دا ناوی ئەم دەستەیە ئەهێنێتەوە، مافێکی دەدەیتێ کە دەرکردنی ڕێنماییە بەمە پێی دەڵێیتەوە جارێکی تر تۆ بەرپرسی ئینجا ئێمە لەم یاسایە دامان ناوە ڕاپۆرت بنووسێ لە سەر مافی مرۆڤ، ڕاپۆرت لە دەزگاکانی گشتی کۆبکاتەوە، ڕاپۆرت بەرز بکاتەوە بۆ پەرلەمان، ئەی کێ ئەم تەعلیماتانە دەردەکات ئەگەر دەستەی مافی مرۆڤ دەری نەکات، لەبەرئەوە من پێموایە ڕاستە نەسەکەی د.احمد تەواوە، بەڵام دەبێ ناوی

دەستەی مافی مرۆڤ بهێندرێتەوە، بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەو سەلاحیەتە لە ئەحکامی خیتامی دا بگەڕێینەوە بۆ دەستوور و دەستەی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی ناسك خان و کوێستان خان دەکەم، ڕاستە دەبێ دەستەی مافی مرۆڤ تەسبیت بکرێ، بۆ؟ مەبدەئی شەفافیەت لە هەر ولاتێك سولتە و سەلاحیات دەبی و دەبێ مافی مرۆڤ ڕەقابەی لەسەر بێ، مافی مرۆڤ لە دونیا رقابەی لەسەر قەوانینی زۆر زۆر موهیم و گرنگ هەیە، دەتوانی کۆمێنت لەسەر ئەوەش بدات، زۆر زۆر موهیمە دەستەی مافی مرۆڤ ریعایەتی ئەوەی بکات بۆ ئەوەی ئەمە شەفافیەتی تەسبیت بکەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تیکرارە و هەموومان تیکراری قسەی یەکتر دەکەین حاشای هەموویان، هیچ دەزگایەك پابەند نابێ بە ڕێنمایی و ئەوامری دەزگایەك کە لەسەرووی ئەو نەبێ لەڕووی ئیداریەوە، بۆیە بەڕاستی ئەم موناقەشەیە نازانم مەعنای چیە؟ دووەم/ سیاغەکە زۆر زۆر موتەداولە و لە هەموو قانونەکانمان نووسیوە، من نازانم چیە خسوسیەتی دەستەی مافی مرۆڤ ئەهمیەتەکەی، من نایشکێنم و قیمەتی ناهێنمە خوارێ، بەلام چیە ئەو خسوسیەتەی تۆ ناوی وەزارەتی مەعنی نەڵێی لە قانونی تر و ناوی مەحکەمە نەڵێی، بۆیە با لەوە دەرچین (على مجلس الوزراء بالتشاور مع الجهات ذات العلاقة اصدار التعليمات لتنفيذ هذا القانون) خەلاس، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئێستا دوو بۆچوونی جیاواز هەبوو، هەردووکیان دەخوێنینەوە کامەی دەنگی هێنا برای خۆم و خوشکی خۆم ئەوە کێ بوو گوتی جار جار بڵێ خوشکان، خوشکان، برایان، زۆر موناقەشە کرا تکا دەکەم ئێستا ئەگەر مەجال بدەم شەش، حەوت کەسی دیکەش قسە دەکەن دیسانەوە، بەقوربان دەقە بدەم بە تۆ ناوتان دەنووسمەوە، دوو سیاغەکە بخوێننەوە و هەردوو سیاغە دەخەینە دەنگدانەوە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**مادده زیاد كراوەكە بەو شێوەیەیە: على مجلس الوزراء بالتشاور مع الهیئة اصدار التعلیمات اللازمة لتسهیل تنفیذ احكام هذا القانون.**

**دووەمیان/ على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة اصدار التعلیمات اللازمة لتسهیل تنفیذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

**كاك عونی یەك، یەك بیخوێنەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**على مجلس الوزراء بالتشاور مع الهیئة اصدار التعلیمات اللازمة لتسهیل تنفیذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

**كێ لەگەڵ دایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ تكایە جارێكی دیكە بیخوێنەوە فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**مەبەستمان لە هەیئە ....... .**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

**كاك عونی ڕاوەستە، ناوتان دەنووسم كاكە با ئەو سەعاتەش قسە بكەن، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، 1 دەقە تەنها، كاك عبداللە، كاك كاردۆ، د.صباح، كاك حمە سعید، كوێستان خان، كاك نەریمان، كاك جمال، كەسی دیكە هەیە؟ كاك پێشەوا، كاك شێرزاد، كاك عمر هەورامی، مامۆستا كاوە، عظیمة خان، كاك عبداللە فەرموو.**

**بەڕێز عبداللە مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بە نوقتەی نیزامی بكرایە من ئەمەم نەدەكرد، ئەم ماددەیە دەخوێنمەوە بۆ بەرچاو ڕوونی ئەمە یاسای دەسپاكیە، ماددەی 24 دەڵێ چی؟ ( سەرۆكی دەستە بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێ بەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربكات)، ئەم دەستەیە لەگەڵ دەستەی مافی مرۆڤ فەرقی چیە، گرنگی ئەم یاسایە لەگەڵ گرنگی ئەو یاسایە فەرقی چیە؟ من تێ ناگەم دەستەیەك كە سەربەخۆ بێ و سەر بە**

پەرلەمان بێ بۆ دەسەڵاتەکانی لەگەڵ دەسەڵاتێکی تردا تێکەڵ دەکرێ، یەعنی مەنتقی نیە برای بەڕێزم مەسەلەکە ناکرێ بە دەنگدان یەکلای کەیتەوە، ئەمە مەنتقێك لای نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمان هێزی ئەوەی هەیە کە بڕیار دەربکات بڵێ ئەوەدەستەیە دەتوانێ، چونکە ئێمە لە موناقەشەکانی پێشتر ئەو دەستەیەمان ڕاسپارد ئەو یاسایە جێ بەجێ بکات، چی تێدایە لەگەڵ مەجلسی وزەرا ئەو هەیئەتە بە گفتوگۆ کردن بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایە ئەو بڕیارە دەربکات، یەعنی ئەمە لە قازانجی جێ بەجێ کردنی یاسایەکە و ئاسانکاریە، نەك ئەنجومەنی وەزیران بۆ خۆی هەندێ ڕێنمایی دەربکات بە بێ ئەوەی کە ئێمە ئەگەر ئەهمیەت نادەینە ئەو دەزگایە لەبەرچی یاسایەکەمان بەو ڕاسپاردووە کە موراقەبەی بکا وجێ بەجێ ی بکات؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە وەقائیعی کوردستانە و لەبەردەستمان دایە، هەموو ئەو یاسایانەی کە لەم پەرلەمانە دەردەچێ دەبێ بچێتە لای سەرۆکی هەرێم موسادەقە لەسەری بکا، لە زۆر لە وڵاتانی دنیا کە سەیری ئەو یاسایە دەکەین سەبارەت بە چۆنیەتی بەدەستهێنانی موعلومات لە ئاخر دا دەڵێ ( لائیحەی تەنفیزی جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایە لەلایەن دەستەکەوە پێشکەش دەکرێ، یان دەستەی مافی مرۆڤ بێ، بڕیاری پێ دەربچێ لەلایەن سەرۆکی وڵاتەکەوە)، یەعنی ئەگەر ئێمە بڵێین (تصدر اللائحة التنفيذية بقرار من رئيس الاقليم بعد عرضها من الهيئة المستقلة لحقوق الانسان) وابزانم ئەشکالەکە حەل دەبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمان سوڵتە و دەزگای تەشریعیە، ئەم پەرلەمانە شەرعیەت بدات بەهەر دەزگایەك ئەو دەزگایە یان ئەو موئەسەسەیە یان ئەو هەیئەیە ئەو شەرعیەتەی دەبێ کە تەعلیمات دەربکات بۆ هەر دەزگایەکی تر، حکومەت لە پەرلەمانە شەرعیەتی وەرگرتووە، کەواتە ئەم قوەتە پەرلەمان دەیبەخشێ بە هەیئەی موستەقیلەی حقوقی ئینسان، بۆیە من پێموایە ئەگەر ئێمە وەکو پەرلەمان ئەم دەقە دابڕێژینەوە و ئەو

سەڵاحیەتە بدەین بە هەیئەی موستەقیلەی حقوقی ئینسان ئەوا سەڵاحیەتی دەبێ تەعلیمات دەربکات بۆ تەسهیلی ئەم قانونە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم/ ئێمە ماددەی 20 دەنگمان لەسەری دا کە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ دەکەن، ئەوەمان تێپەڕاندووە، کە بە پێی ئەو ماددانەی کاک عونی باسی کرد ناکرێ بگەڕێینەوە سەری، ئەوەی ئێستا هەیە ماددەیەکی ئیزافیە، ئەوەیە کە دەستەی مافی مرۆڤ ڕێنمایی پێویست دەردەکات بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە، من دووبارەی دەکەمەوە، ئەگەر ئێستا جەنابت بفەرموێ بنێری یاسایەکانی کە ئەم چوار ساڵە پەرلەمان دەری کردووە، 90٪ ی ئەم یاسایانە نووسراوە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ دەکەن، ماددەیەکی دیکەی تیایە یا وەزارەتە یان دەستەیە یان هەر شوێنێکی پەیوەندیدارە دەڵێ (ئەم شوێنە و ئەم وەزارەتە ڕێنمایی پێویست دەردەکات بۆ کارئاسانی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە، من تێ ناگەم بۆ ئێستا نایانەوێ ڕێگریەك هەیە کە ئەمە ئیزافە بکرێ، چونکە ماددەی یەکەم بۆ حوکمەکانی ئەوە، تێپەڕیوە ئێستا بەس ڕێنماییەکە ماوە کە بەڕای من دەبێ ئیزافە بکرێ بە پێی ئەو هەموو یاسایانەی کە دەرمان کردووە و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا ئێمە هەر لە سەرەتاوە کەموکوڕتیەك هەیە دەبووایە سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ لێرە بووایە و حزوری هەبووایە لە موناقەشەکە، ئەمە نەکراوە بەداخەوە کەموکورتیەکە یەکێك لە ئەشکالەکانی ئێستاش، بەڕاستی ئێمە کە باس لە دەستەیەك دەکەین کە سەربەخۆیە، باشە کە وتمان سەربەخۆیە چۆن دەکرێ ئەنجومەنی وەزیران تەدەخول بکات لە ئیش و کارەکانی و تەعلیماتەکانیش کە لە دەسەڵاتێکی ئیعتیادیە کە دراوە بە هەموو دەستەکان کە دەری بکات، ئەم دەستەیە دەسەڵاتەکانی لەلای پەرلەمانەوەیە، پەرلەمان ئەو دەسەڵاتانەی پێ دەدا، لەبەرئەوە ڕەبتی بە پەرلەمانەوە هەیە، نەك بە سەرۆکایەتی حکومەتەوە، ئەمە مافێکە ئەم مافەش دراوە بە ئەم دەستەیە و خراوەتە ئەستۆی کە جێ بەجێ ی بکات، هەندێ لە بەڕێزان دەڵێن تەدەخولە لە ئیش وکاری دەزگانی تر چۆن بە قسەی دەکەن، ئێمە بە پێی یاسا دەسەڵاتمان پێداوە کە ئەمە بکات، کەواتە چۆن دەتوانن موخالەفەی یاسا بکەن، بۆیە ئەمە بەڕاستی

تەجاوزە لەگەڵ ئەوەی 90٪ ی حکومەتە، بۆیە ئەمە بە پێی یاسا دەسەڵاتمان پێیداوە حەقی خۆیەتی ئەم ڕێنماییانە و ....... .

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

تەواو، بەڵام جەنابت قانونی، سەرۆکی دەستە دەتوانێ لێرە ئامادە بێ؟ ناتوانێ ئامادە بێ، چونکە پلەی وەزیری نیە، ناکرێ، کاک جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نازانم لێرە دێن باسی مەسئوولیەت دەکەن، چ پەرلەمان بێ، چ ئەنجومەنی وەزیران بێ، چ هەیئەی مافی مرۆڤ بێت، هەر شوێنێ بێ کە موئەسەسەی عامە مەبدەئێك هەیە و پێی دەڵێن مەبدەئی مەسئوولیەتی تەزامونی، مەسئولیەی موتەزامین هەیە، یەعنی ئێمە لێرە باس بکەن یان باس نەکەن، پێویستە هەموومان مەسئولین، پەرلەمان مەسئوولە، قەزا مەسئوولە، هەیئەی حقوقی ئینسان مەسئوولە، هەمووان مەسئوولن، بۆیە پێویست ناکات ئێمە بێین بەو تەفاسیلە برۆین لەسەر فلان شوێن و فلان شوێن تەعلیمات پێ دەربێنن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پێشنیارێکی تازە هاتۆتە ئاراوە بەو پێیەی کە ئەوان دوو پێشنیازیان خوێندەوە، ئەویش ئەوەیە کە دەستەی مافی مرۆڤ ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ جێ بەجێ کردنی ئەمە یاسایە، پێویستە دوای دوانەکەی دی ئەوەش بخرێتە دەنگدانەوە، با دەنگ نەهێنێ، ئەمە خاڵی 1، خاڵی 2 ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ماددەی 3 بەو نەسە هاتووە (دەڵێ دەستەی مافی مرۆڤ سەر باری ئەو ئەرکانەی کە لە قانونی ژمارە 4 ی ساڵی 2010 هاتوون بۆ چاودێری جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایانە ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەشی هەیە، حەوت ئەرك و دەسەڵاتی تری داوەتێ، یەکەمیان/ بەدواداچوون و جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، دووەمیان/ دانانی بەرنامەی کار بۆ ڕاهێنانی ئەو فەرمانبەرانەی تایبەتمەندن بە جێ بەجێ کردنی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە، سێیەمیان/ وەرگرتنی سکاڵاو ساغ کردنەوەیان بەزووترین کات، چوارەمیان/......... .

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

تەواو کاک پێشەوا، کاک شێرزاد فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك، دوو ڕەئیم گوێ لێ بوو لەناو ئەم هۆڵەدا باسی ئەوە دەكەن، ئەو هەیئەیە وەزارەتەكان ڕەنگە بەقسەی نەكەن، بەڵام ئێمە لە یاسایەكە باسی ئەوە كراوە كە ئەنجومەنی وەزیران پابەندە بە جێ بەجێ كردنی ئەم یاسایە، یەعنی ئەنجومەنی وەزیران لەسەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانەوە تا ئەگاتە كەمترین موەزەف لەم وڵاتەدا، لەبەرئەوە دەبێ هەمووی ئیلتزامی پێوە بكەن و پێموایە ئەو ڕەئیە وانیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی ئەم یاسایە وەرگرتنی زانیاری لە هەموو دامەزراوەكان پەرلەمان و حكومەت و قەزا و قتاعی خاص بۆ موجتەمەعی مەدەنی دەتوانی داوا بكات، بۆیە ئاساییە ئەو لایەنانە هەر یەكەیان بۆ خۆی بتوانێ ڕێنمایی دەربكات بۆ ئاسان جێ بەجێ كردنی، بۆیە من لەگەڵ ئەو پێشنیارەم حكومەت و لایەنە پەیوەندارەكان بتوانن ڕێنمایی دەربكەن بۆ ئاسان جێ بەجێ كردنی یاسایەكە، زۆر ئاساییە ئەو بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

مامۆستا كاوە فەرموو.

**بەڕێز كاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕەئی من ناوەڕۆكی یاسایەكە و ئامانج لە یاسایەكە دابین كردنی مافی هاووڵاتیە بۆ بەدەسهێنانی زانیاری، بەدەستهێنانی زانیاری لە دامودەزگا و موئەسەساتی حكومەت دەكرێت، بۆیە زەرورە حكومەت تەعلیمات دەربكات، بۆ ئەوەی هاووڵاتی بە ئاسانی زانیاری بەدەست بكەوێ، هەر ئەو پێشنیارەی د.احمد زۆر لە جێی خۆیەتی، ئەنجومەنی وەزیران و هەروەها (الجهات ذات العلاقة) ڕێنمایی دەربكەن بۆ ئەوەی ئاسانكاری بكەن، ئەو كاتە دەتوانن بە تەشاور لەگەڵ دەستەی مافی مرۆڤ ئیتر ئەو كاتە هیچ كێشەیەك نامێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام كە ئەو پێشنیارەی كاك عبدالله و ئەوانە دەستە دەسەڵاتی لە پەرلەمانەوە وەرگرتووە، ئەگەر دەستە با بڵێین سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بێ دەسەڵاتی تەنفیزی بێ یان تەشریعی بێ، بۆیە بۆی

هەیە دەستە مادام سەر بە پەرلەمانە، بۆیە بۆی هەیە ڕێنمایی لە دەستەوە بۆی دەربکرێ، بۆیە لەگەڵ ئەوەدام کە لە پەرلەمانەوە بێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی من نوقتە نیزامی بوو، دەمویست ئەوەش بڵێم تکا دەکەم لەبەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمان، پەیڕەوی ناوخۆ با پێشێل نەکەین، هەر کەسێك هەوڵی دا بمانوەستێنێ، دێینە سەر تەسویت پاشان ڕێزێك تەداخولاتی تر و ڕێزێك قسە کردنی تر، دێینە سەر تەسویت، دیسان بەهەمان شێوە، من پێموایە ئەمە پێشێلکردنی پەیڕەوی ناوخۆیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش، چەند سیاغە هەیە بیخوێننەوە، هەمووی دەخەینە دەنگەوە، سیاغەکان بخوێننەوە، من لێتا ناشارمەوە ڕەئی خۆم دەڵێم بەسەراحەت، مەفروزە ناوی هەیئەی مافی مرۆڤی تێدا بێ، ئەنجومەنی وەزیران بە تەنسیق لەگەڵ هەیئەی مافی مرۆڤ تەعلمیات دەربکات، لەگەڵ ئەو ڕەئیەم وەکو ڕەئی شەخسی خۆم دەڵێم، هەیئە بەڵام لیژنەی هاوبەش هەموو ڕەئیەکان بخوێننەوە یەك، یەك دەیخەینە دەنگەوە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سیاغەی پێشنیار کراو لەلایەن عمر عبدالعزیز بەو شێوەیە بوو:

على مجلس الوزراء بالتنسيق مع الهيئة المستقلة لحقوق الانسان اصدار التعليمات الخاصة لتنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئێستا ئەوە لیژنەی هاوبەش سیاغەیەکی موشتەرەکیان هەیە، ڕازین جارێ ئەوە بخەینە دەنگدانەوە؟ لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

على مجلس الوزراء بالتنسيق مع الهيئة المستقلة لحقوق الانسان اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ 54 کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 2 کەس لەگەڵ دانیە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، هەر کامەی بیخەیتە دەنگەوە ئەوەندە دەنگە ناهێنێ کاکە، کەواتە ئەم ماددەی کۆتایی هات کاك عبدالله فەرمووو.

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر قسەی خۆم دەکەم، بەڵام هیچ دەقێك لە پەیڕەوی ناوخۆ نیە حەقی دەنگدان لەسەر پێشنیارەکەی ئێمە ڕەد بکاتەوە، بۆ ئاگاداریت لەناو ئەم 50 کەسە، کە ئێستا دەنگیان داوە بەوە ئەگەر پێشنیارەکەی ئێمە بخرێتە دەنگدانەوە بەشێکی زۆری دەنگ بەمە ئەدات، بۆیە هەر دەبێ دەنگدانەکە بکرێ لەسەر هینەکەی ئێمە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بڕۆنە ماددەکی تر تەواو بوو، کاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية والعشرون

ينفذ هذا القانون بعد مضى تسعين يوما من تاريخ نشره فى الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کاك شێرزاد و سەرگوڵ خان و کاك حەمە سعید، کاك عبداللە، د.احمد، د.صباح، کاك شێرزاد فەرمووو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەم 90 ڕۆژە زۆرە هەرچەندە ئەو برادەرانەی لیژنە کە دایان ناوە دیارە ئەوە بۆ ئەوە بووە کە ئەوانە دەورە دەبینن کە چۆن فێری ئەو شتانە بن، بەڵام من پێموایە یەك مانگ بۆ ئەوە زۆر کافیە، چونکە بە مانگێك دەتوانی ئەوەندە شتەکان قورس نیە و نە دکتۆرایە و ن ماستەریشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

وەڵڵاهی خوشك و براینە حەق وایە هەندێ بە واقعیانە بیر بکەینەوە، ئەو 5 لیژنەیە نوێنەری هەموو لایەنەکانی تێدایە، یەعنی حەق بوو ئەم پرۆژە یاسایە لە هەموو پرۆژە یاسایەك بە ئاسانتر بڕۆیشتبایە، چونکە تەوافوقێکی لەسەر هەبوو، جا ئەوە ئێمە تەوافوقمان لەسەرە ئاوا بەو ئەزیەت و عەزابە و بەو هەموو موناقەشەیە دەڕوات، ئەگەر تەوافوق نەکەین دەبی چی بکەین، سەرگوڵ خان فەرمووو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لە گەڵ ڕەئیەکەی کاك شێرزادم، ڕاستە دەزانین ئەم یاسایە هەموو موئەسەسەیەك دەبێ فەرمانبەرێکی موختەس دانێ، بەڵام بەڕاستی 90 ڕۆژ زۆر زۆرە، من پێموایە ئەگەر 30 ڕۆژەکەش نەبێ 60 ڕۆژ کافیە بۆ ئەوەی بتوانرێ ئەو ئیجرائاتە بکرێ و ئەو یاسایە جێ بەجێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تا یاسایەکە لە پەرلەمانەوە دەڕوا و دەچێتە لای بەڕێز سەرۆکی هەرێم و ئیمزای دەکات، ئەمە ماوەیەکی پێ دەچێ، من پێموایە نەوەد ڕۆژ زۆرە شەست ڕۆژ حەدێکی وەسەتە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

زۆرت پەلەیە کاك حمە سعید، کاك عبداللە فەرموو.

**بەڕێز عبداللە مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەواو سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ڕەئی 60 ڕۆژەکەمە، چونکە بەڕاستی داواکاری پێدانی زانیاری ئەوەندە خەڵکێکی زۆر نیە پێموایە هەتاوەکو قەرەباڵغیەك دروست بێ لەسەر دامودەزگاکان ئێمە 90 ڕۆژ دابنێین، پێموایە 60 ڕۆژ کافیە، ئەگەر ئیجازەم بدەی تەئکیدێك لەسەر قسەکەی جەنابت دەکەمەوە، کە زۆر موناقەشەکردنی هەندێ بڕگە و مادده ڕەنگە دەنگ دەدەین لەسەر هەندێ پێشنیار کە دوایی لە زەرەری جێ بەجێ کردنی یاسایەکە بین، یەعنی بۆ نموونە ئەوەی دەنگی لەسەر درا، ئەنجومەنی وەزیران بە تەنسیق لەگەڵ هەیئەکە ئەم ڕێنماییە دەردەکات، یەعنی حەقی دەرکردنی ڕێنماییشی لێ سەندووەتەوە، ... .

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

تەواو بوو دکتۆر گیان جەنابت دکتۆری و ئەکادیمی، قانونێکە تەواو بووە و دەنگمان لەسەری داوە، برای من، د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێموایە (خیر الامور اوسطها)، نە 30 ڕۆژ و نە 90 ڕۆژ، با 60 ڕۆژ بێ، هەرچەند ئەو مولاحەزەیە هەیە، یەعنی ئێمە ئەو یاسایانەی تر دەڵێین (من تاریخ نشره فی الجریدة الرسمیة) جێ بەجێ بکرێ، هەر جێ بەجێ نابێ، جا ئەگەر بڵێی دوای 60 ڕۆژ یان 90 ڕۆژ دەبێ کەی جێ بەجێ بێ؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک شڤان قسەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ خۆی لە هەموو ئەو قەوانیانەی کە مەوادی عقابی تێدا هاتووە، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان تووشی ئەوە نەبن و زەرەمەند نەبن، پێویستیان بەمودەیەکی زەمەنی هەیە، ئەو مودە زەمەنیە ئەو سێ مانگە مودەیەکی زۆر مەعقولە و دەکرێت ئەو یاسایە لەپاش ئەو مودەیە حوجە بۆ هیچ هاووڵاتیەك و فەرمانبەرێك نابینێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک دڵشاد بەناوی لیژنە قسە دەکەی یان بەناوی خۆت؟ کوێستان خان لێت قبوڵ ناکات، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە من پێموایە حوسنی جێ بەجێ کردن باشترە لەوەی کە بە خراپی جێ بەجێ بکرێ، بۆیە جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە لە دنیا یەکێ لە کێشەکانی جێ بەجێ کردنیەتی، بۆیە مودەیەکی زەمەنی زۆری دەوێ بۆ جێ بەجێ کردن، یەعنی مودەی ڕەقابەی دەوێ، مودەی چاودێری دەوێ، ڕاستە بە بڕوای ئێمە من هاوڕام لەگەڵ لیژنەی هاوبەش سێ مانگمان پێویستە بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئێمە کۆمەڵێك ئیجرائاتمان داناوە، ئیجرائاتی تەدریبی موەزەفینە، دروست کردنی بڵێین وێب سایتە بۆ هەموو هینەکان، یەعنی هەموو ئەو ئیجرائاتانەمان داناوە، بۆیە بڕوامان وایە ئەگەر ئێمە مەبەستمانە یاسایەکە بەس لە واقائع بلاوبێتەوە بڵێین یاسایەکمان دەرکرد یان مەبەستمانە یاسایەك جێ بەجێ بێ؟ بۆیە پێموایە و بە ڕەئی ئێمە ئەو سێ مانگە کافیە بۆ ئەوەی ئێمە هیچ بیانوویەك بە حکومەتەوە نەهێڵین بڵێ هێشتا من تەدریبی موەزەفم نەکردووە، دائیرەیەك بڵێ هێشتا فریا نەکەوتووم وێب سایت بکەمەوە، دائیرەیەك هێشتا فریا نەکەوتووم، ئەم فرسەتە لە دوای ئەمە ئیتر ئیشی ئێمەیە وەك پەرلەمان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵگای مەدەنی موراقەبەی جدی تەنفیزی ئەم قانونە بکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک د.دانا فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕای لیژنـەی هاوبـەش تەفریبـەن کـاك دڵشـاد هەنـدێکی بـاس کـرد، بـەڵام ئێمـە پێمانوایـە نـەوەد ڕۆژەکـە بمێنێتەوە، لە ئەسڵی پرۆژەکەش بۆ خۆی بە 90 ڕۆژ هاتووە، ئەگەر بگەڕێینـەوە بـۆ ماددەکـانی یاسـایەکە ئێمە داوامان کردووە هەر موئەسەسەیەك موەزەفێکی موختەسی هەبێ، تا ئەوە دیاری دەکرێ و تـا تۆزێـك مەعلومات لەسەر یاسایەکە دەدرێ و لەوانەشە پێویستی بە تەدریب دەبێ، ئەوە بەلای کـەمی پێویسـتی بـە سێ مانگ دەبێ، بە هەمان شێوە دەرکردنی ڕێنماییـەکانیش لەبەرئـەوەی بـە تەنسـیقە لـە بـەینی هـەردوو هەیئە و ئەنجومەنی وەزیران، لەوەشەوە پێویستمان بە کات دەبـێ لەوانەیـە ئێمـە کـە ئـەو وەختـەمان دانـا بەڕاسـتی کـەمترین ماوەمـان دانـاوە، وامـان کـرد کـە لەوانەشـە لـەو 3 مانگـەدا پێویسـتیان بـە پەلـە پـەل کردنێکیش بووبێ لەوەی کە تا بۆ جێ بەجێ کردن و ئەو کەرەستانەی کـە پێویسـتە ئامـادەی بکـەن، بۆیـە ڕای لیژنەی هاوبەش ئەوەیە کە بە 90 ڕۆژ بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

سێ کەس زیاتر داوایان کرد کە بە ........ کاك قسەی ترت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر، تەنها دەڵێم پێشنیاری کەم کردنەوەی ماوەکە بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

سێ کەس زیاتـر داوایان کرد کە ماوەکە بکرێتە 60 ڕۆژ، کێ لەگـەڵ ئەوەدایـە کـەم بکرێتـەوە بـۆ 2 مـانگ تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ 14 کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە وەکو خۆی بمێنێتەوە نەوەد ڕۆژەکە دەست بەرزبکاتەوە؟ ئەوە زۆرینەیە، کەواتە کاك عونی بیخوێنەوە بۆ ئەوەی ماددەکە بخەینـە دەنگدانـەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية والعشرون

ينفذ هذا القانون بعد مضى تسعين يوما من تاريخ نشره فى الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فـەرموون بـۆ ئەسبابی موجبە، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

**لاجل تنظيم تقديم المعلومات الصحيحة وترسيخ مبدأ الشفافية وحق المواطن فى الحصول عليها فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

**كێ تێبينی هەيە؟ ئەم بەڕێزانە كاك جمال و ئاهەنگ خان و ئاشتی خان و عەزيمە خان، كاك جمال فەرموو.**

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تەنها مولاحەزەم ئەوەيە دووبارە سياغە بكرێتەوە، جوانتر دەبێ، چونكە لێرە يەعنی نا ڕوونيەك هەيە، بۆيە من پێشنيار دەكەم ئەو دەقە بێتە خوارێ، ئەوە بۆ ليژنەی ياساييم ناردووە، (لاجل تبسيط وتحديد اجراءات حصول المواطن على المعلومات واعتماد مبدا الشفافية من قبل المؤسسات المعنية فى تقديمها فقد شرع هذا القانون) و بەس، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

**ئاهەنگ خان فەرموو.**

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من ئيقتراحەكم هەيە بۆ ليژنەی قانونی (اسباب موجبة لاجل تنظيم المعلومات الصحيحة) تەرسيخەكە لابرێ بكرێتە (تطبيق مبدا الشفافية) ئەگەر هەر تەرسيخيش لانابەن و بڵێن (ترسيخ وتطبيق مبدأ الشفافية)، چونكە ئەو قانونە وابزانم بۆ ئەوە هاتووە كە تەتبيقی مەبدەئی شەفافيەت بكات، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

**ئاشتی خان فەرموو.**

**بەڕێز ئاشتی عزيز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە ئەسبابی موجبە لەبەرئەوەی ئێمە ناوی ياسايەكەمان ناوی تەنزيم كردن و تەقديم كردنی مەعلومات نيە، باس لە حەق دەكات، يەعنی بەلايەنی كەمەوە دەبێ جوملەيەك لە ئەسبابی موجبەدا باسی حەق و حورياتی حسول كردن و گەيشتن بە زانياری تيايدا ئاماژەی پێ بكرێ، چونكە ناوی ياسايەكە خۆی ئەوەيە، گەيشتنە بە زانياری لەسەر بنەمای ماف، لەسەر بنەمای ئازادی و سەربەستيەكان، بەڵام ئەم يەكسەر چووەتە سەر تەنزيم كردنی مەعلومات، ئەگەر بيدايەتەن وەكو ناونيشانی ياسايەكە حەقەكە لە ئەسبابی موجبەكەدا نەيڵێی موخالف دەبێ لەگەڵ ناونيشانی ياسايەكە خۆی دا ئينجا ئيشارەت بە مەبدەئی**

شەفافیەت بکرێ و دواتر عەمەلیەی تەنزیمیە، یەکەم جار ئەهمیەتەکە ئەوەیە کە وەکو حەق وجودی هەیە، بەڵام ئێمە لەم یاسایە ڕێکمان خستووەتەوە، بۆیە من پێشنیازی ئەوە دەکەم لە بیدایەت دا باس لەوە بکرێ کە حوریەتی گەیشتن بە ئازادیەکان، حەقێکی ئینسانی ئەسیڵ بووە، دواتر هەوڵ دەدرێ کە ئەم حەقە تەنزیم بکرێ لە ڕێگەی یاساوە و گەیشتن بە زانیاری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە هۆکانی دەرچوونی ئەوەی کە پرۆژە هاوبەشەکە هاتووە، بۆ ڕێکخستنی پێدانی زانیاری ڕاست و دروست تەنها زانیاری نیە، ئەوەی کە ئێمە قسەمان لەسەری کردووە لە پەرلەمان لەو گفتوگۆیانەی ئەم چەند ڕۆژە باس لە بەڵگە و دۆکیۆمێنت و هەروەها ئاشکراکردن و جێ بەجێ نەکردنی یاسایەکانیش، بۆیە من بەشێوەیەکی تر دامڕشتووەتەوە ئەگەر لیژنەی هاوبەش لێم قبوڵ بکەن، (بۆ ڕێکخستن و پێدانی زانیاری و بەڵگە و دۆکۆمێنتی ڕاست و دروست بۆ چەسپاندنی پرەنسیپی شەفافیەت و پاراستنی مافی هاوواڵاتی و ئاشکراکردنی پێشێلکاریەکان و سەروەری یاسا ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش دوا سیاغەتان کەلەسەری موافقن؟ کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم سیاغەیە ئاوا ڕێکخرایەوە تەقریبەن لەڕووی لوغەویەوە، (لترسیخ مبدأ الشفافیة وتنظیم تقدیم المعلومات الصحیحة وحق المواطن فی الحصول علیها فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەسبابی موجبە و قانونەکە هەمووی تکایە کێ لەگەڵدایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، دەست خۆشیتان لێ دەکەین و پیرۆزباییتان لێ دەکەین، ئومێد دەکەین ئەمە ببێتە هۆکارەکی زۆر باش بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانی زانیاری، لیژنەی هاوبەش ئەگەر تێبینیەکتان هەیە ئاخر تێبینی فەرموون. کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، وێڕای ئەوەی سوپاسی سەرۆکایەتی پەرلەمان و تێبینی هەموو پەرلەمانتارانی بەڕێز بکەین، پێمان خۆشە بۆ ئەم یاسایە ئاماژە بە حەقیقەتێك بکەین کە ئەویش ئەوەیە

سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن، ڕێکخراوی (NDI) کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیە و پێی وابوو دوای چەندین کۆنفرانس زەحمەتە ئەوان کۆنفرانس بۆ هەر پرۆژە یاسایەك دەکرێ لە پەرلەمان دابنێ بە یاسا، ڕێکخراوی فاو و چەندین ئەکادیمیست و ڕۆژنامەوانی تر ئەم پرۆژەیان دەوڵەمەند کرد لەڕاستی دا ڕاپۆرتەکەیان دەوڵەمەند کرد، خۆتان دەزانن ئەم یاسایە و ئەم پرۆژەیە نزیکەی شەش ساڵە لە ساڵی 2007 ەوە لە پەرلەمانی کوردستانە و لە خولی پێشووەوە، ئێمە توانیمان لەم خولەدا ببین بە خاوەنی ئەم یاسایە، ئەمە ئینجازێکی گرنگە بۆ ئەم خولە و لە خولی دووەم دا یاسای کاری ڕۆژنامونووسی ژمارە 35 ساڵی 2007 دەرکراوە بەم دوو یاسایە لە باری میدیا و مەسەلەی مەبدەئی شەفافیەت و ئازادی بڵاوکردنەوە و دەست گەیشتن بەزانیاری دروست هەنگاوێکی گەورە و گرنگ نراوە، بۆیە جێی دەست خۆشیە سوپاس ئەو ڕێکخراوانە بکرێ و ئەو لایەنانە بکرێ کە لە دەرەوەی پەرلەمان هاوکاری لیژنە پەیوەندارەکان بوون، سوپاس بۆ هەموو لایەك.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

تا بەیانی سەعات 10ی پێشنیوەڕۆ بەخواتان دەسپێرین.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (28)**

**چوار شەممە رێکەوتی 5\6\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلى دانيشتنى ژمارە (28)

## چوار شەممە رێكەوتى 2013/6/5

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2013/6/5 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (28)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (28)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2013/6/5 دا بەم شێوەیە بێت:**

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای سندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2008 کە تایبەت بە هەموار کردنی پیادە کردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (78)ی ساڵی 1979ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای کانزا ناکۆلاّییەکان لە هەرێمی کوردستان.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای خزمەتی زانکۆیی ژمارە (23)ی ساڵی 2008ی عێراقی فیدراڵ و هەموارەکانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

5- خستنەڕوو و پەسند کردنی پەیمانی هاوبەشی و گەشە پێدان لە نێوان دەستەلاّتە گشتیەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (28)، ڕۆژی دانیشتن 2013/6/5، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (28)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێری 10ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2013/6/5 بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای سندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2008 کە تایبەت بە هەموار کردنی پیادە کردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (78)ی ساڵی 1979ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای کانزا ناکۆلاَییەکان لە هەرێمی کوردستان.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای جێ بەجێ کردنی یاسای خزمەتی زانکۆیی ژمارە (23)ی ساڵی 2008ی عێراقی فیدراڵ و هەموارەکانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

5- خستنەڕوو و پەسند کردنی پەیمانی هاوبەشی و گەشە پێدان لە نێوان دەستەلاَتە گشتیەکان و رێکخراوە ناحکومیەکان.

ئێستاش دێینە سەر خاڵی یەکەم/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای سندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

لەبەر ئەوەی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم داوای کردووە ئەم خاڵە پەیوەندییەکی موباشیری هەیە بە پرۆژە یاسای داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، ئەوان پێویستیان بەوەیە کە تەنسیقی زیاتر هەبێت بۆ ئەو مەسەلەیەو خۆیان باشتر ئامادە بکەن بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەو مەسەلەیە، ئەوان داوایان کردووە فورسەتێکی تریان بدەینێ، بۆ ئەوەی کە هاتنە هۆڵەکە هەماهەنگی باشترمان بۆ بکەن بۆ جێ بەجێ کردنی خاڵی یەکەم/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای سندووقی داهاتەکانی نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان – عێراق. ئێمەش لە سەرۆکایەتی پەرلەمان پێمان باشە، چونکە ئەوە رەچتی بە یەکەوە هەیە بۆ باشتر دەوڵەمەند کردن و زیاتر هاوکاری کردنی ئێمە لێرە، بۆیە ئێمە لە سەرۆکایەتی پێمان باشە ئەمە دوا بخەین بۆ فورسەتێکی تر، چیە نوقتەی نیزامە؟ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێك لەو پرۆژانەی کە ئەهمیەتێکی گرنگی هەیە، رۆژانەش، ساڵانەش تەئکیدمان لێ کردووە کە پێویستە یاسای نەوت و گاز جێ بەجێ بکرێت، چونکە پەیوەندی بە سندووقی داهاتەوە هەیە، داهاتی نەوتیشە، ئەو پرۆژەیە لەلایەن حکومەتەوە هاتووە، دوای موناقەشەیەکی زۆر، بەڕێزتان وەکو سەرۆکایەتی لە هەندێك کۆبوونەوە بەشدار بوون، لیژنەی موختەس ئامادەکاری کردووەو لیژنەی یاسایی دەستکاری کردووەو تەواو بووە، یەعنی ئەمە پرسیار لەلای من دروست دەکات، حکومەت بەخۆی پرۆژەیەکی نارد بێت و هاتبێتە ناو پەرلەمان، جاری پێشوو تەئجیلمان کرد لەبەر ئەوەی بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەکان ئامادە نەببوو، ئێستا بۆ نایەن لە پەرلەمان حکومەت موناقەشەی ئەو پێشنیارانە بکات کە پەیوەندی بە گۆڕانکارییە، یان پەیوەندی بە چارەسەر کردنی، یان پێشنیاری نوێیە؟ لەبەر چی ئەم پرۆژەیە سەحب دەکرێتەوە؟ یەعنی ئەمە پێویستی بەڕاستی بە پرسیار کردنی حکومەتە، بزانین سەبەبی

کشانەوەی ئەم پرۆژەیە لەسەر چیە، چونکە پرۆژەکە پەیوەندی بە یاساوە هەیەو، کشانەوەی یەعنی جیَ بەجیَ نەکردنی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من نەموتووە حکومەت کشاندوویەتیەوە، حکومەت داوای فرسەتی زیاتری کردووە، بۆ ئەوەی باشتر خۆیان ئامادە بکەن بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەم پرۆژەیە، نەمگوتووە سەحبی کردووە، فەرموو مامۆستا عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وێڕای پشتیوانیم لە قسەکانی کاک کاردۆ، پرسیار ئەوەیە کە جەنابتان داوا دەکەن، دەبێت ئێمەش وەکو پەرلەمانتارێك وجهەی نەزەری خۆمان بڵێین، کە بەشێك لە پەرلەمانتاران پێمانوایە لەمە زیاتر دواخستنی ئەم پرۆژە یاسایە خزمەت ناکات بە وەزعی مەسەلەی ناوچە لەهەرێمی کوردستان , بۆیە من داوەدەکەم گەرهەرقەراربێت لەبەرهەرهۆکارێکی تەکنیکی, ئیداری نازانم بڵێم سیاسییە, هەرچی پەیوەندی بە حکومەتەوە هەیە کاتەکەزۆر دیاریکراوبێ , یەعنی لەخیلالی چەند رۆژێك تێنەپەڕێت گەر هەربڕیارش بێت بەدەنگی زۆرینە تێپەڕێت,یائەم بابەتە دواخرێ, مەشروت بێت بەوەی لەخیلالی چەند رۆژیك بێ وموناقشەی بکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی رەئیەکەی بەریزتان لەروانگەی قانونی لەجێی خۆیەتی ،چونکە حکومەت خۆی ناردوویەتی , حکومەت خۆی دیراسەی کردووە, بەش بەحاڵی خۆشم کە پرۆژەکە هاتۆتە ناوپەرلەمانی کوردستان ئەبێ ئێمە فەقەت دەرفەتی ئەوەیان بدەین چەند فەترەیەکی کەم ئیجازەیان بدەین،بۆئەوەی دەوڵەمەندتر ی کەن، ئەگینا بۆمەسەلەکە منیش ڕەئیم لەگەڵ ڕەئی ئێوەیە مادام پرۆژەیێ هاتە پەرلەمان, حکومەت خۆی ناردبێتی ,حکومەت خۆی لێی بەرپرسە ,ئەبێ بێت و لە هۆڵی پەرلەمان موناقشەلەسەری بکات ,بەلاَ م ئەوە پێچەوانەی مەسەلەکە نیە فەترەیەکی تریان بدەینێ بۆباشتر خۆ ئامادە کردن بە نەزەری من .

**بەڕێز کوێستان محمد عبدلله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ پشتگیریم بۆ هاوڕێیانم کاك کاردۆ و ماموستا عمرئەم یاسایە شەش ساڵە دەرچووە دیارەقسەکانی جەنابیشت هەر پشتگیری بوو بۆ قسەکانی ئەوان بە شێوەیەك شەش ساڵە ئەم یاسایە دەرچووە و هێشتا نەچۆتە بواری جیَ بەجیَ کردن, ئەم پرۆژەیە حکومەت خۆی ناردوویەتی , یەعنی ئەوە نیە پەرلەمان ئامادەی کردبێت, حکومەت پێویست بوو پێش ئەوەی بینێرێت باش دیراسەی بکا,خۆی ناردوویەتی, چەند مانگێك لەپەرلەمان لیژنە کۆبوونەوەی لەسەر کردووەو وەزیری بانگ کردووە، بەلاَم ئێستا یەعنی منیش پێم سەیرە, جێی گومانە کە جارێکی کە داوا ئەکەن کاتی زیاتری بدرێتی ,شەش ساڵ کاتێکی کافی نیە بۆئەوەی ئەوان دیراسەی باشی ئەم یاسایەیان کردبێ ؟ بۆیەمنیش پشتگیری ئەو هاوڕێیانە دەکەم کەئەگەر

دواشخرێت , خۆم لەگەڵ دواخستن نیم ,بەڵکو دژی ئەمە دەنگ ئەدەم , بەلأم ئەگەر دواشخرا بەزۆرینە کاتێکی بۆ دابنرێت، بۆ نموونە هەفتەیەك یان دوو هەفتە بۆ ئەوەی ئەم یاسایە دەربچێ .

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من بەش بەحاڵی خۆم کار لەسەر ئەوە دەکەم ئیلحاحیش دەکەم ئەبێ لەم مانگە ئەمە موناقشەبکرێت لێتان ناشارمەوە، پێش ئەوەی ئەم خولەی ئێمە تەواو بێت ئەبێ موناقشەبکرێ , بەڵام ئەبێ هەندی مرونەتیشمان هەبێ.

**بەرێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەرێزسەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان, بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان , بەش بە حاڵی خۆم من یەکێکم لەوانەی کە داکۆکیم کردووە، لەو یاسایانە , ئێمە وەکو لیستی کوردستانی ئەمە یەکێك بووە لە بەڵێنەکانی هەڵبژاردنمان , ئامادەکردنی ئەم یاسایە وناردنی لە کاتێکدا بووە ,من ئەو قسەیەی کە ئەیکەم موبەریڕ نیە, بەلأم ئێمە ماوەیەك لەمەوپێش یاسایەکمان دەرکرد بەناوی شایستە داراییەکان کۆکردنەوەی شایستە داراییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێك لەوشایستە داراییانەی کە ئەبێ چارەسەر بکرێ هەتا ئەم پرسە چارەسەر نەکرێت ناتوانین ئێمە ئەو سندوقە دابنێین ئەمە یەك. دوو ئەگەر هاتو حکومەت تەعدیلەکانی کە ئەیکا لەوماوەی کە جەنابت دەڵێ لەکۆتایی ئەم مانگە دەبێت دەست نیشانی بکا, چونکە خۆی لەناو یاسا ئەسڵیەکەی نەوت و غاز هاتووە سندوقەکە چۆنە ؟ بەڵام دیارە ئەوان ویستوویانە ئیزافاتی لەسەر بکەن ,بۆیە ئەو ئیزافاتە ئێستا رەبت دەبێتەوە بە یاسای شایستە داراییەکان داوایان لێدەکەین لەبیرنەکەن ئێمە ئەو یاسایەمان دەرکردووە , بیگونجێنن , هەتاوەکو ئەم خولە ماوە , ئەو یاسایە بنێرن بۆئەوەی ئێمە پەسەندی بکەین, من گومانم لەوە نیە کەهەمووومان ئەمانەوێ یاساکە دەربچێ, پشتگیری لەوە دەکەین کە ئەم یاسایە دەربچێ, ئەو دەرفەتەیان ئەوەندە ئەدەینێ تاوەکو ئەو یاسا تازەیە ئەگونجێنن لەگەڵ سندوقەکە، سوپاس.

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك گۆران.

**بەرێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەرێز سەروکی پەرلەمان .**

ئێمە لەلیژنەی پیشەسازی و وزە بەراستی ئەم ڕاپۆرتەمان دەتوانم ئەگەر بڕادەران پشتگیریم بکەن سەدلەسەد بە ڕەئی وەزارەت نووسیە , یەعنی وەزارەت بە ئامادەبوونی وەزیری سامانە سروشتیەکان فکرەو ماددەکانی چۆن بووە وامان دارشتووە , ئەوکاتە ئەگەرهەڵە نەبم یاسای شایستەداراییەکانمان موناقەشەکردبوو, ئەگەر موناقەشەشمان نەکردبێ ئێمە چەندین جار لەگەڵ وەزیر تەئکیدی لێدەکردینەوە ئەم پروژەیە بەزووترین کات بخریتە بەرنامەی کارەوە ئەمە یەك, دوو , ئێستا بەڕێزت ڕەئی حکومەت

دەڵێی, زەروور بوو ئێستا لێرەدا نوێنەری حکومەت هەبا , کوا نوێنەری حکومەت ئەوموبەریڕاتانە بۆ ئەندامانی پەرلەمان روونکاتەوە ؟ بۆئەوەی دوایخەین , سێ, ئایا کەدوای دەخەین هەر لەبەرنامەی کار دەیخەینە ئاخیر فەقەرە بۆئەوەی تاهەفتەی ئایندە حکومەت خوی حازربکا وموناقەشەی بکەین, یان هەرلەبەرنامەی کار دوای دەخەین و دەچێتە شوێنێکی کە پێویستی بەهێنانە پێشەوە هەیە , بەرێزیشت کەپشتیوانی رەئیەکانیشی وە ئێمە دووهەفتەمان ماوە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان ,بخرێتە دەرەوەی جارێکی کەی بەرنامەی کار, لەبەرئەوەی ئەگەر لە نەتیجە دواخرا ,بخرێتە ئاخیر برگەی بەرنامەی کار وە ئەوکاتە نوێنەری حکومەت لێرە بێ موبەڕیرەکان بۆ ئەندامانی پەرلەمان روونکاتەوە , زۆر سوباس.

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبداللە.

**بەرێز عبداللە محمد نوری:**

**بەرێز سەرۆکی بەرلەمان.**

خۆی وا باشتر بوو نوێنەری حکومەت لێرە بێ بۆ ئەوەی روونکردنەوە بدات یان بەلایەنی کەم بەنووسراو شتێکیان بناردایە لەبەرئەم پاساوانە ,لەراستیدا ئەگەر دواکەوتنەکە ئەوەبێت کەجەنابت باست کرد, حکومەت پێویستی بەوەیەکەجارێکی تر پیایابچێتەوە یاخودبابلێین خۆی ئامادەبکات ,باشتر خۆی ئامادەبکا, بێ لێرە قسەی لەسەربکا, ئەمە شتیکە, بەلأم ئەگەر دواخستنی ئەم پرۆژەیە , گفتوگۆکردنی ئەم پرۆژەیە ببەسترێتەوە بەمەسەلەی شایستە داراییەکانەوە , لەراستیدا یەعنی نەگەرانەوەی ئەم یاسایە جارێکی تر بۆ پەرلەمان ,چونکە شایستەداراییەکان گرفتێکە لەگەڵ عێراق, , بڕواناکەین بەم دەم ودەستە چارەسەربکرێت خۆی با ئەم مەسەلە روونکرێتەوە , ئەگەرئەم مەسەلە مەسەلەی هونەریە پەیوەندی بەناوەرۆك وئامادەسازی خودی حکومەتەوە هەیە, ئەمە شتێکی ترە ,بەلأم ئەگەر شایستە داراییەکان پەیوەست ئەکرێت بەکێشەیەکەوە کە لەگەڵ عیراقە , ئومێدی چارەسەرکردنی نیە لەلای من, لەڕاستیدا ئەمە یەعنی ئەبێ ئیتر وەکوفاتیحای بۆبدەین وجارێکی تر یاساکە ناگەرێتەوە ,من لەوە دڵنیاتەکەم

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان**

من پێشتر باسم کردیە, ئێستا من دەنگی خۆم ئەخەمە پاڵ دەنگی ئێوە , ئەگەرحکومەت بەتەواوی ئەم پرۆژە یاسایەی سحب کردەوە ئەمنیش دەنگی نارەزایم بەرزەکەمەوە , چونکە ئێمە نەمان کردووە , حکومەت خۆی ناردوویەتی, حکومەت دیراسەی کردووەو ناردوویەتی داوای دەرفەتێکیان کردووە بۆئەوەی دوابخرێت, ئیتر ئەم موناقەشەیە بەڕەئی من بەسە, فەرموو کاك حەمە سعید.

**بەرێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

عەفوو بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان ,بەپێی مادەی( 15) ی یاسای نەوت وگازی ژمارە( 22)ساڵی( 2007) دەبوایە ئەم سندوقە پێك بهاتایە , یەعنی ئەبوایە سێ ساڵ یا چوارساڵ لەمەوپێش پێك بهاتایە ئێستاش وەكو جەنابیشت پشتگیریت كرد من پشتگیری ڕایەكانی كاك گۆران دەكەم بەراستی ئەوە حكومەت خۆیان لەلیژنە ئامادەبوون , ڕازی بوون لەسەر ڕاپۆرتەكە, خۆیان یاساكەیان ئامادەكردووە, ئێستاش مادام جەنابت وتت من پێم وایە ئیلغای نەكەنەوە بڵێین تەئجیل بۆهەفتەی داهاتوو, یەعنی جەنابت هەر لێرە قەراربدەی لە ئێستا تادووشەممە حكومەت ئەو (ملاحظات ) و ئیزافاتانەی چیە هەیەتی لەسەر یاساكە بینێرێت, ڕۆژی دووشەممە موناقەشەی بكەین .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك لوقمان.

**بەڕێز لقمان سلیمان حسن:**

**بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتیوانی ڕای هاوڕێكانم دەكەم كەئەم یاسایە نابێت دوابخرێت بەراستی دواخستنی ئەم یاسایە جێی تێڕامانە, لەیاسای نەوت وگازدا ئەم سندوقە زەرووەرتی هەیە وە هەروەها وەزیری سامانە سروشتیەكان هاتۆتە لیژنە ئێمە موناقەشەی تەواومان كردووە لەلیژنە وە هەروەكو كاك گۆرانیش باسی كرد ئەم یاسایە لەگەڵ وەزیردا موناقەشەی تەواو كراوە وە لەكاتی موناقەشەی شایستە داراییەكان وەزیری سامانەسروشتیەكان ئۆباڵی دواكەوتنی ئەم یاسایەی خستە ئەستۆی پەرلەمان, بۆیە من پێم وایە ئەمە دواخستنی شتێكی زۆر خراپە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ,نوقتە نیزامیەكەم لەوەدایە سەرۆكایەتی پەرلەمان مافی خۆیەتی ئەم گۆڕانكارییانە بكات وە ئەگەر پێویست بوو بەدەنگدان ڕەزامەندی ئەندامان وەربگرێ , بۆیە ئەمە هەمووی زیادە وە ئەوە ڕامان ئەكێشیت حاشای هەموویان هەندێ قسەبكەین بەشێوەیەكی ترو مەوضوعي تربكاتەوە ,بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەكەم ئەم مەوضوعە ڕابگرن, مافی خۆتان بەكاربێنن وە بیخەنە دەنگدان وە موافقین كە ئەم خاڵە تەئجیل بكرێ یان نا؟ چونكە هەر قسەیەك بكەین تەشكیكە لە مەوقیف و نیەتی جەنابتان لەگۆڕینی ئەوە ,بۆیە بە نیزامیم زانی , چونكە مافی خۆتانە گۆڕانكاری بكەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان**

د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمرحمدامين خدر(نورەديني):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان ,حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان لەسـاڵی (2007) بـەخۆی پـرۆژەی نـاردووە بۆئەوەی پرسی نەوت وگاز رێك بخات هەر لەناو ئەم قانونە کەپاشـان پەرلـەمان دەریکـردووە یاسـای ژمـارە (27) ی ساڵی(2008 )حکومەت خۆی ویستوویەتی ئـەم سـندوقە دابـنێ, هـەروەها حکومـەت خـۆی یاسـای ئیستحقاقی دارایـی نـاردووە , بۆیـە تائەوڕادەیـەی ئێمـە وەك سـۆزان خـان وتـی ئێمـە بەجـدی موتابعـەمان کردووە لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەت پێشمان وتوون کـە ئـەم قانونـە بنێـرن موناقەشـەش بکـرێ خۆشـیان ویستیان و ئیرادەیان هەبووە, پرسیارە جدييەکە لێرەدایە: ئایا ئەم دواخستنەی حکومەت بۆ ڕەتکردنـەوەی قانونەکەیە یان بۆ سحب کردنەوەی قانونەکەیە؟ بێگومان بۆئەوە نیە , بـۆ دەوڵەمەنـدکردنی زیاتریـەتی , حکومەتیش کە پرسێك سەدلەسەد ئێستا لـەڕووی تەنفیزیـەوە پەیوەنـدی بەئـەوەوە هەیـە خـۆی سـاحێبی قانونەکەیــە تێکهــەڵکێش و پەیوەنــدارە بــە کۆمــەڵێك یاســای تــرەوە داوای فرســەتێکیان کــردووە بۆدەوڵەمەندکردنی قانونەکەو بۆئەوەی کە ئەگەروەکو دەگوترێ کەم وکوڕی و کەلێنێکی قـانونی تیاهـەبێ ئـەوە نـەهێڵرێ و پـڕ بکرێتـەوە, هـەروەها دواخسـتنەکە بۆماوەیـەکی کـاتی بێـت ئەمـەش لەدەسـەڵاتی سـەرۆکایەتی پەرلەمانـە , ئـیتر بـەرەئی مـن سـەرۆکایەتی یـەکلای بکاتـەوە ,لـەوەش زیـاتر ئـیتر ڕەئیـدان لەسەری بەراستی ڕامان دەکێشێ بۆهەندێك قسەو باسی نەخوازراوکە سـەرەنجام لـەکۆی گشـتی دا خزمـەتی گفتوگۆیەکی بابەتیانەوقانونیانەی باشی ئەم پرۆژەیاسایە ناکات

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزتان ئێستا ژمارەیـەك قسـەتان کـرد ژمارەیـەکی تـریش مـاوە قسـەبکا نەتیجـەی نیهائیش هەرئەوەیـە دوابخرێ یا دوانـەخرێ ؟ئێمە وەکو سەرۆکایەتی پێمان باشە دوابخرێ , بۆیە حەزدەکەن دەیخەینە دەنگـەوە ,قسەتان کرد , باشە باش, دوو ڕەئی هەیە یان دواخرێ یان دوانـەخرێ, کـێ دەڵـێ ئـەو ماددانـەی کـە ئێسـتا هەمانە بەهەفتەیەکی ترتەواوبێت, ئێمە ناتوانین وەقت تەحدیدکـەین , بـەڵام پێتـان دەڵـێین , مـن پێتـان دەڵێم ئالـەم بەرنامـەی کـە ئێسـتاهەیە خـاڵی تـر نایەتەسـەری دەبـێ موناقەشـەبکرێ ,حکومـەت جوابمـان بداتەوە , من وەکو ڕەئی شەخسی خۆم لێتان ناشارمەوە, ئێستا کـێ لەگـەڵ ئەوەدایـە تەئیـدی سـەرۆکایەتی دەکـا ئەمــەدوابخرێ؟ تکایــە دەســت بەرزکاتــەوە بــەڵێ ( 42)کــەس لەگــەڵ دایــەدوابخرێ, کــێ لەگــەڵ دایەدوانــەخرێ؟ (32)کــەس لەگــەڵ دایەدوانــەخرێ ,کەواتەبەزۆرینــەی دەنــگ دواخــرا. تکایەبێــدەنگی بپارێزن,

بێینەسەرخاڵی دووەم داوا لەلیژنـەی یاسایی دەکەین بفەرموون بۆسەکۆی لیژنـەکان , کاك بورهان لەلیژنـەی یاسـایی فـەرموو تـۆش لەلیژنـەی قـانونی شـارەزای , فـەرموو لیژنـەی یاسـایی بیخوێننـەوە جـاری یەکـەم بەکوردی و عەرەبی بۆئەوەی تۆماربکرێ لەپرۆتۆکۆڵ, بۆئەوەی هەمووومان موتەلیع بین لەسەری.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بە پرۆژە یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (87)ی ساڵی (1979 ) دوو پرۆژە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکرابوو, ئێمە لەلیژنەی یاسایی ئەم دوو پرۆژەمان کۆکردەوە وە راپۆرتێکی گونجاو سەبارەت بەهەردوو پرۆژە کە ئامادەمان کردووە ,ئێستا بە زمانی عەرەبی دەیخوێنمەوە وە دوای خوێندنەوەی داواکارین لە سەرۆکایەتی پەرلەمان راپۆرتەکەمان ببێتە بنەما, واتە ئەساس بۆ موناقەشەکردن.**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان**

**م/ تقرير حول مشروع قانون(تعديل قانون رقم9 لسنة 2008 قانون تعديل تطبيق قانون ايجار العقار رقم( 87) لسنة 1997 المعدل).**

**عقدت لجنة الشؤون القانونية بتاريخ 29/ نوروز/ 2713 كوردي المصادف ليوم 2013/4/18 ميلادي اجتماعا"لدراسة مشروعي قانون( التعديل الاول لقانون رقم( 9) لسنة 2008 قانون تعديل تطبيق قانون ايجار العقار رقم (87)لسنة 1979 المعدل) المقدمين من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال الى لجنتنا بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمتين( 12 ) في 2010/11/18 و(1 )في 2012/9/11, وللاستفادة من الافكار الواردة في المشروعين نقترح دمجهما وتقديم تقرير موحد بشأنهما,بعد المناقشة و المداولة تقدم اللجنة توصياتها واقتراحاتها بشان المشروعين كالاتي وتقترح اعتبار هذا التقرير اساسا" للمناقشة و التصويت:**

**تقترح اللجنة صياغة ديباجة للمشروع و ترتيب و تنظيم فقراته و اتباع نفس الاسلوب المتبع في صياغة مشاريع القوانين والقرارات الصادرة من البرلمان:**

**استنادا" لحكم الفقرة(1) من المادة(56) من القانون رقم (1) لسنة1992 المعدل وبناءا" على ما عرضه العدد القانوني لاعضاء البرلمان, قرر برلمان كوردستان العراق بجلسته الاعتيادية المرقمة () و المنعقدة بتاريخ / / 2013تشريع القانون الاتي:**

**قانون رقم ( ) لسنة 2013 (قانون التعديل الثاني لقانون رقم (9) لسنة 2008, قانون تعديل تطبيق قانون ايجار العقار رقم (87)لسنة 1979 المعدل في اقليم كوردستان - العراق.**

**المادة الاولى:**

**تلغى المادة الثانية من القانون رقم(9) لسنة2008 , ويحل محلها ما يلي:**

**يستمر العمل باحكام قانون ايجار العقار , المرقم (87)لسنة 1979 المعدل النافذ في الاقليم بالنسبة للعقارات الؤجرة لغرض السكن ,ولطرفي عقد الايجار طلب اعادة تقدير الاجرة السنوية لدى دوائر ضريبة العقار المختصة بعد مضى كل (3) سنوات لغرض تقدير الأجرة السنوية على ان لا تزيد الأجرة السنويةعن (4٪)**

من القيمة الكلية للعقار , والتقدير المذكور قابل للطعن أمام محكمة بداءة موقع العقار خلال مدة (15) يوما" من تأريخ التبليغ بالقرار عن طريق دعوى تنظر على سبيل الاستعجال , ويكون قرار المحكمة باتا".

المادة الثانية:

تلغى الفقرة ( ثانيا) من المادة (الثالثة) من القانون رقم( 9) لسنة 2008, ويحل محلها ما يلي:

يستمر عقود ايجار العقارات المؤجرة لغير أغراض السكن بالنسبة للعقارات المؤجرة اساسا" وفق القانون رقم (87) لسنة 1979 ويعتبر عقودها ممتدة بحكم القانون , ولطرفي العقد التي مضى على عقد ايجارها مدة (5) سنوات فأكثر طلب اعادة تقدير القيمة الكلية للمأجور لدى دوائر ضريبة العقار على ان لا تزيد الأجرة السنوية عن (6٪) عن القيمة الكلية للعقار , وكما يحق لأي طرف طلب اعادة التقدير مجددا" بعد مضى كل (3) سنوات لغرض تقدير الأجرة , و لذوي العلاقة حق الاعتراض على تلك التقديرات لدى محكمة بداءة موقع المأجور خلال مدة (15 ) يوما" من تأريخ التبليغ بالقرار عن طريق دعوى تنظر اليها على سبيل الاستعجال, و يكون قرار المحكمة باتا".

المادة الثالثة:

تلغى (المادة الرابعة) من القانون رقم (9) لسنة 2008 .

**بەڕێز برهان رشيد حسن:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

يوقف حكم المادة (10/17) من القانون رقم(87) لسنة1979 المعدل في الاقليم . ويحل محلها ما يلي:

لمالك العقار حق طلب تخلية الماجور اذا اراد هدمه واعادة بنائه على شكل عمارة لاتقل عن ثلاثة طوابق ويضمنها الطابق الارضي في مركز المحافظة و طابقين بضمنها الطابق الارضي في الاقضية والنواحي مع مراعاة الحالات التالية :

1- اذا لم يشرع بالهدم خلال مدة ثلاثة أشهر من تأريخ التخلية او لم يكمل البناء خلال سنتين من تاريخ التخلية ,يحق للمستاجر شغل المأجور بالشروط السابقة الواردة في عقد الايجار أو طلب التعويض عن الاضرار التي اصابته بسبب التخلية.

2-اذا قام باتمام البناء خلال المدة القانونية المنصوص عليها فيحتفظ المستأجر بحقه في أشغال وحدة عقارية في العمارة المقامة والمماثلة للمأجور والذي تم اخلائه من حيث المنفعة والموقع والابعاد وفق التقديرات والشروط المنصوص عليها في هذا القانون .

3-للمستأجر مطالبة المؤجر بقيمة ما يصرفه على المأجور من الاضافات والتحسينات والترميمات والديكورات قبل التخلية ان كانت تلك الاضافات والتحسينات والترميمات والديكورات ضرورية للمستأجر وكان بأذن تحريري من المؤجر.

المادة الخامسة:

1-على طرفي عقد الايجار مراجعة دائرة ضريبة العقار المختصة خلال شهر واحد من تاريخ ابرام العقد وتتولى دوائر الضريبة متابعة تنفيذ هذا القانون واخبار الادعاء العام عن المخالفين لأحكامه.

2- يتم تقدير بدلات الايجار للعقارات المؤجرة للدوائر الحكومية من قبل دوائر ضريبة العقار قبل ابرام العقود ويعد باطلا كل عقد يبرم قبل تقديرها من قبل دوائر الضريبة المعنية .

3-الاضافات والتحسينات والترميمات التي يحدثها المستأجر في المأجور لمصلحته لا تؤخذ بنظر الاعتبار عند اعادة التقدير لبدلات الأيجار من قبل المحكمة و دوائر الضريبة.

4- لاينتهي عقد الايجار بموت المؤجر أو المستأجر, وتنتقل حقوق العقد والتزاماته الى خلفهم.

المادة السادسة:

تبقى بقية احكام قانون ايجار العقار رقم (87) لسنة 1979 المعدل النافذ في الاقليم سارية بما لا يتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة السابعة:

على وزير المالية والاقتصاد في الاقليم اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة الثامنة:

لايعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة التاسعة:

ينفذ هذا القانون اعتبارا"من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) .

**الأسباب الموجبة**

لأجل اعادة تنظيم العلاقة بين المالك والمستأجر وسد بعض الثغرات التي كادت ان تحصل في التطبيق وتحقيق التوازن بين طرفي عقد الايجار بنظرة عادلة تقوم على اساس المساواة ومراعاة الظروف الاجتماعية و الاقتصادية وتعزيز الروابط الاجتماعية في المجتمع الكوردستاني وتشجيع الحركة العمرانية وتوظيف رؤوس الاموال الخاصة في عملية تنشيط الحركة العمرانية في الاقليم فقد شرع هذا القانون .

راجين التفضل بالاطلاع و عرض التقرير على البرلمان للمناقشة و ابداء الرأي المناسب بصدده والتصويت.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون بە كوردیەكەی.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕاستی ئێمە دوێنێ كۆبوونەوەمان ئەنجامدا, هەتا كاتێكی درەنگی شەو تەنها توانیمان بەزمانی عەرەبی ئەو ڕاپۆرتە ئامادەبكەین پێڕانەگەیشتین ڕەوانەی تەرجەمەی بكەین بۆیەتەنها بەعەرەبی نووسراوە, وە لەبەرئەوەی داوامان كرد ڕاپۆرتمان ببێتە بنەما بۆ موناقەشەكردن , تكایە داوادەكەین ئەو داواكاریە

بخرێتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان بۆئەوەی راپۆرتمان ببیتە ئەساس بۆموناقەشەکردن بۆ ئاسانکاری وبەسەهلی دەنگدان لەسەر قانونەکە بدرێ.

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوە دایە ئەو راپۆرتەی خوێندرایەوە بکرێتە ئەساس بۆ موناقەشەکردن, تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەل دانیە؟ سێ کەس لەگەڵ دانین ,بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموو.

**بەرێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی پەرلەمان.

ئەم هەموارکردنە بۆ ئەم یاسایە هەموارکردنی دووەمی یاساکەیە, کاتی خۆی پەرلەمانی کوردستان بەیاسای ژمارە(16)ی ساڵی (2010) هەموارکردنی یەکەمی بۆ یاساکە کرد, وە لە رۆژی 11/9 لە پەرلەمان ئەم یاسایە دەرچوێندرا, واتە عینوانەکەی دەبێتە هەموارکردنی دووەمی یاساکە.

المادة الاولى:

تلغى المادة الثانية من القانون رقم (9 لسنة 2008) ويحل محلها مايلي:

يستمر العمل باحكام قانون ايجار العقار المرقم (87) لسنة (1997) المعدل النافذ في الاقليم بالنسبة للعقارات المؤجرة.

**بەرێز برهان رشید حسن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامە بەرێزەکان، خۆتان دەزانن موشکیلەی ئەو قانونەی ئیجارە بە قانونی نوێی ساڵی 2008 دەرچووەو، تائێستا تەنفیز نەکراوە , ترس هەیە کۆمەڵێ کێشەی کۆمەلآیەتی لێ بکەوێتەوە , تەنها لەو بابە تەنفیز کراوە ئەو بینا تازانەی مەحلاتی تجاری و صناعی و میهەنین یا محلاتی تر شوقە ,خانوون بەکرێ دراوە بەپێی ئەحکامی ئەو قانوونە دوای دروستکردنی لە دوای یاسای ساڵی 2008 , بۆیە ئەسڵی یاساکە کێشەی بۆ ئەو موڵکانە دروستکردبوو کە پێشتر ئەمە ماددەی دوو دەربارەی ئەو موڵکانەیە کە خانووبەرەو شوقەیە , خانووی کرێیە نەك دوکان ومەحلاتی صناعی و تیجاری و میهەنی کێشەی دروستکرد بوو بۆئەوانەی کە بەپێی قانونی 87 ی ساڵی 1979 عێراقی (ذات الطابع الاشتراکی) دەرچوو بوو , پەرلەمانی کوردستان بەیاسای کە ماددەیەکی دانابوو بەپێی یاسای نوێی 2008 ماددەی دووەم کە تیایدا هاتووە ئەڵێ:

المادة الثانية من قانون (9) لسنة 2008:

يستمر العمل باحكام قانون ايجار العقار رقم 87 لسنة 1997 المعدل والنافذ في الاقليم بالنسبة للعقارات المؤجرة لغرض السكن, لمدة اربعة سنوات اعتبارا" من تاريخ نفاذ هذا القانون وتخضع بعد مضي المدة المذكورة لاحكام القانون المدني رقم 40 لسنة 1951 المعدل.

ئێمە هاتووین ئەوەمان ئیلغایکردەوەو رامانگرتووە  بەم تەعدیلە کە پێشتر خوێندمانەوە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی, فەرموو کاك ئاسۆ.

**بەڕێز بکر کریم محمد( ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

تلغى المادة الثانية من القانون رقم 9 لسنة 2008 ويحل محلها مايلي:

يستمر العمل باحكام قانون ايجار العقار المرقم 87لسنة 1979 المعدل النافذ في الاقليم بالنسبة للعقارات المؤجرة لغرض السكن ولطرفي عقد الايجار طلب اعادة تقدير الاجرة السنوية لدى دوائر ضريبة العقار المختصة بعد مضي  كل ثلاث سنوات لغرض تقدير الاجرة السنوية على ان لا تزيد الاجرة السنوية عن اربعة بالمائة من القيمة الكلية للعقار والتقدير المذكور قابل الطعن امام محكمة بداءة موقع العقار خلال مدة 15 يوما من  تاريخ التبليغ بالقرار عن طريق دعوى تنظر على السبيل الاستعجال ويكون قرار المحكمة باتاً.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو ئاشتی خان نوقتەی نیزامت هەیە؟

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم تەقریرەی بەڕێزان کەکردیانە ئەساس بۆ موناقەشەکردن یەکسەر لە ئیلغا کردنی ماددەی دووهەمەوە دەست پێدەکا, راستە تەسەسولەکەی کراوە بە ماددەی یەك, بەڵام لە ئەسڵی پرۆژەکە ئەگەر تەعدیلە بۆ ئەوە ئەسڵی پرۆژەکە ماددەی یەکەم بەلایەنی کەم ئەگەر رەفزە ,قبوڵە هەرشتێکە با ڕای لیژنەی قانوونی ببینین لەسەری ,چونکە هیچ قسە لەسەر ماددەی یەکەم نەکراوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو ناسك خان.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راپۆرتی لیژنەی یاسایی ئێستا گەیشتۆتە بەردەستی ئێمە , ئێمە خۆمان ئامادە کردبوو بۆ سندووقی داهاتەکانی نەوت, لەبەرئەوە بەراستی یەعنی من شەخسی خۆم ئامادە نیم ئەم یاسایە بەم پەلە پەلە ئەگەر بکرێ نیو سەعاتمان بدەنێ بۆ ئەوەی دیراسەیەکی بکەین, ئێستا ئەم راپۆرتە شتێکەو پرۆژەکە شتێکە .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

رەئیەکەتان لە جێی خۆیەتی ئێمە نیو سەعات دەرفەتتان ئەدەینێ, بڕۆن بۆخۆتان دیراسەی بکەن, دوای نیو سەعاتی دیکە دادەنیشین تا ئەو کاتە بە خواتان دەسپێرین.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم کاتەتان باش، ئێمە ئەم دەرفەتەی نیو سەعات زیاترمان پێدان بۆ ئەوەی بۆ خۆتان جۆرێك لە تەوافوق و سازان لەنێوانی خۆتان دروست بکەن، تکایە دانیشن.ئیستاش بەردەوام دەبین، لەسەربەرنامەی کار,فەرمووو لیژنەی یاسای بۆ سەکۆی لیژنەکان, فەرموو ماددەی یەکەم بخوێنەوە لە ئەصلی قانونەکەی قەدیم,تەعدیلەکەش دوایی بیخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەصڵی ماددەی 2ی قانونەکە بەوشێوەیەیە:

المادة الثانية: يستمر العمل باحكام قانون ايجار العقار رقم 87 لسنة 1997 المعدل والنافذ في الاقليم بالنسبة للعقارات المؤجرة لاغراض السكن لمدة اربع سنوات اعتبارا"من تاريخ نفاذ هذا القانون وتخضع بعد مضي المدة المذكورة لاحكام القانون المدني رقم40 لسنة 1951المعدل.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 1ی پرۆژەی تەعدیلەکە بەم شێوەیەیە:

تلغى المادة الثانية من القانون رقم 9 لسنة 2008 ويحل محلها مايلي, يستمر العمل باحكام قانون ايجارالعقار المرقم 87لسنة 1997 المعدل النافذ في الاقليم بالنسبة للعقارات المؤجرة لغرض السكن ولطرفي عقد الايجار طلب اعادة تقدير الاجرة السنوية لدى دوائر ضريبة العقار المختصة بعد مضى كل ثلاث سنوات لغرض تقدير الاجرة السنوية على ان لا تزيد الاجرة السنوية عن 4٪ من القيمة الكلية للعقار والتقدير المذكور قابل للطعن امام محكمة بداءة موقع العقار خلال مدة 15يوما من تاريخ التبليغ بالقرار عن طريق دعوى تنظر على سبيل الاستعجال ويكون قرار المحكمة باتا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان**

کێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نوسراوە کاك حمە سعید , کاك دلێر , د.احمد,کاك جمال, زکیە خان , هاوڕاز خان, ناسك خان, د.ڕێباز, کاك خلیل, ماموستا عمر, کوێستان خان, کاك عمر صدیق, کاك ئاسۆ, د.عمر, سۆزان خان,شەونم خان, د.بشیر,رازاو خان, پەروین خان, کاك کاردۆ, گوڵێزار خان, عظیمە خان, سیوەیل خان, کاك قادر احمد,کاك اسماعیل, کاك لقمان, کاك شڤان, ئاهەنگ خان, کاك شۆڕش, کاك شوان کابان, کاك برهان رشید, ماشەڵڵا 30کەس ناوی خۆی نوسیووە, کاك حمە سعید فەرمووو.

**بەڕێزحەمە سعید حەمەعلی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە کە یەکەم ئەو مولاحەزاتانەم هەیە,پرسیارەکەم یەکییان پرسیاریٚ یستمر العمل باحکام قانون ایجار العقار ئایا هەمموو قانوونەکە ئەبیٚ بلٚیین ماددەو بڕگەکە دیاری بکا چونکە ئەگەر هەمووی بلٚیٚ لەویٚ خۆی ئەلٚیٚ ماددەی چوارەم (یوقف الحکم مادە 17) برگەی10 ئەوە یەك , دوو پێم وایە ئەو پێنج ساڵەی کە لە ماددەی دوو دا زیادمان کردووە کە ئەمە لە مەصلٚحەتی کرێچیە ئەوەش زیادکەین لێرە چونکە ئیحتیمالە کرێچیەك ساڵیٚ لەمەو پێش خانوویەکی گرتبیٚ بەپێی ئەو ماددە بێت کابرای صاحب خانوو بۆی هەیە ئیعادە بکا لە کرێکەیا, یەعنی کرێکەی بۆ زیادکا بۆ پێنج ساڵ, ئەگەر پێنج ساڵ تێپەری بێت بەسەر بە کرێدانەکە, دووهەم ئەو لە سەدا چوارە پێم وایە زۆرە لە مەصلەحەتی کرێچی و چین وتوێژێکی هەژار, بۆیە من پێم باشە بەلای کەم لە سەدا دوو بیٚ یا لە سەدا سیٚ، ئینجا ئەوەی دوای قیمەی کولی للعقار مادام لە بڕگەی یەك باسی نەکردووە بۆئەوەی تەفسیر هەلٚنەگریٚ چونکە لەماددەی 9 یاسای 9 ئەلٚیٚ (قیمة بناء الارض) ئەوەی بۆ زیادکەی لە قەوسێکدا,زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم ماددەیەوە ,من پێم باشە کە ئەو سیٚ ساڵە جاریٚ بکریٚ بە پێنج ساڵ لەبەرئەوە کێشە لەگەڵ کرێچیە کۆنەکانە یا ئێستا بکریٚ بە پێنج ساڵ جاریٚ وە ڕێژەکەشی بکرێت بە قیمەی کولی عەقارەکە لە سەدا سیٚ ئەمە لەلایەك, لەلایەکی ترەوە بۆ جاری دووەم ئەگەر داندرایەوە کریٚ کە لە سەر قیمەی کولی عەقار نەبیٚ, کریٚ کە لەسەر نیسبە بێت ساڵانە هەر پێنج ساڵ جارێکیش بێت , هەر پێنج ساڵ جارەکەش لەسەدا پینج بووە لەسەدا دەی کریٚ کەی پێشووی زیاتر نەکا نەوەکو لە سەر قیمەی کولی عقار,چونکە قیمەی کولی عقار دایمە لە بەرزبونەوەدیایە کەواتە لێرە عەدالەتێکی کۆمەڵایەتی ڕوونادات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو د. احمد.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە, منیش پشتیوانی لە ڕایەکەی کاك دلێر دەکەم ئەو ماوەی سیٚ ساڵە لە لیژنەی هاوبەش بەراستی پێنج ساڵەکەم پیٚ باشتر بوو لە سیٚ ساڵەکە, کرێچیەکە باشترە,بە نیسبەتی خانووی

عەقاراتی کە بە کرێ ئەدرێ نیشتە جێ بوون کە ئەڵێ (یستمر العمل باحکام قانون ایجار العقار بالنسبة للعقار), تەبعەن لەو ماددەی کە ئێمە تەعدیلمان کردووە هاتووە ئەڵێ (لاغراض السکن لمدة اربع سنوات اعتبارا تاریخ) بەڵام لێرە دیاریمان نەکردووە دوایی ئەڵێ: (ولطرفی عقد الایجار) , ئایا ئەم سێ ساڵە دەست پێدەکا دوای چەند لە نفازی ئەم قانونە , یەکسەر ئەم سێ ساڵە حسابە یان ئەبێ مودەیەك دیاری بکەین ؟, دواتر ئەم سێ ساڵە دەست پێ بکا, لێرە ئەمەی چارەسەر نەکردووە بەڕای من, ئەو مودەیەش کە دیاری کراوە 15 ڕۆژەکە بۆ (طعن) لە مەحکەمە پێم باشە بکرێتە 20 ڕۆژ بۆ 30 ڕۆژ بێت .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جمال.

**بەڕێز جەمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە خاڵی یەکەم سێ ساڵ بە باشی دەبینم دەزانن وەزعی ئابووری موستەقر نیە (تضخم) دەبێ, ئەوە باشە هەر سێ ساڵ جارێك ئیعادە نەزەر بکەن .(لا تزید الاجرة السنویة)یش چوار لە سەد بێت , یانی ڕەنجێکە دەبێت یەك لە سەد,دوو ,سێ هەتا چوار, (علی ان لا یزید),ئەمن موفقتەریحیکم ناردیە بۆ کاك عونی دووبار ئەم ماددەیە صیاغە بکرێتن , چونکە لە رووی زمانەوانیەوە ئەوەندە تەواو نیە, کەلیمە (اجره و ایجار) یەك ناگرن, (ایجار) شتێکەو (اجره) شتێکە, بۆیە من پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە دابرێژرێت: تلغی المادة الثانیة من القانون رقم 9 لسنة 2008 ویحل محلها مایلي ,یستمر العمل باحکام قانون ایجار العقار رقم 87 لسنة 1997 المعدل والنافذ في الاقلیم بالنسبة للعقارات المؤجرة لغرض السکن,ولطرفي العقد طلب اعادة تقدیر الایجار السنوي لدی دوائر ضریبة العقار المختصة بعد مضی کل ثلاث سنوات,علی ان لا یزید الایجار المعاد تقدیره عن اربعة بالمائة من القیمة الکلیة للعقار ویکون قابلة للطعن فیة...هەتا دوایی, زۆر سوپاس .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو زکیە خان.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت سێ ساڵان شتێکی باشە, هەروەها لێرەدا کە دەڵێ لا تزید الاجره السنویه عن اربعه بالمائه مادام زیاتر نیە,دەبێت یەك لەسەدا و دوو لە سەدا وسێ لە سەدا ,بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە دەزانین لە ئەمر واقیعدا ئێستا لیژنەیەك هەیە بۆ تقدیری سەرۆکایەتی بەڕێوەبەرایتی زەریبەی عەقار , بۆچی بەدیلە بۆ ئەوەی ئێمە لەو ڕۆتینیاتەی کە هەیە 15 رۆژ و 20 رۆژ و, ئێمە سەرۆکی ئەو لیژنە حاکمێك بتوانێ قەراری بات بدات بۆ ئەوەی بتوانین ئیدی ئەو ڕۆتینیاتەی کە هەیە 15 رۆژ و 20 رۆژ هەبن , ئەویش بتوانرێ لابدرێت, وە حوکمی ئەو حوکمی بات دەبێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو هاوڕاز خۆشناو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەكانی كاك حەمە سعید و كاك دلێر دەكەم ,بەڕاستی ئەو نیسبەیەی كە دانراوە چوار لە سەدا من پێم وایە نیسبەیەكی زۆرە , هەرچەندە ئەوەی من تێبینیم كرد بێت لە سەرووی ئەو ڕێژەیە یەعنی بەڕاستی خاوەن خانوو بە ئارەزووی خۆی كرێكان لەسەر كرێچی زیاد دەكات , بە ئارەزووی خۆی كرێكان دادەنێن ,ئەوەی ئێستا هەیە لە هەولێر، من وەكو هەولێر ئەگەر بەنموونە بیهێنمەوە كرێ یەكە زیاد لەو چوار لە سەدایەیە نیسبەكەی لەوە زیاتر نەبێ, منیش پێم باشە بەڕاستی خەڵكیكی زۆر لە هەر سێ شارەكە كرێچین تا ئێستاش ئەو یەكەی نیشتەجێ بوونانەی كە دروست دەكرێن نەیتوانیوە كێشەی كرێچیەكان چارەسەر بكات, نیسبەكەی لە بەرژەوەندی كرێچی بكرێتە سێ لە سەدا زیاتر نەبێ كرێ یەكە , سەبارەت بەوەی موڵكی گشتی پێناسەیەكی هەبێت ,بكرێ باشترە, چونكە لە پێشدا پێناسە كراوە , لێرەدا وای لێ دێت لەوانەیە دوایی تەفسیری دی هەڵدەگرێ ,پێناسەی دی گشتی بكرێ ( الملكية العامة).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ناسك خان.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان .**

دیارە منیش پشتگیری قسەكانی كاك حەمە سعید و كاك دلێر دەكەم, لەو بەشەی كە باس لە دابەزینی ڕێژەی چوار لە سەدا بۆ لە سەدا سێ , پێناسەی ئەو (القيمة الكلية للعقار)ەش كە بەڕاستی لە ماددەی سێ یەمدا ماددەی چوارەمی لەغوو كردۆتەوە ,ماددەی چوارەم كاتی خۆی ئەو پێناسەیەی كردووە بۆئەوەی مەجالی شەرح و تەئویلی نەبێ ,وە پشتگیری قسەكانی كاك د. احمد دەكەم , چونكە بە ڕاستی لە ئەسڵی پرۆژە یاساكەی 9 ی 2008 ماوەی دیاری كردووە ,بۆئەوەی لەدوای ئەم تەنفیزی قانونە لە كەیەوە دەست بەكار بێت ,ئەوەش بكرێ, ئینجا بەڕاستی مولاحەزەیەكم هەیە ئەو قانوونانەی كە تەعدیلیان دەكەین بەڕاستی تۆزێك تەڕەیوسی تێدایە هەبێ, لیژنەی یاسایی هەندێ تەوزیحات بدات ئەسڵی ئەو ماددەی كە تەعدیلی دەكەین , باسی چی دەكاو بۆچی تەعدیلی دەكەین ,چونكە بەڕاستی مەسەلەن كاتێ یاسایەك لە 2008 دەردەچێت پێنج ساڵ دەكا, یەعنی لە ماوەی پێنج ساڵدا دوو جار تەعدیل كراوە و دوو جار وەقف كراوە , ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەو یاسایە هەم بێ هێز بووە و هەم نەیتوانیوە لەگەڵ ئەرزی واقیعدا مامەڵە بكات , بۆ ئەوەی ئەم یاسایانەی دەریدەكەین وای لێنەیەت بەڕاستی ئەم مەوزوعی تەعدیلانە تۆزێك تەوزیحاتی زیاتری دەوێ لەلایەن لیژنەی یاساییەوە بۆئەوەی ئێمە بزانین دواجار لەسەر دەنگدان چۆن دەنگ ئەدەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڕێباز.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە هاوکێشەیەکی دروست کردووە کە کرێ ی خانووی بەستووە بە سیعری خانووەوە من نازانم لەڕووی ئابووریەوە ئایا هاوکێشەیەکی لەو شێوەیە بوونی هەیە ؟وە ئێمە لەسەر ئەو بنەمایەی ئەو هاوکێشەیە ئەو بڕیارەمان داوە یاخود نەخێر ؟مەسەلەیەکی تر ئەوەیە هیچ بەحسێك وە هیچ داتایەك لەبەردەستی ئێمە نیە تا بزانین کە کرێ ی خانوو لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستان چۆنە , مقابیل بەو کرێ یەی کە پێ ی دراوە لە سەدا چەندییەتی تاوەکو ئێمەش بێین لەناو قانوونەکە یاخود لەناو ماددەکە ئەو ڕێژەیە دابنێین , ئەو ڕێژەیەی کە دانراوە لەسەر بنەمای گریمانە دانراوە ,ئێمە نازانین کە ئایا ڕێژەیەکی دروستە یاخود نا؟ سبەی کە یاساکە دەرچوو لەوانەیە کۆمەڵێکی زۆر ناڕازی بن ,چونکە ئێمە ئەم بڕیارەمان لەسەر بنەمایەکی دروست نەداوە , نموونەیەك بێنینەوە (ئەگەر خانوویێك بە 20 دەفتەر بێت بەو قسەیەی کە لە ناو هاوڵاتیان باسەکرێ ئەگەر لەسەدا چوار وەرگرین نزیکەی 900000 هەزار دەکا ,یەعنی خانووەکە نزیکەی 900000 هەزارە دینارە کە پێم وایە ئەمە سیعرێکی زۆرە بەراورد بەو کرێ یەی کە ئێستا لە ناو کوردستان دا بوونی هەیە,ئەگەر بیکەین بە لە3٪ ێش نزیکەی 650000 هەزار دەکا ,ئەو 650000 هەزارە بۆ هەندێ شوێن پارەیەکی دروستە, بەس بۆ هەندێ شوێنی تر پارەیەکی دروست نیە , لەبەرئەوە من یەك پێشنیازی دیکە ئەکەم , پێشنیازەکەم ئەوەیە کە مادام هەر لیژنەیەك تەقدیر ئەکات کەواتە ئەم تەقدیرە لە جیاتی ئەوەی لە سەر بنەمای سیعری خانووەکە بێت با لەسەر بنەمای کرێ ی خانوو بێت لەو شوێنە,ئەم لیژنەیە ئیشەکەی هەر تەقدیر کردنە ,تەقدیری سیعری کرێ ی خانووەکە ئەکا , کەواتە ئەشتوانێ تەعدیلی تەقدیری کرێی نیشتەجێ بوون بکا لەو شوێنە, سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

بەنیسبەت مودەکەوە من پێم وایە بکرێ بە چوار ساڵ, چونکە پێکهێنانی لیجان و پێداچونەوەش بۆی لەلایەن حکومەتەوە ئەمەش هەر کولفەیەکە لەسەر مولْکی گشتی پێم وایە چوار ساڵ جارێك بێت, بە نیسبەت ئەو نیسبەتەش کە دانراوە وەکو هاوکارانم باسیان کرد , بە ڕای من زۆر زۆرە بەڕاستی بکرێتە لە سەدا دوو هەرچەندە من پرسیارێك ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەکەم من عەقارێکم هەیە مەوقعێکی تیجارییە, بەڵام سەکەنیە لەوانەیە قیمەتی عەقارەکە خۆی زۆر زۆر بێت, بەڵام قیمەتی بینای عەقارەکە لەوانەیە زۆر کەم بێت یان بینایەکە زۆر کۆن بێت ئایا تۆ لەم کاتانەیا لەسەر کرێچی کرێ ی لەسەر

حسابی قیمەی کولی عەقارەکە لێوەربگری, یەعنی ئێمە عەقارەکەمان لە مەوقیعێکی تیجاری زۆر گەورەیە, بەڵام بینایەکە بینایەکی زۆر کۆنە, ئایا ئەمە تۆ ئەگەر حسابی وەرگرتنی کرێ لەسەر کولفەی کولی عەقارەکە بکەی من پێم وایە, هیوادارم چاوێکی پێدابخشێننەوەو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ماموستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵام من تێبینیەکانم وتران,بەس پرسیارێکی کۆبوونەوەی پێش هەستانەکەمان ئاراستەی بەڕێزان کرا ,ئاشتی خان بوو ماددەی یەك کە باسی ایقاف قانونی ئیجاری 87 دەکا، ماددەی سێ بۆچی قسەی لێنەکراوە، تکایە وەڵامێکمان بدەنەوە, جێگەی پرسیارەو, سوپاس ئەوانی تر هەمووی وتران .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆری قسەکانم کران , دیارە ئەم یاسایە پێنج ساڵە دەرچووە تا ئێستا لەبەرئەوەی کەم و کورتی هەیە نەچۆتە بواری جێ بە جێ کردن پێویستە ئێمە ئەمڕۆ بەشێوەیەك هەمواری بکەین کە وانەکات ئەمیش پێنج ساڵی کە نەچێتە بواری جێ بە جێ کردنەوە بەتایبەتی ئێستا کێشەیەك هەیە کە خاوەن موڵکیش کێشەی هەیە وە کرێچیش کێشەی هەیە، بۆیە ئەبێ وابکەین تەوازنێك بکەین و کێشەی هەردوولایەن چارەسەر بکەین ,منیش ڕەئیم وایە وەکو ئەو ژمارانەی د.ڕێباز ڕوونی کردەوە کە خانوویەك ئەگەر لەسەدا چواری وەرگری بەتایبەتی لە شارەکانی وەکو سلێمانی و هەولێر و دهۆك, کەم خانوو هەیە لە بیست دەفتەر, یەعنی خانووی زۆر گرانتریش هەیە ئەبێ مانگی 900000 هەزار بدات, ئەمە نرخێکی زۆرە , بۆیە منیش ڕەئیم وایە بکرێ بە لە سەدا سێ پشتگیری ئەو ڕەئیانە ئەکەم وە پشتگیری ڕەئیەکەی کاك دلێریش ئەکەم دوو ساڵ جارێك بێت نەك سێ ساڵ جارێك, سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر هەورامی فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من موداخەلەکەم تەنها چەند پرسیارێکە , یەکەمیان لەوە دەست پێدەکەم لە سەدا چوار لەسەر چ ئەساسێك بڕیاری لەسەر دراوە وە ئایا داتایەك یان ژمارەیەکتان لەبەر دەستە ئێستا لەواقیعدا بەهەر حاڵ ئەوەی کرێچیە چەند ئەدا بە خاوەن موڵك ,مەبەستەکەم لەم پرسیارە بۆئەوەیە ئێمە ئەگەر ژمارەیەك

یان ڕێژەیەك دائەنێین غەدرێك نە لە خاوەن موڵك بكەین نە لە كرێچیشی بكەین ئەمە لایەنێكی, لایەنێكی تری ئەوەی كە ئەم ماددەیەباس لەوە دەكات سێ ساڵ جارێك نرخی كرێ یەكە دەست نیشان ئەكا ئیمكانە ئەمە بۆ بازاڕی ئەمڕۆی كوردستان , بەڵام ئەم ماددەیە جارێكی تر گرێدراوە بەو ماددەی كە پێشنیار كراوە لە ماددەی چوارەم ئێمە ئەگەر بیكەین بە پێنج ساڵ من وا ئەزانم پاڵنەرێك ئەبێ بۆئەوەی بەشێكی زۆر لە خاوەن موڵكەكان ئەو ڕێگەیە هەڵبژێرن ئەوەی كە ئەو خانووەی كە هەیانە یان ئەو دوكانەی كە هەیانە جارێكی تر بیڕوخێنن سەرلەنوێ شتی تری نوێ بونیات بنێن .چونكە ئەگەر تەوازونێك یان هاوسەنگیەك نەبێ لە نێوان مافی خاوەن موڵك و كرێچی تەسەور دەكەم بە باش ناكەوێ, زۆر سوپاس .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆكی پەرلەمان.**

كاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بكر كریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا بە بڕوای من ئەو ماددەی كە ئێستا لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتووە تا ڕادەیەك تەوازنی تێدایە لە نێوان هەردوو تەرەفی هاوكێشەكە كە خاوەن موڵك و كرێچی یە, ڕاستە لەو هاوكێشەیە كرێچی تەرەفی زەعیفە, ئێمە ئەوە ئەزانین ئەوەش بەلای ئێمەوە زۆر زۆر موهیمە , بەڵام من تەنها یەك شت لێرەدا دەڵێم كە وەڵام دانەوە نیە ئێمە دەزانین ئەگەر بە پێی قانوونی مەدەنی بێت دیارە ئەوەش مەبدەئی ئەساسی (العقد شریعە المتعاقدین) كە (شەریعە المتعاقدین) تەئسیر دەكا, ئێمەش ئەزانین حاڵی حازر لە هەرێمی كوردستان دا ئەو هەموو عەرەبە ڕووی لە هەرێم كردووە , هەموو ئەو خوشك و برا مەسیحیانەی هاتوونەتە ئێرە وئەو هەموو ئاوارەی سوری و خەڵكی تر لێرەیە بێ لە خەڵكی ئێمەی كەم دەرامەت گەلەك زۆرترە لە عەرز, ئێمە ئەوە ئەزانین , بەڵام بەڕاستی باشتێكی تر تەماشا بكەین دەبێ ئێمە تەوازنێك ڕاگرین لە بەینی خاوەن موڵك وبۆئەوەی ئەویش بتوانێ پارەی خۆی ئیستیسمار بكا لێرەدا بەڕاستی ئەگەر یەكێك پارەی خۆی لە تیجاری دابنێ ئێمە دەزانین سیعری فائیدە لە بەینی چوار حەدی ئەدنایەتی وە حەدی ئەعلایەكەی سەدا حەفتە وە سەدا چوارە لە بانكێكی تیجاری پارە دائەنێی سەنەویەن تۆ ئەتوانی سەدا چواری پارەت بێت , بۆیە ناكرێ ئەودەمە خەڵك خانوو دروست ناكات ,شت دروست ناكات, بۆیە بەڕاستی ئێمە زەرەرێك ئەدەین كە ئەچێ پارەكەی خۆی لە بانكێكی تیجاری دائەنێن, بۆیە ئەمەیە سەدا چوارەكە كراوەتە حەدی ئەدنا و ,سوپاس .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د.عمر.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

مـن موداخەلەکـەم تـەنها چـەند پرسـیارێکە,یەکەمیان لـەوە دەسـت پێدەکـەم لـە سـەدا چـوار لەسـەر چ ئەساسێك بڕیاری لەسەر دراوە ؟وە ئایا داتایەك یان ژمارەیـەکتان لەبـەر دەسـتە تـا ئێسـتا لـە واقیعـی حـاڵ ؟ئـەوەی کـە کرێچیە چـەند ئـەدا بـە خـاوەن ماڵ؟ئـەم پرسـیارەم بـۆ ئەوەیـە ئێمـە ئەگـەر ژمارەیـەك یـان ڕێژەیەك دائەنێین غەدرێك نە لە خاوەن موڵك بکەین نە لە کرێچیش بکەین ,ئەمە لایەنێکی,لایەنێکی تـر ئەوەی کە ئەم ماددەیە باس لەوە دەکات لە سێ ساڵ جارێك نرخی کرێ یەکە دەست نیشـان بکـرێ ئیمکانـە ئەمە بۆ بازاڕی ئەمڕۆی کوردستان کارێکی باش بێت ,بەڵام ئەم ماددەیە جارێکی تر گرێدراوە بەو مـاددەی کە پێشنیار کراوە کە ماددەی چوارەم ئێمە ئەگەر بیکەین بە پێنـج سـاڵ مـن وا ئـەزانم پاڵنـەرێك ئـەبێ بـۆ ئەوەی بەشێکی زۆر لە خاوەن موڵکەکان ئەو ڕێگەیە بگرنە بەر بـەوەی کـە ئـەو خـانووەی کـە هەیانـە یـان ئەو ئەرزەی کە هەیانە یان ئەو دوکانەی کە هەیانە جارێکی تر بیڕوخێنن سەر لە نـوێ شـتی نـوێ بونیـات بنێن , چونکە ئەگەر تەوازنێك یـان هاوسـەنگیەك نـەبێ لـە نێـوان مـافی خـاوەن موڵـك و کرێچـی تەسـەور ئەکەم بە باش ناکەوێتـەوە و, زۆر سـوپاس . بـەڵێ ئـەم یاسـایە پەیوەنـدی گرنگـی بـە ڕێکخسـتنی بـوارێکی گرنگی ژیانی کۆمەڵگای کوردەواریەوە هەیـە کـە کوردسـتانە , بـەڵام مەسـەلەی کرێچـی یـەتی لـە ناویشـیدا بەشێوەیەکی تایبەتی کرێچی کە خاوەنی خانوو, خۆی نیە , یاساکە ئەرك و مافی چەند لایەنێك ڕێك دەخـا , ڕاستە دەبێ ئێمە هەوڵ بدەین لەم یاسایەدا مـافی ئەوانـەی کـە کرێچـین شـکانەوەی قانونەکـە بـە سـوودی ئەوان زۆر زۆر گرنگە، چـونکە وەك ئامـاژەی پێـدرا ئـەوان ڕەنگـە لـە تەرەفەکـەیا، تـەرەفی لاواز بـن, ڕەنگـە زۆرینەش بن , بـەڵام زۆر زۆریـش گرنگـە, بەڕاسـتی لـە دەرکردنـی یاسـایەکی لـەو بابەتـە بـۆ ئـەوەی ئێمـە بتـوانین فیعلـەن ئـەم پرسـە حقـوق و واجیبـاتی تەرەفـەکانی نـاو قانوونەکـە بەشـێوەیەك دابنـێین کـە هاوسەنگی تێدا بێت ,هەروەها عەدالەتیشی تێدا بێت زۆر پێویستمان بە داتا هەبوو بە ڕەئی ئەتراقی ئەوەی کە کرێچیە، ئەوەی کە کـرێ وەردەگـرێ یـان خـاوەنی شـوێنێکە ,خانوویەکە,مەحەلێکـە بـە کـرێ ی دەدات بیرو بۆچوونی ئەوانیش بۆئەوەی بتوانین هاوسەنگی دروست بکـەین زۆر زۆر گـرنگ بـوو , ئەگـەر سـەیری نیسبە بکەین هی سێ ساڵەکە بەڕێزان ئێمە ڕەنگە من بۆ خۆم تەئیدی ئەوە بم بکرێتە لە سەدا چوار یـان لە سەدا پێنج,بەڵام لە سەدا سێ یش بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییە خێراییەکانی ناو بواری ئـابووری, نـاو بواری مەسەلەن بازرگانی وهی ساڵەکە یەکەم شت قسە لەسـەر سـاڵەکە دەکـەم دوای سـێ سـاڵ جـارێکی تـر پێداچوونەوە بکرێت , دەبینین زۆر شت دەگۆڕێن، لە سێ ساڵی ڕابردوو دا ڕەنگە قیمەتی کولی خانوویـەك بە بەراورد لەگەڵ ئێستا دوو جار , یان سێ جار زیادی کردبێت هەشە لە هەندێ حاڵەتدا کـەمی کردۆتـەوە , کەواتە ئەم پێداچونەوەیە لە ماوەی سێ ساڵ دا دەبێتە مایەی ئەوەی کە هاوسەنگی ڕابگرێ ,سەبارەت بـە ڕێژەی کرێ یەکە ئەوەی کە گوتراوە لە کۆی قیمەی عەقارەکە جوان سیاغەیان کردووە، باسی ئەوە دەکـرێ

لە سەدا چوار زیاتر نەبێ , واتە دەکرێ لە سەدا یەك بێت دەکرێ لە سەدا دوو بێت ,دەکرێ لە سەدا سێ بێت ,دەکرێ لە سەدا چوار بێت ,بەڵام ناکرێ لە سەدا چوار زیاتر بێت ئەمە دەمێنیتەوە بۆ تەقدیری ئەم جیهەتەی بەڕاستی بڕیاری نیهائی ئەدا، لەوەی ئەگەر تەعنێ یان سکاڵایێك هەبوو, هەبوونی ئەم پەراوێزەش بۆ مەسەلەی کە لە سەدا یەك بێت، یان دوو یان سێ...ئەم لیژنەیەی کە تەقدیری ئەکا وەکو ئاماژەی پێدرا ڕەنگە خانوویەك پێنج ژوور بێت لە یەکێ لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر قیمەتی زیاتر بێت , وەکو خانوویەك کە پێنج ژوور بێت بەڵام لە گەڕەکێکی تر بێت, کەواتە پەراویزێك دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی تەقدیرێك بکەی لە سەدا یەك بێت، لە سەدا دوو بێت، لە سەدا سێ بێت من لەگەڵ ئەوەم , بەڵام هەوڵ بدەین بۆئەوەی بەرژەوەندی کرێچیەکان بە پلەی یەکەم لەبەرچاو بگیرێ , بەڵام ناشکرێ بەڕاستی بەرژەوەندی تەرەڤ تر بەشێوەیەك بێت کە ئێمە بە نەزەر ئیعتباری وەرنەگرین، پێویستی بە هاوسەنگی هەیە, سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان**

د.عمر زیاتر لە کاتی خۆی قسەت کرد

**فەرموو سۆزان خان.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ,بێ گومان لە وڵاتی ئێمە دا فەرقی هەیە لەگەڵ وڵاتانی تردا ,لەبەرئەوەی لە هەندێ وڵات بەتایبەتی وڵاتانی ئەوروپا شەریکات خاوەنی موڵکەکانە وە شەریکات خانوو ئەدات بە کرێ وە کەس دەر ناکات تەنها لە هەندێ حاڵەت دا کە موخالەفەی کردبێ کرێ ی نەدابێ، وە لەو وڵاتانەدا سێ ساڵ جارێك ئیعادەیەکی ئەکرێتەوە, عەقارەکە لەسەر ئەو ئەساسە بە نیسبەتێك کە تەجاوز ناکات بە لە سەدا سێ زیاتر بە تایبەتی بۆ کرێچی لە سەدا سێ بۆ سوکنەکە زیاد ناکات , لەوێ وایە لە سەدا سێ زیاد ناکات ,لەبەرئەوەی لەوێ مەعاشاتساڵانە کە موراجەعەی بۆ ئەکرێتەوە زیاد بوونی مەعاش لە سەدا دوو زیاتر نیە، جاری واش هەیە لە دوو کەمترە کە ئەڵێم لە دوو زیاتر نیە , بۆیە من پێم باشە ئەو نیسبەتە ئەگەر لە سەدا چوارە بکرێتە لە سەدا سێ بۆئەوەی فیعلەن ئەو تەوازونە ڕابگرێت , بەڵام لە هەمان کاتیشدا کەم کردنەوەی ئەم نیسبەتە سەد لە سەد لەگەڵ قسەکانی کاك ئاسۆم , پاشەکشەیەکە کە بە حەرەکەتی دروست کردنی خانوو لەلایەن خاوەن پارەکانەوە , لەبەرئەوەی ئەگەر بیخاتە هەر چ بانقێکی تیجاریەوە هەڵبەتە پارەی زیاتری بۆ دروست ئەکات ,بەڵام ئێمە هەمیشە بەو چاوە سەیری ئەو مەسەلە ئەکەین عەلاساس ئەمە عیلاقەیەکی زۆر خراپە لە نێوان موئەجرو موستەئجیر، زۆر جاریش هەیە خاوەن موڵك و کرێچی دوو کەسن بەپێی عەقد ,بە پێی ئیتیفاق ئیتیفاقیان کردووە، زۆر لە یەکتری ڕازین وە کارەکانیان بە ئیتیفاق ئەبەن بەڕێوە ,بۆیە بەڕەئی من ئەڵێم سێ ساڵ مەعقولە وە نیسبەتەکە ئەگەر تەنها بیکەین بە لە سەدا سێ , چونکە مەرج نیە قیمەتی عەقارەکە زیاد بکا لەوانەیە کەم بکا زۆر جار هەیە دابەزین دەبێ

له بازاڕ دا ,یەعنی لەوێشدا قازانج دروست ئەبێ ئەگەر قیمەتی عەقارەکەش دابەزێ هەر عەینەن شتە، لەبەرئەوەی تەوازونەکە بەوە ڕائەگیرێت ئەگەر ئەو نیسبەتە بکەین بە لەسەدا سێ بۆئەوەی نسبەتێکی مەعقەل بێت وە هەموو لایەك لێی ڕازی بن و, زۆر سوپاس .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شەونم خان .

**بەڕێز شەونم محمد غریب :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا زۆر لە قسەکان کە ویستم بیکەم لەلایەن هاوڕێیەکانم قسەکان کران ,ئەو سێ ساڵەی کە دانرا بۆ پیاداچوونەوە لە سیعری عەقارەکە بەڕاستی من پێم باشە ئەو سێ ساڵە , لەبەرئەوەی بازاڕ بە بەردەوامی لە گۆڕاندایە وە وەزعی ئابووریش لە گۆڕان دایە لەبەرئەوە سێ ساڵ فەترەیەکی باشە بۆئەوەی ئەو گۆڕانکارییە بکرێ ,پشتگیری لە قسەکانی د.ڕێباز ئەکەم کە باسی لەوە کرد تا ئێستا ئیحسایەك یان داتایەك نیە لەسەر ئەوەی کێشەکان چۆنەو بە چ ئاقارێك دا دەڕوات بە نیسبەت هاووڵاتییەوە هەم بە نیسبەت خاوەن موڵکەوە , لەبەرئەوە لەم حالەتەدا باشترین شت ئەوەیە بەپێی ناوچەکان بێت کە خانووی تێدا ئەدرێ بە کرێ تەقدیری ئەو جێگایە بکرێ سیعری ئەو موڵکە بکرێ بۆ نموونە ئەگەر ناوچەکە ناوچەیەکی تیجاری بێت بە تەئکید نرخەکەی لەوەی کە ناوچەیەکی ئیعتیادی بێت , لەبەرئەوە ئەگەر ئەو نیسبەیە تەقدیر بکرێ لەسەر ئەم ئەساسە هەم هاووڵاتی ئەتوانێ سوودمەند بێت هەم خاوەن موڵکەکەش سوودمەند بێت لەو حاڵەتەدا بەنیسبەت نیسبەتەکە وەك پێشتر باسی لێوە کرا و هاوڕێکانم باسیان کرد منیش ڕام وایە لەگەڵ ئەوەی کە ئەم نیسبەتە بکرێ بە لە سەدا سێ, چونکە لە سەدا سێ حەدێکی مەعقول ڕائەگری لە بەینی هەم هاووڵاتی کە خانووەکە بە کرێ ئەگرێ (کرێ نشین) هەم لەگەڵ خاوەن خانووەکە کە مەفروزە لە هەموو حاڵەتێك دا ڕەچاوی بەرژەوەندی هەردوولا بکرێ ,سوپاس .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو د. بشیر .

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ,ئەم دوو هەموارکردنە ,هەموارکردنی یەکەم و هەموارکردنی دووەم وە ئەم یاسایە نیشانەی ئەوەیە کە یاسا قەدیمەکە سەقەت بووە وە بەڕاستی لەسەر حسابی تەرەفێك لە هەردوو تەرەفی موئەجیر و موستەئجیر دانراوە ,بۆیە خەڵکێکی زۆر گلەییان لێ دەکرد, بۆیە پێویستی بەوە کرد کە ئەم هەموارکردنە بکرێ بەداخەوە هەموار کردنەکەش سالێکە نەچۆتە بواری جێ بە جێ کردنەوە هەتا ئەم هەموارکردنەی دووەمی هاتە سەر، ئێستاش پێویستە زۆر بە جورئەتەوە گفتوگۆی لەسەر بکەیی وە بچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە لەبەرئەوەی ئەم ناعەدالەتییەی ئێستا هەیە لە بواری بەکرێ دانی

خانوو و موڵك دا كە يەك تەرەفی گرتۆتەوە تـەنها مەسلەحەتی كرێچی تێدايـە، ,ڕاسـتە كرێچی چینییێكی زەعیفە لە ناو كۆمەڵگادا , بەڵام ئەمە وەكو پەرلەمان ئـەبێ دارەكـە لـە ناوەراسـتەوە بگـرين نـابێ سـاحێبی موڵكەكـەش لەبیربكـەین , چـونكە سـاحێب موڵـك بەهـەر حـاڵ موسـتەسمیرە ئەگـەر ئـەوها زەخـتی لەسـەر بكەین بڕوابكـە كـەس لـەم وڵاتـەدا ئیستیسـمار ناكـا ,ئـەوە يـەك ,دوايـی دەبيـنين خانووێكـە يـان دوكانێكـە مەصدەری رزقی عائيلەيەكە يەعنی تۆ ئەوەندە زەختی لەسەر بكەی كەمی بكەيتـەوە لەسـەر مەسـلەحەتی كرێچی ئەميش ديسان هاووڵاتييەو ساحێب موڵكیش پێویستی بە مافی خۆی هەيـە , لەبەرئـەوە ئـەو شـتەی كە لە لیژنەی هاوبەش دانـراوە پـێم زۆر چاكە پـێم شـتێكی زۆر متەوازنـە وە سـێ ساڵەكەش زۆر باشـە , بەڵام ئەم سێ ساڵە كەی دەست پێدەكا يەعنی( بعد مضى كـل ثـلاث سـنوات) لـە كەيـەوە ئیعتيبـارەن (مـن كەی)؟ بۆيە من ئیقتراح ئەكەم ببێتە ( اعتبارا من تاريخ توقيع العقد لاول مرة او بعد نفاذ هذا القانون او بعد سنة من تاريخ نفاذ هذا القانون ) ئەمە لەلايەكەوە ,لەلايەكی ديكەش لە سەدا چوارەكە من پێم باشەو شتێكی متەوازنە بەلای منەوە كە وەكو لیژنە داينـاوە كە موراعاتی هـەردوو لای كـردووە بۆئـەوەی كـە ئـەم ياسايە ببێتەياسايەكی هاوسەنگ و, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان.**

دكتۆر حەق نیە حەرام بخۆی, نەت خواردووە؟

وەڵا هەمووومان بەيەكەوە نۆشمان كردووە ياساكەش بۆئەوەيە حەرامەكە نەمێنێت.

فەرموو ڕازاو خان.

**بەڕێز رازاو محمود فرج :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ديارە هەموو كۆكين لەسـەر ئـەوەی ئـەم ياسايە مەبەسـتی ڕێكخسـتنی پەيوەنـدی نێـوان كرێچـی و خـاوەن موڵكە وە هەردووكيشيان هاووڵاتی ئەم كوردستانەن, بۆيە دەبێ لەكاتی هەمواركردنی ئـەم ياسـايە ڕەچـاوی بەرژەوەندی هەموو لايەك بكا, من لەسەرەتای دەست پێكا پرسيارێك ئاراستەی لیژنـە ئەكـەم وە پـێش مـن بەڕێزان ئاشتی خان و كاك عمر هەمان پرسيارين كرد كە لە پرۆژەی هەمواركراو, ياسـای هەمواركردنەكـە هـاتووە كـە ئـەڵێ مـاددەی سـێی بەكرێـدانی خانووبـەرەی ژمـارە ی87ی سـاڵی 1979 ی هـەمواركراو لـە هـەرێمی كوردسـتانی عێـراق ڕادەگیرێـت پرسـيارەكەم ئەوەيـە ئايـا ڕادەگـيرێ؟ لەبەرئـەوەی لـە تـەقريری موشتەرەك ئاماژە بەوە نەكراوە وە ديارە بەڕێزان ئەندامانی پەرلـەمان هـەموو قسـەيان لەسـەر دوو تـەوەر كـرد ئـەويش مـاوەی ئـەوەی كـە ئايـا سـێ سـاڵ بێـت يـان پێـنج سـاڵ بێـت هـاوڕام لـەوەی كـە ئـەوانی كـە بەمەبەستی نيشتەجێبوون هەركاتێ لايەنەكانی پەيوەنديدار بـەو گرێبەسـتە ويسـتيان ماوەكـە پێـنج سـاڵ بێت بۆ سەرلەنوێ كردنەوە ,هەروەها لەگەڵ ئەوەم كە ئەو نيسبەيە لە سەدا چوارەكە لەگەڵ بەڕێزانی تـر بكرێ بە لە سەدا سێ ,لەبەرئەوەی بەڕاستی نيسبەتەكە زۆرە وە ئەگەر بكرێ هەرچـەندە ئامـاژە كـراوە لـە ماددەی يەكەم دا كە ئەو ماوەی پانزە ڕۆژ بێـت ئەخرێتـە دەعـوای موسـتەعجلەوە , بـەڵام هێشـتا مـن پـێم

وایە ئەو مودەیە ئەگەر زیاتر بکرێ بۆئەوەی بتوانن (طعن) بکرێ ماوەکەش لە پانزە ڕۆژ بکرێتە سی ڕۆژ من پێم وایە ماوەیەکی باشە، هەرچەندە لە دەعوای ئیستعجالیشدا، بەڵام بۆئەوەی تەرەفەکان بتوانن ئەگەر (طعن) یان هەبێت بتوانن گعن لەو قەرارە بگرن , زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو پەروین خان.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدلله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو کێشەیەی کە لەناو کۆمەڵگای ئێمە دا هەیە کێشەیەکی زۆر زۆر بڵاوە لە نێوان کرێچی و خاوەن موڵك کە لەهەندێ شوێن دیارە کرێچی زەرەرمەندەو لەهەندێ شوێنی تریش خاوەن موڵکەکان, بۆیە من داوائەکەم ئەو سێ ساڵە بکرێت بە پێنج ساڵ لەبەرئەوەی دەخلی هەموو ئەو کرێ نشینانەی لە هەرێمەکەی ئێمە دان وەکو یەك نیە خەڵکمان هەیە کرێکارەو لە خانووی کرێ نشینە خەڵکمان هەیە لە وەزیفەی ترە,وە بە نیسبەت لەسەدا چوارەکە منیش پێم باشە بکرێتە لەسەدا سێ, لەبەرئەوەی خانوومان هەیە خانوویەکی زۆر خراپە وبەکرێ دراوە لە گەرەکێکی زۆر هەژارنشینە خانووش هەیە راقیەو لە شوێنی راقی دروست کراوە, پێم باشە ئەو لەسەدا چوارە بکرێتە سەدا سێ,وە ئەو ماوەی تەعنەکەش پێم خۆشە بکرێتە سی رۆژ بۆئەوەی بتوانین هەردوو لە تەرەفەکان لەماوەی دیاری کراو داوەکەیان بگەینە شوێنی مەبەست و ,زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە یەکێکە لەو یاسایانەی کە ڕۆڵێکی کاریگەری دەبی لە پاراستنی مافی هەم خاوەن موڵك هەم کرێچی ,بەڵام من بە راستی سەرەتا ئەو پرسیارە دەکەم ئەو یاسایەی کە هەبوو یاسای ساڵی 1979 ئەو پەیوەندییەی رێك خستبوو تاکە کێشە کە هەیبوو کێشەی ئیعادە نەزەرو چاو خشانەوەیە, ئیعتبار نەزەر بە ئەو پەیوەندییەیە ئەو هەڵسەنگاندنی کە پێویستە لە ئەنجامی گۆڕانکاریەکان ئێمە چەند ساڵە ئەم یاسایەمان ڕاگرتووە چ کاریگەری هەبوو چۆن بە هەموارکردنی ئەو یاسایە گرفتی زۆر دروست کردبوو لە کوردستان وە کێشە دروست بوو,بەڵام بە ڕاگرتنی ئەو یاسایە کە دوو ساڵە ڕامان گرتووە چ کێشەك لە کۆمەڵگا دروست بوو, چ گرفتێك هەبوو کێ سکاڵای کرد ئەبوایە ئەم یاسایە ڕانەگرن ,ئەسڵەن بەڕاگرتنی جۆرێك لە ئیستقرار وە بەتایبەتی لە بەرژەوەندی ئەوانەی کە یان لە خانوو بوون یان دوکاندار بوون چەندین ساڵ ئیستقرار دروست بوو ,یەعنی هیچ کێشەیەك دروست نەبوو تەنها دوێنێ موناقەشەی ئەمەشمان کرد , گرفت ئەوە بوو بۆ هەندێك خەڵك کە ئەساسەن بە قانوونی ساڵی 1979 کاری کردیە

پێویستە ئیعادە نەزەر بکرێتەوە بۆ ئەو نیسبەتە ئەگەر یاساکەش هەر ڕەتکەینـەوە بەگشتی تـەنها دەقێـك هەبێ ماددەیـەك هـەبێ باسـی ئـەو ئیعـادە نـەزەرە بکـات یـان ئـەو تەقیمـە بکـات کـەوا پەیوەنـدی هـەم بـە ساڵەکانەوە هەیە هەم بەنسبەتەکەوە هەیە کـە کـەمتر بکرێتـەوە ,چ بـۆ نیشـتەجێبوون یـان بـۆ مەحـەلاتی صناعی وتیجاری , لەبەرئەوە من دەمەوێ ئەو پرسیارە بکەم چ زەختێك, چ فشارێك لەسـەر ئێمەیـە بڵێین با ئـەوە بچێتە ئینفـاز, چـونکە کێشـە هەیـە لـەناو کۆمـەڵگا ی ئێمـە ئیستیسـمار پـارەی خـۆی ناخاتـە نـاو بازرگـانی یـان خـانوو ناکـات کـەی کێشـەی وا هەیـە کـەی کێشـەی وامـان هەیـە, لەبـەر ئـەوە ڕەتکردنـەوەی یاساکەش هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت تەنها خاڵێك کە پێویست بێت دانانی لیژنەکەیە و, سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو گوڵیزار خان.

**بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

بەڕاستی ئەبێت تەوازونەك ڕابگیرێت لـەنێوان خـاوەن خـانوو و کرێچی,ئەگەر تەوازونـەك ڕابگـیرێ دیسـان ئەم یاسایەش جێ بەجێ ناکرێ, بۆیە من پێم باشە ئەو سێ ساڵە زۆرە کەم بکرێتەوە بکرێ بە دوو سـاڵ , چونکە زۆر جاری وا هەیە کە خاوەن خانوو ئیشی بە پارەیەو دەیەوێ خانووەکە بفرۆشێ بەڵام کرێچییەکە دەرناچێ وە خاوەن خانووش مافی خۆی هەیە وە پێم باشە ئەم ڕێژەیەی لە سەدا چواریش کـەم بکرێتـەوە بکرێ بە لەسەدا سێ وە ئەو پانزە ڕۆژەش بکرێ بە مانگێك و. زۆر سوپاس .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو عظیمة خان .

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی کە لەم یاسایە هاتووە و ئەو گۆڕانکارییەی کە ئەمانەوێ بێت هاوسەنگیەك یان دادپەروەریەك لەنێوان کرێچی و خاوەن موڵك بەشێوەیەکی دادپەروەرانە هەردوولا زەرەرمەند نەبن ,دیارە ئەوەی کە زۆر گرنگە ئێمە قسەی لەسەر بکەین ئەگەر ئەو نیسبەیەی کە دانـراوە لـە قیمـەی کولی عـەقار بێـت مـن پـێم وایە بەشێوەیەکی نادادپەروەرانە هەر نیسبەتێك بتوانێت ئامانجی خۆی بپێکێ , لەبەرئـەوە مـن پشـتگیری پێشنیارەکەی دکتۆر ڕێباز دەکەم لەسەر بنەمای کرێ ی خانوو بێت باشترە ,لەبەرئەوە کولفـەی خانوویـەك لە پارێزگایەك یان لەسەنتەری شارە گەورەکان لەگـەڵ قەزایـەك لەگـەڵ ناحیەیـەك یـان لـەناو هـەولێر یـان سـلێمانی لـە گـەڕەکێك بـۆ گـەڕەکێکی تـر کولفـەی خانووەکـە بـایی بیسـت دەفتـەربێت لـە جێگایـەك بـۆ جێگایەکی تر کرێ کەی ئەگۆڕێت, بۆیە ناکرێت ئێمە بڵێین هەر نیسبەیەك دابنێین هاوسەنگیەك ئەبێ لە کولفەی ئەو خانووە وە ئەو بڕەی کە تێـی چـووە بتـوانێ بەشـێوەیەکی دادپەروەرانـە ئەوەشـی کـە گرنگـەو پێویستە ئێمە قسەی لەسەر بکەین دیارە کرێچی یەکی زۆر زۆر لە هەرێمی کوردستان هەیە, کارێك بکـرێ

هاوسەنگیەکە یان قورسایەکە لای هەرچۆنێك بیت خاوەن موڵك زەرەر ناکات بەڵام ئەگەر بەوشێوەیە دابنرێت، دارێژراوەتەوە، نیسبە دابنرێ زەرەری کرێچی تێدایە و ,سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل /سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو ماموستا سیوەیل.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

وەڵا هیچ قسەیەك لۆمن نەمایتەوە بیکەم وپشتگیری لە ڕای هاوکارانم دەکەم و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان.**

یاڕەبی خوایە ماڵت ئاوابێ. فەرموو کاك قادر.

**بەڕێز قادر احمد سمایل :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە ئیشکالیەتی زۆری تێدایە سەرەتا بەرەخنەیەکی بچووك دەست پێدەکەم , ئێمە ئەو یاسایەمان دوا خست ,بەڵام نەهاتین لیژنەیەکی هاوبەش دابنێین بۆ وردەکاری و بەدواداچوونی دەقیق بۆ ئەم یاسایە کە ئەم ڕۆژە لەم هۆڵە دوامان خست هێناومانەتەوە ناو بەرنامەی کار نەمان توانیوە وردەکارییەکانی کێشەو ناکۆکیەکانی ئەم یاسایە دیاری بکەین , بۆیە من بەش بە حاڵی خۆم هاوڕام لەگەڵ کاك کاردۆ ,ئەم یاسایە کە دواخراوە کێشەیەکی ئەوتۆی دروست نەکردووە  وە ئێستا کە بەرەو هەموارکردنەوەی دەبەین دڵنیام کێشە دروست دەکا, بۆیە من پێشنیار دەکەم هاوسەنگی ڕابگیرێ وە لایەنی هەژار لەبەرچاوبگرین ئیستا لە کوردستاندا کێشە هەیە وە ئەوانەی کێشەی نیشتەجێبوونیان هەیە ماناکەی ئەوەی کە دەخلی ڕۆژانەیان دەخلێکی کەمە وە ناکرێ ئێمە بەشی زۆری هاووڵاتیان کێشەیان بۆ دروست دەبێ لە مەسەلەی نیشتەجێبووندا لەبەرچاونەگرین وە مەوقعی خانوو و مەوقعی تێچوونیش جیاوازی هەیە ,خانووەك یان تەلارێکی گەورە لەهەر شوێنێك دروستی کەی لەسەر چیایەکی زۆر خۆشیش ئەگەر کولفەکەشی زۆر بێت ,بەڵام هاووڵاتی ناچێتە ناویەوە بۆ کرێ بۆ تێچوون, بۆیە من دیاری کردنی کولفەی تێچونەکە بەزیاد دەزانم، بەڵام دیسانەوە تەئکید لەوە دەکەمەوە کە دەبێ هەموو لایەکمان بەرژەوەندی خەڵکی هەژار و کرێیەکانمان لەبەرچاوبێ و ,سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك قادر هەمووومان دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە خەڵکی هەژار ,بەڵام ئەگەر موراعاتی دەوڵەمەندیش نەکرێ خانوو دروست ناکەن ,شوقە دروست ناکەن ,ئەبێ ئەو تەوازنە ڕابگیرێ.

فەرموو کاك اسماعیل.

**بەرێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان .ئەو یاسایە تەبعەن بۆئەوەیە عەدالەت لە کۆمەڵگا دا بەرپابکرێ, لە یاساکە دا هەم کرێچی هەم خاوەن موڵك هەردووکیان هاووڵاتی کوردستانن و هەردووکیشیان یەکسانن لەبەرامبەر یاساو ئابووری و کۆموڵایەتی دا , بەڕاستی ئەوەی کە من دەیبینم لەو هەموارە دا یەکسانی نابینم بەڕەئی من ئێمە غەدر لە خاوەن موڵك دەکەین ,چونکە خاوەن موڵك وە غەدر لە خەڵکیش دەکەین وە غەدر لە کرێچیەکانیش ئەکەین ,ئەوەی کە خانوویەکی هەیە بەراستی بە خاوەن موڵك داندرایە ,بەڵام ئێمە سەیری خەڵکی کوردستان بکەین ,خەڵکیکی یەکجار زۆر لە دەرەوەی وڵاتە ئەوانەی کە لە دەرەوەی وڵاتن هەرچی سەروەت و سامانی خۆیان کە هەیە هەموویان فرۆشتووە بۆئەوەی کە پێی بگەنەوە وڵاتەکە دوای ئەوەی کە ئەگەنە ئەوروپا چی ڕەنجی شانی خۆیان هەیە توانیویانە هەندێ پارە کۆبکەنەوە خانوویەکیان پێبکڕن لە هەرێمی کوردستان, خانووەکەیان بەکرێ داوە لێرە ئێستا هاووڵاتیەکەمان لە ئەوروپا دەیەوێ بگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان خۆی بچێتەوە ناو خانوو ,خانووەکەی لە دەست چووە ناتوانێت بەو قانوونەی ئێستا ئێمە پەسەندی ئەکەین,ئەو خاوەن خانووە ناتوانێت ببێتەوە خاوەنی خانووی خۆی خانووەکەی لە کیس دەچی یان ئەوەتا کەسێك ئەو ئیمکانیاتەی کە هەیبووە بە خانوویەکی داوە وە خانووەکی بە کرێ داوە, ئێستا پێویستی بە خانووەکەیە بۆ منداڵکانی خۆی ناتوانێت, ئێستا خانووەکەی لەدەست چووە بووە بە هی کرێچی ,ئەگەر کەم بێت یان زۆر بێت پشتیوانی لە کرێچی یەکە ئەکەم ,بەڵام خاوەن موڵکیش هەر هاووڵاتی کوردستانە, بۆیە من پشتیوانی لە قسەکەی کاك کاردۆ ئەکەم بەڕاستی پێویستە جارێکی تر دوای بخەین یان تەگبیرێکی تری بکەین ئەمن عەدالەت لەم یاسایە دا نابینم و ,زۆر سوپاس.

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو کاك لقمان.

**بەرێز لقمان سلیمان حسن :**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان .**

من بشتوانی هاورێیانم دەکەم بەوەی ڕێژەکە بکرێتە لە سەدا سێ وە بەهیچ شێوەیەك لەسەدا سێ زیاتر نەبێ وە نابێت کێشەو خەم و موعاناتی کرێچی زیاد بکەین , چونکە هەموومان ئەزانین ئەوەی لە خانووی کرێ دایە چ موعاناتێکی هەیە وە پشتگیری ئەو ڕایە دەکەم کە پێنج ساڵ جارێك بێت وە نامەوێ زۆر درێژەی بدەمێ و ,زۆر سوپاس.

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو د.شڤان.

**بەڕێزد. شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم یاسایەدا ئێمە لەبەردەم دوو مەسلەحەتین,مەسلەحەتی موستەئجیرو مەسلەحەتی موئەجیر,بەڵام تێبینی سەرەکیم لەسەر ئەم یاسایە هەیە بەپێی ئەوەی کە تاقیبم کرد ئەم یاسایە بێ جیهەتی مەعنی ئامادە کراوە کە زۆر جەوانبی گرنگ تێدا هەنە کە لەوانەیە لە پاشەڕۆژدا مەشاکیل و گرفت دروست بکات ,بۆیە من پێم باش بوو پێش ئەم یاسایە بێتە ناو پەرلەمان لەگەڵ جیهەتە مەعنەوییەکان یەعنی موستەئجیرو موئەجیر ئەوان قسەی خۆیان هەبا, جیهەتی مەعنی زەریبە مەسەلەن, موهەندیسین ,موحامین ئەوانە ئەم مەسەلانە ,چونکە کوشتنی لێ دروست دەبێ, مەشاکیل دروست دەبێتن ,قانوونیش بۆ ئیستقراری موعامەلاتە, بۆ پاراستنی حیمایەی خەڵك و مەسالیحی خەڵکە, بۆیە من دەبینم ئەم یاسایە زۆر بە ناقسی هاتووە کە لایەنە گرنگەکانی یان جیهەتە مەعنەوییەکان قسەیان تێدانەبووە ئەو لیژنەی کە لەم یاسایەدا هەیە دەبینم لیژنەکە لیژنەیەکی زۆر باش نیە یان لەجێی خۆی نیە تەنیا زەریبە بێتن, زەریبەی عەقار بێتن من پێم باشە لیژنەکەئیزافە بکرێ جیهەتی کرێ نشینان کەسێك تێدا هەبێتن ,غورفەی تیجارە کە زۆربەیان ئەوانەی موئەجرن لە غورفەی تیجارە کەسێك تێدا هەبێتن وە حاکمێکیش مەسئوول بێت لێی ,ئەمە مولاحەزەی دووەممە, مولاحەزەی سێ یەم لەسەر ئەمەی کە دەڵێن( من القیمة الكلیة للعقار ) وازح نیە قیمەی کولی عەقار دەبێت قیمەی کولی عەقارقیمەی بینایەکە بێت؟ قیمەی ئەرزەکە بێتن, زائیدەن قیمەی مەوقیعەکە بێتن لەبەین قەوسدا ئەمەی بۆ ئیزافە بکرێتن, بۆئەوەی دیاربێتن کەئەم لیژنەیە لەسەر چ ئەساسێك تەخمین دەکاتن وە ئەوەی کە دەڵێت( ان لا تزید الایجار السنوي عن اربعة بالمائة) حەقەتەن ئەمە مەسەلەیەکی تەقدیرییە بۆ ئەم لیژنە تەخمین دەکاتن, تەقدیر دەکاتن, یەعنی لە یەکەوە تا چوار ,بۆیە من پێم باشە وەکو خۆی بمێنێتن وە من هەرئەوەندە مولاحەزەم هەبوو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان, من سەرەتا پێم خۆش بوو ئەو کورسیانەی کە لە پێشەوە دانیشتینە وەزارەتی بەلەدیات و هەیئەی ئیستیسمارو وەزارەتی عەدل ووەزارەتی مالیەی نوێنەریان تێدابا ,بۆ؟چونکە ئەو قانوونە ئەگەر تەماشای بکەی دەڵێ هەر لە یەك کەلیمەی ئەو نیسبەتە (تخمین من قیمة الكولیة للعقار) عەقار پەیوەندی بەو وەزارەتانەی کە باسمان لێکرد هەیە,کە دەڵێین تەقدیری قیمەی کولی للعقار دەبێت زۆر زۆر بە تەوازون قسەکەی لێ بکەین, چونکە ئەوە عیلاقەی بە ماستەر پلان و ئیستیسمار هەیە عیلاقەی بە وەزارەتی بەلەدیات هەیە شێوازی ئەوڕۆ وەك شێوازی سبەینێ نیە ئەو ماستەر پلانەی کە

ئەمن دامنایە تەختیت بکەم لۆ سێ ساڵی دی ئەو ماستەر پلانە نیە ئەوەی کە ئەورۆ ئەمن حوکمی لەسەر ئەدەم ,لۆیە من لەگەڵ قسەکانی کاك عمر و کاك د.ڕێباز لەسەر ئەوەی داتایەکی فیعلی لەسەر مەسحەکی فیعلی مەیدانی حەقیقی نیە لە مابەینی تەوازونێك کە کوێستان خان باسی کردکە ئێمە بتوانین قەراری لەسەر بدەین,لەسەر سیعرەکە لەگەڵ تەقدیری کاك د.ڕێبازیمە کە دەڵێ بزەبت تەخمینی ئەو سیعرەی بکەین و بزانین و بڕۆین,لەگەڵ قسەکەی سەدا سەدی کاك ئاسۆیمە هەتا دەردی سلێمانی گوتەنی تا سەر ئێسقان,دەشڵێم لۆ؟ چونکە ئەوەەی کاك ئاسۆ گوتی ڕاستە بانقەکان ئەمڕۆ بانق بەخۆی مولّکم لۆ دەکڕی لە دەرێ من دەتانم ئەو پارەیە ئەگەر رەئسمال بم بەڕێزان موستەلەحەکی زۆر زۆر قەدیم هەیە کە دەڵێ ڕەئسمال جەبانە, بەپێچەوانەوە ڕەئسمال زیرەکە , ڕەئسمال ئەورۆ جەریئە ,ئەو پارەیەی کە ئەمن لێرە بە مولّکی دەیفرۆشم دەمەوێ بینایەکی بکڕم و بیڕوخێنم مالیك ڕێنەدات وقانوون ڕێمنەداتێ و کرێچی لێی دەرنەچی و سەر لە کرێچی بشوێنم سبەو دووسبەی دەچم لە بانقەکی یۆنان یان لە بانقێکی ئیسپانیا دایدەنێم ئەو بانقە خۆی مولّکم لۆ دەکڕی ,ئینجا بۆیە بەڕێزان ئێمە دەبێ زۆر زۆر بەدەقیقی تەماشای ئەو قانوونەی بکەین وە ئەو قانوونە مەسحەکی مەیدانی دەوێ تەوازون لە مابەینی کرێچی و خاوەن موڵك دەبی پەیدابی و, زۆر زۆر سوپاس, هەرئەوەندە قسەم هەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو کاك شۆڕش.

**بەڕێز شۆڕش سید مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەگشتی پشتگیری لە هەموارکردنی ماددەی دوو دەکەم بەچەند تێبینیەك یەکیان دەڵێ (لطرفی عقد الایجار) لەبۆیان هەیە لە دوای سێ ساڵ پێداچوونەوە بە کرێ ی ساڵانە بکەن کە بەپێ ی ئەوەی کە پێشتر لەسەری ڕێکەوتووین لەسەر ئەو ئەساسە , بەڵام (لطرف عقد الایجار) ئەوەیە کە من لێی تێگەشتبم هەردووکیان بەیەکەوە چۆن ڕێك دەکەون و داوای ئەو پێداچوونەوە بکەن ,دایمەن یەکێکیان خۆی بە مەغدوور دەزانێ و داوا دەکات, ئەوەی تریان ڕەنگە پشتگیری لێ نەکات ,بۆیە من پێم باشە ئەگەر مەبەستەکە لەوەی بێ لەتەرەفی عقد ایجار هەردووکیان بە یەکەوە داوای ئاڵوگۆڕەکە بکەن بنووسرێ (لای طرف) یەکێك لەوانە داوا بکات من پێم وانیە هەردووکیان ئەوە تێبینی یەکەم,تێبینی دووەم سەبارەت بەگۆڕانکاری لە ڕێژەی کرێ ی ساڵانەکە دوای سێ ساڵ ئەگەر لەسەر بنچینەی قیمەی کولی عەقار بێت لە سەدا چوار زۆرە ,بکرێتە لەسەدا دوو یان لەسەدا سێ ,باس لەوەش دەکا دەڵێ (لاتزید عن الاجرة السنویة) وەکو بەشێك لە خوشك و برایان باسی ئەوەیان کرد شەرت نیە قیمەتی عەقار تەنها لەبەرزبوونەوە بێت ,فەترەی وا هەیە قیمەتی عەقار دائەبەزێ ,کە قیمەتی عەقار دابەزی پێم وایە من پێشنیاری ئەوە دەکەم بنووسرێ (لاتقل ولا تزید ) بەس باس لە زیادەکە کراوە, باس لە زیادەی قیمەتی کولی عەقار کراوە , ئێ خۆ فەترە هەیە قیمەتی کولی عەقار دائەبەزی , ئەو کاتە بۆ لایەنەکەی تریش هەبێ داوا بکات بڵێ لا تقل

داوای کەمبوونەوەشی بکات لێرەدا تەنها باسی زیاد بوون دەکات ,بۆیە من پێشنیار دەکەم داوای کەمبوونەوەش ماڤی هەبێ ئەوەی خۆی بە مەغدور دەزانی داوای کەمبوونەوەی ئەو قیمەتە بکات ,لەبەرئەوەی قیمەتەکەی دابەزیوە ئەگەر لەکاتی بەرزبوونەوەی قیمەت لەسەری زیادبکرێ بۆ لەکاتی کەمبوونەوەدا قیمەتەکە بۆی کەمنەکرێتەوە , وە تێبینیەکی تریشم لەسەرئەوەی دانان یاخود زیادکردن یا کەمکردنەوەی ڕێژەی کرێ ی ساڵانەکە لەسەر قیمەتی عەقارەکە نەبێ, بەڵکو لەسەر موقیعی عەقارەکەو لەسەر هەڵکشان و داکشانی بازاڕ بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك شوان کابان.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لەهەموو ئەو بۆچوون وڕەئیانە دەکەم کە تەئکیدیان لەوە کرد کە بەرژەوەندی هەردوو تەرەڤ ئەو هاوکێشەیە لەبەرچاوبگیرێت , دووەم بۆئەوەی کە ئێمە تۆزێك بەلای کرێچی دا دایشکێنین بەتەسەوری من چونکە ئەوانە حەقیان زۆرترە لەسەر ئێمە و موستەحەقترن بەڕاستی بەکرێ لەو شوێنەدان , بەڕای من ئەو لەسەدا چوارە ئەگەر بکرێ بە لەسەدا سێ ئەوکاتە ئێمە لەوانەیە لەسێ ساڵەکەش بیرێکی باش بێت زەمەنێکی باش بێت وە داوای ئەوە نەکەین بکرێ بە لەسەدا چواروپێنج هەم ساڵەکە سێ بێت هەم نیسبەتەکەش چوارەکە بکرێ بە لەسەدا سێ بەتەسەوری من تەوازونێکی باش دەبێ بەلای کرێچی دا و , زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك برهان.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامی پەرلەمان پرسیار و ئیستفساریان هەبوو لەسەر قانوونەکە ئەگەر بکرێ پرسیاری هەموویانم نوسیووە بۆ بەرچاو ڕوونیان تا حیکمەت لەم تەعدیل قانوونیە بۆیان ڕوون بێتەوە.

بەڕێز کاك حەمە سعید ئەڵێت ئێمە نیسبەت چیە لەو ماددەیە بۆچی ئەو ماددەیە دانراوە؟

ئێمە روونمان کردۆتەوە لە ماددەکە( بالنسبة للعقارات المؤجرە لغرض السکن) تەنها بۆئەوەیە ,بەڕێزێك هەر کاك حەمە سعید ئەڵێ کرێچی ساڵێك پێش ئێستا بەکرێی گرتبێت و دوای داوای ئیعادەی تەقدیر بکات لە خاوەن موڵك, ئێمە وتوومانە سێ ساڵ تێنەپەڕێ ,خاوەن موڵك حەقی نیە قانوونەکەش کە دەرمان کردووە هێشتا دەرنەکراوە ئەگەر سەیری مەوادی پرۆتۆکۆڵی بکەی لەئاخیرەکەی نووسراوە تەئریخی بڵاوکردنەوەی لە جەریدەی وقائع کوردستان ئەوە تەنفیز دەکرێ, ئەو وەختە ساڵێك بووبێت ناتوانێ شتێ بکات تەنها دەبێ سێ ساڵ تێپەڕێنێ,کرێچی ئەڵێ نیسبەتی لە سەدا چوار زۆرە ئەوە

ئەگەرێتەوە بۆ سەوتی ئەندامانی پەرلەمان بەڵێ راستە کۆمەڵێك ئیقتراحات هەیە دوایی من ئەیخەمە بەردەستی سەرۆکایەتی پەرلەمان, ئایا نیسبەتەکە چەندە؟ لەسەدا چوار زۆرە ڕەئی جەنابیەتی موحتەرەمە ئەوە دەخرێتە دەنگدانەوە نیسبەتەکە چەندی لێ بێت؟

باس لەوە ئەکات هاتینە سەر قسەکانی کاك دلێر: ئەڵێ سێ ساڵەکە بکرێتە پێنج ساڵ ئەوەش ئیقتراحی چەند کەسێکە تەقدیمی دەکەین و بخرێتە دەنگدانەوە, هەروەها داوا دەکا لەسەدا سێ قیمەتی کولی بێت ئێمە لاریمان نیە بەدەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان, هەروەها کاك دلێر ئیقتراحێکی جوانی هەبوو دوو سێ ئەندامی پەرلەمان تەئیدیان کرد وە دەڵێ جارێ یەکەم بۆ لەسەدا پێنجی قیمەتی کولی عەقار لەسەدا سێ و چوار کە قیمەتی کولی عەقار تەقدیر ئەکرێ دوای ئەوە کە زیادکردنێك ئەکرێ با لەسەدا پێنج بۆ لەسەدا دە ئەو نیسبەتەی جاری یەکەم نەبێت ئەوە شتێکی مەنتیقیەو عەدالەتیشەو دەیخەینە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان لەڕێگەی سەرۆکایەتی بەرێزەوە ,

کاك د.احمد ئەڵێ:سێ ساڵ بکرێتە پێنج ساڵ ئیقتراحی چەند کەسێکە دەیخەینە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان بیخاتە دەنگدانەوە, کاك ئەحمەد ئەڵێ سێ ساڵەکە کەی دەست پێ دەکات ئێمە لە قانوونەکە ئیشارەتمان پێداوە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی وقایعی کوردستان دەست پێ دەکات, تەعنەکە ئەڵێ لە 15 ڕۆژەوە بکرێ بە 20 ڕۆژ ئەوە ئیقتراحی سێ ئەندامی پەرلەمان بوو ئەوەش دەخەینە بەردەستی رازاو خان و چەند کەسێکی تر کە بخرێتە دەنگدانەوە ,دەربارەی وتەکانی کاك جەمال تاهیر سێ ساڵ باشە خاڵی دووەم ئەڵێ لەسەدا چوارەکە (علی ان لا تزید) ی تیابێت ئێمەش هەروامان نووسیوە ئەگەر دیقەتی ماددەکە بدەی ئێمە وتوومانە زیاتر نەبێت, کەمتر بێت بە ئیتیفاقی هەردوو تەرەف زۆر جائیزەو هیچ نەسێکی مانعی قانوون نیە, موقتەریحێکی تر لەڕووی زمانەوانیەوە لەلایەن کاك عەونیەوە درا سوپاسی ئەکەین ,ئەگەر بکرێ ئیقتراحی چوارەمی ئەوەبوو بکرێ (لای من طرفي الدعوى ) ئێمە مەبەستمان ئەوەیە هەرلایەنێك ئەتوانێ تەلەبی ئیعادەی تەقدیر بکا ,هیچ لاریشمان لێی نیە ئەگەر موستەلەحەکە بکەنە لای طرف ,

بەرێز زکیە خان ئەڵێ باشە سێ ساڵ بێت ئیعادەی تە قدیر خاڵی دووەمی لەسەدا چوار زیاد نەبێت , باشە ئێمەش هەروامان وتووە نابێ لەسەدا چوار زیاتر بێت 15 ڕۆژەکەی پێ باشە بکرێتە 20 ڕۆژ ئەمە ئەخەینە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆئەوەی بیخاتە دەنگدانی ئێوە , وە سێیەم خاڵی ئەڵێ با حاکم قەرار نەدا , ئێمە وامان لێکردووە بەپێچەوانەی جاری پێشووەوە جاران ئیعترازێ تەقدیم ئەکرا , دیاری نەکرا بوو چۆن بوو بەبێ ئەوەی تەئریخی مرافەعات دابنێت لیژنەیەکی دەرئەکرد لەگەڵ خوبەراو زەریبەی عەقار و ئێمە وامان لێکردووە ئەمجارە ببێت بە ( مرافعة یا سبیل استعجال) ببینرێت لە مەوادی بەپێی مەوادی موستەعجل لە قانوونی مورافەعاتی مەدەنی .

هاوڕاز خان ئەڵێ پشتگیری کاك حەمە سعیدو کاك دلێر ئەکا ,بەڵێ منیش وتم ئیقتراحێکی جوانی کردووە کاك دلێر و کاك حەمە سعید ,هەروەها ئەڵێ لەسەدا چوار زۆرە ئەیخەینە بەردەمی سەرۆکایەتی بۆئەوەی

بیخاته دەنگدانەوە ,سێیەم ئەڵێ خاوەن موڵك بە ئارەزووی خۆی زیادی ئەكا نەكرێت ئێمە ئیشارەتمان پێداوە بەرێزم نوسەخەیەك لە عەقدەكەی تەسلیمی دایرەی زەریبەی عەقاری بكات ئەگەر هەرچ موخالەفەیەك هەبوو لەو زیادكردنە لەو مودەیە چی نیسبەت زیاتر بوو ئەو وەختە ئەیدا بە ئیدعای عام و لە نیزامی عام ئیجرائات لەگەڵ خاوەن موڵك دا ئەكرێ , ئەوەشمان عیلاج كردووە لەم قانوونە , هەروەها باسی ئەوە ئەكات موڵكیەی عامەمان بۆ پێناسە بكرێ لەم ماددەیە باسی موڵكیەی عامەمان نەكردووە.

ناسك خان ئەڵێ لەسەدا چوار بكرێتە لە سەدا سێ , ئێمە ئەیخەینە بەردەستی سەرۆكایەتی ئیقتراحی چەند كەسێكە بیخاته دەنگدانەوە داوای تەوزیحی زیاتر لە لیژنەی قانوونی بدرێ تا وازیح بێت لامان باسی قیمەی كولی عەقارەكا , قیمەی كولی عەقار لەسەر ئەو ئەساسەیە مەتری ئەرز چەندێكە لەو جێگایە وە قیمەتی بیناش دێتە سەری بەچی مەوادێك كراوە وە چەندی تێچووە وە كۆی ئەكاتەوە كە كۆی كردەوە نەتیجەیەك ئەكا ئەو نەتیجەیە تەقسیمی لە سەدای ئەو نیسبەتە ئەكا كە دانراوە بۆ بەرچاو ڕوونی بەرێزتان داوای تەوزیحی زیاتر لە لیژنەی قانوونی ئەكرێ تاوەكو وازح بێت لامان ,تەوزیحەكە ئەوەیە كە لە 7/15ی ئەم ساڵەوە جێبەجێ ئەكرێ ئەگەر كوێستان خان ئاگادارە وەكو بەرپرسی نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی كوردستان چەندەها موزەكەرەو چەندەها وەجبە خەڵك هاتوون كە دەڵێن ئێمە دوكانمان بەسەر قفڵی كرێوە , كرێچی چۆڵی ناكەن , ڕێگە نادەین بە قانوونی مەدەنی ماددەكانی 740 بەرەو ژوور ڕێك لە قانوونی مەدەنی ساڵی 1951 ئێمە ئینزار بكرێتە سەرمان و چۆڵ بكرێت , ئێمە تووشی مەشاكیل ئەبین و ئاژاوە دروست ئەبێ , لە هەولێرو لە سلێمانی دا ئاشتی كۆمەڵایەتی و ئاشتی و ئارامی لە ناو هەرێمی كوردستان دا ئەكەوێتە مەترسیەوە , بۆیە ئەم یاسایە ئێمە تەعدیلەكانمان كردووە بگەڕێنەوە بۆ یاسای 87ی ساڵی 1979 لەگەڵ وەرگرتنی ئەوەی بە نەزەر ئیعتیبار لە دوای ساڵی 2002 ەوە یان بەپێی قانوونی ساڵی 2008 ئەو موڵكانەی بە مەدەنی دراون بە كرێ هەر بەمەدەنی ئەمێننەوە ,دەربارەی قسەكانی د.ڕێباز داتامان لا نیە ئەو داتایە وەكو من بزانم لە كۆمەڵەی كرێ نشینانم پرسیوە مومكینە هەشتا هەزار كرێچی بۆ خانوو ,بەڵام بۆ دوكان نازانم باس لە قیمەتی ئەرز و بینا ئەكات ئێمە بەڵێ پێویستە بەنەزەر ئیعتیبار وەرگیرێ ئەو خانووە لەو مەوقیعە چەندێك ئەكات هەڵبەتە ئەگەر زیاتر بكات مەترەكەی گرانترە ئەگەر كەمتر بكا مەترەی ئەرزەكە هەرزانترە ,بۆیە شتێكی زۆر عادیلانەیە بەپێی قانوونی 87ی ساڵی 1979 بەو شێوە ڕۆیشتووە لیجان قیمەتی مەتر بە مەتری ئەرزەكەی حساب كردووە لەگەڵ قیمەتی مەوادی بینایە .

كاك خلیل دەربارەی مودەو نیسبە كە داوای دابەزاندنی نیسبە ئەكات مودە زیاد كردن ئەكات وە پرسیارێكی كرد كە ئەڵێ عەقاری سەكەن هەیە لە مەوقیعی تیجاری ئایا غەدر نیە قیمەتەكەی لەسەرئەساسی ئەرزو بینا بێت كە زیاترە بەڵێ ئەوە غوبنی تیایە ئەو كەسە ئەتوانێ لەوێ خانوو نەگرێ لەشوێنی تیجاری با كۆمپانیا بیگرێ لەشوێنی سەكەنی.

ماموستا عمر باسی ئەوەی کرد کە ئاشتی خان پرسیارێکی کردبوو لەپێش کۆتایی هاتنی جەلسەی پێشوو کە ئێمە بۆ باسی ماددەی یەك لە قانوونی رەقەم 9ی ساڵی 2008 ئەو پرسیارەی ئاشتی خان ماددەی یەك باس لە ئیلغای ماددەی سێ ئەکاتەوە لە قانوونی 87ی ساڵی 1979 ماددەی سێش لە ئەسڵی قانوونی 87ی ساڵی 1979 باس لەوە ئەکات کە هەموو عقودێکی ئیجار ئیمتیدا دەبێ بە حوکمی قانوون مادام کرێچیەکە ئیشغالی خانووە کرێ یەکە ئەکات ئەگەر سەرپێچیەکی نەکرد بە پێی ماددەی 17ی قانوونی 87 ئەو ماددەیە پێویست بەوە ناکات ئێمە ئیشارەتی پێ بدەینەوە لەبەرئەوەی لەم تەعدیلە ماددەی یەك و ماددەی دوو چارەسەرمان کردووە لە سێ شوێن .

دەربارەی کوێستان خان کە ئەڵێ نەچۆتە بواری جێبەجێکردن بەهۆی کەم و کوڕی , ڕاستە لەبەرئەوەی ترساوین لەوەی کە ئاشتی کۆمەڵایەتی هەرێم بخاتە مەترسیەوە وە نیسبەکە زۆرە ئەوە لەگەڵێدابین بخرێتە دەنگدان لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بە نیسبەت ئەوەی دابە زینرێت , ئێمە وەکو لیژنە ئەمە ئەخەینە بەردەستی سەرۆکایەتی .

دەربارەی کاك عمر هەورامی لەسەدا چوار لەسەر چ ئەساسێك بڕیاری داوە قانوونی 87ی ساڵی 1979 بەم شێوەیەیە سێ ساڵەکە بکرێتە پێنج ساڵ ئەوە ئەخەینە بەردەستی سەرۆکایەتی , دەربارەی ویستی خاوەن موڵك بینا بڕوخێنێت چارەسەرمان کردووە بە ماددەیەك سەیری باقی مەشروعەکە بکەین زۆر ڕێك و پێکترە لە قانوونەکانی پێشوو ,کاك ئاسۆ باس لەوە ئەکات تەوازونی تێدابێت قیمەتی سیعری فائیدە ئەوەیە پێویستی بەوەیە بە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان ,کاك د.عمر نورەدینی بەسوودی کرێچی قانوونەکە تەواو ئەبێ ڕاستە ئێمە لەبەرئەوە ئەترسین ئاشتی کۆمەڵایەتی بخاتە مەترسیەوە پێویستمان بە داتایە بە داخەوە نەمان توانی داتا وەرگرین لەبەرئەوەی 7/15 قانوونەکە تەنفیز ئەبێ و ئەترسین ئاشتی کۆمەڵایەتی بخاتە مەترسیەوە لە کاتێکدا 1ی مانگ پشووی پەرلەمانە , سێ ساڵ باشە .

هەروەها سۆزان شهاب باسی ئەوە ئەکات لە خانوو بانق و شەریکات دروست ئەکەن ئەوە ڕاستە , بەڵام لە وڵاتی ئێمە ئەو شتە نیە ,

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەتوانین بڵێین تەقریبەن جوابی پرسیاری هەموو ئەندامانمان دایەوە , هەرچ کەسێك شتێکی هەبێ ئێمە ئامادەین جوابی بدینەوە , زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان**

د. ڕێباز فەرمووە.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود.:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

ئەو دوو وەڵامەی کە درایەوە ئەسڵەن هیچ پەیوەندیەکیان بە قسەکانی منەوە نەبوو ,یەکێکیان من باسی داتام نەکردووە لەسەرئەوەی چەند کرێ نشین هەیە ,من باسی ئەوە ئەکەم داتا لەسەر کرێ , کرێ ی خانوو لە شوینە جیاوازەکانی کوردستان نەك داتا , داتام بۆچیە چەند کرێ نشینێك داتام ئەوێ لەسەر

سیعری خانوو لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستان چەندە تا تۆ تێکڕایەك وەرگری لەسەر بنەمای ئەو تێکڕایە ڕێژەکە دابنێی ,دوای ئەوە من باسی ئەوەم نەکردووە تەقدیری سیعری خانوو لیژنەکە دای بنێ باسی ئەوەم کردووە لیژنەکە تەقدیری کرێی خانوو بکات نەك سیعری خانوو , سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای گوێ بیستی ڕایە جیاوازەکانی ئەم یاسایە چەندین ساڵە ڕایدەگرین لە پێناوی دادپەروەری لە کۆمەڵگاکەمان خاوەن موڵك و کرێچی بەراستی من ئەمەم زۆر پێ گرنگ بوو کە باسی تەقیم دەکرێ یان هەڵسەنگاندن ئەکرێ یان کە باسی ئەو تەقیمە ئەکرێ بە وردەکاری و داتا نموزەجێکمان بدەنێ بڵێن ئەو نموزەجە لە کرێ ئەوەندە بێ لەسەدا چوار بێ , ئەوەندە دەرئەچێ ئەگەر دوکان قیمەتەکەی ئەوەندە بێت نموزەجەکی بە زانیاری بڵێن ئەوەندە دەرئەچێ , بۆیە ئینسان کە بڕیارێکی دا کێشەو گرفت دروست نەکات بۆئەوەی کە تۆ دەتەوێ یاسایەك دەرکەی دادپەروەری جێبەجێ بکەی , بیکەیتە گرفت لە ناو کۆمەڵگا , لەبەرئەوە من ئەگەر ڕەئی جیاوازیش هەبێ داوا دەکەم بیست دەقەیەکمان بدەنێ لەناو فراکسیۆنەکان موناقەشە بکەین و بە ڕەئی موشتەرەك بێینەوە بۆ ئەوەی بەرچاومان ڕوون بێ و, سوپاس .

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل:سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە وەکو سەرۆکایەتی ئەو تێبینیەمان پێ باشە , بۆماوەی نیو سەعات دەرفەتتان ئەدەینێ فەرموون لە بەینی خۆتان ڕاوێژبکەن بەسیغەیەکی موشتەرەك تا ئەو کاتە بە خواتان ئەسپێرم.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەم کاتەتان باش ئێمە ئەو دەرفەتەی نیو سەعات زیاترمان پێدان تا لەبەینی خۆتان جۆرێك لە تەوافوق و سازان لەنێوانی خۆتان دروست بکەن هەروەکو هەمووڵایەکمان ئەزانین یاسایەکی موهیمە و رەبتی بە خەڵکانێکی ئێگجار زۆر هەیە لە کوردستان دیارە هێشتا ئەو تەوافوقە دروست نەبووە , بۆیە ئێمە لە سەرۆکایەتی پێمان باشە دانیشتنەکەمان دوابخەین بۆ سەعات یانزەی رۆژی دووشەممەی هەفتی داهاتوو تائەو کاتە بە خواتان دەسپێرین بە ئومێدی ئەوەی لەبەینی خۆتان تەوافوق دروست کەن لەسەر هەر لایەنێ لە لایەنەکان بێت سوپاستان دەکەین.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (29)**

**دوو شەممە ڕێکەوتی 10\6\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (29)

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2013/6/10

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2013/6/10 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (29)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (29)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2013/6/10 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری هەمواركردنی یاسای ژمارە (9) ی ساڵی (2008)، كە تایبەتە بە هەمواركردنی پیادەكردنی یاسای بە كرێدانی خانووبەرە ژمارە (78) ساڵی (1979) ی هەمواركراو لە هەرێمی كوردستانی عێراق.

2-خستنە ڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژە یاسای كانزا نا پۆڵاییەكان لە هەرێمی كوردستان.

3-خستنە ڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای جێبەجێكردنی یاسای خزمەتی زانكۆیی ژمارە (23) ساڵی (2008) ی عێراقی فیدراڵ و، هەموارەكانی لە هەرێمی كوردستانی عێراق.

4-خستنە ڕوو و پەسەندكردنی پەیمانی هاوبەش و گەشەپێدان لە نێوان دەستەڵاتە گشتیەكان و ڕێكخراوە نا حكومیەكان.

5-خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای هەمواركردنی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان.

6-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای لیژنەی ئۆڵمپی هەرێمی كوردستانی عێراق.

7-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای شوشتنەوەی پارە (غسیل الاموال) لە هەرێمی كوردستانی عێراق.

8-خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای دیاری كردنی نوێنەر لە گەڕەك و گوندەكان.

لیژنەی یاسایی فەرموون بۆ سەكۆی لیژنەكان، فەرموو كاك گۆران.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێدەكەین، پەرلەمانی كوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (29)، ڕۆژی دانیشتن 2013/6/10،

بەرنامـەی کـار، بـە پێـی حوکمـەکانی بڕگـە یـەکی مـادده (20)، لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە یـەکی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلـەمانی کوردسـتانی عـێراق، دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بڕیـاری دا بەرنامـەی کـاری دانیشـتنی ژمـارە (29)ی ئاسـایی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، لـە کاتـژمێر (11) پـێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 2013/6/10 بەم شێوەیە بێ:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری هەموارکردنی یاسای ژمارە (9) ی ساڵی (2008)، کـە تایبەتـە بـە هـەموارکردنی پیـادەکردنی یاسـای بـە کرێـدانی خانووبـەرە ژمـارە (78) سـاڵی (1979) ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

2-خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای کانزا نا پۆڵاییەکان لە هەرێمی کوردستان.

3-خستنە ڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای جێبەجێکردنی یاسای خزمەتی زانکۆیی ژمارە (23) ساڵی (2008) ی عێراقی فیدرال و، هەموارەکانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

4-خستنە ڕوو و پەسەندکردنی پەیمانی هاوبەش و گەشەپێدان لە نێوان دەستەڵاتە گشتیەکان و ڕێکخـراوە نا حکومیەکان.

5-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هـەموارکردنی یاسـای وەزارەتـی بازرگـانی و پیشەسـازی لـە هـەرێمی کوردستان.

6-خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای لیژنەی ئۆڵمپی هەرێمی کوردستانی عێراق.

7-خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای شوشتنەوەی پارە (غسیل الاموال) لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

8-خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای دیاری کردنی نوێنەر لە گەڕەك و گوندەکان.

لیژنەی یاسایی فەرموون بۆ سەکۆی لیژنەکان، فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ڕۆژی پێنج شەممە بە واژووی (39) پەرلەمانتار یاداشتێکمان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کـرد، بە مەبەستی پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلـەمانی کوردسـتان، بـەڵام دوێـنێ بـەڕێزتان بـە نووسـراوێك داواتـان لـە کۆمسـیون کـردووە کـە هەنـدێك لـەم زانیاریانـەتان کـە بەشـێکی لـە یاداشتەکەی ئێمەدا هاتووە پێشەکەشی سـەرۆکایەتی پەرلـەمانی بکـات، یەکـەم شـت ئـەو نووسـراوە تـەعبیر ناکات لـە وەڵامـی یاداشـتەکەی ئێمـە، چـونکە بـە پێـی پـەیڕەوی نـاوخۆ ئێمـە ئەگـەر زانیاریمـان بـوێ وەك لیژنەی مەعنی دەتـوانین داوای زانیـاری و مـەعلومات بکـەین و، بەڕێزیشـتان ئاراسـتەیان بکـەن، پێشـتریش چەندین نووسراوی هاوشێوەی ئەوە ئاراستەی وەزارەتی پلاندانان و کۆمسیون کـراوە، ئـەم یاداشـتە دەکـرێ لەناو هۆڵی پەرلەمان دەنگی لەسەر بدرێ، کە ئایا لیژنەی بۆ پێکدێ؟ یان نا؟ بۆیە ئەم وەڵامـەی بـەڕێزتان تەعبیر لە وەڵامی یاداشتەکەی ئێمە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

یاداشت دراوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش دیراسەی یاداشتەکە دەکات، هەروەها تەمهیدی وەڵامی خۆی دەکات بۆ نەفسی ئەو وەڵامەی کە ئێوە دەتانەوێ، بەڵام ئەوەی کە ئێمە کردوومانە بۆ ئەوەیە کەوا سەرۆکایەتی پەرلەمان بگاتە دیراسەیەکی تەواو تر، فەرموون بۆ بەرنامەی کار.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بۆ سوود وەرگرتن لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان داوا لە سەرۆکایەتی دەکەم کە بڕگەکانی (5، 6، 7، 8)، ببێتە بڕگەی (1، 2، 3، 4) ی بەرنامەی کار، بۆ ئەوەی خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەو پرۆژانە بکەین، ئینجا بەردەوام بین لەسەر بڕگەکانی تری بەرنامەی کار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر هەر ئەو مەوزوعەیە من وەڵامم داوە، هیچ وەڵامێکی ترمان ناوێ، ئێمە لە سەرۆکایەتی یاداشتت دا، دراوەتە پەرلەمان، پەرلەمان دیراسەی دەکات، دوایی وەڵامی حەقیقی دەداتەوە، ئێنجا دوایی لەسەر چ ئەساسێکە، تەبعەن دەبێ لەسەر ئەساسی راست و دروست بێ، ئەگەر لەسەر ئەم مەوزوعەیە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم مەوزوعە ئەوەندە ئاسان نیە، دوێنێ کۆمسیونی باڵای هەڵبژاردن لە عێراق ئاماری بڵاو کردووە، دەڵێ لە سلێمانی (159) هەزار دەنگدەر زیاد بووە، لە هەولێر (122) هەزار دەنگدەر زیاد بووە، لە دهۆك (74) هەزار دەنگدەر زیاد بووە، ئەمە وەقائیعن، ئەمە هی ئەوە نیە، ئێمە لەم جەلسەیە لێرەدا خۆ ئێمە لیژنە تەشکیل دەکەین لەسەر چ ئەساس؟ سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە خارجی بەرنامەی کارە، عەرزم کردی ئەگەر لەسەر ئەو مەزوعەیە پێویست ناکات، ئێمە هیچ مەعلوماتێك لە جەرائید وەرناگرین، ئێمە موباشیر داوا لە کۆمسیون دەکەین بە نووسراو وەڵامان بداتەوە، ئێمە ئیعتیماد لەسەر نووسراوی موباشیر دەکەین کە بۆ کۆمسیونە، بۆیە داوای لێبووردن دەکەین کە هیچ نوقتەیەکی نیزامی لەسەر ئەم مەوزوعە نیە، هیچ وەڵامێکی نەزەری ناتوانم لەسەر ئەم سەکۆیە بە ئێوە بدەم، تا ئەو مەعلوماتە نەگاتە دەستی ئێمە، فەرموون لیژنەکان بۆ سەکۆی لیژنەکان، لیژنە پێشنیار دەکات خاڵی (5، 6، 7، 8) کە خوێندنەوەیە بێتە ریزبەندی پێشەوە، بۆیە دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ دایە خوێندنەوەکان بێتە پێشەوە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، بە زۆرینەی دەنگ خوێندنەوەکان دێنە پێشەوە،

**خاڵی (5) ی بەرنامەی کار کە دەبێتە خاڵی (1):**

**خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان.** فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژەیەك بۆ هەمواركردنی یەکەمی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان، لەلایەن حکومەتەوە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە بە نووسراویان ژمارە (4456) لە (2010/5/14)، پرۆژەکە لە سێ مادده پێك هاتووە لەگەڵ هۆکاری دەرچوواندنی یاساکە، تەنها بەزمانی عەرەبی پێشکەش کراوە، بە ناوی (مشروع قانون التعديل الاول لقانون وزارة التجارة والصناعة في إقليم كوردستان_العراق، رقم (10) للسنة 2010)، داوا دەکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاراستەی لیژنەکانی پەیوەندیدار و ئەندامانی پەرلەمان بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە ئیحالەی لیژنەی یاسایی و پیشەسازی و بازرگانی و ئەندامانی پەرلەمان دەکرێ، فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار:**

**پرۆژە یاسای لیژنەی ئۆڵمپی هەرێمی کوردستانی عێراق.**

ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارە یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، کە لە بەرواری (2013/5/21) ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، بەم شێوەیە:

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانی عێراق**

**بابەت/ پرۆژە یاسا**

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە لە خوارەوە واژوومان کردووە، پێشنیار دەکەین کەوا پرۆژە یاسای لیژنەی ئۆڵمپی هەرێمی کوردستانی عێراق پێشکەش دەکەین، بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی پەرلەمان، گفتوگۆکردن لەسەری و دانی بڕیاری گونجاو، لەگەڵ ڕێزماندا، ئەندامانی واژوو کردووی پێشنیاری یاساکە:

شێردڵ تحسین محمد، ئارام قادر، یشار نجم الدین نورالدین، دانا سعید صوفی، فرمان عزالدین محمود، قادر حسن قادر، سەرگوڵ رضا حسن، سالم توما کاکۆ، کاروان صالح احمد، عمر عبدالعزیز بهاءالدین.

ئەم پرۆژە یاسایە لە (10) مادده پێك هاتووە، لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندنی، تەنها بە زمانی کوردی پێشکەش کراوە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئاراستەی لیژنەکانی پەیوندیدار و ئەندامانی پەرلەمان بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بە پێی حوکمی ماددەی (71) برگەی دوو، کە باس لەوە دەکات پرۆژە یاسا و بڕیارەکان کە بۆ ئەنجومەن دێن لەگەڵ هۆکارە پێویستەکاندا بەسەر ئەندامان دابەش دەکرێن، پوختەکەیان لە قەوسێکدا لە یەکەم دانیشتندا دەخوێندرێتەوە بەبێ گفتوگۆکردن، ئینجا حەواڵەی لیژنەی تایبەتمەند دەکرێ، لە برگەی چوار هاتووە لە نەفسی ماددەی (71) راپۆرتی هاوبەش لە هەردوو لیژنەکەوە بەرز دەکرێتەوە دوای دارشتنی لەلایەن لیژنەی یاساییەوە ئەویش دوای (10) رۆژ لە مێژووی هاتنی بۆ هەردوو لیژنەکە، ئەگەر داوایان لێ نەکرێ کە بە شێوەیەکی پەلە سەیری بکەن لەو کاتەشدا لە ماوەی پێنج رۆژدا پێشکەش دەکرێ، لە ماددەی (72) هاتووە دوای دابەش کردنی راپۆرتەکە، سەرۆك پرۆژەکە و راپۆرتەکە لە یەکەم کۆبوونەوە داخاتە روو، مەبەستی من لە خوێندنەوەی دوو فەقەرە لە ماددەی (71) و فەقەری دوو لە ماددەی (72) ئەوەیە، ئێمە بە پێی قانون بە پێی ماددەکانی (71، 72)، ئێمە مولزەمین پرۆژەکان کەیە لەگەڵ یەکەم دانیشتندا، واتە باس لە یەکەم کۆبوونەوە دەکات ئەمە مەعنای تەسەلسولی زەمەنیە، تەسەلسولی تەئریخیە، ئێمە چەند پرۆژەیەکی گرنگمان هەیە، چەند پرۆژەیەك هەیە تازە هاتووە دەخرێتە بەرنامەی کارەوە، بە داخەوە پرۆژەی تەسجیلی خانووە بێ تۆمارەکان، پرۆژەی قانونی ئیدعای عام پێویست بوو موقەیەد بین بەو قانونەی کە خۆمان تەنزیمی ئەعمالی ئێمە دەکات ئەو پرۆژانە بخرێتە بەرنامەی کارەوە، لە کاتێکدا دەزانین ئێمە مودەیەکی کەممان ماوە، بۆیە من داواکارم لە سەرۆکایەتی بەڕێز بە پابەندبوون بە ماددەی (71، 72)، پرۆژەکانی پێشتر بە تەئریخی زەمەنی تەقدیم کراوە بە ئیستیناد لەسەر ماددەکانی (71، 72) ی پەیڕەوی ناوخۆی ساڵی (1992) ئەوانەش بێنێتەوە بەرنامەی کار و بە تەسەلسولی زەمەنیەوە پێش خاتەوە، هەندێ پرۆژە دەبینم کە هەمووی دوو مانگ نیە هاتۆتە پەرلەمان خراوەتە بەرنامەی کارەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان ئیشارەتی بە پەیڕەو دا، ئێمە هەموومان مەلکەچین بەو پەیڕەوە، بەڵام بەراستی خۆتان باسی تەوافقات دەکەن، هەندێك پرۆژە کە ناگەنە تەوافق ئێمە ناتوانین بیخەینە بەرنامەی کار، بۆیە زیاتر ئەم کارە لەلای لیژنەکانە، کە لیژنەکان ئیشەکانیان تەواو بکەن بۆ هەر پرۆژەیەك ئێمە ئەوە دەخەینە کارەوە، بە نیسبەت خاڵی شەشەم دەدرێتە لیژنەی یاسایی، رۆشنبیری، حکومەت، لیژنەی وەرزشی، ئەندامانی پەرلەمان، فەرموون بۆ خاڵی سێیەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بڕگەی سێیەمی بەرنامەی کار:**

**خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای شوشتنەوەی پارە (غسیل الاموال) لە هەرێمی کوردستانی عێراق.**

پرۆژەیەك لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، بۆ پەرلەمانی کوردستان بەم شێوەیە:

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانی عێراق**

**بابەت/ پرۆژە یاسا**

ئێمە ژمارە یاسایی ئەندمانی پەرلەمانی کوردستان کە لە خوارەوە واژوومان کردووە، پێشنیار دەکەین کەوا پرۆژەی پێشنیارکراوی یاسای (غسیل الاموال في کوردستان_العراق) پێشکەش دەکەین بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی پەرلەمان، گفتوگۆکردن لەسەری و دانی بە بڕیاری گونجاو، لەگەڵ ڕێزماندا، ئەندامانی واژوو کردووی پێشنیاری یاساکە:

ئارام قادر، د. صباح محمد نجیب، عمر عبدالعزیز بهاءالدین، فاضل حسن اسماعیل، احمد سلیمان عبدالله، سەرگوڵ رضا حسن، حەمە سعید حەمە علی، دڵشاد حسین قادر، پەیام احمد محمد، د. احمد ابراهیم علی ( وەرتی).

ئەم پرۆژەیە لە (26) مادده پێك هاتووە، لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندنی، تەنها بە زمانی عەرەبی پێشکەش کراوە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئاراستەی لیژنەکانی پەیوەندیدار و ئەندامانی پەرلەمان بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پێشنیارە یاساییە دەدرێ بە لیژنەکانی دارایی، یاسایی، ئەندامانی پەرلەمان، حکومەت، فەرموون بۆ خاڵی چوارەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بڕگەی چوارەمی بەرنامەی کار:**

**خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای دیاری کردنی نوێنەر لە گەڕەك و گوندەکان.**

ئەم پرۆژە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەو بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە ئەمانەی خوارەوەن:

د. صباح محمد نجیب، ئارام قادر ، احمد سلیمان عبدالله (بیلال)، سەرگوڵ رضا حسن، ناسك توفیق عبدالکریم، بەیان احمد حسن، هاوڕاز شێخ احمد، کاردۆ محمد پیراود، حەمە سعید حەمە علی، فاضل حسن اسماعیل، برهان رشید حسن.

ئەم پرۆژەیە لە (11) مادده پێك هاتووه، لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندنی، تەنها بە زمانی کوردی پێشکەش کراوه، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئاراستەی لیژنەکانی پەیوەندیدار و ئەندامانی پەرلەمانی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پیێشنیاره یاساییه دەدرێ بە لیژنەی یاسایی، لیژنەی ناوخۆ، ئەندامانی پەرلەمان، حکومەت، فەرموون بۆ خاڵی پێنجەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بڕگەی پێنجەمی بەرنامەی کار:**

**بەردەوام بوون لەسەر خستنە روو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای هەموارکردنی یاسای ژمارە (9) ی ساڵی (2008)، کە تایبەت بە هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای بە کرێدانی خانووبەره ژمارە (78) ساڵی (1979) ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستانی عێراق.**

لە کۆبوونەوەکانی پێشوودا لەسەر ئەم بابەتە گفتوگۆیەکی زۆر کرا، ئەندامانی پەرلەمان راو بۆچوونی جیاوازیان هەبوو لەسەر یاساکە و پرۆژەکە، هەروەها چۆنیەتی هەموارکردنی بە شێوەیەك کە بتوانین دادپەروەریەکی گونجاو بێتە ئاراوه بە هەموارکردنەکە، بەڵام لەم چەند رۆژەدا بەراستی نەمانتوانی کۆبوونەوه لەگەڵ فراکسیونەکان بکەین، نەگیشتینە ئەنجام بۆ چۆنیەتی هەموارکردنی یاساکە، بۆ ئەوەی وردەکاری زیاتر لە یاساکە دابێ و پێشنیارکرا کەوا یاساکە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو تەمدید بکرێ، واتە راگرتنی کارکردن بە یاساکە، بۆیە ئێستا ئەم پێشنیاره ئێمە بە باشی دەزانین بخرێتە دەنگدانەوه، هەندێك ئارائی جیاوازیش هەبوو تەبعەن لەسەر پرۆژەکە و چۆنیەتی پێشکەش کردن، یان هەموارکردن یان ماوەکانی، لێره پێشنیار دەکەین ئەو پێشنیاره بخرێتە دەنگدانەوه، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان رازی بوون لەسەری کەوا پرۆژەکە دوا بخرێ، یان قانونکە جێبەجێ نەکرێ هەتاوەکو ماوەیەکی تر، ئەو کاتی بڕیاری ئەندامانی پەرلەمان قەبول دەکرێ و پەرلەمان رەئی خۆی لەسەر دەدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی بەراستی ئێمە مەجالمان پێدان بۆ ئەوەی فراکسیونەکان بگەنە تەوافقێك بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەو پرۆژەیه، چونکە پرۆژەیەکی گرنگە ماوەی چەند ساڵێکه تەمدید دەکرێت، بەڵام دیاره فراکسیونەکان نەگەیشتوونەتە ئەو تەوافقه، بۆیە دەگەڕێینەوه بۆ پێشنیارەکانی ناو هۆڵی پەرلەمان، راستە چەندین پێشنیارکرا، پێشنیارکرا کە ئیلغا بکرێتەوه و بگەڕێینەوه سەر ئەسڵی یاساکە، پێشنیارکرا تەمدید بکرێ، پێشنیارکرا بەردەوام بین بە گۆڕینی هەندێك ساڵ و شت کە لە پرۆژەکەدا هاتبوو، میقدار و مەبلەغ و ئەوانە، بەڵام بە پێی ئەو پێشنیارانە دەگەڕێینەوه سەر دەنگدان بۆ ئەو پێشنیارانە، قسەت هەیە کاك

برهان؟ ئێستا دەگەڕێینەوە سەر پێشنیارەكان، پێشنیارەكان دەخەینە دەنگەوە، كامە دەنگی هێنا لەسەر ئەوە دەڕۆین، فەرموو كاك برهان.

**بەڕێز برهان رشيد حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەك لیژنەی یاسایی دوای ئەوەی زیاد لە (30) ئەندامی پەرلەمان قسەی خۆیانیان كرد و وەڵامی بەڕێزیانمان دایەوە، چەند پێشنیارێك هەبوو، یەكێك لە ئاساسی ترین پێشنیار ئەوەبوو نیسبەتی كرێ دابەزێندرێ، لە راپۆرتەكە كە بە نیسبەتی (4٪) هاتووە دابەزێندرێ بو (3٪) ئەمە ئەگەر............

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە راستە كاك برهان، بەڵام ئێمە ئەگەر بەردەوام بین لەسەر پرۆژەكە، پێشنیاری تر هەیە كە تەمدید بكرێ، ئەمانە وابزانم دوورترن، بۆیە ئەگەر ئەمە دەنگ بێنێ، یان دەنگی نەهێنا ئەو كاتە دێینە سەر ئەو پێشنیارە، بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشيد حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێرە تەئجیلی جەلسە بۆ دیراسەی زیاتر بدەین بە ئەندامانی پەرلەمان دەكرێ، بەڵام ئەگەر لە ئێستادا پرۆژەیەك هەبێ بۆ تەئخیری تەنفیزی بۆ ساڵێك، دوو ساڵی تر ئەوە دەبێ پرۆژەی بۆ تەقدیم بكرێ لە رووی یاساییەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ جەنابت یەكێك بووی لەوانە كە پێشنیارێكی مەحدودت هەبوو، فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پيرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە دانیشتنی رابردوو سەبارەت بەو پرۆژەیەی كە پێشنیاری جیاوازی هاتە پێش، من یەكێك بووم لەوانەی كە پێم وابوو ئەم هەمواركردنە تا ئێستا نەیتوانیە بچێتە بواری جێبەجێ كردنەوە، هەر یاسایەكیش چەندین ساڵ دەرت كردبێ نەتوانی بیخەیتە بواری جێبەجێ كردن هیچ بەهایەكی نامێنێ لە تەئجیل كردنی یەك لە دوای یەك، دەبێ چارەسەرێكی بنەڕەتی بۆ بدۆزیتەوە، یەكێك لەو پێشنیارانەی من پێم وابوو كە ئەم هەمواركردنە هەر هیچ زەروری نیە، پێویستە ئیلغا بكرێتەوە، بەڵام یەكێك لە موشكیلەكانی یاسا كۆنەكە كە كاری پێكراوە لە نێوان كرێچی و خاوەن موڵك تا ئێستا لیژنەیەكی كارا نەبووە بۆ چاو خشاندنەوە، من ئێستاش لەگەڵ ئەوەم ئەم هەمواركردنەوە هیچ سوودێكی نیە، هیچ كاریگەریەكی نیە، چونكە ئەوە چەندین ساڵە ئێمە تەئجیلی دەكەین، دوای دەخەین، قوەتی خۆی لە دەستداوە وەكو قانون، وەكو هەمواركردن، تەنها شتێك كە ئێمە پێداگری لەسەر بكەین ئەوەیە لە پێناوی ئەوەی كە رێكخستنێك لە سەر بنەمای دادپەروەری بێ لە نێوان خاوەن موڵك و بە كرێدان ئیعادە تەقدیر

لەلایەن لیژنە پسپۆڕەکان لەسەر بنەمایەکی دادپەروەری بکرێ، ئێمە ئیلغای هەموارەکە بکەینـەوە و تـەنها ئەو دەقە هەموار بکەین کە پێموایە خزمەتی ڕێکخستنێکی باشتری دادپەروەرانـەی نێـوان خـاوەن موڵك و بەکرێدان دەکات و کێشەش دروست ناکات، هەروەها کۆتایی بەو دواخستنە دێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. عمر فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گفتوگۆمان لەسەر کرد لە دانیشتنی رابردوو، زۆربەی زۆرمان پێمان وابوو کە ئەم پرسـەی کـە ئـەم قانونـە دەیـەوێ تـەنزیمی بکـات، پرسـێکی گرنگـە، پەیوەنـدی بـە بەرژەوەنـدی خـەڵکێکی زۆر هەیـە، لەوانـەی کـە کرێچین و لەوانەش کە خاوەن موڵکن، حەقیقەتێکیش هەیـە ئەوەیـە کـە یاسـا کۆنەکـە، واتـە پـێش ئـەوەی یاسا عێراقیەکە نەیتوانیە بە باشی ئەم عیلاقەیە تەنزیم بکات، یان لەگەڵ گۆڕانکـاری وەچـەرخانەکان بـە تایبەتی لە پەیوەندیدار بە بواری بژێوی بواری ئابووری و بازاڕەوە، پێویستی بەوە هەیە تۆ هەوڵبدەی یـان تەعدیلی بکەی یـان پرۆژەیـەکی تـازە پێشـکەش بکـەی، کەواتـە یاسـا عێراقیەکـە ئێسـتا ئیشکالیەتی هەیـە ناتوانێ ئەم عیلاقەیە بە شێوەیەك تەنزیم بکات کە  تەوازن و عەدالـەتی تێـدا هـەبێ، حقـوق و واجیبـاتی هەردوو تەرف بە شێوەیەکی مونەزەم ڕێکبخـات، دوای ئـەوە گفتوگۆمـان لەسـەر ئـەوە کـرد کـە لەلایەکـەوە بەراستی ئەم مەوزوعە ئێستا لە رووی تەنزیمی قانونیەوە قاچێکی لەناو قانونی مەدەنی دایـە و قاچـەکەی تریش لەناو قانونی ئیجاری عەقار دایە، جۆرێك لە ئیزدواجیەتی قانونیش هاتۆتە ئـاراوە، کـە ئەمـەش بـۆ خۆی بەراستی پرسـێکە موشـکیلەیەکە کـە سـەرەنجام بـە تـەنزیم کـردن و بـە هێنانـەدی ئامانجـەکانی ئـەم قانونـەی کـە دەمانـەوێ تـەواو نـابێ، لەلایـەکی تـرەوە کرێنیشـینان، کرێچـیان، هـەروەها خـاوەن مـوڵکیش، ئەمانـە پێویسـتیان بـەوە هەیـە ئێمـە زۆر بـە تێـرو تەسـەلی گوێیـان لـێ بگـرین، هـەتا لـە سـیاغەکردنی ئەفکارەکان نوێنەرایەتیەکی ئەوان حزوری هەبێ، ناڵێین مەسەلەن لە دەرکردنی قانوندا سەد لە سەد بیر و بۆچـوونەکانی هـەردوولا دەتـوانی جێـی بکەیـەوە، بـەڵام تـا پێمـان بکـرێ گوێیـان لـێ بگـرێن تـا یاسـاکە هاوسەنگی تێدابێ و عەدالەتی تێدابێ، لـە دەرکردنـی قانونەکـەش لـەو سـەر گـەر خۆیـان بـە شـێوەیەك لـە شێوەکان حزوریان هەبێ ئیستیجابەیان بـۆ قانونەکـە، یـان (رد الفعـل) بـۆ قانونەکـە ئیجابی دەبـێ، کـە تـا ئێستاش بەراستی ئەوە نەکراوە، من خۆم پەیوەندیم لەگەڵ بەشێکیان کردووە، بەڕێزان لە لیژنەی قـانونی و لە فراکسیونەکان تاك، تاك و لێرەو لەوێ قسەیان لەگەڵ کراوە، بەڵام گفتوگۆ لەگـەڵ نوێنـەری هـەردوولا بە شێوەیەکی مونەزەم نەبووە کە بتوانین بە شێوەیەك بێ کە یاساکەی پێ دەوڵەمەند بکەین، خـاڵێکی تـر ئەوەی ئێمە دەمانەوێ کێشەیەك چارەسەر بکەین، دەمانەوێ بە شێوەیەك چارەسەری بکەین کە بە لایەنی کەم لە مەدایـەکی دووردا پرسـەکە هـەم ئیسـتیقرار دروسـت بکـات، هـەم (رد الفعـل) لـەلای ئـەوان بـە مانـا سلبیەکەی نەبێ، لەلایەکی ترەوە ئەو ئاڵوگۆڕانەی پەیوەندی بە بواری وەبەرهێنانەوە هەیە لە چەند ساڵی

رابـردوودا دیسـان کاریگـەری لەسـەر ئـەم قانونـە دەردەکـات، بـۆ نموونـە پرۆژەکـانی حکومـەت لـە بـواری نیشتەجێ بوون و دروست کردنی خانوو بۆ کەم دەرامـەتان وای کـردووە کـە مەسـەلەی هـەتا کرێـی عـەقار گۆڕانی بەسەر دابێ، ئەمەش لە داهاتوودا دیسان هەندێ حەقائیقی ترمان دەخاتە ژێـر دەسـت کـە بتـوانین قانونەکە باشتر تەنزیم بکەین، بۆیە ئەوەی کە جەنابت وتت ئێستا ئەم قانونە لەبەردەم سێ پێشنیار دایە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەم قانونە لەبەردەم سێ پێشنیار دایە، یان ئیلغا کردنەوەی، یان تـەئجیل کردنـی بە مەبەستی دیراسەکردنی زیاتر و دەوڵەمەندکردنی تا بتوانێت تەوازن و عەدالەتی باشتر بچەسپێنێ، یـان ئەوەیە بەردەوام بین لەسەر تەعدیل کردنی، تکامان وایە ئەم پێشنیارانە بخەنە دەنگدانەوە، ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان لەگەڵ تەئجیل کردنین بۆ ماوەی یەك ساڵ بۆ ئەوەی بتوانین چاکتر و باشتر دیراسەی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

قسە زۆر کرا لەسەر ئەو مەوزوعـە، یـەعنی سـێ پێشـنیار هەیـە، یـان بـەردەوام دەبـن، یـان ئیلغـای بکـەن و بچینەوە سەر ئەسڵیەکە، یان تەمدیدی بکەن بۆ سـاڵێك، دوو سـاڵ، یـەعنی کـەیفی ئێوەیـە، یـەعنی شـتەکە وازحە دەبێ پێشتر قسەتان لێ کردبـێ لـەناو قاعـە، نـاکرێ دیسـان منـیش تـەوازنێك رابگرمـەوە لـە بـەینی ئەوەی کێ دیفاع لەم پێشنیارە دەکات و، کـێ دیفـاع لـەو پێشـنیارە دەکـات، نـاکرێ هـەموو لایـەکتان دیسـان دەست بەرزبکەنەوە بۆ قسە کردن، کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمـە وەك لیژنـەی یاسـایی حـەز دەکـەین هەنـدێك شـت بـۆ بەرچـاو روونـی ئەنـدامانی پەرلـەمان روون بکەینەوە، راستە ئەم قانونە، قانونێکی زۆر موعەقەدە چەندەها جار تەعدیلاتی تێـدا کـراوە، ئەساسـەکەی قانونی (87) ی ساڵی (1979)، هەندێ ئیقتراحاتمـان گـوێ لـێ دەبـێ ئێمـە وەکـو لیژنـەی قـانونی ئیشـمان ئەوەیە ئەو ئەساس و بەها و جەدوای ئیقتراحاتانە روون بکەینەوە، یەکێك لەو ئیقتراحانە باسی لەوە کـرد کە قانونی رەقەم (9) ی سـاڵی (2008) بـە کـاملی ئیلغـا بکرێتـەوە، قـانونی رەقـەم (9) ی سـاڵی (2008) ناکرێ ئیلغـا بکرێتـەوە، لەبـەر چـی؟ لەبـەر ئـەوەی لەسـەر ئەساسـی قـانونی رەقـەم (9) ی سـاڵی (2008) هەندێ ئیلتزامات و حقوق دروست بووە، هەنـدێ خـاوەن موڵـك لـە دوای ئـەو قانونـە کـە بینایـان دروسـت کـردووە، خـانوو بـووە، یـان دوکـان بـووە، داوایانـە بـە کـرێ بـە قـانونی مـەدەنی، ئێمـە نـاکرێ بـە شـکلێکی تەعەسوفی لێرە ئەو حەقەی ئەوان بسڕینەوە، دوای ئەوە بە پێـی قـانونی (220) کە لـە نیهایـەتی کـانونی یەکەمی ساڵی (2001) لە ئیدارەی سلێمانی دەرچووە، کە زەمانی دوو ئیدارەیی بـوو، دیسـان کۆمەڵەیـەکی تر خانوو و ئەملاك و دوکان و شوقەی داوەتەوە بە کرێ بە قانونی مـەدەنی، ئـەوەی ئێمـە لـە تەقریرەکـە حەز دەکەین من بەرچاو روونیەکی تەواوی ئەندامانی پەرلەمان هەبێ، بـۆ ئـەوەی لـە ئەسـڵی مەوزوعەکـە وازح بێ لەلایەن هەیە ئیختیصاصی ئـەوە نیـە بـە باشـی بـۆی روون بکەینـەوە، ئەسـڵی تـەقریری لیژنـەی

قانونی کە هێناویەتیە پەرلەمانەوە بۆ موناقەشە دوو بەشە، بەشی یەکەم ئەوەیە ئەوەی کە ئێمە کردوومانە لە تەقریرەکە ئەوەی وەختی خۆی بە قانونی (87) ی ساڵی (1979) کە زادە تابعی ئیشتیراکیە دەیداوە بە کرێ، ئێمە دەیگێڕینەوە بۆ قانونی (87) ی ساڵی (1979) هەر موستەمڕ بێ وەکو قەدیم لەسەری، بەلاّم کولی سێ ساڵ جارێك و ئیعادەی تەقدیر، فەقەرەی دووەم کە کردوومانە ئەوەیە ئەوەی بە قانونی مەدەنی دەیداوە بە کرێ هەر بەو قانونە دەڕوا، یەعنی شتەکان زۆر وازحە یەك کۆ یەك دەکاتە دوو، ئەوەی کرێچی ناڕازیە پێی ئێمە چاکمان کردووە بە گەڕانەوە بۆ قانونی (87) ی ساڵی (1979) ئیلا ئەساسی تەقدیری هەیە، یەعنی کێشەکە چارەسەر دەبێ بە پێی ئەو تەقریرە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری وا کرا کەوا یاساکە ئیلغا بکرێ، لە لایەنی قانونیەوە وەکو کاك برهان باسی کرد، ئەگەر ئەم یاسایە ئیلغا بکرێ کومەڵێك ئیلتزاماتی قانونی و عەقود بینا کرایە بە پێی ئەم قانونە، بە تایبەتی ئەگەر تێبینی هەموارکردنی یەکەمی یاساکە بکەین کە بە یاسای ژمارە (16) ی ساڵی (2010) دەرچوو، تەنها لە ماددەی یەکەمدا بڕگەی دووەمی ماددەکەمان تەعدیل کردووە، واتە بڕگەی سێیەمی ماددەکە یەکەمی ماوەتەوە وەکو خۆی، ئایا عەقود کە بینا کرایە لەسەر ئەو ماددەیەی کە ماوەیەك کاری پێکراوە و ئیشی لەسەر کراوە، چۆن دەتوانین ئێستا ئەو مافەی لە خەڵك وەربگرین کە بنەمایەکی قانونی بەراستی ناراست دروست دەکرێ خەڵکانێك مەغدور دەبن بە پێی ئەو تەعدیلەی کە کراوە، دوو برادەرێك باسی ئەوەی کرد کەوا قانونەکە جێبەجی نەکراوە، نەخێر، دەڵێین قانونەکە جێبەجێ کراوە و وەزارەتی دارایی بە ڕێنمایی ژمارە (1) ی ساڵی (2008) کەوا لەبەردەممانە، ڕێنمایی خۆی دەرکرد و تەعمیمی کرد لەسەر هەموو هەرێمی کوردستان بوو (هەولێر، سلێمانی، دهۆك)، ڕێنمایەکە بە وازحی باس دەکات لە چۆنیەتی جێبەجێ کردنی یاساکە، بەلاّم ئەگەر یاساکە جێبەجێ نەکراوە لە شوێنێك ئەوە کاری ئەندامانی پەرلەمان بوو دەبووایە بەدوا داچوونی بۆ بکەن و، داوا بکەن بۆ یاساکە جێبەجێ نەکراوە؟ نەخێر، نەڵێین قانونەکە نەکەوتۆتە بواری جێبەجێ کرنەوە و جێبەجێ نەکراوە، لەبەر ئەوە ئەو پێشنیارە بە ئیلغا کردنی قانونی (9) موخالیفە لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لەگەڵ بنەماکانی یاساییدا, بۆیە ناخرێتە دەنگدانەوە,,,,

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك دەقە کاك عونی لەسەر خاڵی یەکەم بوەستە جارێ، خاڵی یەکەم لیژنەی یاسایی پێی وایە کە ئەمە نا یاساییە، لەبەر ئەوەی مەشاکیل دروست دەکات، بەشێك لە عەقودی کە ئێستا کراوە لەسەر ئەساسی ئەم یاسایە کراوە، بۆیە ئەمانە هەمووی دەبنە مەشاکیلی نوێ, خاڵی دووەمیش ئەوەیە پرۆژەیەك تەعدیل کراوە چەند ماددەیەکی تێدایە، هەموو پرۆژەکە نەهاتۆتەوە پەرلەمان بۆ تەعدیل, تەنها چەند ماددەیەك

هاتووه تۆ ناكرێ به چەند ماددەیەك هەموو پرۆژەكە كە جارێكی تر ئیلغا بكەی، بۆیە خاوەن فكرە خاوەن پێشنیار ئەگەر دیفاعێكی هەیە لەم مەسەلەیە رێگای پێ دەدەین، تەنها یەك كەس، یان دوو كەس دیفاعی لێ بكەن، بۆ ئەوەی بیخەیەنە دەنگەوە، فەرموو كاك كاردۆ.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاتی خۆی كە ئەو یاسایە هەمواركرا، ماوەیەكی كەم كێشەیەكی گەورەی لەناو دادگاكان و لە بازاڕەكان دروست كرد، یاسا یان هەمواركردنی هەر یاسایەك لە پێناوی ئیستیقرار و سەقامگیریە لە بازاڕ، ئەوە ئەم یاسایە یاسایەكی گرنگە، كاك عەونی خۆی شاهیدە لیژنەكانی بەڕێوەبەرەكان هاتن وتیان ئێمە ئێستاش لەسەر بنەمای قانونی مەدەنی لە كوردستاندا ئیش دەكەین، لە كاتێكدا ئەو یاسایە تەئجیل كراوە ، یاسایەك تەئجیل بكرێ چۆن دەتوانین جێبەجێی بكەین، چۆن دەتوانی یاسایەك ئێستا ئێمە دەڵێین بۆ ساڵێكی تر ئەم یاسایە هەموارە تەئجیل بكرێ، ئێ ئەم هەموارە تەئجیل دەكەی و تۆ لەسەر كام یاسای ئیش دەكەی، غێر لەسەر یاسای (87) ی ساڵی (1979) ئیش دەكەی، ئێ ئەگەر تۆ لە بازاڕ ئێستا بە قانونی مەدەنی ئیش دەكەی ئامانجەكەی خۆت پێكاوە لە هەدەف، ئێمە پێمان وایە هەمواركردنەكە ئێمە لەگەڵ ئەوەین كە لایەنی كرێچی و خاوەن موڵك لەسەر بنەمایەكی عادیلانە بێ و، لایەنی لاوازیش كرێچیە دەبێ دیفاعەكە، یاساكە زیاتر بە لایەنی كرێچی دابشكێتەوە، بەلام تۆ بە مانگێك چەندین ئامانجت پێكاوە لە قانونی مەدەنی لە پێناوی كۆمەڵە خەڵكێك دەتەوێ ئێستا درێژە بەم قانونە بدەی، كە قانونی مەدەنیە، لە قازانجی كرێچی دانیە و كێشە دروست دەكات، ئێمە ئێستا بە تەئجیل كردنی ئەو یاسایە نا ئیستیقراری دەخەینە بازاڕ، نە كرێچی دڵنیایە كە یاساكە چی لێدێ، نە خاوەن موڵكیش دڵنیا دەبێ ئایندەی ئەم یاسایە چی لێدێ، تەئجیل كردن كێشەیەكی گەورەیە لە نا ئیستیقراریەت و قەلەقی هەردوولا، كە كێشە لە بازاڕ دروست دەكات خەڵك نازانێ چۆن ئیدامە بە كاری خۆی بدات، بە ژیانی خۆی بدات، ئەو دوكانە دەبێتە هی خۆی، زیاد دەكرێ، لەبەر ئەوە لەگەڵ تەئجیل نین دەڵێین ئیعادەی تەقدیر بكرێ لەسەر بنەمایەكی دادپەروەرانە، چونكە نوێنەرانی حكومەت وتیان ئێمە ئێستا قانونی مەدەنی جێبەجێ دەكەین كە پێشێلكاریەكی گەورەی یاساكەیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كوێستان خان.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە پێنج ساڵە هەمواركراوە، تا ئێستا نەچۆتە بواری جێبەجی كردنەوە، ئەوەی كاك عونی دەڵێ راست دەكات بۆ ماوەی مانگێك وەزارەتی دارایی تەعلیماتی دەركرد، بەلام كێشەیەكی گەورە دروست بوو لە بازاڕ بە پێی ئەو بەدوا داچوونانەی ئێمە وەك ئەندام پەرلەمان كردمان كە بەڕێزیان دەڵێن نەتانكردووە،

ئێمە بەدوا داچوونمان کرد گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم یاسایە وەزعێکی خراپی لە بازاڕ دروست کردووە، نا ئیستیقراری هەیە، هەروەها خەریك بوو کێشەی کۆمەڵایەتی لێ دروست بێ، چەندین خاوەن موڵك و کرێچیشمان بینی ئێمە لە نووسینگە لەگەڵ هاوڕێکانم، بۆیە هەر ئەو کاتە هەمواریێکمان پێشکەش کرد هەموارەکە دیارە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراو، ئێستا راپۆرت نووسراوە لەسەر ئەو دوو هەموارەی کە پێشتر جێبەجێ کراوە، من داوا دەکەم بە هیچ شێوەیەك ئەمە جارێکی تر تەئجیل نەکرێ بۆ ساڵێکی تر، دوو ساڵێ تر، چونکە ئەمە وەکو کاك کاردۆ باسی کرد نا ئیستیقراری دروست دەکات، وای کردووە نە ساحێب موڵك دڵنیابێ، نە کرێچی دڵنیابێ، بۆیە من پشتگیری لەوە دەکەم کە ئێمە هەموارەکە بکەین، ئەگەر کەم و کورتیەك هەیە لەو دوو پرۆژە یاسایەی کە پێشتر پێشکەش کراوە ئێمە دەتوانین لێرە بە دەنگدان و بە گفتوگۆی زیاتر دەوڵەمەندی بکەین، ئەمەی کە ئەم هەموارەی ئێستا لەبەر دەستمان دایە باس لەوە دەکات کە لیژنە دروست بکرێ بۆ خەملاندنەوەی سەر لە نوێ کە تەوازنێك دروست بکات لە بەینی خاوەن موڵك و لە بەینی کرێچیدا، ئەوەی کێشەی لەسەر کە لە گفتوگۆکانی پێشوودا گفتوگۆمان کردووە، دوو خاڵە, یەکێکیان سێ ساڵە بکرێ بە پێنج و، قسەمان لەگەڵ بەڕێز بەڕێوەبەری زەریبەش کردووە پێی وایە دەبێ پێنج ساڵ بێ، چونکە زەریبە خۆی لە ئەساسدا پێنج ساڵ و دە ساڵ دەچێتەوە بۆ تەخمین کردن, دووەم مەسەلە ڕێژەکانە ئێمە دەتوانین ئەو ڕێژانە کەمی کەینەوە، یان هەر لایبەرین، مادام لیژنەی موختەص دروست دەکرێت و خەڵکی شارەزای تێدایە، ڕێژە دانەنێین، ئەو لیژنە موختەصانە خۆیان بە پێی بازاڕ بە پێی ئەو شوێنانەی کە دەکرێ لە کوێ وەکو کە بەڕێزان باسیان کرد ڕەنگە کێشە هەبێ، خانوویەك لە گەڕەکێك گرانتر بێ و لە گەڕەکێکی تر ئەو لیژنەی خۆی دەتوانێ بیخەملێنێ، لە گەڕەکی عەقاری سلێمانی خانوو بە چەند بە کرێ دەدرێ؟ لە راپەڕین بە چەند بە کرێ دەدرێ؟ ئەو کاتە ڕێژەکەش کێشە نابێ، ڕێژە نەبێت،،،،،،،،

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان ئەمە تیکرارە، دەزانین، وازحە، یەعنی موجەڕەد ئێوە ڕەئی خۆتان دا، یەعنی هەمووتان ڕەئی خۆتان داوە، ڕەئیەکان خۆ من ناتوانم ئیعتیماد لەسەر ڕەئی یەك ئەندام، دوو ئەندام بکەم، ئەمە قاعەیەکە (111) ئەندامی تێیدا دانیشتووە، ڕەئی جیاواز هەیە، سێ تەوەرە، ئیتر کامەیان دەخەنە پێش، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەم تەواو بکەم، ئێستا ئێمە لە بەینی سێ پێشنیار داین، یان تەئجیل بکرێ، یان هەموارەکە هەڵبوەشێتەوە، یان بەردەوام بین لەسەر هەموارە کە من بۆ خۆم لەگەڵ هەموارەکە دام، ئەم سێ پێشنیارە دەکرێ هەر یەکێکیان دوو کەس دیفاعی لێ بکات و دوایی یەك، یەك بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا قسە لەسەر ئەوە كرا كە ئیلغا بكرێ، لیژنەی یاسایی پێی وایە نابێ بخرێتە دەنگدانەوە، بەلاَم دیارە ئەوانەی كەوا تەئكید دەكەن كەوا بخرێتە دەنگدان، بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەلَ دایە كە هەموارەكە ئیلغا بكرێتەوە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، ئێوە قسەتان لەسەر كرد مەجموعەیەك دیفاعی لێ دەكەن كە چی ئێستا كەس دەستی بلَند ناكات، تەنها كاك كاردۆ دەلَێ هەموارەكە دەبێ ئیلغا بكرێتەوە، كێ لەگەلَ دانیە كە ئیلغا بكرێتەوە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، كەواتە ئەوە دەنگی نەهێنا، كامە دوورترە ئەوە دەخرێتە دەنگدان كە وتت هەموار، ئەسلَی پرۆژەكە هەمواركردنە، دوورەكە ئەوەیە كە پێشنیار كراوە لە قاعە، ئێستا دێینە سەر تەئجیل فەرموو كاك عونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

فكرەی تەمدید كردنەكە بخرێتە دەنگدانەوە، ئایا تەمدید بكرێ؟ یان نا؟ تەمدید كردنی كار نەكردن بە یاساكە بۆ ماوەی سالَێك، (تمدید فترة ایقاف العمل بالقانون لمدة سنة واحدة)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشنیاری دووەم ئەوەیە كەوا تەئجیل بكرێ بۆ سالَێك، هەر وەكو لە تەمدیدە كۆنەكان كردوومانە، كاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئێمە چەند وەختە تەئخیری تەنفیزمان كردووە، ئەگەر دیقەت بدەن دوو جار تەمدیدی فەترەی ئیقافمان كردووە، هەردووكی بە پرۆژە كردوومانە، پرۆژە نیە لێرە چۆن دەخرێتە دەنگدانەوە؟ بە پێی ماددەی (71، 72) دەبێ شتێ پرۆژەی هەبێ، ئینجا موناقەشە دەكرێ، لەبەر ئەوە ئەساسێك نیە بۆ تەمدیدی ئیقافەكەی، یان تەئخیری تەنفیزەكەی، بەلَكو قانونیەن واجیبە بە حوكمی ماددەی (71، 72) ئێستا موناقەشەی هەموارەكە بكرێ، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان قانونیەن واجیبە ئێستا موناقەشەی هەموارەكە بكرێ، لەبەر ئەوەی پرۆژە وجودی نیە تا قەرار بدرێ بە تەئخیری تەنفیز و تەمدیدی ئیقاف، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەلَێ, فەرموو كاك خلیل.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە كاك برهان باسی لەسەر دەكات وانیە لەگەلَ ڕێزمدا، هیچ پێویستی بە پرۆژە پێشكەش كردن نیە، پێشتریش بە هەمان شێوە تەمدیدی ئیقافی تەنفیز كردنی ئەو پرۆژەیە كراوە، ئەوەی كە كاك عونی

باسی لەسەر کرد ئێستا دەبێ ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە، تەمدیدی ئیتفاق تەنفیز کردنی ئەم پرۆژەیە بۆ ساڵێکە، یاخود بۆ دوو ساڵە، هەروەها وا باشترە بۆ دوو ساڵ بێ بۆ ئەوەی بتوانرێ لە خیلالی ئەو فەترەیە پرۆژەیەکی باش لەبەر گرنگی یاساکە پێشکەش کرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەرهەنگ.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی کاك برهان ئەساسێکی قانونی هەیە، ئەمە ناکاتە ئەوەی کە پێشتر مادام پرۆژە نەبووە کراوە، ئەوە بەکارێکی بە رەئی من نا قانونی بووە، ناکرێ ئێمە بڵێین لە پێشووتردا وا کراوە کە کارێکی نا قانونی بووە ئێستاش ئەمە بکرێ، دەبێ پرۆژە هەبێ بۆ تەئجیل کردنی، بۆ دواخستنی، بۆ ئیتفاق تەنفیزی، پرۆژە نەبێ ئێمە ناتونین ئەوە بخەینە دەنگەوە، ئەوە مەسەلەیەکی قانونیە تکایە بە نەزەری ئیعتیبار وەریگرن، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرگوڵ خان.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە حەفتەی رابردوودا کە قسەمان کرد لەسەر ئەم یاسایە و لەسەر ماددەیەك، هیچ کەس پێشنیاری ئەوەی نەکردووە کە تەمدیدی ئیتفاقەکە بکرێ، دەتوانن ئێوە بەو پەرلەمانتارە بڵێن کە پێشناری کردووە دەتوانێ ئێستا دیفاعی لێ بکات، بەڵام ئێمە گوێمان لە هیچ کەس نەبووە ئەو پێشنیارە بکات، هەروەها سەبارەت بە قسەکانی کاك برهان منیش پشتگیری دەکەم، بەراستی تۆ ئەساسێك نیە کە ئەم پێشنیارە بخەیتە دەنگدانەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە ئێستا قسە لەسەر پرۆژەکە دەکەین، پرۆژە هەیە بۆ تەعدیل کردنی، بەڵام پرۆژە نیە بۆ تەمدیدی تەوقیفەکە, سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر تەمدیدەکە، بەڵێ، قسەکرا، خۆی ئێستا کاك کاردۆش یەکێك بوو لەوانە کە باسی کرد، کاك اسماعیل بوو، کاك قادر احمد بوو، ئەوە خۆشی دەستی بڵند دەکات کاك اسماعیل، هەروەها تەسەور دەکەم سیاغەی قسەکردنی کاك کاردۆش بەو ئیتیجاهە بوو، فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وا دەزانم تەنها دوو خەیار لەبەر دەستمانە، یەکێکیان درێژەدانە بەم پرۆژە یاسایەی تەعدیلە، ئەوەی تریان تەئجیل کردنی ئەم پرۆژە یاسایەیە بۆ کاتێکی دیاری کراو تا ئەم گرفتانە چارەسەر بکەین، هیچ

خەیارێکی تری یاسایی لەبەر دەستماندا نیە بە پێی زانیاری خۆم، لەبەر ئەوە جەنابت ئەو دوو خەیارە بخەرە دەنگدانەوە یا حەسمی بکەین، کەی ئەوەندە موشکیلەیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من با رەئیەکی قانونی بدەم هەرچەندە قانونی نیم، بەلاّم تەرحەکە ئەوەیە دەتوانیت لێرە تەرح بکەی کە ئەم پرۆژە یاسایەی ئێستا لەبەر دەستمانەدایە، ئەم پرۆژە یاسایە ئێستا تەئخیر بکرێ، بەلاّم ئەو کاتە پرۆژە یاسا ئەسڵیەکە چی لێ دێت؟ قسەکە ئەوەیە کە ئەو قسەیەی کاك برهان زۆر تەواوە، یەعنی تۆ پرۆژەیەکت لەبەر دەست نیە داوای تەمدید کردنی ئیتفاقی ئەو یاسایەی کردبێ کە پێشتر بوونی هەبووە، ئێمە لێرە دەتوانین نەهێڵین ئەم یاسایەی ئێستا بە دەنگدان موناقەشە نەکرێت، بەلاّم ئەی یاسا ئەسڵیەکە چی لێ دێت؟ ئەوەیان پرۆژەی دەوێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان روون کردنەوەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن لەلایەك من لەگەڵ مامۆستا عمرم کە پێش ئێستا کراوە بەبێ پرۆژە، لەلایەکی تریشەوە من لەگەڵ کاك برهانم کە ئەوە موخالەفەی قانونیە، بە رەئی من ئێمە هەر جارێك لە جاران موخالەفەی قانونمان کردبێ با تیکراری نەکەین، با نەبێتە عورف، ئەگەر مەجالمان هەبێت ڕێگای راست و دروست لەبەرمان بێت با بچینە ڕێگای راست دروست بۆ ئەو مەوزوعە بە رەئی من، چونکە ئێمە وەکو سەرۆکایەتی لە ڕێگایەك تەحقیقی هەردوو مەرام بکەین، هەم پرۆژە هەبێت، هەم تەجەنوبی غەڵەتیەکە بکەین، ئێمە وەکو سەرۆکایەتی ناتوانین ئیلزامی ئەندامانی پەرلەمان بکەین برۆن پرۆژەیەك پێشکەش بکەن، بەس ئێمە بۆ ئەم مەوزوعە لەگەڵ دکتۆرم بۆ ئەو فەقەرەیە تەئجیل بکرێ بۆ حەفتەی داهاتوو، داوا لە ئەندامان بکەین و لیژنەی قانونی ئەگەر لەگەڵ ئەو ئیتیجاهەبن، لەگەڵ تەمدید بن، فەرموون پرۆژەیەك پێشکەش بکەن، بەس ئەوە نە قسەیەکی ئیلزامیە، چونکە ئێمە ناتوانین ئیلزامی ئەندامان بکەین, ئەو وەختە کە پرۆژەکە تەقدیم بوو دەیخەینە دەنگدان کاکە، یان دەنگ دەهێنێت، یان دەنگ ناهێنێ و دەچینە سەر فەقەرە موناقەشەی مەجالاتی تر دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. احمد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهيم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستیدا من هەر رەئی کاك فرست و کاك برهانم هەیە, ئەمە پێشتر بە پرۆژە پێشکەش کراوە دوامان خستووە، ماوەکەی لەو مانگەی داهاتوو تەواو دەبێ، بۆیە هەر دواخستنێکی تر ئەگەر هەموارکردن بێ، یان دواخستن بێ پێویستی بە پرۆژە هەیە، بەراستی ئێمە لە حەفتەی رابردوو کە موناقەشە کردنمان لەسەر ئەو پرۆژە دواخست دەبووایە لیژنە هاوبەشەکان، یان فراکسیونەکان کۆبوونەوەیان بکردبایە، بەلاَم نازانم چ جیهەتێك موکەلەف بوون کە سەرۆکایەتی تەکلیفی لێ بکات بە جدی بەدوای ئەو مەسەلەیە دابچێ، هیچ کەسێك نە کۆبوونەوەی کرد، نە گفتوگۆیان لەسەر ئەو مەسەلەیە کرد، بە داخەوە کە ئێمە حەفتەیەك رۆیشت هاتینەوە دیسان هەمان موناقەشەی ئەو حەفتەی رابردوو دەکەینەوە، بۆیە ئەگەر بۆ یەك حەفتەی تر دوابخرێ دەبێ بەراستی لایەنێك بە دیاری کراوی تەکلیف بکرێ بۆ ئەوەی پرۆژەیەك ئامادە بکرێ ئێمە بە شێوەیەکی قانونی، بەشێوەیەکی یاسایی پرۆژەیەك پێشکەش بکەین، چونکە ئەو پرۆژەیەی کە پێشتر هەموارەکەی پێکراوە دواتر ئێمە جێبەجێ کردنەکەیمان دواخستووە لە ئەسباب موجیبەکەدا دەڵێ بۆ ئەوەی کرێچی ماوەیەکی بدرێتێ، بۆ ئەوەی وشیاریەکی زیاتری هەبێ بە ئەوزاعی قانونی نوێ بۆ کرێ، بۆ ئەوەی بتوانێ تەدبیری ئەموری خۆی بکات، هەروەها موهلەیەکی کاتی بدرێتە راگەیاندنەکان بۆ ئەوەی وەعی قانونی بلاَو بکەنەوە لەو بوارەدا، بۆیە ئەم یاسایە تەشریع کراوە، یەعنی بەراستی ئێمە تا ئێستاش نەمانتوانی وەکو مامۆستا عمریش باسی کرد لەگەڵ هەردوولادا بە تەواوی قسە بکەین، کرێچی و خاوەن موڵك هەردووکی کۆبکەینەوە بتوانین رەئیەکانیان بە تەواوی وەربگرین، لەبەر ئەوە ئێستا ئەو موناقەشەیەی حەفتەی رابردوو ئێمە دووبارە دەکەینە بەراستی دواخستنەکە نەماتوانی نە فراکسیونەکان، نە لیژنەکان بەراستی گفتوگۆی لەسەر بکەین بگەینە نەتیجەیەك، بۆیە ئەگەر دواخستنە بەراستی پێویستی بە پرۆژەیەکە پێشکەش بکرێ، بەلاَم بە دیاری کراوی یەك حەفتە دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی ئێمە لەوە فوتارمان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تەنها یەك راست کردنەوە جارانی پێشوو کە تەئجیل کراوە پرۆژە تەقدیم نەکراوە، فەرموو کاك د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەم روونکردنەوە قانونیانەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، بەرچاومان رۆشن تر بوو، بەلاَم ئەگەر بێین زیاتر قسەی لەسەر بکەی ئەمەی کە ئێستا ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین پرۆژە قانونی هەموارکردنی دووەمە، هەموارکردنی دووەمی یاسای ژمارە (9) ی ساڵی (2008), ئێمە کە دەڵێین تەمدید بکرێتەوە بەو مانایەی مەشروعی قانونی هەموارکردنی دووەمی ئەم پرۆژە یاسایە رەت دەکەینەوە، واتە دەکرێ پێشنیارەکە بەم شێوەیەبێ مەشروعی تەعدیلی دووەم کە بۆ هەموار کردنەوەی یاسای ژمارە (9) ی

ساڵی (2008) پێشکەش کراوە ئیلغا بکرێتەوە، کە ئەم پرۆژەیەی ئیلغا بکرێتەوە ئەسڵەکە چیە؟ ئەوەیە کە کاتی خۆی جێبەجی کردنەکەی تەمدید کراوە، جگەلەوەش لە ماوەی مانگی حەوتدا ماوەی تەمدیدەکەی تەواو دەبێ، بۆیە ئەگەر ئێمە ئەو پرۆژەیە ئیلغا بکەینەوە و ماوەی تەمدیدەکەشی تەواو دەبێت، کەواتە لە هەردوو حاڵەتدا هەر یەکە، کە دەڵێین تەمدید بکرێ بەو مانایەی ئەو مەشروعەی بۆ تەعدیل پێشکەش کراوە کە تەعدیلی دووەمە ئەو ئیلغا دەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ناڵێین شێوەی پرۆژەکە چۆنە، شێوەی پرۆژەکە ئێوە دیاری دەکەن، بەڵام قسەی سەرۆکایەتی ئەوەیە ئەگەر بە پێی پەیڕەو بڕۆین دەبێ پرۆژە تەقدیم بکرێ بۆ مەسەلەی تەئجیل کردنی، بەڵام لە جاری پێشوو ئەوە نەکراوە، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بیرمان نەچێ ئێمە موناقەشەی پرۆژەیەك دەکەین لە جەدوەل ئەعمال دەبێ ئەوە چارەنووسی دیار ببێت، بۆیە قسەی مامۆستا عمر زۆر گرنگە، هەر بەڕێزتان دەستتان پێ کرد بە دوو پێشنیار دەربارەی ئەو پرۆژەیە, بەردەوام بین لە موناقشە، یان تەئجیل بکەین تاوەکو زیاتر قسەی لەسەر بکرێ، مەسەلەی پێشنیاری رەت کردنی ئەم پرۆژە یاسایە دەنگی نەهێنا،،،،

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام تەواو بووی، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر، من تەواو نەبووم داوای لێبووردن دەکەم، بەڵام بەراستی لە ئەخلاقی من نیە بڵێم ئەوە قەبول نیە، یەعنی رێگا دراوە بە من قسە بکەم بە لایەنی کەم بۆ ئێوە قسە دەکەم، ببوورن من وەکو برایەك پێتان دەڵێم، ئێمە پێشنیاری رەت کردنی ئەم پرۆژە یاسایە دەنگی نەهێنا، بۆیە ئێمە ئێستا گیرۆدەی ئەم پرۆژەینە، مامۆستا عمر باسی کرد، دوو پێشنیار هەیە، بەردەوام بین لە موناقەشەی ئەم پرۆژەیە، یان تەئجیلی بکەین بۆ زیاتر گفتوگۆکردن، یەعنی ئایا تەئجیلی بکەین بۆ زیاتری گفتوگۆ بیخەینە دەنگدان؟ یان نا؟ چونکە دوورترە، دەزانین ئەگەر ئێمە بڕیارمان دا تەئجیلی بکەین، تەئجیلی ئەم پرۆژەیە بکەین، واتە حاڵەتی ئەوە رووبەڕووی دەبین دەبێ پێش سەرەتای مانگی حەوت پرۆژەیەك پێشکەش بکرێ بۆ ئیقاف عەمەل تەنفیز، وا بزانم چەند قسە بکەین هەر ئەمەیە، رێگایەکە ئەمەیە، زیاتر نیە، یەعنی نە رەئی تەحەمول دەکات، نە رەئی موقابیل، ئەم پرۆژەیەش لەبەر دەستمانە بەردەوام بین لە موناقەشەکردنی، یان تەئجیلی بکەین، دەبێ ئەوە ئێستا بە دەنگدان حەلی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا چاومان لەبەردەم دوو تەئجیلە، تەئجیلێکیان ئەوەی کە باس دەکەن بەبێ پرۆژە وەکو سالأن بکرێ، هەروەها تەئجیلێکیان ئەوەیە کە مەجال بدەین کە تەئجیلی بکەین ئەو بەرنامە، ئەو خالّی بەرنامەیە، تا کاتێکی دیاری کراو، چونکە لە بیرتان نەچێ ئێمە ئەسڵی راپۆرتی لیژنەی یاساییشمان کرد بە ئەساس، یەعنی لەوەش دەرچووین کە هەموارەکە ببێتە ئەساس, یەعنی ئەویشمان کردە ئەساس، بۆیە ئێستا دەبێت ئەم تەئجیلە بە پرۆژە بێت، هەروەها لیژنەی یاسایی داخیلی ئەم بەرنامەی خۆی بکات، فەرموون ئیقتراحەکە بیخوێننەوە.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیستا دوو ئیقتراح هەیە، یەکێکیان ئەوەیە ئەگەر ئەم پرۆژەیە رەت بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی لە پێشنیاری رەت کردنەوە دەنگی نەهێنا، ئیلا ئیقتراحێك هەیە تەئجیلی موناقەشە بکرێ لەسەری ئەگەر ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە، ئایا دەنگ دەهێنێ موناقەشەی بکەن موستەمرین لەسەری؟ یان تەئجیل بێ موناقەشە؟ زائیدەن ئەگەر لە فەترەی موناقەشە یان فراکسیونەکان لەو مودەیەی تەئجیل دەکرێ، یان دەکەونە ئیتیفاقێك لەسەر ئەو تەقریری لیژنەی قانونی و پرۆژەکە، یان ئەوەتا دەبێ پرۆژەیەکی تر تەقدیم بکەن بۆ تەئجیلی، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ دایە کە موناقەشەی ئەم هەموارکردنە تەئجیل بکەین؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە کە موناقەشە لەسەر ئەم پرۆژە تەئجیل بکرێ تا لەم ماوەیەدا ئیستیفادە بکەن بۆ تەقدیمی پرۆژەیەك، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (48) کەس لەگەڵ دان، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (23) کەس لەگەڵ دانیە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ تەئجیلی موناقەشە دەکرێ بۆ کاتێکی تر، فەرموون بۆ خالّێکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بڕگەی شەشەمی بەرنامەی کار:**

**خستنە روو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای کانزا نا پۆلأییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

داوا لە لیژنەی پیشەسازی و بازرگانی دەکەین بفەرموون بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، فەرموون لیژنەی موختەص، لیژنەی پیشەسازی راپۆرتان بخوێننەوە.

**بەڕێز یاووز خورشید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پێش ئەوەی بچینە ناو ئەو بابەتەوە حەز دەکەم ئاماژە بە شتێك بکەم، کە ناوی پرۆژە یاساکە بە هەڵە هاتووە (کانزا نا میتالەکان) نەك (کانزا نا پۆلاّییەکان)، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من وەکو سەرۆکی لیژنە یاداشتێکم ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، ئەگەر جەنابتان ئیزنم پێ بدەن با بۆ بەڕێزتان و، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی بیخوێنمەوە:

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ یاداشت**

بەڕێزان سەبارەت بە پرۆژە یاسای کانزا نا میتالەکان لە هەرێمی کوردستان، ئێمە لە لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتیەکان هەتا ئەمڕۆ نەمانتوانیووە راپۆرت ئامادە بکەین، ئەویش لەبەر ئەوەی کە ئەم پرۆژە یاسایە پرۆژەیەکی گرنگە و پێویستی بە دیراسەت کردنی زیاتر هەیە، دەبێت دەوڵەمەندتری بکەین، بە ئیستیشارە کردن بە کەسانی پسپۆڕ و گوێگرتن بە موستەسمرینی کوردستان، کە پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە بەم پرۆژەیە، بۆیە ئێمە وەکو لیژنە داوا دەکەین کە ئەم پرۆژە یاسایە دوابخرێ بۆ کاتێکی دیاری کراو, لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کۆبوونەوەکانی پێشوودا ئێمە ئاماژەمان بەوەدا کەوا لیژنەی یاسایی راپۆرتی لەسەر ئەو پرۆژەیە ئامادە نەکردووە, پێشکەشی نەکردووە, هەروەها نەمازانی چۆن لە بەرنامەی کاری پەرلەماندا دانراوە، لێرەدا ئێمە پشتگیری لە رای سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی دەکەین بۆ ئەوەی ئەو بڕگەیە دوابخرێ بۆ کاتێکی تر، تاوەکو بتوانین راپۆرتێکی گونجاو و هاوبەش ئامادە بکەین، پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەردوو لیژنە راپۆرتیان نیە، بۆیە لە سەرۆکایەتی بڕیارمان دا بە دواخستنی موناقەشە لەسەر ئەم پرۆژەیە، فەرموون بۆ خاڵێکی تری بەرنامەی کار.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بڕگەی حەوتەمی بەرنامەی کار:**

**خستنە روو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای جێبەجێکردنی یاسای خزمەتی زانکۆیی ژمارە (23) ساڵی (2008) ی عێراقی فیدرال و، هەموارکراوەکانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق.**

داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، داوا لە لیژنەی پەیوەندیدار بکات ئامادە بن لە سەر سەکۆی لیژنەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا فەرموون بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، کە لیژنە راپۆرتیان ئامادە نەبێ موناقەشەی چی دەکەی؟ کەواتە دەبێ بڕیار بدەین بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆ لەسەر یاساکە، ئینجا رێگا بە تۆش و بە هەر ئەندامێکی تریش بدەم کەوا قسەی لەسەر بکەن، بەرنامەی کار گۆڕا فەرموون بۆ خاڵی حەوت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە پەرلەمانی کوردستان راپۆرتێکمان بە شێوەیەکی هاوبەش ئامادە کردووە، پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کرد، ئێستا دەقی راپۆرتەکە بە زمانی عەرەبی دەخوێنینەوە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە زمانی عەرەبی بیخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**إلى/ رئاسه برلمان كوردستان_العراق**

**موضوع/ تقرير مشترك حول مشروع إنفاذ قانون**

اجتمعت اللجان الشؤون القانونية و التربية و التعليم العالي و البحث العلمي بصورةٍ مشتركة، بتأريخ (6) سرماوز (2712) كوردي، المصادف اليوم (2012/11/27) ميلادي، لدراسة مشروع قانون إنفاذ قانون الخدمة الجامعية الاتحادي رقم (23) للسنة (2008)، وتعديله المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان و المحال إلى اللجان المعنية بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقم (20) في (2012/11/19)، و بعد المناقشة و المداولة وجدت اللجنتان بأنها سبق و أن قدمت التقرير المرقم (256) والمؤرخ في (2012/11/7) إلى رئاسة البرلمان حول مشروع قانون إنفاذ التعديل الأول لقانون الخدمة الجامعية رقم (23) لسنة (2008)، ولتقديم مشروع بإنفاذ القانون الأصلي عليه، قررة اللجنتان دمج مضمون التقرير مع هذا التقرير وجعل هذا التقرير أساساً للمناقشة، لتسهيل المناقشة و التصويت في البرلمان، وتؤيد اللجنتان إنفاذ القانون المذكور في الإقليم و تعديله بالشكل المقدم راجين التفضل بالإطلاع، وعرض التقرير المشترك بشأنه على البرلمان للمناقشة و أبداء الرأي المناسب بصدده و التصويت، مع التقدير.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕاپۆرت تەنها بە زمانی عەرەبی هەیە، ئێستا لیژنـەی یاسـایی و پـەروەردە داوا دەكـەن كـە ئـەم ڕاپۆرتـەیان بكرێ بە ئەساس، فەرموو كاك حەمە سعید.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله ئەوەی ڕاستیبێ ئێمە خۆمان ئامادە كردبوو بۆ ئەو خالآنەی پێشتر كە هەم خانووبەرەو، هەم كانزا نـا پۆلآییەكان، هەم ئەوانە، بەراستی ئێستا ڕاپۆرتەكە لەبەر دەستمان نیە، یەعنی من نازانم ئەگەر تاكە ئەندامانی پەرلەمان لەبەر دەستی بێت، لەبەر دەستمان نیە، بۆیە یان نیو سەعات یـان بـۆ بـەیانی تـەئجیل بكرێ تا ئەو ڕاپۆرتەمان دەدەنێ و لەبەر دەستمان هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشنیارەكەت وازحە، فەرموو كاك د. ڕێباز.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بۆیە قسەم كرد وا تەسەور دەكەم یەكسەر دەیخەنـە دەنگدانـەوە، ئـەم یاسـایە لـە ڕاسـتیدا یەكێكـە لـەو سەبەبانەی كە كەرتی تەندروستی وێران كردووە، من نالێم ئەم یاسایە تەنفیز نەكرێ، ئێستا لە كوردسـتان تەنفیز دەكرێ، بەلآم ئەم یاسایە یەكێكە لەو هۆكارانە نالێم هـەموو هۆكـار، بـەس یەكێكـە لـەو هۆكارانـەی كە كەرتی تەندروستی لە كوردستان و لە عێراقیشدا وێـران كـردووە، چونكە لـە یـەكێك لـە خاڵـەكانی ئـەم یاسـایە بـاس لـە ئیستسـنای وەزارەتـی خوێنـدنی بـالآ دەكـات بـۆ (200٪) ی دەرماڵـە، واتـە یـەكێك كـە لـە وەزارەتی خوێندی بالآ بێ دەتوانێت دەرماڵەیەك وەربگرێ كە لە (200٪) زیاتر بێت، لەبـەر ئـەوە هـەموو پزیشكێك كاتێك كە ئیختیصاص وەردەگـرێ و كاتێـك پلەیـەكی بـالآ دەهێنێـت ئـەوەی كـە لـە (200٪)ەكـە ڕێگرە لەوەی لـە وەزارەتـی تەندروسـتی وەریبگـرێ لـە وەزارەتـی خوێنـدنی بـالآ وەریـدەگرێ، بۆیـە هـەموو كەسێك هەوڵدەدات بچێتە سـەر وەزارەتـی خوێنـدنی بـالآ، كـاتێ دەچـێتە سـەر وەزارەتـی خوێنـدنی بـالآ، وەزارەتی تەندروستی لە كاتێكدا ئەو ئیهمالی دەكات لە ئیشـەكەی خۆیـدا نـاتوانێ لێپرسـینەوەی لـێ بكـات، لەبـەر ئـەوە یـان دەبـێ لەگـەڵ ئـەوە وەزارەتـی تەندروستیشـی لەگـەڵ بـڕوات، یـان ئـەو یاسـایە كارەسـات دەخولقێنێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

تەوزیحەكە لە دەرەوەی بەرنامەی كارە، ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمڕۆ لە بەیانیەوە بۆ زۆربەی فەقەرەکان من دەستم هەڵبڕی بۆ نوقتەی نیزامی، بەڵام بەراستی جەنابت ڕێگەت پێ نەدام قسە بکەم،،،،،،،،

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

دەتەوێ سەلاحیاتی سەرۆکایەتیە بەرنامەی کار دادەنێ ئێوە ڕەفزی کەن؟ بڕۆن لەسەری، ئیتر ئێمە بە قسەی ئێوە دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز ناسک توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبێ تۆ ڕێگە بە من بدەی قسەی خۆم بکەم، دواتر ئەگەر نوقتەی نیزامی بوو ڕەفزی بکەی، نەك دەست هەڵدەبڕم ڕێگە نادەی بە قسەکردن جارێك، دوو جار، سێ جار، ئەسڵەن لەسەر کۆی بەرنامەکە، جاری یەکەم سەندوقی داهاتە نەوتیەکان کوا؟ ئێوە بڕیار بوو لە زمنی بەرنامەی کار دەرێ نەکەن، ئەمە یەك، دوو: یەك، دوو حەفتەیە ئێمە دەڵێین نە لیژنەی یاسایی، نە لیژنەی پیشەسازی، ڕاپۆرتیان حازر نەکردووە لەسەر ئەم یاسایە بۆ دەیخەنە بەرنامەیەوە، پرۆژەی گرنگ تر هەیە؟،،،،،،

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم موبەڕیرانە لەلای سەرۆکایەتیە، ئێمە موبەڕیرمان هەیە بۆچی خستوومانەتە بەرنامەی کارەوە، شەرتیش نیە هەموو لایەکی تۆ وازح بێ، گرنگ سەرۆکایەتی سەلاحیەتی خۆیەتی بەرنامەی کار چۆن دادەنێ، ئێوە ڕەفزتان کرد، ئێمەش قەبولمان کرد، فەرموو.

**بەڕێز ناسک توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەی نابێ ڕاپۆرت حازر بێ ئینجا بخرێتە بەرنامەوە، یەعنی ئەمە زۆر غەریبە ئینجا ئەی ئێستا ئەم پرۆژە یاسایە دەیخەنە دەنگدان، کوا وەزیری مەعنی؟،،،،

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

چەند جارێك ئەندامانی پەرلەمان داواتان کردووە هەندێ یاسا بخەینە بەرنامەی کار هەتا ئەگەر ڕاپۆرتیش نەبێ، فەرموو.

**بەڕێز ناسک توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، ئێ باشە ئێستا وەزیری مەعنی کوا؟ ئەی نابێ وەزیری مەعنی لێرە بێ؟ ئینجا ئەم پرۆژە یاسایە بخرێتە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. عمر فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەم پرۆژە یاسایە، پرۆژە یاسای جێبەجێکردنی یاسای خزمەتی زانکۆیی و هەموارەکانیەتی، کە لە راستیدا لە رابردوودا لە ئیمزا کردندا هەموو لایەك واژوویان کردووە، تەنها جێبەجێ کردنیەتی، جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژە یاسایە دەبێتە مایەی دابین کردنی دەرماڵەی زانستی بۆ هەموو مامۆستایانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان، هەروەها درێژکردنەوەی چەند ساڵێك تەمەنی تەقاعود بۆ هەلگرانی مامۆستایانی زانکۆ کە یاریدەدەری پرۆفیسۆرن، یان پرۆفیسۆرن لە زانکۆکاندا، لە ناوەندەکانی توێژینەوەیە پێویستیان بە خزمەتی ئەوانە، بەلاّم لە رابردوودا نا چار دەبوون کە لە تەمەنی (63) ساڵی تەقاعود ببن، ئێستا کەمێك ساڵانی تەقاعود بوون بۆ ئەوان درێژکراوەتەوە وەکو زەرورەتێکی زانستی و ئەکادیمی، هەروەها هەر توێژەرێك لە زانکۆکاندا کار دەکات، لە پەیمانگاکاندا کار دەکات، هەر مامۆستایەکی زانکۆ لەوێ کار دەکات توێژینەوەی زانستی داهێنەرانە و رەسەن ئەنجام دەدات و، لە گۆڤار و لە بلاّوکراوە زانستیە باوەڕپێکراو و رەسەنەکانی دونیادا بلاّو دەبێتەوە پاداشتێك بۆ ئەم توێژەرە بەڕێزە تەرخان دەکرێ، واتە دەعمی مادی تێدایە بۆ ئەو پسپۆڕ و مامۆستایانەی زانکۆ کە لە بواری توێژینەوەی زانستیدا داهێنان دەکەت، سەبارەت بە رەئی حکومەت بەراستی جۆری بەرنامەکە وابوو بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر نا لە (5/23) وەلاّمی حکومەتمان بە رەسمی بۆ هاتۆتەوە، کە پشتگیری لە جێبەجێ کردنی ئەم پرۆژەیە دەکات، بە تایبەتی کە تەبعات و ئیلتزاماتی مالیشی تێدایە، حکومەت بە رەسمی خۆیان رازین تەحەمولی ئەم ئیلتزاماتە مالیە بکەن لەو رۆژەی کە لە عێراقیش جێبەجی بووە کە دەکاتە (2012/5/7)، حکومەتی هەرێم بە رەسمی وەلاّمی پەرلەمانی بەڕێزی داوەتەوە، کە رازیە لەسەر جێبەجی کردنی ناوەڕۆکی ئەم پرۆژەیە، بۆیە رەئی حکومەتمان لەلایە هەر چەندە بەڕێز وەزیری خوێندنی بالاّش لێرەبووایە باش بوو، بەلاّم تەبیعەتی کاری بەرنامەکە و تێپەڕینی هەندێ بڕگە وای کرد ئەگەر نا حزوری ئەویش گرنگە، بەلاّم رەئی حکومەتیشمان لەلایە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئامادە بوونی وەزیر شتێکی باشە، ئێمە بەرنامەی کار دەدەینە حکومەت، هەموویان ئاگادارن کە بەرنامەکە چیە، بەلاّم ئەمە نابێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی کەوا بەرنامەی کار دوابخرێ، چەند جارێکیش ئەندامانی پەرلەمان داوایان کردووە ئەمە نەکەینە سەبەبێك، بۆیە ئێستا ئەم داوایەی لیژنەی یاسایی کە راپۆرتەکەیان ببێتە ئەساس دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە راپۆرتی لیژنەی یاسایی، فەرموو کاك د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێویستە راستیەكی تریش روونكەمەوە كە تەئسیری لەسەر ئەم بڕگەیە كە ئێستا جەنابت دەیخەیتە دەنگدانەوە، ئەویش ئەوەیە دوای ئەوەی ئێمە راپۆرتی هاوبەشمان لەسەر پرۆژەكە ئامادە كردووە، هەموومان واژوومان كردووە، كەسمان تەحەفوزی نیە، تەتەوڕێكی تری قانونی هەبوو ئەویش ئەوەیە عینوانی پرۆژەكەی ئێمە پێشكەشمان كردووە یاسای خزمەتی زانكۆیی و هەردوو تەعدیلەكەیەتی، بەلاَم تەعدیلی دووەم لە ($5/6$) ی ئەم ساڵ لەلایەن مەحكەمەی ئیتیحادی عێراقیەوە تەعنی لێ دراوە و وەستێندراوە، دوای ئەوەی كە حكومەتی عێراقی بە تایبەتی وەزارەتی خوێندنی بالاَ سكالاَو شكایەتی پێشكەش بە مەحكەمەی ئیتیحادی كردووە لەسەر ئەوەی ئەم پرۆژە قانونە، واتە هەمواری دووەم، تەعدیلی دووەمی، لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندكراوە بەبێ ئەوەی رەئی حكومەت وەربگرێ لەسەر ئەو بڕگەیەی پەیوەندی بە درێژكردنەوەی تەمەنی، یان وەزارەتی خوێندنی بالاَ و حكومەت دەتوانێ لە دوای ($70$) ساڵیش ئەوانەی كە ناز ناوی زانستییان پرۆفیسۆرە بیان هێڵێتەوە ئەمەش ئیلتزاماتی مالی تێدایە، لەسەر ئەوە تەعدیلی دووەمەكەی ئێستا لە عێراق وەستێندراوە، بەلاَم لەناو راپۆرتەكەی ئێمەدا تەئیدی ئەوە كراوە كە تەعدیلی دووەمیش بكرێ، بۆیە ئێمە پێمان باشە كە ماددە بە ماددەی قانونەكە بخوێنینەوە، چونكە تەعدیلی قانونەكەش دوای ئەم تەتەورە و ئەم تەعنەی مەحكەمەی ئیتیحادی پێویستی بەوە هەیە، عینوانی قانونەكە و پرۆژەكە بگۆڕین لە پرۆژەی جێبەجی كردنی یاسای خزمەتی زانكۆیی و هەمواری یەكەمی، نەك هەردوو هەموارەكەی، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشنیارەكەتان سەحب دەكەنەوە؟

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ، ئەوەی لە تەقریردا هاتووە سەحبی دەكەینەوە، لەبەر ئەم تەتەورە تازانەی كە باسم كرد، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یاسای ژمارە ($23$) ی ساڵی ($2008$) بە عەرەبیەكەی (قانون الخدمة الجامعیة)، لە ($21$) ماددە پێك هاتووە، ئەوە كاتی خۆی حكومەتی كوردستان ئەم یاسایەی جێبەجێ كردبوو بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە پەرلەمان، ئێمە كە كاتی نووسینی راپۆرتمان، دوای پێشكەش كردنی پرۆژە بە ئینفاز كردنی هەمواركردنی یەكەمەكە، لیژنەی یاسایی راپۆرتمان نووسیوە و ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانمان كرد، لەوێدا روونمان كردەوە كەوا دەبووایە پرۆژە تەقدیم بكرابا بە جێبەجێكردنی یاسای ئەسڵیەكە، ئینجا هەمواركردنەكەی،

هەمواركردنی یەكەمی یاساكە لە (3) ماددە پێك هاتبوو، هەمواركردنی دووەمی یاساكە بە ژمارە (93) ی ساڵی (2012) لە (3) ماددە پێك هاتبوو، بەڵام وەكو د. عمر ئاماژەی پێدا ئەم یاسایە لەلایەن مەحكەمەی ئیتیحادیەوە هەمواری دووەم قەبول نەكراوەتەوە، بۆیە تەنها ئێستا لێرە ئێمەش پشتگیری رای لیژنەی پەروەردە دەكەین بە ئینفازكردنی ئەسڵی قانونەكە و هەمواركردنی یەكەمەكە، پێمان باشە یەكە بە یەكەی ماددەكان بخوێنینەوە، تاوەكو ئەندامانی پەرلەمان ئاگایان لە ئەسڵی قانونەكە بێ، ئەم هەمواركردنەوەی كە ئێستا كاری پێ دەكەین، لەگەڵ ئەوەشدا وەلەو ئەوە لە بەرنامەی كاری پەرلەمان دایە، مەفروزە ئەندامانی پەرلەمان ئەسڵی قانونەكە لایان بووایە، هەروەها راپۆرتەكان كە پێشكەش كراوەتە پەرلەمان و لەبەر دەمیان دابووایە، چونكە لە بەرنامەی كاری پێشووی پەرلەماندا هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د. بشیر فەرموو.

**بەڕێز د. بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم گفتوگۆكردن لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە دوابخرێ لەبەر دوو هۆ، هۆی یەكەم دیارە ئێستا راپۆرتی هاوبەشیش گۆڕانكاری بەسەر دادێ، ئەو راپۆرتانە، كۆنەكە گۆڕانكاری بەسەر دادێ لەبەر دەستمان دانیە، لەبەر دەستی زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان دانیە، خاڵی دووەمیش لەبەر هەندێ من داوا دەكەم دوابخرێ، چونكە بەراستی ئەم پرۆژە یاسایە گرفتێك دروست دەكات وەكو د. رێباز وتی لە وەزارەتی تەندروستی، من رام وایە لە وەزارەتی پەروەردەش دروست دەكات، چونكە لە جارانی پێشوو دیسان ئەوانەی كە هەڵگری بڕوانامەی،،،،

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د. بشیر ئەمە لە كاتی موناقەشەكەدا ئەم قسانە بكەن، چونكە ئێستا جەنابت بە نوقتەی نیزامی داخیل بووی، فەرموو نوقتەی نیزامیت؟

**بەڕێز د. بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامیەكەم ئەوەیە كە دەمەوێ دوابخرێ، وەزیرەكان ئامادە بن، وەزیری پەروەردە، وەزیری تەندروستی، لەگەڵ وەزیری خوێندنی باڵا، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پـێش ئـەوەی موناقەشـەی بکـەین، ئایـا فیکرەکـەی ئینفـازکردن بخرێتـە دەنگدانـەوە؟ ئەگـەر ئەنـدامانی پەرلەمان قەبولیان کرد ئینفازەکە بکرێ، ئینجا دەتوانین ئـیش لەسـەر ماددەکانی قانونەکە بکەین، چۆن بیگونجێنین لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. عمر فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا جێبەجێ نەکردنی ئەم یاسایە دەبێتە مایەی دروست کردنـی موشـکیلەیەکی گـەورە بـۆ هـەموو فەرمانبەرانی وەزارەتی خوێندنی بالاّ و، بۆ هەموو مامۆستایانی زانکۆ، چونکە لە عێراقـدا ئـەم حقوقـەیان بۆ مەیسەر کراوە، ئێمە لێرە جێبەجێی نەکەین دەبێتە مایـەی بـڕینی ئـەم حەقـە لـە ئـەوان، بۆیـە ئەگـەر ئێـوە ئیجـازە بـدەن بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان ئێمـە پرۆژەکـەی کـە پێشـکەشمان کـردووە (5) ماددەیـە، ئیجازەمـان پـێ بـدەن مـاددە بـە مـاددە بیخوێنینـەوە، لـە یەکـەم مـاددەدا دەڵـێین جێبـەجێ بکـرێ، بـەلاّم جێبەجێ کردنەکە لە جێبەجێ کردنی ئەسڵی ماددەکە و تەعدیلی یەکەم و تەعدیلی دووەمەوە دەکەین بە ئەسڵی قانونەکە و تەعدیلی یەکەمی، چونکە تەعدیلی دووەمی لەوێ وەستێندراوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ ئەگەر قسەکردنە لەسەر پرۆژەکە ئێمە ئێستا بـەردەوام دەبـین، کـە بەردەوام بووین قسە لەسەر پرۆژەکە بکەن، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکیش هەبوو کە تەئجیل بێ بۆ بەیانی، لەبەر ئەوەی یـەك کـەس، زۆربـەمان نـە یاساکەمان لەبـەر دەست دایە، نە راپۆرتەکەمان لەبەر دەست دایە، نە وەزیـری پەیوەندیـدار هـاتووە، لەبـەر ئـەوەی ئێمـە بـە تەمابووین ئەو بڕگانەی کە تەئجیل کرا ئەمڕۆ موناقەشە بکرێ ئەوەیانمان نەهێناوە، بۆیـە ئـەو پێشـنیارە پێویستە لە پێشدا بخرێتە دەنگەوە کە تەئجیل بکرێ بۆ بەیانی، بۆ ئەوەی یاسـاکە و پرۆژەکـەمان پـێ بـێ، هەروەها وەزیری پەیوەندیداریش ئامادە بێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەمان پشتگیری ئەو رایەی کوێستان خان دەکەم، جارێ ئێمە نە هاتووین قسە لەسەر پرۆژەکە بکەین، بەڵام لەبەر دوو، سێ هۆکار، یەکێکیان چونکە گۆڕانکاریەکی تێدا کراوە ئەوەی کە پێشتر وەکو کاك د. عمر ئیشارەتی پێدا، دووەمیان جەنابی وەزیر پێویست بوو لێرە بێ، سێیەمیان راپۆرتەکانیش لەبەر دەست بێت، بۆیە ئەگەر بکرێت بۆ بەیانی تەئجیل بکرێ، بەیانی دەکرێ گفتوگۆی لەسەر بکەین، ئێستا بچینە سەر بڕگەی دواتر کە تەنها خوێندنەوەیە و دەنگ لەسەر دان و بابەتێکی وایە، بەیانی بە ئیسراحەت تر دەکرێ بە تێر و تەسەل تر کاری لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئامینە خان فەرموو.

**بەڕێز امینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز هەندەك رەئیەت هەڤالێت مە تێناگەهەم، ژ لایەکێ ڤە ئەم پەرلەمانتار داخوازێ دکەین کو هەموو ماف و ئیمتیازاتێت فەرمانبەرێت حکومەتا هەرێما کوردستانێ وەکی عێراقی لێ بێن، هەر تیشتەکی عێراقێ سەبارەت بە ماف و مووچە و دەرماڵە بۆ فەرمانبەرا هەبن کوردستانێش بێهتە تەنفیز کرن، ژ لایەکی دیڤە ڤێ گاڤێ ئەڤ ئاخافتنێت مە تەناقوزە دگەڵ هەندێ کو یاسایەکا کو ئینفازا قانونەکا عێراقیە سەبارەت بە مامۆستایەت زانکۆیێ، یەعنی بۆچی ئەو رێگری لەسەر بێهتە کرن؟ ئەڤە تەناقوزەکە ما بەینا ئاخافتنێت پەرلەمانتارا ئەز دەبینم، ژ لایەکی دیترڤە ئامادە بوونا وەزیری تەندروستی و وەزیری پەروەدە و وەزیری خوێندنا باڵاش ئەز بە پێویست نابینم، چونکە ئەڤە ئینفازە یاسایەکا عێراقیە کو پێش وەخت ژ رەئیا هەم وەزیری خوێندنا باڵای هاتیە وەرگرتن، هەم رەئیا حکومەتی مە یا وەرگرتی، حکومەت هیچ مانعیەك سەر جێبەجێ کرنا ئینفازا ڤێ یاسایێ نینە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. صباح فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی ئەم مەوزوعە ئەوەندە قورس نیە کە بەو شێوە باسی دەکەن، یەعنی پەرلەمانتارانی بەڕێز دەیانەوێ قورسی بکەن، یان وەکو بیانەوێ، ئەمە هەمووی یەك، دوو ماددەیە ئینفاز دەکرێ، موتالەبەیەکی زۆر هەیە لەلایەن مامۆستایانی زانکۆ، فەرمانبەرانی زانکۆ بۆ ئینفازی ئەوە بەو تەعدیلانەش کە هەیە، یەعنی بەراستی بۆچی شتێك کە ئاسانە ئێمە قورسی بکەین، یەعنی ئەمە مەوزوعێکە راپۆرت ئامادەیە

تەنها ئەوەیە تەعدیلێکە، ئەو تەعدیلەی کە لە بەغدا کراوە تەعدیلی دووەم ئیقاف کراوە، لەبەر ئەو ئیشکالەی کە حکومەتی عێراق لێی کردووە، ئەگەر نا ئەویش لە ڕێگەی ئەوەیە کە بەرەو چارەسەربچێ، ئێمەش ئەوە دەردێنین و یەك کەلیمەیە هیچ کێشەیەکی ئەوەتۆی تێدا نابینم، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئینفازە، یەعنی ئەو گرفتە زۆرە نیە، بەڵام ئەگەر برادەران ڕاپۆرتیان لا نیە، ئێمە دەتوانین لە ماوەی چارەگێك داوا بکەین ڕاپۆرتەکانیان بۆ بێت لە پێش دەمیان بێ بۆ ئەوەی ئەگەر موناقەشەکرا، من لەگەڵ ئەو ڕایەم ئێمە لەگەڵ هاوتاکردنی مووچەیەن لەگەڵ عێراقدا، ئەوەش یەکێکە لەو یاسایانە و مامۆستایانی زانکۆ چاوەڕێ دەکەن، هەروەها هەر توێژێکی دیکە بە زەروری دەزانین با پرۆژەی بۆ پێشکەش بکەین، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نیو کاتژمێر کۆبوونەوە تەئجیل دەکەین.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووون دانیشن، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان،

**فەقەرەی حەوتەم:**

**خستنە روو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای جێبەجێکردنی یاسای خزمەتی زانکۆیی ژمارە (23) ساڵی (2008) ی عێراقی فیدرال و، هەموارەکانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق.**

داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەکەین بفەرموون بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، فەرموون لیژنەی هاوبەش بۆ خوێندنەوەی پێشنیاری یاسایی، مادده بە مادده بیخوێننەوە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە ئەو ماددەیە بەو داڕشتنەی ئێستا خوێندرایەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (2) کەس لەگەڵ دانیە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:-

تحل السلطات المختصة (الإدارية و العلمية والاكاديمية) في الإقليم محل السلطات الاتحادية أينما وردت في القانون المذكور.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەشی بیخوێننەوە، کاك د. عمر فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

دەسەڵاتە تایبەتمەندیە (کارگێڕی و زانستی و ئەکادیمیەکان) لە هەرێم جێگای دەسەڵاتەکانی فیدرالی دەگرنەوە لە هەر شوێنێکی یاسای ناوبراودا ناویان هاتبێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش رەئیتان؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی هاوبەش لەگەڵ ماددەکەیە وەکو ئەوەی کە خوێندرایەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ئەم ماددەیە کێ تێبینی هەیە؟ کەس تێبینی نیە، سیاغەکە بخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:-

تحل السلطات المختصة (الإدارية و العلمية والاكاديمية) في الإقليم محل السلطات الاتحادية أينما وردت في القانون المذكور.

**بەڕێز حسن محمد سوره/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەشی بیخوێننەوە.

**بەڕێز د. عمر حمد امين (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

دەستەڵاتە تایبەتمەندیە (کارگێڕی و زانستی و ئەکادیمیەکان) لە هەرێم جێگای دەستەڵاتەکانی فیدرالی دەگرنەوە لە هەر شوێنێکی یاسای ناوبراودا ناویان هاتبێت.

**بەڕێز حسن محمد سوره/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە بەو داڕشتنەی خوێندرایەوە ماددەی دووەم، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیراندا کە ئاراستەی پەرلەمان کراوە، پێشنیاری ئەوەیان کردووە کەوا تەمەنی خانەنشینی هەڵگرانی ناز ناوی زانستی مامۆستا و مامۆستای یاریدەدەر لە هەرێمی کوردستان تا وەکو (66) ساڵ بێت، بۆیە ئێستا ئەو پێشنیارە دەخەنە دەنگدانەوە، ئایا ئەندامانی پەرلەمان رازینە بەوەی کە تەمەنی خانەنشینی لە کوردستان بۆ ئەو ناز ناوانە ببێتە (66) ساڵ لە جیاتی (65)؟

**بەڕێز حسن محمد سوره/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارێك هەیە، کاك د. صباح تەوزیحێك بکە، فەرمووو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا بە پێی قانونی خدمەی جامعی ئەسڵی تەمەنی خانەنشینی بۆ مامۆستای یاریدەدەر و مامۆستا (63) ساڵ پێشنیارکراوە، لە تەعدیلی یەکەمدا ئەو تەمەنە لە (63) ساڵەوە بووە بە (65) ساڵ، پێشنیارێکی حکومەت هەیە کە ئەو (65) ساڵە ببێت بە (66) ساڵ، ئێستا ئەو پێشنیارە داوا کراوە، ئەوە نامەی رەسمی هاتووە، ئێمە پێمان باشە ئەم ساڵە دەرفەتێکی زیاتر دەدرێ بۆ مامۆستایان، چونکە تا مامۆستایەك پێ دەگەیەنی جوهدێکی زۆر سەرف دەکرێ، فەرقی (65) ساڵ تا (66) ساڵ فەرقێکی ئەوەتۆ نیە، بەڵام بە نیسبەت مامۆستاکەوە گرنگە، ئەگەر پەرلەمانتاران رەئیان لەسەر بێ ئێمە بەو شێوەیە سیاغەی بکەین کە ئیقاف تەنفیزی ئەو فەقەرەیەی تەعدیلی یەکەم بکرێ لە جیاتی (65) ساڵ ببێت بە (66) ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە پێشنیارە ئەگەر قسەتان هەیە لەسەری؟ فەرموون قسە بکەن ئەگەر نا دەیخەینە دەنگدان، (65) ساڵ بکرێت بە (66) ساڵ، کێ قسەی هەیە لەسەری؟ با ناوەکان بنووسین، ئەم ناوانە نووسراون (کاك د. ئاراس, کاك جلال، کاك جمال، کاك عبدالسلام، ئاشتی خان، ئاهەنگ خان، کاك حەمە سعید، سیوەیل خان، کاك عبدالرحمن، بێریڤان خان، کاك کاردۆ، بەیان خان)، کاك د. ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە راستیدا هەر کەسێك ئەزموونی هەبێ لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆی دەردەکەوێ کە ئەو خاڵە خاڵێکی گرنگە، داوا لە هاوڕیانم دەکەم کەوا پەسەندی بکەن، چونکە بە هۆی بارودۆخی هەرێمی کوردستانەوە ژمارەیەك لە مامۆستا هەن بە درەنگی بڕوانامەکەیان بە دەست هێناوە، یان ژمارەیەکیان لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم کاریان کردووە دواتر گواستراونەتەوە بۆ زانکۆ، لەبەر ئەوە بواری نەبووە کەوا پلە بەرزکردنەوەی زانستی ئەنجام بدات لە ماوەی خۆیدا، جگەلەوەی کە ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە زانکۆمان هەیە، ژمارەیەکی زۆریش لە پەیمانگامان هەیە، پێویستییەکی زۆرمان بە مامۆستا هەیە، لەبەر ئەوە من بە خاڵێکی گرنگی دادەنێم، جگەلەوەش هەر خۆی لە بنەڕەتدا ئەوە لەسەر رەغبەتی ئەو مامۆستا بەڕێزەیە، چونکە بە پێی یاسا لە (63) ساڵیدا ئەو مامۆستا بەڕێزە خانەنشین دەکرێت، بەڵام لەسەر داوای خۆی و بە رەزامەندی پەیمانگا و زانکۆ دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەوە یاریدەدەرە هەم بۆ زانکۆ، یاریدەدەریشە بۆ زانکۆ و پەیمانگا، ئەو خاڵە یاریدەدەریشە بۆ ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کەوا خۆیان رەغبەتیان هەیە بەردەوام بن لە کاتێکدا کە توانایان هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی خاڵێکە لە سالحی ماموستایانی زانکۆ، بۆیە وا بەباش دەزانین ئەندامانی پەرلەمان لەگەڵ دابن، حکومەت خۆی لەگەڵە ئەمە لە لایەك، لایەکی تر ئەگەر بکرێ هەر یەکی دەقەیەك قسە لەسەر ئەم مەوزوعە بکات، کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی کاك د. صباح دەکەم کە فەرمووی ساڵێك هیچ نیە خۆی (65) ساڵە ئەگەر زیاد بکرێ، بەلاًم من پرسیارەکەم ئەوەیە ئێمە ئینفازی قانونێك دەکەین کە لە بەغدا لە حکومەتی فیدرال پێش پێنج ساڵ دەرچووە؟ ئایا ئەمە لە رووی یاساییەوە تەناقوز نابێ لەگەڵ ئینفازی قانونەکە ئەگەر ئێمە فەقەرە و ماددەی زیادەی بۆ زیاد بکەین؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێین سەیری ئەو موقتەرەحە بکەین وا بزانم (تناقض) دەکات لەگەڵ ماددەی یەکەم، مەبەستمان جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە، تەعدیلە، ئەگەر تەعدیل کردن بێ ئەوە (تناقض) دەکرێت، چونکە ناکرێت تۆ بێی ماددەی یەکەم ئەگەر ئیعادە بکەی بخوێنی من غەڵەت نەبم ئاخیر جومەلە (وتطبق علیە احکامە) شتێکی وایە، ئەگەر تۆ بێی حوکمێك لێرە بی گۆڕی لە سەرەوە بڵێی (وتطبق علیە احکامە) پێویست بوو ئەگەر ئەم تەغیرە ببووایە لەگەڵ ماددەکە بیگوتبا (بإستثناء المادة) ئەوەندە (من القانون) لەوانەیە ببووایە، بەلاًم لێرەش هەر باسی خدمەی جامعە دەکەم (موظف الخدمة الجامعیة)، نازانم مەبەستیان بەس ماموستا نیە (الخدمة الجامعیة)، (موظف الخدمة الجامعیة) ئەو کارە ئەو کەسە دەگرێتەوە ئەوەی لە تەعلیم ئیش دەکات، خزمەت کردن بۆ ئەو کەسە ئەوەی تەعلیمی ئیش دەکات ئەوە هەموو (موظف الخدمة الجامعیة)، نە مودەرس موساعدە و مودەرسە و هەتا دوایی، نەخێر، هەموویان دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەبێ لە سیاغە موعالەجەی ئەو مەوزوعە بکرێ، راستە؟ کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وا بزانم ئێمە حەز دەکەم ئەگەر لیژنەی هاوبەش گوێ لێ بگرن، وا بزانم ئێمە دەبێ بە سەریجی جیاوازی بکەین لە بەینی دوو شت، مافی ئەوەی من داوای خانەنشینی بکەم، هەروەها ناردنی خەڵك بۆ خانەنشینی، بۆیە من تەسەور دەکەم ئەگەر هەر نەسێکی قانونی دەربچێت کاك عمر، هەر نەسێکی قانونی ناچارم بکات بچمە خانەنشینی ئەمە پێشێلکردنی مافی مرۆڤە، بۆیە ئەگەر دەقەکە بەوە بێت بڵێین مافی هەیە داوای خانەنشینی بکات پاش ئەوەندە ساڵ ئەو کاتە کراوەیە و بۆی چەند بمێنێت، یەعنی من دژی ئەوەمە بڵێین نەسێك هەبێ لە فلانە عومر دەنێردرێتە خانەنشینی، چونکە ئەوە دژی مافی مرۆڤە، بۆیە من پێشنیار دەکەم سیاغەکە بەو شێوەبێت کە مافی هەبێ ساڵەکە دیار بکەین بە پێی سیستەمی خانەنشینی، داعی نیە بڵێین بۆ ئەوەندە ساڵ، یان ئەوەندە ساڵ نا، ئەوە یەك، دوو: لە سەرەتاوە ناوی عینوانەکە مەجال نەبوو ئەمە ئینفازە، هەموارکردنی ئینفازە، پرۆسەی هەموارکردنی ئینفاز تەبیعیە، بۆیە دەتوانین بەو شێوەیەش بێت کە لە هەمان لە ئینفاز ئێمە هەمواری چەند مادده بکەین، یان نا، بەلاَم ئەوەی ئەساسی لای من ئەوەیە ئێمە داعی نیە عومر و شت بڵێین، بەلاَم تەنها کەی لە چ عومر مافی هەیە بچێتە خانەنشینی ئەوە دەست نیشان بکەین، لە رووی عەمەلیەوە چەند توانای هەیە دەتوانێت بەردەوام بێ، من دژی ئەوەمە کە بڵێین لە فلانە عومر دەبێ خانەنشین بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی یەکێك لە فەلسەفەی ئەوەی کەوا ئێمە ئینفازی قانونی عێراقی لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین بۆ ئەوەیە کە مەجالمان هەبێ بیگونجێنین، یەعنی بتوانین بیگونجێنین هەر وەکو خۆشتان باستان کرد، ئەگەر نا هەر کە قانونەکە دەرچوو لێرە دەڵێین باشە، بۆیە دەبێ ئێوە قسەی لەسەر بکەن و بیگونجێنن لەگەڵ واقیعی ئێرە، ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە، ئێمە هەموو پرۆژەیەك بە شێوەیەکی گشتی ئەسباب موجەبەی هەیە، واتە فەلسەفەی گشتی یاساکە ئەسباب موجەبەی هەیە کە قەناعەت بە بەرامبەر دەکەی لەبەر ئەم هۆکارانە ئەم یاسایە دەرچووە، مەفروزە ئەمە بچێتە خوارەوە بۆ هەموو ماددەیەکی یاساییش هەموو ماددەیەك دەبێ ئەسبابەکانی زۆر زەرور بێ کە ئەو ماددەیە لەو شووێنەدا بمێنێتەوە، بەس ئەم ئەسبابانە بۆ گۆڕانکاری لەم ماددەیە بە بڕوای من زۆر زەعیفە، باس لەوە دەکرێت ئەگەر ئەمە کێشەیەك هەیە کەسێك لە تەمەنێکی بەرزدا شەهادەی ئیستحسال کردووە نەیتوانیوە تەعبیر لە کەفائەتی خۆی بکات بە بڕوای من بە ساڵێك ناتوانێ ئەگەر بۆی زیاد بکەین ئەو ریسالەیە بگەیەنێ بە موجتەمەع و بە توێژی تەلەبەش بڵێ ئەمە کەفائەتی منە، من ئێستا تەعبیر لە شەهادەکەی خۆم دەکەم، بۆیە بە بڕوای من ئەم حوجەیە حوجەیەکی تا حەدێکی زۆر لاوازە کە داعی نیە بۆ ئەوەی کە ماددەکە لەوێدا بهێڵینەوە، ئەگەر دەگاتە سەر ئەوەی کە ئێمە بڵێین با ئەم ساڵە زیاد بکرێ زۆر فەرقی نیە، ئایا ئێمە هیچ توێژینەوەیەکمان

کـردووه لـه رووی کۆمەڵایـەتی، لـە رووی دەروونـی، لـە رووی زهـنی، سـتاندەرێکی عالـەمی هەیـە کـە موعەدەلەکە لە (63) ساڵ لە هەندێ وڵاتدا زۆر جار داوای دوو ساڵ، یان ساڵێکی تەمدید دەکەن بـۆی زیـاد دەکرێ، بەڵام ئایا ئێمە هیچ بنەمایەکی توێژینـەوەمان هەیـە؟ مـن لەگـەڵ ئـەوەی کـە تەئیـدی بەشـێك لـە قسەکانی کاك عبدالسلام دەکەم، لەگەڵ ئەوەدام کە هیچ کەسێك ناتوانێ یەکێك مەحکوم بکات پێی بڵێ تـۆ لێرەدا توانات نەماوە کە بتوانی خزمەت بە خەڵك بکەی، ئەمە لە رووی مافی مرۆڤەوە لێدانە بـۆ دەروونـی ئەو کەسە، بەڵام ئەی حکومەت چۆن ستراجیەتی خۆی دابڕێژێت لە رێگای یاساوە، یـەعنی سـاڵانە بوەسـتێ بزانێ موعەدەلی مامۆستاکانی زانکۆی چەند ماوە، ئینجا خەڵکی تازە دابمەزرێنێ، یـان پسـپۆڕەکان تـەوزیع بکات بزانێ چەند کەس تەلەب تەقدیم دەکات بۆ ئەوەی کە ئیمدادی پسپۆڕی خۆی بکات بمێنێتەوە، بۆیـە بە بڕوای من ئەمە عەمـەلی نیـە نـە بـۆ حکومـەت ئـەم دەست کراوەیـە، لەلایـەکی تریشـەوە ئەگـەر ئەمـە یاسایەکە بۆ چەند کەس دەردەچێ بـە بـڕوای مـن دەبـێ بـە شـکلێکی عـەمومی بـێ، نـەك بـۆ رازی کردنـی هەندێ کەس بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێك لە قسەکانی من بە سەراحەت کاك عبدالسلام و ئاشتی خان کردیان، مـن یـەك شـت لـەوەی تێناگـەم (65) ساڵ بۆ (66) ساڵ، بۆ یەك ساڵ؟ سنی تەقاعودی لە هەموو دونیا کە عورفە لە هەموو کورەی ئەرزی (63) ساڵە، وەزارەتی خارجیە دەگری، وەزارەتی داخلیە دەگری، وەزارەتی تـەعلیم عـالی دەگـری، هـەمووی (63) ساڵە قانونێکی عامە، قانونە عامەکەش بۆ ئەوەی دانـراوە کە مرۆڤ دەکەوێتـە ئـەو تەمەنـەی توانـای خزمەتی هەیە، لە بـواری تـریش توانـای هەیـە، بـۆ ئـەوەی خولاصـەکەی لـە بـواری تـر دەربـێ، بـۆ ئـەوەی خولاصەکەی ماندوبوونی خۆی من کە موهەندیسمە پاشی (63) ساڵ خولاصەی تـەعبیری ژیـانی خـۆم کـە لە هەندەسە چەندی لێ تێگەیشتوومە لە بوارێکی تر دەتوانم ئیستیفادەی لێ بکـەم، سـاڵەکە ئایـا لەسـەر چ ئەسـاس بوویتـە (65) بـۆ (66) سـاڵ؟ بـەڕێزان سـنی تـەقاعودی تەمدیـدکردنی راسـتە ئێمـە لـە عێـراق پەیڕەوی دەکەین، لە جێی تر پەیڕەوی دەکەین، بەڵام لە وڵاتـانی ئـەوروپی سـاڵێك لـە سـاڵان لـە (2009) سـارەکۆزی لەسـەر ئـەوەی شکسـتی هێنـا کـە ویسـتی ئەزمـەی مـالی فەرەنسـی حـەل بکـات بـەوەی قـانونی تەقاعودی عومال بکاتە (65) ساڵ بۆی هەستانەوە، وتیان بە عەکسەوە ئەوە دژی مافی مرۆڤە بۆ کرێکاران، چونکە کرێکار ماندوو دەبێ، تۆ تەهروب دەکـەی لـە تەقاعودەکـەی، بۆیـە ئـەوە دەبـێ توێژینـەوەی لەسـەر هەبێ ئایا تەفسیرەکمان بدەنێ بۆ ئیلا بزات بوویتە (66) ساڵ؟ بۆ ساڵێك زیاد بوو؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە مادام ئێمە بڕگەیەك یان ماددەیەك تەعدیل دەکەین لەناو یاساکە دەبێ عینوانی یاساکە بگۆڕین، بڵێین (إنفاذ و تعدیل)، لەبەر ئەوەی چونکە هەر ئینفاز نیە، چونکە ئینفاز ئەوەیە کە هیچ دەست کاری نەکەی، کەواتە ئەوە یەك، خاڵی دووەم ماددەی یەکەمیش دەبێ بە شکلێك بگونجێنی، بە شکلێك دایبڕێژنەوە کە لەگەڵ ئەم وەزعە تازەیە کە هەم تەعدیلی بڕگە یەکی دەکەین بگونجێت، خاڵی سێیەم من پێموایە ئێمە بە موتلەقی بۆ هەموو فەرمانبەرانی زانکۆ و مامۆستا نەبێ لێرە حەسری بکەین بۆ مودریس، مودریس مساعد، استاذ، استاذ مساعد، چونکە وەکو کاك د. ئاراس و برادەران کاك عبدالسلام و ئەوانی تر باسیان کرد، ئێمە لەبەر ئەو هەلومەرجە سیاسیەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەبووە خەڵکانێکمان هەبووە، ئیمکانیەتیان هەبووە، لێ هاتوو بوون، بەلاَم بە هۆی بەعسی نەبوون و بە هۆی هەلومەرجێك کە سیاسی و کۆمەلاَیەتی بووە نەیانتوانیوە بخوێنن، لە خوێندن دواکەوتوون، کە لە خوێندن دواکەوتووە تەمەنی ئێستا پرۆفیسۆرە یان دکتۆرای هێناوە، زوو تەقاعود دەبێ ئیستیفادە لەو خەدەمات و لەو ئیمکانیاتەی ناکەین, خاڵێکی تر ئایا هەرێمی کوردستان ئەوەندە زەخیرەیەکی عیلمی و مامۆستای زانکۆ و پرۆفیسۆر و دکتۆرا و مامۆستای (استاذ) ی هەیە بەشی ئەو هەموو زانکۆ ئەهلی و زانکۆی حکومی بکات وەکو عێراق یان ولاَتانی تر، کەواتە من پێموایە بەلامەوە (66) ساڵەکەش کەمە، بۆیە من داوا دەکەم بکرێ بە (70) ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قەسەکانی ئاهەنگ خان و ئاشتی خان دەکەم، ئەگەر (65) ساڵە لەبەر چی ببێتە (66) ساڵ؟ ئەگەر کراوەش بێ ئەوە جیایە، بەلاَم ئەگەر مامۆستایەکە زانکۆ پێویستی پێی هەبێت دەتوانێ دوای خانەنشینی بە گرێبەست چەند ساڵ دەوام بکات و سوود لە ئەزموونی وەربگرێ، لە شارەزایی وەربگرن، باشترە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی ئێمە کە دێین هەمواری یان ئینفازی ئەم قانونە دەکەین لێرە کە بە عام دەڵێین ئینفاز بکرێ، یەعنی هەمووی جێبەجی بکرێ ئەوە تەواو ئیتر قسەی لەسەر نیە، کە ئێمە بێین سەیری قانونی تەقاعود بکەین لە کوردستان بە (63)ساڵی تەقاعود دەکرێ هەمووی بە گشتی، دەبێ ئەوانەش بکرێ هەمووی بە عام (63) ساڵی بێ، ئەگەر ئێمە ئەوەش ئینفاز بکەین، هەمواری بکەین دەبێت بە موئەقەت بێ، یەعنی بە وەختێکی دیاری کراو بێت، کاتێك بێت ئەمەش ببێتەوە (63) ساڵ، ناکرێ یەکێك (65) ساڵ بێ یەکێك (70) ساڵ بێ، یەکێکی تر (65) ساڵ بێ، دەبێ هەموویان وەکو یەك بن بە یەك چاو، بە یەك قانون، بە یەك یاسا دابڕێژین، وەکو یەك بێت، ناکرێ یەکێك (65) بێ، یەکێك (64) بێ، یەکێك (62) بە کەیفی خۆمان یان بە رەزامەندی چەند کەسێك، یان بە داواکاری چەند کەسێك ئێمە بێین یاسا دەربکەین، یان برگە دابڕێژین، قانون هەر قانونە بۆ هەموو کەسێك وەکو یەك بێ، وەکو یەك پێگری پێ بکرێ، هەموویان پێیان خۆشە لەسەر قەبریش بێ هەر وەکو خۆی ئەو پلە بۆی بمێنێ، ئەو مەعاشەی بۆ بمێنێ، ئەو پلە و پایەی بێتە بەر دەرگا با قسەش نەکات، هەموومان دەزانین کە عومرمان بوو بە (63) ساڵ، بوو بە (70) ساڵ زاکیرەمان نامێنێ، توانامان نامێنێ، قاچمان نامێنێ لەسەر قاچ بوەستین، دوو سەعات، سێ سەعات لەناو زانکۆ دەرس بدەین ئەو خوێندکارە لەوێ یەعنی دەرسی دەوێ، یەعنی علمی دەوێ پێی بگەیەنێ، پێیان ناکرێ، ئێمە هەموومان پێمان خۆشە والله هەموو شت بۆمان بێتەماڵەوە، لە ماڵ دانیشن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوە نیم تەمەنی خانەنشینی لە (63) ساڵ بکرێ بۆ (65) ساڵ، یان (66) ساڵ، کە ئەو تەمەنە دانراوە ئەوە ستاندەرێکی جیهانیە لەسەر بنەمای تەندروستی دانراوە، مانای توانای ئەو کەسە هەتا (63) ساڵیە، لێرەش هیچ هۆکارێك نابینم روون نەکراوەتەوە کە بزانین ئەوە بۆ ببێتە (65) یان (66 ) ساڵ، ئەگەر هاتو ئەو کەسە ویستی، توانای هەبوو دەرس بڵێتەوە یان توانای کاری هەبوو دەتوانێ خۆبەخشانە دوای خەنەنشینی موحازەرات بڵێتەوە، یان گرێبەستی بکات لەگەڵ ئەو شوێنە، بۆیە پشتگیری ئەوە ناکەم، داوا دەکەم (63) ساڵ وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەلایەکی تریش ئەگەر هاتو ئێمە ئەوەمان دروست کرد مەعنای جیاوازیمان دروست کرد لە نێوان وەزارەتەکان، چۆن دەبێ هەندێکیان لە (63) ساڵی تەقاعود بن و، هەندێکیانیش لە سالانی تر، لە زۆر شت ئێمە جیاوازی دروست دەکەین، لە ئیمتیازات، هەروەها لە تەمەن ئەوە کێشە لەناو کۆمەڵگادا دروست دەبێ، یاساش دەبێ هەموو حکومەت وەکو یەك بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی ئاهەنگ خان و ئاشتی خان دەکەم لە بۆچوونەکانیان، چونکە پیشموایە پاراستنی مافی مـرۆڤ بـە دەرفـەتی یەکسان بـۆ هـەموو لایـەك و هـەموو توێـژەك دەرەخسێنێ، نـەك بـە جیـاوازی کـردن، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەیان خان فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد کۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ژی بە هەمان شێوە تەئکیدی پێوەرێت مافی مرۆڤێت دکەم، تەقاعود فیعلەن ستاندەرێ جیهانیـەت هـەی جیاوازی دکەڤیتە تێدا، من بڕاستی پرسیارێ لە لیژنا بەڕێز دکەم و موبەریراتا ڤێ زێدە کرنێ بۆمە روون کرنبانە، دگەلێ هەندێدا ئەڤە ئینفازە، ئینفازە یاسایێە دێ چاوا یـەعنی دڤـێتن ئـەم نـاڤێ یاسـایێ بگـۆڕین، ئەم بێژین تەعدیل و ئینفازە یاسایێ، داکو ئـەم بشـێین ماددەیـەکی دی ئەگـەر مـەجال هـەبیتن تێـدا بێتـە کرنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. دانا فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا ئاسـاییە، یـەعنی هەنـدێك بـوار هەیـە کـە بـابڵێین مـاوەی تەمـەنی خانەنشـینیان زیـاتر بـێ لـە هەندێك بواری تر، نموونەی بابڵێین زۆر وڵات هەیە (65)ساڵە، بەڵام بۆ ئەوانـەی کـە لـە زانکۆکـان بۆیـان کردوون بە (67) ساڵ، سوید یەکێکە لەو نموونانە، لـە وڵاتـی تـریش هەیـە، بـەڵام مـن پێموایـە لـە ئەسـڵی بابڵێین تەعدیلی یاساکەدا ئەو مەسەلەیە موعالەجە کراوە، ئەگەر تەماشـای بکـەین لـە مـاددەی یەکـەم کـە دەڵێ یەکەم: (65) ساڵی دانـاوە، دووەم: دەڵـی وەزیـر بـۆی هەیـە تەمدیـدی ئـەو خدمەیـە بکـات، بـەڵام بـە مەرجێك ئەگەر ئیختصاصـەکە نـادر بـێ بـابڵێین مەجلیسـی جامیعـە کۆدەنگ بـێ لەسـەر ئـەوەی کـە ئـەو ماوەیە درێژ بکەنەوە، هەروەها تەقریری طبیشی هەبێ، یەعنی بتوانێ، هەندێك لە بەڕێزان باسی ئەوەیان

کرد کە پێویستە توانای هەبێ بتوانێ ئیدامە بدات لە خزمەتەکەی خۆی، بۆیە لە ئەسڵی پرۆژەکە ئەو مەسەلەیە پێموایە عیلاج کراوە، بۆیە هەر وەك خۆی بڕوات بە رەئی من باشترە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیاری حکومەتە، ئێوەش قسەتان لەسەر کرد، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسای شارستانی ژمارە (24) ی ساڵ (1960) یاسایەکی عامە لەوێ تەمەنی تەقاعود تەحدید کراوە بە (63) ساڵ، لێرە ئێستا ئێمە کە قانونێك لەبەر دەمانە ئەوە قانونێکی خاصە، حوکمەکەی وەکو بڕادەران ئاماژەیان پێدا بە (65) ساڵ هاتووە، واتە لێرە ئەگەر قانونێکی دەردێنین تەمەنەکەی دەگۆڕین ئەوە ئیمکانە بکرێ (بأعتبار الخاص يقيد العام)، ئەوە بە پێی قاعیدەی قانونی، دوو: سەبارەت بەوەی کە ئایا لە پەرلەمانی کوردستان دەتوانین هەموارکردن و جێبەجێ کردنی یاساکان بکەین؟ بەڵێ، دەتوانین بە پێی ماددەی (121) ی دەستوور بڕگەی دووەم دەڵێ (يحق لسلطة الإقليم تعديل تطبيق القانون الاتحادي في الإقليم)، واتە ئەو مافەمان هەیە بە پێی دەستوور، ئەو کێشەیە هیچ کێشەیەکی دەستووری یاسایی لەگەڵ دانیە، کە دەڵێین هەموار جێبەجێ کردنی یاسای خدمەی زانکۆ ژمارە ئەوەندە و هەموارکردنەکەی، واتە هەموارکردنەکەش بە گوێرەی ئەو تەعدیلاتانەی کە لە ماددەکانی تردا ئیشارەتمان پێداوە و ئیشی لەسەر دەکەین، دەنگی لەسەر دەدەین، هەموارکردنەکانیشی و تەعدیل تەبیقەکەشی بەو شێوەیە جێبەجێ دەکرێ لە کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. عمر فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆکارەکان ئێمە هەندێك روونکردنەوە دەدەین، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئازادن لەوەی کە قەناعەتیان بەم هۆکار و پاساوانە هەیە، یان نیە، لە راستیدا ئەمە پێشنیار و داواکاری و وەزارەتی خوێندنی باڵایە کە بە نووسراوی رەسمی ئاراستەی سەرۆکایەتی حکومەتی کردووە، سەرۆکایەتی حکومەتیش تەئیدی کردووە و ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کردووە، لە راستیدا دوو بڕگەیە، دوو بڕگەیە ئەم زیاد کردنە، یەکێکیان بۆ هەڵگرانی ناز ناوی زانستی مامۆستای یاریدەدەر و مامۆستایە کە داواکراوە بکرێتە (66) ساڵ، بڕگەی دووەمی زیاد کردنی تەمەنی تەقاعودیە بۆ هەڵگرانی ناز ناوی زانستی یاریدەدەری پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆرە بۆ (70) ساڵ، وەکو لە پرۆژەکەی حکومەتدا هاتووە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەین ئەگەر زیاد بکرێ بە دوو بڕگە زیاد بکرێ، واتە یەکەمیان بۆ هەموو فەرمانبەرانی

وەزارەتی خوێندنی باڵا نیە، تەنها بۆ ئەوانەیە کە مومارەسەی مامۆستایەتی دەکەن و ناز ناوی زانستییان هەیە، ئەویش بە دوو بڕگە هاتووە وەکو ئاماژەم پێدا، بۆ مامۆستا و مامۆستای یاریدەدەر داواکراوە بکرێتە (66) ساڵ، بۆ پرۆفیسۆر و یاریدەدەری پرۆفیسۆر داواکراوە بکرێتە (70) ساڵ، بۆ داواکراوە؟ ئاماژەیەك هەبوو بەوەی کە ئێستا ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئەوانەی هەڵگری ناز ناوی زانستین بە تایبەتی هی پرۆفیسۆر و یاریدەدەری پرۆفیسۆر کەمن، بۆیە ئێستا حالیەن لە زانکۆکانەوە هەندێ پرۆفیسۆر و یاریدەدەری پرۆفیسۆر و هەتا مامۆستا و یاریدەدەری مامۆستا هەن تەمەنیان گەیشتۆتە تەمەنی تەقاعودی، بەڵام زانکۆ داوای لە وەزارەت کردووە کە پێویستم بە خزمەتی ئەمانەیە، فەراغ دروست بووە لە کۆلیژەکان، بۆیە پێویستە ئەوانە بەردەوام بن لە خزمەت و بمێننەوە لە خزمەت، راستە من دەزانم رەنگە بە عەقد یان بە شێوازێکی تر لە شێوەی وانە بێژی ئەوان بتوانن درێژە بە خزمەت بدەن، بەڵام ئەم بەڕێزانە لە رووی لایەنی زانستیەوە لە رووی پڕکرنەوەی فەراغی عیلمی ئەکادیمیەوە بەراستی هینە، یەعنی زانکۆکان و کۆلیژەکان پێویستیان پێیەتی، ژمارەشیان زۆر نیە، هەروەها ئێستا لەوەی کە مەسەلەن رێژەیەکی زۆر لە مامۆستایانی هەڵگری بڕوانامەی ماجستێر چوون بۆ خوێندن بۆ دەرەوەی وڵات، جۆرێك لە فەراغیش دروست بووە لە زانکۆکان و لە پەیمانگاکان، بۆیە پێویستیان بە خزمەتی ئەوانە هەیە، واتە لەسەر پێداویستی بە خزمەتی ئەوانەی هەڵگری ناز ناوی زانستی لە هەر چوار پلە مامۆستای یاریدەدەر، مامۆستا، یاریدەدەری پرۆفیسۆر، پرۆفیسۆر، ئەمە لە زانکۆ و لە کۆلیژەکان هەیە، ئەمە حەقیقەتێکە، ئەوەی باس کرا دژی مافی مرۆڤ بێ، بەڕێزان ئەی باشە خۆ لە هەموو دونیادا باستان کرد تەمەنی (63) ساڵی تۆ دەکرێ تەقاعود ببێ، باشە ئەگەر خۆت نەتویست تەقاعود ببیت قانونەکە ناچارت ناکات کە تەقاعود ببێ؟ ئێ کەواتە جۆرێك لە ناچاری تێدایە، بۆیە ئەگەر وابێ ئەمە بە نیسبەت هەموو جیهانەوە تەناقوزی لەگەڵ مافی مرۆڤ هەیە، باسی ئەوە کرا کە من لەگەڵ ئەوەم (63) ساڵ بێ و زیاد نەکرێ، بەڕێزان ئێمە دەنگمان بۆ دا کە قانونەکە لێرە جێبەجێ دەکرێ، لە هەمواری یەکەمدا (65) ساڵە، واتە ئێمە دەنگمان بۆ ئەوە داوە لە (63) وە بکرێتە (65)، بەس ئایا دەنگ لەسەر ئەوە دەدەین کە زیاد بکرێ ئەو دوو ناز ناوە بکرێتە (66) ساڵ و هی پرۆفیسۆر و یاریدەدەری پرۆفیسۆر بکرێتە (70) ساڵ، ئەوە بۆ ئێوەی بەڕێز دەبێ، بە دەنگدان یەکلا دەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پێنج نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو کاك جمال.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتەی نیزامیم نیە، ئەگەر بێین من ئەسڵەن لەگەڵ تەعدیل کردن نیم ببێتە (66) ساڵ، چونکە لەسەری لە ماددەی یەك قفلمان کرد، گۆتمان (وتطبیق احکامە)، ئەوە یەك، خاڵی دووەم ئەگەر بێین ماددەی (11) بخوێنین، ماددەی (11) لە قانونی خدمەی جامیعی ئیتیحادی ئەوەی کە پێویستمانە

تەعدیل بكەین، ماددەی (11) دەڵێت یەعنی وەك كە موبەریراتی جەنابی سەرۆكی لیژنەی خوێنـدنی بـاڵا كاك د. عمر هێنای، لێـرە ئـەو موبەریراتـە هەیـە، لێـرە هەیـە مـەوجودە، تەعـدیل نـەكراوە دەڵێت (یجوز تمدید خدمة الاستاذ، والاستاذ المساعد بناءً على موافقته التحريريـة و توصيةٍ مـن مجلـس الكليـة و موافقـة مجلس الجامعة)، ئەمە یەك، خاڵی دووەم (ب): (إحالـة مـن يـتم تمديـد خدمتـه إلى التقاعـد وفـق الفقـرة اي واحد من هذا البند عند إكماله السبعون مـن العمـر)، یـەعنی لـە ئەسـڵی قانونـدا (70) سـاڵەكە دەستنیشـان كراوە، سەبارەت كێ؟ ئەوەی استاذ بێ یان استاذ مساعد بێ، ئەوە لەوێ چارەسەر كراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د. ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها روونكرنەوەیەك ئەگەر لـە رووی یاساییەوە دەكرێـت، ئێمـە گرفتەكـەمان لـە خوێنـدنی بـاڵا ئەوەیـە هۆكاری زانكۆ لەناو كولی زانكۆیەكدا زانكۆی وامـان هەیـە حـەفتا بەشـی زانسـتی تێدایـە، پـەیمانگای وامـان هەیە بیست و پێنج بەشی زانستی تێدایە، كولی بەشێكی زانستی دەبێ ژمارەیەكی تەواو لە میلاك هەبێ لە مامۆستا و مامۆستای یاریدەدەر و پرۆفیسۆری یاریدەدەر، ئینجا ئـەو بەشـە بـە بەشـێكی یاسـایی و زانسـتی دادەنرێت، لەبەر ئەوە من قەناعەتێكی تەواوم هەیە كە وەزارەتی خوێندنی باڵا پێویسـتیەكی تـەواوی بـەو هەمواركردنە هەیە بەو شێوەیە هەر هیچ نەبێ لەبەر پڕكرنەوەی بەشە زانستیەكان، چونكە بەشی زانستی ناتوانی بكەیتـەوە یان نابێ بە بەشێكی زانستی و یاسایی، ئەگـەر ژمـارەی تـەواوی لـە (مامۆسـتا، مامۆسـتای یاریدەدەر، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، پرۆفیسۆر) نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله من جەخت دەكەمەوە لەسەر ئەو پرەنسیپەی باسم كرد، باس نـەكرا، جیـاوازی هەیـە بـەینی ناچـاری یەكێك بكەی بچێتە تەقاعود و بەینی مافی كەی دەست پـێ دەكـات مـافی چـوونی بـۆ تـەقاعود، ئەگـەر ئێمـە دەقیق نـەبین لـە سیاغە، واتـە ناچـاری مامۆسـتا دەكـەین ئـەوەی پرۆفیسـۆر و یاریـدەدەری پرۆفیسـۆرە تـا نەبێتە (70) ساڵ مافی نیە بچێتە خانەنشینی، ئەمە غەدرە، هەروەها ئێمە سنی تەقاعود بـا بـە شـێوەیەك تەفسیری بكەین بۆی هەیە بچێت، بەڵام بەو شێوەیە كە تەفسیر كـرا (إنـە) سـنی تـەقاعود مـافی تـەقاعودی هەبێت لە (70) ساڵ، من پێشێلی مافی مرۆڤ دەكەم ناچاری یەكێك دەكەم ئـیش بكـات بـە غـەیری ئـیرادەی ئەو، ئەوە یەك، دوو: تێبینیەكی بەسیت من (15) ساڵ خزمەتم هەیە لە نەمسا كە تەمەنم بـوو بـە (65) ساڵ مافی ئەوەم هەیە داوای تەقاعود بكەم، بـەڵام ئەگـەر تێپـەڕی ناچـارم ناكـەن دەربچـم، بۆیـە كـاك عمـر

ئەوەی جەبریەکە کە باست کرد، نەخێر، لەوێ وەکو ئەوەی من باس دەکەم دەڵێین تۆ مافت هەیە بچیتە تەقاعود لە فلانە ساڵ، بەڵام ناڵێین دەبێ تەقاعود بکرێی، بۆیە ئەم سیاغەیە ئەو مەعنایە دەدات، واتە مامۆستاکان ناتوانن پێش (70) ساڵ بچنە تەقاعود ئەوە لە جیاتی هاوکاریان بکەن غەدریان لێ دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامیەکەی من لەسەر ئەو موقتەرەحەیە کە دەخوێندرێتەوە، ئەو موقتەرەحە کە لەبەر دەم د. عمر دایە، ئەو پاساوانەی بەڕێزت دەیهێنیتەوە، یەعنی تەحلیلی بەڕێزتە یان لە موقتەرەحەکەی حکومەتدا هاتووە سەبارەت بەوەی کە دەڵێی نەفسێکی زۆر دروست دەکات کە جۆرێك لە پسپۆڕیەکان شوێنەکانیان بەتاڵ دەبێت و، ئێمە نەفسێکی زۆرمان هەیە، ئەگەر ئەمە موقتەرەحی حکومەتە ئەوە من ئیشارەتەکەم لە بەڕێزتەوە بینی، باشە ئەگەر موقتەرەحی حکومەتە دەبێ لەناو موقتەرەحەکەشدا هاوپێچی کردبێ بە ساڵێك ئەم شاغرانە چۆن پڕ دەکاتەوە؟ پلانی حکومەت چیە؟ مومکین نیە ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان موقتەرەحێك لە حکومەت بەم پاساوە زەعیفانە هاوپێچی نەکردبێ بە موقتەرەح و، پلان و، ستراجیەتی چیە؟ لە ماوەی ساڵێك کە ئەم هەموو شوێنە گرنگە کە موساعید مامۆستامان نەفس هەیە، کە ئێمە هەندێك پسپۆڕ لە شوێنەکاندا شاغر دەبێ ئایا موقتەرەحەکە پێویستی نە دەکرد هاوپێچ بێ لەگەڵیدا؟ بزانین پلانیان چیە بۆ ماوەی ساڵێك؟ چۆن ئەم فراغانە پڕ دەکاتەوە؟ خۆ هەر سێ مانگی ساڵەکە دەڕوات بۆ موعامەلاتی تەمدید، کە ئەو کەسە موحاوەلە بکات تەمدید بکات، ئەی چەند دەمێنێ کە بتوانێ تەعبیر لە ئیختصاصی خۆی و خزمەت بە سێکتەرەکەی خۆی بکات، ئەگەر لە موقتەرەحەکەی حکومەت دا هەیە من داواکارم لە لیژنەی پەیوەندیدار ئەو تەبریرەمان بۆ بخوێنێتەوە بزانم پلانی حکومەت بۆ چارەسەرکردن لە ماوەی یەك ساڵدا چۆنە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارێکی حکومەت هەیە، هیچ پاساوێکی بۆ مەهێننەوە، خۆیان توێژینەوەیان هەیە، خۆیان مەسحیان هەیە، پێشنیارەکەیان خستۆتە بەردەمی ئێوە، پێتان باشە قەبولی بکەن، پێتان باش نیە قەبولی مەکەن، ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من پێم باشە وەزیری خوێندنی باڵا روونکردنەوەیەك لە پێش پەرلەمان بدات، ئایا بۆ ماوەی ئەوەندە ساڵە بۆ ئەوەندە پرۆفیسۆر و یاریدەدەری پرۆفیسۆر ئەسبابی عیلمی چیە کە

کەمە؟ سەبەبەکە موتەعەلیقە بە چی؟ دوایێ ئەو ساڵە دەردی ئاشتی خان گۆتەنی چۆن ئەو نەقسەی پڕ دەکاتەوە، ئەوە دوو، سێ: سنی تەقاعودی (63) ساڵ پاشی ئەو عومرەی لە زۆر وڵاتانی ئەوروپا هەر (برۆکسل) بگرە بە تەنێ (بەلجیکا) باوەڕتان پێ بێ زۆر موئەسەساتی مافی مرۆڤ، UN، (کرایسز) لە دونیای کە چۆن حەل دەبێ، تەقاعود کە تەقاعود دەبێ لە هەر بوارێکی خۆی بە موتەبریع لەو موئەسەساتانە ئیش دەکات، (63) ساڵ عومری دەرچوون و مردن نیە، (63) ساڵ بیدایەتی خیبرەیە، ئەگەر مرۆڤ ئیستیفادەی دا ئەزموونی ژیانی خۆی کردبێ، دەبێتە خزمەتێك بۆ ئەو وڵاتەی، چونکە مەعاشی خۆی لەلایەکی تر وەردەگرێ، یەك لەو موئەسەسانەی (فیدیك) کە ئەمڕۆ هەندەسە لە فەرەنسا قانونی دونیایێ لێ تەنزیم دەکرێ، مەجموعە موهەندیسێك بوون فەرەنسی و سویسری و ئینگلیز ئەوانە هەموویان لە سنی تەقاعود بوون خۆیان ئەو موئەسەسەیان دانا بە تەبەروع ئیشیان کرد بەڕێزان، من هەر دەمەوێ تەئکید لەسەر ئەوەی بکەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پرسیارێکت کرد بینێرە بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، هەروەها بینێرین بۆ وەزارەتی ناوبراو، بەس لەبەر ئەوەی باسی مافی مۆرڤ کرا، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا دەبوو لیژنەی بەڕێزی خوێندنی باڵا جەدوای ئەم تەرحەیان بۆ ئێمە روون بکردایەتەوە، راستە پێشنیاری وەزارەتی مەعنیە دەشێ ئەوان دیراسەیان بکردبا، بەڵام دواجاریش لیژنەی مەعنی لە پەرلەمان دەبوو بەرچاو روونی بداتە ئەندامانی پەرلەمان، لە راستیدا ئەم بابەتە لەبەر ئەوەی رەهەندێکی مادیشی هەیە، ئێمە بەدەر لە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ دەبێ لە بوعدی عەدالەتی ئیجتیماعیشەوە خوێندنەوەی بۆ بکەین، چونکە ئەگەر خودی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە ماوەی ئەم دوو، سێ ساڵەی رابردوودا کە ئێمە تەشریعی یاسا و بڕیارەکان دەکەین، تۆزێ دیقەت بکەین هەمووومان دەزانین بۆ سێکتەری خوێندنی باڵا و پەروەردە و بە تایبەتیش هەڵگرانی بڕوانامەی باڵا بەشێکی باش لێی ئیمتیازاتیان بۆ دابین کراوە، ئەگەر بەراوردیەك لە نێوان سێکتەرەکانی تر و سێکتەری خوێندنی باڵادا بکەین دەزانین ئەمە دەبێ رەچاو بکرێ پرەنسیپی عەدالەتی ئیجتیماعی، لەوەدا من پێموایە ئەو ستانداردەی کە هەیە دەبێ لەبەر چاو بگیرێ، پێشموایە ئێمە لە نێوان شەڕی ئەجیالەکاندا ئێستاکە دەبێ قسە لەسەر ئەوە بکرێ ئەو توانایانەی کە پێویستن لە زانکۆکاندا بەر جەستە بکرێ و دەرفەتی زیاتریان بدرێتێ، هەروەها ئەوانەی دەتوانن زیاتر مواکەبەی عەسر بکەن دەرفەتی زیاتریان بدرێتێ، هەندێ موبەریر هەیە من تەسەورم وایە زۆر لۆژیکی نیە لە کاتێکدا لە سێکتەرەکانی تریشدا هەڵگری خاوەن بڕوانامە هەن، بەڵام مادام وانە ناڵێنەوە ناتوانن سوودمەندبن لەم بابەتە، بۆیە من تەسەورم وایە جۆرێك لە نا هاوسەنگی هەیە، پرۆسەکە وەکو خۆی بچێتە رێوە، نەك پشتگیری بۆچوونەکەی وەزارەت بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرمان فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری رەئیەکەی کاك د. دانا دەکەم بەراستی، هەروەها کاك جمالیش زۆر جوانی پێکا، لە ماددەی (1) و لە ماددەی (11) ئەگەر بە وردی یاسایەکەی نەفاز لە حکومەتی فیدرالی بخوێنینەوە لە ماددەی (1) و مـاددەی (11) زۆر جـوان چارەسـەری کـردووە ئـەو کەسـانەی کـە خـاوەن خیـبرەن و پێویسـتە لـە دامودەزگاکانی زانکۆیی و دیراساتی عولیا بمێنێنەوە، زۆر جوان باسی کردووە، هەتا ئەگەر (70) ساڵە خۆی تەلـەب دەکـات دەمێنێمـەوە، لایـەنی تەندروسـتی باشـە دەمێنێمـەوە، یـەعنی پێویسـت ناکـات یـەك سـاڵ درێژکردنەوە بەراستی خۆی لە خۆیدا ئەمە بە شتێکی زیادی دەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بە رەئی من بەسە لەسەر ئەم بابەتە، (65) ساڵ و (66) ساڵە دەیخەینە دەنگ کامەیان قەبولە تەواو، کـاك د. عمر فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەوزوعەکە دوو بڕگەیە وەکو ئاماژەم پێدا، بۆ مامۆستا و مامۆستای یاریدەدەر پێشنیارکراوە ببێتـە (66) سـاڵ، بـۆ پرۆفیسـۆر و یاریـدەدەری پرۆفیسـۆر پێشـنیارکراوە ببێتـە (70) سـاڵ، بـەڕێزان ئەمـە داواکـاری وەزارەتـی خوێنـدنی بـالاّ و زانکۆکـانی هـەرێمی کوردسـتانە، زیـاتر لـە (5) هـەزار مامۆسـتای زانکۆیـە لـە هـەرێمی کوردسـتان، پاسـاوەکانیش، ئێمـە هەنـدێ قسـەمان لەسـەر کـرد، کـاك د. ئاراسـیش ئـیتر هەنـدێ تەوزیحی دا، ئەمە دەمێنێتەوە بەڕێزتان ئەمە قەبول دەکەن یان نا؟ ئەوەی تر سەبارەت بەوەی مافی مرۆڤ، بەڕێزان رەنگە لە دوو گۆشە نیگاوە هەبێ، دەنا ئەوەی کاك عبدالسلام و ئەوان وتیان ئاهەنگ خان و ئاشتی خان مـن لەگـەڵ ئـەوەم، تـۆ ئەگـەر تەمـەنی تـەقاعودیت (70) سـاڵ بـێ بـۆ خـۆت لـە (60) سـاڵی ویسـتت تەقاعود بکرێی بڕۆ با تەقاعود ببی، بەڵام ئەگەر بووی بە (71) ساڵیش حکومەت ناچارت دەکات تـەقاعود ببی، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم بڵێین بۆ ئەوە هەیە لە تەمـەنی ئەوەنـدەدا خـۆی تـەقاعود بکات، واتـە ئەگـەر بیەوێ پێشتریش بێ دەتوانێ خۆی تەقاعود بکات، داواکارم بخرێتە دەنگدانەوە بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە باسی سەقفە ئیجباریەکەی دەکەین، ئەوەی تری لە قانونەکاندا هاتووە و موعالەجە کراوە، هەمواری ئەوەش ناکەین، یەکێك (15) ساڵ خزمەتی هەبێ، یەکێك ئەسبابی طبی هەبێ، ئەمە مەوزوعێکی ترە، ئێمە باسی سەقفی بەرزی تەقاعودی دەکەین بۆ ئەم توێژەی ئێستا باسمان کرد، بۆیە پێشنیارەکە تکایە بخوێننەوە، با بیخەینە دەنگدان، وەکو خۆی چۆن لە نامەکە هاتووە ئەوها بیخوێننەوە، فەرموو کاك د. صباح.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثالثة:**

**يوقف العمل بالفقرة أولاً من المادة الاولى من قانون التعديل الاول للقانون رقم (32) لسنة (2012) في الإقليم و يحل محلها ما يأتي:-**

**أولاً: يُحال موظف الخدمة الجامعية من:**

1- **حاملي اللقب العلمي (مدرس مساعد، مدرس) إلى التقاعد عند إكمال (66) عاماً.**

2- **حاملي اللقب العلمي (أستاذ مساعد، أستاذ) إلى التقاعد عند إكمال (70) عاماً.**

بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە بەو سیاغەی خوێندرایەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (32) کەس لەگەڵ دایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (28) کەس لەگەڵ دانیە، زۆر سوپاس، بۆیە ئەو سیاغەیە وەکو خوێندرایەوە وا قەبول کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الرابعة:**

**يعمل بأحكام التعديل الأول للقانون إعتباراً من تأريخ (2012/5/7).**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بە کوردیەکەشی بیخوێننەوە، فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

کار بە حوکمەکانی یاسای ژمارە (23) ی ساڵی (2012) هەمواری یەکەم دەکرێت لە رۆژی (2012/5/7).

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش رەئیتان، فەرموون.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە ماددەكە دەكەین، لەبەر ئەوەی (أثر رجعي) دەداتە جێبەجی كردنی قانونەكە لە بەرواری (2012/5/7)، ئەوەش لە خزمەتی ئەو شەریحەیە كە سوود لە قانونەكەیدا وەردەگرێ، دەكرێ (أثر رجعي)، بەڵێ، دەیدێ بە نەسێكی قانون، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەندامانی پەرلەمان كێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ ئەم ناوانە نووسراون (ئاهەنگ خان، ئاشتی خان، پەیمان خان، كاك د. احمد، كاك د. ئاراس)، ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەسەر ئەسەر رەجعیەكەی قسەی دەكەم، ئایا وەزارەتی مالیە رازیە بەتەبەعاتی مالی لەسەر ئەسەری رەجعی؟ چونكە وەزارەتی مالیە هەر چەند بۆ تەقاعودی دینارێك لە یەكێكی زیاد دەكەی، وەزارەتی مالیە لە بودجەی سەری سەڵمان دەڵێ ئێوە شتم لەسەر فەرز دەكەن و كەچی من پارەم نیە، ئایا بۆ ئەوە رازیە وەزارەتی مالیە؟ ئەگەر رازیە والله دەست خۆشی لە وەزارەتی مالیە دەكەم، ماڵیان ئاوابێ شتێكیان قەبول كرد، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارەكەی من ئەوەیە ئەم یاسایە لەگەڵ ئەوەی مادەكەی ئیقرار كرا و (اثر رجعیة) وەكو ئەوەی كە ئاهەنگ خان وتی تەبیعات دروست دەكات بۆ وەزارەتی مالیە، ئێمە پێشتر ئاماژەیان پێكرد لیژنەی پەیوەندیدار و لیژنەی یاسایی كە هیچ داتایەك و توێژینەوەێك لەبەردەم ئێمەدا نیە، باشە ئەی چۆن مەزەندە دەكرێ كە ئەو قورساییە لە رووی داراییەوە دەچێتە سەر وەزارەتی دارایی، ئەی ئەمە چۆن موعالەجە دەكرێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

تەنها بۆ تەوزیح لە دوای خوێندنەوەی ئەم پرۆژە یاسایە، پرۆژە یاساكە درا بە حكومەت، ئێستا وەڵامی حكومەت هاتۆتەوە كە رازین، ئینجا ئەوان تەبعەن چۆن موناقەشەیان كردووە لە كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران، پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا من پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە ئیلغا بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم ماددەیە جیا لەوەی کە بۆ خۆی وەکو ئەوەی هاوکارانم لە پێشەوە وتیان، ئێمە هیچ داتایەکمان لەبەردەمدا نیە، د. عمریش باسی کرد کە وەزارەتی دارایی وحکومەت ڕەزامەندی لەسەر دەربڕیوە، ئێمە لێرەدا پێویستمان زۆر بە ڕەزامەند بوون یان ڕەزامەند نەبوونی ئەوان نیە، لەبەر ئەوەی لە ئەساسدا هەر بۆ خۆی ئەم ماددەیە ئیشارە بەوە دەکات کە ئەم یاسایە جێبەجێ کراوە پێش دەرچوونی، ئێستا پێش تۆزێك د. عمر نەقدی لەوە گرت کە ئێمە هەمواری دووەم ناتوانین ئینفاز بکەین، لەبەر ئەوەی هەمواری دووەم هێشتا لە عێراقدا نەبووە بە قانون، بەلاّم لای خۆمان لە هەرێمی کوردستان ئەم یاسایە جێبەجێ بووە، لێرەش ئیشارەت بە جێبەجێ کردنی دەدەین، کە پێشتر جێبەجێ بووە و ئێستا ئێمە یاساکەی بۆ دەردەچێنین، لەبەر ئەوە بە بڕوای من وەکو ئەوەی کە ئێمە ئەو عەیبە قانونیە کراوە لە هەرێمی کوردستاندا بەبێ ئەوەی ڕەزامەندی پەرلەمان لەسەر یاسایەك دەربچێ جێبەجێ کراوە، لایەنی کەم بەوە بمێنینەوە کە ئەم ماددەیە لاببەین لەناو یاساکەدا ئیشارەتی پێ نەدەین وەکو ئەوەی کە بۆتە ئەمری واقیع و پەرلەمانیش دەنگی لێ نەهاتووە و ئێستا موبارەکەی جێبەجێ کردنەکەی دەکەین بە دەرچوواندنی یاساکە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. احمد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من پشتگیری لەو ماددەیە دەکەم بەڕاستی، چونکە کۆمەڵێك خەڵك لە ڕاستیدا موستەفید دەبن کە ئەو یاسایە بە ئەسەری ڕەجعی جێبەجێ بکرێ لە هەرێمی کوردستاندا، لێرەدا ماددەکە کە هاتووە جێبەجێ کردنی هەر چەند لێرە هەر دوو هەموارکردنەکە هاتووە، بەلاّم جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە لە مێژووی دەرچوونیانەوە دەبێ، بەلاّم لە عەرەبیەکەی نووسراوە (من تأريخ نفاذ)، یەعنی تاریخی صدوری جیاوازە لەگەڵ تاریخی نەفاز، یەعنی تکا دەکەم کە کوردی و عەرەبیەکە بکرێ بە یەك، یەعنی لە عەرەبیەکەش بکرێ (من تأريخ صدور) نەك (تأريخ نفاذ)، چونکە دوایی تەعدیلەکەشی بەسەر داهاتووە لە نەفازەکە جیاواز دەبێ، بۆیە کوردی و عەرەبیەکە لێك جیاوازە، بۆیە بەڕاستی من پشتگیری لەوە دەکەم لە ماددەی یەکەمدا لە تەعدیلی یەکەم هاتووە (ثامناً) باس لەوە دەکات (تحتسب خدمة المعيد في الجامعات و المعاهد العراقية خدمة جامعية لغرض التقاعد منذ تعينه بعد حصوله على شهادة الماجستر أو ما يعادلها على أن يخدم بعدها (10) سنوات في الاقل قبل بلوغه السن القانوني للتقاعد)، لێرەدا یەك تێبینی هەیە هەندێك حاڵەت هەبوو کە پەیوەندیان بە ئێمەوە کرد لەوانەی کە موعید بوونە لە زانکۆ، ڕەنگە حاڵەتەکەش زۆر کەم بێ، زۆر نیە دوای ئەوەی ماجستێریان تەواو کردووە فیعلەن ئەو خاڵە دەیانگرێتەوە کە بڕگەی هەشتەمە لە ماددەی یەکەم لە تەعدیلی یەکەمدا هەڵبەتە، بۆ نموونە هەبووە بە هۆی نەخۆشیەوە دوایی

تەقاعود بووە، لێرە ئەو ماددەیە دەیگرێتەوە کەوا خزمەتی موعید بە خزمەتی جامعی بۆ حیساب دەکرێ، بەڵام لێرە کە لە ئەخیرەکەدا کە هاتووە (على أن يخدم بعدها (10) سنوات) بە رەئی من ئەمە تا حەدێك ئیجحاف بە حەقی ئەو کەسانەیە، یەعنی ئەگەر خدمەی جامعیان هەبێ و دوای ئەوە ماجستێریشی هێناوە، بەڵام (10) ساڵ خزمەتی نیە دوای ئەو کاتە حاڵەتی بۆ هاتۆتە پێشەوە کە تەقاعود بووە، ئیتر بۆچی ناچار بکرێ بڵێ دەبێ دوای ئەوە (10) ساڵی خزمەت هەبێ، یەعنی ئەمە بەراستی من پێم باشە ئەگەر ئەم بڕگەیە هەموار بکەین، لەبەر ئەوەی مادام ماددەی تریشمان هەموارکرد هەرچەند ناوەکەمان ئینفازە لە قانونەکە، بەڵام مادام ناومان لێنا هەموارکردن، من پێم باشە ئەم بڕگەیە هەموار بکەین بۆ ئەوەی ئەو کەسانە موستەفیدبن و بە شێوەیەکی گشتیش پشتگیری لە ماددەکە دەکەم بە ئەسەری رەجعی بێت، بەڵام لە مێژووی دەرچوونی یاساکە، نەك لە مێژووی نەفازی جێبەجێ کرنیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا لەدەر ئەنجامی ئەم ئەزموونەی کە پێشتر تێبینیمان کردووە کاتێك ئەم جۆرە یاسایانە رێنمایی بۆ دەردەکرێ بە تایبەتی لەلایەن وەزارەتی داراییەوە، دەبینیت ئەو رێنماییانە کێشە دروست دەکات لەگەڵ بۆچوونەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا، نامەوێ زیاتر بچمە ناو تەفاسیلەوە، هیوادارم ئەگەر جێی دەکرێتەوە لەو پرۆژە یاسایە لە کاتی ئەو بڕگەیەی دەینووسین بۆ جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە، هیوادارین هەماهەنگییەك ئیشارەتی بدەن لە نێوان وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی داراییدا، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز د. عمر حمد امين (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا ئەم (اثر رجعي)یە تەنها بۆ تەعدیلی یەکەمی قانونەکەیە، لەوێ موخەصەصاتی لەقەبی عیلمی تەرخان کردووە، لە عێراقیشەوە لە رۆژی (2012/5/7)ەوە موخەصەصاتی لەقەبی عیلمی کە قانونەکە شمولی دەکات بۆیان حیساب کراوە، بۆیە مامۆستایانی زانکۆ و وەزارەتی خوێندنی باڵا بە نەص داوایان کردووە کە لە سەرۆکایەتی حکومەت هەوڵبدرێ لەو رۆژەوە لێرە حیساب بۆ ئەو بەڕێزانەش بکرێ کە هەڵگری ناز ناوی زانستین، خۆشیان رازی بوون لە وەڵامی نووسراوەکەی خۆیان دەڵێن ئێمە لە (2012/5/7) ئێمە رازین کە جێبەجێ بکرێ، خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئێمە لەگەڵ وەزارەتی دارایی قسەمان کردووە کە ئەم (اثر رجعي)یە ئیلتزاماتی مالی لەلای ئەوان دروست دەکات، جێبەجێ کردنی تەعدیلی یەکەمی قانونی خدمەی جامعی، واتە ئەوەی پەیوەندی بە لەقەبی عیلمیەوە هەیە ساڵانە (10)

ملیار دیناری دەوێ، ئەوەشمان لەگەڵ وەزارەتی دارایی باس کردووە، واتە بەدوا داچوونمان کردووە، حیسابی مالیمان کردووە، هەر لە خۆوە مەسەلەن ئێمەش داوامان نەکردووە یان تەئیدمان نەکردووە یان لەگەڵ (اثر رجعي)ەکە نەبووین، بۆیە لەگەڵ ئەوەین کە لەگەڵ نەسی ماددەکەین ئێمە، ئەمە داواکاری هەموو مامۆستایانی زانکۆ و وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانکۆ و پەیمانگاکانیشە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون سیاغەکە بخوێننەوە، تا بیخەینە دەنگدان، کاک د. سەروەر نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو وتەیەی کاک د. عمر باسی کرد راستە ئەسەر رەجعیەکە کە لەگەڵین بەس بۆ مەسەلەی مالیەکە بێ، بەڵام ئایا لێرە وا هاتووە؟ چونکە لێرەدا هاتووە دەڵێ یاساکە لەو کاتەوە کە جێبەجێ دەکرێ، ئەگەر یاساکە لەو کاتەوە بۆی حیساب بێت ئەوە مەسەلەی خانەنشینیشی تیدایە، ئێمە خانەنشینەکە کردوومانە بە (70)، کردوومانە بە (65)، ئایا ئەگەر کەسێك ساڵی پار هێشتا نەگەیشتۆتە ئەوەندە تەمەنی بە پێی کۆنەکە تەقاعود بووبێ، تەقاعودیەکە هەڵ ناوەشێتەوە؟ ئایا ئەمە کێشەی تری بەدوا نایەت؟ بەس مەبەستم ئەوەی لە رووی یاساییەوە بیگونجێنین، یان ئەوەتا ئەوەیشی تێدا جێ بکرێتەوە، یان ئەوەیە هەمووی دەگرێتەوە ئەسەری رەجعیەکە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تەحدید بکەین ئەسەرە رەجعیەکە بۆ چیە؟ فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا (اثر رجعي)یە کە بۆ جێبەجێ کردنی قانونەکەیە، فیعلەن ئەگەر بەڕێزێك مەسەلەن هەڵگری ناز ناوی پرۆفیسۆر بووبێ تەمەنی بە (65) ساڵی تەقاعود بووبێ، ئێستا بۆی هەیە سوود لە قانونەکە وەربگرێ هەڵ بوەشێتەوە، لەبەر ئەوەی تەمەنی (70) ساڵی تەواو نەبووە، تا (70) ساڵ دەتوانێ بەردەوام بێ، واتە لەوێش سوودی هەر لێ وەردەگرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون سیاغەی کۆتایی بخوێنن.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

يعمل بأحكام التعديل الأول للقانون إعتباراً من تأريخ (2012/5/7).

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە بەو سیاغەیەی خوێندرایەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (6) کەس لەگەڵ دانیە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ماددەکە پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة: على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەیەکی پرۆتۆکۆلیە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

على وزير التعليم العالي و البحث العلمي إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەروەر فەرموو.

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەم لەسەر ئەو ماددە نیە، بەڵام بابەتێکە پەیوەندی بە ئێرەوە هەیە، چونکە جەنابت لە سەرەتادا من کە تەرحێکم کرد وتت من پێم باشە ئەمە لەبەر چاو بگیرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قسەیەکی ترت کرد کە وتت بە فیعلیش وایە ئێمە ئەو یاسایانە بۆیە ئینفازیان پێ دەکەین بۆ ئەوەی بیگونجێنین لەگەڵیدا، لەگەڵ هەرێمی خۆمان، لەگەڵ بارودۆخی خۆمان،،،

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارەکەت فەرموو.

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرەدا سەبارەت بەو یاسایە کەوا ئێمە جێبەجێی دەکەین و نەفازی پێ دەدەین هەقە هاوسەنگی یەك رابگرین، مامۆستاکانمان کە ئەمە لەبەرژەوەندی مامۆستایانی زانکۆیە هەست بە غبن نەکەن هەندێکیان، من یەك نموونە بۆ بەڕێزتان دەهێنمەوە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لێرەدا لە ماددەی یەکەمی ئەسڵی یاسای هەموارکراوەکەدا لە برگەی پێنجەمدا کە باس لەوە دەکات ئەو کەسانەی کەوا لە زانکۆکانی تری دەرەوەی عێراق بوون خزمەتیان کردووە ئەو ماوەیان بۆ بە خزمەتی زانکۆیی حیساب دەکرێت، نموونەکەم

لەسەر ئەوەیە بیهێننە بەرچاوتان رۆژگارێك ئێمە لە هەرێمی كوردستاندا بارودۆخمان باش نەبوو لە زانكۆكان پێویستمان بە زانكۆ بوو، بارودۆخی هەرێمی كوردستان خراپ بوو ژمارەیەكی زۆر لە مامۆستایان چوونە دەرەوە، زانكۆكانیان بە جێ هێشت، بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، بەلاَم دواتر كە بارودۆخی هەرێمی كوردستان باش بووە گەڕاونەتەوە، ئەو ماوەیەیان بۆ بە خزمەت حیساب دەكرێت؟ ئەمە لە پێناو بەرژەوەندی خۆی، بەرژەوەندی گشتی خستۆتە لاوە، بەلاَم لە هەمان كاتدا خەڵكی ترمان هەبووە لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی خستۆتە لاوە، پێشمەرگە بووە یاخود بە زۆر وایان لێ كردووە تەعین نەكرێ، ئەو دوو مامۆستایە لە تەنیشت یەكن، بۆ ئەمەیان بە خزمەت بۆ حیساب بێ؟ بۆ ئەمەیان بۆ حیساب نەبێ بە خزمەت؟ بۆیە تكا دەكەم ئەگەر بكرێ لێرەدا ئەو جۆرە هاوسەنگیە رابگیرێ بڕگەیەك، ماددەیەك زیاد بكرێ ئەو كەسانەی تریش بۆیان حیساب بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشنیارەكەت لە بیدایەتەوە من تەئیدم كرد، بەلاَم هیچ ئەندامێكی پەرلەمانی تر تەئیدی نەكرد، بۆیە بە دوو ئەندام ناتوانین، بەڵێ، كاك د. عمر فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەش بە حالی خۆم وەكو فیكرە تەئیدی ئەو قسە و باسە و، یان ئەو فیكرەیەی كاك د. سەروەر دەكەم، بەلاَم ئەمە هەر دووكی چارەسەركراوە، بەڕێزان بەڕێزێك بیست ساڵ پێشمەرگە بووە بە پێی قانون ئەم بیست ساڵەی بە خزمەت بۆ حیساب كراوە، پاشان بۆتە مامۆستای زانكۆ یان هەر خۆی هەڵگری بڕوانامەی خوێندنێ بالاَ بووە، جاران دەبوو بیست ساڵ خزمەتی پێشمەرگایەتی هەبێ زائیدەن بیست و پێنج ساڵ خزمەتی فیعلی زانكۆیی هەبێ ئینجا تەقاعود دەبوو، بەلاَم ئێستا بە پێی ئەو تەعدیلەی كە ئێمە پەسەندمان كردووە ئەم بیست و پێنج ساڵ خزمەتی فیعلی زانكۆیە بۆتە (10) ساڵ، كەواتە وەكو ئاماژەم پێدا خزمەتی پێشمەرگایەتی وەكو خدمەی قانونی حیساب كراوە، (15) ساڵ پێشمەرگە بووە (10) ساڵیش خزمەتی زانكۆی هەیە، كەواتە تەقاعود دەبێ، ئەوەی تریان با تەواوی بكەم بەڕێزێك مامۆستای زانكۆ بووە بڵێین لە یەكێك لە زانكۆكانی دەرەوەی ولاَت كە دێتەوە ئێرە دەبێ بە مامۆستای زانكۆ ئەو ساڵانی خزمەتەی كە لە زانكۆیەكی تری ولاَتێكی تر كردوویەتی بە خزمەت بە مەبەستی تەقاعودی بۆ حیساب دەكرێ، بەلاَم بە خزمەتی زانكۆی فیعلی حیساب ناكرێ، بۆ؟ موناقەشەمان كردووە لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی بالاَ بەڕێز وەزیری خوێندنی بالاَش لێرە وتی ئەم ماوەیەی كە خزمەتی زانكۆیەكی ولاَتێكی كردووە، خۆ خزمەتی هەرێمی كوردستانی نەكردووە، خزمەتی زانكۆیەكی تری كردووە، خزمەتی ولاَتێكی تری كردووە، بەلاَم بە مەبەستی تەقاعودی ئێستا دیسان هەر لە نەصی ئەم قانونەدا كە ئێمە پەسەندمان كردووە ئەوەش هاتووە، ئەوەش چارەسەر بووە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بیخوێنەوە جارێکی تر.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

على وزير التعليم العالي و البحث العلمي إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، (1) کەس لەگەڵ دانیە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

لا يعمل باي نص قانوني أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموون بە کوردیەکەشی بیخوێننەوە.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێت کە ناکۆك بێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون لیژنەی هاوبەش رەئیتان،

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەکە دەکەین وەکو ئەوەی کە خوێندرایەوە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددە؟ کاك د. سەروەر فەرمووو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆ دوا جار یەك پرسیار دەكەمەوە، ئایا هۆكار چیە ئەو كەسانەی كەوا بە نموونە من و د. عمر من ئەم ولأتەم بەجێ هێشتووە بەڕێزی دەزانێت كاتێك كەوا بەڕێز وەزیری خوێندنی بالاّ و وەزیری پەروەردەش دانیشتبوون گفتوگۆی ئەم بابەتەمان كرد ئەویش وتی من لەگەڵ نیم بۆ ئەوانە، ئێمە دوو جۆر خەڵكمان هەیە، یەكێكیان ئەوانەن فیعلەن لە جامیعاتی رصین بوون لە دەرەوە خزمەتیان كردووە، خەڵكێك ئێرەی بەجێ هێشتووە چۆن دەكرێ كەسێك ئەم ولأتە بەجێ دەهێڵێت، بەلأم بە خزمەت بۆی حیساب بێت، بەلأم پێشمەرگەیەك بۆی حیساب نەبێ، كەسێك بە زۆر بۆی دەكرێ، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان مانیع چیە ئەگەر بێتو ئەوە دانرێت، چونكە ئەوان بۆیان حیساب كراوە بە پێی ئەمە ئەو بە خزمەتی زانكۆیی بۆی حیساب دەكرێت، بەلأم پێشمەگەكە، بەلأم ئەو كەسەی كە بە زۆر دانەنراوە بە خزمەتی زانكۆیی بۆی حیساب ناكرێت، دوو جۆر خزمەت هەیە جیاوازیەكە، خزمەتی مەدەنی شتێكە، خزمەتی جامیعی شتێكی ترە، بۆیە تكا دەكەم ئەگەر بكرێ لێرەدا ئەو هاوسەنگیە رابگیرێ، بڕگەیەك زیاد بكرێ ئەو كەسانەش وەكو ئەوانەی لە دەرەوە هاتوونەتەوە بە خزمەتی زانكۆیی بۆیان حیساب بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

یەك پێشنیار هەیە، ئیتر ناكرێ بیكەین بە هین، فەرموو كاك د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە نەصی قانونەكەیە كاك د. سەروەر، كە دەڵێ (لاغراض التقاعد) ئەوانەی لە جامیعاتی تر خزمەت دەكەن بە خزمەتی فیعلی زانكۆیی بۆیان حیساب نیە، تەنها بە مەبەستی تەقاعود بۆیان حیسابە، ئەمە نەصی قانونەكەیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سیاغەكە بخوێننەوە د. سەروەر ناكرێ تۆ بە یەك دەنگ (10) ئەندام، ببورە با من قسە بكەم، تەعدیل، وەختێك تەعدیلێك دێتە ئێرە بە پێشنیاری هەتا (3) ئەندامیش ناتوانین ئێمە ئەم تەعدیلە بگۆڕین، ئێمە پێشنیاری حكومەتمان وەرگرت، چونكە پێشنیاری حكومەت ئەساسە بۆ هەموو یاسایەك، ئەگەر نا لەو حاڵەتەدا دەبێ یاسا پێشێل بكەین، فەرموو كاك د. صباح نەصی ماددەكە بخوێنەوە.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەصی فەقەرەی پێنجەم لە ماددەی یەكەمی قانونی تەعدیلی ئەوەلی قانونی خدمەی جامیعی بەم شێوەیە هاتووە كە مەرجی داناوە بۆ ئەو كەسانە:

خامساً: يحتفظ حامل اللقب العلمي من حملة شهادة الدكتورا أو ما يعادلها في الجامعات و المؤسسات العلمية الرصينة في خارج العراق بلقبه العلمي عند تعينه في الجامعات العراقية، و يحتسب راتبه الكلي أسوةً بإقرانه من موظفي الخدمة الجامعية، و تحتسب مدة الخدمة الجامعية التي قضاها حامل شهادة الدكتورا أو ما يعادلها

في الجامعات و المؤسسات العلمية الرصينة في خارج العراق لاغراض التقاعد عند تعينـه في الجامعـات العراقيـة على أن يخدم فيها عشرة سنوات في الأقل.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بچۆ ئەو ماددەی باسم کردووە پرۆژەکە، پرۆژەکە.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة السابعة:** لا يعمل باي نص قانوني أو قرار يتعارض مع أحكام هذا القانون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیـە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، ئەم ماددەیە بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثامنة:**

ينفذ هذا القانون إعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیـە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، ئەم ماددەیە بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ئەسباب موجیبە.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الأسباب الموجبة**

مـن أجـل تـوفير أفضـل الفـرص لأعضـاء الهيئـة التدريسـية و حـاملي اللقـب العلمـي و الأخـذ بنظـر الاعتبـار جهودهم في تطوير و تقديم المستوى العلمي، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئیدی ئەسباب موجیبەکەی دەکەین بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەسباب موجیبە؟ تەنها ئاشتی خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پرسیارێکم هەیە، ئەو ئەسباب موجیبەی کە بەڕێزت خوێندیەوە ئەوە نیە کە هاوپێچ کراوە لەبەردەم ئەوەی ئێمەدا، چونکە لە دوای ئەوە ئەوەی کە لەبەردەم من دایە من تێبینیم زۆرە لەسەری، سوپاس.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەسباب موجیبە لە ئەسڵی پرۆژە یاساکە چۆن هاتووە ئەوها بیخوێنەوە، دوای ئەوە بیکەنە رەئی خۆتان، فەرموو.**

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الأسباب الموجبة**

**بهدف الأرتقاء بمستوى الكادر العلمي و الأكاديمي و أعضاء الهيئة التدريسية و لتطوير العمل الجامعي على نحوٍ ينسجم مع التغيرات الجديدة في مجال التعليم العالي و البحث العلمي، و من أجل أيجاد أرضيةٍ علميةٍ رصينة و تشجيع البحث العلمي و توفير الفرصِ الملائمة لدعم حملة الالقاب العلمية و معالجة مشكلة تقاعدهم، فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو بە کوردیەکەشی بیخوێننەوە.**

**بەڕێز د. عمر حمد امین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هۆکارەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە**

**بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی کادیری زانستی و ئەکادیمی لە ئەندامانی دەستەی وانەبێژان و پەرەپێدانی کاری زانکۆیی بە شێوەیەك بگونجێ لەگەڵ وەرچەرخانەکانی بواری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و، هینانە ئارای زەمینەیەکی زانستی پتەو و هاندانی زیاتری توێژینەوەی زانستی و رەخساندنی هەلی گونجاو بۆ پشتیوانی لە هەلگرانی ناز ناوی زانستی و، چارەسەری کێشەی خانەنشین بوونیان، ئەم یاسایە دەچوێندرا.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی هاوبەش فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە لە لیژنەی هاوبەش ئەسباب موجیبەکەمان کورت کردەوە، بەو دێرەی کە خوێندمانەوە وابزانین ئەو باشترە، ئینجا رەئی، رەئی ئەندامانی پەرلەمانە چۆن قەبولی دەکەن، سوپاس.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بیخوێنەوە جارێكی تر.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الأسباب الموجبة**

من أجل توفير أفضل الفرص لأعضاء الهيئة التدريسية و حاملي اللقب العلمي و الأخذ بنظر الاعتبار جهودهم في تطوير و تقديم المستوى العلمي، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە كۆی قانونەكە لەگەڵ ئەسباب موجیبە بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە، كێ لەگەڵ دایە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (6) كەس لەگەڵ دانیە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ یاساكە و تەعدیلی یەكەم نەفاز كرا لە هەرێمی كوردستان، پیرۆزبایی لە خەڵكی كوردستان دەكەین، پیرۆزبایی لە مامۆستایانی زانكۆ دەكەین، بە تێكرا بۆ ئەم یاسایە، فەرموو كاك عونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی ئەخیری بەرنامەی كارمان:

خستنە روو و پەسەندكردنی پەیمانی هاوبەشی گەشەپێدان لە نێوان دەستەڵاتە گشتییەكان و رێكخراوە نا حكومیەكان.

داوا دەكەم لە سەرۆكایەتی پەرلەمان، داوا لە لیژنەكانی تایبەتمەند بە پرۆژەكە بكات بێنە سەر سەكۆی لیژنەكان.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كۆبوونەوە تەئجیل دەكەین بۆ رۆژی چوارشەممە، كاتژمێر (11)، چونكە بەرنامەی كار نوێ دەكرێتەوە.

| | |
|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سورە** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (30)**

**چوار شەممە ڕێکەوتی 12\6\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (30)

## چوار شەممە رێکەوتی 2013/6/12

کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چوارشـەممە رێکـەوتی 2013/6/12 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبـدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (30)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (30)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە کـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چـوار شـەممە رێکـەوتی 2013/6/12 دا بـەم شێوەیە بێت:

1-خسـتنەڕوو و پەسـەندکردنی پـەیمانی هاوبەشـی و گەشـەپێدان لـەنێوان دەسەڵاتەگشـتیەکان و ڕێخـراوە ناحوکمییەکان.

2-خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای لیژنەی پارا ئوڵمپی لەهەرێمی کوردستان.

3-خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێ کردنی یاسای بەکرێدانی خـانوو بەرە ژمارە(9)ی ساڵی 2008

4-خسـتنەڕوو گفتوگـۆکردن پـڕۆژە بڕیـاری لێبـوردنی ئەوکەسـانەی تۆمـەتیان خراوەتـەپاڵ لەبەرامبـەر ئەوچالاکیانەی ئەنجامیان داوە بەهۆی بەشداربوونیان لە بزووتنەوەکانی ڕزگاری خوازی گەلی کورد.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بـەناوی گـەلی کوردسـتان، دانیشـتنەکەمان دەسـت پـێ ئەکـەین ، سـەرۆکایەتی پەرلـەمانی کوردسـتانی عێراق،خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی چـوارەم ، خـولی گرێـدانی دووەم ، ژمـارەی دانیشـتن 30 ، ڕۆژی دانیشتن 12-6-2013 ، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە(1)ی ماددەی(20) لەپەیڕەوی ناوخوی ژمارە (1) هەموارکراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە( 19)ی یاسای خولی سێیەمی هەڵبژاردن ، لەکات دوو نیوی دوای پێش نیوەڕۆ ڕۆژی چوارشەممە ، ڕێکەوتی 2013-5-15دا بەم شێوەیەبێ.

1-خستنەڕوو و پەسەندکردنی پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لەنێوان دەسەڵاتەگشتیەکان و ڕێخراوە ناحوکمییەکان.

2-خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای لیژنەی پارا ئولۆمپی لەهەرێمی کوردستان.

3-خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێ کردنی یاسای بەکرێدانی خانوو بەرە ژمارە(9)ی ساڵی 2008

4-خستنەڕوو گفتوگۆکردن پرۆژە بڕیاری لێبوردنی ئەوکەسانەی تۆمەتیان خراوەتەپاڵ لەبەرامبەر ئەوچالاکیانەی ئەنجامیان داوە بەهۆی بەشداربوونیان لە بزووتنەوەکانی ڕزگاری خوازی گەلی کورد.

داوا لەلیژنەکانی یاسایی و کۆمەڵی مەدەنی دەکەین فەرموو بۆسەکۆی لیژنەکان ، بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری داد دەکەین بۆ پەرلەمانی کوردستان ، بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆکاروباری پەرلەمان دەکەین لەگەڵ وەفد یاوەرەکانی ، ئیستا دێینە سەر خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار ، خستنەڕوو و پەسەندکردنی پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لە نێوان دەسەلاتە گشتییەکان و ڕێخراوە ناحکومییەکان لیژنەی هاوبەش بۆ خویندنەوەی پەیمانی هاوبەش،

**بەڕێزعونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان خستنەڕوو و پەسەندکردنی پەیمانی هاوباشی و گەشەپێدان لە نێوان دەسەلاتە گشتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان،بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، ڕاپۆرتێکی هاوباش ئامادەکراوە وە لیژنەی یاسایی بە نووسراوی ژمارە 106 لە 23-5-2013 پشتگیری لەو ڕاپۆرتەی کردووە و ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە ، داوا دەکەم لە ئەندامانی سەر سەکۆ کەنوێنەرانیان ڕاپۆرتەکەیان بخوێننەوە،

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دانا.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی و لیژنەی یاسایی سەبارەت بە پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لە نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان ، ساڵی 2011 پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (1 )ی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی پەسەند کرد،

ئەم یاسایە دوای نزیکەی دوو ساڵ کەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە دوای ئەوەی فەرمانگەی ڕێخراوە ناحکومییەکان دامەزرا ، ئەمانە هەنگاوی گرینگن بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی کاروباری ڕێخراوە ناحکومییەکان، ئەم یاسایە پەیوەندی فەرمی و یاسایەکانی نێوان ڕێخراوەکان و دام و دەزگاکان ڕێك دەخات، بەلاَم بۆ گەشە پێدانی کۆمەڵگای مەدەنی و پەرە پێدانی کۆمەڵگایەکی دیموکراسی پێویستمان بە بەڵگە نامەیەکی هاوبەش هەیە کەسیاسەت و ستراتیژی دەسەڵاتە گشتییەکان دەسەڵاتی یاسا دانان و دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، هەروەها ڕێخراوە ناحکومییەکان دیاری دەکات بەرامبەر یەکترو بە ئامانجی کاری هاوبەش لەسەر چەند بنەمایەك، پەیمانی هاوبەشی گەشەپێدان لەنێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان ئەو بەڵگە نامەیە کە لەو تێگەیشتنە هاوبەشەوە سەرچاوەی گرتووە کە بۆچەسپاندنی سیستەمێکی دیموکراسی گەشە سەندوو پێویست دەکات دەسەڵاتە گشتییەکان لە پرۆسەی دروست کردنی بڕیاردا بەشداری بەهاووڵاتی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان بکەن، هەروەها ڕێکخراوەکان و داموودەزگاکان دژی یەکتر نین ، بەڵکو ڕۆڵی تەواوکاریان هەیە هەربۆیە لەم پەیمانەدا لایەنەکان بەشێوەیەکی هاوتا سەربەخۆ و شەفاف و یەکسان مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەن بۆکاری هاوبەش لەسەرئامانجەکانی ئەم پەیمانە ، پرۆسەی ئامادەکردنی پەیمان لەماوەی ساڵ و نیوێکدا جێبەجێ کراوەو لە سێ قۆناغی سەرەکی پێك دێت،

1-قۆناغی ئامادەکردنی ڕەشنووسی یەکەمی پەیمانەکە .

2-قۆناغی ئاگادارکردنەوە و ڕاوێژکاری.

3- قۆناغی دانوستان و پەسەندکردن.

هەرقۆناغەوچالاکی و ڕێکاری تایبەتی هەیە، بیرۆکەی پەیمانەکە لە کۆتایی ساڵی 2011 و لە لێژنەی کۆمەڵی مەدەنی بەڕاوێژ لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم و ڕێکخراوە ناحکومییەکان گفتوگۆکراوە ، بەلاَم کارە پراکتیکیەکان لە بەهاری 2012 دەست پێدەکەن دوای دروست کردنی کۆمیتەی جێبەجێکاری پەیمانەکە ، هەروەها لەکۆتایی 2012 دەستەی ڕاوێژکاری ڕێکخراوەکانیش پێك هات بۆ گفتگۆو دروستکردنی کۆدەنگی ڕێکخراوەکان ، پرۆسەی پەیمانەکە لەلایەن کۆمیتەی جێبەجێکارەوە سەرپەرشتی کراوە، لە قۆناغی دووەمەوە کۆمیتەی جێبەجێ کارو دەستەی ڕاوێژکاری ڕێکخراوەکان بەشێوەیەکی تەریب و پەرەلێل کاریان کردووە، قۆناغی یەکەم کە ئامادەکردنی ڕەشنووسی یەکەمی پەیمانەکەیە لەلایەن کۆمیتەی جێبەجێ کارەوە کارو چالاکیەکانی بەڕێوە چووە ، کەچەندین کۆبوونەوەو وۆرکشۆپ و کۆنفرانسی لە خۆ گرتووە ، کۆمیتەی جێبەجێکار لە (15+1) کەس پێکدێت و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەشداریان تێدا هەیە ، بەم شێوەیە (8) ئەندامی پەرلەمان کەنوێنەرایەتی فراکسیۆنە

جیاوازەکـان و لیژنـەی پەرلـەمانی جیـاواز دەکـەن (2) نوێنـەری حکومـەت لەفەرمانگـەی ڕێکخـراوە ناحکومیـەکان ، نوێنـەرێك لەسـەرۆکایەتی هـەرێم ، (4) نوێنـەری ڕێکخـراوە ناحکومیـەکان ، هـەروەها بەڕێوبەری پڕگرامەکانی لینۆپس ، ناوی ئەنـدامانی کۆمیتـەی جێبـەجێکاریش هـاوپێچ کـراوە لەگـەڵ ئـەو ڕاپۆرتە ، لەقۆناغی دووەمە کە بریتیە لەهەڵمـەتی هۆشیاری و ڕاوێـژکاری لەسـەر ڕەشنووسـی پەیمانەکـە چالاکیە سەرەکیەکان بەزۆری لەلایەن دەستەی راوێژکاری ڕێکخراوەکان ئەنجام دراوە ، لـەم قۆناغـەدا زیـاتر لە (25) کۆبونەوە و وۆرکشۆپ ئەنجام دراوە ، ڕاوێـژ و گفتوگۆ لەگـەڵ نوێنـەری زیـاتر (500) ڕێکخـراو کراوە ، لـەم قۆناغـەدا بۆچـوونی ڕێکخراوەکـان سـەبارەت بەڕەشنووسـی پەیمانەکـە یـەك خـراوەو نوێنـەری ڕێکخراوەکان بۆقۆنـاغی سـێیەم و کۆتـایی دەسـت نیشـان کـراوە ، لـەقۆناغی سـێیەمدا بۆچـوونی لایەنـەکان لەکۆمیتەی جێبەجێکارو نوێنەرانی ڕێکخراوەکان یەکخراوە لە مێزگردێکی(3) ڕۆژە لە ئەپریلی 2013 لە هەولێر، هەرلەم قۆناغەدا دوا ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومـەنی وەزیـران ئـەنجام دراوە ، هـەروەها فراکسیۆنەکانی پەرلـەمان لـە دوا دەقـی پەیمانەکـە ئاگادارکراونەتـەوە ، لەسـەرەتای پرۆسـەکەوە سـەرۆکایەتی پەرلـەمان و سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران پشـتیوانی خۆیـان بـۆ ئامـادەکردنی پـەیمانێکی لـەو جـۆرە دەربڕیـوە ، لایەنەکان ڕێك کەوتن کەبەهاوبەشی پەیمانەکە ئامادە بکـەن و لـە پەرلـەمانی کوردسـتان پەسـەند بکـرێ ، هــەروەها میکـانیزمی هەموارکردنــەوەی پەیمانەکــەش بەهــەمان شــێوەی پەســەند کردنــی ڕێکــەوتنی لەســەرکراوە ، پەســەند کردنــی ئــەم پەیمانــە لــەپاڵ یاســای ڕێکخــراوە ناحکومییــەکان دەبێتــە بنــەماو زەمینەیەکی لەبار بۆگەشە کردنی کۆمەڵگای مەدەنی لەهەرێمی کوردسـتان ، یاسـاکە کاروبـارە فەرمیـەکانی ڕیکخراوەکـە ڕێـك دەخـات لەکاتێکـدا پەیمانەکـە دەبێتـە هـۆی ڕێـك خسـتنی بەرپرسـاریەتی ئـەخلاقی و پیشــەیی لایەنــەکان بەرانبــەر یــەکترو پەیوەندیــەکانی نێــوان ڕێکخراوەکــان و دەســەڵاتە گشــتیەکان بەدامـەزراوەیی بـەعادەتی دەکـات ، ئێمـە یەکـەم هـەرێم و یەکـەم وڵاتـین لـە ناوچـەکەدا دەبینـە خـاوەنی پـەیمانێك بـە سـتاندارتی جیهـانی ، کـە ئەگـەر بـە باشـی جێبـەجێ بکرێـت کۆمـەڵگای مـەدەنی لـە هـەرێم بەشـێوەیەکی بەرچـاو گەشـەدەکات و دەبێتـە بنەمایـەکی گونجـاو بۆدروسـت کردنـی کۆمەڵگایـەکی کلتـوری دیموکراسی ، لە سەرۆکایەتی پەرلـەمان داواکارین دوای خوێندنـەوەی دەقـی پەیمانەکـە ، پەیمانەکـە بخاتـە بەردەستی پەرلەمانتاران بۆ دەنگدان لەسەری و پەسەندکردنی. پـەیمانی هاوبەشـی و گەشـەپێدان لـەنێوان دەسـەڵاتە گشـتیەکان و ڕێکخـراوە ناحکومییـەکان لـە هـەرێمی کوردسـتان داشـخرا، پێشـەکی ئـەم پەیمانـە بریتییە لە ڕێکەوتنی نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان کە بریتییە لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێ کردن ، لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان لـە هـەرێمی کوردسـتان داشـخرا ، ئامـانجی گشـتی پەیمانەکە بریتییـە لـە جـەخت کردنـەوە لـەوەی سـەرجەم لایەنـەکان پێکـەوە بەشـێوەیەکی کـاراو بـە هاوبەشـی و هەماهـەنگی کاردەکــەن بەمەبەســتی پتــەو کردنــی دیموکراســی و کۆمــەڵگای مــەدەنی، ســەقامگیری کۆمەڵایــەتی و فـەرمانڕەوایی بـاش لـەپێناو بەرژەوەنـدی هـەرێمی کوردسـتان و کۆمـەڵگاو هاووڵاتیـانی ، ئـەم پەیمانـە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی بواری هاوکارییە وەك قۆناغێکی بنەڕەتی لەپەیوەندی نێوان دەسەڵاتی یاسا دانان و

جێبـەجێکردن لەگـەڵ ڕێکخـراوە ناحکومییـەکانی هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق ، دەسـەڵاتە گشـتییەکان و ڕێکخـراوە ناحکومییـەکان دەتـوانن لـە ڕێگـای دانوسـتانەوە پەیوەندییـەکی پتـەو و باشـتر پێـك بهێـنن و بیچەسپێنن ، وەك چۆن لە ئامانجەکانی یاسای ژمارە(1) ی سالّی 2011 یاسـای ڕێکخـراوە ناحکومییـەکان لـە هـەرێمی کوردسـتان هـاتووە ، ئـەم پەیمانـە پشـت دەبەسـتێت بـەو تێگەیشـتنەی کەلـەپێناو بـەدیهێنانی سیستەمێکی دیموکراسـی بـەردەوام و گەشـە سـەندوو دەبـێ لـە پرۆسـەی دروسـتکردنی بڕیـارو سیسـتەمی دەسـەڵاتە گشـتییەکان بـەهاوولاّتیان و ڕێکخـراوە ناحکومییـەکان بکـەن ، ئـەم پەیمانـە ئـەم خالاّنـە ڕون دەکاتەوە،

1- ڕۆڵی تەواو کاری دەسەڵاتە گشتییەکان و ڕێخراوە ناحکومییەکان .

2- پرەنسیپەکان و ئامانجەکان ومیکانیزمی هاوکاری نێوان هەردوولایەنەکە.

3- ئەولەویاتی هاوکاری و پێکەوە کارکردن و هاو بەشی کردن.

4- میکانیزمی جێبەجێکردن و چاودێری کردن.

ئەم پەیمانە ئەم خالاّنەی خوارەوە دەسەلمێنێت،

1- پاراسـتنی سـەربەخۆیی ڕێکخـراوە ناحکومییـەکان تەنانـەت ئەگـەر پشـتیوانی دارایـش لـە دەسـەڵاتە گشتییەکان وەربگرن.

2- بەشداری کارای ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە گەشەپێدانی کۆمەڵگایەکی دیموکرات.

3- مافی ڕێخراوە ناحکوییەکان لە ئەنجامی چالاکییەکانی داکۆکی کردن بەرامبەر بەدەسەڵاتە گشتییەکان.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمرصدیق محمد(هەورامی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەیاننامـەی نوێنەرایـەتی ، دەسـەڵاتە گشـتیەکان دەسـەڵاتی یاسـادانان و جێبـەجێکردن و ڕێکخـراوە ناحکومییەکان بەهاوبەشی بەندەکانی ئـەم پەیمانـەیان داڕشـت ، پەرلـەمانی کوردسـتان پەسـەندی کـرد لـە ڕۆژەکە ، ئەگەر ئەمڕۆ پەسەندبکرێ ئەوکاتە ڕۆژەکە بە ئەمڕۆ دائەنرێت ، بەهاو پرەنسیپەکان هاوبەشی هاوتایە ، دەسەڵاتە گشتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەشێوەییەکی پڕبایەخ و هاوتا لەناو کۆمەڵگەدا ڕۆڵـی تـەواوگێری دەگێـڕن ، ڕێکخـراوە ناحکومییـەکان دانـدەنێن بـە ڕۆڵی دەسـەڵاتە گشـتییەکان کـە بەشێوەیەکی دیموکراتی هەڵبژێردراون ، دەسەڵاتە گشتییەکانیش پابەند دەبن بە پاراستن و بەرز ڕاگرتنـی مـافی هاووڵاتیـان و ڕێکخراوەکانیـان لەڕێکخسـتنی خۆیـان لەداڕشـتنی ئامانجـەکانیان و ئەنجامـدانی چالاکیەکانیان لە چوارچێوەی یاسادا ، هەردوولا داندەنێن بەبایەخ و بەهای هەبوونی پەیوەندیەکی ئەرێنی و هاوبەشی وبەبڕبشت بەرهەمدار لەپێناو بەرژەوەندی گشتی بەشێوەیەکی کاراتر ،

2 - سەربەخۆیی ڕێکخراوە ناحکومییەکان ئازادی و سەربەخۆیی تەواویان هەیە لە : (1)دامەزراندن و بەڕێوەبردنی کارەکانی خۆیان بەپێی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆی ڕێکخراوەکانیان لەچوارچێوەی یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان .

(2) مافی ئەنجامدانی چالاکی و هەڵمەت و دەربڕینی سەرنج و بیروبۆچوونیان لە سیاسەتەکانی دەسەڵاتە گشتییەکان بۆیان هەیە هەر ڕێگاو ئامرازێکی دیکەی مەدەنی و یاسایی بگرنە بەر.

(3) کاتێك لە بودجەی گشتی تەمویل دەدرێت بەڕێکخراوە ناحکومییەکان نابێت کۆت و بەند ، مەرجی سیاسی بسەپێندرێت بەسەریانداو کاربکاتە سەر سەربەخۆییان .

3- شەفافیەت و بەرپرسیارییەتی ، سەبارەت بەچالاکیەکانیان و بەکارهێنانی سەرچاوە کراوەکان لەبەر بەرژەوەندی گشتی و پێویستە دەزگا گشتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان کراوەبن و بکەونە ژێر بەرپرسیارەتی لەپێناو چەسپاندنی شەفافییەت ، هەردوولایەن پابەند دەبن بە دابینکردنی گەیاندنی داتاو زانیارییەکان بەهاوولاَتیان وکەناڵەکانی ڕاگەیاندن.

4- یەکسانی لە مامەڵەکردن ، ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دەسەلاَتە گشتییەکان پابەند دەبن بە پرەنسیپی یەکسانی و ئازادی لەنێوان سەرجەم هاوولاَتیان و ڕێکخراوەکانیان لە بەشداری بواری گشتی هەردوولایەن داندەنێن بە :

(1) جۆراوجۆری ڕێکخراوەکان و شێوازی بیرکردنەوەیان و ئامانجەکانیان .

(2) پێویستی خۆپاراستن لە ناو زڕاندن و بە کەم سەیر کردنی توانای ڕێکخراوەکانی دیکە ، یان بیرو بۆچوونیان ، یان ئەو کەسانەی کاری تێدادەکەن .

5- ڕۆڵ و بەشداری هاوولاَتیان، دەست پێشخەری هاوولاَتیان بەشداری خۆبەخشانەیان لەبواری گشتیدا بریتییە لە بەشێکی دانەبڕاو لەکۆمەلگای دیموکراتیدا ، ڕێکخراوە ناحکومییەکان یەکێکن لە کەناڵی نوێنەرایەتی کردنی بەهاو بەرژەوەندیە جۆراوجۆرەکان لە بواری وەك داڕشتنی سیاسەتەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گونجاو بەکۆمەڵگا .

6- کارایی و بەردەوام بوون ، دەسەلاَتەگشتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان پابەند دەبن بەپەیمانەکانیانەوە لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەیمانەکە ، کارکردن بۆدرێژەدان و بەردەوامی هاوبەشی و هاوکاری نێوانیان لەپێناو گەشەسەندنێکی بەردەوام سەرەڕای هەرگۆڕانکارییەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەلاَیەتی .

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرگوڵ خان.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامانجی چاوەڕوانکراو لەم هاوبەشیەو پابەندبوونە پێویستیەکان ،

**ئامانجی یەکەم: کۆمەڵگای مەدەنی چالاك و ڕێکخراوی کارا**

**بەڵێنەکانی دەسەڵاتە گشتییەکان**

1- گرێنتیکردنی پتەو کردنی کلتوری هاوولاّتی بوون.

2- پێویستە دەسەلاّتەگشتییەکان دەست پێشخەری بکەن بۆ ڕێك خستنی مێزگرد و گفتوگۆی کراوە بۆتشیك خستنەسەربایەخی هەبوونی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕوون کردنەوەی ڕۆڵی هەبوونی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە کۆمەڵگای دیموکراتیدا ، هەروەها دروستکردنی پردی پەیوەندی لە نێوان ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دەسەلاّتە گشتییەکان.

3- دابینکردنی بەرنامەی توانا سازی بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەپێی پێویستیەکانی ڕێکخراوەکان و لە ڕێگای پلانێکی تۆکمەوە.

4- گرێنتی کردنی هەبوونی سیستەمێکی کارا بۆپشتگیری لە دەستپێشخەری مەدەنی لەنێوانیانداو ، ڕەخساندنی دەرفەتی ڕاوێژکاری و خولی ڕاهێنان کە بۆ ڕێکخراوە نوێیەکانیش بەردەست بێ بەمەبەستی یارمەتیدانیان لە بونیات نانی تواناکانیان و بەدیهێنای ئەنجامی ئەرێنی .

5- گرێنتی کردنی پشگیری کردنی پڕۆژەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دابینکردنی سەرچاوەی ماددی و مەعنەوی بۆیان ، بەشێوەیەکی پیشەیی و دادپەروەرانە کە بتوانن ئامانجە گشتییەکان بەدی بهێنن.

6- دانانی سیستەمێکی تۆمارکردنی ئەلیکترۆنی بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان .

7- گرەنتی کردنی شەفافیەت لەڕێی گەیاندنی داتاو زانیاری و زیادکردنی توانای دەست گەیشتن بەداتاو زانیاریەکان ، بەشێوەیەك کە ڕێگا بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان و هاوولاّتیان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن خۆش بکات بۆ دەربڕینی نا ڕازیبوون لە سیاسەتە پیادە کراوەکان لە پێشکەشکردنی خزمەت گوزارییەکان و بۆ بەرپرسیارکردنی دەسەلاّتە گشتییەکان .

8- ڕەچاوکردنی دابینکردنی شێوازی جۆراوجۆری پشگیری ڕێکخراوە ناحکومییەکان ، وەك دەرفەت ڕەخساندن بۆ بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لەو شوێن و جێگا و سەرچاوانەی موڵکی دەوڵەتن.

**بەڵێنەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان :**

1- دارشتنی بەرنامەو پڕۆژە بۆ پتەوکردنی کلتوری هاوولاّتی بوون.

2- ڕێکخستنی گفتوگۆ لەسەر هەندێك چەمك وەك دیموکراسی هاوولاّتی بوون ، کۆمەڵگای مەدەنی ، شەفافییەت ، بەرپرسیاریەتی و بەشداری هاوولاّتیان لە کاروبارە گشتییەکان.

3- هەوڵدانی بەردەوام بۆکاری جیاواز و کاری پیشەی بوون و نایابێتی لەپێناو بەدیهێنانی باشترین ئەنجام لەکارەکانی .

4- پابەند بوون بە فێربوونی بەردەوام ، دانانی پەیامی ڕوون و ئامانجی دیاری کراو کە بتوانێت بهێنرێتە دی ، دانانی میکیانزمی بەرپرسیاریکردن لەپێناو ئاشناکردنی هاوولاّتیان و زیاترکردنی متمانەیان بەڕێکخراوە ناحکومییەکان.

5-ئاشـناكردنی لایـەنگرو ئەنـدام و كارمەنـدو سـوودمەندانی پرۆژەكـان و هاوولاّتیـان بـە پرەنسـیپەكانی هاوكاری دوولایەنە لەنێوان ڕێكخراوە ناحكومییەكان و هاوولاّتیان وە ئەولەویاتی كار و مومارەساتی باش.

6-پابەندبوون بەپاراسـتنی مافـەكانی تاكـەكان لـەنێوان ڕێكخـراوە ناحكومییـەكان و كـاركردن بەپرەنسـیپە دیموكراسیەكان لەبەڕێوەبردنی ڕێكخراوەكان.

ئامانجی دووەم: بەشداری چالاك لەدروستكردنی سیاسەتەكاندا

بەڵێنەكانی دەسەلاّتە گشتیەكان:

1- بەدامەزراوەیی كردنی بەشداری هاوولاّتیان لەدروستكردنی سیاسەتەكان لەپەرلەمان و حكومەت .

2-پەرلــەمانی كوردســتان لەدروســتكردن و داڕشــتنی سیاســەتە گشــتیەكان ڕاوێــژ لەگــەڵ ڕێكخــراوە ناحكومییەكان دەكات لەڕێگای كەناڵی جیاجیا .

3- ئەنـدامانی پەرلـەمان كـار بەپرەنسـیپی كۆبوونـەوەی كـراوە بكـەن لەگـەڵ خـەڵك لەناوچـەكانیان ، كۆوبونەی گشتی سازبكەن بۆ تاوتوێی سیاسەتە گشتییەكان.

4-پتەوكردنی توانای ناوەندەكانی توێژینـەوەی تایبەتمەنـد تـابتوانن بەشـداری بكـەن لـە پێشكەش كردنـی ڕاوێژ و لێكۆڵینەوە لەسەر سیاسەتە گشتییەكان.

5- دەركردنی یاسایەك كە مافی دەست گەیشتن بەزانیاری فەراهەم بكات لەگەڵ دانانی میكانیزمی پێویست بۆ جێبەجێكردنی.

6- گـەرەنتی بـوونی كـەناڵی پەیوەنـدی شـەفاف وئاسـان بـۆ ئاگاداركردنـەوەی لایەنـە پەیوەندیـدارەكان و خەڵكی.

7- وەلاّمدانەوەی خێراو كارا بۆدەست پێشخەریەكانی ڕێكخراوە ناحكومییەكان.

8- ڕەخساندنی دەرفەتی لەبار بۆ ڕێكخراوە ناحكومییەكان تا نوێنـەری خۆیـان دابنـێن لـە دەسـتەو دەزگـاو لیژنەكراوەكان ، وە ڕێزگرتن لەودەسەلاّتەی بەنوێنەرەكانیان دەبەخشرێت.

9- دانپێیانان بەوەی بە تەنها هیچ ڕێكخراوێك یان تۆربەندێك نوێنەرایـەتی هـەموو ڕێكخـراوەو تۆڕەكـانی كوردستان ناكات .

10- كـاركردن لەگـەڵ ڕێكخـراوە ناحكومییـەكان لەسـەر داڕشـتنی سیاسـەتەكان لەقۆناغـە بەراییەكانـەوە ، جەختكردنەوە لەبەشداری ئەوڕێكخراوانە ئەگەری ئـەوەیان هەیـە بـۆ چـوونی خۆیـان هـەبێ لەدەسـتپێكی پرۆسكەوە ، لابردنی ئەو ئاستەنگانەی ڕێگا لە بەشداری ڕێكخراوەكان دەگرن.

11- گەیاندنی ئاگاداری نامەیەكی پێش وەخت سەبارەت بەگفتوگۆ ڕاوێـژو بابەتـەكانی داهـاتوو بـۆ ئـەوەی ڕێكخراوە ناحكومییەكان كاتی پێویستیان لەبەر دەستابێ تاوەكو بەشداری بەخاوەن بەرژەوەندیەكان بكەن لەئامادەكردنی وەلاّمەكانیاندا.

12- پێویستی وەرگرتنی سەرنج و دەرهاویشتەی ڕێکخراوە وەلأمدەرەکان هەروەها پیشاندانی بڕی کاریگەری وەلأمدەرەکان لەسەر داڕشتنی سیاسەتەکان ، لەگەڵ ئاماژەدان بەو بۆچوونانەی وەلأمدەرەوەکان کە ڕەچاو نەکراون یان بەدواچوونیان بۆ نەکراوە.

13- ئەنجامدانی ڕاوێژی فەرمی و کاریگەر بەنووسراو یان بەهەر ڕێگایەکی تر لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دابینکردنی هۆکارو ڕوونکردنەوەی لۆجیکی بۆ هەربڕیارێك.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشتی خان.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێنەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان:

1-پیادەکردنی سیاسەتی هەڵمەتی ئەنجامدان و داکۆکی و فشار لۆبی بۆ جەختکردنەوە لەبوونی میکانیزمی ڕاوێژ لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان سەبارەت بەسیاسەتە گشتیەکان لەپەرلەمان و دەزگاکانی جێبەجێکردن و جەختکردنەوە لە پیادەکردنی ئەومیکانیزمانە.

2- پاڵپشتی کردنی ڕاوێژەکانی حکومەت و بەدەمەوە چوونی بەپێی توانا.

3- ڕاوەرگرتنی ئەندامان و سوودمەندان و بەکارهێنەرانی خزمەتگوزاریەکان و خۆبەخشەکان و ڕازگران لەکاتی نوێنەرایەتیکردنیان لەدەزگا گشتیەکان و ڕوونکردنەوەی ئەوەی نوێنەرایەتی کێ دەکرێت بەشێوەیەکی زانستی و پیشەی خەسڵەتەکەی و ئەو بناغەیەی ئەم نوێنەرایەتیەی لەسەر دامەزراوە.

4- لەکاتی گەلاڵەکردنی بیرۆکە و پێشنیار بۆ ئایندە جەخت دەکرێتە سەر ئەو ڕێگا چارانەی پشت بە بەلگە دەبەستن لەگەڵ پێشکەش کردنی پێشنیاری ڕوون لەسەر ئەنجامە ئەرێنیەکان و لەچوارچێوەی کات بەندیەك کەڕێکەوتنی لەسەر کرابێت.

5- پشتگیری لەهاوکاری نێوان ڕێکخراوە ناحکومییەکان و هاوکات ڕێزگرتن و بەهەند وەرگرتنی بیرو بۆچوونی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی تر.

6- جەخت کردنەوە لە ڕێزگرتن لەسەر بەخۆیی ڕێکخراوەکان و ڕێزگرتن لەو سەربەخۆییە جەخت کردنەوە لەو دۆزەی نوێنەرایەتی دەکرێت بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ پەیوەندیەك لەگەڵ دەسەلأتە گشتیەکان جا دارایی بێت یان هی دیکە.

ئامانجی سێیەم: تەمویلی بەردەوامی دەستپێشخەریە مەدەنییەکان

بەڵێنەکانی دەسەلأتەگشتیەکان:

1- ڕەچاوکردنی شێوازی جۆراوجۆر بۆ تەمویل کردنی پڕۆژەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دابینکردنی سەرچاوە بۆیان لە ناو ئەمەشدا کۆمەك وگرێبەست تەمویلکردنی قەرزو بەکارهێنانی باڵەخانەو

خزمەتگوزاری گشتی ، کارکردن بۆ لابردنی ئەو ئاستەنگانەی دێنە پێش ڕێکخراوەکان لە بواری بەدەست هێنانی تەمویل لە دارایی گشتی بەتایبەتی ڕێکخراوە بچووکەکان.

2- دانانی سندوقێك بۆ پشگیری تەمویلی پڕۆژەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان کەبە یاسایەك ڕێك دەخرێت.

3- جەختکردنەوە لەئیدارەی باش و پیادەکردنی شەفافی لەجاڕدانی پڕۆپۆزەڵی پڕۆژەکان و گونجاندن و تەباییان لەگەڵ ئامانج و ئامانجەکانی بەرنامەکە .

4- جەختکردنەوە لەپیادەکردنی شەفافیەت لەڕێی پێشکەش کردنی بناغەیەکی لۆجیکی و ڕوون بۆهەربڕیارێك لەبڕیارەکانی تەمویل کردن پێشکەشکردنی سەرنج و ڕوونکردنەوەی هۆکارەکان بەوانەی داواکاریان پێشکەش کردووە ئەگەرداواکاریەکانیان بۆ وەرگرتنی تەمویل ڕەتکرایەوە.

5- ڕێکەوتن لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەسەر شێوازی بەدواداچوون و چاودێری چالاکی و ئەنجامەکان پێش ئەوەی گرێبەست یان ڕێکەوتنامەی تەمویل ساز بکرێت ، جەختکردنەوە لەوەی چاودێری و ئامادەکردنی ڕاپۆرت پەیوەندیدار دەبن بەبابەتەکەوەو لەگەڵ سروشت و قەبارەی دەرفەتەکە دەگونجێت، ڕوونکردنەوەی زانیاریە داواکراوەکان وەهۆی داواکردنی ئەو زانیاریانە وە چۆنیەتی بەکارهێنانیان لەگەڵ دانپێدانان و پەسەندکردنی پێدانەوەی خەرجیە کارگێڕیە پەیوەندیدارەکان کاتێك ڕێکخراوەکان داواکاری بۆ وەرگرتنی کۆمەك پێشکەش دەکەن.

6- ئامادەکردنی ڕوونکردنەوەو ڕێنمای پێویست لەسەر شێوازی کارکردن لەسەر ئەو سەرچاوە نەختینەو نانەختینانەی تەرخانکراوانەی لەدارای گشتی دەدرێن و چۆنیەتی بەکارهێنانیان ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەسەر بەکارهێنانیان.

7- دارشتنی سیستەمێکی باج کە هانی دەست پێشخەری مەدەنی و کاری خێرخوازی بدات لەپێناو زیاترکردنی بایەخدانی کەرتی تایبەت بەپشگیری چالاکیە قازانج نەویستەکان .

8- جەختکردنەوە لەڕێگا نەگرتن لەڕێکخراوە ناحکومییەکان لە ئەنجام دانی ئەوچالاکیانەی یاسا ڕێگای پێداون لەپێناو پتەوکردتی بناغەی ئابووریان.

9- دابینکردنی تەمویل بۆ پڕۆژە ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە ڕێگای بودجەو داهاتی وەزارەتە جۆراو جۆرەکان هەردامەزراوەیەکی دیکەی گشتی لەهەرێمدا بەگوێرەی تایبەت مەندیەکان.

10- جەختکردنەوە لەهاوبەشی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و وەرگرتنی ڕاوێژو بۆچونیان لەسەر ڕێ و شوێن ورێنمایەکان بەشداریان لەلیژنەکانی هەڵسانگاندنی پڕۆژەکان بەرەچاوکردنی ڕوونەدانی پێکدادانی بەرژەوەندی.

بەڵێنەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان:

1- جەختکردنەوە لەبەکارهێنانی سەرچاوە تەرخان کراوەکان بەشێوەیەکی کارا بۆمەبەستە دیاریکراوەکانیان لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان.

2- جەختكردنەوە لەڕەوایەتی وەرگرتنی تەمویل پێش ئەوەی داواكاری پێشكەش بكرێت بەڕاشكاوی و ڕوونیەوە تیشك بخرێتە سەرچۆنیەتی بەدەست هێنانی ئامانجەكە .

3- جەختكردنەوە لەوەی ڕێ و شوێنەكان ورێساكانی بەڕێوەبردنی مەترسیەكان تەباو پەیوەستن لەگەڵ بەدیهێنانی ئەنجامە خوازراوەكان بەباشترین شێوە وەك ناردنی ئاگاداری نامەی پێش وەخت بۆ تەمویلكاران سەبارەت بەهەر گۆڕانكاریەكی گرینگ كە لەڕەوشەكەدا ڕوبدات.

4- كرانەوەو شەفافیەت لەبەرانبەر ئامادەكردنی ڕاپۆرت و دان پێیانان بەوەی پرۆسەی وردبینی دەرەكی بێت یان ناوخۆی بێت یەكێكە لە خەسڵەتەكانی ئیدارەی باش.

5- پێویستە ڕێكخراوە ناحكومییەكان سەرچاوەی تەمویلەكانیان ئاشكرا بكەن و ڕێگایان پێبدرێت.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بەیان خان.

**بەڕێز بەیان احمد كۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئامانجی چوارەم:خزمەتگەزاریی بەرسڤی خێرا و كوالێتیی باش

بەڵێنەكانی دەسەلآتە گشتییەكان:

1- ڕوونكردنەوەی پرەنسیپەكانی سپاردنی دەسەلآت بەڕێكخراوە ناحكومییەكان بۆ دابینكردنی خزمەتگوزارییەكان و گەیاندنی بەهاولآتیان.

2- پابەندبوون بە تەمویلی پرۆژەی درێژخایەن چونكە باشترین ڕێگایە بۆ بەدیهێنانی ئەنجامەكان، پێویستە ماوەی تەمویلی درێژخایەن بریتی بێت لە ڕەنگدانەوەی كاتی پێویست بۆ بەدیهێنانی ئەنجامەكە، ئەگەر دەركەوت ناتوانرێت تەمویلی درێژخایەن پێشكەش بكرێ، بۆی هەیە تەمویلەكە ڕەتبكاتەوەو هۆیەكانی ئەم بڕیارەش ئاشكرا بكات.

3- ئەگەر خزمەتگوزارییەكە ڕووبەرووی ئاستەنگ و گیروگرفت بووەوە، ئەوسا پێویستە لەگەڵ ڕێكخراوەكە لەسەر خشتەیەكی كات پێك بێت بۆ چاككردنی جێبەجێكردن، پێش ئەوەی بڕیار بدات لەسەر كۆتایی هێنان بە پەیوەندییە داراییەكە.

4- دەبێت پێوەرەكانی ڕاگرتنی تەمویل ڕوون و ئاشكرا و دیاریكراوبن بۆ ڕێكخراوەكان.

5- هەڵسانگاندنی كاریگەرییەكانی وەستاندنی تەمویل لەسەر سوودمەندەكان و بەكارهێنەرەكانی خزمەتگوزارییەكە و خۆبەخشەكان ، پێش ئەوەی بڕیار بدرێت لەسەر كەمكردنەوە یان ڕاگرتنی تەمویلەكە و هەڵسانگاندنی پێویستی گەڕاندنەوەی ئەو پارەیە بۆ ڕیكخراوێكی دیكەی هاوشێوە كە خزمەت بە هەمان گروپ و پرۆژە بكات.

6- ئەگەر پەیوەندیی تەمویل یان شێوازی پشتگرییەکە گۆڕانی بەسەر داهات یان کۆتایی هات، ئەوسا پێویستە بەنووسراو ئاگادارییینامەیەك پێشکەش بکات بەگوێرەی سروشت و ماوەی پڕۆژەکە.

7- بەکارهێنانی دەرفەتە بەردەستەکان بۆ بەشدارییپێکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کۆمەڵگەکان.

بەڵێنەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان:

1- پلانندانان بۆ ئەگەری ڕاگرتن یان کۆتایی هاتنی تەمویل، لە پێناو کەمکردنەوەی هەر کاریگەرییەکی نەرێتی لەسەر سوودمەندەکان و ڕێکخراوەکان.

2- بەشدارییپێکردنی بەکارهێنەران و سوودمەندانی خزمەتگوزارییەکان لە داڕشتنی پلان و جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکاندا بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە وەڵامی داواکارییەکانیان بدرێتەوە.

3- سوود وەرگرتن لەسەرجەم ئامرازەکان بۆ بەشدارییپێکردنی خۆبەخشەکان و کۆمەڵگاکان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکاندا.

4- پتەوکردنی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە کاتی پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکاندا.

7. پەیکەری جێبەجێکردن و چاودێریکردن:

1- لایەنەکانی ئەم پەیمانە بەرپرسن لە جێبەجێکردن و چاودێری کردنی پەیمانەکە.

2- حکومەت دەستەیەك یان دەزگایەك ڕادەسپێرێت بۆ هەماهەنگی لەجێبەجێکردنی پەیمانەکە بەپێی تایبەتمەندی.

3- دەسەڵات یان دەزگا بەرپرس بە بەشداری پەرلەمان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان ، ساڵانە کار دەکەن بۆ دانانی پلانێك بۆ جێبەجێکردنی پەیمانەکە.

4- هەر دوو ساڵ جارێك لیژنەیەکی هاوبەش پێك دێت لە پەرلەمان و حکومەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ چاودێری جێبەجێکردنی پەیمانەکە و پلانی کارەکان، لیژنەکە لەساڵێکدا بەلای کەمەوە سێ جار کۆبوونەوە دەکات ، ڕاپۆرتی ساڵانە بلاّو دەکاتەوە.

5- دەستە یان دەزگای بەرپرس بە ڕاوێژ لەگەڵ پەرلەمان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان میکانیزمی شیاو دادەنێت بۆ دیاریکردنی ژمارە و نوێنەری ڕێکخراوەکان لە لیژنەکەدا.

6- دوو ساڵ جارێك دانیشتنی ئاشکرای پەرلەمان ساز دەکرێت بۆ تاوتوێی جێبەجێکردنی پەیمانەکە و گەشەپێدانی کۆمەڵگای مەدەنی.

7- هەموارکردن و هەڵوەشاندنەوەی ئەم پەیمانە لە دەسەڵاتی لایەنەکانی ناو پەیمانەکەیە ، بەهەمان پرۆسەی پەسەندکردنی پەیمانەکە ، پڕۆژەی هەموار و بەهاوبەشی ئامادە دەکرێت لەلایەن لایەنەکانی پەیمانەکە و لە پەرلەمان پەسەند دەکرێت.

8- ڕێکخراو و لایەنەکانی تری کۆمەڵگەی مەدەنی کە بەشدار نەبوون لە داڕشتن و پەسەندکردنی ئەم پەیمانە دەتوانن دوای پەسەندکردنی ناوەڕۆکی پەیمانەکە بەشدار بن ، لایەنەکانی ئەم پەیمانە کار بۆ ئەوە دەکەن کە پەیمانەکە فراوان بکرێت بە شێوەیەك کەلایەنەکەنی تری کۆمەڵگای مەدەنی بگرێتەوە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پەیمانە ڕێکەوتنی لەسەر کراوە لەلایەن دەسەلاتی یاسادانان و دەسەلاتی جێبەجێکردن و ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ ئێوەی بەڕێز خوێندرایەوە ، بۆ پەسەند کردنی، کێ پەسەندی دەکات دەست بلندکا ، کێ لەگەڵی نییە ، (4) ئەندام لەگەڵ نییە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا ، وێڕای پیرۆزباییمان دەستخۆشی لە هەموو ئەولایەنانە دەکەین کە پێوەی ماندوو بوون ، ئێستاش لیژنەی هاوبەش فەرموو. فەرموو کاك دانا.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەهەمان شێوە ئەمەش وەکو لیژنەی جێبەجێکار و لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی لیژنەی هاوبەش پیرۆزبایی لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و سەرجەم دامودەزگاکان و هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان دەکەین ، هەرلێرەوە دەمەوێت زۆر سوپاسی پەرلەمانتارانی بەڕێز بکەین کە پشتوانیان کردین لە سەرەتای ئەو پرۆسەیەوە، وەهەروەها بەهەمان شێوە نوێنەرایەتی حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم و ڕێکخراوەکان ، تەنیا دەمەوێ یەك خاڵ ئیشارەت پێبدەم ئەویش ئەوەیە ئەو پەیمانە بەپێی ستانداردی جیهانی مامەڵەی لەگەڵ کراوە و نوسراوە ، ئێستا ئێمە بووین بەیەکەم هەرێم کە پەیمانێکی لەو جۆرەمان لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ناوچەکە کە هەیە ، شانازییە بۆ پەرلەمانی کوردستان خولی سێیەم ، کە دوو کۆمێنتی گرینگی لەو خولەیدا دەرکردووە بۆ پشتیوانی لە کۆمەلگای مەدەنی ئەویش یاسای ژمارە(1)ی ساڵی 2011ی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ئەو پەیمانەیە ، پێموایە ئێستا زەمینەی یاسایی و زەمینەی ئەخلاقی لەبارە بۆ ئەوەی کە ڕێکخراوەکان بتوانن بەشێوەیەکی کارا ، کار وچالاکییەکانی خۆیان ئەنجام بدەن ، بەلام ئومێد دەکەم ئەو بەڵێنانەی کە ئێستا دراوە هەرلایەنەی داویەتی پابەند بێت پێوەو جێبەجێی بکات ، دووبارە زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش سوپاسی لێژنەی کۆمەڵی مەدەنی دەکەین، فەرموون بۆ شوێنی خۆتان ، لیژنەی یاسایی بمێنێتەوە ، لیژنەی یاسایی بۆ خاڵی دووەمی بەرنامەی کاری فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.**

بڕگەی دووەمی بەرنامەی کارمان خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای لیژنەی پارا لەئۆڵمپی لە هەرێمی کوردستان ، ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کرایە وە ئەو بەڕێزانەی کەواژۆیان لەسەر پرۆژەکە کردووە، د.ثائر عبدالاحد ، گەشە دارا حفید ، شێردڵ تحسین محمد ،

کەیلی اکرم مەنتك ، بەفرین حسین ، د. تارا عبدالرزاق ، ئارام شاهین داود ، سۆزان یوسف خۆشابە، جمال طاهر ابراهیم ، أمیر گوگە یوسف ، حازم تحسین سعید ، د. ڕێباز فتاح محمود ، ئەم پڕۆژەیە لە (19) مادده پێك هاتووە لەگەڵ هۆیەكانی دەرچواندنی، و تەنها بەزمانی عەرەبی پێشكەش كراوە ، داوا دەكەم لەسەرۆكایەتی پەرلەمان ئاراستەی لیژنەكانی پەیوەندیدار و ئەندامانی پەرلەمانی بكات ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم پێشنیاری پڕۆژەیە ئاراستەی لیژنـەكانی وەرزش ، یاسایی ، ئەنـدامانی پەرلـەمان و حكومـەت دەكـرێ.
فەرموون بۆ خاڵی سێ

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگـەی سـێیەمی بەرنامـەی كـار خوێندنـەوەی یەكـەمی پێشـنیاری یاسـای درێژكردنـەوەی مـاوەی جێبەجێنەكردنی یاسای بەكرێدانی خانوو بەرە ژمارە (9)ی ساڵی (2008) ئەم پڕۆژەیە لەلایـەن ژمـارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كرایە ، ئەو ئەندامانە بەڕێزانە كە واژۆیان كردووە :

1- عونی بەزاز ، عمرعبدالرحمن ، عمر نورەدینی ، دانا سعید سۆفی ، عمر هەورامی ، جلال علی عبدلله ، جمال طاهر ابراهیم ، نەژاد عزیز ، ئاراس حسێن ، محمد شارەزوری ، شۆڕش سید مجید ، دلێر محمود فتاح ، علی حسێن محمد ، هاژە سلیمان مصطفی ، ئەم پڕۆژەیە لە (3) مادده پێك هاتووە ، داوا لە سـەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەم ئاڕاستەی لیژنەكانی پەیوەندیدار و ئەندامانی پەرلەمانی بكات ، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو شلێرخان لەسەر ئەم خاڵەیە.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وابـزانم خوێندنـەوەی یەكـەمی پێشـنیاری یاسـای درێژكردنـەوەی هەڵپەسـاردنی مـاوەی جێبـەجێكردنی یاسـاكەیە ، نـەك درێژكردنـەوەی مـاوەی جێبەجێكردنـەوە ، ئـەوەی هەڵەیەكـە وابـزانم ئـەو كەسـانەی كـە ئیمزایان كردووە چونكە بۆجێبەنەكردنیتەتی ئەوە بۆ تەئجیلكردنیەتی.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عونی

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ڕاستە قسەی شلێرخانی ، بەلأم من كە خوێندمەوە (ن)نەكم ئیزافەكرد لەسەر جێبەجێنەكردنی یاساكە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

چاكرایەوە ، ئەم پڕۆژەیە ئاڕاستەی لیژنەكانی یاسایی ، دارایی دەكرێ ، فەرموون بۆ خاڵی چوارەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگـەی چـوارەم لەبەرنامـەی کـار، خسـتنەڕوو گفتوگـۆکردنی پـڕۆژە بڕیـاری لێبـووردنی ئـەو کەسـانەی تۆمـەتیان خراوەتـە پـاڵ لـە بەرانبـەر ئـەو چـالاکیانەی ئـەنجامیان داوە بـەهۆی بەشـداری بوونیـان لـە بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی گەلی کورد ، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ، داوا لـە ئەنـدامانی مـەعنی بکات بێنە سەر سەکۆی پەرلەمان.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەنـدامانی تـری لیژنـەی یاسـایی ئەگـەر بێنـە سـەر سـەکۆ بـۆ دەوڵەمەنـدکردنی ، لیژنـەی پێشـمەرگەش نوێنەرێکتان ، فەرموو بۆ خوێندنەوەی پڕۆژە بڕیارەکە. فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕۆژەك لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش کرایە ، خۆی لە (5) بڕگە گرتووە ، بڕگەی یەکەم بەو شێوەیەیە :

اولا : یعفی المتهمون من المسؤلیة الجنائیة و المدنیة عن الاعمال المعاقب علیها قانونا التی قاموا بها من جـراء الحرکة التحرریة الکوردیة او بسببها منـذ ثـورة ایلـول 1961/9/11 و لغایـة انتفاضـة شـعب کوردسـتان – العراق فی اذار 1991.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کوردیەکەشی بخوێنن.

**بەڕێز شۆرش مجید حسین:**

پاڵپشت بە حکومی بڕگەی (1)ی ماددەی هەشتەمی هاوبەش :

یەکەم : تۆمەتبارەکان ببوردرێن لە بەرپرسیارەتی تاوانکاریی و مەدەنی لەو کارانەی لەڕووی یاساوە سزایان لەسـەرە کـە لەدەرئـەنجامی بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی کـوردی یـان بەهۆیـەوە لەوەتـەی شۆڕشـی ئـەیلوول 1961/9/11ەوە تاوەکو ڕاپەرینی گەلی کوردستان – عێراق لە ئاداری 1991، ئەنجامیان داوە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددە بە ماددە دەیخوێنین ، ئێستاش لیژنەی هاوبەش ڕاپۆرتی هاوبەشتان هەیە ، لیژنەی هاوبەش رەئیتان لەسەر ئەو ماددەیە.

**فەرموو کاك صباح**

**بەڕێز صباح بیت الله شکری.**

**الی/ رئاسة برلمان کوردستان_العراق**

**م/تقریر مشترك**

اجتمعت اللجان (الشؤون القانونية) و(شؤون البيشمەرگه والشهداء وضحايا الجينوسايد) و (الداخلية والأمن والمجالس المحلية) بصورة مشتركة، بتأريخ 6/جۆزەردان/2713 كوردى المصادف ليوم 2013/5/28 ميلادى لدراسة مشروع قرار (اعفاء الملتحق بالحركة التحريرية الكوردية عن الأعمال المعاقب عليها قانونا جراء الحركة وبسببها) ، المقدم من قبل رئاسة مجلس وزراء اقليم كوردستان بموجب كتابها المرقم (4856) في 2013/5/22 ، والمحال الى اللجان المعنية و أعضاء البرلمان بعد القراءة ألأولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (23) في 2013/5/27. وبعد المناقشة والمداولة توصلت اللجان ما يلي:

1- تؤيد اللجان فكرة المشروع مبدئيا ، و تقترح صياغة ديباجة البرلمان له ، و اعادة صياغة فقراتة كالآتي:

**قرار رقم(    )لسنة2013**

استنادا لآحكام الفقرات(1) من المادة (56) من قانون برلمان كوردستان رقم (1) لسنة 1992 المعدل ، و بناء على ما عرضه مجلس وزراء الاقليم، قرر برلمان كوردستان بجلسته الاعتيادية المرقمة (    ) في /2013/6 تشريع القرار الآتي:

أولا:

لايسأل جزائيا و مدنيا المشترك فى الحركة التحررية الكوردستانية جراء تنفيذه مهمة كلف بها في حينه من قبل الحركة التحررية الكوردستانية او بسببها منذ اندلاع الثورة في (1961/9/11) و لغاية انتفاضة شعب كوردستان في أذار 1991.

**بەڕێز حسن محمد سوره/جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

بەكوردیەكەش ڕەئى لیژنەى هاوبەش لەسەرماددەى یەكەم بیخوێنەوە.

فەرموو كاك محمد.

**بەڕێز محمد أحمد على (شارەزووری).**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاى لیژنەى هاوبەش بەم شێوەیەیە :

یەكەم : ئەوەى بەشدارى كردووە لە بزووتنەوەى رزگاریخوازى كوردستانى لێپرسینەوەى تاوانكاریى و مەدەنى لێناكرێت لە ئەنجامى جێبەجێكردنى ئەركێك كە لەكاتى خۆیدا لەلایەن بزووتنەوەى رزگاریخوازى كوردستانییەوە خراوەتە ئەستۆى ، یان بەهۆیەوە لە وەتەى هەڵگیرسانى شۆڕش لە (1961/9/11) تاوەكو ڕاپەرینى گەلى كوردستان لە ئادارى 1991.

**بەڕێز حسن محمد سوره/جێگرى سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو جەنابى وەزیر ڕەئیتان لەسەر ئەم ماددەییە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەرى/وەزیرى داد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان،**

له هەقیقەتدا ئێمە لە قەرارەکەی کە لەلایەن حکومەتەوە پێشکەش کراوە سێ مەبدەئی تێدایە ، یەکەمیان مەسئوولیەتی مەدەنی و جەزایی نەمێنێتن ، دووەم بەنسبەت ئەو چالاکیانەی کە ئەنجام دراوە دژی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق ، سێیەمینیش هەموو بەشداربووانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بگرێتەوە ، یان بەهۆکاری ئەم بزووتنەوەیە ، ئێستا من تەنها ئەو مولاحەزەم لەسەر هەیە ، دەڵێت لە (1961/9/11 )ەوە تا تاریخی ڕاپەڕین ، من پێم وایە تاریخەکە بگۆڕن بۆ(1992/5/19 )لەبەرئەوەی بەڕاستی ڕەنگە لەماوەی بەرەی کوردستانیشدا هەندێك حاڵەت ڕوویدابێت ، ئەم مێژووەش مێژوویی گواستنەوەی ڕەوایەتی شۆرشگێری بووە ، بۆ ڕەوایەتی شەرعیەتی ، قانونی دەستوری ، من تەنها ئەو مولاحەزەم هەیە لەسەر بڕگەی یەك.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە. ئەو بەڕێزانەی ناوی خۆیان نووسیوە ، د.أحمد ابراهیم علی (وەرتی) ، ئامینە زکری سعید ، سالار محمود مراد ، عمر صدیق محمد ، عبدالسلام مصطفی صدیق ، قادر حسن قادر ، کاوە محمدامین ، گەشە دارا جلال ، ئاشتی عزیز صالح ، ایوب نعمت قادر(ئارام) ، برهان رشید حسن ، سمیرسلیم امین بەگ ، هاوڕاز شێخ احمد ، کاردۆ محمد پیرداود ، ئاهەنگ عارف رؤوف ، سالم توما کاکو ، بەفرین حسین خەلیفە ، شێردڵ تحسین محمد، کاروان صالح احمد ، ژیان عمر شریف ، لقمان سلیمان حسن ، فرمان عزالدین محمود ، ناسك توفیق عبدالکریم ، قادر احمد سمایل ، فاضل محمد قادر(بەشارەتی)، د.سەروەر عبدالرحمن عمر ، د. شفان احمد عبدالقادر ، نەژاد عزیز سورمێ ، پەیمان عبدالکریم عبدالقادر ، نەریمان عبدالله قادر ، احمد سلیمان عبدالله(بلال) ، سەرهەنگ فرج محمد ، تەواو ناوەکان ، تکایە هەریەکی دوو دەقیقە زیاتر قسە نەکات. فەرموو کاك د.احمد.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەناوی خوای گەورە**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله ڕەنگە بەدوو دەقیقە بۆم تەواو نەکرێ ، بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری داد ئەکەین زەمیلی پێشووی خۆمان ، لەڕاستیدا ئەم پرۆژەیە وەك پرۆژە بڕیارە دیارە من تەحەفوزم لەسەر ڕاپۆرتەکەش هەبوو ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی ، ئایا ئێمە دەتوانین بەبڕیارێك مەبادئی قانون ڕابگرین ، یان پێویستە ئەمە پرۆژەی یاسا بێت بۆ ئەوەی کە بتوانین مەبادئی قانون بەقانون ڕابگرین نەك بەبڕیار، ئەمە بەڕاستی من هەندێك ڕاوێژم لەگەڵ دادوەرو خەڵکی یاساناس زیاتریش کردووە ، من پێموایە ئەمەی لێرە هاتووە پێچەوانەی مەبادئی قانون و پێچەوانەی مەبادئی مافی مرۆڤیشە ، ئایا ئەمە چۆن دەکرێ کەسێك لەمەسئوولیەتی مەدەنی ئیعفا بکرێت ، ئەگەر بتوانین لە مەسولیەتی جینایات ئیعفا بکرێت ، بەڵام لەمەسئوولیەتی مەدەنی پێم وایە ناتوانرێت لێپرسینەوە لەگەڵیدا نەکرێت ، دەکرێت لە حەقی عام بە عەفوی خاس بەڕێز سەرۆکی هەرێم دەریکا ئەوکەسە ئازاد بکرێت ، بەڵام مافی هەرکەسێکە داوای هەقی

مەدەنی بکات و تەعویز وەربگرێتەوە ، واتا تۆ لێرە هەموو ئەو مافە لەو کەسە بستێنیتەوە کە تووشی زەرەر بووە لە ئەسنای حەرەکەی تەحەروری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و بەهۆکارەکەشیەوە سەر بەویشە ، جگە لەوە دەکرێت وەکو باسم کرد ئەمە ئەگەر هاتو حەقێك کەوتەلای لەڕووی یاساییەوە بە عەفووی خاس لێبووردنی تایبەت ئازاد بکرێت ، بەڕای من ئەمە ماوەیەکی زۆر زۆری داناوە لە(61)تا(91) کەدەکاتە ماوەی (40) ساڵ و(+22)کەشی بخرێتە سەری لە ئنتیفازەوە تا ئێستا ، بەڕای من بەڕاستی ماوەیەکی زۆر زۆرە واتا تۆ (60) ساڵ دێی جارێکی دیکە ئەم کەیسانە لە دادگاکان زیندوو ئەکەیەوە ، ئەگەر بیدایەتی تاریخی حەرەکەی تەحەروری کوردی لەبەر چاو بگرین ، بۆیە من پێم وایە کێشەیەکی زۆر بۆ دادگاکان دروست ئەکەین ، من پێم وانییە ئەوەندە حاڵەتی زۆر هەبێ ئێستا لە دادگاکانا مابێتەوە کە ئێمە بەوشێوە کە دوای (22)ساڵ بێین بەبڕیارێك موعالەجەی ئەو مەوزعە بکەین بەڕاستی ، حاڵەتێکی دیکەش هەیە کە من لێرە بەڕاستی ئاماژەی پێئەکەم ، هەندێك حاڵەت ڕوویداوە کەئەمەش ڕەنگە هەر خۆش نەبێ بەداخەوە لەفەترەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان ، لەنێوان شۆڕشگێرەکان خۆیان هەندێك حاڵەت ڕوویداوە ئەی ئەوانە چۆن موعالەجە دەکرێت ، ئایا ئەم بڕیارە هەمان ئەوانیش دەگرێتەوە یان نا ، چونکە ئەمە بیرمان نەچێت کە لە فەترەی پێشی ڕاپەڕینیش شەڕی ناوخۆیی هەبووە لە نێوان هێزە شۆڕشگێڕە کوردەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی ، هەندێك حاڵەت لەو نێوانەشە ڕوویداوە، واتا کامە بەشۆڕشگێر حیساب ئەکەین و کامە بە ناشۆڕشگێر حیساب ئەکەین؟ لێرە ئەم یاسایە چارەسەری ئەم مەوزوعە بکا ، بۆیە بەڕاستی بەڕای من ئەوەی کەلەقانونی عقوباتیش هاتووە حەقی دیفاعی شەرعی، بەپێی ماددەی (45) لە قانونی عقوبات هیچ زەرەردانێکی توندتر لەوەی ئەو دیفاعە شەرعییە دەخوازێت بەڕەوا نابیندرێت ، وەکو ماددەکە بەو شێوەیە ئەڵێ ، (لا يضيع حق الدفاع الشرعي احداث ضرر اشد مما يستلزم هذا الدفاع ، اذا تزاوزة مدافيع عمدا او اهمالا حدودا هذا حقى او اعتقدة خطأ انه فى حالتي دفاع شرعى فانه يكون مسؤولا عن الجريمة لتى ارتكبها وانما يجوز للمحكمة فى هذه الحالة ان تحكم بعقوبة جنحة بدلا من عقوبة الجناية ، ان تحكمه بعقوبة مخالفة بدلا من عقوبة الجنحة) کۆتایمە تەواوی ئەکەم، بۆیە من پێموایە لێرەدا بەڕاستی هەموو ئەوەی کە ڕوویداوە بەهۆی حەرەکەتی تەحەروری کوردی ناکرێت بە پڕۆژە بریارێك لێرە موعالەجەی کەین ، وەلەگەڵ ئەوەشا ئەگەر هەر بڕیاربێت ئەمە پەسەند بکەین بە ڕاستی ئەبێ مەدەنیەکەی لێ لابەین تەنها جەزائیەکەی بێڵینەوە ، لێرە پڕۆژەکەی بەڕاستی حکومەتیش زۆر دەقیقترە لەوەی کە لێرە هاتووە پڕۆژەی پێشنیاری ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش ، چونکە ناکرێت تۆ تەنفیلی موهیمە چییە موهیمە هەر موستەڵەحێکی قانونیش نییە بەڕاستی ، بۆیە من پێم باشە ئەمە پڕۆژەی قانون بێ ئەوەی یەکەم وە دووەمیش لە مەسئولوولییەتی مەدەنی ئیعفا نەکرێت ئەو کەسە ، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئامینە خان.

**بەڕێز ئامینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەدیتنا من ئەڤە پـڕۆژە بڕیاریکا زۆر یـا گرینگـە بـۆ پاراسـتنا ژیانـا ئـەو پێشـمەرگێت کـو بەشـداری بزاڤا ڕزگاریخازا ل کوردستانێ کری ، چونکی دەمێ خۆدا هەرکەسەك د بزاڤا رزگاری خازا کوردستانیدا پێشمەرگە بەشدار بوون ژ دادگاییێ رژێمێ (جەریمە مخلە بالشرف) هاتنە دادگای کرن هەنـدەك ژ وان بهێنـە سـێدارە دان، یێت هاتیی سوء ئیستیفادە کرن، ژبەر هندێ ئەز بینم ئەڤ بریارە زۆریا گرینگـە، لێ چـەند پرسـیارەك من ژ لیژنا بەرێزیا هەی، ئێك بۆمە دیار بکـەن کـو ئایـا حالـەتێ هوسـانێ یـەعنی هەنـە؟، ئەگـەر حالـەتێ هۆسا هەنە ب چ شـێوەیەکێ یـە؟، کینـە وان شکایەتێ دکـەن، یـادی تـر، ئـەوە وەکـو مـن تێبینـی کـری ڤـێ بریارێدا، کی ئو چەوا ئەو لایەنێ کو دێ دیار دکەن ئەو پێشمەرگێت کـو بـژاڤا ڕزگـاری خـازا کوردسـتانێدا دەمێ ئەنجامدانا کـارێ خـۆدا بوینـە، ئـەو کـیش لایـەن کـی دێ دیـار کـەت؟، دێ چـەوا دیـار کـەت؟، یـا دوێ میکانیزم و ئالیەتێ دیار کرنا دیار نیە؟، کو ئەز بینم ئەڤە ژی بێنە دیار کرن، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراسـتیا ئـەم پـڕۆژە بریـارە پێویسـتی بـە دیقـەتێکی زۆر هەیـە هـەم لـەرووی زەمەنـەوە ، هـەم لـەرووی مەحتەوای قانونی و پێموایە لەنێوان بڕیارو یاساشا هەر یـەك قـوەتی ئیلزامـی هەیـە، بۆیـە بـە دیـدی مـن فەرقێك نییە ، بەلام ئەو قۆناغەی کە ئامـاژەی پێئـەکرێ لەسالّی (61)ەوە بـۆ(91) و دواتـریش نوێنـەری بەڕێز حکومەتی هەرێم کە ئاماژە بـەوە ئـەکات کـە باشـتر وایـە ئـە مودەتـە تـەدویر بکرێتـەوە بـۆ(5/19) بەعیبارەتی ئەوەی کە هەڵبژاردنی پەرلەمانە، پـێم وایـە لـەرووی مەبدەئیـەوە هـەر ئـەو مێـژووەی کـە لـە ڕاپۆرتەکـەدا هـاتووە گونجـاوترە، چـونکە ئێمـە بیرمـان نەچـێت ئـەوە قۆناغـە ، حەقیقەکەیـە لـە قۆنـاغی شاخەوە بۆ شار وە دواتریش کاتێك کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان لـە شـاخەوە دێنـە شـار لەگەڵ خۆیا لێبووردنێکی سیاسی ئەهێنێت کە بەدیدی من ئەولێبووردنە هیچ ئیعتیبـارێکی قـانونی نییـە، بەلام کۆمەڵێك خەڵکی پێ ئیعفا کرا، کۆمەڵێك ئاسەواری نابەجێشی بـەدوای خۆیـدا هێنـا، لەوڕوانگەیـەوە ئێمە ئەگـەر ببیـنین بگەڕێنـەوە بـۆ ئـەو مێـژووە ئـەزانین تـا سـاڵی (91) مـانگی (10)ش داموودەزگاکـانی حکومەتی ئەو سەردەمەش لە هەرێمی کوردستان مابوونـەوە بەتایبـەتی مـەحاکم، واتـا وەنـەبێ هـەر ئێمـە ئـەو قۆنـاغی شاخەمان تێنەپەڕانـدبێت بـەو ئاڕاسـتەیە کاربکـەین لـەکاتێکا بـەرەی کوردسـتانی ئـەیتوانی جۆرێك لەمونەزەم تر مامەڵە لەگەڵ ئـەو ڕەوشـە بکـات وە کۆمـەڵێك ڕووداوی جیاجیـا کەوتوونەتـەوە ئایـا ئەچـنە چوارچێوەی ئەمـەوە یـا نـا؟، ئەمـە پرسـیارن لـە لیژنـەی بـەڕێزە ، مـن دەمـەوێ لەلیژنـەی بـەڕێز پرسـیار بکـەم ئایـا حاڵەتـەکان چـەندن کـەمن، زۆرن کەپێویسـت بـە بڕیـارێکی لەوبابەتـە بکـات، وە

ئەسبابەکانی چۆن ئەسەلمێندرێت ئەگەر ڕووداوێك ڕوویدابێت لەپێناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستاندا بووە واتا تایتڵەکە ئەوە بووە ڕاستە ڕووداوەکە ڕوویداوە ، بەلاَم ئەو سەلماندنە لەبەردەم مەحاکما، لەبەردەم هەر لایەنێك کە ئەم پرسە یەکلائەکاتەوە، بەڵگەکان ئەبێت چیبن، چۆن بن؟ سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر صدیق محمد هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینم تەنها لەسەر بەروارەکە هەیە، ئەوەی تا کوێ بێت؟ من پێشنیار ئەکەم تا ئەوکاتەبێت کە یەکەم خولی پەرلەمانی کوردستان دەست بەکار ئەبێت واتا تائەو کاتەی سوێندی یاسایی ئەخۆن نەك هەڵبژاردنەکان، چونکە هەڵبژاردنەکانیش تاکو ئەوکاتە بەفیعلی لەکاتی هەڵبژاردنەکانا ئێمە دەسەلاَتێکی شەرعی هەڵبژێردراومان نەبووە، بەلاَم کە ئەو ڕۆژەی کە سوێندی یاسایی دەخۆن لەو دەقیقەیا یان لە ڕۆژەیا دەسەلاَتی تەشریعی هەرێمی کوردستان و شەرعی پێدراوی گەلمان هەبێت، واتا لەقۆناغی شەرعییەتی شۆڕشگێڕییەوە ئەگوازرێنەوە بۆ دەسەلاَتێکی شەرعی هەرێمی کوردستان ,زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەست پێ ئەکەم بە مەسەلەی وادەی ئەوکاتەی کە یاساکە بەخۆی ئەگریت، ئەگەر مەبەستمان لەقۆناغەکانە بێگومان تارۆژی بڵێین نەبەس ئینتفازە، بەڵکو تەواوبونی ئینتیفازەکە دانانی ناوچەی دژە فڕین، بەلاَم ئەگەر مەسەلەیەکی یاسایی بێت منیش وەکو کاك عمر بیرئەکەم بەلاَم، حەزئەکەین پاشان ڕەئی بەڕێز وەزیری دادیش بزانین لە (7/4) حکومەتی هەرێمی کوردستان سوێندی خوارد، واتا دەسەلاَتی ئێمەی فیعلی لەرووی مەحاکم و وەزارەت لە (7/4) دەستی پێکرد، ئەگەر بیرۆکەیەك هەبێت ئێمە وای لێ بکەین تا ئەو کاتەی دەسەلاَتمان هەبوو من پێشنیار ئەکەم بیکەینە(7/4) دەست پێکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەفەرمی، ئەگەر مەسەلە قۆناغەکەبوو بەڕاستی من لەگەڵ مەسەلەی ئینتیفازەمە، یەك، هەندە پرسیار دێن مومکینە لە مێشکی منیش سووڕابن، چۆن ئەسەلمێنیت یان ئیجرائات چۆن ئەبن بێگومان لەوێ ئەو کەشکایەتی لێکراوە کە چەند بەڵگە هەبن بیسەلمێنن ئەم پێشمەرگەیە یان ئەم خەباتکەرە ئەم کارەی کردووە، واتا ئەمینێت ئەرکی ئەو دیفاعی ئەو بسەلمێنیت کە مەشمول ئەبیت بەم یاساییە وە ئەوە وابزانم ئەوەی مەحکەمەکانی دیبیت ئەزانن عەمەلیەکی ئاسانە دەبی بچێت بۆخۆی بەڵگە نامە یان تەئیدێك یان هەر بەڵگەیەك بینت کە فیعلەن ئەمە وەکو تاك هەڵنەساوە بە ئەنجامدانی ئەو ئیشە، ئەگەر ئەمەی سەلماند واتا ئەم یاسایە ئەو ئەگریت و عەفوو ئەبێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك قادر حسن.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومـان سەرچـاوەی هـەموو هێـز و شـەرعیەتێك گـەلی کوردسـتانە، وەسـەرجەم شـۆڕش و سـەرکردەو شۆڕشگێڕان لە خەڵکی کوردستانەوە هەڵقوڵاون، پێشمەرگەی کوردستانیش بـەخوێن و خـەبات توانیـوێتی هەسـتی نەتـەوە و نیشـتمانپەروەری کوردسـتان بەزینـدووی بهێڵێتـەوە، وە بەرگـەی هـەموو پیلانـە دڕندانـەکانی دوژمـن و داگیرکـەران بگرێـت، تەنانـەت ئـەزموون و دەسـکەوتەکانی ئـەمڕۆشمان ئـەنجامی خۆڕاگیری خەڵکی کوردستان و فیداکاری و قوربانیدانی پێشمەرگە قارەمانـەکانی کوردسـتانە، بۆیـە دەبێـت هەمیشە مێژووی خەبات و رزگاریخوازی کوردستان بە بەرزو پیرۆز بپارێزرێت، چونکە گـەلی کوردسـتانیش وەکو هەموو گەلانی دونیا شـانازی بەمێـژووی خـەباتی خۆیـەوە دەکات، وە هێـزی پێشـمەرگەش داینـەمۆو رۆحی هەمیشە زیندووی مێژووی خەباتی گەلەکەمانن و نابێت بەهیچ شێوە لەئاستی خەبات و فیداکاریان کەم بکرێتەوە یان هەوڵبدرێت لەژێر بڕو بیانووی جۆراو جۆر قوربانی و فیداکاریان لەکەدار بکرێت، جا چ جای ئەوەی تۆمەت باریش بکرێن، بۆیە من پشتیوانی تەواوی خۆم بۆ ئەم پـڕۆژە بڕیـارە ڕادەگەیـەنم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووماموٚستا کاوە.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاسـتی ئـەو پـڕۆژە بڕیـارە مـن بـەپڕۆژە بڕیـارێکی گرینگـی دەزانم، چـونکە دیفـاع کـردن لـە سـومعەی پێشمەرگە و لە پێشمەرگە دیفاع کردنە لە دەسکەوتەکانی گەلەکەمان کە بەخـەباتی پێشمەرگە و خـوێنی شەهیدەکانمان بە دەست هاتووە، چونکە بەڕاستی زۆر مەحاوەلات هەیە بۆ ئەوەی هـەم شۆڕشـەکەمان هـەم پێشـمەرگە بەئاڕاسـتەیەکی وابـبـەن کـە سـووکی بکـەن یـان ناشـرینی بکـەن دیفـاعکردن ئێمـە وەکـو پەرلەمانتاران وەکو ئـەو پێشـمەرگە دێرینانـەی کە ئەنـدام پەرلـەمانین دیفـاعکردن ئـەرکی سـەرەکی هـەر هەموومانـە بـە ئەنـدام پەرلەمانـەکانی تریشـەوە، ئـەو تێکۆشـەرانەی کـە هەڵسـاون بـەکاری شۆڕشـگێڕانە بەسزادانی بەکرێگیراوان و نۆکەرانی ڕژێم کە لـەدژی شۆڕشـی گـەلی کوردسـتان بوونـە، ئێمـە کـە دیفاعیـان لێبکەین بۆ ئەوەی نەدرێنە مەحکەمە کارێکی زۆر پیرۆزە، بەلاّم بەڕاستی لە سیاغەکەی کە لەکوردییەکەی کراوە تۆزێك بە نارێکی کراوە پێم باشە پێداچوونەوەیەکی بـاش هـەبێت لـە لیژنـەی هاوبـەش، کـە دەڵێـت ئەو کەسانەی یان دەڵێت ئەوەی بەشداری کردووە تۆزێك، ئەگەر بڵێـت ئـەو کەسـانەی بەشـداریان کـردووە یـان ئـەو شۆڕشـگێرانەی یـان ئـەو خەباتگێڕانـەی کـە بەشـداریان کـردووە لـە بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی

کوردستان ئەگەر لەڕووی قانونییەوە بگونجێت پـێم باشـترە تۆزێـك قـوەتی باشـتر دەبێـت، لـە بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی گـەلی کوردسـتان لێپرسـینەوەی تاوانکـاری و مـەدەنی لێناکرێـت لەئـەنجامی جێبـەجێکردنی ئەرکێك کە لەکاتی خۆیدا لەلایـەن بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کوردسـتانەوە خراوەتـە ئەسـتۆی، بڵـێ (پێـی ڕاسـپێردراوە) ، ڕاسـپێردراوە بـەقوەت تـرە خراوەتـە ئەسـتۆی وەك ئەوەیـە بـەملی داهاتبێـت، بـەڵام (پێـی ڕاسـپێردراوە)تەوعییەن جێبـەێی کـردووە ئـەرکی قیـادەی خـۆی جێبـەجێ کـردووە، ئـەرکی شۆڕشـگێری جێبـەجێ کـردووە، ئەگـەر بکرێت(ڕاسـپێردراوە) بـەقوەت تـرە، هـەروەها مـن لەگـەڵ هـەمان ڕامـە کەهـەم نوێنەری حکومەت هەندێك برادەرانیش کە ئاماژەیان پێدا کە بکرێتە یـان خـولی پەرلـەمان یـان ماوەیـەکی تر درێژ بکرێتەوە کە ئەو تاریخەی کاك عبدالسلام باسی کـرد، چونکە بەڕاسـتی مـن لـە بیرمـە کـاتی دوای ڕاپـەڕینیش لێـرە لـە شـاری هـەولێر دامـو دەزگـای ئـەمنی مـابوون هـەر لـەژێر فشـاری سـزادان و ئـەرکی شۆڕشگێرانە دەرپـەڕێنران ، ڕۆیشـتن ئێرەیـان بەجێهێشـت، ماوەیـەکی زۆر چـەند مانگێـك مابوونـەوە ئـەو دامودەزگاکان لێرە بوون ، بۆیە منیش لەگەڵ درێژکردنەوەکەی ماوەکەم ،زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گەشەخان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەمە یەکێکە لەو پڕۆژە بڕیارانەی کـە مەسـئولیەتێکی تاریخـە لەسـەر شـانی ئێمـە ئـەمڕۆ ئـەم پڕۆژە بڕیارە دەرئەکەین، خەڵکانێك ڕۆژانێك تەزحییەیان داوەو کارو چالاکیان بـۆ میلەتەکـەیان کـردووە ، ئەمڕۆ لـە دادگاکـان لێیـان بپرسـرێتەوە کـارێکی زۆر نـا دادپەروەرانەیـە، لەبەرئـەوە مـن دەسـت خۆشـی لـە ڕاپۆرتی هاوبەش ئەکەم زۆر بەجوانی هێناویانە لەسەر مەسەلەی ئەوەی کە ئایـا مەسـئولیەتی جـەزائی و مەدەنی هەردووکی تەرتیب نەبێ ئەمە زۆر کارێکی باشیان کردووە، چونکە تۆ لە ئەساسا بوونی تاوان ڕەت دەکەیتەوە، لەم مەسەلەیە هەستاوە بەکارێك ، چالاکیەکی شۆڕشگێڕانە، ئایا چۆن ئەکرێ تۆ مەسـئولیەتە جەزایەکەی لێبسێنیتەوە، بەڵام تۆ مەسئولیە مەدەنییەکە لەسەر چ ئەساسێك، کە خـۆی نـەبێت تاوانەکـە لەسـەر چ ئەساسـێکە تـۆ مەسـئوولی مـەدەنی و داوای تـەعویزی مـەدەنیی لـێ ئەکـەی کـە ئەمـە پـێم وایـە کارێکی باش نییە کە ئێمە بڕیاری لێبدەین هیـوادارم ئەنـدامانی پەرلـەمان بڕیـاری لێنـەدەن، سـەبارەت بـە تاریخەکە زۆر باشە کە دەست پێکەکەی دیاری کراوە، بەڵام پێم وایە یـان ڕای بـەڕێز کـاك شـێروان وەزیـری داد بەهەنـد وەرگیرێـت یـاخود تاکۆتـایی ڕاپـەڕین کـە لـە(3/21) بـوو ئـەو تاریخـەش دیـاری بکرێـت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشتی خان.

**بەڕێز ئاشتی عزیز سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی گرینگە وە بڕوام نییە هیچ ئەندام پەرلەمانێك نکوڵی لەوە بکات کە بزاڤی ڕزگاریخوازی لە کوردستانا چ ڕۆڵێکی هەبووە بۆ ئایندەیەکی گەش بۆ هەرێمی کوردستان وە دواڕۆژێکی موستەقر بۆ هەموو هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان کە بەدەستی ئەوانەوە ئێمە گەیشتوینەتە ئەمڕۆ، بەلأم ئەوەش لەگەڵ هەستیاری پرۆژەکە ئەوە ڕێگر نییە لە ئەندام پەرلەمان کە هەوڵ بدات بە باشترین شێوە وە بەشێوەیەکی ئوسوڵی قانونی یاساکە لێرە زۆر ڕێك و پێك بکرێت وە دەوڵەمەند بکرێت، من هەندێك تێبینم هەیە لەسەر ئەو ماددەییەی کە بەڕێزانیش پێش من قسەیان لەسەر کرد محتەواکەی جیاوازە لەگەڵ ناونیشانی پرۆژە بڕیارەکە ، لە ناوەڕۆکەکەیا باس لە حەرەکەی تەحەڕوڕی کوردستانی ئەکات (جراء تنفيذ مهمة كلف بها) واتا ئەو کەسە موکەلەف بووە کە عەمەلیەکی سەربازی جێبەجێ بکات، بەلأم ئەوەی کە لەناونیشانەکە هەیە ئەڵێت(جراء الحركة و بسببها)ئەوەی کە بەسەبەبی ئەکەوێتە ناو عەمەلییەکی عەسکەرییەوە یان موهیمەیەك بە ناچاری ئەکەوێتە ناوی یان لەوانەیە لە شوێنێکا دانیشتبێ عەمەلییەکی سەربازی لە تەنیشتی کراوە ناچار بووە نەتەکلیف کراوە نەموکەلەف بووە بەشێوەیەکی ڕەسمی، بەلأم بەهۆکاری ناچار ئەبێت کە ڕەدفعلی هەبووە ، زۆرێك ئێمە تاریخی شۆڕشگێرانەمان هەیە ، بتولأتی زۆر گەورە هەیە کە هی زۆر ئەو کەسانەی کە ئەوانەی ماون و ئەوانەشی کە شەهید بوون جێگای سەروەرین بۆ ئێمە بۆیە مومکین نییە لەو دەست و بەردییەی شۆڕشی کوردستانە مەساحەیەك هەبوو بێت بو موکەلەف کردن، چونکە ئێمە ئەزانین سیستەمی سەربازی لە ناوهێزی پێشمەرگەی کوردستانا هێزێکی نیزامی نەبووە کە بەڕێگای موکەلەف کردن وە زۆر جاران زۆربەی هێزەکان هێزێکی تەوەعی نیشتمان پەروەری خۆرسکانە لە هەندێك مەنتیقەیا جواب دانەوەی دەست بەجێیان هەبووە، بۆیە بەبڕوای من ئەمە ئالێرەیا تەتبیق کردنی بەسەر هەندێك کەسایەتی شۆڕشگێرا زەحمەتە کەتۆ بتوانی بۆی بسەلێنیت ئایا موکەلەف بووە یان موکەلەف نەبووە، کە بەبڕوای من ئەبێت موحتەواکە بەتەواوەتی ناونیشانەکە ، موحتەواکە لەخزمەتی یەکتریا بێت کە ئەوە جیاواز ئەبێت بەهەند وەربگیرێت ، خاڵێکی تر سەبارەت بەوەی کە ئایا ئێمە تەحدیدکردنی حەرەکەیەکی تەحەروری بەتەنها کافیە کە ئێمە بڵێین حەرەکەیەکی تەحەروری کوردستان، بەلأم لەبەرانبەر کێیە خۆ لە یاسای تراو لە بڕیاری ترا ئەکرێ کە وتت حەرەکەی تەحەروری کوردستانی یەکسەرخەڵك بزانێت کە بەرانبەر بەنیزامی فاشی بەعسی بائد، بەلأم پێویستە لەناو یاساکەیا لەبەرانبەر کێیە حەرەکەی تەحروری کوردستانی؟واتا ئالێرەیا بە مەجهول ماوەتەوە موهیمەکان موکەلەف بووە وە کۆمەڵێك حەرەکە ڕاسپێردراوە بە خەڵك، بەلأم لەبەرانبەر کێ کە بە بڕوای من ئەبێ ئەوە لێرەیا بنووسرێت ڕاستە ئەو فەترەیە لەڕووی زەمەنەوەیە بەبڕوای من مەسئولیەتی قانونیەکە بەتەنها لەڕێگای زەمەنەوە کەتۆ ئەڵێی لەبەرواری ئەوەنەی ئەوەنە بۆ موسادیفی ئەوەنە ئەمە ڕێگا چارەنییە کە تۆ ئەو ناوە ناشرینە کە هێزی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان لەبەرانبەریا ئێمە ئالێرەیا ئەو ناوە دانەنەینەوانێ وە ئەگەر ئەمە دوو

ئیحتمال هەیە من درکم بە ئەوەش هەیە، ئەگەر ئیحتمال هەیە بۆ ئەو شەڕانەی کە وەکو د.أحمد وتی کە زۆر جارە پێکدادانێکی ناوخۆیی لەو مێژووەیا هەبووە بۆ خاتری ئەوەی کە ئەوانیش بگرێتەوە وە لە بەرانبەر ڕژێمی بەعسیش بیگرێتەوە بە بڕوای من ئەبێت ئێمە هەر تەوزیحێك وەربگرین، بەلاَم مادام ناوی حەرەکەی تەحەروری وتراوە لە زۆر دۆکۆمێنتی ترا لە کوردستانا کە ئەڵێت حەرەکەی تەحەروری ڕاستەوخۆ بۆ زەینیەتی هاوولاَتیانی کوردستان بریتییە لە نیزامی فاشی بەعس، بۆیە ئالێرەیا بە بڕوای من ئەبێ ئەو ناوە تەحدید کرێ، خاڵێکی تر کە مولاحەزەم لەسەری هەیە کێیە ئەوەی کە ئەو مەسئوولیەتە یەکلائەکاتەوانێ واتا کێیە کە قەراری تەواو ئەیات کە فیعلەن ئەوە حەرەکەیەکی بۆ بزافی ڕزگاریخواز بووە ، فیعلەن ئەوە موکەلەف بووە یان موکەلەف نەبووە ئایا ئێمە پێوەرەکانی حەرەکەی تەحەروری کوردستان تەحدید کراوە پێشتر لە قائمەیەکا ئەم هێزو لایەنانەی کوردستان بەشداریان کردووە لە حەرەکەی تەحەروری کوردستانا لە (أ)ەوە بێت تاوەکو ئەخیر خۆ ئێمە قابیلە گروپێکی چەکدار کە ناونیشانی هەبووبێت یان ناونیشانی نەبووبێت رەسمی بووبێت یان رەسمی نەبووبێت لە کاتی خۆیا لەلایەن لایەنە سیاسیەکانەوە ئیعترافی پێکرابێت یان ئیعترافی پێنەکرابێت ئایا ئەمانە هەموو ئەو عەمەلیانە ناگرێتەوە؟ بۆیە بەبڕوای من ئەمە زەحمەتە مەسەلەی قیاسکردنی ئەوەی کە کێ بڕیار ئەدات لەوەی کە بەشداری کردووە وە هیوادارم خاڵەکانی پێشتریش بەهەند وەربگیرێت ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەدڵنیاییەوە کاری شۆڕشگێڕانە و خەباتی پێشمەرگە ئەبێت خەلاَت بکرێت نەك بکرێتە تاوان و بەرانبەریان سزا بدرێن، بەلاَم ئەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت بەرگری کردن لە یاسا وە هەروەها لە سەروەری یاساو بەرگریکردنە لەو خەباتە، بەرگریکردنە لە خوێنی شەهیدان کە لە ڕابردوودا خەرجکراوە لەپێناو ئەوەی کە میللەتی کورد بگات بە ئامانجەکانی خۆی، لەبەرئەوە لەکاتێکدا کە ئێستا ئێمە باس لەوەدەکەین کە پێویستە ئەوەی یاسایە جێبەجێ بکرێ هەموو کارەکان لەسەر بناماکانی یاسا جێبەجێ بکرێت ئەوە بەدڵنیاییەوە بەرگریکردنە لەو شۆڕشە و بەرگریکردنە لە خوێنی شەهیدان ، لەبەرئەوە ئەبێ ئێمە لە یادمان نەچێت بەڵێ پڕۆژە بڕیارەکە باس لە قۆناغێکی شۆڕشی گەلی کورد دەکات، بەلاَم کە تائێستاش کۆمەڵێك کێشەی کۆمەلاَیەتی هەیە لەو ماوەی ئەو (40)ساڵەدا وە یاخود کۆمەڵێك کاری تاکە کەسیش کراوە هەتا ئێستاش ئەو کێشانە یەکلایی نەبۆتەوە ، بەڵێ ئێمە ئێستا بەم پڕۆژە بڕیارە لەوانەیە ئەو تاوانە لەسەر شانی ئەو خەڵکە لاببەین ئەی ئەوانەی بەرانبەریان تاوان کراوە چۆن ئێمە چارەسەری ئەو کێشانە بکەین، لەبەرئەوە من پشتگیری لە قسەکانی ئاشتی خان ئەکەم لەکاتێکدا کە باس لەموهیمە ئەکات ئەبێ تەحدیدی بکەین ، موهیمە دژی دەسەلاَتی حیزبی بەعس بێ ، ئەو

دەسەلاَتانەی کە لەوەو پێش بووە بۆ ئەوەی کە دیاری بێت بەرانبەر بە کێیە؟، چونکە کۆمەڵێك کێشەی تر لە ناو گەلی کوردایە یاخود لەناو لایەنەکاندا ڕوویداوە ، خاڵێکی کەش ئیسپاتی موهیمەکە کە تەکلیف کراوە ئایا چ موئەسەسەیەك دائەنرێت کە ئەو موهیمەیە موهیمەیەك بووە شۆڕش تەکلیفی کردووە وە لەپێناوی شۆڕشی میللەتی کوردا بووە ئەبێ موئەسەسەکەش دیاری بکرێت ، یەعنی بۆئەوەی ئێمە نەکەوینە هەڵەیەکی قانونییەوە ، من پرسیارێك ئەکەم لە لیژنەی بەڕێز یەعنی ئێمە ماوەیەکی کورتە کە ئەویش بریتییە لە شەری ناوخۆ لەپاش ڕاپەرین نەمان توانیوە تا ئێستا کێشەی زیندانیانی شەڕی ناوخۆ و بێسەرو شوێنانی شەڕی ناوخۆ چارەسەر بکەین ، ئایا دەکرێت بەبڕیارێك کێشەی (40) ساڵ کە ئەویش بریتییە لەمەسەلەی کێشەی کوشتن چارەسەر بکرێت ؟،زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووکاك برهان.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم یاسایە یاسایەکی حەساسە ئەمڕۆ ئەم پڕۆژە بڕیارە لە پەرلەمانی کوردستان دەرئەچێت لە ئەساسا ئەوەیە هەموو کەس مافی پەنا بەر دادگای هەیە بەهەر چ شێوەیەك بێ ، ئایا دادگای جەزایی بێت یامەدەنی ، بەلاَم ئێمە ئەمڕۆ ئەم بڕیارە قانونییە کە دەرئەکەین مەنعی خەڵکێك ئەکەین کەسکاڵە تۆمار بکات لەکاتێکا ئەمە لەهەندێك شوێنا ئەم هەقە هەقێکی تەبیعیە پارێزراوە ، لەبەرئەوە چەند مەوادێك هەیە لە ڕووی قانونییەوە موتەعەلیقە بە برگەی یەکەم و برگەی دووەمی ئەم پڕۆژە بڕیارە لەو مەوادانەی کە موتەعەلیقە ، یەکەمیان برگەی سێیەمە لەماددەی نۆزدەی دەستوری دائیمی عێراق کە ئەڵێت پەنابردنە بەردادگا مافێکی پارێزراو دابین کراوە بۆ هەموو کەسێك، برگەی شەشەم ئەڵێت هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە بەدادپەروەری مامەڵەی لەگەلاَ بکرێت لەکاتی گرتنە بەری ڕێوشوێنی دادگایی و کارگێڕی لەگەڵیدا ، برگەیەکی تر لە قوانینی نافیز تا ئێستا لە عێراقا قانونی مەحکەمەی جنایەتی عولیای عێراقیە کە ئەڵێ هەموو ئەو حاڵەتانە ئەگرێتەوە کە لە ساڵی (1969)وە تاوەکو ڕووخانی سەدام حسێن لە مانگی(2003/4) ئەیگرێتەوە پێی ئەوترێت قانونی مەحکەمەی جنایەتی عولیای عێراقی ماددەکانی سیانزەو چواردە ئەگەر سەیریکەین برگەیەکی تیایە ئەڵێت (الانتهاكات الخطيرة للقوانين والاعراف الدولية في النزاعات المسلحة غيردولية) واتا نیزاعاتی داخلی ، واتا جەنگە ناوخۆیەکانی عێراق ئەگەر تەفسیرێکی ئەم ماددەی مەحکەمەی جنایەتی عولیای عێراقی بکەین هەموو شەڕە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستانیش لە ساڵی(1969)وە پێی شمول ئەکات، لەپاڵ ئەمە ئێمە قانونی دەولی عامان هەیە قانونی دەولی ئینسانیمان هەیە کە بەپێی دەستوری عێراقی موعتەرەفە بە هەموو موعادەهاتێکی نێودەوڵەتی و بەهەموو لایحەیەکی نێودەوڵەتیەوە لەوانە موعاهەداتی جنێف کە چوار موعاهەدەیەو دوو پڕۆتۆکۆڵە ئیزافییەکەی کەباسی نیزاعاتی داخلی ئەکا ، لەبەرئەوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامە

بەڕێزەكان ئێمە ئەم مادده قانونیە دەرئەكەین پێویستە تەكیفێكی قانونی بكەین لە نێوان ماددەی نۆزدە بڕگەی سێیەم و ماددەی نۆزدە بڕگەی شەشەم و قانونی مەحكەمەی جنایەتی عولیای عێراقی ماددەی سێنزەو چواردە هەروەها موعاهەداتی جنێف و دوو پڕۆتۆكۆڵە ئیزافییەكەی بەشێوەیەك نەبێت سبەینێ تووشی ڕەخنەبین ، ئەویش بەشێوەیەك تووشی ڕەخنە نابین ئەو ماددەیە ماددەیەكە ئیسلاّح بكرێت بەشێوەیەك دابنرێت كەئەمە بەشێوەیەكی موتڵەق نێیە بنووسرێت ئیزافەیەكی بۆ بكرێت ، ئەویش ئیسپات كردنی ئەوەی كە بەهۆی كە ئێوە نووسیوتانە لە ئەنجامی جێبەجێكردنی ئەركێك یان بەهۆیەوە ئیسپات كردنی ئەوەی لەئەنجامی ئەركەكەیا ئەو كارەی كردووە یان بەهۆی ئەوە بووە ، پێویستە لەبەردەمی دادگایا ئیسپاتیكا ئینجا ئەم عەفوو ئەم سەماحە بیگرێتەوە ئەگەر لەخاریجی ئەوە بێت بەڕاستی ئەمە ئێمە تووشی عەیبەی قانونی ئەبین لە ڕووی دەستورییەوە لە ڕووی موعاهەداتی دەولیشەوە ڕەنگە مونەزەماتی دەولی بەیانی بەشێوەیەكی خراپ باسمان كەن، بۆیە پێویستە ماددەی یەكەم ماددەیەكی زۆر جوانە بەباشی تەكیفی قانونی بۆ كراوە، بەلاّم یەك شتی بۆ ئیزافەكرێت كە پێویستە لەبەردەم دادگای تایبەتمەندا ئیسپاتی بكا كە لەئەنجامی كارەكانی حەڕەكەی شۆڕشگێڕی كورد یان بەهۆیەوە تووشی ئەو مەسەلەیە بووە لەوكاتە مادده قانونیەكە هیچ سەغەراتێكی قانونی و هیچ عەیب و شائیبەیەكی تیا نامێنێت ، من زۆر زۆر سوپاستان ئەكەم.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك سەمیر.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە بەعزێك لە قسەكانم كرا كاك بورهان بنەما قانونیەكانی ئەم موزوعەی تەوزیح دا ناچمەوە سەری ، ئەمەوێ لەدیوێكی ترەوە قسەی لەسەر بكەم، یەكەم : ئەمە ئەگەر بەلۆژیكی سیاسەت و مەنتقی شۆڕش مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلانە بكەین عیسمەت ئەدەین بەشۆڕش كە لەتەمەنی شۆڕشی ئێمە هەڵەیەك نەكراوە ، ئەمە پێم وایە هیچ لۆژیكێك ئەمە قبوڵ ناكا ، دوو : ئەم مەسەلەیە مەسەلەی حقوق و ئیستیحاقاتە ، سێ : ئەگەر مەحكەمەش دیارە شۆڕش لە هەموو قۆناغەكانیدا مەحكەمەی شۆڕش هەیە ، ئەگەر بەمەحكەمەش ئەمە كرابێت، یەعنی ئجرائاتێك كرابێ كەسێك كوژرابێ ئەوكاتەی شۆڕش وایزانێ ئەم كەسە لەچواچێوەیەكی سیاسیا ئیش ئەكا ڕێگرە لەبەردەم شۆڕشا ، ئەگەر ئێستا ئیسپات بێ ئەو حكومی شۆڕشەی ئەو كاتە هەڵەیە ، ئێستاش ئەبێت تەعویزی بكات، یەعنی تەنانەت ئەگەر مەحكەمەش كرابێت لەدادگای شۆڕشا ئەمە كرابێ وە ئێستا بۆی دەركەوێ لەڕێگایەكی قانونییەوە بۆی دەركەوێ كەئەوەی مەحكەمە كردوویەتی هەڵە بووە ، دیسان پێویستی بە ئیستیحاقاتە نەك ئێمە بڵێین بە بڕیارێك عیسمەتێك بدەینە بەر شۆڕشێك یان بەركەسێك ئەمە یەك ، دوو لەپاڵ شۆڕشا ناكرێت ئێمە هەڵەكاران خۆیان بشارنەوە ئەنجا لەناو شۆڕشا ئێمە حەزئەكەم هەموومان لەوە ئەچێت بە موتڵەقی نەڵێم هەمووومان

، زۆربەمان خوێندبێتمانەوە موزەكەراتی كۆمەڵێك لەسەركردە سیاسیەكانی ئەمەمان خوێندوتەوە ئەڵێ جاری واهەبووە سێ كەس كوژراوە مەفرەزە نێردراووە بۆ كوشتنی نەفەرێك سێ كەس بەبەرائەت كوژراوە لە چوارەمینا پێكراوە ئەم سیانەی تر تاوانیان چییە ، ئەم شەخسە كە چووە كردوویەتی؟ تەكلیف كراوە ، یەعنی بەرەغبەتی خۆی بەشەڕی عەشایەری بەشتی تر نەچووە ، ئەمە تەكلیف كراوە بڕۆ احمد ناوێك بكوژە ئەم احمد ناوە سێ احمد ناو كوژراوە ئەوان نەبوون لە چوارەمینا احمد پێكراوە احمدی حەقیقی ، ئەم سیانەی تر تاوانیان چییە وە ئەم شەخسەش موكەلەف بووە بەكردنی عەمەلییەكە بەكوژرانی احمدەكە موكەلەف بووە فیعلەن موكەلەف بووە ، لەبەرئەوە یەعنی دەقیق نییە بەموتڵەقیە وە ئەمە ئەم بڕیارە عیسمەت ئەداتە دەست هەموو ئەوانەی كە لەناو شۆڕشا بوون كە موستەحیلە لەدینیشا عیسمەت بۆ كەس نییە نەك لە شۆڕشا لەدینیشا كەس مەعسوم نییە ئەم مەنتقە مەنتقێكی دەقیق نییە ئەبێت ئێمە حیسابی ورد بۆ ئەمانە بكەین هەرئەوەندە ئەڵێم من تەئیدی قسەكانی كاك بورهان ئەكەم ئەبێ ئیتاری قانونی خۆی جێبێتەوە ، ئەمە ئەدیلەی ئەوێ ، ئەمە ئیسپاتی ئەوێ ، ئینجا ئەگەر ئەدیلەو ئیسپاتەكەش لەسەردەمی خۆیا دروست بووبن ئێستا هەڵەی ئەو ئەدیلەو ئیسپاتەش دەركەوت ، دیسان ئەبێت تەعویز بكرێنەوە ، سوپاستان ئەكەم.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو هاوڕازخان.

**بەڕێز ناسك توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیاربوو هاوڕازخان لەباتی من نوسیبووت كاتی خۆی جا نازانم قسەبكەم یان چی......

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

وەالله خۆشی ناوی نوسیووە.

**بەڕێز ناسك توفیق:**

نا، نا دەستی هەڵنەبڕی ، تەكیدبە كە دەستی هەڵنە بڕی.....

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆش لێرە نیە دوای ئەو كاك كاردۆییە. فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەو قەرارە زۆر موهم و گرینگە هەقە ئەمە ئیعادەكی تاریخ لە حەربی عالەمی دووەم بكەینەوە لەهەر قەراراتێكی ئیقتسادی لە دونیایە دەرهاتبوو ئیعفاو تەبیعاتی چیە؟ ، بەڕێز شەكم نیە بەڕێز وەزیری داد موتەڵیعترە و موحتەمەلە زۆر زۆر لە من لە هەندێك قەرارات كە لە دونیایە

دەرچووە لە وولاّتی خۆشمان دەرچووە ، هەروەها بەرێزان ئەندامانی لیژنە، پێشی هەموو شتێکی دەست خۆشی لە ئاشتی خانی دەکەم بەراستی فەلسەفەی پێشمەرگەی زۆر بەجوانی ڕوونکردەوە وایکرد ئێمە بزەبت لۆ ئەو قانونەی زۆر بەجوانی بچین ، فەلسەفەکەی کەمەهامی ئیشێکی شۆڕشگێڕانە لۆ پێشمەرگە کە هەموو ئێمە فەخری پێدەکەین زۆر زۆر بە فەلسەفەیەکی جوان ڕوونی کردەوە وابزانم تەئیدی100٪ سەدە سەدی قسەکانی دەکەم ، دوو من سوئالێك لە بەرێز وەزیری داد دەپرسم تەبیعاتی ئیقتیسادی لەسەر ئەو قانونە ئەگەر تاریخ بگەڕێینەوە چیە؟ بەرێز وەزیری داد خۆت باش دەزانی تەبیعاتی ئیقتیسادی کە قەوما لەسەر قانونی ئیسلاّح زراعی وابزانم بەرێزت موحتەمەلە بلێی هەندێك دوور بیت لەو قانونەی ، بەلاّم ئەگەر بگەڕێینەوە ناوەڕۆکەکەی زۆر حالاتی کوشتن و ئیعفاو شتی لێبوو قانونی ئیسلاّحی زیراعیەکە دەرچوو هەتا هەونکە ئالییەتی لەسەر وولاّت مایەوە لەسەر کشتوکاڵیش لەسەر زۆر شتیش هەیە بەرێزت باش ئەوە دەزانی نازانم تەبیعاتی ئیقتیسادی ئەو قانونە کەئەمە تەنفیزی دەکەین چی دەبێت؟، ئەوە لەلایەکی لەلایەکی کە ئەوەی بەرێز کاك عبدالسلام گۆتی چۆن دەیسەلمێنین بەرێزان ئەگەر حکومەتی فیشی ئیعادەی تاریخی حەربی عالەمی دووەم بکەینەوە چۆن دەیسەلمێنین بەبەڵگە لەحکومەتی فیشی دیار دەکەوێت زۆرشت نەمان تانی بیسەلمێنین ، ئەی چۆن دەیسەلمێنین کەتاوان بارێك بەناوی پێشمەرگە شتێکی کردبی ئێستا حورو تەڵیقە موحتەمەلە لەکاتی مردن هەروەکو سەرۆکی فەرەنسا میتران وتی موحتەمەلە من مانگێگ نەمزانیبی موساعەدەی حکومەتی فیشیم کردبی کەئێستا لەسەر تەختی نەخۆشیمە دەگەڕێمەوە دەڵێم ئایا ئەوە ڕاستم کردیە یان هەڵە ، زۆرجار دەبینی بە ئیعتراف ئەتو دەکەویە عمرێکی موعەیەن ، سنەکی موعەیەن کە زەمان بەسەرچووە تەبیعاتی ئیقتیسادی لەوەی زۆر زۆر موهیمە دەبێت ئێمە زۆر بەتەئنی ئەوەی بڵێین ، چونکە ئەو کەسی ئەمە بەتاوانی کوشتن بردیتمانە ژووریٚ و حەپسمان کردیە کە ئەوڕۆ دەری دەینین ئەوەی کە لەسەری بووەو زەریبەی دایە و تەعویزی دایتەوەو مالّی چووەو مولکی چووە دەبێت هەمووی بگەڕێنینەوە لۆی ، لۆیە دەبێت زۆر بەتەئنیق قسەکەی کاك عبدالسلامی چۆن دەیسەلمێنین زۆرئالیەتێکی موهیمە ، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەرێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سالم.

**بەرێز سالم توما کاکو:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەکانم کرا تەنها دوو مولاحەزەم مایە یەکیان تەئیدی قسەکانی کاك عبدالسلام دەکەم تاریخەکەی (92/7/4)بیتن ڕۆژی دەست بەکاربوونی یەکەم دەسەلاّتی کوردستان، دووەمیان ناونیشانی پڕۆژەکە هەرچەندە بڕیارەکە موعالەجەکراوە ، پێم باش بوو بەناوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بێنە کوردی ، زۆر سوپاس.

**بەرێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەفرین خان.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دیارە پێشمەرگە بەشێكە لە مێژووی خەباتی پڕ لەسەروەری گەلی كورد وە ناوی پیرۆزیشیان بۆهەتا هەتایە لە مێژووی خەباتی میلەتەكامان بەدرەوشاوەیی ئەمێنێتەوە لە ڕۆژێكا كە ئەوان مەرگیان هەڵبژارد پشتیان لەماڵ و منداڵ و كەسوكاریان كرد كەم كەس هەبوو شان بدەنە بەر ئەم ئەركە قورسە، بۆیە هەرچیەك بۆ ئەوان بكرێت هێشتا هەركەمەو تاجی سەری مێژووی میللەتی كوردن و ڕەمزن بۆ خەبات و تێكۆشانی گەلەكەمان ، بەلاًم من لێرەدا ڕاستی نایشارمەوە مەترسییەكم هەیە لەژێر سێبەری پڕۆژەی ئەم بڕیارە لەحكومەكانی ئەم بڕیارە كەسانێك هەبن لەژێر ناوی پیرۆزی پێشمەرگە یان لەژێر ناوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی كوردستان لەكاتێكدا كەپشتیان لەمیللەتەكەیان كردبێت و هاوكار بووبن بۆ ڕژێمە یەك لەدوای یەكەكان بتوانن سوود مەند ببن لێی بەتایبەتی ئەوانەی كە لە پرۆسەكانی جینۆسایدی گەلی كورد ئەنفال ، كورتر بڵێم كەسانی خۆفرۆش ئەمانە بتوانن ببن بەسێبەرێك ئەوان لێی سوودمەندبن و لەژێر ناوی پیرۆزی پێشمەرگەدا ناوی ئەوانیش لەكەداركەن ، بۆیە من تكا ئەكەم كە بەخاڵێك لەناو پڕۆژە بڕیارەكەدا ئەوە ببێتە بوون كە بەهیچ جۆرێك ئەوانە مەشمول نابن بە حكومەكانی ئەم بڕیارە ئەوە خاڵێك ، خاڵێكیكەش لەسەردەمی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی كوردستانا وێڕای ئەوەی كە لەخەبات و شۆڕشا بوون دژ بە ڕێژمی بەعس و ڕژێمە یەك لەدوای یەكەكان لەنێوان خۆشیانا ناكۆكی و ململانێی توند هەبووە بەڕاستی ئەمانەش زۆرجار كاری نەخوازراو و ناخۆشی لێكەوتۆتەوەو زۆرجار شەڕی براكوژیش هەبووە لەسەردەمی شاخا ، ئایا ئێمە ئەم پڕۆژە بڕیارە چۆن ئەگونجێنین لەگەڵ ئەوەی كە ئەوانیش مەشمول بن بەم پڕۆژە بڕیارە ، ئایا ئەمە ئەوان ئەگرێتەوە یان شتێكی جیایە؟ ، بەس بەڕاستی بەبۆچوونی من ئەمە شتێكی جیایە و پێویست ناكات كە دەقی ئەم بڕیارە بیان گرێتەوە ، بەڵكو تەنها ئەوانە بگرێتەوە كە لەخەبات و تێكۆشانا بوون دژبە ڕژێمی بەعس و ڕژێمە یەك لەدوایەكەكان لە سەردەمی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی كوردستان و بەهیچ جۆرێك تەئكید ئەكەمەوە ئەو كەسانە مەشمول نەبن لە ژێر سێبەری ئەم یاسایە كە دەستیان هەبووە لە پرۆسەكانی ئەنفال و جینۆسایدی گەلی كوردستان ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شێردڵ.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مــن پشــتگیری لــە قســەکانی کــاك ســالم دەکــەم لەبیدایــەتی عینوانەکــەیا کــە نووســرایە بزووتنــەوەی ڕزگــاریخوازی کــوردی ، ئێمــە وەکــو تورکمــان و بــرا مەســیحیەکان و کلــدو ئاشــوری موشــارەکەمان کردیە، داوا دەکەین ببێتە کوردستانی ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەللە مــن تێبیــنم لەســەر ئــەو پــڕۆژە بڕیــارە لەســەر یــەك ، دوو دەســتەواژەیە یەکــەمیان ناوهێنــانی تۆمــەتبارەکان بــەڕای مــن تۆزێــك لەشــوێنی خــۆی نیــە داواکــراوان باشــترە، لەبەرئــەوەی ئەوانــە تۆمــەتبارنین ئەوانــەی کــە دوێنــێ شــەرعیەتی شۆڕشــگێڕیان هــەبوو، ئەوانــەی کــە دوێنــێ لــەناو بزووتنــەوەی ڕزگــاریخوازی کــورد ، میللەتەکــەمان ڕاســپێردران بــەوەی کــە داکــۆکی لــەمافو لــە ئیســتیحاقاتی ئــەو گەلــە ســتەم دیدەیــە بکــەن بــە ئــەرك هەســتاون کــارو چــالاکیان ئەنجامــداوە ئینجــا خــەڵکیان لەدەســت زەرمەنــد بــووە ، دوژمنیــان تەزانــدووە لــە کــوێ ئەوانــە ناکرێــت بــە تۆمــەتبار لــە قەڵــەم بــدرێت ، لەبەرئــەوەی ئەوکاتــە شــەرعیەتی قــانونیش نــەبوبێ شــەرعیەتی شۆڕشــگێڕی هــەبووە، جگەلــەوە دەگەڕێمــەوە ســەر ئــەو قســەییەی کــاك عبدالسلام ، پــێم وابــێ هەقوایــە ئیشــارەت بــەوە بــدرێت لــەو پــڕۆژە بڕیــارە چــۆنیەتی ســەلماندنی ئــەو کــارە کەئــەنجام دراوە لەلایــەن تێکۆشــەران لەلایــەن شورشــگێڕان ، لەلایــەن ئەوکەســانەی کــە توانیویــەتیان یــان بەشــدار بــوون لــە ئــەوکارو چــالاکیانەی کــە ئــەمڕۆ بــە تۆمــەتبار ناویــەن دەبردرێــت ئــەوە ڕاســت بکرێتــەوە وازح بکــرێ ، دووەم شــتێکی تــر هەیــە مــن لێــرە دەمــەوێ باســی ئــەوە بکــەم ، باشــە بــۆ لــەو پــڕۆژە بڕیــارە یــان لــە پــڕۆژە بڕیــارێکی تــر یــان لــەهیچ شــوێنێك بــاس لــەوە نــاکرێ ئــەو کەســانەی کــە تێکۆشــانەیان کــردووە دەرهــەق بــەمافی ، ئــەوان کەســوکاریان خۆیــان ســەروەت و ســامانیان ، ماڵیــان بەهــەدەر بــردرا، ســجن کــران ، تێهەڵــدران ، جەزرەبــە دران ، شــەهید کــران ئــەی ئەوانــە مــافی ئەوانــە لەکوێیــە ئەوانــەی بەســایەی ئــەو تێکۆشــانە بەســایەی ئــەو کەئــەو شــەرعیەتە قانونیــەی ئــەمڕۆ لەســایەی ســەری ئــەو تێکۆشــەرانە دروســت بــووە بــۆ مــافی ئــەوان لێــرەدا بــاس ناکرێــت ، لــەجیاتی ئــەوەی ئێمــە داوا لەســەر ئــەو تۆمەتبارانــەی کــە بــەکرێگیراوی ڕیژێمــە یــەك لەدوایەکــەکان بــووە دروســت بکــەین و بیــان خەینــە بــەردەمی دادگــا لەمافــە کەســێتیەکان جگــە لــەوەی کــە ئــەوەش بەهەنــد وەربگــرین کــە لــەلێبوردنی بــەرەی کوردســتانی لەمافــە گشــتیەکان لێبــوردراون ، بــەلام لەمافــە کەســیەکان خــۆ نــەبوردراون ، هەقــە ئێمــە بەڕاســتی ئــەوان بخەینــە بــەر دەمــی دادگاکــان بــۆ کــەس وکــار و خــەڵك و هاووڵاتیــانی ئێمــەیان شــەهید کــردووە زەرەرمەنــدیان کــردووە ســەرو ســامانیان ، ماڵیــان حجزکــردووە ، جەزرەبــەو ئەشــکەنجەیان داون، لــەجیاتی ئــەوە بــێن وەکــو مەســەلە عەرەبیەکــەی

کـەدەڵێت(ضـربنی وبکـی ، سـبقنی واشـتکی)لـەباتی ئێمـە ئـەوان بدەینـە دادگـا ئـەوان ئێسـتا بـێن تێکۆشـەرانی ئێمـە ئەوانـەی کـە دوێنـێ بەسـەر و سـامان و بـەگیان و روحـی خۆیـان و بـە ئـازیزانی خۆیـان چـوونە بەشـداریان کـردووە لەوبزووتنەیـە، ئـەو حەرەکەیـە بـێین ئێسـتا ئـەوان بدەینـە دادگـا ، بەڕاسـتی پـێم وابـی ئـەوە هـەق وایـە ئەومافـەش بـدەین بەوکەسـانەی کـەوا زوڵمیـان لێکـراوە کـەس وکاریـان لـێ شـەهید کـراوە ، زوڵمیـان لێکـراوە ، بـەڵام هەنـدێك شـتیش هەیـە هەقیقـەتێك ئێمـە دەبێـت ئاگـاداری بـین لـەبن سـێبەری شۆڕشـی بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی گـەلی کوردسـتان تـاوان ڕوویـداوە، پێشـمەرگە نـەیکردووە، هـاووڵاتی هەقوایـە ئەوانـەش جوداکەینـەوە ئـەو تاوانـەی کـە تـاوانێکن یـان پەیوەنـدیان بەشـۆڕش و بزووتنەوەکـە نیـە ، خـەڵکێك لەپـەنای پێشـمەرگەیاتی ئەگـەر سـەلێندرا تـاوانێکی ئەنجامـدابێت پێشـمەرگە ، نـەبووبێ یـان بەفـەرمانی فەرماندەکـەی خـۆی یـان لایەنـەکی خـۆی یـان شۆڕشـەکەی خـۆی ئـەو کـارەی ئـەنجام نـەدابێ بەسـەری سـاغ بووبێتـەوە هـەق وانیە ئێمە داکۆکی لەوەش بکەین ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی فەرموو، زۆر ناوت هات بەوەی ئیزعاج بووی.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من سوپاسی ئەو خوشك و برانە دەکەم کە نـاوی منیـان هینـا، بـەڵام لەمەبەسـتیکی مـن وابـزانم بەشێوەیەکی تر باسکرا بۆیە هـەقی خۆمـە بـۆ مـەحزەر مـن وتم دیفاعـەن لەسـەر ئـەو نەسـەی هەیـە کـە، ئەگەر وتراوە لەبەر ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە یان لە ئەنجامی واتا ئەم ماددەیە هەق موقاضات دەهێڵێت هیچ نزیکی نابیت تۆ هەقت هەیە داوا لەسەری قەیـد بکـەی ، بـەڵام دێـی کـە ئـەڵێت مـن نابێـت موجـازات بکرێم(لا يجوز اسئلة) پێت ئەڵێن چۆن ئەوە دەلیل هەیە تۆ بەشـداربووی لـەو تاوانـە ، بـە نـاوی حکومـەت ئـەڵێم یـەعنی مەحکەمـەی تـاوان ئەوکاتـە ئیشـی ئـەوەو دیفـاعی ئـەوە بڵێـت مـن بابـە نـابێ چـونکە مـن مەشمولم بە ئەحکامی ئەم قانونە، مەبەستم لەناو نەسەکە، ئالیەتەکە ، دیار کراوە ، وازحە ، لە مەحکەمە وازحە، یەعنی چونکە جەریمەکە بەناوی ئەوە ، مەسەلەن بۆیە نەموت یەعنی دەبـی لـە ماددەکە وەکو وا تێگەیەنرا، یەعنی وتیان عبدالسلام ئـەڵێت بائـەوە وازح ببیـت لـەماددە مـن وام نـەوتووە ، مـن ئـەڵێم ئـەم نەسە هەرخودی خۆی مەزموونە کە دەبی ئەوە بکرێت ، سوپاس .

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووژیان خان.

**بەڕێز ژیان عمر شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەم بڕیارە ئەکەم کاتێك کە برادەران زۆر باسیان کرد کە ئەمانە تۆمەتبار نین بەڵکو شایەنی خەڵاتن، بەڵام من یەك پرسیارێکم هەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کاتێك بەناوی حەرەکەی تەحەروریەوە شەخس هەڵئەستێت کە خەڵکێکی بێتاوان دەستی هەیە لە شەهید بوونی خەڵکی بێتاوان ئایا ئەوە چۆن چۆنی لەم بڕیارە جێگای ئەکرێتەوە؟ کە خۆی بەناوی حەرەکەی تەحەروریوەیە، بەڵام ئەو کەسەش تاوانی نییە ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك لقمان.

**بەڕێز لقمان سلیمان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای منیش ئەمە پڕۆژە بڕیارێکی گرینگە، چونکە هەموو گەلێك کە بەقۆناغی شۆڕش و بەرخۆدانـدا گوزەری کردووە دوای ڕزگاری لە داگیرکاری و ستەم شۆڕشگێڕەکانی خەلات و بە سیمبول کردن کردووە نەك ، سزادان مـن تێبینـیم لەسـەر بەروارەکـە هەیـە لـەجیاتی ڕاپـەرینی سـاڵی (1991) بکرێـت بـە بـەرواری ڕووخانی دکتاتۆر سەدام حسین، ئەگەر هەڵە نەبم بەروارەکە (2003/4/9)یە ، چونکە لەناوچەکانی ژێـر حوکمی چەپۆکی سـەدام حسین کـە تـا ئـەو کاتـە داگیر کـراو بـوون وەکو کـەرکووك و خانـەقین و دووز و شەنگال و ناوچەکانی تریش هەندێك چالاکی پێشمەرگانە ئەنجام دراوە ئەگەرچی کـەمیش بێـت، بـەڵێ بـۆ ئەو ناوچانە ئەبێ حیسابێك بکرێت بەڕاستی، چونکە ئەبێ حیسابێك بۆ ئـەو ناوچـانە ، بـۆ ئەوبـەروارەش بکرێت کە هەندێك چالاکی پێشمەرگانەی تیا ئەنجام دراوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا فرمان.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە دەست خۆشی لە ڕاپۆرتە هاوبەشە دەکەم ، برادەران بەڕاستی پشتگیری لـە قسـەکانی کـاك بورهـان و کاك سمیر دەکەم وە هەروەها بـەفرین خـان بەڕاسـتی دەرچـوونی ئـەو پـڕۆژە یاسایەو هێنانـە پەرلـەمان و گفتوگۆ کردن لەسەری بەڕاستی من پێم وایە کاتەکەی زۆر درەنگە، دەبوایـە زۆر بـەر لەئێسـتا ئـەو پـڕۆژە یاسایە لەلایەن حکومەتەوە بهاتبایە پەرلەمان و گفتوگۆی لەسەر بکرابایە، هەر بۆیـە ئـەو یاسـایە دواخـرا جورئەتیـدا بەکۆمەڵـە خـەڵکانێك لەسـەر دەمـی خۆیـدا لەخانـەی خیانـەتی نیشـتیمانی دا بـوون ئێسـتا جورئەتی ئەوەیان هەبێ بێن لەسەر ئەو کەسانەی کە لـە ڕۆژانـی ڕەش و ئـەو کەسـانەی کـە هـیچ ئومێـدك نەمابوو میللەتی کورد لەسەر ئەوانـە خـەبات و مومەرەسـەیان لەگـەڵ ڕژێمـە یـەك لەدوایەکـەکانی عێـراق دەکرد ئێستا ئەوانە کەس و کاری ئەو خائینانە بەڕاستی جورئـەتی ئـەوەیان بـی بـێن ئـەو تێکۆشـەرانەمان ڕاپێچی دادگاکان بکەن ، هەروەها داوای یاساییان لەسەر بنووسن ، دیارە ئەوەی کە بەفرین خان باسـی کـرد

بەڕاستی من زۆر لەگەڵیام ، بەلاَم ئەگەر ئێمە دێین یاسایەك دەردەكەین بۆ ئەوەی كەس وكاری ئەوانەی كە لەو خانە دابوونە كە باسمكرد كە خیانەتە، بەلاَم لەهەمان كاتدا بەپێی یاسای تاوانەكانی دادگای عێراقی ، ئەی ئەو كۆمەڵە خەڵكانەی هەنە كە دەستیان سوورە وە یەكلابوویتەوە لە دادگا دەستیان سوورە بەكوشتن و بە ئەنفالكردنی جینۆسایدی تاكە تاكەی ئەو میللەتە باشە لەبەر چی تاكو ئێستا ، ئەگەر حكومەت هێندە سوورە ئەگەر لەڕووی مافی مرۆڤەوە بیت لەگەڵ هەر ئیعتیبارەكی دیكەبێ دەبێ ئێستاش ئەوانە بەڕاستی یەكە یەكە ڕاپێچی دادگا بكراینە بۆ نموونە هەمووشمان دەزانین ئەوەی لەو هۆڵەیە ئەو (258)كەسەی كە داواكراینە وە تاوانبار كراینە بە بڕیاری مەحكەمەی تاوانەكانی حكومەتی عێراقی لە(2007)ەوە ئەوانە داوایان لەسەرە وە ئەوەی كە لەسەریانەو پێشكەش كرایە بە گرینگترین ئەو جیهەتانەی كە لە هەرێمی كوردستان هەن وەزارەتی ناوخۆ ، وەزارەتی شەهیدان ، سەرۆكایەتی هەرێم لەگەڵ سەرۆكایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان ، دیارە ئەوەش دەبی خۆی لە خۆیدا چارەسەر بكرێت، ئەوەی خەباتگێڕ جورئەت دەدەن بەخائینەكە كەبێت داوای لەسەر تەسجیل بكات، بەلاَم كەس وكاری ئەنفال هەموو ڕۆژێك لەبەردەمی پەرلەمان ڕادەوەستن، هەروەها كەس و كاری ئەنفال لە ناخۆشترین زروفی ماددی و مەعنەوی و دەروونیدا دەژین ، بەلاَم تاكو ئێستا ئەو تاوانبارانە ناخەنە بەڕاستی خانەی تاوان و ڕاپێچی دادگایان بكەن و ئۆقرەژەریش بە كەس و كاری ئەنفال و ئەوانەی كە دەرهەڤیان كرایە بێتن ، خاڵی تر بەڕاستی دەمەوێت قسەی لەسەر بكەم كۆمەڵە خەڵكانێك هەیە ، بەڕاستی هەیە بووە ئێستا لە ژیاندا نەمایە لەسەردەمی شەڕی ناوخۆدا كە ئەو خەڵكانە ڕەنگە كۆمەڵێك تاوانیان دەرهەق بە یەكە یەكەی ئەو كۆمەڵگایە ئەنجام دابێت، ئەی ئەوانە كە ئەو تاوانەیان ئەنجام دایە ئێستا داڵدەداری یەك لەحیزبەكانی دەسەلاَتن دەفەرموو با ئەوانیش پرۆژە یاسایەك لەحكومەتەوە بێتن چارەسەرێك لەوانەش بكرێتن وە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ناسكە خان.

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من سەرەتا پشتگیری هەموو ئەوانە ئەكەم كەباسیان لە عینوانەكەی كرد بەڕاستی حەزئەكەم عینوانەكەی موراجەعەیەكی بكەینەوە، چونكە لەگەڵ ناوەڕۆكەكەیا تۆزێك تۆ كە باس لەلێبوردن ئەكەی ئەوەنەی من لەم چوار ساڵە لە تەشریعا ئیشمان كردبێت واهەستەكەم لێبووردن دوای تەحقیق و موحاكەمەو حوكمدانە ، تۆ یەكێك ئەبووری كە حوكمی دراوە، بەلاَم لەخوارەوە كە ناوەڕۆكی ماددەكە ئەخوێنیتەوە باس لەوە ئەكات كە لێپرسینەوەش نییە، یەعنی هەر وەقف كرێ، یەعنی هەقی شكاتیش ناهێڵێ ، بۆیە جارێ عینوانەكەو ناوەڕۆكەكەی وەكو یەك لێكرێت، دوو من هەمان ئەو پرسیارانەی كە ئامینە خان كردی بەڕاستی منیش هەر هەمە ئەویش ئەوەیە بۆ ئەوەی كاتێك كەبڕیارێك یان یاسایەك

دەرئەکرێت دوایی قوەتەکەی بەقوەت بێت لەتەنفیزا دووەم تووشی عەیبداریمان نەکات، چونکە خۆمان ئەزانین یاسامان دەرکردووە لەم پەرلەمانە کە لەماوەی تەمەنیا هەر ئەسڵەن تەنفیز ناکرێ یاوەقف ئەکرێ یان هەموار ئەکرێ ئەو حاڵەتانە چەنن؟ ئایا ئێمە هەتا ئێستا دەزگایەك هەڵساوە بەوەی کە بزانین عەدەدی کۆی هەموو ئەو پێشمەرگەنەی کە لە زمنی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بوون کۆی عەدەدی هەموو یان چەندە؟ ئیحسایەمان هەیە ئەمە یەك ، دوو ئایا عەدەدی ئەمانە ئەوەندەیە ئەو حاڵەتانە چەندن؟ کە شەکوایان لەسەرە؟ حەقوایە لیژنەی یاسایی یا وەزیری داد ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە بۆ ئەوەی بزانین چۆن دەنگ ئەدەین ، بزانین چەندن ئەو حاڵەتانەی کە وایە؟، سێ : بەڕاستی منیش ئەیڵێم چۆن ئەسەڵی وەکو ئەوەی کە بەفرین خانیش ئیشارەتی پێیا ئایا لەژێر ناوی پیرۆزی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و ناوی پێشمەرگە کۆمەڵێك کەس ناچێتە ژێر ئەم بڕیارەوە و بە حەزو مەیل بێ، بە تەزکیە بێ یاخود بەهەر هۆکارێکی خۆمان ئەزانین ئەویش بچێتە زمنی ئەمەوەو لێپرسینەوەی لێنەکرێ ، خاڵێکی تر تەواو پشتگیری قسەکانی کاك بورهان ئەکەم کە بەڕاستی هەقوایە لایەنی قانونییەکەی تەکیفی قانونی بۆ بڕەخسێ بۆ ئەوەی ئەو مافە لەخەڵك زەوت نەکات کە شەکوا بکات ، بەلاّم دوایی بیسەلمێنێ کە ئەو لە زمنی خەباتگێڕ بووە ، خاڵێکی تر کە من مولاحەزەم هەیە لەسەری لەسەر بەروارەکەیەتی فەلسەفەی ئەم بڕیارە بۆ ئەوەیە کە ئەو کەسانەی کە لەخەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردا کاریان کردووە بۆچی عەفوویان ئەکەین ، عیلەتەکە لەبەرئەوەیە کە موکەلەف بوون ئایا ئەوەی کە لەشەڕی ناوخۆدا ڕوویداوە جۆرێك نەبووە لە تەکلیف؟ ئایا پێشمەرگەیەك یاخود کەسێك کە لە حیزبێکی دیاری کراو تەکلیفی لێنەکراوە کە ئەو شەڕە کراوە؟ ئایا دوای ئەم بڕیارە شتێکی تر نایەتە گۆ؟ ئایا دوای ئەم بڕیارە خەڵکانێکی تر نایەنە پێشەوە؟ حەقی خۆیان نییە ئەوانیش بڵێن جاخۆ ئێمەش موکەلەف بووین ئەی ئێمە بۆچی مافمان هەتا ئێستا لەزیندانی سیاسیا یەکلایی نەکراوەتەوە؟ بەڕاستی ئەم بڕیارە ئاوا کە سەیری ئەکەی بڕیارێکە بیلفیعل منیش ئەیڵێم ئەوەی کە خەباتی کردووە ئەوەی خەباتگێڕ بووە ئەبێت خەلاّت کرێن نەك بێین مەحاسەبەی بکەین لەسەر شتێك کە کاتی خۆی بۆتە سەبەبی ئەوەی کە ئێمە ئێستا لەم هۆڵە دانیشین، بەلاّم دیسان ئەڵێمەوە جارێکی تر ئایا لەژێر ئەم ناوە لەژێر ئەم ناونیشانە دیسان نابێتە عەفوو کردنی کۆمەڵێك خەڵك کە دەستیان هەبووە لە تاوانی ئەنفال و تاوانی جینۆسایدی گەلی کوردا ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هاوڕاز خان ناوت نووسراوە، قسە دەکەی.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەستم هەڵنەبڕیبوو.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك كاردۆ.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەو پڕۆژەیە پڕۆژەیەكی هەستیارە ، بەلاّم زەرورییە لەبەرئەوەی گرفنی واهەیە ، یاسا دەردەكرێت لەپێناوی ڕێكخستنی بوارێك كە دەتوانێ كاریگەری هەبێ لەسەر سەقامگیری كۆمەلاّیەتی ، لەسەر ئاشتەوایی كۆمەلاّیەتی ، پێویستە ئەو یاسایانەی ئێمەش دەریدەچوێنین یا پەسەندی دەكەین ئەو ئامانجە بپێكێ كە مەبەستی یاساكەیە ، بەلاّم گرینگە ئەو یاسایە ڕوونكاری تەواوی تێدا بی وە قۆناغێك بگرێتەوە كە قۆناغی خەباتی شۆڕشگێڕیە وە ئەوانەی كە بەشداریان كردووە لە كاری شۆڕشگێڕانە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردستان كە ڕەوایەتی شۆڕشگێڕانە سەروەر بووە لەو قۆناغە ، نەك سەروەری یاسا بۆیە ئێمە ئەو قۆناغە دیاری بكەین وە مەبەستەكانمان ڕوونبی لە پێناوی ئەوەی كەبتوانین یاسایەك دەركەین هەموو ئەو خەڵكانە بپارێزێ كە بەشداری كاری شۆڕشگێڕانەیان كردیە كە بەشداری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردستانیان كردیە كە بەرژەوەندیەكی گشتە وە پەیوەندی بە مافی خەڵكی كوردستانە وە دیفاعێكی ڕەوا بووە ئەمە قسە نیە لەسەر ئەو كارانەی كە كاری شۆڕشگێڕی نین، بەڵكو كاری فەردین یا شەخسین كە هیچ پەیوەندی نە بەقۆناغەكە هەیە نە بە بەشداریكردنەكە هەیە لە خەباتی شۆڕشگێڕانەكە، لەبەرئەوە وردەكاری زیاتری لێبكەین وە سەرنجی هەموو ئەو برادەرانە وەربگرێت لیژنەكە ، بۆئەوەی بەشێوەیەك یاساكە دەربچێت كە ببێتە مایەی ئەوەی كە ئەو قۆناغە كە قۆناغێكە دیاری كراوە لەبەرانبەر ڕژێمە ستەمكارەكان بووە وە خەڵكێك بەشداری كردووە وە كاری كردووە كە بۆ بەرژەوەندی گشتی بووە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان.**

فەرموو كاك قادر.

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، لای هەموولایەك ڕوونە كە بە پێشێلكردنی مافە ڕەواكانی خەڵك و داگیركردنی كوردستان هۆكاری بەرپابوونی شۆڕشی نیشتمانی خەڵكی كوردستانە زوڵم و زۆری ڕژێمەكانی عێراق و ڕاگواستنی خەڵك و ڕووخاندنی شار و شارۆچكەكانی گوندەكانی كوردستان، هێزی پێشمەرگەی ناچاركردووە بۆ بەرەنگار بوونەوەی ڕژێمی پێشووی عێراق و ئەم بەرەنگار بوونەوەیەش توندوتیژی شۆڕشگێڕانەی دروستكردووە لە ئەنجامدا كۆمەڵێك چالاكی دژ بەوكەسانە كراوە كە هاوكاری ڕژێم بوون و بۆتەهۆی لەناو بردنیان وە پێشمەرگە بەفەرمانی شۆرششگێڕانە بۆ پاراستنی خەڵك و خاكی كوردستان ئەم ئەركانەی جێبەجێ كردووە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لەسەرەتای ڕووداوەكانی ساڵی(91) وە داگیركردنی عێراقدا حیزبە سیاسەكانی كوردستان لە چوارچێوەی بەرەی كوردستانیدا بەكارێكی ڕێكخراو ،

مونـەزەم هەوڵیانـدا بـۆ بـەرپاکردنی ڕاپـەڕین لـە کوردسـتاندا بـۆ ئـەوەی تـەبایی و یـەك ڕیـزی خـەڵکی کوردستان مسۆگەر بکەین وە ڕاپەڕین بـەرەو سـەرکەوتن ببـەین ، بـەرەی کوردسـتانی کـە یـەکێك لەئەرکـە گرینگەکانی ئەو سەردەمە کە کـردی لێبـووردنی گشـتی بـوو بـۆ سـەرجەم هـەموو ئـەو کەسـانەی لەسـاڵانی شۆڕشی خەڵکی کوردستانـدا هاوکاری ڕژێم بـوون و وە دژ بەشۆڕشـی ڕزگـاری نیشـتمانی خـەڵکی کوردسـتان چـالاکیان ئەنجامـداوە وە ئـەم کـارە مـن ئێسـتاش لەگـەڵی بێـت لایـەنگری ئـەو بڕیـارە سیاسـیەی بـەرەی کوردسـتانی دەکـەم ، ئـەمڕۆ لـە پەرلـەمانی کوردسـتان دانیشـتووین وە حوکمـەت و دەسـەڵاتی سیاسـی و ئیـداریمان هەیـە لەکوردسـتان بەدڵنیایـەوە لای هـەمووان ڕوونـە کـە ئـەم دەسـەڵاتە بـەری ڕەنجـی ئـەو تێکۆشـەرانەیە کـە میللەتەکـەمانیان ڕزگـار کـردووە ، بۆیـە پێویسـتە وەك پاداشـتێك بـۆ تێکۆشـەرەکان بـۆ پێشمەرگە بۆ هەموو ئەو فیداکارانـەی لـە خـەباتی ڕزگاری نیشـتمانیدا بەشـدار بـوون ئـەمڕۆ بـەو بڕیـارە هەموو ئیجرائاتێکی یاسایی دەرهەق بە پێشمەرگە بوەستێنین و من بەش بەحاڵی خۆم دەستخۆشـی دەکـەم وە لەگەڵ تەنزیم کردنی ماددەکە وەك مولاحەزەی جدی وە پشتیوانی لەماددەکـە دەکـەم وە ئومێـد دەکـەم خەڵکی کوردستان وە تێکۆشەرانی خەڵکی کوردستان ئەمە وەك پاداشـتێکی بچووکی پەرلـەمانی کوردسـتان وەربگرن ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك فاضل.

**بەڕێز فاضل محمد قادر (بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش وەکو هاوەڵانم دەست خۆشـی لـە لیژنـەی هاوبـەش دەکـەم بـۆ دەرکردنـی ئـەم یاسـایە، بـەڵام ئـەوەی تێبینی و مولاحەزەی منە بەڕاستی دیـارە هـەموومان دەزانـین شۆڕشـی ڕزگـاریخوازی گەلەکـەمان سـاڵانێکی دوورو درێـژی خایانـدووە وە تەمـەنێکی زۆر دوورو درێـژی هەیـە ، لـە هەقیقـەتا مـن یاسـاکە زۆر بـەباش دەزانم، بـەڵام بـە هەقیقـەت یاسـاکە زۆر بـە کـەم و کـوڕی یـان بـابڵێین هـەقی بـە ئـەو مەسـەلەیە نـەداوە پێویستی بەدەوڵەمەند کردن هەیە ، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەم یاسایە دەوڵەمەند بکرێـت، چـونکە لـەماوەی ڕابـردوو ، لەماوەی خەباتی پێشمەرگانەی خەڵکی کوردستان دەیـان کارەسـاتی جـۆراو جـۆر ڕوویـداوە ، ئـەم کارەساتانە هەمووی لە ئەنجامی خەبات و پێشمەرگایەتی بووە ، ئەوەی کە پێویستە مـن ئیشـارەتی پێبـدەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان زۆر کاتی وا هاتۆتە پێشەوە ، ڕوویداوە کەوا لەئەنجامی تەنفیز کردنی بڕیـارێکی پێشمەرگانە لە مابەینی هێـزی پێشـمەرگەو دوژمنـی داگیرکـەر چـەندین هـاووڵاتی بێتـاوان لـەم مابەینـەدا تووشی کارەساتی دڵ تەزێن وە تووشی شەهید بوون وە با بڵێین تووشی ماڵ وێرانی بـوون وە لەهەقیقەتـدا ئەو ڕوداوەنە دەتوانم بڵێم ئەمە واقیعێکە کێشەی کۆمەڵایەتی لـێ دروسـت بـووە ، بـەڵام مـن هیـوادارم کـە وشەیەك لەناو یاساکەدا هاتووە کە بەرانبەر بە شەخسیەت و خەبات و ماندوبوونی پێشمەرگایەتی مـن بـە شیاوی نازانم کـە دەڵێـت وشـەی تاوانکـاری ، چـونکە پێشـمەرگە لەسـەرەتای دروسـت بوونیـەوە هـەتا ڕۆژی

ڕزگاربوونی هەرێمی کوردستان کارێکی نەکردووە تاوان بێ، بەبڕوای من ، بۆیە هیوادارم ئەو وشەیە بسڕێتەوە ، لەخاڵێکی تردا من بەبێ تەفسیلاتی تری بێتە ناو یاساکەوە من تەئیدی ئەو قسەیەی کاك لقمان دەکەم کە تەمەنی ئەو بڕیارە لە (61/9/11)کەوە بۆ ساڵی (2003) درێژ بکرێتەوە کە بۆ تا لە ناوچونی ڕژێمی پێشوو بووە، چونکە بەڕاستی کارەساتی جۆراوجۆر وەکو ئیشارەتم پێدا لە کوردستان لەئەنجامی خەباتی پێشمەرگانە دروست بووە وەئێمە دەمانەوێ بنبڕی هەموو کێشەکان ، هەموو کارەساتەکان ، هەموو کێشە کۆمەڵایەتیەکان بکەین ، بۆیە پێویستیشە ئەو یاسایە دەوڵەمەند بکرێ ، بەڕێزان ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان هەمووومان دەزانین لەسەرەتای دەست پێکردنی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان جەنابی سەرۆك بارزانی لەگەڵ بەرپرسی هەموو حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی ئەوکاتە لێبووردنی گشتی بۆ جاش و تاوانبارەکان دەرکراوە بۆیە کە دەبێت بەڕاستیەکەی ئەو لێبووردنە دەرکراوە ئەبێت هەمەلایەنەبێت بەهەقیقەت ئەو لێبووردنەی کە دەرکراوە، بەلاّم لێرە من مەبەستم ئەوە نییە کە پێشمەرگە بەر لێبووردن بکەوێ ، خاڵێکی تر کە من گرینگە ئیشارەتی پێبدەم بەهەقیقەت پێویستە حوکمەتی هەرێمی کوردستان ئەو گرفتانە لە ئەستۆ بگرێت کە وا ڕووبەڕووی و زۆر لە خەباتگێڕەکانی کوردستان بوونەتەوە کە لەئەنجامی خەباتی پێشمەرگایەتی و ئەنجامدانی کارو ئەرکی پێشمەرگایەتیدا زۆر لەو بەڕێزانەی کەوا لەئەنجامی خەباتی پێشمەرگایەتی حوکمی یاساییان بەسەردا دراوە لەبەر کێشەی کۆمەڵایەتی ، چونکە ئەو بەڕێزەی کە چووە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەك نەچووە عەشایریەك بکوژێ ، نەچووە گوندێك بسووتێنێ ، بەلاّم هەمووومان دەزانین لە ڕابردوو خەبات و شەڕی پێشمەرگایەتی زۆر خەڵکی مەدەنی تێدا تێچووە وە ئەو خەڵکە مەدەنیانە زۆر باش ئەزانن قائیدی مەیدانی پێشمەرگەی ئەوکاتە کێ بووە، بۆیە هاتووە لەپاش ڕزگاربوونی خەڵکی کوردستان هەمووومان دەزانین و مەلەفاتی تۆمارکردنی ئەو خەڵکانە لە ناو دادگاکانی هەرێمی کوردستانا هەیەو ، زۆرکات زۆر بەداخەوە دەڵێم پێشمەرگەی پێ تاوانبارکراوە پێوستە بەڕاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سڕینەوەی ئەم جۆرە یان خۆی بەخاوەنکردنی ئەم جۆرە گرفتانە بداتە قەڵەم وە حکومەت ببێتە وارسی ئەو پێشمەرگانەی کەوا لەئەنجامی خەباتی پێشمەرگانە تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی بوون وە پێشمەرگەش هەیە حکوم دراوە، پێشمەرگە هەیە سوڵحی عەشایەری لەگەڵ کراوەو خوێنی داوە ، ئەمانە هەموو گرفتن بۆ پێشمەرگەو بۆ خەڵکی شۆڕشگێڕ دروست بووە ، بۆیە هیوادارم حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر وە ئەم یاسایە دەوڵەمەند بکرێ بۆ ئەوەی هەموو ئەو بنەما یاسایانە کە ڕووبەڕووی پێشمەرگە دەکرێتەوە ڕووبەڕووی حکومەتی هەرێم ببێتەوەو ئەو بارە قورس و گرانە لە کۆڵی پێشمەرگە بکرێتەوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. سەروەر.

**بەڕێز د. سەروەرعبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زۆربەی ئەو شتانەی کە ویستم بیڵێم لەلایەن هاوڕێیەکانمەوە دەریان بڕی ، وێڕای پشتگیریم لە بڕیارەکە تێبینم تەنها لەسەر مێژووەکەی هەیە ، کە مێژووەکەی پێویستە سەرەتاکەی دیارە کە(61/9/11) ، بەڵام کۆتایەکەشی هەرچەند من لەگەڵ ئەو ڕەئیەی کاك شێروان دام کە دەری بڕی یا دەست پێکردنی هەڵبژاردن یان ئەنجامدانی هەڵبژاردن یان یەکەم دەست پێکی دانیشتن ئەوەی کاك عبدالسلام باسی کرد، بەڕاستی ئەوەی ئێمە تێبینی دەکەین کەوا کەسانێك لەو ڕۆژگارەدا کە گیانیان خستبووە سەردەستیان لە پێناو هێنانە کایەی ئەو ڕۆژگارەی ئێستا تیایدا دەژین ، دەسەڵاتێکی خۆماڵی هەبێت ، بەڵام لەسەردەمی دەسەڵاتیی خۆماڵیدا لەبری خەڵات ، سزا دەدرێن لەلایەن دەسەڵاتەکەوە ، ئەگەر بەوجۆرە ئێمە لێکی بدەینەوە بێگومان ئەمە پێویستی بە بەدوا داچوون هەیە پێویستی بەوە هەیە بڕیارێکی لەسەر بدرێت وەکو مەسەلە کوردیەکەی دەڵێت (تا خاوەن ماڵ کابرای گرت ، کابرا خاوەن ماڵی گرت)، لێرەدا ئەوەی ئێمە دەیبینین ئەو بڕیارە ، ئەو یاسایانەی کەوا سەبارەت بە کەسانێك هەیە کە پێچەوانەکەیەتی کە جێبەجێ ناکرێت وەکو ئەوەی هەندێك لە هاوڕێکانمان باسیان کرد ئەوانەی لەبەرەی ڕژێمدا بوون ، لەبەرەی داگیرکاریدا بوون بۆ نموونە دادگای باڵای تاوانەکان بڕیاری هەیە ، ئەنجومەنی دادوەریە ، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە ، بەڕێز سەرۆکی هەرێمە ، پەرلەمانی کوردستانە ، دادگاکانن کە سەبارەت بەوانەی ئەنفالچی بوون ، ئەو بڕیارە کەهەیە تاکو بنکەکانی پۆلیس ڕۆیشتووە، بەڵام لەوێدا جێبەجێ ناکرێت دیارە دەسەڵاتی پۆلیس لەوەیا زۆر زیاتر بێت لە پەرلەمانی کوردستان و دادگای باڵای تاوانەکان هەموو سەرۆکایەتیەکانی تریش لەکاتێك دەبینین ئەمە جێبەجێ ناکرێت کەچی بێین بەپێچەوانەکەی پێشمەرگە لەسەر کارێکی شۆڕشگێڕانە ئەمڕۆ دەبینین لێرەو لەوێ لە هەندێك شوێندا ڕاپێچی دادگاکان دەکرێن و بۆ ئەوەی سزابدرێن بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەم نە سزای جەزائی نە سزای مەدەنی نەبێت بەرانبەر ئەوانە ، پشتگیری تەواوی بڕیارەکە دەکەم، بەڵام پێویستە وردەکاریەکی تێدا بکرێت نەوەکا سەردەمەکەی درێژ بکرێتەوە ، چونکە ئێمە دەزانین لە(91 یان 92) ئەو مێژووەی لێرە دەست نیشانی دەکەین ئێستا تاکو(2003) من پێم وایە کۆمەڵێك شتی تریش کراوە ڕاستە لەناوچە دابڕێنراوەکان هەندێك حاڵەت هەبووە حاڵەتەی شۆڕش گێڕانە، بەڵام لەهەرێمی کوردستاندا منیش مەترسی ئەوەم هەیە کەوا کۆمەڵێك حاڵەتی تری ناشرین کەبەناوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کراوە بخزێتە ئێرەوە ، بۆیە مێژووی کۆتایەکەی یا دەکرێ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بێ ، یاخود یەکەم دەست پێك بێت ، چونکو لەپاڵ ئەوەشدا هیوادارم ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان بەدوا داچوونی بۆبڕیارەکانی خۆمان و یاساکانی خۆشمان بکەین ، بەتایبەت مەسەلەی دادگایی کردنی ئەوانەی لە پرۆسەی ئەنفالدا دەستیان هەبووە و تاوانیان ئەنجام داوە ، ڕاستە لەلایەن سەرۆکایەتی بەرەی کوردستانیەوە لێبووردنیان بۆ دەرکراوە ، بەڵام ئەم لێبووردنە پێم وایە لێبووردنێکی یاسایی نیە زیاتر لێبووردنێکی

سیاسی بووە، بەڵام لەڕووی یاساییەوە کەسوکاری ئەنفال کراوەکان مافی ئەوەیان هەیە داوا تۆمار بکەن ، هیوادارم لەپاڵ ئەوەدا بتوانین ئەو بڕیارەش ئەکتیڤ بکەین، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. شڤان.

**بەڕێز د. شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشەکی دەستخۆشی لە لیژنەی هاوبەش دەکەم و پشتگیریەکی تەواو لە ڕاپۆرتەکەیان دەکەم، لەگەڵ هەندێك تێبینی ، من هاوڕامە لەگەڵ ئەو خوشك و برایانە کە باسی عینوانەکە دەکەن، هەقەتەن لێبووردن نیە لێپرسینی ئەوەی بنووسن لەجیاتی لێبووردنەکە بەدەقیقتر دەردەچیتن، چونکە بۆ لێبووردن نیە بۆ (عدم مسائلة) لێ نەپرسینە ، لەکەس شاراوەنیە کە شەرعیە تی شۆڕشگێڕی مەرحەلەیەکی گرنگە لەمێژووی بزووتنەوەی گەلەکەمان و هەموو کەسێك دەتوانم بڵێم شانازی بەمە دەکاتن کە ئەوەی بەدەست هاتووە لە ئەنجامی ئەم بەرهەمی خەباتی شەرعیەتی شۆڕشگێڕی کە بەرهەمی خوێنی شەهیدانە ، خۆی لە حکومەت و پەرلەمان و دەزگاکانی دیکەی دەستوری دەبینتەوە ، ئەمە جێگای شانازی هەموو کەسێکە خۆی بە ساحێبی ئەم دەستکەوتانە دادەنێتن ، هەقەتەن ئەمن زۆر خۆشحاڵبووم کە (لایسأل جزائیاً و مدنیاً) ئەمە زۆر شایستەیە بە گەورەیی و ئەو ناوە پیرۆزەی پیشمەرگە وە خەباتکارانی تر ، کە بەشێوەیەکی عام بە هەموو خەباتکارێك کە بۆ زیاتر حەسانەی موتلەق دەتوانم بڵێم ئاماژە وەکو حەسانەیەکی موتلەق بۆ هاتووە کە شایستەیە بەو حەسانە موتلەقە لەو مەرحەلەیە کە جێی شانازی هەموو کەسێکە کە مەرحەلەی شۆڕشگێڕی ئەو کارانەی ئەنجام داوە خەباتکاران ، لە کەس شاراوەنیە کە لەو مەرحەلەیە بە ئەرکێکی نیشتمانی و ئەخلاقی و نەتەوەیی خۆی زانیوە بڕیارەکانی سەرووی خۆی جێ بە جێ بکات و ئەو کارانە ئەنجام بداتن ، بۆیە ئەم حەسانەیە شایستەیە بەو کەسانەی ئەو کارانەیان ئەنجام داوە ئەم بڕیارە بڕیارێکی زۆر موهیمە بۆ پاراستنی ئەمنی ئەهلی هەقەتەن وە دەکرێت کە ئێمە هەموو تاکێکی کورد شانازی بەم بڕیارەوە بکاتن کە لە مەرحەلەیەکی زۆر گەورە لەوان دوورو درێژ لەخەباتی گەلەکەمان و مێژووی گەلەکەماندا، ئەم گرفتانە بەم بڕیارە چارەسەردەکاتن وە دەبێتە پاراستنی ئەمنی ئەهلی کە ئەرکێکی نیشتمانی ئەم پەرلەمانەیە من هاوڕامە لەگەڵ ئەوەی کە مێژووەکە لە 7/4 بێتن ، چونکە لە 7/4 زیاتر دەزگاکانی ئێمەی دەستووری دەست بەکاربوون ، ئەگەر چی لە 5/19 داخلی مەرحەلەی شەرعیەتی قانونی و دەستووری بووین ، بەڵام زیاتر لە جانبی فعیلیەوە لە رووی عەمەلیەوە 7/4 جێبەجێ کردنەکەی دەست پێ دەکات ، بۆیە من هاوڕامە لەگەڵ ئەوە ، من سیغە کوردیەکەم لەلایە بینیم هەندێك دوورو درێژو ناڕێك بوو ، بۆیە ئەگەر لێم قبوڵبکەن بەو شێوەبێتن ئان بۆتان بنێرم ، بەو شێوە رێکم خستووە زۆر داوای لێبووردن دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو كاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزيز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی ئەو پرۆژە بڕیارە هەر دەبوایە منیش لەگەڵ ئەوەدام ، دەبوایە زۆر لە مێژ بایە یەعنی حەقیقەت زۆریش تاخیر بووە كە ئەو پرۆژە بڕیارە وە پێشم سەیرە كە خەڵكانێك هەبن جورئەتی ئەوەیان هەبێ لە دژی پێشمەرگە كە بە خەباتەكی ڕەوا ئەگەر كارێكی شۆڕشگێڕانەی كردبێ بچن داوای لە مەحكەمە لەسەر قەید بكەن ، تەبیعی ئەوە بە ڕاستی ئەو جورئەتەش لە نەتیجەی من وای دەبینم لە نەتیجەی كۆمەلێك زروفی مەوزوعی پەیدابووە ، كەخەڵكێك ئاوا جورئەت بكات و بچێ شكایەت لە پێشمەرگە بكا لەسەر ئەوەی خەباتی كردووە ، بەهەر حاڵ منیش لەگەڵ زۆربەی برادەران هەندێك قسەی منیان كرد بە حەقیقەت من لەگەڵ ئەو ڕەئیەدامە كە ئەوە لەباتی (إعفاء ، بكرێتە عدم المسألة الملتحق بالحركة التحريرية الكوردية عن الأعمال المعاقب عليها قانوناً جراء الحركة وبسببها)، ئەوهای لێ بكرێ تەواو پڕ بە پێستێتی بە ڕەئی منیش ئەوەكەش وای لێبكرێتن أولا" لايسأل جزائيا اومدنيا كل من إشترك او المساهم هەتا ئاخیری وە پێشم وایە ئەو برادەرانەی كە 7/4 یان دانا تاریخێكی مەعقولە ، چونكە پاشی ئەوە كۆمەڵێك شتی تر بوو بەحەقیقەت جێگای ئەوە نیە یەعنی جێگای شانازی نیە یەعنی زۆر شتبوو هەتا لغاية 1992/7/4 كە یەكەم جار پەرلەمانی كوردستان وابزانم دانیشت بەنیسبەت كوردیەكەشی حەقەت ئەوبرادەرانە زۆربەی قسەی منیان كرد ، بەلام بەنیسبەت كوردیەكەی ئەگەر ڕێگام بدەن كوردیەكەی بەتایبەتی یەكەمینی هەر زۆر سەقەتە ، من شتێكم پێشنیار كردووە ئەگەر برادەرانی لیژنە لێم قبول بكەن وە دەست خۆشیشیان لێدەكەم بەراستی لۆ ئەو پرۆژە بڕیارەی هەر كەسێك لە بزاڤی یان بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستانیدا بەشدار بووبێ ، لەئەنجامی جێبەجێ كردنی ئەركی ئەو بزووتنەوە كە پێی سپێردرابێ هەر لە هەڵگیرسانی شۆرشەوە لە 61/9/11 وە تا 7/4 ی بەپێی ئەوەی كە من ئەوە هیچ لێپرسینەوەیەكی یاسایی و مەدەنی لێناكرێت، ئەمن ئەوەم پێ باشە بەراستی ، لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ هەموو ئەو قسانەشدا ئەو پرۆژە بڕیارە زۆر زۆر حەساسە بەتایبەتی لە ڕووی یاساییەوە وە زۆر شتی دیكەی تێدەكەوی هیوادارم كە بەشێوەیەك دابڕێژرێ كە بابڵێین هەفەواتی قانونی تێنەكەوێ سبەی بقۆزدرێتەوە لەلایەن خەڵكانێك كە زوو ئیستفادەی لێ بكەن ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عبدالكريم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر چەندە ئەمە كەتینە كەسەكانی ئەخیری ، قسەكانمان زیاتری وترایە ، بەلام بیرو ڕاكانی خۆم كورت دەكەمەوە لە چەند خاڵێك :

1-بێگومان لەبەر گرنگی ئەم بابەتە پێویستە زۆروردبین بین لە دارشتنەوەی بابەتەکە وە بابلێین لە رووە قانونیەکەی دەر نەچین بەراستی لێرە دەبێ ئەو وردبینیە بکرێ بۆیە بەڕای من ئەو مێژووەی کە دیاری کراوە لە 1961/9/11 وە ئەوە دیارترین قۆناغەکانی شۆڕشی نوێی کوردە لەبەر ئەوە پێویستە ئەوە دیاربکرێت کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لە قۆناغەکانی بەرگری بووە دژی رژێمە داپلۆسێنەرەکان کە مێژووەکەشی حەزف دەکرێ بەو شێوەیە لە 9/11 تا ئەو کاتەی بریارلێدەدەن بە دەنگدان مێژووی یەکەم دانشتنی پەرلەمان دیار بکرێ وە یانیش مێژووی ئینتیفازە دیار دەکرێ ئەوە خاڵی یەکەم.

2-هەموومان ئەوە دەزانین کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەو کاتەی کە بابلێین خەریکی ڕاپەڕاندنی کارو چالاکیەکانی خۆی بووە خەریکی لەناوبردنی بابلێین ئەو دەسەلاتە بووە کە ئەو دەی ویستت هەوڵی قرکردنی کوردی دەدا ، کارو چالاکیەکانی خۆی بە تاك زۆر کەم بەتاك ئەنجام داوە ، بەلکو هەمووی بە گرووپ ئەنجامداوە ، لێرە پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا چۆن ئەو زانیاریانە دزەی کردووە و بابلێین لێرەدا خەڵکانێك تاوانبارکراون بە کاتێك کە ئەوانە کاری پیرۆزی پێشمەرگایەتیان ئەنجام داوە چۆن تۆمەتبارکراون بەوەی کە تاوانیان کردووە دەرهەق بەکەسانی تر ، لێرە یانی بەراستی ئەوە بابلێین خاڵێکە جێگای راوەستانە لەسەری ، جێگای هەڵوێستەیە لەسەری پرسیار دەکەم ئایا دێکۆمێنت هەیە؟ چی هەیە بەڵگەکان چنە کە ئەو کەسانە تۆمەتبار دەکرێن؟ ، پێویستە ئەوانەمان بۆ ڕوون بکرێتەوە کاتێك ئەو بڕیارە دەرچێتن لە پەرلەمان ، ئەوەی جێگای مەترسیشە وەکو هاوڕام لەگەڵ ئەو هاوکارانەم کە بەراستی لە حاڵەتی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە زۆر زۆر جێگای مەترسیە کە خەڵکانێك سوود مەندبن ، بەراستی کە ئەوانە تاوانیان ئەنجامدابێ دژی پێشمەرگەو خێزانی پێشمەرگە و خەڵکانی شۆڕشگێڕ کە ئەو کاتە جێگە نەبوو کە خۆیان تێدا حەشاردەن و تێدا بشارنەوە لە دەست رژێمی بەعسی فاشی ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بلال.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە پێشمەرگە بۆخۆی جێگای رێزە وە جێگای هەموو شانازیەکی هەموولایەکمانە ، بۆیە هەرچی دەربارەی پێشمەرگە بگوترێ هەرچی بەرامبەر پێشمەرگە بڵێین لە رووی ئیمتیازات ، لە رووی دڵسۆزی بۆیان هێشتا کەمان وتووە، من پێشەکی دەمەوێ بڵێم ئەم پرۆژە بڕیارە دەست خۆشی لێ دەکەم لە پێشکەش کارانی ، پێموایە پرۆژەیەکی باشە، بەڵام بەو مەرجەی ئەم پرۆژە بڕیارە نەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی خەڵکانێکی تاوانبار کە لەبن باڵی شۆڕش و خەبات و بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد خۆیان شاردۆتەوە و تاوانبارن ، ئەم جۆرە کەسانە پێویستە ئیجرائاتی خۆیان لەگەڵ بکرێ وە وەکو بەڕێزانیش باسیان کرد من پێموایە ئەبێ ئەمە لەبەردەم دادگا بسەلمێ کە ئایا ئەم کەسە ئەم کارەی کە کردوویەتی یا

پێی تۆمەتبارکراوە ئایا کارێکی شۆڕشگێڕی بووە؟ یان نەخێر کارێکی شەخسی بووە لەبن باڵی شۆڕش و خەبات یان لەوانەیە دەستێکی دەرەکی دوژمنان هانیان دابێ ، هەولیان دابێ بۆ ئەوەی ئەو تاوانە ئەنجام بدات ، بۆیە ئەمن پێموایە دەبێ ئەم بریارە بەشێوەیەك دەربچوێنرێ بەو رەهاییە نەبێ کەسانێك کە تۆمەتبارن لە دادگا تۆمەتەکەیان بسەلمێ کە ئایا ئەمە کارێکی شۆڕشگێڕی بووە ، کارێکی شەخسی بووە لە بن باڵی شۆڕشدا ئەم کارەی کردووە ، بۆیە لەگەڵ تەئیدی پرۆژەکە لەهەمان کات ئەو پێنج تێبینیەی من چەند بەرێزێکیش باسی کرد ئومێد دەکەم کە لە ناو یاساکەدا جێی بکرێتەوە وە بەو شێوە رەهایە نەبێ هەم لەدادگا بسەلمێ کە ئەمە کارێکی شەخسی نەبووە هەمیش ئەو کەسانەی تاوانبارن پێویستە ئیجرائاتی خۆیان لەگەڵ بکرێ مادام کاری شۆڕشگێڕی نەبووە ، کاری شەخسی بووە، سوپاس.

**بەرێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەرهەنگ.

**بەرێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە وەکو مەبدەء ئەمن پشتیوانی لە مەوزوعەکی وەها ئەکەم وە مەوزوعەکی گرنگیشە بەلأم وێرای پشتیوانیەکەم تەئکید لەوە ئەکەمەوە کە ئێمە دواجار برِیارێك یان یاسایەك دەرئەکەین لە پەرلەمانی کوردستان ، پێویستە ئێمە حیسابی جدی بۆ مەسەلەی تەکیفی قانونی هەر برِیارێك یان هەر یاسایەك دەر ئەکەین هەر یاسایەك کە لێرە دەرئەکرێ ئەوە وەکو تەوزیحیَك وەکو پشتیوانیەکیش بۆ ئەو برادەرانەی کە باسی تەکیفی قانونی ئەم مەسەلەیان کرد ، ئەوەی کە جێگای تێبینیم بێ من لەسەر بەتایبەتی برگەی یەکەم کەهاتووە ئەوەی لە کوردیەکە لە راپۆرتەکە لەبەر دەستی ئێمە یا ئەوێ راپۆرتی لیژنەی هاوبەش ئەم مەسەلەیە بە شکلەکی زۆر عام هاتووە یەعنی بە بڕوای من ئەبێ زۆر زۆر وازحبێ وە بە تەواوی ورد بکرێتەوە ، ڕوونبکرێتەوە وە مەجالی هیچ گومانێك هەڵنەگرێ ، مەتاتیەتی تیا نەبێ ، چونکە ئێمە ئەزانین مەسەلەن ئێمە میللەتێکین لە ڕووی ئەرشیفەوە میللەتێکی زۆر هەژارین ، بەتایبەتی ئەو مەرحەلەی کە بە مەرحەلەی خەباتی شۆڕشگێڕی ئێمە ئەژمار ئەکرێ ، ئێمە یەعنی هەژارترین فەترەکانی ئێمەیە لەڕووی ئەرشیفیەوە ، بۆیە یەکلایی کردنەوەی ئەم مەسەلەیە بابەتێکی هەر وائاسان نیە وە ئێمە ئەبێ بە نەوعێك دایبڕێژینەوە کە بەتەواوی ڕوونبێ وە ئاشکرابێ کە ئەمە کێ ئەگرێتەوە؟ هەر بەپێی ئەمە مەسەلەن کێیە تەحدیدی ئەوە دەکا کە کارێك کرابێ ، ئەمە کارێکە کارێکی شۆڕشگێڕانەیە یا کارێکی نا شۆڕشگێڕانەیە؟ ، کێیە تەحدیدی ئەوە ئەکا کە کەسێك چووبێ بۆ چالاکیەك ئەو چالاکیە لەسەر ئاستی باڵای حیزبێك یان حیزبێکی شۆڕشگێڕ برِیاری لێدراوە یا لەسەر ئەساسی میزاجی شەخسێك یان زۆرکات کێشەی کۆمەڵایەتی تێکەڵبووە ، بۆیە ئەم مەسەلەیە بە بڕوای من ئەبێ ئێمە زۆر زۆر ورد بین تیایا وە یەکلای بکەینەوە ، وە من بەتەکید پشتیوانی ئەو رایەش ئەکەم کە ئەم مەسەلەیە بۆ ئەم مەوزوعە زۆر درەنگە بەداخەوە ئەبوایە لایەنی کەم لە نەوەدەکان دەربچوایە ، لایەنی

کەم ئەبوایە نەکەوتایەتە پێش بە بڕوای من پێش بڕیاری ژمارە 55 ی ساڵی 2004 کە بە داخەوە لەم پەرلەمانە دەرچووە ئەوەندەی ئاگاداربم بێ ئەوەی هۆکاری دەرچوونی هەبێ کە پشتیوانی گێڕانەوەی ئەرزی بەعسیەکان ئەکا بۆ ئەو کەسانە کە من بەفرسەتی ئەزانم لێرە داوا لە جەنابتان بکەم ، لەسەرۆکایەتی پەرلەمان وە هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانیش لە لیژنەکان بەتایبەتی لەو مەسەلەیا کە داواکاریمان پێشکەش کردووە چەند ئەندامێکی پەرلەمان بۆ راگرتن یا بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری 55ی ساڵی 2004 دەست و بردێ بکەن ئێستا بە لێشاو خەڵکە بەعسیەکان دێن لە هەرێمی کوردستان ئەرزەکانیان وەرئەگرنەوەو وە چەندین نموونە هەیە وە ئێستا وای لێهاتووە ئەگەر مولازم موحسینیش ئەرزێکی وەرگرتبێ لە سلێمانی یا لەهەر شوێنێکی تری ئەم هەرێمەی کوردستانە ئەتوانێ لەڕووی یاسییەوە بێ داوای ئەرزەکەی بکاتەوەو وەریبگرێتەوە کە ئەمە کارەساتێکی زۆر زۆر گەورەیە بەڕاستی ئەرز لە ماڵی شەهید وەرئەگیرێتەوە ئەدرێتەوە بەکەسی بەعسی کە دەستی سوور بووە بە خوێنی رۆڵەکانی ئەم میللەتەو، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فرسەت سکرتێری پەرلەمان قسەی هەیە، با بفەرمووێ.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئی من زیاتر روونکردنەوەیەو ئیحتمال هەیە هێندە مەعلوماتی تێدا بێت بەنسبەی خوشکان و برایان، ئەو بابەتە بەخۆی بابەتێکە لە بابەتەکانی فیقهی قانونی دستووری ، ئەوە جاری ئەوەل شۆڕش بە قانونەکانی خۆی ئەکەت ، نەك بەقەوانینی لایەنی ترە کە شۆڕش لە سەر کراوە ، لێرە جەدەلەکی فەلسەفی قانونی ئیسارە بوو لە قانونی دستووری شۆڕش و ئەو کارەی ناو شۆڕش دێتە کرن شەرعیە یان ناشەرعیە؟، گەهشتنە حەقیقەتەك یان گەهشتنە نوقتەیەك کە شۆڕش بە سەرکەت هەموو ئیش و کاریان شەرعیە ، چونکە دیفاعە لەنەفس ، ئەگەر شۆڕشەکە فەشەلی ئینا هەموو ئیش و کاریان نە شەرعیە و تەرەفی مقابل موحاسەبەیان ئەکات ، چونکە دژی قانونی وەزعیە، بە نسبەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد هەمووومان ئەزانین 1991 سەرکەوتنی ئینایە وە هەگەر ئەو سەرکەوتنە نەبا ئێمە لێرە نە دەبووین وە هەگەر ئەو سەر کەوتنە نەبا ئەو حاکمەی حوکم بشکلەکی موعاکس ئەداتن و ئیتهامی پێشمەرگە ئەکات بەرەئی من ئیحتمال هەیە یەکێك لەوان بۆ ئەوی لەناو ئەنفال ببا زەحیەو ئەو پلەی وەرنە دەگرت ئەوی ئێسا وەری گرتووە، مەحاکەمە کردنی پێشمەرگە بەرەئی من هەگەر لەسەر ئیشەك بت کو سەمیم ئیشی شۆڕشگێڕان بتن مەحکەمە کردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردە ، نەك مەحکەمە کردنی گوناهبارەکە، بەرەئی من ئەو ئیشە ئیشەکی دیفاع عن نەفسە ، مەفروزە مەحکەمەکانی مە توهمەتباری ئەو پێشمەرگانە نەدۆزنەوە کە لە فەترەی ، لە مەرحەلەی شۆڕش ئیشەکیان کردبت کە جوزئەك بوو لە ئیش و کاری شۆڕش بتن ، بەلاّم هەگەر خەڵکەك هاتبن و ئیستغلالی ئەو قۆناغەیان کردبت بەناوی شۆڕش ئەوە مەووزوعەکی ترو

حەدیسێکی ترە ، بۆیە بەڕەئی من ئەو بڕیارە لەلایەك زەروریە دەربچێت تاکو ئەو مەنافزە نەمێنێتن ، حیجەتێك نەدەینە دەست خەڵکەك کو ڕێگایەك ببینن مەحکەمە کردنی پێشمەرگەکان بکەن لەسەر ئەو ئیشانە ، تەبعەن نموونەیەکیش لە تاریخ هەیە لەسەر ئەو بابەتە، بەنیسبەی شۆڕشی جەزائیری قانونەك بەس ئی وان ، نەتیجەی ئیتفاق بوویە بەینی شۆڕشگێڕان ئان قیادەی شۆڕشڤانان لەگەڵ حکومەتی فەرەنسی ، یەك لە بەندەکانی ئیتفاق ئەوە بوو کو لێپرسینەوە نەکرێت بە نیسبەی پێشمەرگەکانی جەزائیر بەنیسبەی هەر کارەك کردبت بەناوی شۆڕش ئان لەناو شۆڕش ، بەنیسبەی ئەو بڕیارە من لەلایەك حەزکەم قانون بت بەڕاستی ، چونکە مەسئولیەتی مەدەنی و جەزائی لەناو قانونی عقوبات و لەناو قانونی مەدەنیەوە هاتووە ، نابتن ئێمە بەبڕیارێك عەفووبکەین لە هەردوو مەسئولیەت کە لەناو دوو قانون هاتینە بەڕەئی من بەشێوەی قانون بت باشترە ، بەشێوەی بڕیار بت ، دوو : نەسەکە محتاجی زیاتر ڕوونکردنەوەیە مولاحەزەی دیقەتی سیاغە بکرێت چونکە لەقەزایەی جەزائی تەرەفی مقابل دائیمەن لێ دەگەڕێ چ مەنفەزەك هەیە چ بەتەفسیری وشەیەك یان دانانی سیاغەیەك پێویستی بەوە هەیە مادەی یەکەم زیاتر بێتە ئان بشکلەکی تر بێتە سیاغەت کرن کو هیچ مەنفەزەك نەمینێت ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کۆمەڵێك پرسیار و پێشنیار ئەندامان هەیە ، بۆیە داوا لە لیژنە دەکەین کە هەریەك بەپێی ئیختیساس یان لیژنە یان نوێنەری حکومەت لێرە وەلآمی خۆی بدا وە تەسویتی پێشنیارەکان بکرێ بۆ دەنگ دان، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم جەنابی وەزیر کە وەزیری داد کە لێرە ئامادەیە وەلآمی ئەو پرسیارانە بداتەوە کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کرا سەبارەت بەهۆی ئەو فکرەی پێشکەش کردنی ئەو پرۆژەیە وە ژمارەی ئەوکەسانەی کە حالیەن تۆمەتبارن لە دادگاکانی هەرێمدا وایە حکوم دەرچووە یان دەرنەچووە؟ وە ئایا بە چ ئالیەتەك ئەو کەسانە کە مەشمول دەبن بەو قانونەی ئیسپات دەکرێ کێنەو ئەو کارانەیان کە کردووە هەتا بتوانین ئێمە لە لیژنە ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی ئێمە کرا یا ئەو تەوزیحەی سەبارەت بە بڕگەی یەکەمی ئەو بڕیارە بتوانین وەلآمیان بدەینەوە قسەیان لەسەر بکەین , زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شیروان ناصح حیدری/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان..**

دیاره بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان بەتەفسیل باسی ئەو بابەتەیان کرد وە باسی هۆکارەکانیشیان کرد ، منیش لێرەدا دەڵێم لە شۆڕشەکانی یەك لەدوا یەکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ، یاخود بەهۆکاری ئەم شۆڕشانە دژی رژێمەکانی یەك لەدوا یەکی عێراق، لەئەنجامی ڕووبەڕووبونەوەی ئەو ڕژێمانە لەلایەن بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دەبینین بە هەزاران کەس کوژراون لە ڕژێم لە جەیش و جاش و ئەمن و موخابەرات هەتا دوایی ، ئێستا لێرەو لەوێ دەبینبن ئەم خەڵکانە یاخود وەرەسەکانیان سکالاٴ تۆمار دەکەن لە دادگاکان یاخود لێرەو لەوێ دەچن خەڵکی هاندەدەن بۆ تۆمارکردنی سکالاٴ دژی هەندەك لەپێشمەرگە قارەمانەکان ، تۆمەتباریشیان دەکەن بەکوشتنی بۆنموونە باوکیان یان برایان یان کەس و کاریان، بۆ ئەوەی ئەم حاڵەتە چارە سەر بکرێ ، کەلێنێکی یاسایی نەمینێ ، بۆیە ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوپرۆژەمان پێشکەش بە پەرلەمانی بەرێز کردیە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکا ، بڕیارێکی گونجاوی لەسەر بدا ، تەبیعی یەك لەپرسیارەکان ئاڕاستەی من کرا کە ئایا بە پڕۆژە یاسا بێت یاخود بە بڕیاربێت، ئەوە من دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی بەرێز کاك فرسەت کە ڕەنگە بە قانون بێت باشترە لۆ وەی حاڵەتەکە بە وازحی تێدا دەست نیشان بکرێ ، تەبیعی هەر وەکو برای بەرێزم کاك فرسەت ئیشارەتی پێدا زۆر لەوحاڵەتانە حاڵەتی دیفاعی شەرعی بووە ، بەنیسبەت فەقەرە یەکیش لە بڕیارەکە من چەند مولاحەزەیەکم دایتە لیژنەی هاوبەش ، پرسیارەك ئاڕاستەی من کرا ئایا ئەو حاڵەتانە چەندن لە مەحاکم ، تەبیعی ئەو حالەتانە لە ئیستادا رەنگە زۆرنین ، بەلاٴم رەنگە ئەگەر ئەم حاڵەتە یەك لاببێتەوە بەڕاستی رەنگە ببێتە دیاردەکیش ، بۆ ئەوەی ئێمە سنوور بۆ ئەم حاڵەتانەو ئەم دیاردەیە دابنێبن ئەم پڕۆژەیە تەقدیم کرایە ، تەبیعی یەك لەو پرسیارانەی ئاڕاستەی من کرا دەڵێن بەڵگەکان چین کە دەیسەلمێنن ئەم کارانە ئەنجامدراوە؟، بە تەئکید ئەم بابەتە دەچێتە گۆڕەپانی دادگاوە ، پێویستە دادگا لەو مەسەلانە تەحقیق بکا ، ئێمە وەزارەتی پەیوەندیدارمان هەیە کە موختەسە بەو مەسەلەیە بەتەئکید لەگەڵ دادگا دێنە سەر خەت ، دادگا تەکیفی قانونی ئەم قەرارانە دەدات، تەبیعی بە نیسبەت مێژووی ئەم بڕیارە ئەوە پەرلەمانی بەرێز دوو، سێ پێشنیاری لەبەردەمە لەسەر کامیان دەنگی دا، ئێمە ملکەچی ئەم بڕیارە دەبین ، بەلاٴم من لەگەڵ ئەوە نیم ئەو بڕیارە تاوەکو 2003 نا فیز بێتن ، پرسیارەك ئاڕاستەی من کرا تەبیعاتی ئیقتسادی ئاهەنگ خان پرسیاری کرد بەڕاستی من بە تەسەورم ئەو بڕیارە لەحالی حازردا هیچ تەبعاتێکی ئیقتسادی نامێنێ لەو بڕیارە ، ئەوەی مەسائیلی ئیسلاحی زراعیش بوو هەر وەکو خۆی ئیشارەتی پێدا خارجی ئەم بابەتەیە ، ئەمە بەڕاستی ئەم پرسیارانە بوو کە ئاڕاستەم کرا ، خاڵێکی تریش لەبیرم نەچێ وەکو مولاحەزەش دام بە لیژنەی هاوبش ئەویش ئەوەیە ئەو تەکلیفەی کە ئاشتی خان ئیشارەتی پێدا منیش لەگەڵ ئەوەمە ئەو تەکلیفە نەمینێ ، بەڵکو ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەکی شمولی بێ ، لەبەر ئەوە نموونەیەکتان بۆ دەینمەوە بۆ ئەوەی ئەم حاڵەتە ڕۆن بێتەوە ، فەرزکە لەحاڵەتێك لەحاڵەتەکان مەجموعەیەك لە پێشمەرگە لەناو سەنگەرێك بووینە ، حکومەت پەلاماری داون ئایا ئەم پێشمەرگانە ئینتیزار بکەن هەتا ئەمری تەکلیفێکیان لۆ بێ لەلایەنێك یان یەکسەر دەست بکەنەوە دیفاع لەخۆیان

بکەن؟، بۆیە بە حەقیقەت من پێموایە ئەو دەستەواژەش ئەگەر لابدرێ خەراپ نیە ، زۆر سوپاسی هەموو لایەك دەكەم.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش:

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ژمارەیەك لە ئەندامان باسی ئەوەیان كرد ئایا ئەوە ڕێگر نیە لە مافی خەڵك بۆ ئەوەی مراجعەی مەحكەمەی بكا ، داوا تۆمار بكا لەسەر هەر كەسێك بێ ، نەخێر، دەرێن هەر كەسێك مافی هەیە داوای تۆمار بكا بە پێی قانون، ڕێكاری یاسایی ئەنجامدەدرێ دژی ئەو كەسەی كە داوا لەسەری تۆمار دەكرێ ، لەئەنجامی داواكردندا ئەگەر هاتو ئەو كەسەی كە تاوانبار كرایە سەلماندی كە ئەوە بەو كارە هەڵسایە لە ئەنجامی ئەو پڕۆژەیەیدا بووە كە ئیستا لەبەردەمانە ، بە تەئكید دادگا ڕێكاری یاسایی لەگەڵ ئەنجام نادا ، سەبارەت بەگۆڕینی ناوی بڕیارەكە بۆ قانون ئێمەش لە لیژنە پێمان باشە ببێتە بە قانون ، هەرچەندە قانون و قەرار هەمان مەفهوومی هەیە ، بەلاّم قانونەكە بی، باشترە ئەگەر ئیعتبار زیاتر دەتوانێ فراوانتردەبێ لۆئەوەی موسائەلەی جزائی ، مەدەنی هەردووكی بەقانون بێ، بەنسبەت ئەوەی ئایا چۆن ئیسپات دەكرێ؟، هەرچەندە جەنابی وەزیریش ئیشارەتی پێدا ئێمە پێمان باشە ئەگەر داوای سیاغەی فەقەرەكی بكەین بڵێین وەزارەتەكی مەعنی وەزارەتی پێشمەرگە تەئیدی ئەو كەسەی بكاتن كە ئەوە بەو كارە هەڵستایە لە ئەنجامی شۆڕش ، بە مسادەقەی ئەنجومەنی وەزیران بیتن بۆ ئەوەی زیاتر خەڵك ئەو كە سانەی كە فیعلی پێشمەرگە بوونە ، فیعلی بەو كارانە هەڵساون ئەوان سوودمەند بن نەكو فراوانتر تەفسیر بكرێ خەڵكانی تر كە تاوانیان ئەنجامدایە بەهۆی شەخسی یان بەهۆی كۆمەلاّیەتی ئەوان سوودمەند نەبن لەوانە ، ئەوەش هەر دەمینێتەوە ڕەئی ئەندامانی پەرلەمان ئایا لەدوای چۆن قبولی دەكەن یان نایكەن؟، جەنابی سەرۆكی پەرلەمان ئێمە لە ڕاپۆرتەكەمان تەبیعی قانونەكە بەوەی هاتبوو بەناوی موتەهەم موتەهەمەن عەفوویان دەكەین ، ئێمە لە لیژنەی هاوبەش لەگەڵ ئەو سیاغە دانەبووین لەبەر ئەوەی گۆتمان ئەوانە موتەهەم نینە بەواجبەكی موشەرەف هەڵستاینە وە هیچ ڕۆژەك لە ڕۆژان ئەوانە ئیعتبار ناكرێن بەتاوانبار ، هەتا بڵێین تاوانیان هەیە ئێستا ئێمە عەفوویان دەكەین ، بیلعەكس ئێستا لەجیاتی ئەوەی تەكریمیان بكەین ، دیفاعیان لێ بكەین لەبەر ئەوەی ئەمە سیاغەمان گۆڕی كردمانە (عدم مساءلتهم و لیس إعفاءهم) ، كەلیمەی كوردی هەندەك برادەران ئیشارەتیان پێدا (الحركة الكردیة) ئەگەر تێبینی ڕاپۆرتی ئێمە بكەن گۆڕیمان حەرەكەی كوردیمان كردمانە حەرەكەی تەحەروری كوردستانی.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك محمد.

**بەڕێز محمد احمد علی (شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان**

دیارە فکرەی ئەم بڕیارەی کە ئێستا لەبەر دەستی بەڕێزتانەوەیە بمانەوێ بیکەین بە قانون منیش پشتگیری جەنابی وەزیر ئەکەم لە چەند حاڵەتێکی تایبەتەوە هاتووە کە هاتووتە لیژنەکەی ئێمەوە هاتووتە لیژنەی ناوەخۆ وەکو شتی شەخسی ، ئەوانەی کە پێشمەرگایەتیان کردووە ئەزانن مەفرەزەیەك کە چووەتە شوێنێك تاوانبارێکی کوشتووە لەناو مەفرەزەکە تەسەڕویی مەعلومات کراوە ، خستوویانە سەرشانی یەکێك ، ئێستا کەس و کاری ئەو جاشە یا ئەو خۆفرۆشە یا ئەو ئیستخباراتە ئەچێ لە مەحاکیم شکات لە کەسەکە ئەکات کە برایەکی کوشتووە دیارە مەحکەمەش حەقی خۆیەتی کە گوێ لە دەعوای وەرگرێ ، بۆیە ئەمە چەند حاڵەتێکن وەکو جەنابی وەزیرو پێموایە کاك سەرهەنگیش هەر ئیشارەتی پێدا بەرگری کردنە بەراستی لەوە نەبێتە دیاردە ، بۆیە ئێمە بیرمان لەوە کردۆتەوە کە ئەمە چەند حاڵەتێکە ئێستا لە کوردستان هەیە ئەوەی کە ئێمە ئاگادارین وەکو لیژنە تا ئێستا پێنج بۆ شەش شکاتی شەخسی لەسەر خەڵك هەیە ، بەلاّم ئەگەر ئەمە سەری گرت بە تەئکید زیاتر ئەکاتەوە ئەو کاتە هەموو کەس دەستی توهمەی بۆ ئێمە وەکو لیژنە لەگەڵ حکومەتی بەڕێز هاتووتە سەر خەت بۆ دەرکردنی بڕیارێك بۆ ئەوەی ڕێگا لەوە بگرین ، لەبارەی تەکیفی قانونی ئێمە لە لیژنەو لە ڕاپۆرتەکەی حکومەتیش داوامان نەکردووە کەس نەچێ دەعوا قەیدکا ، دەعوا هەموو کەس ئارەزووی خۆیەتی قەیدی دەکا، بەلاّم لەکاتی دەعوا پشتگیری و پشتیوانی ئەو کەسە بکرێ کە بە ئەرکێکی شۆڕشگێڕانە هەڵساوە ، چووە لەوێ ، ئەو کەسە جیابکرێتەوە نەك شتی شەخسی هەندێ لەبرادەرانی ئەندام پەرلەمانی بەڕێز باسیان کرد کە شتی شەخسی پێوە نەلکێ بەتەکیدەوە شتی شەخسی پێوە نەلکی و دیارە ئەوەی کە جەنابی وەزیر باسی کرد لایەنێکی مەعنی پشتگیری بکاو، ئەو حزبە تێکۆشەرانەش دەگرێتەوە کە پشتگیری ئەو کەسە ئەکەن بەوە هەڵساوە ، ئێمە شتەکەمان تەحدید بۆ ئەوەیە هەندێ برادەر باسی شەڕی ناوەخۆو ئەوانەیان کرد قانونی سەر لەوحەی مانشێتی قانونەکە دیارە ئێمە باسی شەڕی ناوەخۆمان نەکردووە ئەوانەی کە بەرگریان کردووە لە حەرەکەی رزگاریخوازی گەلی کورد و تاوانبار و خۆفرۆش و جاش و ئەوانەیان کوشتووە لەکاتی پێشمەرگایەتیا ، شەڕی ناوەخۆ و ئەوانە بەڕاستی کۆمەڵێ شتن هەموو جارێ باس ئەکرێ ئێمەش لەگەڵ ئەوەین کە قانونێك دەرکرێ  بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەو ئەوانەش، مەسەلەی ئەوانەی کە بەشداریان کردووە لە ئەنفال و ئەوانە بەتەئکید ئەم یاسایە نایانگرێتەوە ، چونکە ئێمە باسی ئەوەمان کردووە لە یاساکە پێشنیارەکە ئەوە بووە ئەو کەسانەی کە پێشمەرگە بوون ، لەناو شۆڕش بوون ، باسی ئەوەمان نەکردووە کە کابرا جاش بووبێت و دەستی هەبووبێت لە ئەنفال و بێت زوو ئیستفادە لەم قانونە بکات ، بەتەئکید وەکو جەنابی وەزیریش روونی کردەوە ئیستفادەی لێ ناکا ، بۆیە ئەمن هەر ئەو تەوزیحانەم هەبوو، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز حسن محمد سوورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر قسەیەکت لەسەر مودەکە نەکرد چەند پێشنیارەك هەبوو کە مودەکە دانیشتن یان ئەو کاتەی کەوا یەکەم حکومەت دامەزرا هەندێك گەڕاندیانەوە بۆ رووخانی ڕژێم ، ئەگەر قسەیەك لەسەر ئەوە بکەی.

**بەڕێز شیروان ناصح حەیدەری/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەروەکو پێشتریش ئیشارەتم پێدا من یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کە لە 5/19 ە من پێم باشە ئەوە ببێتە ئەو رۆژەی کە کۆتایی بەم بابەتە دێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر ئەساسی پێشنیاری ئەندامان سیاغەی ماددەکە بکەن بۆ دەنگ دان ، بۆ ئەوەی قانون بێ یان بڕیار دەنگدانی ناوێت هەموو لا هەتا حکومەت ، لیژنە ، هەموو لا رازیبوون لەسەر ئەوەی کە ببێتە قانون ، با سیاغەکە بخوێندرێ ئەگەر پێشنیاری ئێوەی تیا نەبوو ئەو وەختە. فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

هەرچەند من پشتیوانی دەکەم هیچ گرفت لۆ ئەو پرۆژە یاسایە دروست نەبێ ، بەلأم خۆی بە رووە یاسایەکەو پەیڕەو ئەمە بە پرۆژە بڕیار پێشکەش کرایە ئێستا چۆن دەیکەینەوە قانون لەسەر چ ئەساسەك؟ یەعنی ئەمن مەبەستم ئەوەیە چۆن ئەو شتانە تێدەپەڕێندرێ؟ بۆ شتی قانونی نالێین.

**بەڕێز حسن محمد سوورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك فرست.

**بەڕێز فرست احمد عبدلله/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ مخالەفەی قانونی تێدانیە پرۆژەیەك بۆ ئێمە بێت بە شێوەی بڕیار ئێمە شعور بکەین ئان بزانین بە شێوەی قانون بت باشترە ، تەبعەن هەردوو مولزەمن بەس لێرە چونکو ئەو قانونە ئان ئەو بڕیارە معالەجەی دوو بابەت ئەکات لەناو دوو قانون هاتوونە مەسئولیەتی جەزائی، مەسئولیەتی مەدەنی مەفرووزە چارەسەرکردنی ئەو دوو مەوزوعەی قانونی بە قانون بکرێتن نە بە بڕیار بتن ، وەکی تریش وەك عورفەك بریار دائیمەن بۆ حاڵەتەك بەکاردێتن کە جارێك تەنفیزی ئەکەن و ئینتهای پێ دێتن ، بەردەوام نابتن ، ئەوە وەك قاعیدەیەکی عام نالێم ئیستسنائاتی نیە ئیستسنائاتیش هەیە بەس وەك قاعیدەیەکی عام بەو شکلەیە ، بەس مەوزوعەکە بەو شکلە چارەسەربکەین چونکە دوو مەوزوعی قانونینە بۆ چارەسەر کردنی دوو مەوزوعی قانونی مەفرووزە بە قانون بتن نەك بە بڕیار بتن ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ سیاغەی.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**جەنابی سەرۆكی پەرلەمان.**

پـێش ئـەوەی سـیاغەی بكـەین پێشـنیار كـرا كـە تاریخـەكان بائەوانــە یــەكلایی بكەینــەوە ئایــا هــەتا 1992/5/19 یان 1992/6/4 یان 1992/7/4 با ئەوانە یەكلایی بكەینەوە هەتا بتوانین سیاغەكەی بە گوێرەی وی بكەینەوە وە 2003 ببوورن.

**بەڕێز حسن محمد سوورە / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ناسكەخان.

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ناوەڕۆكی یاساكە قسە لەسەر عینوانەكەی هەبوو ، عینوانەكەی یەكلاناكەینەوە؟.

**بەڕێز حسن محمد سوورە /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر صديق محمد هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر گرینگی و هەستیاری ئەم پرۆژەیە ، لەبەر زۆری پێشنیارەكانیش مـن داوائەكـەم ئـەمڕۆ تـەنها بـەس تەنها موناقەشەی ماددەكان بكرێ كاتێكی زیاتر بـدرێ هـەم بـە لیژنـە هـەم بـە بـەڕێز وەزیـری دادیـش بـۆ ئەوەی بە شێوازێ دابڕێژرێتەوە سبەی ڕۆژ هیچ كەلێنێك دروست نەبێ بۆوەی لە محاكم بە شێوەی خـراپ بەكار بهێنرێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوورە /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبش.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**جەنابی سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرای لیژنەی هاوبەش بـا تاریخـەكان یـەكلا بكەینـەوە ئـەوجا بتـوانین سـیاغەی بكـەین ، ئایـا هـەتا 19 ی ......

**بەڕێز حسن محمد سوورە /جێگیری سەرۆكی پەرلەمان:**

یەك بەیەك تاریخەكان بخوێنەوە بیخەینە دەنگدان كامە دوورە ئەو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

.....1992/5/19

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

7/4 دەدەینە دەنگدان كێ پێی باشە تا 7/4 ئەم یاسایە نافیز بێ دەستی بلّند كا، فەرموو.

کێ پێی باشه تا 7/4 ئەو یاسایه شامل بێ شمولی ئەوانه بکا تا 1992/7/4 تاریخی تەسبیتی حکومەتی هەرێمی کوردستانه،کێ پێی باشه تا ئەو تاریخه بێ دەستی بڵند بکا، تکا دەکەین ئەگەر له پێشا دەست بڵندکەن دوایی ئێمه ئەم سەرەمان تەواو کردووه ئەوجا لێره مەجموعه یەکی تر دەست بڵند دەکا، کێ لەگەڵ ئەوەیه تا 7/4 ئەو یاسایه شامل بێ دەستی بڵندکا، (34) ئەندام لەگەڵە، کێ لەگەڵ نیه ، (15) ئەندام لەگەڵ نیه. فەرموو لیژنه مێژوویەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.**

1992/6/4، یەکەم دانشتنی پەرلەمانی کوردستان ساڵی 1992.

**بەڕێز حسن  محمد سووره /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ پێی باشه تا یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان له 6/4 ئەم یاسایه شامل بێ دەستی بڵند کا ، (9) ئەندام لەگەڵە، کێ لەگەڵ نیه زیاتره له (9).

فەرموو لیژنه مێژوویەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.**

1992/5/19 رۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز  حسن محمد سووره /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەیه ئەم یاسایه تا 1992/5/19 ڕۆژی هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی کوردستان شامل بێ با دەست بڵند بکا ، (5) ئەندام ، کێ لەگەڵ نیه ، زۆرینەیه له پێنج زیاتر ، (34) ئەندام لەگەڵ ئەوه بوو که شامل بێ تا 7/4 کەواته 7/4 پەسندکرا....

پێشنیاری تر ماوه فەرموون بیخەنه دەنگدانەوه.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری تر هەبوو که تاریخەکه ببیته 2003/4/9.

**بەڕێز حسن محمد سووره /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پێش ئەوەی بگەڕێینەوه بۆ ئەسڵی پرۆژەکه مێژوویەکی تریش هەیه راسته 2003/4/9یه ڕۆژی رووخانی ڕژێم کێ لەگەڵە دەستی بڵندکا ، (2) ئەندام لەگەڵە ، کێ لەگەڵ نیه ئەویش له دوو زیاتره.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەسڵی پرۆژەکه مانگی ئازاری ساڵی 1991.

**بەڕێز حسن محمد سوره / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

له ئەسڵی پڕۆژەکە هاتووە کە شامل بێ تا 1991/3/7 پڕۆژەکە وا هاتووە ئێمە دەیخەینە دەنگدانەوە لەگەڵن یان لەگەڵ نین؟.

فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.**

له پڕۆژەکە تاریخەك کراوەیە تەنها نووسرایە ئازار ساڵی 1991 (7)ی تێدا نیە.

**بەڕێز حسن محمد سورە /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەینە دەنگدان تا ئازاری 1991 شامل بێ کێ لەگەڵە دەستی بڵندکا ، کێ لەگەڵ نیە ئەویش زیاترە لە ژمارەکە ، ئێستا کە ئەوە تەسبیت بوو 1992/7/4 کە (34) دەنگ ، زۆرینە دەنگی پێدا، بۆیە ئەو ڕۆژە تەسبیت دەبێ. فەرموو لیژنەی هاوبەش بۆ پێشنیارێکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەندامانی لیژنەی هاوبەش پێیان باشە بچینە سەر برگەی دووەمی پڕۆژەکە لۆ سیاغەی نیهایی لەگەڵ کۆی یاساکە کە دەبێتە یاسا دوایی یاسایەکەی دەکەینەوە هەتا ئەندامانی پەرلەمان بتوانن دەنگی لەسەر بدەن.

**بەڕێز حسن محمد وورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بچنە سەر ماددەی دوو دوایی دەنگ لەسەر ماددەکان دەدەین.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەمی پڕۆژەکە:

ثانیا: یطلق سراح المتهمین الموقوفین و المشمولین باحکام الفقرة الاولی من هذا القرار و تغلق التحقیقات المتعلقة بهم مالم یکونوا متهمین او موقوفین عن جرائم اخری.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

کوردیەکەی.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

دووەم: ئەو تۆمەتبارە ڕاگیراوانەی حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ئەم بڕیارە دەیانگرێتەوە ئازاد بکرێن و ئەو لێکۆڵینەوانەی پەیوەستە پێیانەوە دابخرێن تەنها ئەگەر لەسەر تاوانی تر تۆمەتبار یان ڕاگیراو بن.

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثانیا: توقف وقفا نهائیا الاجراءات القانونیة المتخذة بحق المشمولین باحکام الفقرة (اولا) من هذا القرار و یخلی سبیل الموقوفین منهم حالا مالم یکونوا متهمین او موقوفین عن قضایا اخری.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم: ئەو ڕێکارە یاسایانەی دەرهەق ئەوانەی حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ئەم بڕیارە دەیانگرێتەوە گرتراونەتە بەر بە شێوەیەکی کۆتایی رادەگیرێن و ئەوانەی ڕاگیراون دەست بەجێ ئازاد دەکرێن و تەنها ئەگەر لەسەر کەیسی تر تۆمەتبار یان ڕاگیراو بن.

**بەڕێز حسن محمد ووره / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیری داد.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری/وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ دەقی ماددەکەم، هیچ تێبینیمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی پەرلەمان کێ قسەی لەسەر ئەم ماددە هەیە. فەرموو کاك سەرهەنگ.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووهەم لەگەڵ بڕگەی سێهەما تحصیل حاصلە پەیوەندی بە بڕگەی یەکەمەوە هەیە، بۆیە زەرورە ئێمە بڕگەی یەکەم یەکلایی بکەینەوە بۆخۆی دوو بڕگەکەی تر ئۆتۆماتیکی ئەڕوات ، یەعنی ناکرێ ئێمە بڕگەی یەکەم جێبێڵین بەبێ ئەوەی قەرارمان لەسەر دابێ بچینە سەر بڕگەی دووهەم و سێهەم ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك محمد.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزوری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەمیش زەرورە بۆ ئەوەی بێ ، چونکە ئێستا کۆمەڵێك کەس گیراوە لەسەر ئەو کەیسانە ، بۆیە بڕگەی دووەمیش تەئکیدی لێ ئەکاتەوەو ئەوانەش بەربدرێن ، ێستا من روونم کردەوە بۆ جەنابتان

کۆمەڵێك کەس هەیە لەسەر ئەم کەیسانە ، لەسەر کەیسی شەخسی شکاتی لێکراوە ، گیراوە لـە مەحاکیمـە ، بۆیە بڕگەی دووەم بە قەناعەتی ئێمەو ئی لیژنەکە زەرورە کـە تیایـا بێـت بۆئـەوەی ئەوانـەش کـە گـیراون بەربن، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مەبەستی کـاك سـەرهەنگ لـە یەکلاکردنـەوەی بڕگـەی یەکـە ئینجا بێینـە بڕگـەی دوو بـەڵام ئێـستا ئێمـە موناقەشەیەکی مەفتوح ئەکەین لەسەر بڕگەی دوو دوایی دێینە سەر سیاغە کـردن و، دەنگـدان لەسـەریان. فەرموو کاك جەمال.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نـازانم لەبیدایـەتا عنـوانی قانونەکـەمان یـەکلامان نـەکرد وەك خـۆم ئـەم ویسـت (عـدم مسـاءلة) یـانیش ئـەمێنێتن (الملتحـق) وە وییکـاتی ، لازمـە ئـەوە ئیتفـاقی لەسـەر بکـەن ، خـاڵی دووەم ئـەم ماددەیـە بڵـێن فەقـەرەی دووەم پێشـنیار دکـەم بکرێتـە دوو برگـە یـان یـەك و دوو یـانیش ا ، ب، وە وشـەی (توقـف وقفـا نهائیا) ئەو (وقفا) لابدرێتن بنووسن (توقف نهائیا) وە حەتا دوای ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر لە فەقەرەی یەکەمیش لۆیە سوئالەکەم لەبـەرێز وەزیـری داد پرسـی گۆتم تـەبیعاتی ئیقتیسـادی ، راستە قانونی ئیسلاحی زراعی جارێکی دیش دەیلێمەوە ئەو کاتی تەبیعاتی ئیقتیسادی نـەبوو بـەس هـەتا هەنووکە موشکیلەیە لۆ وەزارەتی بەلەدیات ، تەبیعاتی ئیقتیسادی لەسەر بودجەی هـەرێم هەیـە هەنووکـە ئەوە یەکێکیان ، دوو : (توقف وقفا نهائیا الاجراءات القانونیة )ئەی ئەدی یەکەك لە خاریج شکایەتی لێکرا، مەسەلەن مونەزەمەکی ئەجنەبی شکایەتی لێکردبوو کو ئەو کەیسەی معالەجە دەکەین؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەگەر خاڵی دووەم بخوێنینـەوە باس لەوە دەکا کە موتهەمی مەوقوفین  واتە بـە جـەمع نـاوی هێنـاوە کە ئەمانە بوونیان هەیە ، لەلایەکی تریش باس لەوە دەکا کە تـەحقیقات هەیـە ئەمـە بەڵگـەی ئەوەیـە کـە حکومـەت دەزانـێ چـەند کـەس گـیراوە لەسـەر ئـەم کەیسـە وە تـەحقیقیش هەیـە ، رێکـیش ئەمـە ئـەوە دەسەلمێنێ کەئەم پڕۆژە ، پڕۆژە بڕیارە وە حکومەت دیراسەی کردووە ، بۆیە بە پڕۆژە یاسا نـەی نـاردووە

بۆ ئەوەی ئەم بڕیارە چارەسەری ئەم دوو حاڵەتانە بکا کە خۆیان ئاماژەیان پێداوە ، من پێموایە ئەمە بەجۆرێك لەجۆرەکان دەست وەردان یان تەداخوله لە دەسەلاّتی قەزائی کە ئێمە بریاری لەسەر دەدەین ، بە بەڵگەی چی؟ بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەگەر لە ڕاپۆرتی موشتەرەك $6/2$ تەقدیم کراوە ئەو ڕاپۆرتە هەر وەك خۆیان ئاماژەیان پێداوە لە $5/27$ رەوانەی لیژنەی قانونی و لیژنەکانی تر کراوە دوای خوێندنەوەی یەکەم رۆژی دووشەم $6/2$ ڕاپۆرتەکەتان نووسیوە واتە سێ رۆژ لەبەر دەستی لیژنەی ، موشتەرەك داهەبووە بۆ دیراسەکردنی ئەوە ، بۆیە من پێموایە وە پرسیاریش دەکەم لە لیژنەی موشتەرەك ئایا ئێوە لەسەر کەیسێکی وا حەساس پرستان بە دەسەلاّتی قەزائی کرد؟ ئەوان ئەو کەیسانەی کە لایانە لە مەرحەلەی تەحقیقدایە یان ئەو کەسانەی موتەهەمن و ئێستا راگیراون چەندن؟ ژمارەیان چەندە؟، بۆیە من پێم وایە بەراستی ئەمە دیراسەی ورد تری دەوێ هەروەکو باسم کرد هەموومان باس لەوە دەکەین کە یاسا سەروەر بێ بۆهەموومان وەکو یەکبێ ، بۆیە پێویست بەوە دەکا کە ئێمە دەست لە دەسەلاّتی قەزائی وەرنەدەین لە کارو باری ئەوان ئێوە وەکو لیژنەی موشتەرەك حەقە رەئی ئەوانتان وەرگرتبایە ، بڕیاری ئەوان وە رەئی ئەوان چیە لەسەر بابەتێکی وا هەستیار کە ئێستا ئەمە قسەی لەسەر دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوەکانم نەخوێند بۆوە ئەگەر کەسێك قسەی هەبێ دەستی بلّندکا، ئاگام لێ نەبووبێ.

فەرموو بەیان خان.

**بەڕێز بەیان سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پێش ئەوەی کاك محمد شارەزووری قسان بکا ئەمنیش پرسیارەکم هەبوو ئایا کەس هەیە گیرایە لەسەر ئەو بابەتانە؟ ئەگەر کەس هەیەو گیرایەو ئیسپاتی کرد کە هەیە گیرایە حەق وایە ئەگەر بێتاوان بوو واتە لەسەر ئەو مەسەلەیە دوای ئەوەی ئازادکران با پاداشتیش بکرێنەوەو قەرەبووش بکرێنەوە ماوەی ئەوەندە کاتەی کە گیراینە ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە ئەساسی بڕیارەکەی مەشروعی سەرەکی بوو ، بەراستی وەکو من ئاگادارم وەکو بڕیار لە جێگای خۆی بوو ، چونکە تۆ وەکو بەڕێز فرسەت باسی کرد بۆ یەك حاڵەتە تاکو ئەم حاڵەتانە بگری ئێستا کە ماددەی یەکەم هاتووە ئیزافە کراوە بۆئەوەی بەردەوامی هەبیت و نە تەنها موتەعەلیق بێ بە حاڵەتی ماضی بۆیە وجودیان هەردووکیان پێکەوە بەتەئکید وا لێئەکەن تەکامول تر بیت و وە سیغەتی یاسا وەربگرێت ، بۆیە بە نیسبەت نەسەکە ئەوە بە حەقیقەت منش یەعنی هیوایەکە ئەگەر مەسەلەی

حەقی تەعویز هەبا ئەگینا بەشێوەیەکی گشتی من لەگەڵیمە ، بەمەرجێك ئێمە لە سیاغەی ماددەی یەکەم یان (اولا) ئێستاش لەبیرمان بێ شتەکی وانەبێت کە تەئسیر لەمە بکات ، چونکو ئەگەر دەنگماندا لەسەر ئەمە ئیتر ئەوی تر دەبێ رەچاوی ئەمە بکەین ، حاڵەتێکی تەبیعی نیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنە.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پرسیارەی کاکە پێشەوا کە پێیوابێ لەبەر ئەوەی .....

**بەڕێز حسن محمد سورە / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە وەڵام مەدەنەوە تەنها ئەگەر روونکردنەوەتان هەیە بۆ وەی بەر چاویان وازح بێ لەکاتی دەنگدان.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

نا نا هەر روونکردنەوەیە ، روونکردنەوەیەکە بۆ ئەوەی چونکە پرسیارێکە دەڵێ ئایا پرسیارتان کردووە لە دەزگای دادوەری یان نا؟، سەرەتای بیرۆکەی ئەو پڕۆژەیە لە ناو چەند برادەرێکی ئەندام پەرلەمان وەك کاکە حەمە باسی کرد کە چەند حاڵەتێك دیاردە نیە ، بەلاَم کەچەند حاڵەتێکە کە لە چەند شوێنێك رووی داوە ، خەڵك دراوەتە دادگاو سکالاَیان لە دژ تۆمار کراوە ئەو حاڵەتانە هاتتە لیژنەی پەیوەندیدار چ پێشمەرگە چ ناوەخۆ ، ئێمە لە ناوەخۆمان کۆمەڵێك بیرورا ئاڵوگۆڕ کرا وە پرسیار کرا لەگەڵ لیژنەی یاسایی گفتوگۆ لەسەر ئەو مەوزوعە کرا بیرمان لەرێگا چارەیەك کردەوە بۆ پاراستنی ئەو تێکۆشەرانەی کە ئەوانەی دیسان تەئکید دەکەینەوە وەکو برادەران قسەیان لەسەر کرد ئەوانەی کە لە ئەنجامی شۆڕش و بە بڕیاری شۆڕش و لە پێناو پاراستنی خاك و گەل ، رزگارکردنی خاك و گەل کارێکیان لەدەست دەرچووبێ کە موخالفی یاساکانی ئەو کاتە بێ ، ئەو بیرۆکەیە لەسەر ئەو ئەساسە هات پرسیارمان کرد لە شارەزایانی یاسا ، نەدەکرا دەسەلاَتی جێبەجێکردن بڕیارێك لەو شێوەیە دەربکا ، چونکە لە دەسەلاَتی دانیە دەست لەکارو باری دادگا وەربدا ، ئی ئەنجومەنی دادوەری ، وەخۆشیان ئەو دەسەلاَتەیان نەبوو هیچ بڕیارێك و یاسایەکیان لەبەر دەستدا نەبوو ، بۆیە ئەو بیرۆکە لێرە گەلاَڵە کرا ، ئێمە سەردانی بەڕێز وەزیری دادمان کرد بەیەکەوە ئەو بیرۆکەی خۆمان و ئەو دارشتنەی خۆمان لە ئەنجومەنی وەزیرانیش ئەو بیرۆکەیە خرایە روو وە گفتوگۆی لەسەر کرا ، بڕیاری لەسەر درا بە پڕۆژە بڕیارێك بێ مەبەستەکەی من ئەوە بوو تەنها سەیری هاتنی بڕیارەکە بۆ ناو پەرلەمان و ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش مەکەن کە دوو، سێ ڕۆژی بەینە ، بەڵکو ئەوە ماوەیەکی دوورو درێژ بوو لە گفتوگۆ دابوو ، هەموو لایەنەکانی هەڵسەنگێدرا ئەو کاتە بڕیاردرا بەو شێوەیە تەقدیم بکرێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆ فەقەرە سێ.

کاك پێشەوا نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز پێشەوا تۆفیق مغدید :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك شۆڕش دیارە من پرسیارەکم کرد بەڕاستی ئەوە وەڵام نەبوو دایمەوە ، ئەم پڕۆژەیە دیارە ئەنجومەنی وەزیران پێشکەشی کردووە بەحەقیقەت دەکرا ئەوان دوای ئەوەی کە دیراسەی ئەوەیان کردووە خۆیان وەکو ئەندامانی پەرلەمان وەکو پڕۆژە پێشکەشیان کردبا ، بەڵام من ئێستاش دەیڵێمەوە دیارە ئەمە مەسەلەکی زۆر هەستیارە ، جۆرێك لە جۆرەکان تەداخولکردنە لە دەسەڵاتی قەزائی ، بەو پێیەی کە لیژنەی هاوبەش دەبوایە رەئی دەسەڵاتی قەزائی وەرگرێت ڕاستە ئەندامانی پەرلەمان پێشتر ئەوەیان کردووە بەڵام مەفروز وابوو بۆ مەوزوعێکی وا هەستیار رەئی دەسەڵاتی قەزائی وەرگری خۆ دوێنێ و پێرێ بینیمان مەجموعەیەك خەڵك ئەوانەی کە کەس و کاریان گیراوە لەبەردەم پەرلەمان خۆپیشاندانیان کرد، خۆ ئەمەش دەکرێ بە دیویێکی تر بیریش لەوە بکرێتەوە مادام ئەمانەش هیچ بەڵگەیەك نیە لەسەر گرتنیان وە تا ئێستا دادگایی نەکراون با بڕیارێکیش بۆ ئەوانە دەرچێ یەکلایی بکرێتەوە لەلایەن حکومەتەوە ، بۆیە بەڕاستی من نەگەیشتوومە قەناعەت بۆ وەڵامەکەی کاك شۆڕش وا پێویست دەکا بەر چاومان زیاتر ڕوون بێ ، خۆ ئەگەر یەك ، دوو حاڵەت هەیە ئەوە فیعلەن کاك شۆڕش ئیسپاتی ئەوەی کرد کە ئەمە پڕۆژە بڕیارە ، پێویست ناکا بکرێت بە پڕۆژە یاسا بۆ هەتا هەتایی ، واتە ئەو پڕۆژە بڕیارە بۆ ئەو یەك ، دوو حاڵەتەیە کە ئەوان هەستیان پێکردووە کە ئێستا لە دادگاکانە ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

حەقی خۆتە پرسیار بکەی ، بەڵام شەرتیش نیە بۆ ئێمە بۆ قانون رەئی دەسەڵاتی قەزا وەربگرین ، ئەگینا وەکو پرسیار حەقی خۆتە پرسیار بکەی ، ئایا رەئی وەرگیراوە یان نا؟. فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك تەوزیحم هەیە لۆ ئەوەی کاك شێروان بزەبت پەیامەکەم بگەینێ، من قەسدم هەیە ئەو قانونە کە جێبەجێدەکەین ئەو فەقەرە چۆن خۆی دەگونجێنێ لەگەڵ ئینتەرپۆڵ ، مەسەلەن ئەمن قەزیەکم لەگەڵ دەرێ هەیە لەگەر جیهەتەکی مەحاکمی دەرێ ئەمن لێرە تەبریئەی دەکەم کو خۆی لەگەر ئینتەرپۆڵ دەگونجێنێ؟ ئەوەیە موشکیلەکەی من ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

مولزەم نی جواب بدەیتەوە ، ئەگەر جوابت پێیە فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قەوانینی ئێمە تەنزیمی ئەو حاڵەتانەی کردیە ، بۆیە لەو حاڵەتانەدا قەوانینی ئێمە قاسر نیە بە ڕێگای تروقی دیبلۆماسیەوە دەتوانی ئەم بابەتە جێبەجێبکا ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بۆفەقەرەی سێهەم.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێ لەئەسڵی ماددەکە.

ثالثا: على كافة الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القرار.

**عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئی لیژنەی هاوبەش:

ثالثا: لا يعمل باي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القرار.

**بەڕێز حسن محمد سوورە /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

کوردیتان لایە بە کوردیەکەی.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێیەم: پێویستە لەسەر سەرجەم لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز حسن محمد سوورە /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی پەرلەمان کەس قسەی هەیە لەسەر ئەمەیان؟، بۆ فەقەرەیەکی تر.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەسڵی پڕۆژەکە رابعا: لا يعمل ......

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر تێبینی ڕاپۆرتمان بکەن ئێمە ماددەکمان ئیزافە کردیە یان فەقەرەکمان ئیزافە کردیە، (لايعمل باي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القرار) ، ئەوجا دەبێتە قرار یان قانون دوایی ئەوە یەکلادەبیتەوە.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەسڵی پڕۆژەكە رابعا: لا يعمل بای نص يتعارض مع احكام هذا القرار.

رەئی لیژنەی هاوبەش:

رابعا: على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القرار.

**بەڕێز حسن محمد سوره /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەندامانی پەرلەمان كەس قسەی هەیە لەسەر ئەم بڕگەیە؟ فەرموو بۆ ئەسباب موجیبە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی پێنجەم مایە ينفذ هذا القرار اعتبارا من تاريخ اصداره و ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز حسن محمد سوره /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمەش پڕۆتۆكۆڵی هەیە ، فەرموو بۆ ئەسباب موجیبە.

**بەڕێز صباح بيت لله شكرى:**

**الاسباب الموجبة**

دفاعا عن التضحيات الجسام والبسالة البطولية التي ابداها المناضلون من المشتركين بالحركة التحررية الكوردستانية او المكلفين باعمال من قبلها للدفاع عن شعب و ارض كوردستان وما رافقت تلك التضحيات من وقوع بعض اعمال العنف الثورى المقتضى للحركة انذاك ، فقد شرع هذا القرار.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری جۆراو جۆر پێشكەشكرا سەبارەت بە (اسباب موجبە) یەك لەوانە پێشنیاری بەڕێز عبدالسلام بەرواری بەو شكلەیە (لغرض حماية المناضلين المشاركين في الحركة التحررية الكوردستانية من ان يتم مساءلة شخصية نتيجة ادائهم لواجباتهم المناط بهم فقد شرع هذا القانون) ، پێشنیاری تر لەلایەن رێزدار كاك جمال (تقديرا للادوار البطولية التى ابدأها المشاركون بالحركة التحررية الكوردستانية ايا كان شكل مشاركتهم و تضحياتهم في سبيل الدفاع عن شعب و ارض كوردستان منذ اندلاع الحركة في 61/9/11 ولغاية 1992/7/4).

**بەڕێز حسن محمد سوره /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەندامانی پەرلەمان كێ قسەی هەیە لەسەر ئەسباب موجیبە؟. مامۆستا كاوە فەرموو.

**بەڕێز كاوە محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پێشی هەردووكیان مولاحەزەی خۆم نارد بوو ، بە دەست نووسیش بۆیانم نارد، دیارە لیجنەی كاك عەونی ئەوانی ئەوە كرد؟ سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

نازانم سەبەبەكە چیە؟. فەرموو كاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من مولاحەزەیەكی بەسیتم هەیە (للدفاع عن التضحيات الجسام وبسالة بطولية التي ابدأها لمناضلي الحركة التحررية الكوردستانية ، المكلفين بأعمال من قبلها الى اخره المكلفين ، المكلفين نەك او المكلفين.

**بەڕێز حسن محمد سوره /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك كاردۆ.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هۆكاری دەرچوونی یاساكە پێموانیە پێویست بەو پیا هەڵدانە بكا لە پێناوی قوربانی دان و ئەوە ، بەرگری كردنە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان و رەوایەتی شۆڕشگێڕان و خەباتی شۆڕشگێڕانەكەی هەر لە پێناوی ئەمە ، یەعنی بەرگری كردن لەوان ، پارێزگاری كردنێكی یاسایی لە شۆڕشگێڕان و خەباتی شۆڕشگێڕانەو ، بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان ، لە پێناوی ئازایەتیان نواندووەو تەزحییەیان داوە ، ئەمە هیچ پەیوەندی بەو شتەوە نیەو، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدااسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تا ئێستا بەو خەبەرە بچووكەی پەرلەمانتاری تێگەیشتوومە ئەسباب موجەبە دەبێ رەنگدانەوەی لە یاسا هەبێت یان یاساكە تەرجومەی ئەوە بێت، بۆ ئەوەی ئەم یاسایە بە حەقیقەت دوو بڕگەی هەیە یەكێكیان عەفوویان ئەكرد لە موسائەلە دوو ئەوەی موسائەلەی لەگەڵی كراوە ئیقافی ئەوە ، بۆیە (لغرض حماية المناضلين المشاركين من اية مساءلة شخصية نتيجة أداءهم للواجبات المناطة بهم) ئەمە یاسایەكەیە بەس بە مادده نەنووسراوە بە ئینشا بڵێن فەقەرە ، بۆیە من تەسەور ئەكەم ئەمە لەگەر یاساكە ئەگونجێت، هەر چەندە خۆم پێشنیارم كردووە ، بەلاّم مافم هەیە دیفاعی لێ بكەم ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره /جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك قادر حسن.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە دەقەکەی کاك عبدالسلام دەکەم بۆ ئەو کارە پێویستیەکان لە هەمان کاتیش پێشنیار دەکەم کە بخرێتە دەنگدان لەوەی کە پڕۆژە بڕیارەکە بکرێتە پڕۆژە یاسا ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جمال.

**بەڕێزجمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەسەکە وام ناردبوو (تقدیرا للادوار البطولیة التی ابدأها المشارکون بالحرکة التحرریة الکوردستانیة ایا کان شکل المشارکة) یەعنی مەرج نیە تەکلیفکرا ، بێت، نەکرابت ئەوە (ایا کان شکل المشارکة و تضحیاتهم في سبیل الدفاع عن شعب و ارض کوردستان منذ اندلاع الحرکة 61/9/11 ولغایة 1992/7/4 و عدم مساءلتهم جزائیا و مدنیا فقط شرع هذا قانون) و بەس ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو پێشنیارە ئی کێیە.

**بەڕێز شۆڕش سید مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکی بەڕێز مامۆستا کاوەش هەیە :

بۆ بەرگری کردن لەو تێکۆشەرانەی لەماوەی خەبات و تێکۆشانیان هەڵساون بە جێبەجێ کردنی ئەرکی شۆڕش گێرانە بەسزادانی بە کرێ گیراوان و دوژمنانی شۆڕشی گەلی کوردستان ، بۆیە ئەم بڕیارە دەرچوێنرا .

**بەڕێز حسن محمد سورە /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من زوو دەستم بەرز کردبۆوە ، دیارە ئێرەتان نەبینی بوو داوای لێبووردن ئەکەم ، بەڕاستی لە دەقە ئەسڵیەکە ئەسباب موجەبەکە زۆر دوورو درێژە من پشتگیری لە دەقە ئەکەم کە کاك عبدالسلام ناردبووی و برادەران خوێندیانەوە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کۆبوونەوەمان کۆتایی هات تا ڕۆژی دووشەمەی داهاتوو بۆسیاغەکردن و دەنگدان لەسەر ئەم پڕۆژە یاسایە فەرموون.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بايز اسماعيل** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (31)**

**دوو شەممە رێکەوتی 17\6\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (31)

**دوو شەممە رێكەوتی 2013/6/17**

**کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێکەوتی 2013/6/17 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (31)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (31)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2013/6/17 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە بڕیاری لێبوردنی ئەو کەسانەی تۆمەتیان خراوەتە پاڵ لەبەرامبەر ئەو چالاکییانەی ئەنجامیان داوە بەهۆی بەشدار بوونیان لە بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی گەلی کورد.**

**2- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی ماددەی (48) لە یاسای ئیدارەی شارەوانیەکان ژمارە (6)ی ساڵی 1993.**

**3- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی ماددەی (45) لە یاسای جێ بەجێ کردنی ژمارە (45)ی ساڵی 1980ی عێراقی.**

**4- هەڵبژاردنی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (31)، رۆژی دانیشتن 2013/6/17، بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (31)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێری 11ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2013/6/17 بەم شێوەیە بێت:**

**1- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە بڕیاری لێبوردنی ئەو کەسانەی تۆمەتیان خراوەتە پاڵ لەبەرامبەر ئەو چالاکییانەی ئەنجامیان داوە بەهۆی بەشدار بوونیان لە بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی گەلی کورد.**

2- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی ماددەی (48) لە یاسای ئیدارەی شارەوانیەکان ژمارە (6)ی ساڵی 1993.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی ماددەی (45) لە یاسای جێ بەجێ کردنی ژمارە (45)ی ساڵی 1980ی عێراقی.

4- هەڵبژاردنی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

بەخێرهاتنی بەڕێزان جەنابی وەزیری دادو وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین، بەخێر بێن، داوا لە لیژنەکانی یاسایی و پێشمەرگە دەکەین بێن بۆ سەکۆی لیژنەکان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

لە کۆبوونەوەکانی پێشوودا ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان راو و سەرنجی خۆیان سەبارەت بە پرۆژەکە پێشکەش کرد، لە ئەنجامی وەرگرتنی ئەو تێبینی و پێشنیارانەی پێشکەشیان کرد بە مەبەستی دەوڵەمەند کردنی پرۆژەکە، ئێمە صیاغەی پرۆژەکەمان بەو شێوەیە دارشتووە:

## قانون رقم ( ) لسنة 2013

## عدم مسؤولية المساهم في الحركة التحررية لشعب كوردستان – العراق جزائياً ومدنياً

المادة الاولى:

لا يسأل جزائياً ومدنياً كل من ارتكب فعلاً مخالفاً للقانون نتيجة العنف الثوري جراء الحركة التحررية الكوردستانية او بسببها ضد انظمة الحكومة العراقية المتعاقبة والمتعاونين معها دفاعاً عن شعب وارض كوردستان للفترة من 1961/9/11 ولغاية 1992/7/4.

بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

## یاسای ژمارە ( ) ساڵی 2013

## بەرپرسیار نەبوونی بەشداربووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان – عێراق لە رووی سزایی و شارستانیەوە

ماددەی یەکەم:

هەر کەسێك کارێکی پێچەوانەی یاسای ئەنجام دابێت لەئەنجامی توندوتیژی شۆڕشگێڕیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، یان بەهۆیەوە دژ بە ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، یان ئەوانەی هاوکار بووبن لەگەڵیدا لە پێناو بەرگری کردن لە گەل و خاکی کوردستان لە 1961/9/11 تاکو 1992/7/4.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (8) ئەندام لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

توقف وقفاً نهائياً الاجراءات القانونية المتخذة بحق المشمولين بأحكام المادة الاولى من هذا القانون ويخلى سبيل الموقوفين منهم حالاً مالم يكونوا متهمين أو موقوفين عن قضايا اخرى.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بە کوردیەکەش تکایە.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

ڕێکارە یاساییەکان دەرهەق بەو کەسانەی کە حوکمەکانی ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە بە تەواوی ڕادەگیرێت و ڕاگیراوەکانیان ئازاد دەکرێن، ئەگەر تۆمەتبار نەکرا بن لە پرس گەلی یاسایی تر.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (5) ئەندام لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة: تتولى وزارة شؤون البيێشمرگە تحديد المشمول بأحكام المادة الاولى من هذا القانون و وفق الاطار المبين فيها على ان يقترن ذلك بمصادقة مجلس الوزراء.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بە کوردیەکەش تکایە.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی سێیەم:**

**وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە دەبێت دیاری کردنی ئەو کەسانەی کە ماددەی یەکەمی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە لە ئەستۆ بگرێت بەپێی ئەو چوارچێوەیەی تیایدا روون کراوەتەوە بە مەرجێ لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسند بکرێت.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**عەرەبیەکە دەکرێتە ئەساس؟ کوردیەکە باشترە؟ باشە پێیان باشە، ئێمە بڕیارماندا کوردیەکە بکرێتە ئەساس، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (5) ئەندام لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الرابعة:**

**على مجلس القضاء في الاقليم اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بە کوردیەکەش تکایە.**

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی چوارەم:**

**پێویستە لەسەر ئەنجومەنی دادوەری هەرێم رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربکات.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة:**

**لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بە کوردیەکەش تکایە.**

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی پێنجەم:**

**كار بە هیچ دەقێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بێت.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ بەكۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة السادسة:**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بە كوردیەكەش تكایە.**

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی شەشەم:**

**پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ بەكۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر، یەك دەقیقە كاك عەونی، فەرموو كاك عەونی.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دووبارە دەیخوێنمەوە:**

**المادة السادسة:**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی شەشەم بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە لەلایەن لیژنەی یاساییەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بە کوردیەکەش تکایە.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بلاو دەکرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ئەسباب موجیبە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

لغرض حماية المناضلين من اليێشمرگه والمساهمين في الحركة التحررية الكوردستانية من أية مسائلة قانونية نتيجة ادائهم لواجباتهم دفاعاً عن شعب وارض كوردستان، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بە کوردیەکەش تکایە.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە**

به مەبەستی پاراستنی خەباتکارانی پێشمەرگەو بەشدار بووانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لە هەر بەرپرسیاریەتیەکی یاسایی لە ئەنجامدانیان بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانیان لە پێناو بەرگری کردن لە گەل و خاکی کوردستان، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەسبابی موجیبەو قانونەکە هەمووی بە تێکڕایی دەخەمە دەنگدانەوە، تکایە کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (7) ئەندام لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بە ئومێد ئەوەین ئەم قانونە ببێتە هۆی کۆتایی هێنان بە کۆمەڵێك کێشە کە هەیە، ئێستا ئەگەر جەنابی وەزیر قسەیەکی هەیە با بفەرموێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری/ وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا سوپاسی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، هەروەها سوپاسی یەکە یەکەی ئەندامانی پەرلەمان دەکەم بۆ ئەرك و ماندوو بوونیان لە موناقەشە کردنی ئەم یاسایە، سوپاسی بێ پایانم بۆ لیژنەی هاوبەش، بە تەئکید دەرچواندنی ئەم یاسایە جگە لەوەی دەبێتە مایەی پڕ کردنەوەی کەلێنێکی یاسایی لە هەرێمی کوردستان، بەڵام دەبێتە مایەی ئەوەی کە شەرعیەت بدرێت بە خەباتی چەکداری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە کوردستانی عێراق، من دووبارە سوپاسی هەموو لایەك دەکەم و ئومێدی سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ هەموو لایەك، سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز کە ئامادە بوون لێرە، ئێستا لیژنەی یاسایی بمێنێتەوە، لیژنەی پێشمەرگە بفەرموون بۆ شوێنی خۆتان، ئێستا خوێندنەوەی یەکەمە، مومکینە پێویستی بە موناقەشە نەبێت، لیژنەی یاسایی فەرموون بۆ خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی ماددەی (48) لە یاسای ئیدارەی شارەوانیەکان ژمارە (6)ی ساڵی 1993.

ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەوانەی واژووی پرۆژەکەیان کردووە:

1- زکیە سید صالح.

2- خورشید احمد سلیم.

3- ئارام شاهين داود.

4- صباح بيت الله شكرى.

5- قادر حسن قادر.

6- سۆزان شهاب نورى.

7- شلێر محى الدين صالح.

8- لانا احمد محمود.

9- ئامينه ذكري سعيد.

10- امير گوگا يوسف.

11- سۆزان يوسف خۆشابە.

12- د.ثائر عبدالاحد اوغسطين.

ئەم پرۆژەيە لە حەوت مادده پێکهاتووە، تەنها بە زمانى عەرەبييە، داوا لە سەرۆکايەتى پەرلەمان دەکەم ئاراستەى ليژنە پەيوەنديدارەکان و ئەندامانى پەرلەمانى بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەمە بەپێى تايبەتمەندى خۆى ئاراستەى ليژنەکانى ياسايى و شارەوانى و پەرلەمانتارە بەڕێزەکان و حکومەت دەکرێت، کاک سەرهەنگ نوقتەى نيزاميت هەبوو؟ کاک سەرهەنگ ئەوە لە بەرنامەى کاردا نييە، حەق بوو بە نامەيەك بۆمان بنووسى، بۆ ئەوەى بۆ داهاتوو بيخەينە بەرنامەى کار، فەرموو کاك عەونى بۆ خاڵى تر.

**بەڕێز عونى کمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکى پەرلەمان.**

بڕگەى سێيەم بەرنامەى کار/ خوێندنەوەى يەکەمى پێشنيارى ياساى هەموار کردنى ماددەى (45) لە ياساى جێ بەجێ کردنى ژمارە (45)ى ساڵى 1980ى عێراقى.

ئەم پرۆژەيە لەلايەن ژمارەى ياسايى ئەندامانى پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، لە يەك مادده پێکهاتووە، ماددەکەش بە نۆ بڕگە چارەسەرى بۆ کراوە لەگەڵ هۆيەکانى دەرچواندنى، تەنها بە زمانى عەرەبى پێشکەش کراوە، ئەو ئەندامانەى کە واژووى پرۆژەکەيان کردووە:

1- زکيه سيد صالح.

2- خورشيد احمد سليم.

3- صباح بيت الله شکرى.

4- قادر حسن قادر.

5- سۆزان شهاب نورى.

6- شلێر محى الدين صالح.

7- لانا احمد محمود.

8- ئامینه ذكري سعید.

9- د.ثائر عبدالاحد اوغسطین.

10- امیر گوگا یوسف.

11- سۆزان یوسف خۆشابه.

داوا له سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەم ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەكان و ئەندامانی پەرلەمان بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەمە بەپێی تایبەتمەندی خۆی ئاراستەی لیژنەكانی یاسایی و سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەكان و حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكرێت، بۆ خاڵی چوارەم. خاڵی چوارەم لە بەرنامەی كار، فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی راپۆرتیان نووسیوەو پشتگیریان لێ كردووە، ئەمە بودجەیەكە لەسەر ئەنجومەنی دادوەری، یەعنی ئەگەر ئێمە باسی سەروەری یاسا بكەین، دەبێت هەموو لەو لایەنانەوە كە روحی یاسا جێ بەجێ دەكەن، لێكۆڵەرەوانی دادیش بەشێكە لێیان، بۆ ئەمە ناخرێتە بەرنامەی كار، ماڤی خۆیانە وەكو یاسا بۆیان دەرچووە، با ئێمەش نەفازی پێ بكەین لێرەو وا بڕیار بوو رۆژی پێنج شەممە بخرێتە بەرنامەی كارەوە، نازانم بۆ دەرهێنرایەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جا ئەوە جەنابیشت و كاك سەرهەنگیش كە لە بەرنامەی كاردا نەبێت دەتوانن قسەی لەسەر بكەن، دەتوانن بێنە لای كاك فرسەت، بێنە لای ئێمە بڵێن بیخەنە بەرنامەی كار، بەڵام ناكرێت ئێوە شتێك لە بەرنامەی كار نەبێت حەق بە خۆتان بدەن لێرە قسە بكەن، دانیشتنی ئەمڕۆمان دوا دەخەین تا بەیانی سەعات (11)ی پێش نیوەڕۆ تا ئەو كاتە بە خواتان دەسپێرین، هەر بژین.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د.حسن محمد سوره | د. ارسلان بایز اسماعیل |
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (32)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 18\6\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (32)

# سێ شەممە ڕێکەوتی 2013/6/18

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2013/6/18 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (32)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (32)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2013/6/18 دا بەم شێوەیە بێت:

1- هەڵبژاردنی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

2- خوێندنەوەی یەکەمی دوو (2) پێشنیاری یاسای هەموار کردنی حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (4)ی ساڵی 2009.

4- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای دەستەی یەکە پزیشکیە تایبەتییەکان لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (32)، ڕۆژی دانیشتن 2013/6/18،
بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (32)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێری 11ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2013/6/18 بەم شێوەیە بێت:

1- هەڵبژاردنی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

2- خوێندنەوەی یەکەمی دوو (2) پێشنیاری یاسای هەموار کردنی حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (4)ی ساڵی 2009.

4- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای دەستەی یەکە پزیشکیە تایبەتییەکان لە هەرێمی کوردستان.

ناسک خان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ویستم بەڵێنێکی جەنابت بیر بخەمەوە، ئەویش مەسەلەی سندووقی داهاتی نەوت و غازی هەرێمی کوردستانە، کە بەڕێزت گوتت محاوەلە دەکەین لەو مانگە بیهێنینەوە ناو پەرلەمان، لەبەر ئەوەی (12) رۆژمان ماوەو، ئەم یاسایانەش گرنگن کە ئێستا لە بەرنامەدا هەن، بەس بۆ ئەوەی بیری جەنابت بخەمەوەو بیخەینە بەرنامەی کارەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عبداللە مەلا نوری فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم لە جەنابتان هەیە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان لە چوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆدا، هیوادارم وەڵامەکەی وەربگرم، بەپێی ماددەکانی (47 تا 50)ی پەیڕەوی ناوخۆ، پەرلەمانتاران مافیان هەیە داوای پێکهێنانی لیژنە بکەن لەسەر هەر بابەتێك کە بخوازێت، ئێمە لەو چوارچێوەیە دوو جار لە ماوەکانی رابردوودا جاری کۆتایی (39) پەرلەمانتار داوامان کردووە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی پەرلەمانی پێك بهێنرێت بۆ بەدوا داچوونی زیاد بوونی ئاماری هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گوماناوی، ئەمە گومانە، ئەمە ئەرکی پەرلەمانە بە دواداچوونی بۆ بکات، ئەم داواکارییە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دەبێت لەلایەن جەنابتانەوە بخرێتە کارنامەوە، ئەمە دوو، سێ مانگە ئەم داواکارییە دووبارە دەکەینەوە هەر ناخرێتە کارنامەوە، ئەگەر نایخەنە کارنامەوە بەپێی برگەیەکی تری هەمان ماددە دەتوانن بیخەنە دەنگدانەوە، بزانن بابەتەکە رەت دەکرێتەوە، یاخود نەخێر، لیژنەکە پێك دەهێنرێت، بۆیە تکا دەکەم لە جەنابتان ئەم بابەتە هەڵوێستێکی روون و وەڵامێکی روونمان پێ بدەن بزانین ئەم بابەتە بۆ یەکلا ناکرێتەوە، بەتایبەتی ئێمە لەبەردەم پرۆسەی هەڵبژاردنداین، یەعنی هەڵبژاردنێك ئەگەر ئامارێکی دروست کردو لەبەردەمدا نەبێت، بەڕاستی دەکرێت بڵێین هەڵبژاردنێکی نەزیە نابێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرۆکایەتی پەرلەمان بە نامەی رەسمی مفەوەزیەی هەڵبژاردنی ئاگادار کردۆتەوە لە هەفتەی داهاتوو وەفدێکی مفەوەزیەی هەڵبژاردن دێتە پەرلەمان، خۆشتان لە لیژنەکان لە هەر کەسێك دەتوانێت لەگەڵ مفەوەزیەی هەڵبژاردن دابنیشن لەوێ پرسیارەکانی خۆتان لێیان بکەن، ئەگەر بەدڵتان نەبوو دەتوانن ئێمە جارێکی تر قسەی لەسەر بکەینەوە، دەربارەی ئەو نوقتە نیزامەی ناسك خان، ناسك خان دوێنێش باسمان

لەوە کرد، ئەو جۆرە نوقتە نیزامانە حەق وایە بینە سەرۆکایەتی پەرلەمان لەوێ پێمان بڵێن، چونکە لە بەرنامەی کاردا نییە، سوپاستان دەکەین.
ئێستا ئێمە دێینە سەر بەرنامەی کار کە خاڵی یەکەم/ هەڵبژاردنی سەرۆکی دیوانی چاودێریی و دارایی لە هەرێمی کوردستان – عێراق.
بۆ ئەوە پێمان باشە سێ کەس لە لیژنەی قانونی بێن بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەو هەڵبژاردنە، سەرۆك و جێگرو کاك ئارامیش با بێت، کاك ئارام جەنابت لەگەڵ سەرۆك و جێگری لیژنەی یاسایی با بێن فەرموو، گوتمان لیژنەی یاسایی سەرۆك و جێگرو کاك ئارام با بفەرموون، خۆ جێگری لیژنەی یاسایی وەکو سەرۆکی لیژنەکە کارەکان دەکات، فەرموو بڕیاردەری لیژنەی یاسایی.
بەڕێزان، دیارە لەو ماوەی رابردوو ژمارەیەك لە خەڵکی شارەزاو پسپۆر ناوەکانی خۆیان پاڵاوت بوو، سیڤی خۆیان تەقدیم کرد بوو بۆ سەرۆکی دەستەی دیوانی چاودێریی دارایی، بۆیە ئێمە ناوەکانیان دەخوێنینەوە لەبەردەمی ئێوە:

1- طارق خورشید صالح.
2- ابوبکر صدیق عمر.
3- د.خالد عبدالکریم رشید.
4- هاوار رؤوف عمر.
5- عبدالکریم احمد قادر.
6- یاسین احمد عبدول.
7- سەردار قادر.
8- جەمال محمد عزت.
9- حمید حسن محمد.
10- د.محمد سلمان محمد.
11- خالد هادی چاوشلی.

بەڵام ژمارەیەك لەوانە ناوەکانی خۆیان دوایی کشاندۆتەوە، لەوانە (ابوبکر صدیق عمر) ناوەکەی خۆی کشاندۆتەوە، (عبدالکریم احمد قادر) سەحبی کردووە، (سەردار قادر احمد)یش سەحبی کردووە، جا ئەگەر کەسێکی تر هەیە، فەرموو کاك شێردڵ.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من (جمال محمد عزت)م تەرشیح کردەوە بۆ ئەو پۆستە، بەڵام لە بڕگەی دوو دیارە شمولی ئەوەی ناکات و بڕوانامەکەی موتابق نییە لەگەڵ ئەوە، بۆیە من پێم باشەو قسەشم لەسەر کرد کە ئەوانە داخلی هەڵبژاردن نەبن و سەحبی دەکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک ئارام.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(یاسین احمد عبدول) کە هەموو مەرجەکانی تێدایە، بەڵام وەکو فراکسیۆنی کۆمەڵ ئێمە ئەو کاندیدەی خۆمان سەحب دەکەینەوە بۆ بەرژەوەندی پاڵێوراوێک، کە هیوا دەخوازین بەشێوەیەکی سەربەخۆیانە کارەکانی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئەم ناوانە دەمێنێنەوە (طارق خورشید صالح، د.خالد عبدالکریم رشید، هاوار رؤوف، حمید حسن محمد، د.محمد سلمان، خالد هادی چاوشلی)، فەرموو کاک کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێك لەو کاندیدانەی کە سیڤیەکەی پێشکەش کرد بوو (هاوار رؤوف) بوو، لە وەڵامی سەرۆکایەتی وتیان مەرجی تێدا نییە، ئێستا ناوی هاتۆتەوە ناو ئەوە، یەعنی ئەوە تۆزێك ئیشکالات دروست دەکات بیخەینە هەڵبژاردن و لە کاتێکدا دوێنێ گوتوویانە نەخێر رەفز کراوەتەوەو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ئەو ناوانەی کە بۆمان هاتووە هەموو ناوەکانمان خوێندەوە، مومکینە هەندێکیان مودەی تەواو بووە بەڕاستی وایە، بەڵام ناوەکان هاتۆتە.........

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر نابێت بخرێتە دەنگدان و دواییش دەنگی پێ نەدەین، یەعنی ئەمە ئیشکالات دروست کردنە بەڕاستی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو پاڵێوراوانەی بەڕێزت ناوت خوێندنەوە، پێویستە دوو دەستە ناوەكانیان لابرێت، یەكەم/ئەوانەی بە فەرمی داوایان كردووە ناویان بكێشنەوە، دووەم/ ئەوانەی كە بە رەسمیەوە وەڵامتان داوەتەوە كە مەرجی یاساییان تێدا نییە، هەندێك لەوانەی خوێندتانەوە بە رەسمی وەڵامتان داوەتەوە كە مەرجیان تێدا نییە نەدەبوو ناویان بخوێندرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دكتۆر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا وا باش بوو كە بەرچاوی ئێمە رۆشن بكەن بەوەی كە بڵێن ئەوەندە كەس داوای كردووە ئەوەندەیان مەرجی تێدا نییە، ئەوەندەیان خۆیان داوای سەحبیان كردووە، ئەوەندەشیان ماونەتەوە بۆ موونافەسە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، بەڕاستی ئیلتیباسەكە لەوە هاتووە هی (هاوار رؤوف عمر) خۆی دەرچووی تیجارەیە، چونكە ئیدارەو ئیقتیصاد نییە، بۆیە شمولی ناكات، بەڵام تیجارە هەموو بەشەكان دەگرێتەوە، كەواتە شمولی دەكات، حەقی هەیە خۆی هەڵبژێرێت، یان دەنگی پێ دەدەن، یان دەنگی پێ نادەن، بە ئارەزووی خۆتان، فەرموو كاك كاردۆ.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی ئەو گرفتەی پەیوەندی بە وەڵامی سەرۆكایەتی پەرلەمانەوەیە كە وەڵامی داوەتەوە، بەڵام ئەگەر بە ئێمە بگوترا بوایە ئێمە لە دانیشتنەكە بڕیارمان دەدا كە سەحبی ئەو برادەرانە دەكەینەوە كە سیڤیان تەقدیم كردووە، لەبەر ئەوە گەیشتینە ئەو رەئیە كە ئەو برادەرەی ئێستا هەڵبژێردراوە پیاوێكی سەربەخۆیەو پێمانوایە هەموو لایەك پابەندی یاسا دەبێت تا ئەو كاتەی ئێمە پشتیوانی لێ دەكەین، لەبەر ئەوە قسە كرا لەسەر ئەوەی لە ئەنجومەنی چاودێرییەكە هەموو ئەوانەی سیڤیان تەقدیم كردووە دەرفەتیان بدرێتێ، بۆ ئەوەی لەوێ بەشدار بن لەو دامەزراوەی كە سەر بە پەرلەمانە، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو وەڵامە نەبوایە ئێمە سەحبەكەمان نەدەكردەوە، ئێستا چۆن بیخەینەوە دەنگدان كە دەزانین وەزعەكە چۆنە؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە ناوەکانمان خوێندۆتەوە، خۆ ناوەکەمان خوێنـدەوە، ئـەوەی کـە سـەحبی دەکاتـەوە دەتوانێـت سـەحبی بکاتەوە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، سەحبی دەکەینەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، فەرموو کاک حەمە سعید.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن سیڤیەکە دوێنێ هاتووە بۆمان بۆ فراکسیۆن، لەوانەیە زۆربەی زۆرمان نـەمان بـینی بێـت، دەبوایـە سـیڤی ئـەم بەڕێزانـە هـەمووی زوو بهاتبوایـەو دیراسـەمان بکردایـەو تـەحقیقیمان بکردایـەو هـەواڵمان بپرسیبایە لەسەر زانیاری مەعلومات بوایە، ئەمە خاڵی یەکەم.

خاڵی دووەمیش/ من وەکو پێشنیارێك ئەو کەسانەی کە ئێستا سیڤیان نـاردووەو هـەموویان مورەشـەحن و ئێستا تاك، تاك وا سـەحب دەکـەن حەقـە ئەوانـە بەڕاسـتی لـە دەسـتەکەدا بـبن، لـە دەسـتەی بـاڵای دیـوانی چـاودێریی داراییـدا یـەکێکیان سـەرۆك و ئـەوانی تـریش حەقـە بـبن مـادام موئـەهلات و پسـپۆری و سیڤیەکەیان موناسیبە بۆ ئەوەی خۆیان تەرشیح بکەن بۆ سەرۆك و، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ عیلاجی ئەم مقۆ مقۆیە، من داوا دەکەم نیو سەعات جەلسەکە تەئجیل بکرێت، (بـا پێشـنیازەکەی خـۆم تەواو بکەم)، نیو سەعات تەئجیل بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو برادەرانـەی کـە سـیڤیەکانیان نـەبینراوە لـەو نیـو سەعاتە دەکرێت ببینین، یان ئەگـەر موشـاوەرەیەکی تـر هەیـە بکرێـت و بـۆ ئـەوەی شـتەکان بـە دروسـتی بڕوات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ ئێمە دوو جار دانیشتووین موشاوەرەمان کردووە، بۆیـە تـەئجیلمان کـرد دوێـنێ لـە سـەعات (12)وە لەبەردەستان بـووە تـاکو ئـەمڕۆ سـەعات (11)ی پـێش نیـوەڕۆ، ئەگـەر (24) سـەعات نەتانخوێنـد بێتەوە، تازە چۆن ئەو سیڤیانە دەخوێنیەوە؟ یەك ئیشکال هەبوو ئـەویش کـاك هـاوار بـوو، ئیشـکالەکەمان حەل بوو، لیژنەی هەڵبژاردنەکە فەرموون دەست بەکار بن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیمكانە ناوەكان دووبارە بخوێندرێتەوە؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم ناوانەی خوارەوە ماون:

1- طارق خورشید صالح.

2- د.خالد عبدالكریم رشید.

3- حمید حسن محمد.

4- د.محمد سلمان محمد.

5- خالد هادی چاوشلی.

بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

ناوەكان:

1- طارق خورشید صالح.

2- د.خالد عبدالكریم رشید.

3- حمید حسن محمد.

4- د.محمد سلمان محمد.

5- خالد هادی چاوشلی.

داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەكەین یەكە، یەكە بێن بۆ لای مەنصە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك دكتۆر سەروەر.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وا باشترە ناوەكان بخوێندرێتەوە، وەكو هەڵبژاردنەكانی رابردوو، نەوەك لێرە بەبێ هیچ هینێك بچین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بەفرین خان.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەو پاڵێوراوانەی كە تەقدیم كراون (12) كەسە، یەكێك لەوانە بەڕێز (سیروان عدنان میرزا زەهاویە) نە ناوی خوێندرایەوە، نە سەحبیش كرایەوە، تكایە ئەگەر روون كردنەوەمان بدەنێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر لە پێشتر خۆی سەحب کردەوە، دەمێکە خۆی سەحب کردۆتەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ناوەکان:**

1- طارق خورشید صالح.

2- د.خالد عبدالکریم رشید.

3- حمید حسن محمد.

4- د.محمد سلمان محمد.

5- خالد هادی چاوشلی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوای تەواو بوونی ئەم دانیشتنە، داوا لە سەرۆکی هەموو فراکسیۆنە بەڕێزەکان دەکەین لە هۆڵی (140) دانیشتنمان هەیە، تکایە لەوێ ئامادە بن:

1- ئاراس حسین محمود.

2- ئارام شاهێن داود.

3- احمد ابراهیم علی احمد.

4- احمد سلیمان عبداللە.

5- اسماعیل محمود عبداللە.

6- ئاشتی عزیز صالح.

7- ئاهەنگ عارف رؤوف.

8- ئەڤین عمر احمد.

9- امیر گوگە یوسف.

10- امینە زکری سعید.

11- ئاواز عبدالواحد خضر.

12- ایوب نعمت قادر رحمان.

13- برهان رشید حسن.

14- د. بشیر خلیل توفیق.

15- بکر کریم محمد(ئاسۆ).

16- بەفرین حسین محمد.

17- بەیان احمد کۆچەری.

18- بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ.

19- پەروین عبدالرحمن عبدالله.

20- پەیام احمد محمد.

21- پەیمان عزالدین عبدالرحمن.

22- پەیمان عبدالکریم عبدالقادر.

23- پێشەوا توفیق مغدید.

24- تارا تحسین ئەسعەدی.

25- تارا عبدالرزاق محمد.

26- ثائر عبدالاحد اوغسطین.

27- جلال علی عبدالله.

28- جمال طاهر ابراهیم.

29- جهان اسماعیل بنیامین.

30- حازم تحسین سعید.

31- حمدیه معروف احمد.

32- حەمە سعید حەمە علی.

33- خلیل عثمان حمدامین.

34- خورشید احمد سلیم.

35- دانا سعید سۆفی.

36- دڵشاد حسین قادر.

37- رازاو محمود فرج.

38- رۆژان عبدالقادر دزەیی.

39- ڕێباز فتاح محمود.

40- زکیه سید صالح.

41- ژیان عمر شریف.

42- سالار محمود مراد.

43- سالم تۆما کاکۆ.

44- سمیر سلیم امین بەگ.

45- سمیرە عبدالله اسماعیل.

46- سۆزان شهاب نوری.

47- سۆزان یوسف خۆشابە.

48- سەردار رشید محمد.

49- سەرگوڵ رضا حسن.
50- سەروەر عبدالرحمن عمر.
51- سەرهەنگ فرج محمد.
52- سیوەیل عثمان احمد.
53- شلێر محمد نجیب.
54- شلێر محی الدین صالح.
55- شڤان احمد عبدالقادر.
56- شوان عبدالکریم جلال.
57- شۆڕش مجید حسین.
58- شەونم محمد غریب.
59- شێردڵ تحسین محمد.
60- شێرزاد عبدالحافظ شریف.
61- شیلان عبدالجبار عبدالغنی.
62- صباح بیت الله شکری.
63- صباح محمد نجیب.
64- صبیحە احمد مصطفی.
65- عبدالرحمن حسین ابابکر.
66- عبدالسلام مصطفی صدیق.
67- عبدالقادر اکرام جمیل.
68- عبدالله محمد امین.
69- عبدالله محمد نوری.
70- عبدالله حاجی محمود.
71- عدنان عثمان محمد.
72- علی حسین محمد.
73- عماد محمد حسین.
74- عمر عبدالرحمن علی.
75- عمر حمد امین خدر(نورەدینی).
76- عمر صدیق محمد.
77- عمر عبدالعزیز بهاءالدین.
78- عظیمة نجم الدین حسن.

79- عونى كمال سعيد بەزاز.

80- فاضل حسن اسماعيل.

81- فاضل محمد قادر(بەشارەتى).

82- فرمان عزالدين محمود.

83- ڤيان عبدالرحيم عبدالله.

84- قادر احمد سمايل.

85- قادر حسن قادر.

86- كاردۆ محمد پيرداود.

87- كاروان صالح احمد.

88- كاوه محمد امين.

89- كوێستان محمد عبدالله.

90- كەيلى اكرم احمد.

91- گوڵيزار قادر اسماعيل.

92- گۆران ئازاد محمد.

93- گەشه دارا جلال.

94- لانا احمد محمود.

95- لقمان سليمان حسن.

96- ليلى امير عاض.

97- محمد احمد على(شارەزوورى).

98- محمد دلێر محمود.

99- محمد موسى مصطفى.

100- ناسك توفيق عبدالكريم.

101- نەريمان عبدالله قادر.

102- نەژاد عزيز سورمێ.

103- نەسرين جمال مصطفى.

104- نيشتمان مرشد صالح.

105- هاژه سليمان مصطفى.

106- هاوڕاز شێخ احمد.

107- ياووز خورشيد عثمان.

108- يشار نجم الدين نورالدين.

109- فرست احمد عبدالله/سكرتێری پەرلەمان.

110- حسن محمد سوره/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان.

111- د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئامادە بووان ئەوانەی دەنگیان داوە (100) ئەندام، ئەوانەی ئامادە نەبوونە (11) ئەندام.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە ئەم ناوانە دەخوێنینەوە، ناوە غائیبەكان دەخوێنینەوە:

1- ئارام شاهین داود.

2- ئەڤین عمر احمد.

3- بەیان احمد كۆچەری.

4- سالار محمود مراد.

5- سمیر سلیم امین بەگ.

6- شلێر محی الدین صالح.

7- ڤیان عبدالرحیم عبدالله.

8- گۆران ئازاد محمد.

9- لانا احمد محمود.

10- هاوڕاز شێخ احمد.

ببوورن كاك یاووزمان بە غەڵەت لێداوە، كاك یاووز ئامادەیە بە غەڵەت لێمانداوە.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ناوی پاڵێوراوەكان دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خالد هادی چاوشلی/ 75 دەنگ.

حمید حسن محمد/ 7 دەنگ.

د.خالد عبدالكریم رشید/ 2 دەنگ.

د.طارق خورشید صالح/ 12 دەنگ.

وەرقەی سپی/ (4).

یەك وەرەقە باتڵە، ناوی خالد بە تەنیا نووسراو بوو.

کۆی هەمووی دەکاتە (101)، واتا کاك (خالد هادی چاوشلی) بوو بە سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمەش پیرۆزبایی لێ دەکەین، ئومێد دەکەین بەشێوەیەکی زۆر واقعیانە، بەشێوەیەکی زۆر دادپەروەرانە، بەشێوەی پیشەیی خۆی کارەکانی خۆی ئەنجام بدات، هەمیشە لە کارەکانی خۆی بەرژەوەندی میللەتەکەمان و یاساو ئەو کارانە ڕەچاو بکات کە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی میللەتەکەمان، فەرموو کاك دکتۆر سەروەر.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها بە مەبەستی ڕاستکردنەوە، چونکە ئەمە لە پرۆتۆکۆل دەنووسرێت، لەسەرەتادا بەڕێزتان ڕاتانگەیاند کە (100) کەس ئامادەن، بەڵام (101) کەس ئامادە بوون، کە کاك یاووز بوو، لە ڕاگەیاندنەکە (101) دەنگە، بۆ ئەوەی ئیشکال دروست نەبێت، ئەوە ئەگەر وەکو ڕاگەیاندن خۆتان چاکی بکەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چاکمان کردەوە، ئەوە جەنابیشت چاکت کردەوە باشتر، فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

هەرچەندە دکتۆر خالد دەرچوو پێویست بە ڕێکلام ناکات، بەس حەقیقەتێکی تاریخی هەیە من دەمەوێت لەسەر بابی ئەو پیاوە لە پەرلەمان داینێم، کاتێك بابی ئەو زەمانی قائیمقام بووە، عقوبەی خۆی داوە، چونکە سەعاتێك تاخیر بووە، هەتا ئەگەر لە پرۆتۆکۆل بیسڕنەوە، ئەوە حەز دەکەم بگوترێت بۆ تاریخ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان هەموومان دەزانین، فەرموون لیژنەی یاسایی بۆ خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان.**

**بڕگەی دووەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان/ خوێندنەوەی یەکەمی دوو (2) پێشنیاری یاسای هەموار کردنی حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو.**

**ئەم دوو پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، یەکەمیان/ لە (10) مادده پێکهاتووە لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندنی، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە:**

1- د.دانا سعید سۆفی.

2- سۆزان شهاب نوری.

3- د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی).

4- گۆران ئازاد محمد.

5- خلیل عثمان حمدامین.

6- اسماعیل محمود عبدالله.

7- عبدالسلام مصطفی صدیق.

8- رازاو محمود فرج.

9- بکر کریم محمد(ئاسۆ).

10- عمر صدیق محمد.

11- زەکیە سید صالح.

12- صبیحە احمد مصطفی.

13- ئاواز عبدالواحد خضر.

14- شڤان احمد عبدالقادر.

15- شوان عبدالکریم جلال.

16- شۆڕش مجید حسین.

17- شەونم محمد غریب.

18- شیلان عبدالجبار عبدالغنی.

19- د.سەروەر عبدالرحمن عمر.

20- گەشە دارا جلال.

21- کەیلی اکرم مەنتك.

22- کاوە محمد امین.

23- قادر حسن قادر.

24- قادر احمد سمایل.

25- ليلى امير عاض.

26- محمد دلێر محمود.

27- عماد محمد حسين.

28- نەژاد عزيز سورمێ.

29- على حسين محمد.

30- صباح بيت الله شكرى.

31- تارا عبدالرزاق محمد.

32- سميره عبدالله اسماعيل.

33- پەروين عبدالرحمن عبدالله.

34- لانا احمد محمود.

پرۆژەی دووەم/ بۆ هەموار كردنی هەمان یاسا لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، خۆی لە شەش مادده دەگرێتەوە لەگەڵ هۆیەكانی دەرچوواندنی، ئەو بەڕێزانەی كە واژوویان كردووە:

1- هاژە سليمان مصطفى.

2- سالار محمود مراد.

3- د.احمد ابراهيم على(وەرتی).

4- د.دانا سعيد سۆفی.

5- شێردڵ تحسين محمد.

6- فاضل حسن اسماعيل.

7- كاروان صالح احمد.

8- سالم توما كاكو.

9- جهان اسماعيل بنيامين.

10- بەفرين حسين خەليفە.

11- سۆزان يوسف خۆشابە.

12- عبدالرحمن حسين ابابكر.

(5) ئەندامی بەڕێز واژوويان كرد بوو، بەڵام واژووەكەی خۆيان سڕيوەتەوە، داوا لە سەرۆكايەتی پەرلەمان دەكەم ئەم دوو پڕۆژە ياسايە ئاراستەی ليژنە پەيوەنديدارەكان و ئەندامانی پەرلەمان بكات، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاراستەی لیژنـەی یاسـایی و پەرلـەمانتارە بـەڕێزەکان و وێنەیـەکیش بـۆ حکومـەت دەنێردرێـت، فـەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ماوەیەکی کەممان ماوە لەبەردەمی هەڵبژاردن، بۆیە پێشنیار دەکەم کە بەڕێزیشت پێشتر باست کرد کۆمسیۆنی باڵا هەفتەی داهاتوو دێنە پەرلەمان، ئێمە لەسەر ئەو پرۆژانـە دەبێـت قسە لەگـەڵ کۆمسیۆنی باڵا بکرێت، ئایا ئەگەر هەموار بکرێت، نابێتە هۆی دواخستنی هەڵبژاردن؟ یان دەبێت کاتێـك لـە دانیشتنی داهاتوودا کە گفتوگۆ دەکرێت لەسـەر ئـەم پـرۆژە یاسـایە بـە نووسـراو رای کۆمسیۆنی بـاڵا بـۆ ئەنـدامانی پەرلـەمان بخوێندرێتـەوە، کـە ئایـا ئـەم هـەموارە دەبێتـە هـۆی دواخسـتنی هەڵبـژاردن، یـان نـا؟ بـۆ ئـەوەی بەرچاومان روون بێت لە کاتی دەنگدان لەسەر هەموارەکەو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە پەیوەندی دەکـەین لەگـەڵ مفەوزەیـە بـزانین بـە چ ئاراسـتەیەك دەڕۆن، فـەرموو لیژنـەی یاسـایی بـۆ خاڵی دواتر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی سێیەمی بەرنامـەی کـار/ خوێندنـەوەی یەکـەمی پێشـنیاری یاسـای هـەموار کردنـی دووەمـی یاسـای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (4)ی ساڵی 2009. ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، خۆی لە چوار مادده دەگرێت لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندنی، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە:

1- سۆزان شهاب نوری.

2- د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی).

3- عونی کمال سعید بەزاز.

4- بکر کریم محمد(ئاسۆ).

5- ئاواز عبدالواحد خضر.

6- صبیحە احمد مصطفی.

7- شلێر محمد نجیب.

8- شیلان عبدالجبار عبدالغنی.

9- تارا تحسین ئەسعەدی.

10- ئامینە ذکری سعید.

11- علی حسین محمد.

12- كاوە محمد امین.

13- پروین عبدالرحمن عبدالله.

14- بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ.

15- تارا عبدالرزاق محمد.

داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان و ئەندامانی پەرلەمان بکات، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاراستەی لیژنەی یاسایی و ناوخۆ و پەرلەمانتارە بەڕێزەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، فەرموو بۆ خاڵی دواتر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی چوارەمی بەرنامەی کار/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای دەستەی یەکە پزیشکیە تایبەتییەکان لە هەرێمی کوردستان.

ئەم پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، خۆی لە (27) ماددە پێکهاتووە، لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندنی، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە:

1- سۆزان شهاب نوری.

2- د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی).

3- عونی کمال سعید بەزاز.

4- تارا تحسین ئەسعەدی.

5- بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ.

6- د.بشیر خلیل حداد.

7- کەیلی اکرم مەنتك.

8- ژیان عمر شریف.

9- تارا عبدالرزاق محمد.

10- پروین عبدالرحمن عبدالله.

11- نیشتمان مرشد صالح.

12- کاوە محمد امین.

13- ئامینە ذکری سعید.

14- علی حسین محمد.

15- نەژاد عزیز سورمێ.

16- ليلى امير عاض.

17- سميره عبدالله اسماعيل.

18- د.سەروەر عبدالرحمن عمر.

19- فاضل محمد قادر(بەشارەتی).

20- عماد محمد حسين.

داوا لە سەرۆكايەتی پەرلەمان دەكەم ئەم پرۆژەيە ئاراستەی ليژنە پەيوەنديدارەكان و ئەندامانی پەرلەمان بكات، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاراستەی ليژنەی ياسايی و تەندروستی و سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەكان دەكەم و، وێنەيەكيش بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان دەنێرين، فەرموون ليژنەی ياسايی بۆ شوێنی خۆتان، دانيشتنەكەمان كۆتايی پێ دەهێنين تا بەيانی سەعات (11)ی پێش نيوەڕۆ بە خواتان دەسپێرين، داوا لە سەرۆكی فراكسيۆنەكان دەكەين سەعات (1) لوتف بكەن لە هۆڵی (140) ئامادە بن، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د.حسن محمد سوره | د. ارسلان بايز اسماعيل |
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (33)**

**چوار شەممە رێكەوتی 19\6\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (33)

## چوار شەممە رێکەوتی 2013/6/19

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی 2013/6/19 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (33)ی خولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (33)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی 2013/6/19 دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنە روو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی ڕاگرتنی کارکردن بە یاسای بە کرێدانی خانووبەرە ژمارە (9)ی ساڵی 2008 بۆ ماوەی 2 ساڵ

2-خستنەروو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی 1992 ی هەموار کراو

3-خستنەروو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاو قەزا و ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (4) ی ساڵی 2009 ی هەموار کراو

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەست پێ ئەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارە دانیشتن (33)، ڕۆژی دانیشتن 2013/6/19، بەرنامەی کار، بە پێی حوکمەکانی برگە (1) ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1) ی هەموار کراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (33) ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2013/6/19 بەم شێوەیە بێت:

1-خستنە روو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی ڕاگرتنی کارکردن بە یاسای بە کرێدانی خانووبەرە ژمارە (9)ی ساڵی 2008 بۆ ماوەی 2 ساڵ

2-خستنەروو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی 1992 ی هەموار کراو

3-خستنەروو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاو قەزا و ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (4) ی ساڵی 2009 ی هەموار کراو

داوا لە لیژنەی یاسایی ئەکەین بفەرموون بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، نوێنەرێکی داراییش با بفەرمویّ بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، لیژنەی یاسایی فەرموو بۆ خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار

**بەرێز عونی کمال بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگەی یەکەمی بەرنامەی کار:

خستنە روو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی ڕاگرتنی کارکردن بە یاسای بە کرێدانی خانووبەرە ژمارە (9)ی ساڵی 2008 بۆ ماوەی 2 ساڵ

لە کۆبوونەوەکانی پێشوودا پێشنیاری ئەوە کرا کە بە پرۆژە داوا بکریّ دەربارەی کارنەکردن بە یاسای ژمارە (9) ی ساڵی 2008 وپێشکەشی پەرلەمان بکریّ، و لەئەنجامی گفتوگۆکان پێشنیارەکە پێشکەش کرا، و ڕاپۆرتی خۆمان لەسەر ئەو پێشنیارە کە ماوەکەی درێژ بکەین ئامادەمان کرد، ئێستا بۆتان ئەخوێنینەوە:

عقدت لجنه الشؤون القانونية اجتماعا بتاريخ 23 جوزردان 2712 كوردي المصادف ليوم 2013/6/13 ميلادي لدراسة مشروع قانون (ايقاف العمل باحكام قانون ايجار العقار رقم (7) لسنة 2008 المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال الى لجنتنا بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقم (30) والمنعقدة بتاريخ 2013/6/18، وبعد المناقشة والمداولة، هناك رئيان بشأن ايقاف العمل بالقانون

الراي الاول:

ايقاف العمل بالقانون لمدة سنة واحدة

الراي الثاني:

ايقاف العمل بالقانون لمدة سنتين

**بەرێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتەکە بە عەرەبیە بەس ئەیکەمە کوردی

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**ب/ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی**

لیژنەی کاروباری یاسایی کۆبۆوە لە ڕۆژی 23 جۆزەردانی 2712 کوردی بۆ تاوتویّ کردنی پرۆژە یاسای ڕاگرتنی کارکردن بە حوکمەکانی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (9) ی ساڵی 2008، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، ئاراستەی لیژنەکەمان کرا دوای ئەوەی خوێندنەوەی

**یەکەمی لە پەرلەمان بۆ کرا لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (30) لە رۆژی 2013/6/12 دوای گفتوگۆ کردن دوو ڕا لە نێوان ئەندامانی لیژنە هەبوو**

**ڕای یەکەم:**

**بۆ ماوەی یەك ساڵ کارکردن بەو یاسایە دوابخرێ**

**ڕای دووەم:**

**بۆ ماوەی دوو ساڵ کارکردن بەو یاسایە دوا بخرێ**

**راپۆرتەکەمان ئەخەینە بەردەم سەرۆکایەتی و ئەندامانی پەرلەمان بۆ دەنگدان، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو لیژنەی دارایی**

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پرۆژە یاسای ناوبراو بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان ژمارە (ك) 1093 لە 2013/6/17 گەیشتووە بە لیژنەکەمان، و لیژنەکەمان کۆنووسی ژمارە (424) ی پێ کردووە، و بە نووسراوی ژمارە (534) لە 2013/6/19 ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کردووە، ئەمەش دەقی کۆنووسەکەیە:**

**پەرلەمانی کوردستانی عێراق**

**لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری**

**کۆنووسی ژمارە (424) ڕێکەوتی 2013/6/18**

**ئاماژە بە نووسراوی بەڕێوەربەرایەتی کاروباری پەرلەمان ژمارە (ك) (1093) لە 2013/6/17 هاوپێچ لەگەڵ وێنەیەك لە دەقی پرۆژە یاسای درێژ کردنەوەی ماوەی جێ بەجێ کردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (9) ی ساڵی 2008، کە لە لایەن ژمارە یاسای ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی عێراق پێشنیار کراوە، و لە دانیشتنی ژمارە (30) ی ئاسایی رۆژی چوار شەممەی رێکەوتی 2013/6/12 پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەکەمان (424) مین کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا، لە بەرواری 2013/6/18 بۆ لێکۆڵینەوە لەم بابەتە، و بە زۆرینەی دەنگی ئامادە بووان گەیشتە ئەم بڕیارەی خوارەوە:**

**لەبەر هەستیاری ئەم پرۆژە یاسایە کە پەیوەندی راستەوخۆی بە خاوەن موڵك و کرێدارەوە هەیە لە هەرێمی کوردستان، لیژنەکەمان پەسندی دەقی هەرسێ ماددە یاساییەکەی ئەم پرۆژە یاسایە ئەکات، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو پێشنیارە، پێشنیاری یەکەم ئەڵێ بۆ ماوەی ساڵێك بێ، ئەوەیتر ئەڵێ بۆ ماوەی دوو ساڵ بێ، ئەو دوو پێشنیارە یەکە، یەکە بخرێتە دەنگدان تاکو بتوانین سیاغەی قانونەکەی ئامادە بکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆرینەی لیژنەی یاسایی لەگەڵ کامەیانن؟

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جیاوازی هەبوو لە کاتی گفتوگۆ کردن، بەلأم زۆرینە گەیشتنە ئەو رایەی بۆ ماوەی دوو ساڵ بێ

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کوێستان خان

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە پێویستە موناقەشەی ماددەکە بکرێ، چونکە رەئی تریش هەیە، راستە ئێمە بە دەنگدان موناقەشە کردنمان لەسەر هەموار کردنی یاساکە تەئجیل کردووە، بەلأم ئیلغامان نەکردووە، بۆیە من بۆخۆم پێم وایە پێویستە ئەو پێشنیارە بخرێتە بەردەمی ئەندامان کە ئایا بچینەوە سەر هەموارەکە و موناقەشەی بکەین؟ من لەگەڵ ئەوەم ئەو هەموارەی کە موناقەشەمان دەست پێکردووە بچینەوە سەری لەبەر ئەم هۆکارانە

1-هەموو کرێچیەکان پێی ڕازین، زۆربەی خاوەن موڵکەکان پێی ڕازین، قسە لەگەڵ خەڵکی خاوەن موختەص و بەرێوەبەری زەریبە کراوە یاساکەیان زۆر پێ باشە، بۆیە ناکرێ کە ئەم یاسایە بۆ دوو ساڵی تر هەڵپەسێرین لە کاتێکدا پێنج ساڵە هەڵپەسێردراوە، بۆیە پێشنیار ئەکەم کە ئێمە بەدەنگدان بچینەوە سەر هەموارەکە، و ئەو یاسایە هەموار بکەین نەك جارێکی تر تەئجیلی بکەین بۆ دوو ساڵی تر، لە کۆبوونەوەی پێشووش ئێمە ئیلغامان نەکردووە هەموارەکە، تەئجیلمان کرد، و ماددەیەکمان موناقەشە کردووە، بۆیە قابیلی ئەوەیە بچینەوە سەر موناقەشە ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە پێی ماددەی (56) برگەی دووەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئەو بابەتە حەسم بوو، لە ئەنجامدا ئەندامانی پەرلەمان زۆرینەیان داوای ئەوەیان کرد کە بە پرۆژە تەقدیم بکرێ بۆ ئەوەی جێ بەجێ کردنی یاساکە دوا بخرێ، واتە ئێستا تەنیا ماڤی ئەوەمان هەیە کە ئایا تەمدید بکرێ بۆ ماوەی ساڵێك یان دوو ساڵ بە گوێرەی ئەو راپۆرتەی پێشکەشی ئەندامانی پەرلەمان کرا، بۆیە پێشنیار ئەکەم یەکەمجار ساڵەکە بخرێتە دەنگدان، ئایا بۆ ساڵێك بێ؟ ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەوکات ئەچینە سەر پێشنیاری دووەم بۆ ماوەی دوو ساڵ**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێمە پێمان باشە بۆ یەك ساڵ یان دوو ساڵ هەر یەك دوو کەس قسە بکات، ئەوەی کە پێی باشە یەك ساڵ بێ، دوو کەس لەو بارە قسە بکات، ئەوەی پێی باشە یەك ساڵ بێ دوو کەس قسەی لە بارەوە بکات، لەسەر ئەوە یەك ساڵ بێ، کاك خورشید فەرموو**

**بەڕێز خوردشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یەعنی بەراستی جێگەی داخە پێنج ساڵە ناتوانین ئەو بابەتە یەکلایی بکەینەوە، پەرلەمان بەرامبەر ئەو کێشە بێ هەڵوێستە، ئیتر لەبەر هەر هۆیەك بێ نەمانتوانی ئەو ئیشە بکەین، ئێستا ساڵێك و دوو ساڵ، ئەگەر مەبەست ئەوەیە ئەو یاسایە قابیل نیە بۆ جێ بەجێ کردن با ئیلغای بکەین، ئەگەر ئەمانەوێ چارەی بکەین خۆ خەڵکێك هەیە بە نیازی ئەوەیە خاصەتەن خاوەن موڵك هەیە مەغدورە، هەیە مەسەلەن چاوی لێیە، هەیە بە نیازە چارەیەکی لێ بکرێ، راستە کرێچی زۆرترە لە خاوەن موڵك، بەڵام مەعنای ئەوە نیە هەمووکات زۆرینە نیشانەی ئەوەیە کە هەموو خەڵك لای ئەوانە....**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك خورشید موناقەشەکە لەسەر ئەوەیە یەك ساڵ بێ؟ ناچیتەوە موناقەشە جارێکی تر**

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەرێز، بۆ ئەوەی خەڵکی خاوەن موڵکیش ئومێدێکیان هەبێ کە ئەم بابەتە قابیلە بۆ چارەسەر کردن با ساڵێك بێ تا ئەو خەڵکەی بە دوامان دێت لەوانەیە بتوانن چارەیەك بۆی ببینن، و حەقەکە بگەڕێت بۆ هەردوو لا، بۆ کرێچیش، بۆ خاوەن موڵکیش، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك عبدالرحمن**

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ئەکەم ساڵێك بێ، بەڵام ئەو ساڵە بەشەرت لیژنەیەك دروست بکرێ لە ناو پەرلەمان، بەدوا داوچوون بکرێ لە ناو خەڵك، لەگەڵ کرێچی، لەگەڵ خاوەن موڵك، بگەنە ئەنجامێك بە باشی و بە ڕەزای هەردوو تەرەف پرۆژەیەك بێننە ناو پەرلەمان، ئینجا ئێمە موناقەشەی بکەین و بگەینە ئەنجامێکی باش بۆ ئەو خەڵکە، ئەو پرۆژە زۆر گرنگە، لە پەنجا و نۆوە تا ئێستا ئەو کێشە هەیە لە عێراق، بە تایبەت لە عێراق و کوردستانیش، چونکە ئەم کێشەیە پەیوەستە بە ژیانی خەڵك، ڕاستە تیجاریە، کرێچی تیجارەت ئەکات، ئەوەی بە کرێش ئەدات تیجارەت ئەکات، هەردووکی موستەفیدن، بەڵام ئەوە کێشەیە، ئێستا لە مەحکەمە زۆر کێشە هەڵپەسێردراوە کە لە ئینتیزاری ئێمەن، ئەو پرۆژە لە پەرلەمانە، دەری بکەین بۆیان و یەکلایی بێتەوە، یان خاوەنی موڵك هەموویان بە ئینتیزاری ئێمەن، من پێم وایە ئەگەر ئەم پرۆژە هەڵپەسێرین بۆ ماوەی ساڵێك بە شەرت لیژنە دروست بکرێ، لە پەرلەمان بەدوا داچوونی بۆ بکات، بۆمان پوخەتەیەکی بێنێ، ئێمەش هەمواری بکەین، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لەسەر مەسەلەی دوو ساڵی کێ ئەیەوێ دوو ساڵ بێ؟ ئەمانەوێ دوو کەس قسە بکات، کاك عمر عبدالرحمن فەرموو

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە یاسایەك لە پەرلەمان دەرچووە و پێویستە بچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، بەڵام ئەگەر بێتو لە ساڵحی خەڵك نەبێ و خەڵك سوودمەند نەبێ لەو یاسایە، هیچ پێویست ناکات ئەو یاسایە دەربچێ، ئەم یاسایە تەنیا خاس نیە بەوەی کە تەنیا مەحەلاتی تیجاری و ئەو شوێنانەی بۆ کار و کاسبی بە کاردێ شمول ئەکات، ئەم یاسایە خاسە بە نیشتەجێ بوونیش، ئاشکرایە لە کوردستان ئێستا یەکەی نیشتەجێ بوون بەردەوام دروست ئەکرێ، واپێئەچێ ساڵ بە ساڵ یەکەی زیاتر دروست بکرێ، ئەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئەو کێشەیە، بە نیسبەت یەکەی نیشتەجێ بوونەوە، دواتر ئەگەر لە دوای ئەو دوو ساڵە ئەو یاسایەش دەربچێ کێشەی نیشتەجێ بوون کەمتر بۆتەوە، کرێچیەکان سوودمەند ئەبن لێی، زەرەرمەند نابن، ئەمە بە نیسبەتی مەحەلاتی تیجاریەوە، ئەوەی کە باس لە سەرقفلی ئەکرێت و کرێچی دوکانی کڕیوە و پارەی داوە بەسەر قفلی، پێویستە سوود لە شوێنەکەی خۆی وەرگرێ بەقەدەر ئەو پارەی داویەتی بە خاوەن موڵك یان کڕیویەتی، ئاشکراشە ئەو موڵکانەی تازە دروست کراون لە ساڵی 2001 ەوە تا ئێستا قەراری بۆ درچووە ئەوانە هەمووی خازیعن بۆ قانونی مەدەنی، یەعنی ئەگەر ئەمە تەئجیلیش بێ بۆ دوو ساڵ هیچ تەئسیر ناکات لەسەر ئیستیسماری عەقاری لە کوردستان، چونکە ئەو موڵکە تازانەی ئێستا ئەکرێ و ئەچێتە کرێچیەوە، کرێچی و ساحیب موڵك بۆخۆیان ئیتیفاق ئەکەن لەسەر قانونی مەدەنی، لە لایەکی تر ئێستا مەحاکیم بەردەوام قانونی ئیجاری عەقاری ژمارە (87) ی ساڵی 2009 بە بەردەوامی بەکار

ئەهێنێ، بۆیە پێویستە بۆ ساڵحی کرێچیەکان، ئەوانەی پارەیان داوە، سەرقفڵیان داوە، بۆ ئەوەی سوودوەرگرن لە شوێنی خۆیان کە تیا ماون، و ڕاهێنانێکی زیاتریش ڕابێن بەرامبەر بەو یاسایەی کە لە موستەقبەل دەرئەچێ، پێم وایە ئەو یاسایە بۆ دوو ساڵ تەمدید بکرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جلال

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە وابزانم زیاتر لە دووجار بۆ ساڵێك تازەمان کردەوە، لە مانگی شەش بە داخەوە هەم کرێچی و هەم خاوەن موڵکیش و ئێمەش ئەندامانی پەرلەمان بیرمان ئەکەوێتەوە، و بە پەلە درێژی ئەکەینەوە بۆ ساڵێك، وای تێئەگەم بۆ پەرلەمانی داهاتوو ساڵی یەکەمی وەکو ئێمەی خولی سێیەم چەند مانگێگ هەر بە لیژنەکانەوە، لەبەر ئەوەی هەر ساڵی یەکەمی پەرلەمان زۆر زەحمەتە بتوانن ئەو یاسایە هەموار بکەنەوە و قسەی تیا بکەن، جگە لەوەش ئەو یاسایەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان و ئەو یاسایەش کە دەرچووە خانوو بۆ ئەو کەسانە دابین بکرێ کە مووچەکەیان کەمە، یان کریچین، وا تێئەگەم ئەو یاسایە و دروست کردنی ئەو یەکەی نیشتەجێ بوونانە لەوانەیە موعادەلەکە بگۆڕێ، بۆ ئەوەی کرێچی کەم بێتەوە، و خاوەن موڵك و کرێچی لە نێوان یەك ڕێکبکەون، لەبەر ئەوەی پشتگیری ئەوە ئەکەم بۆ دوو ساڵ بێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی یەك، یەك بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، کاك کاردۆ نوقتە نیزامە؟ قسە کردن لەسەر ساڵێك و دوو ساڵ نیە، فەرموو

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو روون کردنەوەی کاك عەمەر دای، ئێمە ئەم یاسایە هەڵدەپەسێرین، ئەم یاسایە کە هەڵدەپەسێردرێ......

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نابێ وەڵامی ئەو بدەیتەوە، نابێ، ناوت هێناوە، تۆ وەڵامی ئەو دەدەیتەوە

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

پرسیارێکم هەیە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

كاتێ ئەو یاسایە ئێمە تەئجیلی ئەكەین چ یاسایەك لە كوردستان جێ بەجێ ئەبێ؟ یاسای كۆن جێ بەجێ ئەبێ، ئەمەوێ ئەوە بڵێم، ئێستا هەم قانونی مەدەنی جێ بەجێ ئەبێ، هەم ئەم روون كردنەوەش دەلالەتی ئەوە بوو كە هیچ كێشەمان نیە، چونكە قانونی مەدەنی جێ بەجێ ئەكرێ، ئەمە ئەبێ لیژنەی یاسایی روون كردنەوە بدات، كاتێ ئەوە هەڵدەپەسێرین هیچ یاسایەكی تر جێ بەجێ نەكرێ جگە لە یاسای (79)، وایە كاك عەونی؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وابزانم پێویست ناكات ئێمە جوابی بدەینەوە، پرۆژەكە لەبەردەممانە، حەسر كرایە ئایا تەمدیدەكە بۆ ماوەی ساڵێك بێ یان دوو ساڵ؟ ئێستا موناقەشە لەسەر ئەوەیە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

یەك، یەك بیخوێنەوە با بیخەینە دەنگەوە

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ماوەی ساڵێك بەو شكلەیە:

المادە اولى:

تمدد فترە ایقاف العمل باحكام قانون ایجار العقار رقم (9) لسنە 2008 لغایە 2014/7/15

ئەوە بۆ ساڵێكە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە بۆ ساڵێكە كێ لەگەڵ دایە؟ (5) كەسە، كێ لەگەڵ نیە؟ دیارە زۆرینە لەگەڵ نەبوو، فەرموو

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ماوەی دوو ساڵ:

المادە اولى:

تمدد فترە ایقاف العمل باحكام قانون ایجار العقار رقم (9) لسنە 2008 لغایە 2015/7/15

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ (54) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ (20) کەس لەگەڵ دا نیە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئومێد ئەکەین.....فەرموو کاک عەونی

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عینوانی قانونەکەی بەو شکلەی ئەبێ:

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک جمال

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مولاحەزەم نووسیە بۆ لیژنەی یاسایی، عینوانەکە قانون (ایقاف) نابێ، (قانون تمدید ایقاف العمل) ئەبێ، چونکە ئەگەر بێتو ئیقاف بێ مەعنای ئەوەیە ئەوەستێ، نا، خۆی لە ئەسڵدا وەستاندیە، ئێمە چی ئەکەین؟ درێژە ئەکەین، سوپاس

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی کاک جمال راستە، (قانون تمدید ایقاف العمل بقانون ایجار العقار رقم (9) لسنه 2008 في اقليم كوردستان - العراق

ماددەی دووەمی قانونەکە

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون

ماددەی سێیەم

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان)

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، ئەومێد ئەکەین ئەوە لە ساڵحی.......هەموو قانونەکە کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ (20) کەس لەگەڵ دا نیە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئومێد ئەکەین ئەمە ببێتە هۆی چارەسەر کردنی هەندێ لە کێشەکانی ئێستا دروست بووە لە شارەکانی کوردستان، ئێستا دێینە سەر خاڵی دووەمی بەرنامەی کار (خستنەروو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی 1992 ی هەموار کراو)، فەرموو، لیژنەی ناوخۆ نوێنەرتان فەرموو بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، فەرموو

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگەی دووەمی بەرنامەی کار:

**خستنەروو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی 1992 ی هەموار کراو)،**

**دوو پرۆژە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کرابوو بۆ هەموار کردنی حەوتەمی یاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی 1992، و لە ئەنجامی ئاراستە کردنی بۆ لیژنەکانی پەیوەندیدار و ئەندامانی پەرلەمان هەردوو لیژنە دوێنێ ئێوارێ کۆبوونەوەی خۆمان ئەنجام دا، و توانیمان ڕاپۆرتێکی ئەتوانم بڵێم بە تەوافق ئامادەی بکەین بۆ هەردوو پرۆژەکە کە ئێستا لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمان دایە، تەنیا خیلافمان هەبوو لەسەر بابەتێك ئەویش ئایا کوردستان ببێتە یەك بازنە یان سێ بازنە، تەبیعی لە ئەسلی قانونەکە یەك بازنەیە، ئێمە هێشتمان ئەو بابەتە بۆ ناو هۆڵێ پەرلەمان، بابەتەکانی تری پرۆژەکان هەردوو پرۆژە کۆکراوە، لە ڕاپۆرتی خۆمان ئەتوانم بڵێم بە شێوەیەکی گشتی بە تەوافق بوو، هیچ کێشەمان نەبوو، ئێستا ڕاپۆرتەکان ئەخوێنینەوە**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان-العراق**

**م/ تقرير مشترك حول مشروع قانون (التعديل السابع للقانون رقم (1) لسنة 1992)**

**اجتمعت لجنة (الشؤون القانونية) و ( لجنة الداخلية والامن و المجالس المحلية) بصورة مشتركة بتاريخ 28 / جۆزەردان / 2713 كوردي المصادف ليوم 2013/6/18 ميلادي لدراسة مشروعي قانون (التعديل السابع للقانون رقم (1) لسنة 1992) المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان و المحال الى اللجان المعنية بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (32) فى 18/ 6 /2013 ، بعد المناقشة و المداولة توصلت اللجنتان الى ما يلي:**

**المادة الاولى:**

**تعدل المادة (الثانية) من القانون و تقرأ كألاتي:**

**المادة (الثانية):**

**يجرى الانتخابات بالاقتراع السري المباشر وفق نظام القائمة المفتوحة المحدودة.**

**المادة الثانية:**

**تعدل الفقرة (اولاً) من المادة (السادسة مكررة) من القانون و تقرأ كالآتي:**

**المادة (السادسة) مكررة:**

**اولاً: تحل المفوضية العليا المستقلة للانتخابات محل الهيئة العليا لانتخابات برلمان كوردستان – العراق الواردة في هذا القانون للاشراف على انتخابات البرلمان و اداراتها بموجب احكام الفقرة (4) من المادة (2) من قانون المفوضية العليا للانتخابات رقم (11) لسنة 2007.**

**المادة الثالثة:**

**تلغى المادة (السابعة عشرة) من القانون.**

**المادة الرابعة:**

**تعدل المادة (التاسعة و العشرون) من القانون و تقرأ كالآتي:**

**المادة (التاسعة و العشرون):**

**1- بعد التأكيد من اهلية الناخب، يتم تسليمه البطاقة الانتخابية و تأشير اسمه و ارشاده الى الموقع المحدد للتصويت.**

**2- يقوم الناخب بالتأشير على اسم احدى الكيانات السياسية المدونة في البطاقة الانتخابية كذلك التاشير على اسم احد المرشحين من نفس الكيان او الاكتفاء بالكيان السياسي وحده.**

**3- للناخب الذي لا يستطيع القراءة و الكتابة ان يستعين بمن يختاره لأملاء البطاقة الانتخابية.**

**4- لا تقبل النيابة بالتصويت في الانتخابات.**

**المادة الخامسة:**

**تعدل المادة (الثلاثون) من القانون و تقرأ كالاتي:**

**المادة (الثلاثون):**

**1- يتولى رئيس لجنة المركز الانتخابي حفظ النظام في مركزه، وله ان يستعين بالشرطة المحلية التابعة لوزارة الداخلية في الاقليم حصراً و ان يتخذ من الاجراءات ما يكفل ضمان حسن سير الانتخابات و سلامتها.**

**2- لا يجوز لقوى الامن الداخلي و المسلحين الدخول الى المراكز الانتخابية الا بناء على طلب من رئيس اللجنة.**

**بەرێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة السادسة:**

**تعدل المادة (الخامسة و الثلاثون) من القانون و تقرأ كالآتي:**

**المادة (الخامسة و الثلاثون):**

**تقوم لجان المراكز الانتخابية بتنظيم المحاضر الموقعة من قبلها بنتائج التصويت و ترفق بها كافة الوثائق الخاصة بالعملية الانتخابية و تودع في ظرف مغلق و مختوم بختمها لايداعها الى الهيئة العليا. و يتم تزويد الكيانات المشاركة في الانتخابات بنسخة من المحضر النهائي موقعاً من قبل ممثلي الكيانات المشاركة.**

**المادة السابعة:**

**تعدل المادة (السادسة و الثلاثون) من القانون و تقرأ كالآتي:**

**المادة (السادسة و الثلاثون):**

**اولاً: يتم تحديد المعدل الانتخابي وفق الآلية التالية:**

**1- يقسم مجموع الاصوات المقترعة للمكونات المشار اليها في المادة (36 مكررة) من هذا القانون على عدد المقاعد المخصصة لكل مكون لاستخراج المعدل الانتخابي له.**

2- تقسم الاصوات المتبقية على عدد مقاعد البرلمان بعد طرح عدد المقاعد المشار اليها في (1) اعلاه، لاستخراج المعدل الانتخابي للكيانات غير المشمولة باحكام المادة (36 مكررة) من هذا القانون.

ثانياً: يتم تحديد عدد المقاعد التي فاز بها كل كيان وفق الآلية التالية:

1- تقسيم الاصوات التي حاز عليها كل كيان على المعدل الانتخابي، المستخرج وفق الفقرة (اولاً) اعلاه، لتحديد عدد المقاعد التي فاز بها الكيان المعني.

2- في حالة عدم حصول اي كيان يتنافس على المقاعد المشار اليها في المادة (36 مكررة) على المعدل الانتخابي، يمنح مقعد واحد للكيان الذي حصل على اكثر الاصوات، ضمن المكون.

ثالثاً: تؤول المقاعد الشاغرة نتيجة لحصول بقايا لا تصل الى المعدل الانتخابي الى الكيانات التي حصلت على اكبر البقايا و على التوالي.

**بەڕێز شۆڕش مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

تعدل المادة (السابعة و الثلاثون) من القانون و تقرأ كالاتي:

المادة (السابعة و الثلاثون):

اولاً: يتم توزيع المقاعد التي فاز بها كل كيان وفق التسلسل التالي:

1- يتم منح مقعد لكل مرشح حصل على المعدل الانتخابي المستخرج وفق احكام الفقرة (اولاً) من المادة (36) المعدلة من هذا القانون، حسب الاصوات التي حصل عليها كل منهم.

2- تتم اعادة ترتيب اسماء بقية مرشحي الكيان حسب الاصوات التي حصل عليها كل منهم و تمنح بقية المقاعد لهم ابتداء من الحاصل على اعلى الاصوات الى ان يتم تحديد كافة المقاعد التي حصل عليها الكيان.

ثانياً: في حالة عدم تحقق النسبة المخصصة للنساء و الواردة في الفقرة (1) من المادة (22) من القانون، يتم تقديم العدد المطلوب من النساء من بين الفائزات المشار اليهن في (اولاً/2) اعلاه حسب الاصوات التي حصلن عليها.

ثالثاً:1- تعلن الهيئة العليا النسبة المئوية التي حصل عليها كل كيان و المقاعد البرلمانية التي فاز بها.

2- تعلن الهيئة العليا اسماء الفائزين بعضوية برلمان كوردستان – العراق.

تضاف المادة التالية الى القانون:

المادة التاسعة:

في حالة خلو اي مقعد، يتم املاءه من بين مرشحي الكيان الذي يعود اليه المقعد و ذلك وفق الآلية التالية:

يتم اعتماد عدد الاصوات التي حصل عليها المرشحون لملأ المقعد الممنوح وفق (اولاً/2) من المادة (37) المعدلة من هذا القانون، و في حالة تساوي الاصوات يتم ملئ المقعد الشاغر حسب تسلسل الاسماء في القائمة الاصلية.

**بەڕێز نەریمان عبداللە:**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

المادة العاشرة: نقترح الغائها لانها معالجة في المادة (الثانية) من المشروع لتعلقها بالمادة (58) من القانون.

له ئەسلی ئەوەی پێشکەش کراوە ماددەی (61) نووسراوە، بۆیە هەڵەیەك له لایەن پێشکەشکارانەوە بە رەقەمەکە هاتووە، ماددەی (58) ە نەك (61)،

هناك اقتراح باضافة مادة الى المشروع بـ ( جعل كوردستان – العراق) ثلاث دوائر انتخابية بدلاً من (دائرة انتخابية واحدة) الواردة في اصل القانون.

بەڕێز بكر كريم (ئاسۆ):

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

اضافة المواد البروتوكولية الى المشروع:

المادة (     ) :

لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة (     ) :

على مجلس الوزارء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة(     ):

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

الاسباب الموجبة

تماشياً مع متطلبات النظام الانتخابي الجديد لبرلمان كوردستان - العراق، فقد شرع هذا القانون.

راجين التفضل بالاطلاع و عرض المشروع و تقرير المشترك على البرلمان للمناقشة و ابداء الرأي المناسب و التصويت.

بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:

فەرموو کوێستان خان

بەڕێز کوێستان محمد:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بەڕێزتان دوێنێ بەڵێنتان پێداین کە ئەمڕۆ رای کۆمیسیۆنی بالآمان پێ بڵێن لەسەر ئەوەی ئایا ئەو هەمواره ئەبێتە هۆی تەئجیل کردنی هەڵبژاردن یان نا؟ تکایە ئەگەر ئەو رایەتان دەست کەتووە پێمان بڵێن، سوپاس

بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:

کوێستان خان لە بارەی وەڵامی ئەو پرسیارەی تۆ خۆم قسەم لەگەڵ کاك سیروان کرد لە مفەوەزیەی بەغدا، قسەشم لەگەڵ دکتۆر عەلی کرد، دکتۆر عەلی جوابی دامەوە بە رەسمی وتی ئەگەر نیهاتی ئەم هەفتەیە،

یەعنی ئەو یەك، دوو ڕۆژە دەرچێ قابیلی ئیش پێکردنە، لەبەر ئەوە موناقەشەکان کورت بکەنەوە بۆ ئەوەی ئەمڕۆ دەری بکەین، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەواتە ئەبێ ئێمە کۆبوونەوەکانمان بەردەوام بێ، ئەمڕۆ و سبەینێش هەتا یاساکە دەرئەکەین، بۆ ئەوەی نەکەوێتە هەفتەی داهاتوو، بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی تەئجیل کردنی ئینتیخابات، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جا خۆ من قسە ناکەم، ئێوە قسە ئەکەن، پوخت قسە بکەن، موناقەشەکان چڕ بکەنەوە، بۆ ئەوەی تەواوی بکەین، ئەوە ڕاپۆرتەکەش بە ئیتیفاق نووسراوە، موشتەرەکە، زۆر کەم قسەی لەسەر بکەن، فەرموو

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵام دانانی بەرنامەی کار لە دەستەڵاتی بەڕێزتانە، ئەگەر ئەمڕۆ تەواومان نەکرد ئەکرێ سبەینێ و ئەمڕۆ ئێوارەش دابنیشین بۆ ئەوەی تەواوی بکەین، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێوارە مەوعیدێکی ترمان داناوە، بەراستی ناتوانین ئەمڕۆ ئێوارە، بەڵام ئەتوانین بەیانی، موختەسەر قسە بکەن، ناکرێ؟ تەواو، فەرموو ناسك خان

**بەڕێز ناسك توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر مولاحەزەی ئەوە بکەین ئەو یاسایە ئەچێتە لای سەرۆکی هەرێم ئیمزا ئەکرێ دواتر لە وەقائیع بلاْو ئەبێتەوە، ئایا ئەوەی کۆمیسیۆن ناکات عوزر بلێ 15 ڕۆژ ڕۆیشتووە؟ چونکە ئەبێ حیسابی ئەوەش بکرێ بەراستی.........

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ بلێین من تاریخ ئیسداریەی، لەسەر ئەوە ئیقرار بکەن، فەرموو دکتۆر سەروەر، ئێستا ئێوە بەم نوقتە نیزامانە وەقتەکە ئەکوژن بەراستی

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وێڕای دەست خۆشیم لە بەڕێزتان بۆ زوو دەرکردنی ئەم یاسایە، و زوو گفتوگۆ کردن لەسەری، بەڵام بۆ ئەوەی زەمینە باشتر بێ لە مەسەلەی هەڵبژاردن ئێمە بەر لە نزیکەی زیاد لە 2 هەفتە ئەو یاداشتەمان

پێشکەش کردبوو بە بەرێزتان کە داوای ئەوەمان کردبوو لەسەر مەسەلەی ئامارەکان لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکبێت....

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەروەر ئەوە لە بەرنامەی کار نیە، دوێنێش دوو، سێ جار پێمان وتن ئەوە لەبەرنامەی کار نیە حەقتان نیە نوقتەی نیزامی وەرگرن، ئەوە موخالەفەی نیزامە بەقوریان، سەرۆکایەتی پەرلەمان کیتابی کردووە بۆ مفەوەزیە، مفەوەزیە هەفتەی داهاتوو دێ لەبەر دەمی خۆتان لە لیژنەکان قسەتان بۆ ئەکات ئەو کات رەئی خۆتان تەقدیم بکەن

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەیوەندیدارە بە هەڵبژاردنەوە، بۆیە ئەگەر ئەوە نەکرێ پێمان وایە ئیشکال دروست دەبێت.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوتان بنووسم؟ ئێوە مەسئولن لە تاخیر بوونی دوایی، ئێمە لە سەرۆکایەتی مەسئول نین بەراستی، فەرموو کاك عەونی

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەکەین راپۆرتەکەمان ببێتە بەرنامەی کار بۆ گفتوگۆ کردن تا سوود وەرگرین لە وەقت

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو راپۆرتەی لیژنەی هاوبەش نووسیویانە بکرێ بە ئەساس، کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ فەرموو مادده ، مادده بیخوێننەوە بۆ ئەوەی موناقەشەی لەسەر بکەین

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

تعدل المادة (الثانية) من القانون و تقرأ كألاتي:

المادة (الثانية):

يجرى الانتخابات بالاقتراع السري المباشر وفق نظام القائمة المفتوحة المحدودة.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی، تکایە بێدەنگی بپارێزن، لای خۆتانەوە قسە مەکەن، کێ ئەیەوێ قسەی لەسەر بکات تا ناوی بنووسین، انشالله کەس نیە، تەنیا (2) کەس، (دکتۆر ئەحمەد و هاژە خان)، کەسی تر هەیە؟ (دکتۆر ڕێباز)، ( گوڵیزار خان)، کاك عبدالقادر، ئاشتی خان، فەرموو دکتۆر ئەحمەد

**بەڕێز د.احمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە ماددەکە ئەکەم، بەڵام نوقتەی نیزامی پێشترم لەسەر ئەوە بوو ئەم راپۆرتە لەسەر دوو پرۆژە یاسایە، بەڵام زیاتر ئیعتیمادی کردۆتە سەر یەکیان لە ماددەکان کە ئاماژەی بە ماددەکان کردووە،، بۆیە.....

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەسویتی لەسەر کرا، ئیتر موناقەشە نیە، ئەمە بووە بە ئەساس و موناقەشە نیە

**بەڕێز د.احمد وەرتی:**

....بە شێوەیەکی گشتی من پشتیوانی لەوە ئەکەم کە سیستەمەکە ببێتە نیمچە کراوە، بەڵام لێرە ئەڵێ (یجری الانتخابات)، تەبعەن (تجری الانتخابات) ە، ئەوە لە لایەنە لوغەویەکەیەوە راست بکرێتەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاژە خان، هەریەکی یەك دەقە حەقتان هەیە قسە بکەن

**بەڕێز هاژە سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە شێوەیەکی گشتی پشتگیری لەوە ئەکەین لیستی داخراو ببێتە نیمچە کراوە، لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان لەبەر ئەوەی لیستی نیمچە کراوە زیاتر دیموکراسی ترە، و حەق بە خەڵك ئەدات زیاتر کە خۆیان هەڵبژێرن، و لە ناو ئەو لیستە بە مافی خۆیان دەنگەکان بە دەست بێنن، بتوانن بگەنە پەرلەمان و کورسی بەدەست بێنن، خاڵی دووەم، لەبەر ئەوەی ئەو کەسە زیاتر ئازاد ئەبیت لە بیروڕاکانی و مافی ئەوەی هەیە زیاتر دیفاع لە مافی خۆی بکات، و یەك ئیقتیراحم هەیە بۆ ئەوە بکرێتە (شبە مفتوحە) نەك (المفتوحە المحدودە) یەعنی بەو شێوەی بێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ڕێباز

**بەڕێز ڕێباز فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە یاسای هەمواری هەڵبژاردنە، من بە پێویستی ئەزانم هەموارەکە لە ماددەی یەکەمەوە دەست پێ بکات، لە تەحدید کردنی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانەوە کە بە (111) ئەندامی داناوە، و تەحدید بکرێ بەوەی کە بۆ هەر (50) هەزار کەس یەك نوێنەر دابنرێ، بۆ؟چونکە هیچ هۆکارێکی دیاری کراو نیە کە ئەم (111) ئەندامە وەکو خۆی بمێنێتەوە، و ئەکرێ کەم بکرێتەوە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گوڵێزار خان.

**بەرێز گوڵیزار قادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی یەکەم کە هەمواری ماددەی دووەمی یاساکەیە پشتیوانی ئەو هەموارە ئەکەم و پێم باشە هەڵبژاردن بە پێی سیستەمی لیستی نیمچە کراوە بێ، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك عبدالقادر**

**بەرێز عبدالقادر اکرام:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تەبیعی ئێمە لە فراکسیۆنی چاکسازی تورکمان و بزووتنەوەی چاکسازی تورکمان ئێمە لەگەڵ سیستەمی نیمچە کراوەین، چونکە زیاتر دیموکراسی ترە، و زیاتر وا ئەکات ئەوانەی خۆیان ئەپاڵێون بە ئازادی بێ ئەوە کەیان، فەقەرەیەکی ترمان هەیە ئەبێ ئەوەی بکەین، ئێمە ئەبێ 30٪ مافی ئافرەتان زامن بکەین، چونکە بەراستی**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو ئاشتی خان**

**بەرێز ئاشتی عزیز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تێبینیەکانم کاك رێباز وتی، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو دکتۆر عومەر**

**بەرێز د.عمر نورەدینی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من کورتی ئەکەمەوە، هەر ئەوەندە ئەڵێم کە پشتیوانی لە ناوەڕۆکی ماددەکە ئەکەم، لەبەر ئەوەی لەگەڵ پیادە کردنی مافی دەنگدان بە شێوەیەکی دیموکراسیانە باشتر و چاکتر ئەگونجێ، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو دکتۆر دانا.**

**بەرێز د. دانا سعید سوفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەكانی من كرا، تەنیا ئەوە ئەڵێم پشتیوانی لەوە ئەكەم، لەبەر ئەوەی گۆڕینی سیستەمی هەڵبژاردنەكە بۆ نیمچە كراوە زیاتر ڕۆڵی هاووڵاتیان بەرجەستە ئەكات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو لیژنەی یاسایی

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر تیبینی بكەین.......

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

چیە كاك شێرزاد؟ فەرمووو نەقتە نیزامە؟

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ:**

**بەڕێز سەرۆك پەرلەمان.**

جەنابت داوای ئەوەت كردووە كە موناقەشە لەسەر ماددەكە بكەین نەك تەئیدی بكەین یان دژی بین، ئەوەی من ئێستا گوێم لێ بوو بەس كاتەكە ئەكوژین

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەی كاك شێرزاد زۆر راستە، راپۆرتەكەمان خۆی ئەڵێ سیستەمەكە بوویتە نیمچە كراوە، واتە ماددەكە بەو ........

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو دكتۆر عومەر نوقتەی نیزامە؟

**بەڕێز عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

حەقی ئێمەیە بڵێین لەبەر ئەو هۆكارانە تەئیدی ناوەرۆكی ماددەكە ئەكەین، بەراستی موناقەشە ئەوەیە، لەبەر ئەوەی دژ نیم، لەبەر ئەوە تەئیدی ئەكەم، بۆیە هیچ پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆ نیە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك عدنان

**بەڕێز عدنان عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە زۆریش پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە، لەبەر ئەوەی ئەگەر وابێ (110) ئەندام ئەتوانێ بڵێ من بەس لایەنگری ئەو فەقەرەیە ئەكەم، مەفروزە بۆ قسە كردن لەسەر ماددەیەك رەئی جیاواز بوترێ،

ئەسلی ماددەکە ئەوەیە لیژنەکە سیاغەی کردووە، ئەگەر رەئیەکی جیاواز هەیە ئەبێ بیڵێی، ئەگەر تەئیدی رەئی لیژنەکە ئەکەی ئیشکالیەت لەسەری نیە، هەموو پابەندە پێیەوە، ئیتیفاق لەسەر ئەوە کراوە ببێ بە ئەساس، چونکە هەر هەمووومان ئەتوانین دەست بەرز بکەینەوە و بڵێین پشتگیری ئەو ماددەیە ئەکەین

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

تعدل المادة (الثانية) من القانون و تقرأ كألاتي:

المادة (الثانية):

تجرى الانتخابات بالاقتراع السري المباشر وفق نظام القائمة المفتوحة المحدودة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر، دکتۆر ڕێباز فەرموو نوقتەی نیزامت هەیە؟

**بەڕێز ڕێباز فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس قسەکەی من و ئاشتی خان جیاواز بوو، کە قسەیەکی جیاوازمان کرد لەو ماددەی هەبوو، بەلأم وەرنەگیرا، کەواتە قسە جیاوازەکەش بکەی هەر وەرناگیرێ، پێشنیازەکەی ئێمە چی بەسەر هات؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە بەرنامەی کار نیە، فەرموو کاك عەونی

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەردوو پرۆژە، ئەو پیشنیارەی کە کاك دکتۆر ڕێباز کردی تێدا نەبوو، بۆیە باسمان نەکرد

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بۆ ماددەی دووەم

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

تعدل الفقرة (اولاً) من المادة (السادسة مكررة) من القانون و تقرأ كالآتي:

المادة (السادسة) مكررة:

اولاً: تحل المفوضية العليا المستقلة للانتخابات محل الهيئة العليا لانتخابات برلمان كوردستان – العراق الواردة في هذا القانون للاشراف على انتخابات البرلمان و اداراتها بموجب احكام الفقرة (4) من المادة (2) من قانون المفوضية العليا للانتخابات رقم (11) لسنة 2007.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە تا ناوی بنووسم؟ نیە شوكر؟ كاك پێشەوا پیاوی چاك بەو قسە مەكە، فەرموو

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینی من ئەوەیە لە دواي (المفوضية العليا المستقلة للانتخابات) ئەگەر عێراقیەی بۆ زیاد بكرێ، چونكە باس لەوە بكەین كە مفەوەزیەی عولیای موستەقیلەی ئینتیخاباتی عێراق شوێنی ئەوەی هەرێمی كوردستان ئەگرێتەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عوني

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیجاب ناكات، لەبەر ئەوەی ئیشارەتمان دایە بە قانونی ئینتیخاباتی عێراقی، كێ هەڵدەستێ؟ (المفوضية العليا المستقلة للانتخابات)، عیراقیە، بەڵام سكرتێری پەرلەمان پێشكەش كرا بە نووسین، ئەڵێ ئەوە ئیزافە بكرێ لەسەر ئەخیری ماددەكە، (لحين تشكيل الهيئه العامه مسستقله للانتخابات في اقليم كوردستان)، ئەگەر پێتان باشە ئەوە ئیزافە بكەین

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەی بەڕێز سكرتێری پەرلەمان تەقدیمی كردووە كارێكی باشە، ئێمە بە ئومێدی ئەوەین لە داهاتوو مفەوەزیەی عولیای ئینتیخاباتی كوردستان پێك بێنین، ئەوكات ئەبێ جارێكی تر ئەو قانونە تەعدیل بكەینەوە، بۆیە هەر لە ئێستاوە ئەوە كاری پێ بكرێ باشە، ئیزافەی بكەن كاك عونی

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەكە بەو شێوەیە ئەبێ:

المادة (السادسة) المكررة:

لە قانونەكە تەنیا بە (مكرر) هاتووە، بەڵام (ال) ی بۆ زیاد ئەكەین، زیاتر قانونی و قەواعیدی بێ

المادة الثانية:

تعدل الفقرة (اولاً) من المادة (السادسة المكررة) من القانون و تقرأ كالآتي:

المادة (السادسة) المكررة:

اولاً: تحل المفوضية العليا المستقلة للانتخابات محل الهيئة العليا لانتخابات برلمان كوردستان – العراق الواردة في هذا القانون للاشراف على انتخابات البرلمان و اداراتها بموجب احكام الفقرة (4) من المادة (2) من قانون المفوضية العليا المستقلة للانتخابات رقم (11) لسنة 2007 لحين تشكيل الهيئة العامة المسستقلة للانتخابات واستفتاء في كوردستان - العراق)

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

تلغى المادة (السابعة عشرة) من القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با ماددەکە بخوێنینەوە جەنابی سەرۆك

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (17) لە ئەسلی قانونەکە بەو شێوەیە:

تزود دائره الاحوال المدنية كل مواطن اكملت (18) من العمر ببطاقة الناخب وفق صيغة تحدد اوصافها وشكلها ببيان من الهيئة العليا على ان يبرز الناخب ما يثبت شخصيته عند الاقتراح

لیژنەی هاوبەش بە باشی زانی ئەو ماددەی نەمێنێ، چونکە عەمەلیەن کاری پێ نەکرا، کاتی خۆی ماوەیەك ئیشی پێکرا، بیتاقەی کار ئەدرا ناخیب کە ئەچوو بۆ بنکەکانی هەڵبژاردن ژمارە بنکەکەی تێدا نووسرابوو، زانیاری تایبەت بە کەسەکە، تەمەنی و عومری، و ئێستا ئەو بیتاقەیە دەوری نەما، بۆیە پێویست ناکات، بۆیە پێشنسیار ئەکەین ئیلغا بکرێ

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیلغا بکرێ؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵەی چاپی هەبوو، هەر بەو شێوەیە کە ئێستا ئەیخوێنمەوە

المادة الرابعة:

تعدل المادة (التاسعة و العشرون) من القانون و تقرأ كالآتي:

المادة (التاسعة و العشرون):

1- بعد التأكيد من اهلية الناخب، يتم تسليمه البطاقة الانتخابية و تأشير اسمه و ارشاده الى الموقع المحدد للتصويت.

2- يقوم الناخب بالتأشير على اسم احدى الكيانات السياسية المدونة في البطاقة الانتخابية كذلك التأشير على اسم احد المرشحين من نفس الكيان او الاكتفاء بالكيان السياسي وحده.

3- للناخب الذي لا يستطيع القراءة و الكتابة ان يستعين بمن يختاره لأملاء البطاقة الانتخابية.

4- لا تقبل النيابة بالتصويت في الانتخابات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە ( گەشە خان، ژیان خان، د.دانا، کاك شڤان، کاك خلیل، شەونم خان، د.سەروەر، د.احمد، تارا خان، رازاو خان، کاك عبداللە مەلا نوری، د.ئاراس) فەرموو گەشە خان

**بەڕێز گەشە دارا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەبڕگە یەکی ئەم ماددەیە پێم باشە کە تەئکید بکرێتەوە لە جنسیەی هاووڵاتی، چونکە لە هەموو دونیا وایە، ماڤی دەنگدان بۆ هاووڵاتیە، و ئەو شتەی ماڤی هاووڵاتی بوون ئیسپات ئەکات جنسیەیە، لە ئەجنەبی جیا ئەکاتەوە، لەبەر ئەوە ئەو مەرجەی بۆ دابنرێ، و لە برگەی سێیەم ئەو کەسەی ناتوانێ بنووسێ و بخوێنێتەوە، پێم باشە کە کەسی خۆی بێ، ئیتر تا چ دەرەجەیەك، بەس تەئکید بکرێ لەسەر ئەو وەسیقەی کە ئەو کەسی خۆیەتی ئەو دەنگەی بۆ پڕ ئەکاتەوە، بۆ ئەوەی بەلای هەڵە نەیبات، یان ئیحتیرامی ئیرادەی ئەو کەسە بگرێ کە ناتوانێ بنووسێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ژیان خان

**بەڕێز ژیان عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش وەکو گەشە خان لە برگەی سێیەم ئەو ناخیبەی کە خوێندەواری نیە منیش پێشنیاری ئەوە ئەکەم ڕێگایەکی تر بدۆزرێتەوە، زۆرجار باوکەکە سیقەی بە منداڵەکەی خۆی هەیە، بەڵام منداڵەکەشی لە کاتی

دەنگدان چونکە باوکی یان دایکی نەخوێندەوارە ئەچێ بە ئارەزووی خۆی دەنگ دەدات، ڕێگەیەکی تر بدۆزرێتەوە کە ئاسانکاری بکرێ بۆ ئەو کەسەی کە خوێندەواری نیە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر دانا.

**بەڕێز د.دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من لەسەر خاڵ دووە، پێم وایە ئێستا ئێمە بڕیارمان دا بە قائیمەی نیمچە کراوە بێ، لەو حاڵەتە هەر کیانێك قائیمەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە، ناخیب ئەچێ ئەوە هەڵدەبژێرێ، کە ئەو قائیمەیە هەڵدەگرێ ناوی کاندیدەکانی تێدایە، یەعنی تۆ قائیمە لە ناو نامەیەك دادەنێی، یان لە ناو سندوقەکە، ئەگەر بوترێ ناخیبێك لە ناو ئەو قائیمەیە هەڵبژێری ئەوە ناوی دیاری ئەکرێ، بەلاًم لەو حاڵەتە تۆ خودی قائیمەکەت هەڵگرتووە، یەعنی پێویست ناکات لە کوێ کیانەکەش دیاری ئەکرێت، چونکە لیستێك نیە بۆ هەموو کیانەکان، کە لیستێك نەبوو ئەوە لەو حاڵەتە پێم وایە خەلەلێکی تەکنیکی ڕوودەدات، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شڤان

**بەڕێز شڤان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە برگەی چوارەم ئەبینم شتێکی زیادە، تەحصیل حاصلە، بۆیە ئەسلەکەی وایە کە ( لا تقبل) ە ، ئیستیسنائەن ئەگەر موشەریع نیەتی وابێ ئەکری بڵێین (یقبل)، بەلاًم چونکە ئەسلەکە وایە کە (لاتقبل) بۆیە من بە ئەوەی دادەنێم کە بڕگەیەکی زیادە، داوای ڕەش کردنەوەی ئەکەم

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك خەلیل

**بەڕێز خلیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێرای پشتوانیم بۆ قسەکانی گەشە خان لەسەر خاڵی یەکەمی ماددەکە، پێشم باشە سیغەی ماددەی دووەم ئەگەر بکرێ بەو شێوەیە بێت، لە جیاتی (یقوم الناخب)، بنووسین (للناخب التأشیر على اسم احدى الكيانات السياسية المدونة في البطاقة الانتخابية او التأشير على اسم احد المرشحين من نفس الكيان او الاكتفاء بالكيان السياسي وحده)، یەعنی ئەگەر هاتو دەنگدەر دەنگی لەسەر مورەشەحێك دا بۆ کیانەکە، ئەگەر دەنگ بە کیانەکەش نەدات ئەو دەنگە ئیکتیفابێ هەر بۆ کیانەکە بگەڕێتەوە، خاڵی چوارەمیش (لا

تقبل النيابة بالتصويت في الانتخابات.) به گوێرەی ماددەی دووەم کە ئێستا دەنگمان لەسەر دا، ماددام ئەڵێ (يجرى الانتخابات بالاقتراع السري المباشر وفق نظام القائمة المفتوحة المحدودة.)، پێم وایە زیادە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شەونم خان.

**بەڕێز شەونم محمد غريب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم بە نیسبەت برگەی یەکەمەوە منیش هەمان رام هەیە لەگەڵ گەشە خان، پێویستە جنسیە بەکاربێت بۆ ئەوەی تەحدیدی ناخیبەکە بکرێ، ئایا ئەو  ناخیبە خەڵکی ئەو وڵاتەیە کە دێت دەنگ ئەدات؟ و برگەی چوارەمیش هەروەکو کاك شڤان باسی کرد منیش بە زیادەی ئەزانم، چونکە هیچ کەسێك ناتوانێ بچێ لە جێگایەکی تر تەسویت بکات، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر سەروەر

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وێڕای پشتگیری کردنم لە هاوڕێیانم گەشە خان و کاك خەلیل و شەونم خان، پێشنیاری ئەوە ئەکەم کە بۆ مەسەلەی دەنگدان ڕەگەزنامەی عێراقی بەکاربهێنرێ، واتە ئەمە مەرجێك بێ بۆ ئەوە، دیارە حیکمەتی ئەوە لەوەدایە کاتێ ئەو مەسەلەیە تەرح ئەکەین، بۆ ئەوەی سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان ئەگەر خوا نەخواستە هەر گومانێك هەبێ بە هۆی ئەمەوە دەرەوێندرێتەوە، چونکە مەسەلەی ڕەگەزنامە لە دەستەڵاتی فیدرالی دایە، بە ئاسانی ناتوانرێ دەستکاری بکرێ، بۆیە پێشنیاری ئەوە ئەکەم ئەو برگەیە لەوێ زیاد بکرێ کە مەرجە دەنگدەر لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانی عێراق بێ و ڕەگەزنامەی عێراقی هەبێ و لەکاتی تۆمار کردن (18) ساڵی تەمەنی تەواو کردبێ، بە جۆرێك ئەمە جێ بکرێتەوە، یان بڵێین دەنگدان پشت ئەبەستێ بە ڕەگەزنامەی عێراقی، بە نیسبەت خاڵی دووەمیش ئەو بابەتەی کە باس کرا، مەرجە ئەو کەسەی کە خوێندەواری نیە جێگەی بکەینەوە کە کەسێکی خۆی بێت، یان خۆی دەست نیشانی ئەکات، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە خاڵی سێیەم ئەڵێ ناخیب بۆی هەیە بە ئارەزووی خۆی یەکێك ئیختیار بکات، نووسراوە، بۆی هەیە خۆی ئیختیاری بکات، کێ ئەبات لەگەڵ خۆی بۆ ئەوەی دەنگ بدات، فەرموو دکتۆر ئەحمەد.

**بەڕێز د.احمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تێبینیەکەم لەسەر خاڵی دووەمە، کۆتاییەکەی ئەڵێ (الاكتفاء بالكيان السياسي وحده) ، چونکە ئەمە لە هەموار کردنی ئەم ماددەیە ئەوەیە کە ئیختیاری زیاتر ئەدرێ بە دەنگدەر کە یەکێك لەو کەسانەی کە لە ناو لیستەکەدایە بە ئارەزووی خۆی هەڵیئەبژێرێ، کەواتە ئازادی زیاتر ئەدرێ بە دەنگدەر، کەوایە حیکمەتەکە لەوەیە کە دەنگدەر ئازادی زیاتری پێدراوە، ئیتر بۆچی تەنیا ئیکتیفا بە کیانی سیاسی بکرێ؟ ئایا ئەو دەنگدەرە هیچ کەسێکی لە ناو ئەو لیستە بە دڵ نیە کە لیستێکی کراوەیە، کە کیانەکە لیستەکەی بلاو کردەوتەوە پێویستە بە رای من تەنیا تا ئەوێ بێ، تا (او الاكتفاء بالكيان السياسي وحده)، ئەوەی تێدا نەبێ، بەڵکو دەنگ بە یەکێ لە کاندیدەکان و بە لیستەکە بدات، چونکە ئەگەر کەسێکی بە دڵ نەبێ لە ناو لیستەکە،بێگومان دەنگ بە لیستەکەش نادات، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو تارا خان

**بەڕێز تارا ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی لە خاڵی یەکەم کە ئەڵێ (بعد التاكيد من اهليه الناخب)، نازانم ئەهلیەی ناخیب هەڵبەتە ئەو ناخیبە کە ئەڕوات ئەبێ لە هەموو لایەنێك کە لە ناو ئەسلی قانونەکەش هەیە کە ئێمە لێرەوە ئیلغامان کردووە بۆی لە ماددەی ($17$)، بەراستی بوونی هەویەی ئەحوال وابزانم ئەوە پیشان دانە بۆ شەخسیەتی ئەو کەسەی کە ئەچێ دەنگ ئەدات، لەبەر ئەوە پشتگیری لەوانە ئەکەم کە وایان وت، بوونی هەویەیەك زۆر گرنگە بۆ ئەوەی سەلامەتی بە هیچ نەوعێك گومان نەبێ لەسەر ئەو کەسەی کە ئەڕوات دەنگ ئەدات، ئەوە یەك، دوو، بەراستی ئێمە لە خاڵی سێیەم کە دەنگ ئەدات بە ناخیب یان دەنگ ئەدات بە لیست بوونی وێنە بۆ هەر یەکێ لە ناخیبەکان لە ناو ئەو لیستانە زۆر زۆر گرنگە، چونکە خەڵکانێك هەیە خەڵکەکە ناناسن، (زەیدە، ئەحمەدە، عەمرە) ریز کراوە، دەنگ ئەدات بە یەکێ، بوونی وێنەیەك بۆ ئەوەی ئاسانکاری بێ بۆ ئەو کەسانەی هەر نەبێ ئەوانەی نەخوێندەوارن یان ئەو کەسانەی خەڵك زۆر ناناسن لەسەر لیستەکە بوونی ئەوە گرنگە لە لیستەکە، و لە لایەکی تریشەوە کە دەنگی دا بە نیمچە کراوە بە ناخیبەکەی دا، وا حسێب بکرێ بۆ کیانەکەشە، لەبەر ئەوەی خۆی ئەو ناخیبەی کە هەڵیدەبژێرێ بۆ کیانێکی تایبەتە، نەك ئەو، ئەو ئەوە وا ئەکات مومکینە ئەو دەنگ بۆ لیستەکە ئەدات، بۆ ئەوەی زیاتر دیموکراسی و بوونی ئەشخاس کە ئێمە هەدەفەکەمان لەوە کە لەهەموو لایەکەوە ویستمان نیمچە کراوە بێ ئەوەیە، چوارەم شت بەراستی کەس و کاری خەڵك لەگەڵ کەسەکەی کە ناخیبە شەرت نیە دیسان بە زۆر پێی بڵێ بۆ نموونە ئەو نازانێ بخوێنێ، خۆی بە کەیفی خۆی دەنگی ئەداتێ، لەبەر ئەوە رەئی وەرگرتنی

شەخسەکە هەتا ئەگەر نەزانێ بنووسێ هەروەکو لە وڵاتانی پێشکەوتوو کوڕ و باوك ئەڕۆن، کەس نازانێ دەنگ ئەدات بە کێ؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە ئارەزووی خۆی ئیختیار ئەکات، کێ دەنگی بۆ ئەدات؟، نووسراوە بە ئارەزووی خۆی بێ

**بەڕێز تارا ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نەمدیووە بە ئارەزووی خۆی بێت، ببوورە سەرۆکی پەرلەمان، من هەر ئەوە بوو قەسدم ئەگەر نەیزانێ بنووسێ یان بخوێنێ ئەبێ رەئی وەرگیرێ ئینجا دابنرێ نەك بە کەیفی کەس و کاری

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ئاراس

**بەڕێز د.ئاراس حسین :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنیا ئەوە پێشنیارێك بوو لە رووی لوغەویەوە بۆ لیژنەی بەرێز نازانم تا چەند راستم تێدا؟ خاڵی دووەم (یقوم الناخب بالتأشیر علی اسم احد الکیانات)، نەك (احدی الکیانات)، چونکە موفرەدەی کیانات کیانە، لەبەر ئەوە ئەحەد دائەنرێ، راسترە لە رووی لوغەویەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو رازاو خان

**بەڕێز رازاو محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنیا یەك تێبینیم هەبوو ئەویش بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان پشتگیریان ئەکەم، تەئکید بکرێتەوە لە رەگەزنامەی دەنگدەر، وەکو مەرجێکیش دابنرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبداللە

**بەڕێز عبداللە مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی رەئیەکەی گەشە خان ئەکەم بۆ جنسیە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کوێستان خان

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بە هەمان شێوە پشتگیری ئەوە ئەکەم کە برگەیەك زیاد بکرێ، ئەوانەی کە ئەچن بۆ دەنگدان بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی خەڵکی عێراقن و هیچ ئەو گومانەش نەمێنێ کە ناسنامەی هەندێ کەس کراوە، بۆیە پشتگیری ئەوە ئەکەم برگەیەك زیاد بکرێ، ئەوەی کە ئەچێ بۆ دەنگدان جنسیەی عێراقی لەگەڵ بێ، بۆ پاکی هەڵبژاردنەکان، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام

**بەرێز عبداالسلام مصطفى:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو یەکێ لەوانەی پرۆژەیان تەقدیم کردووە ئەگەر رێگەم بدەنێ تەوزیحێك بدەم بۆ ئەم دەقە، لەسەر مولاحەزاتی خوشك و برایانیش، (بعد التأكيد من اهلية الناخب) ، (بعد التأكد) نەك ( بعد التأكيد)، ئێمە وتمان مفەوەزیە ئەکات، تەئەکەود من ئەهلیە هەموو ئەو پێشنیارانەی پێشکەش کران تێیدایە، تەئەکود من ئەهلیە لەوێیە کە بزانن مفەوەزیە چۆن تەئەکود من ئەهلیە ئەکات، رەگەزنامە داعی نیە لێرە بنووسین، مولاحەزەم لەسەر خالی (3، 4) ئەسلەن لە ئەسلی مادده هەبوو، مەبەست لەم تەعدیلە ئیزافە کردنی خاڵی دووەمە بۆ ئەوەی (قائمه مغلقه محدده) شەرح بکەین، و هەندێ مولاحەزات هات کە بۆچی ئەوەی (الاكتفاء بالكيان السياسي وحده)، لەو ئسلوبەی هەڵبژاردن تۆ ئەتوانی تەنیا کیان ئیختیار بکەی، ئەتوانی یەکێك لە ناو کیانیش ئینتیخاب بکەی، بۆیە تا نەچین مەجبوور بین ماددەیەك بۆ پێناسەکان بێنین لێرە تەعریف کرا، یەکەمەکەش وەکو وتم (من اهليه الناخب) هەمووی تێدایە، و ئەوەش لە زۆربەی زۆری یاساکانی هەڵبژاردن تێدایە، بۆیە من پشتگیری نەصەکە ئەکەم وەکو خۆی، ماعەدا (تأكيد) بکرێتە (تأكد)، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی چەند کەسێك پێشنیارێکیان کرد، بزانین چۆن تەعامول لەگەڵ ئەو پێشنیارە ئەکەن؟

**بەرێز عونی کمال بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (20) ی قانونەکە ئەو بابەتەکەی بەشێك لە ئەندامان ئاماژەیان پێدا موعالەجە کرایە، ئەڵێ (يشترط في الناخب ان يكون من مواطني كردستان - العراق واكمل (18) من العمر) ، مواتن کێیە؟ مواتن تەبعەن حوکم ئەکات بە جنسیە ئەگەر نەتبێ مواتنەت نابێ، عێراقی ئیعتیبار ناکرێی، دوو، سەبارەت بە برگەی سێیەم بەشێك لە ئەندامان ئیشارەتیان پێدا ئەڵێن نزیکترین شەخسی خۆی لەگەڵ بێ، لەوێ وتیتمان( للناخب الذي لا يستطيع القراءة و الكتابة ان يستعين بمن يختاره)، واتە بە کەیفی خۆی کەس و کاری خۆی ئەبات، جا کێ بێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو.**

**بەڕێز بکر کریم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**چەند خوشك و برایەکی بەڕێز ئاماژەیان بۆ خاڵی یەکەم کرد سەبارەت بە (- بعد التأکید من اهلیة الناخب،)، بۆ ئەهلیەکە دیارە ئێمە ئەبێ بگەڕێینەوە بۆ ماددەی (20) ئەڵێ (یشترط في الناخب ان یکون من مواطني کردستان العراق واکملة (18) من العمر)، ئەمە یەك، دووەم، لە لایەن مفەوەزیەوە جەداولی ناخیبین ڕێك ئەخرێ بە پێی کۆمەڵێك پێوەر، بۆیە ئێمە نین، ئەگەر یەکێ پێی وایە ئەتوانێ تانە لێبدات کە ئەو کەسە ناوی لە ناو جەداولی ناخیبین نەبوو ئەتوانێ لە مەحکەمە تەعنی لێ بدات، و بۆی هەیە شتەکە ڕاست بکرێتەوە، بۆیە پێم وایە پێویست بەوە ناکات ئەمە لەگەڵ خۆی ببات، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو لیژنەی هاوبەش یان لیژنەی یاسایی، ژمارەیەکی زۆر(8) کەس، (10) کەس، (11) کەس پێشنیاری ئەوەیان کرد فەقەرەیەك ئیزافە بکرێ، یان دوو دێڕ ئیزافە بکرێ باسی ئەوە بکرێ کە ئەبێ جنسیەی عێراقی هەبێ، لەبەر ئەوە چۆن تەعامول لەگەڵ ئەو مەزوعە ئەکەن؟**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئایا مەبەست ئەوەیە جنسیەکە لەگەڵیان بێ کە ئەچێتە دەنگدان؟ جنسسیەی عێراقی لەگەڵ بێ؟ سیاغەیەك ئێستا ئەیخوێنمەوە ئەگەر ئەندامان قەناعەتیان هات با دەنگی لەسەر بدەن**

**المادة الرابعة:**

**تعدل المادة (التاسعة و العشرون) من القانون و تقرأ کالآتي:**

**المادة (التاسعة و العشرون):**

**1- بعد التأکد من اهلیة الناخب،من کونه حاملا للجنسیة العراقیة یتم تسلیمه البطاقة الانتخابیة و تأشیر اسمه و ارشاده الی الموقع المحدد للتصویت.**

**2- للناخب التأشیر علی اسم احدی الکیانات السیاسیة المدونة في البطاقة الانتخابیة و التأشیر علی اسم احد المرشحین من الکیان نفسه او الاکتفاء بالکیان السیاسي وحده.**

**3- للناخب الذي لا یجید القراءة و الکتابة ان یستعین بمن یختاره لملء البطاقة الانتخابیة.**

**4- لا تقبل النیابة بالتصویت في الانتخابات.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە هەوموو نەقتەی نیزامە؟ فەرموو دکتۆر عومەر.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەلای منەوە ئاساییە بڵێین با پاساپۆرتیشی لێ وەرگرین، بەڵام پێم وایە بۆ ئەمە رەئی کۆمیسیۆن وەربگیرێ، دوو، بۆخۆم لەگەڵ ئەوەم هەموو بەڵگەنامەیەکی پێویست وەربگیرێ تا بسەلمێنرێ کە ئەمە مافی دەنگدانی بە شێوەیەکی قانونی هەیە، بەڵام من پرسیارێکم لا دروست بووە، ئایا لە کاتی ئێستا هاووڵاتی ئەوتۆ نیە کە (18) ساڵی تەواو کردبێ، بەڵام جنسیەی دەرنەهێنابێ؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بێ دەنگ، رەئی خۆی ئەڵێ، فەرموو دکتۆر عومەر.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵم، بەڵام شتێك نەکەین مەسەلەن ببێتە مایەی مەحروم کردنی خەڵکێك لە دەنگدان، مەبەستم ئەوەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ هەر دەقێکم ئەو شکلەی کە لە دڵی هەندێ خوشك و برا هەیە لابدرێ، با مەوقفەکەم دیار بێ، من هاوکاری تەزویر ناکەم، لە قەوانینی کوردستانی و عێراقی و دنیاش وەسائیقی رەسمی وەسیقە دەلالەتە لەسەر شەخص، خێرە ئەم ئیقتراحە تازەیە دەرئەکەین؟ شەخصەکە ئیعتیرافی پێ نەکەین تەنیا هەڵگری جنسیەی عێراقی، بەڵکو جنسیەی عێراقیم ئەو رۆژە دابێ بە کەسێك؟ بۆیە تکا ئەکەم ئەهلیەت لە کاتی نووسینی ناوی لە سجلی ناخیبین لەوێ دیار ئەبێ، فەرموو داوا بکەن لە کاتی نووسنی ناوی لەوێ حەز ئەکەی مەحکەمەی هەموویان بکەین، پاشان ئێمە تەعدلێکمان کردووە کە سجلی ناخبین تەسبیت ئەبێ، ئەدرێتە کیانات، بەڵام بیری لێ بکەین لە روانگەیەکی بەرپرسیاریەتی خۆمان وەکو پەرلەمانتار، چۆن ئەبێ تەسبیتی نەصێك بکەین ئعتیراف نەکات بە هیچ وەسیقەیەکی رەسمی لەو وڵاتە، و ئیجباری مواتن بکەین تەنیا ئەو وەسیقە هەڵگرێ، بەڵام چ رێکاری تر هەیە بۆ ئەوەی رێگە بگرین لە تەزویر منیش لەگەڵم

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حەمە شارەزووری

**بەڕێز محمد احمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بە هەمان شێوە لەگەڵ هەموو ریکارێکم بۆ ئەوەی عەمەلیەی ئینتیخابات هیچ تەزویری تێدا نەبێ، بەلاّم ئەپرسم ئایا هەموو خەڵکی کوردستان جنسیەی هەیە؟ دوو، بەراستی بڕیارێکی وا بدەین ئەوانە کە جنسیەیان دەرنەهێناوە ئایا مەحروم نابن؟ بۆیە ئێمە ئامارێکمان لەبەر دەست نیە بزانین کێ جنسیەی هەیە یان نیەتی؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك قادر ئەحمەد

**بەڕێز قادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێ هەویە هەیە، (نفوس، کارتی مەعلومات، جنسیە) منیش لەگەڵ ئەوەم کە دڵنیام لەوەی هەموو هاوولاّتیانی هەرێم جنسیەی نیە، بەلاّم هەموو هاوولاّتی هەرێمی کوردستان هەویەی نفوسی هەیە، و ئێستا بەشێکی زۆریشی کارتی موعلوماتی هەیە، بۆیە پێشنیاری ئەوە ئەکەم هەویەی نفوس ببێتە بنەمای ناسین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سمیرە خان

**بەڕێز سمیر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ئێمە چەندجار مودیری مەرکەزی ئینتیخابات بووینە، ئەوە تەحسیل حاسلە، هەموو نفوسیان لەگەڵە، بەلاّم زۆریان جنسیەی عێراقیان نیە، بۆ نموونە کە قوتابی تەقدیمی جامیعە ئەکات لە پۆلی شەش، هەتا دائیرەکە دێتە ئەو مەکتەبە جنسیەی عێراقی بۆ قوتابی دێنیتە دەرێ، مەعەل عیلم (18) ساڵیشیان تەواو کردووە، بەلاّم جنسیە هەیە، کە ئەچێ جنسیەیان هەیە، ناویان تەدوین کراوە، ئیسمی سولاسی، لە مەرکەزەکە یان مەکتەبەکە کە تۆ ئەچی، بۆ نموونە ناوی خۆم ئەهێنم، ئەچم ناوم تێدایە، سەمیرە عبدالله اسماعیل، کەس هەیە بچێ لە فلان مەکتەب یان مەرکەز عەینی ناوی منە، کەسی تر لە بەدیلی من ئەچێ؟ کە نفووسیشم پێ بێ؟ بەلاّم جنسیەی عێراقی زۆر قوتابی هەیە نیتیان، پاشی (18) کە تەقدیمی کولیە ئەکەن ئەوکات بۆیان ئەکرێ

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ئاراس.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمیشە بە پێی یاسا ئیعتیماد ئەکرێتە سەر سجلی ئەحوالی مەدەنی بۆ دەنگدان، مەعنای ئەوەیە هەویەی ئەحوال مەدەنی کە پشتی پێ ئەبەسترێ ئەوە ئەساسیە، بەس لێرە پرسیارێك هەیە ئەگەر پشتمان بەست بە بوونی شەهادەی جنسیەی عێراقی نەك تەنیا حیزبی (ا ، ب) زەرەر ئەکات، هەموو حیزبەکان زەرەر ئەکەن، چونکە دەنگدەرانی هەموو حیزبەکان کە گەیشتوونەتە (18) ساڵ هیچیان جنسیەیان نیە، یان ژمارەیەکی کەمیان هەیەتیان، لەبەر ئەوە لایەنێك قازانج و لایەنێك زەرەر ناکات، بەڕای من ئەبێ پشت ببەسترێ بە هەویەی ئەحوال مەدەنی، و هیچ لایەك زەرەر نەبێ،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاردۆ

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیازی هەموو ئەو بەڕێزانە ئەوەیە ئێمە کارێك بکەین لە پرۆسەی هەڵبژاردن هیچ گومانێك و شکێك نەمێنێ، یەکێ لەو هۆکارانە جنسیەی عێراقیە، خوێندکار کە (3) ی تەواو کرد جنسیەی عێراقی ئەدرێتێ، و زۆرینەی خەڵکی کوردستان جنسیەی هەیە، و هەر ئەو رێگریە پرسیار لای من دروست ئەکات بەراستی، ئەگەرنا هیچ کێشەم نیە، بەس ئەو رێگریەی ئێستا بیکەن ئەبێتە پرسیار لای من

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شڤان

**بەڕێز شڤان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقیقەتەن ئێمە بە بێ ئیستیسنا هەموومان لەگەڵ نەزاهەتی هەر ئینتیخابێکین لە کوردستان، بەڵام ئەوەی ئێستا خوشك و برایان تەرحیان کرد ئەوە سولبی ئیشی مفەوەزیەی ئینتیخاباتە کە بە ماددەیەکی قانونی ئیلزامان کردووە، (بعد التأکید من اهلیة الناخب)، ئەوە ئەو جوابەیە کە هەموومان پێی قانیع بین، مفەوەزیەی ئینتیخابات لە هەر وەسیقەیەك لەو وەسیقانەی کە دیار ئەکات، ئەکرێ ئیعتیباری لەسەر بکرێ، ئەگەرنا خیلافە لەگەڵ هەموو عورفێکی قانونی لە هەموو دونیا

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

موناقەشەی زۆر کرا، ئەیخەینە دەنگەوە، پانزە، بیست کەس قسەیان کرد، هەمووتان قسە ئەکەن؟ دوایی ئێوە مەسئولن لە تاخیر بوون ها، ئەوە من لەبەر دەمی کامیرە ئەڵێم، بیست کەس قسەی کردووە بەس لەسەر مەوزوعێك، فەرموو کاك عونی بزانە کامیان دوورترە ئەو بخە هینەوە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بۆچوونی جیاواز هەیە بۆ ئەو فەقەرەیە، سیاغەکە بەو شکلەیە، یان جیاوازی بکەینەوە تا ئەندامان بە ئارەزووی خۆیان دەنگ بۆ ئەو بڕگەیە بدەن، ئایا بنووسین (کونه حاملا للجنسیه العراقیه)، یان (من مواطني اقیلم کردستان)، ؟ بە مواتنە؟ لە ڕاپۆرتی هاوبەش سیاغە بەو شکلە هاتبوو، دیارە ئەندامانی پەرلەمان زۆربەیان قسە لەسەر ئەوە ئەکەن ئەڵێن جنسیەی عێراقی ئیزافە بکرێ، تەبعەن ئەوە پێشنیارێکی نوێیە، ئێستا ئەیخوێنمەوە با بخرێتە دەنگدان، ئەگەر دەنگی هێنا ئەوە تەواوە، دەنگی نەهێنا ئەگەڕێینەوە سەر ئەسڵی ڕاپۆرتەکە

المادة الرابعة:

تعدل المادة (التاسعة و العشرون) من القانون و تقرأ كالآتي:

المادة (التاسعة و العشرون):

1- بعد التأكيد من اهلية الناخب،من كونة حاملا للجنسية العراقية يتم تسليمه البطاقة الانتخابية و تأشير اسمه و ارشاده الى الموقع المحدد للتصويت.

2-للناخب التأشير على اسم احدى الكيانات السياسية المدونة في البطاقة الانتخابية و التأشير على اسم احد المرشحين من الكيان نفسه او الاكتفاء بالكيان السياسي وحده.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شوان غەلەتەکە لە کوێیە؟

**بەڕێز شوان عبدالکریم :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم خیلاف هەیە، لەسەر جنسیەکە، بوونی جنسیە ، نەبوونی جنسیە، دووەم ئەگەر بخرێتە دەنگ و دەنگ نەهێنێ ئەی چی لێ ئەکەن؟ ئێمە موشکیلەمان لەسەر جنسیەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو، تکایە گوێتان لێ بێ

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

تعدل المادة (التاسعة و العشرون) من القانون و تقرأ كالآتي:

المادة (التاسعة و العشرون):

1- بعد التأكيد من اهلية الناخب،من كونة حاملا للجنسية العراقية يتم تسليمه البطاقة الانتخابية و تأشير اسمه و ارشاده الى الموقع المحدد للتصويت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دایە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ (7) كەس لەگەڵ دا نیە، كەواتە ئەوە تەسبیت بوو، ئینجا ماددەكە بخوێنەوە تكایە

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

تعدل المادة (التاسعة و العشرون) من القانون و تقرأ كالآتي:

المادة (التاسعة و العشرون):

1- بعد التأكيد من اهلية الناخب،من كونة حاملا للجنسية العراقية يتم تسليمه البطاقة الانتخابية و تأشير اسمه و ارشاده الى الموقع المحدد للتصويت.

2-للناخب التأشير على اسم احدى الكيانات السياسية المدونة في البطاقة الانتخابية و التأشير على اسم احد المرشحين من الكيان نفسه او الاكتفاء بالكيان السياسي وحده.

3- للناخب الذي لا يجيد القراءة و الكتابة ان يستعين بمن يختاره لملء البطاقة الانتخابية.

4- لا تقبل النيابة بالتصويت في الانتخابات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دایە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ (3) كەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند كرا، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر، خوشك و براینە وەڵا ئەوە هۆڵی پەرلەمان نیە، وەڵا ئەوە جێی موتاقەشەی پەرلەمان ئاوا ناكرێ، كەس ئاگای لەكەس نیە، لە پرۆتۆكۆل تەسجیل نابێ، هەزار جار تكام كرد، ئەو هەمووە قسە مەكەن، فەرموو

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

تعدل المادة (الثلاثون) من القانون و تقرأ كالاتي:

المادة (الثلاثون):

1- يتولى رئيس لجنة المركز الانتخابي حفظ النظام في مركزه، وله ان يستعين بالشرطة المحلية التابعة لوزارة الداخلية في الاقليم حصراً و ان يتخذ من الاجراءات ما يكفل ضمان حسن سير الانتخابات و سلامتها.

2- لا يجوز لقوى الامن الداخلي و المسلحين الدخول الى المراكز الانتخابية الا بناء على طلب من رئيس اللجنة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ كەس تێبینی نیە، كەواتە كێ لەگەڵ دایە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر

**بەڕێز نەریمان عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة السادسة:**

**تعدل المادة (الخامسة و الثلاثون) من القانون و تقرأ كالآتي:**

**المادة (الخامسة و الثلاثون):**

**تقوم لجان المراكز الانتخابية بتنظيم المحاضر الموقعة من قبلها بنتائج التصويت و ترفق بها كافة الوثائق الخاصة بالعملية الانتخابية و تودع في ظرف مغلق و مختوم بختمها لايداعها الى الهيئة العليا. و يتم تزويد الكيانات المشاركة في الانتخابات بنسخة من المحضر النهائي موقعاً من قبل ممثلي الكيانات المشاركة.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ تێبینی هەیە؟ فەرموو کاك جمال**

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**راستی زمانەوانیە، (الخاصة بالعملية الانتخابية و تودع في ظرف)، وشەی (تودع) (توضع)، بێ چاکترە، (مغلق و مختوم بختمها لايداعها لدى الهيئه العليا و ليسى الى الهيئه العليا)، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك عبدالسلام.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من تێبینیەکەم لەسەر ئەوە بوو ویستم تەنیا بڵێم ئەم نەصە وەکو خۆیتی لە (35)، تەنیا لەسەر داوای هەندێ ئەوە بوو کە (يتم تزويد الكيانات المشاركة في الانتخابات بنسخة من المحضر النهائي موقعاً من قبل ممثلي الكيانات المشاركة.)، ئیزافە کراوە، و هەر ئەم دەرفەتە ئەقۆزمەوە ئەگەر ڕێگەم بدەن، لە خوێندنی ماددە، ئەگەر برادەرانی لیژنەی یاسایی بتوانن پێمان بڵێن ئەم سیاغە هەمووی سیاغە کراوە، یانیش فلانە فەقەرە، یان ماددە ئیزافە کراوە تاکو موناقەشەکان کەمتر ببن، و تەرکیز بکرێ لەسەر ئەوەی هەموارمان کردووە، من ئەم پێشنیارە بۆ ئەوە ئەزانم تا موناقەشاتی جانبی زۆر نەبێ، تەنیا لەم ماددە نموونە ئەگەر وترابایە ئەوە وەکو نەصی کۆنە تەنیا داخوازیەك هەبوو کە کیانات نووسخەیەك نەتائیج وەرگرن، ئیزافە کراوە بەو دەقە، موناقەشات حەسر ئەکرا لەسەر ئەو هەموار کردنە، ئەگەر ڕەچاو بکرێ وابزانم موناقەشەکان زۆر کەم ئەبن، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی كاك عبدالسلام زۆر لە جێگەی خۆیتی، بەڵام ئێمە مادام جوملەیەك ئیزافە كرا لەسەر ماددەكە، نەمانەویست بڵێین (تضاف جملتان الى المادة الفلانية)، لەبەر ئەوەی سیاغەكەمان بە كاملی گۆڕی، وەكو خۆی ئەو جوملەیە ئیزافە كرایە، هەتا ئاسان بێ، ئەندامانی پەرلەمان سیاغەی نوێ لەبەردەمیان بێ بۆ ئەوەی بتوانن دەنگی لەسەر بدەن بەو شێوەی تەسبیت كراوە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە بیخوێنەوە، كاك نەریمان فەرموو

**بەڕێز نەریمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاك جمال تاهیر یەك، دوو تێبینی زمانەوانی پێشكەش كرد، پێم وایە بۆ یەكەمیان (توضع)، ەكە راستە باشترە، بەڵام بۆ دووەمیان كە ئەڵێ (الى الهیئە العلیا) بكرێ بە (لدى الهیئە العلیا) ئێمە مەبەسستمان ئەوەیە بنێردرێ بۆ هەیئەی عولیا، بۆیە ئەمەیان تەواوە، بەڵام ئەوەیتر نا

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە ئاخیر سیاغە

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

تعدل المادة (الخامسة و الثلاثون) من القانون و تقرأ كالآتي:

المادة (الخامسة و الثلاثون):

تقوم لجان المراكز الانتخابية بتنظيم المحاضر الموقعة من قبلها بنتائج التصويت و ترفق بها كافة الوثائق الخاصة بالعملية الانتخابية و توضع في ظرف مغلق و مختوم بختمها لايداعها لدى مفوضية الهيئة العليا. و يتم تزويد الكيانات المشاركة في الانتخابات بنسخة من المحضر النهائي موقعاً من قبل ممثلي الكيانات المشاركة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دایە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر

**بەڕێز شۆڕش مجید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

تعدل المادة (السادسة و الثلاثون) من القانون و تقرأ كالآتي:

المادة (السادسة و الثلاثون):

اولاً: يتم تحديد المعدل الأنتخابي وفق الآلية التالية:

1- يقسم مجموع الاصوات المقترعة للمكونات المشار اليها في المادة (36 مكررة) من هذا القانون على عدد المقاعد المخصصة لكل مكون لاستخراج المعدل الانتخابي له.

2- تقسم الاصوات المتبقية على عدد مقاعد البرلمان بعد طرح عدد المقاعد المشار اليها في (1) اعلاه، لاستخراج المعدل الانتخابي للكيانات غير المشمولة باحكام المادة (36 مكررة) من هذا القانون.

ثانياً: يتم تحديد عدد المقاعد التي فاز بها كل كيان وفق الآلية التالية:

1- تقسيم الاصوات التي حاز عليها كل كيان على المعدل الانتخابي، المستخرج وفق الفقرة (اولاً) اعلاه، لتحديد عدد المقاعد التي فاز بها الكيان المعني.

2 - في حالة عدم حصول اي كيان يتنافس على المقاعد المشار اليها في المادة (36 مكررة) على المعدل الانتخابي، يمنح مقعد واحد للكيان الذي حصل على اكثر الاصوات، ضمن المكون.

ثالثاً: تؤول المقاعد الشاغرة نتيجة حصول البقايا التي لا تصل الى المعدل الانتخابي الى الكيانات التي حصلت على اكبر البقايا و على التوالي.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كاك عبدالله نوقتەی نيزامت هەبوو؟ فەرموو،

**بەڕێز عبدالله محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنياز دەكەم موناقەشەكردن لە سەر بازنەكان بخرێتە پێش ئەو ماددەيەوە لەبەر ئەوەی ئەگەر سێ بازنەی دەنگ بێنێ، ئەو كاتە ئاڕاستەی دابەشكردنی كورسيەكان دەگۆڕێ ئيشكالی قانونيمان بۆ دروست دەبێ لەم ماددەيە، بۆيە من پێشنياز دەكەم گفتوگۆی بازنەكان پێش بخرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو ليژنەی هاوبەش،

**بەڕێز عونی كمال سعيد (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم پێشنيارە لە ناو هەردوو پرۆژەكەدا نەبوو، بۆيە ئێمە كاتی موناقەشەكردن تەواو بووين، وتمان ئێمە لە ئاخيری دەخرێتە ناو هۆڵی پەرلەمان ئەگەر ئەندامان قبوليان كرد ببێتە سێ بازنە ئەو وەختی دەيكەين، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو كاك ئاسۆ،

**بەڕێز بكر كريم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر وەكو كاك عەونی روونی كردەوە لە ناو هەردوو پرۆژەی كە پێشكەش كرابوو باس لەو ماددەیە نەكرابوو لە هیچ ماددەیەكی پێشنیاز كراو لە ناو هەردوو پرۆژەی پێشتر باس لەوە نەكرابوو كە كوردستان لە یەك بازنەییەوە بكرێتە چەند بازنەیی، ئینجا دوێنێ لە لیژنەی هاوبەش ئەم پێشنیازە لەلایەن چەند برایەكی بەڕێزەوە خرایە روو، بۆیە دەبینین لە راپۆرتەكەی ئێمەدا لە كۆتایی راپۆرتەكەماندا قسەیەكی لەو بابەتە كراوە كە رایەكی وا هەبووە كوردستان بكرێتە سێ بازنە، بەڵام هەروەكو دەوترێ لە ناو هەردوو پرۆژە پێشتر ئەوە نەبووە، بۆیە ئێمە ئەوەمان دەرج نەكردووە، بەڵام دەكرێ ئێستا قسەی لە سەر بكەن ئەمەیان شتێكی دیكەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو كاك سمیر،

**بەڕێز سمیر سلیم امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە لەڕاستیدا دوێنێ لە بیر كرابوو، خستمانە ئەخیرەوە ئەمە یەك، دوو: ئیقرار كراوە ئێستا لە ناو راپۆرتەكە هەیە سێ: بە تەسویتیش بوو بە ئەساس راپۆرتەكە لەم كۆبوونەوەیەدا، سێیەم شت ئەگەر ئێستا پەرلەمانی بەڕێز ئیقراری كرد ئەوە ماددەی حەوتەم گۆڕانكاری بەسەردا دێ، بۆیە منیش پشتگیری پێشنیارەكەی كاك عبدالله دەكەم كە ئێستا بخرێتە گفتوگۆ و تەسویتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

ئەو رەئیە دەخەینە دەنگەوە كە ئەم ماددەیە دوا بخرێ بۆ موناقەشەی یەك بازنەیی یان سێ بازنەیی، فەرموو سۆزان خان،

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە موناقەشەی ئەو ماددەیەی كە باس لە یەك بازنەیی دەكات یان سێ بازنەیی ئۆتۆماتیكی دەبێ پێشی بخەین، كامیان دەنگی هێنا ئەبێ دوای ئەوە ماددەكانی تر دێت لەبەر ئەوە ئێستا موناقەشەكە ببڕێنینەوە و دەنگدانی لە سەر بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

تا موناقەشەی یەك بازنەیی یان سێ بازنەیی دەیخەینە پێش ئەم ماددەیە بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەیە حەسم بێ، كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ بفەرموون ئەو ماددەیە بخەنە دواوە، بۆ ئەوەی ماددەكانی تر موناقەشە بكەین،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە لاپەڕەی چواری راپۆرتەکەمان، (هناك اقتراح بإضافة مادة الى المشروع بجعل كوردستان ـ العراق ثلاث دوائر انتخابية بدلاً من دائرة انتخابية واحدة الواردة في أصل القانون)، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاک عبدالسلام،

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ئیقتیراحە نا یاساییە، چونکە ئێمە ماددەی (9)مان هەیە سەراحەتەن، دەڵێ کوردستان یەك بازنەیە دەبێ ئیقتیراحەك ببێت ئێمە موناقەشەی ماددەی (9) بکەین هەموارکردنی ماددەی (9) لە زمنی ئەم یاسایە، نە ماددەیەکی تازە، ماددەی (9) دەڵێت: (يعتبر اقليم كوردستان ـ العراق منطقة انتخابية واحدة وتقسم الى مراكز) ئەگەر کاك عەونی بەڕێزی قبولی کرد پێشنیازەکەی ئەوەیە ئایا ئێمە موناقەشەی هەموارکردنی ماددەی(9) بخەینە ناو ئەو مەشرعە یاساییە یان نا؟ تاکو لەوێ بڵێین سێ لە جیاتی یەك، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك عونی،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی کاك عبدالسلام زۆر راستە ماددەی (9) ئەسڵی قانونەکە دەڵێ (يعتبر اقليم كوردستان ـ العراق منطقة أنتخابية واحدة يقسم الى مراكز الإنتخابية) مادام پێشنیار هاتووە دەبێ قسە لەو ماددەیە بکەین، ئایا ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە یان ببێتە سێ بازنە هەتا تەعدیلی ماددەی (9) بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئێستا موناقشەکە ئەوەیە یەك بازنە بێ یان سێ بازنە بێ، وایە؟ مادام سیغەکی قانونی بدەنێ لیژنەی هاوبەش بۆ ئەوەی موناقەشەی بکەین، فەرموو کاك عمر،

**بەڕێز عمر صدیق محمد (هەورامی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەپرسم هەر وەکو بەڕێز کاك عبالسلام پرسی لە رووی یاساییەوە ئێمە لە بیدایەت لەو دوو مەشروعەی کە پێشکەشکراوە هیچ کامیان باسی ئەوەیان نەکردووە کە تەعدیلی ماددەی (9) بکرێت، ئایا لە رووی یاساییەوە دروستە باس لە تەعدیلی ماددەیەك بکەین کە پێشتر پێشنیارکراوە، و ئیستینادیش دەکەین لە سەر چی؟ ئێمە هەر ئەمڕۆ ئەو قانونەی کە بڕیارمان لە سەر دا درێژکرنەوەی راگرتنی یاسای

بەکرێدان لە سەر ئەو ئەساسە بوو کە لە جەلسەکانی پێشوودا نەخرایە دەنگ وتمان لەبەر ئەوەی مەشروع بووە تەمدید پێشکەش نەکراوە، من ئێستا دەپرسم ئایا دروستە ئێمە لە هەموارکردنەکە باسی هەمواری ماددەی (9) نەکراوە لە ئێستاوە لە رووی یاساییەوە دروستە ئەمە بکەین؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دروستە لەبەر ئەوەی راپۆرتەکەمان بووە ئەساس ئەوەش پێشنیارەکانە کە لە راپۆرتەکەدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك عمر،

**بەڕێز د. عمرحمد امین(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا مەوزوعێك هاتۆتە ئاراوە دوو رەئی جیاواز هەیە، یەکێك دەڵێ یەك بازنە بێ ئەوەی تر دەڵێ سێ بازنە بێ، موناقەشە بکرێ، ئەگەر سێ بازنەیی رەتکرایەوە ماددەی (9) ئەسڵی قانونەکە دەمێنێتەوە، ئەگەر قبوڵیش کرا ئەوە دەبێ ماددەی (9) تەعدیل بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئێستا دوو رەئی هەیە، یەکیان دەلێ یەك بازنەیی بێ، ئەوەی تر دەڵێ سێ بازنەیی بێ، سێ کەس لەم لا و سێ کەسیش لەولا قسە بکا، ماڵتان ئاوا بێ، جا چۆن ئیتیفاق بکەین ئەو سێ کەسە چۆن ئیختیار بکەین، جارێ یەك بازنەیی بێ، کێ دەیەوێ قسە بکا؟ لە سەر ئەوەی سێ بازنەیی بێ؟ فەرموو کاك احمد سلێمان.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی ئەوە دەکەم کە سێ بازنەیی بێ، ئەویش لەبەر رێزگرتن لە مافی مرۆڤ، و رێزگرتن لە دەنگی خەڵك لەبەر ئەوەی کە کەس مافی نەفەوتێ، ئەگەر ئێمە دیراسەیەکی ئەوە بکەین کە سێ بازنەیی بێ، ئەوەیە کە ئەگەر ئێمە ئێستا تەماشا بکەین لە هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو قائیمەیەی کە مفەوەزیە دایتیە دەستی ئێمە تەقسیمی بکەین بۆمان دەردەکەوێ بۆ قیمەتی کورسی ئەگەر لە (100٪) خەڵکی کوردستان دەنگ بدا، قیمەتی کورسی لە کوردستاندا دەبێتە (28) هەزار دەنگ، ئەگەر لە (100٪) بدرێ، بەو شێوەیە هەولێر (35) کورسی، سلێمانی (43) کورسی، دهۆك (22) کورسی تەقریبەن کەسرێك زیاد و کەم هەیە، کورسیەك دەمێنێتەوە، ئەگەر بێت و یەکێك لەو شارانە رێژەی یان با بڵێین ژمارەی دەنگدەر زیاد بوو رێژەی بەشداریکردن زیاد بوو، بۆ نموونە لە شوێنێکی وەکو دهۆك رێژەی دەنگدان دائیمەن دهۆك زۆر بەرز دەبێتەوە ئەگەر (85٪) بێ، رێژەی بەشداریکردنی هاووڵاتیان لە ئینتیخابات رێژەکە گەیشتە

(85٪) ئەو کاتە قیمەتی کورسی تەقریبەن دەگاتە (25) هەزار دەنگ بۆ هەر کورسیەك، بۆ نموونە لە سلێمانی کە دائیمەن ڕێژەی بەشداریکردن لە سلێمانی کەمترە بۆیە بە نموونە دەهێنمەوە ڕێژەکە لە (70٪) بێ، نزیکەی تەقریبەن دەگاتە (21) هەزار یان (22) هەزار دەنگ، ئەگەر بێتو بەم شێوەیە یەك بازنەیی بێ، دەنگی دهۆك تەئسیری لە سەر قیمەتی کورسی دەبێ لە سلێمانی، بەڵام ئەگەر بێتو سێ بازنەیی بێ، هەر چەند بەشداری بکرێ قیمەتی کورسی لە دهۆك هەر چەند بەرز بێتەوە ژمارەی کورسیەکان لە هی خۆیان تێ ناپەڕێ، کەواتە مونافەسەی بەشداریکردن لە ناو دهۆك هەر چەند زۆرتریش بێ قیمەتی کورسی بەڵێ بەرز دەبێتەوە، بەڵام لە دهۆك تێ ناپەڕێ ژمارەی کورسی زیاد ناکات بۆ نوێنەرەکانی دهۆك، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر بکرێتە یەك بازنەیی ئەمە دیسان تەئسیری دەبێ لە سەر دەنگەکان بۆیە ئەم قائیمەیە خەتای چییە بۆ نموونە لە سلێمانی (10) کورسی دێنێ، بەڵام دەبێ لەبەر ئەوەی لە دهۆك ژمارەی دەنگدەر زۆر بەشداری کردووە بۆ هەر کورسیەك دوو هەزار سێ هەزار دەنگی بخاتە سەر کورسیەکەی بۆ ئەوەی قیمەتی کورسیەکەی بەدەست بێنێ، هیوادارم لێم تێبگەن دیارە من پێم وایە ئەمەش ئەگەر بێتو ئێمە بە سێ بازنەیی بیکەین وەکو وتم ژمارەی دانیشتوان یەعنی بەشداریکردنی دانیشتوان لە هەر شوێنێك هەرچەند بەشداری بکات تەئسیر ناکاتە سەر شارێکی تر، و زەرەری پێ ناگەیەنێ، بەڵام کەسانێك لەوانەیە بڵێین ئەوە موشکیلەی ئەوەیە کۆمەڵێك لیست هەیە، ئەگەر یەك بازنەیی نەبێ ناگاتە کورسی یان بە پێچەوانەوە ئەگەر با بڵێین لەوانەیە قیمەتی کورسی بۆ بمێنتەوە لەوانەیە ژمارەیەك لە دهۆك لە سلێمانی لە هەولێر بۆ بمێنێتەوە، ئێمە دەتوانین بڕگەیەکی بۆ زیاد بکەین لە ماددەکە ئەویش ئەوەیە کە بڵێین ئەو قائیمانەی کە نەگەیشتوونە کورسی یان بۆ نموونە ژمارەی دەنگێکیان ماوەتەوە لە هەر موحافەزەیەك کورسی تەعویزی دابنێن، وەکو لە ئینتیخاباتی ساڵی 2010ی ئەنجومەنی نوێنەرانی بەغدا هەبوو، بەڵام دیارە ئەمە لە سەر مستەوای عێراق بوو، ئێمە بێینە سەر مستەوای کوردستان کورسی تەعویزی دابنێن، ئەم کورسی تەعویزیە دەدرێن بەو قائیمانەی کە نەگەیشتوون بە کورسی دەنگەکانی هەر سێ موحافەزەیان بۆ کۆدەکرێتەوە ئەوکاتە بەپێ (اقوی الباقي) گەورەترین ئەو قائیمانەی کە کورسیان بەدەست نەهێناوە یان کورسیان بە دەست هێناوە بەڵام ژمارەی دەنگێکیان بۆ ماوەتەوە لە هەر سێ موحافەزە ئەم کورسی تەعویزانە بدرێ بەو خەڵکانە یان بەو قائیمانە، ئەمەش پێم وایە عەدالەتێکیان تێدایە کەس دەنگی نافەوتێ دەنگێگ لە هەڵەبجە لەگەڵ دەنگێك لە زاخۆ کۆ دەکرێتەوە هیچ تەئسیر لەوە ناکات زەرەر لە کورسیەکە بدا، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر یەك بازنە بێ بەتەئکید ئەو شوێنانەی کە ڕێژەی بەشداریکردنیان تێدا زۆرە لەگەڵ ئەو شوێنانەی ڕێژەی بەشداریکردنیان تێدا کەمە، یەعنی بەشداری کردن لە ئینتیخابات، ئەمە زەرەر لەوانە دەدات کە کەمتر خەڵك دەچێ بۆ بەشداریکردن نوێنەریان کەمتر دێتە پەرلەمان، بۆیە من پێم وایە زوڵمێکیان لێ دەکرێ، بۆیە ئومێد دەکەم کە ببێتە سێ بازنەیی، و ئەو سێ بازنەییەش وەکو وتم بڕگەیەکی بۆ زیاد بکەین کە

دەنگی هیچ کەس نەفەوتێ هیچ قائیمەیەك نەفەوتێ، و هەموو قائیمەکان دەنگەکانیان بۆ کۆ بکرێتەوە، بە (اقوى الباقي) کورسیان پێ بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو مامۆستا فرمان،

**بەڕێز فرمان عزالدين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە وێڕای پشتگیریم لە قسەکانی کاك بیلال دیارە یەك بازنەیی و سێ بازنەیی لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن و دوایی دەرچوونی بە ئەندامی پەرلەمان ئەو بەڕێزە دیسان گرفت دروست دەکا ئەگەر هات و یەك بازنەیی بێ، بۆ نموونە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن ئەگەر یەك بازنەیی بێ دیارە ئەو بەڕێزە دەکرێ لە سەرتا سەری کوردستان دەبێ هەڵمەتەکەی هەڵبژاردن بکات، و لە کاتی بوونی بە ئەندامی پەرلەمان بەدواداچوون بۆ کێشەی هاووڵاتیان بکات لە سەرتاسەری کوردستان، لەبەر ئەوەی بە یەك قائیمە دەنگی پێ دراوە، ئەوە خاڵی یەکەم، دووەم: ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزە دیارە کە کاتی یەك بازنەیی بێ، نوێنەری هیچ ناوچەیەکی دیاریکراو نیە، لەبەر ئەوەی لە سەر ناوچەکەی خۆی هەڵنەبژێردرایە، لە سەر ئەساسی یەك لیست هەڵبژێردرایە، پاشان گرنگی هەندە بە نوێنەرەکە نادرێ، بەڵکو لایەنە سیاسیەکان دێن دابەشی ئەو ئەندامانە دەکەن بە سەر ناوچەکان، خاڵی تر بەڕاستی شەرت نیە هەموو ناوچەکان ئەندامی پەرلەمانیان بەرکەوێ، ئەگەر هاتو بە یەك بازنە بێ، بەڵام ئەگەر هاتو بە سێ بازنە بێ هەر ناوچەیەك، یان هەر دائیرەیەك یان هەر بازنەیەك ئەندامی پەرلەمانی خۆی بەردەکەوێ، لەبەر ئەوەی لەو شوێنە خۆی کاندید کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. حسن محمد سورە/ جێگیری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو ئاشتی خان،

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەرگریکردنم لەوەی کە سێ دائیرەی ئینتیخابی بێ لەوێدا سەرچاوە دەگرێ کە ئەو کەسانەی کە دەبنە نوێنەر، و خۆیان کاندید دەکەن زیاتر لە سەر بنەمای نوێنەرایەتی  ناوچەیی دەتوانن رۆڵێکی گەورەیان هەبێ کە پێی دەوترێ تەمسیلی مەنتقی، بەپێی مەنتیقەکانی خۆیان لە کاتێکدا کە ئەوانەی لە یەك دائیرەی ئینتیخابیدا ئەوانەی لە سەر بنەمای نیشتیمانی دەکەونە ناو رکابەریەوە کە زۆر جار بەپێی ئەو مێژووەی بە داخەوە لە عێراقدا بۆ هەرێمی کورستانیش جێماوە زۆر زەحمەتە کاندیدێك، یان نوێنەرێك بتوانێ لە سەر ئاستی چەند موحافەزەیەك تەمسیلی تواناکانی خۆی بکا، کە خەڵك متمانەی پێ بدات و دەنگی پێ بدات، بۆیە لەبەر ئەوەی پڕۆسەی دیموکراسیەت لە هەرێمی کوردستاندا پڕۆسەیەکی تازەیە، و متمانەی خەڵك بە دەنگدەر سەرەتایەکی تازەیە، ئەمە وا دەکات کە کاندید یان ئەو کەسەی کە خۆی

هەڵدەبژێرێ لە سەر بنەمای ناوچەکەی خۆی ئەکتیڤ تر بتوانێ ئەو ریسالەیە بە خەڵك بگەیەنێ کە خەڵك متمانەی پێ بکات، بۆیە رکابەرایەتی لە سەر ئاستی موحافەزە بۆ پرۆسەیەکی دیموکراسی کە تازە لە دروست بووندایە ئاسانترە گەر چی زۆر جار رەخنە لەم سیستەمە دەگیرێ کە جۆرێك لە ناوچەگەری دروست دەکرێ، بەڵام لە ئێستا هەرێمی کوردستان بە بڕوای من لە تەجروبەی پێشوومان بینیومانە بەتایبەت چوار ساڵی رابوردوو کە نوێنەری مەنتیقە زۆر باشتر دەتوانێ داکۆکی لە پێداویستی و کەم و کوڕی ناوچەکەی خۆی بکات و بتوانێت بی گەیەنێتە پەرلەمان، و خاڵێکی تر ئەوەیەکە بەڕاستی ئەمە زیاتر دەتوانێ مەبدەئی عەدالەت بچەسپێنێتن، لەبەر ئەوەی کە لەگەڵ ئەوەی نیسبەتێك لە دەنگدەر بە فیڕۆ دەڕوات، بەڵام نیسبەتی زۆری کورسیەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناوچەیەی کە تێدا نیسبەتی دەنگدەر تێدا زۆرە، و خاڵێکی تر بە لای منەوە گرینگە ئەوەیە کە رێزێکی زۆر دەگیری لە ئیرادەی ئەو کەسەی کە دەنگ دەدات، چونکە ئەمە لەبەردەم یەك دائیرەییە زیاتر مەسالحی کوتلە سیاسیەکان دەپارێزرێ، بەڵام لەم فرە دائیرەییە زیاتر ئیحتیرامی ئیرادەی ئەو کەسانە دەگیرێ کە ناخبن کە دەچن دەنگ دەدەن، بەو پاساوەی کە هەمیشە دەنگدەر دەیەوێ، بە لایەوە گرنیگ نیە ئەو حزبە دەیەوێ نوێنەری راستەقینەی خۆی بنێرێتە پەرلەمان، بۆیە لێرەدا ئەوە سەرچاوە دەگرێ کە ئایا ئێمە لەبەر دەم ئەوە داین ئیرادەی ناخب رێزێکی زیاتر بگیرێ  یان کوتلەی سیاسی کەمترین دەنگی بە فیڕۆ بڕوا، من جارێکی تر دەڵێم من ئیدڕاکم بەوە هەیە کە لەم شێوازە نیسبەتێك لە دەنگدان بە فیڕۆ دەڕوا، بەڵام نوێنەری راستەقینە دەنێرێت بۆ پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئێستا ئەوەی کە دەیەوێ یەك بازنەیی بێ، ئەو سێ ناوەمان ئیختیار کردووە، نیزامیەکەت بفەرموو؟

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەیوەندی بەوەی کە تەئیدی ئەوە دەکات، ناکات، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من حەز دەکەم، بەڕێز جێگیری سەرۆکی پەرلەمان گوێی لێم گرت جەنابت لێرە نەبووی، من نوقتەی نیزامیم لە سەر ئەوەیە داوا دەکەم ئەو قسانەی کە بەڕێز حاجی بیلال کردی لە سەر زیادبوونی رێژەی دانیشتوان لە دهۆك و سلێمانی من داوا دەکەم، تۆ پاشان قسە بکە،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاکە باس لەوە نەکراوە برام، نەکەس باسی کردووەو نە قسەیەکی وا کراوە،

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تۆ لێرە نەبووی،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

لێره بووم كه كاك حاجی بیلال قسەی كرد لێره بووم، فەرمووو د. حسن،

**بەڕێز حسن محمد سوره/ جێگیری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببوره، من وا تێگەیشتووم كه كاك حاجی بیلال دەڵێ نیسبەتی حزور له دهۆك زیاتره له شوێنەكانی تر، نەك ژمارەی دانیشتوان، من تەسەور دەكەم هەر وای گوتبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كاك عبدالسلام شتێك كه نەوترابێ چی تەواو دەكەی، كاك حاجی بیلال دەڵێ خەڵك زیاتر دێ له دهۆك دەنگ دەدا مەسەلەن، باسی لەوه كردووه، نەك ژمارەی دەنگدەر زۆر بێ، فەرموو

**بەڕێز عبدالسلام مصگفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەس سەبرتان هەبێ من چێ دەڵێم، پاشان دەرم بكەن له قاعه، بەس با قسه بكەم حەقی خۆمه، من ناڵێم نوقته نیزامیه ئەگەر بەعەقلی من نیزامی نەبێت، بەڕێز حاجی بیلال بۆ ئێمه شەرحی كرد، چۆن ئەگەر زیادبوونی دانیشتوان له پارێزگایەك كاریگەری نابێ له سەر پارێزگایەكی تر، چونكه وەكو خۆی دەمێنێت، ویستی بۆ ئەم مەنهەجه نموونەیەكی هێنا، من دەڵێم ئەو قسەیه له رووی ئیحسائیەوه راست ناكات، چونكه ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی پارێزگایەك زیاد بوو، ژمارەی ئەو كورسیانەی بۆ ئەویش تەرخانكراوه دەبێ زیاد بكرێ، ئەگەر نا سێ بازنەیی مەعنای نامێنێ، خۆ تۆ بۆ من سێ كورسیت داناوه هەتا هەتایی سێ كورسی نامێنێن، چونكه له رووی علمیەوه قسەكه راست نیه، منیش گومانم هەیه له رووی سیاسیەوه بزات زیادبوونی دانیشتوانی موحافەزەی دهۆك كرا داوا دەكەم ئەو نموونەیه له پڕۆتۆكۆل مەسح بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

عەله كولین ئێمه پێمان وایه شتی وا باس نەكراوه، ئێستا سێ ناومان نووسیوه، (سۆزان خان، د. احمد، كاروان صالح) فەرموو سۆزان خان،

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هیوادارم تۆزێك دەنگ كەم بێتەوه، چونكه گوێمان له خۆشمان نابێ، ئێمه له ساڵی 1992 رێژەی له (7٪)مان دانا وتمان ئەگەر هاتو حیزبەكان ئەوانەی موشارەكەیان كرد بۆ چوونه ناو پەرلەمانەوه دەبێ ئەم نیسبەتەی له (7٪) بێنن، خۆشمان بینیمان به چاوی خۆمان چی بوو نەتیجەكەی و ئەنجامەكەی، بۆیه ئەو تەوازنەی بۆ پاراستنی ئەم فره رەنگیه و ئەو فره حزبیه، دانانی سێ بازنه زەرەر له حزبه بچووكەكان دەدا، ئەگەر ئێمه باس له دیموكراسیەت و تەعەدودیەت و فره حیزبی دەكەین دێینەوه به شێوازێكی دیكه نیسبەی له (7٪) دادەنێینەوه، دەبێ سەریح بین لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆماندا ئێمه

دەمانەوێ نیسبەتی لە (7٪)کە بگەڕێتەوە یان سێ بازنەیی دەینین دەیکەین بە نموونە و بیانوو بۆ ئەوەی مەجالی حیزبە بچووکەکان و گەشەی دیموکراسی لەم وڵاتە نەدەین، بەڕێزان کاتێك کە یەك بازنە دەبێت من دیفاع لە حیزبە گەورەکان ناکەم ئێستا، حیزبە بچوکەکان دەنگەکانیان (100) ئەندامی هەیە لەو شار (150)ی تری هەیە لەو شارۆچکەیە (350)ی هەیە لەم شارۆچکەیەی تر لە کۆتایی کۆی دەکاتەوە ئەو دەنگانە دەبێتە هۆی ئەوەی ببێتە خاوەنی یەك کورسی بۆ حزبیکی بچووك مانای ئەوەیە دەنگێکی جیاوازە مەعنای ئەوەیە فرە دەنگیە، فرە رەنگیە، دیموکراسییە، بەڕێزان کاتێك کە سەیری ماددەی (2)ی قانونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکەین دەڵێ: نوێنەرایەتی لە پەرلەمانی کوردستان نیشتیمانیە لە سەر ئاستی نیشتیمان دەبێ، نوێنەری گەلە لە سەر ئاستی نیشتیمانەکەمان دەبێت، بەڕێزان ئەم نیشتیمانەمان هێشتا نەبۆتە دەوڵەت، ئەم نیشتیمانەمان هێشتا هەرێمێکە، ئەم نیشتیمانەمان پێویستی ئەگەر هیچ نەبێ لە کۆ دەنگیەکدا لە کاتی هەڵبژاردندا هەموو دەنگ و رەنگەکان پێکەوە بەبێ ئەوەی لایەنێك مەحروم بکەین لە سەر ئاستی نیشتیمانەکەمان نوێنەرایەتی بکەین، کەی بووینە دەوڵەت لە سەر ئاستی قەزا لە سەر ئاستی ناحیە لە سەر ئاستی گوند دەتوانین نوێنەرایەتی بکەین، ئێستا نیشتیمانەکەمان پێویستی بە هەموومانە وەك هاووڵاتی نوێنەرایەتی بکەین، من لەم پەرلەمانی کوردستانەدا نوێنەری تەنها شاری سلێمانی نیم، هی دهۆکیشم، هی هەولێریشم، و لە کوێ کێشەیەکیان هەبێت کام شوێن لەم کوردستانە پەیوەندی پێوە کردبووم بە دەنگیەوە هاتووم، من نوێنەری ئەم گەلەم، نوێنەری ئەم نیشتیمانەم، بۆیە لەگەڵ یەك بازنەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو د. احمد،

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بەڕاستی لەگەڵ ئەوەم کە هەرێمی کوردستان یەك بازنەی هەڵبژاردن بێت لەبەر ئەو هۆیانە بەڕاستی، یەکەم: دەنگی دەنگدەر زیاتر حیسابی بۆ دەکرێ کە لە هەر شوێنێکی کوردستان لە دیهاتێك لە شارێك لە سەر سنوورێك دەنگەکەی کۆ دەکرێتەوە حیساب بۆ دەنگەکەی دەکرێ بەتایبەتی لە حاڵەتێك کە ئەگەر کیانێك یان حزبێك یان لیستێك چونکە سیستەمی هەڵبژاردنەکە وایە کە سێ کەس بەسەرەوە دەتوانن لیستێك پێك بێنن، مەرج نیە هەر حزبێك بێ، ئەو دەنگە کۆ دەکرێتەوە ئیعتبار زیاتر بۆ دەنگی دەنگدەر دادەنرێ کە دەنگەکەی نافەوتێ لەو حاڵەتەدا، دووەم: وەکو سۆزان خان باسی کرد بۆ حیزبە بچووکەکان باشترە، و بۆ لیست و کیانە بچووکەکان کەوایە یەك بازنەی هەڵبژاردن بێ نەك چەند بازنەی هەڵبژاردن، و شانسی بەدەست هێنانی کورسی بۆ حیزب و قەوارە و حیزبە بچووکەکان زیاتر دەستەبەر دەبێ ئەگەر هاتو یەك بازنەی هەڵبژاردن بێ، و بە پێچەوانەوە ئەمە لە قازانجی حیزبە گەورەکانە، ماددەی سێیەم: لە یاسای هەڵبژاردن کە داوای هەموارکردن نەکراوە، دەڵێ: ئەندامی پەرلەمان دەبێتە

نوێنەری گەلی کوردستانی عێراق ئەمە بە پێچەوانەی ئەم ماددەیە دەبێ، چونکە ئەمە تەعدیل نەکراوە دەڵێ: (عضو البرلمان يمثل شعب كوردستان ـ العراق)، و لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لە ماددەی یەکەم کە پەسەندمان کرد کە تەعدیلی ماددەی دووەم بوو هەم دەنگ دەدرێ بە کیانەکە بە تەنها، و دەنگ دەدرێ بە کاندیدەکە و بە کیانەکەش پێکەوە، کە وابوو لە حاڵەتێکدا تەنها دەنگ دەدرێ بە کیانەکە دەنگی ئەو هاووڵاتیە نافەوتێ لە هەر شوێنێك بێ کۆ دەبێتەوە، ئینجا بەڕاستی من پرسیار دەکەم بۆ سێ بازنە بۆ پێنج بازنە نەبێ، ئەی گەرمیان، هەڵەبجە کە دەبێت بە پارێزگا یەعنی بەڕاستی ئەمەش جیگەی مولاحەزەیە، و لەبەر هەموو ئەو هۆکارانە، و لەبەر ئەوەی کە هەرێمی کوردستان خسوسیەتێکی خۆی هەیە، تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئێمە دەبێ جیاوازی بکەین لە نێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی دیکەی عێراق، لەبەر ئەو تایبەتمەندیەی کە هەرێمی کوردستان هەیەتی کە هەم پەرلەمان و هەم حکومەتی هەیە، و پارێزگاکانیشیان هەن، من پشتگیری لەوە دەکەم کە تەنها کوردستان یەك بازنەی هەڵبژاردن بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك کاروان

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پێم وایە پرسی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان ئاستێکی وای بڕیوە کە جارێکی تر بوار نەما بۆ ئەوەی کە بەس حیزبە دەسەڵاتدارەکان، بەس حیزبە گەورەکان لە ساحەکە بن، خەڵکانی تر کە بیر و بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەو ساحە حزووریان نەبێ، و من زۆر پێم ئەستەمە کە خەڵکێك ئیدیعای ئەوە دەکات کە ساحەکە نەهێڵێ نوێنەرانی کەم و بچووك و ئەم و ئەو بێتە ناو ئەو پەرلەمانە، ئەو پەرلەمانە دەبێ ملەوەن بێ، ئەو پەرلەمانە دەبێ دەنگ و رەنگی جیاوازی تێدا بێ، ئەو پەرلەمانە دەبێ شوێنی خەڵکی تریشی لێ بکرێتەوە کە ئەو جارە ئومێد دەکەین زۆر خەڵکی جیاواز دێتە ناو ئەو پەرلەمانە بەپێی ماددە (41)ی دەستور برگە سێ ئیقرار بەوەکراوە لە دەستوری هەرێمی کوردستان لە پرۆژەی دەستور کە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان نوێنەری گەلی کوردستانە بەبێ جیاوازی بۆ چوونی سیاسی، نەتەوەیی، ئاینی، ئێمە هەندێك شت دەڵێین عەکسی ئەو مەبادیئانەیە کە قسەمان لە سەری کردووە، برادەرینە، کێ ئەو حەقەی دایتە تۆ کە رێگری بکەی قەوارەیەکی بچووك حزووری لێرە هەبێ؟ دەیان حیزبی تێکۆشەر نوێنەرایەتی هاژە خانی هەیە لێرە، کە سەدان شەهید و هەزاران تێکۆشەر و زیندانی، و هەزاران رۆشنبیری لە ناو هەموو حیزبەکانتان هەیە، بۆ ئەستەمە نوێنەری نەبێ، دەیانی وەکو ئێمە ساڵە های ساڵە بەروح و گیان و خوێنی باب و باپیری خۆمان، تەسلیم نەبووینەتەوە فایلمان نیە، خیانەتمان نەکردووە، تێکۆشانمان کردووە، ناهێڵن بێینە ناوتان لە ناو ئێوە هەوێن بین لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، دەبێ ئێمە بەڕاستی شوێنمان بکەنەوە دەیان گروپی جیا ئەمڕۆ (16) قەوارەی نوێ خۆی

تۆمارکردووه، ڕێگرن، بۆ دەترسن لە دەنگ و ڕەنگی جیاواز؟ لێگەڕێن خەڵك لە سەر صندوقی دەنگدان خۆی تاقی بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

لیژنەی یاسایی هەردووکی بخەنە دەنگەوە کاکە روونکردنەوە نیە برام، نابێ سێ کەس لەم لەو لا و سێ کەسیش لەو لا قسەی کرد، بیخە دەنگەوە، تکایە، فەرموو لیژنەی یاسایی،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بوویە سێ بازنەیی بەو شێوەی ئێستا دەیخوێنمەوە با ئەندامانی پەرلەمان رای خۆیان لە سەر بدەن، ( یعتبر إقليم كوردستان ـ العراق ثلاث مناطق انتخابية)

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەوەی کە دەیەوێ سێ بازنەیی بێ، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (29) کەس لەگەڵ سێ بازنەییە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ ئەوە زۆرینە لەگەڵ دا نیە، کەواتە ئەوەی تر بخە دەنگەوە کاك عونی بیخوێنەوە،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویست ناکات لەبەر ئەوەی ئەسڵی قانونەکە هەر وایە، ( يعتبر إقليم كوردستان ـ العراق منطقة انتخابية واحدة وتقسم الى مراكز انتخابية)

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ڕەبتی بەوە هەبێ، فەرموو کاك کاردۆ،

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکردن لە سەر شێوازی هەڵبژاردن هەموو شێوازێك لایەنی ئیجابی هەیە و لایەنی سلبی هەیە، قسەکردن نیە لە سەر ئەوەی کە کێ لەگەڵ هەمەڕەنگیە و کێ لەگەڵ ئەوەیە ئێستا ئێمە بە نموونە، بە تەجروبە بۆتان باس دەکەم، ئێمە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانمان هەیە، ئایا بۆتە هۆی ئەوەی کە هەمەڕەنگی نەمێنێ، کاکە یەکێك لە هۆکارەکانی داواکردنی ئێمە ئەوە بوو کە نەریتێك، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

تەواو قسەی خۆت کرد و حەسم بوو، فەرموو کاك عەونی ماددەکە بخە دەنگەوە،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

تعدل المادة (السادسة و الثلاثون) من القانون و تقرأ كالآتي:

المادة (السادسة و الثلاثون):

اولاً: يتم تحديد المعدل الانتخابي وفق الآلية التالية:

1- يقسم مجموع الاصوات المقترعة للمكونات المشار اليها في المادة (36 المكررة) من هذا القانون على عدد المقاعد المخصصة لكل مكون لأستخراج المعدل الانتخابي له.

2- تقسم الاصوات المتبقية على عدد مقاعد البرلمان بعد طرح عدد المقاعد المشار اليها في (1) اعلاه، لأستخراج المعدل الأنتخابي للكيانات غير المشمولة باحكام المادة (36 المكررة) من هذا القانون.

ثانياً: يتم تحديد عدد المقاعد التي فاز بها كل كيان وفق الآلية التالية:

1- تقسيم الاصوات التي حاز عليها كل كيان على المعدل الأنتخابي، المستخرج وفق الفقرة (اولاً) اعلاه، لتحديد عدد المقاعد التي فاز بها الكيان المعني.

2- في حالة عدم حصول اي كيان يتنافس على المقاعد المشار اليها في المادة (36 المكررة) على المعدل الانتخابي، يمنح مقعد واحد للكيان الذي حصل على اكثر الاصوات، ضمن المكون.

ثالثاً: تؤول المقاعد الشاغرة نتيجة لحصول بقايا لا تصل الى المعدل الانتخابي الى الكيانات التي حصلت على اكبر البقايا و على التوالي.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ تێبینی هەیە؟ فەرموو کاك جمال،

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها مولاحەزەم ئەوەیە کەلیمە (صحیحة) ئیزافە بکرێ پاش هەر ئەسواتێك (الأصوات الصحیحة) ئیزافە بکرێت وابزانم چاکتر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەرچاوکردنی ئەو تێبینیە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

تعدل المادة (السابعة و الثلاثون) من القانون و تقرأ كالاتي:

المادة (السابعة و الثلاثون):

اولاً: يتم توزيع المقاعد التي فاز بها كل كيان وفق التسلسل التالي:

1- يتم منح مقعد لكل مرشح حصل على المعدل الانتخابي المستخرج وفق احكام الفقرة (اولاً) من المادة (36) المعدلة من هذا القانون، حسب الاصوات التي حصل عليها كل منهم.

2- تتم اعادة ترتيب اسماء بقية مرشحي الكيان حسب الاصوات التي حصل عليها كل منهم و تمنح بقية المقاعد لهم ابتداءً من الحاصل على اعلى الاصوات الى ان يتم تحديد كافة المقاعد التي حصل عليها الكيان.

ثانياً: في حالة عدم تحقق النسبة المخصصة للنساء و الواردة في الفقرة (1) من المادة (22) من القانون، يتم تقديم العدد المطلوب من النساء من بين الفائزات المشار اليهن في (اولاً/2) اعلاه حسب الاصوات التي حصلن عليها.

ثالثاً:

1- تعلن الهيئة العليا النسبة المئوية التي حصل عليها كل كيان و المقاعد البرلمانية التي فاز بها.

2- تعلن الهيئة العليا اسماء الفائزين بعضوية برلمان كوردستان – العراق.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كێ تێبینی هەیە؟ تەنها سێ كەس، (كاك برهان، كاك عبدالسلام، كاك سالم)فەرموو كاك برهان،

**بەڕێز برهان رشيد حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا من قسەم لە سەر ئەم ماددەیە ئەوەیە ئەسڵی پرۆژە، ئەگەر سەیری بكەیت كە ئەو برادەرانە لە لیستی كوردستانی تەقدیمیان كردووە، بڕگەی دوو تێدایە دەڵێ: (يتم منح نصف المقاعد المتبقية لمرشح الكيان حسب تسلسل أسمائهم في القائمة الأنتخابية الأصلية بغض النظر عن الأصوات التي حصل عليها كل منهم ويتم أعتبار نصف المقعد مقعداً كاملاً لهذا الغرض) ئەمە باس لەوە دەكات كە حەق بە حزبێك دەدرێ هەندێك ناو دابنرێ بیكا بە ئەندامی پەرلەمان، ئەمە لابرا بە هۆی موناقەشاتی دوێنێ، وەڵلا من وەكو رەئی شەخسی و قانونی و بۆچوونی تایبەتی خۆم من رەئم وایە بیانووەكانی لابردنی ئەو بڕگەیە لە كۆبوونەوەكانی دوێنێ و ئێستا تەجیهزنەكردنی لە زمنی ئەو قانونە و تەعدیلە بە بیانووی زەعیفی دەزانم لەگەڵ رێزمدا، من رەئم وایە حیزب هەندێ جار پێویستی بەوەیە هەندیك جار خۆی دایبنێ بیكا بە ئەندامی پەرلەمان لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی بۆ نموونە حزبێك لە بادینان دا یان لە كەركووك دا دەنگ كەم دەهێنێ، حەقی خۆیەتی خەڵك لەوێ دابنێ بۆ ئەوەی نفووسی موستەقبەلی خۆی پێ زیاد بكا، دووەم: خەڵك هەیە خەڵكێكی زۆر ئەكادیمیە، من حورمەتم بۆ جەنابتان، من خەڵكم دیوە حەوت زمانی زانیوە كە مردووە حەوت كەس لە تازیەكەی بووە، خەڵك هەیە زۆر زانایە، پرۆفیسۆرە، پرۆفیشناڵە لە ئیشی خۆیدا، دەنگ ناهێنێ بە دەنگدان حزبەكەی خۆی پێویستی پێیەتی هەم پەرلەمانیش پێویستی پێیەتی، لەبەر

ئەوە وجودی ئەو بڕگەیە بە زەروور دەزانم، ئەگەر نیوەشی بە زۆر دەزانن حەقە یەك لە سەر چواری ئەم حەقە بیدە بە حزبەکە کە خۆی ئەو خەڵکە دادەنێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك عبدالسلام،

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ئەوەی من یەکێك بووم لەوانەی ئەم پرۆژەمان پێشکەشکردووە، هەندێك سیاغات سیاغاتی لوغەوەیش هی منە، دوو مولاحەزەم هەیە، یەکێکیان: پاش و پێش دەکەم چونکە لادانی بڕگە دوو بێ ئەوەی هیچ شەرح بکرێ لە راپۆرتی موشتەرەك لای من جێگای سوئالە، بەڵام ئەوە دێخمە پاشەوە، پاش ئەوەی ئەگەر بێتو ئەو سیاغەی لیژنەی هاوبەش پەسەندکرا، پێشنیار دەکەم چونکە سیاغەکە سەقەتە ئێستا ئەوەلەن: یەکسەر دەست پێ دەکەی دەڵێی (تتم اعادة ترتيب اسماء بقية مرشحي الكيان) (وفق الية كذا) نازانم چ؟ هەمووی نامینێت، بۆ چونکە ئەوەلەن (يتم منح مقعد لكل مرشح حصل على المعدل الانتخابي) مانای نیە مادام تۆ ناوەکانی هەموو ئەو ناوانەی بە لیست هاتوونە بەپێی دەنگ تەسەلسولی داخیل بکەی واتا پێش هەموویان ئەوانەی مەقعەدی ئینتیخابیان هێناوە دێن، بۆیە ئەوەلەن داعی نیە بمێنێت تەحسیل حاسلە، تەنها لە ئەوەلەن دووەم دەمێنێتەوە، بۆیە پێشنیار دەکەم تەنها بڵێین ئەوەلەن (تتم اعادة الى اخره)، بەڵام کەلیمەی (وتمنح بقية) لابدەن، دووەم مولاحەزە چونکە ئەوەلەن تەقسیم کرابوو بۆ یەك و دوو و سێ، تکایە ئەمە مولاحەزە بکەن (العدد المطلوب من النساء من الأصوات التى حصلن عليها فقط) مەڵێ (بين الفائزات المشار اليهن في اولاً و ثانياً) چونکە کاتی خۆی سێ فائیز بوون، بۆیە ئەوە پێشنیارمە تاکو لە جێگای خۆی راوەستێ ماددەکە، دێمە مەوزوعی ئەو پێشنیارەی کە لە ئەسڵی پێشنیار هەبوو بێ تەبریر لیژنە لای داوە من تەسەور دەکەم نەمانزانی تەبعەن بۆ لاتان دا، بۆ ئێمەتان شەرح نەکرد بۆ لاتان دا، بەڵام تەئیدی قسەکانی کاك برهان دەکەم ئەو عەمەلیە سیاسیەی لە دیموکراسیەتی و نوێنەرایەتی حزب رێکی دەخەن و حزب بۆ خۆی هەندێك کەوادر دەست نیشان دەکاتن و هەندێ پۆستی پێویست ئەیەوێ یەکێك بۆ لیژنەی یاسایی هەبێت، مافێتی، ئەیەوێ یەکێك ئامادە بکات ئەگەر مەقعەدی باشی هەبێ بیکاتە سەرۆکی پەرلەمان، جێگیری سەرۆکی پەرلەمان هەندێك لیستی هەندێك حزبی کوردستانی ئێستا لە راگەیاندندا باسی دەکەن نوێنەر بۆ شەبەك و بۆ ئێزیدی و بۆ کاکەیی دادەنێن چۆن دای دەنێ؟ ئەگەر تۆ سەیتەرەت لە سەر چۆنیەتی مەقاعد لە زمنی ئیستیسنا نەبێ، بۆیە ئێستا ئەوە دەرچووە ئێمە سێ کەسین ناتوانین ئێمە شت فەرز بکەین، بەڵام دەبوایە لە لیژنەی یاسایی بپرسین بۆچی ئەو بڕگەتان لادا؟ و گفتوگۆ بکرێ ئەگەر خەڵك زۆرینە لەگەڵمان بڵێ لا بدرێ، با لا بدرێ، بەڵام ئێستا

راپۆرتی هاوبەشتان کردووە بە ئەساس، ئەو فرسەتەمان بۆ نەما، بۆیە من تەنها ئیکتیفا دەکەم بەو تەعدیلاتەی کە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاک سالم،

**بەڕێز سالم توما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکەم لە سەر دووەم: في حالة عدم تحقق نسبة مخصصة للمرأة) نە (نساء) دوایی بێتەوە (نساء) بەڵام (في كل كيان انتخابي) لە هەر قائیمەیەك نەك بەیانی لە قائیمەیەك نیسبەی ئافرەت نەبوو بچێ لە قائیمەی تر بڵێ دەبێ تۆ ئافرەت بێنیتن، چونکە لە قائیمەی من ئافرەت نیسبەی خۆی دەرنەهێناوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو د. دانا،

**بەڕێز د. دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو مۆدێلەی لە ئەسڵی پرۆژەکە هاتووە، بیروکەکە لەوەوە هات کە پەراوێزێك بۆ ئیرادەی حزبەکان هەبێت بۆ ئەوەی کە بیانەوێ خەڵکێکی موختەس یان خەڵکێك ئەگەر شوێنێك با بڵێین لەوانەیە نوینەرایەتی پێکهاتەیەك نەتوانێ بهێنرێ، ئەوە حزب با بڵێین لەو پەراوێزە جێگایان بۆ بکاتەوە، بەڵام ئەوەی کە ئێستا دەیبینین ئەو پەراوێزە نەماوە، بەڵام دیسان ئەوەی کە بیانووەکە ئەوەی ئێمە تێی دەگەین بۆ ئەوەیە کە حزب ئیحراج نەبێ لەوەی کێ لە سەری سەرەوەی لیستەکەیە یاخود لە پێشی پێشەوەی لیستەکە دادەنێ؟ دیارە هەر دووو لا ئیجابیات و سلبیاتی هەیە، بەڵام کامەیان دیموکراسی ترە بێگومان یەعنی ئەو مۆدێلەی ئێستا کە لە تەقریری موشتەرەك هاتووە دیموکراسی ترە، ئەگەر بمانەوێ با بڵێین پەراوێزێك بۆ ئیرادەی حزب دابنێین دیارە ئەویش یەعنی تەبریراتی خۆی هەیە، بەهەرحاڵ باس لەوەکرا، تەبریر چییە؟ بۆیە بەڕاستی لەوانەیە نەویسترێ حزب ئیحراج بێ، بۆیە ئەو لیستە بەو شێوەیەی کە بەپێی تەسەلسولی ئەوانەی کە دەنگ دەهێنن بەو شێوەیە یەك لا بکرێتەوە لە بری ئەوەی کەس لە پێشەوە دابنرێ یاخود دا نەنرێ، تەنیا ئەوەیە موبەڕیڕەکە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش،

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو پیشنیارەی کرا سەبارەت بە دەمج کردنی برگەی یەکەم و دووەم خاڵی یەك و دوو ئەوە پێشنیارێکی باشە، و ئەو بەقیەی ئەوەی کاك عبدالسلام پێشنیاری کرد پێویست ناکات لێرە لەبەر ئەوەی لە خاڵی یەکەم چارەسەر کرایە، (و یعاد ترتیب أسماء بقیة مرشحي الکیان) سەبارەت بەو خاڵەی کە پێشنیاری کاك سالم بوو هی لیستی ئەوەی کە ئەگەر ئافرەتەکان ئەو رێژەیەی کە دیاریکرایە لە (30٪) کەمتر نەبێ، ئەو رێژەیە بەدەست نەهێنا، بەپێی ژمارەی دەنگەکان دوای ئەوەی کە موعدەلی ئینتیخابی و ئەو رێکارانەی پێشتر دیاری کرایە ئەنجام درا، ئەوە مەبەست لە هەمان لیستە، چونکە ناکرێ بەڵام وشەکە لێرە نازانم چاپ نەکرایە، لە بیر کرایە، (یتم تقدیم العدد المطلوب من النساء من نفس القائمة حسب الاصوات التي حصلن علیها) ئەو عیبارەیە وەکو خۆی دەمینێتەوە، و بەو شێوەیە ماددەکە دا دەرێژینەوە

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك عمر،

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو موقتەرەحەی کە ئێستا دکتۆرە رۆژان باسی کرد من پێم باشە تەوزیحێکی لە سەر بدەم، فەقەرە یەك و دوو ناکرێ دەمج بکرێ بە یەك فەقەرە بۆچی؟ چونکە لەبەر ئەوەی فەقەرە یەك باس لە موعەدەلی ئینتیخابی دەکا، بە واتا ئەو مورەشەحەی پێویستی بە چەند دەنگە بۆ ئەوەی کورسیەك بە دەست بێنێ، فەقەرە دوو جیاوازە لەگەڵ فەقەرە یەکدا، فەقەرە یەك نابێ دەمج بکرێ، لەبەر ئەوەی ئەوە مەعدەلی ئینتیخابیە و پێویستە بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش،

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر احمد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك لا دەدرێ، چونکە ئیکتیفا دەکەین بە برگە دوو لە خاڵی یەکەم مەبەست ئەوە بووە، وشەی هەیئە لە هەر شوێنێك هاتبێ ئەوە دەیکەینە مفەوەزیە، لەبەر ئەوەی ماددەکمان پێشتر پەسەند کرد کە مفەوەزیەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق شوێنی ئەو دەستەیە دەگرێتەوە تاکو دەستەکە لە هەرێمی کوردستاندا دەمەزرێ، سەبارەت بە ماددەکە بەو شێوەیە دای دەرێژینەوە: ماددەی (37)

المادة (السابعة و الثلاثون):

اولاً: یتم توزیع المقاعد التي فاز بها کل کیان وفق التسلسل الأتي:

اولاً: یعاد ترتیب أسماء مرشحي الکیان حسب الاصوات التي حصل علیها کل منهم و تمنح المقاعد لهم ابتداءً من الحاصل علی اعلی الاصوات الی ان یتم تحدید کافة المقاعد التي حصل علیها الکیان.

ثانياً: في حالة عدم تحقق النسبة المخصصة للنساء ضمن القائمة الواحدة والواردة في الفقرة (1) من المادة (22) من القانون، يتم تقديم العدد المطلوب من النساء من بين الفائزات المشار اليهن في (اولاً/2) اعلاه حسب الاصوات التي حصلن عليها.

ثالثاً:

1- تعلن المفوضية العليا النسبة المئوية التي حصل عليها كل كيان و المقاعد البرلمانية التي فاز بها.

2- تعلن المفوضية العليا اسماء الفائزين بعضوية برلمان كوردستان – العراق.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

بەو سيغەيەی كە خوێندرايەوە، كێ لەگەڵ دايە تكايە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نيە؟ (3) كەس لەگەڵ دا نيە، بە زۆرينەی دەنگ پەسەندكرا، فەرموون بۆ ماددەيەكی تر،

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

اضافة بتسلسل المادة التاسعة :

في حالة خلو اي مقعد، يتم ملأه من بين مرشحي الكيان الذي يعود اليه المقعد.

باعتماد عدد الاصوات التي حصل عليها المرشحون لملأ المقعد الممنوح وفق (اولاً/2) من المادة (37) المعدلة من هذا القانون، و في حالة تساوي الاصوات يتم ملئ المقعد الشاغر حسب تسلسل الاسماء في القائمة الاصلية.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كێ تێبينی هەيە؟ سێ كەس (كاك عبدالسلام، كاك خليل، د. احمد)، فەرموو كاك عبدالسلام،

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جارێكی تر دەگەڕێمەوە ئەسڵی مەشروع دەيويست تەبيعاتی تەبەنی ئەو سستەمە موختەلەتە چارەسەر بكات هەندێك دەبنە ئەندام پەرلەمان بە پێی مەقعەدی ئينتيخابی هەندێك دەبنە ئەندام پەرلەمان بە پێی تەسەلسولی ليست هەندێكی تر دەبنە ئەندام پەرلەمان بەپێی رێژەی دەنگدان، بۆ عيلاج كردنی ئەم حاڵەتە كە ئێستا نەماوە ئەم حاڵەتە، ئێمە پێشنيارمان كرد ماددەی (44)ی لەغو كراو ئيعادەی عەمەلی پێ بكرێ بەو نەسە بنووسرێ، بەتەسەوری من ئەم نەسە مەعنای نيە ئێستا پێويست نيە ئەم ئيزافەی ئەوە چونكە لێرە (وفق مادة) اولاً: دوو: (حسب الاسماء او حسب الأصوات) نەماوە ئەو ئاليەتە، بۆيە من پێشنيار دەكەم ئيزافەی ئەو ماددەيە نەمێنێ، بەڵام بچينە ماددەی ئەسڵی كە باس دەكات چۆن مەقاعدی شاغيرە پڕ دەكرێت لەوێ بيربكەينەوە ئايا چونكە ماددەيەك هەيە لە ماددەی قانونی ئەسڵی باس دەكات ئەگەر (بعد ذلك)بە تاڵ بوو چی بكرێ، لەوێ وەكو چۆن باسی ماددەی نۆمان كرد لەوێ بڵێين ئەگەر دەمانەوێ بەپێی دەنگەكان بێت، بڵێ دەنگەكان لە جياتی تەسەلسول، بۆيە ئيزافەی ئەو ماددەيە داعی نيە،

چونکە موبەڕیڕ بۆ ئیزافەکردنی ئەم تێکستە نەما پاش ئەوەی ئەو سیستەمە پێشنیارکراو لە پرۆژەی یاسا ڕەتکرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاک خلیل،

**بەڕێز خلیل عثمان حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا بە بڕوای من لەو پرۆژە یاسایە، و لە یاسا ئەسلیەکەش تا ئێستا دیار نیە، یەعنی ئێمە بڕگەیەك ئیزافە بکەین، ئەگەر لیژنەی یاسایی مەخرەجێکی بۆ بدۆزنەوە، ئایا هەر کیانێکی سیاسی بۆی هەیە چەند مورەشەح پیشکەش بکا، ئێمە لەبەرئەوەی کۆتاشمان هەیە، ئایا بۆ کۆتاکان بۆیان هەیە قائیمەکەیان چەند نەفەر بێ، و بەنیسبەت قائیمە گشتیەکە ئەوەی کە کۆتا نیە ئایا بۆیان هەیە چەند پاڵێوراو پێشکەش بکەن؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو د. احمد،

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من تێبینیەکەم لە سەر ئەوەیە کە لێرەدا باسی لەوە دەکا کە ئیعتیمادی عەدەدی ئەسوات دەکرێ، وفق (اولاً/2) لە ماددەی (37) دوایی باسی ئەوە دەکات (و في حالة تساوي الاصوات يتم ملئ المقعد الشاغر حسب تسلسل الاسماء في القائمة الاصلية) مەگەر ئەوەی کە لە ماددەی (37) هاتووە لە دووەم کە باس لەوە دەکات (كما يكون املاء المقاعد الشاغرة في القائمة الأنتخابية بعد ذلك وفق تسلسل بعد اسماء القائمة) قائیمەی ئەسڵی ئەو قائیمە چ جیاوازیەکی هەیە، ئەگەر قائیمەی ئەسڵی هەر ئەو قائیمە نیە، بۆچی لێرە ئەوەی هێناوە کە دواتر (في حالة تساوي الأصوات يتم ملئ المقعد الشاغر حسب تسلسل الأسماء في القائمة الأصلية) حەز دەکەم ئەوە روون کەنەوە بەڕاستی، وابزانم ئەوەی کە کاك عبدالسلام باسی کرد موعالەجەی کردووە، یەعنی پێ دەچێ ئەوە زیادبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش،

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر احمد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پرسیارەی ئایا لیستی ئەسڵی قائیمەی ئەسڵی لەگەڵ قائیمەی دواتر جیاوازیان هەیە یان لێرە بە هەڵە هاتووە، ئەم ماددەیە زۆر بە وردی موناقەشەکرا گفتوگۆی زۆری لە سەر کرا دوێنێ ئێوارێ کۆبوونەوەی هەردوو لیژنەی یاسایی و ناوەخۆ، سەبارەت بەو لیستە قائیمەکی ئەسڵی هەیە، بەس ئەو قائیمەیە گۆڕانکاری بەسەر دادێ لەبەر ئەوەی قائیمەکە نیمچە کراوەیە ئەو قائیمە داخراو نیە، بۆیە ئەو ئیشکالیە دروست دەبێ، بەڵام ئێمە چارەسەری ئەوەمان کردووە، لە حاڵەتێك ئەگەر ژمارەی دەنگەکان کە دابەش دەکرێ بۆ ئەو کەسانە دەچێ، قائیمەکی دیکە مفەوەزیە ئامادە دەکات بەپێی ریزبەندی ئەو دەنگانەی کە هەر ناوەك، هەر پاڵێوراوەك چەند دەنگ دێنێ، بۆیە قائیمەی ئەسڵی و قائیمەی دواتر هەیە پاش ئیعلانکردنی ئەنجامی هەڵبژاردن، بەڵام لێرە حاڵەتەکە ئەوەیە (تساوي الأصوات) هەرچەند حاڵەتەکە زۆر دەگمەنە لەوانەیە روونەدا، بەڵام زۆرینەی ئەندامانی هەردوو لیژنە سووربوون لە سەر ئەوەی کە ئەو حاڵەتە دانرێ، ئەگەر لە حاڵەتێك کورسیەك شاغر بوو دوو پاڵێوراو هەمان دەنگیان هێنا کامەیان دادەنرێ؟ تەنها لەو حاڵەتە دەگەڕێنەوە قائیمەی ئەسڵی پێش دەنگدان، ئەوەیە جیاوازی ئەو لیستە، دوو لیستی جیاوازن، یەك لیست نیە، و ئەو حاڵەتەش هەرچەندە زۆر دەگمەنە لەوانەیە روونەدا دوو کەس هەمان حاڵەتی دەنگ بێنن، بە پۆینتیش یەکسان بن و هیچ جیاوازیان نەبێ، ئەگەر روویدا ئەوە بەو شێوەیە چارەسەری دەکەین، دەگەڕێنەوە قائیمەی ئەسڵی، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

دوا سیاغەتان،

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر احمد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

في حالة خلو اي مقعد، يتم ملئه من بين مرشحي الكيان الذي يعود اليه المقعد.

باعتماد عدد الاصوات التي حصل عليها المرشحون لملأ المقعد الممنوح وفق اولاً من المادة (37) المعدلة من هذا القانون، و في حالة تساوي الاصوات يتم ملئ المقعد الشاغر حسب تسلسل الاسماء في القائمة الاصلية.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة العاشرة:

نقترح الغاءها لانها معالجة في المادة (الثانية) من المشروع لتعلقها بالمادة (58) من القانون.

**ماددەی دووی پرۆژەکە ئەو بابەتە یەك لا کراوە، و پێشکەشکەرانی پرۆژەکە تێبینی ئەوەیان نەکردووە ژمارەکەیان نووسیبوو ماددەی (61) کە دیتمان ماددەکە (58) و لە ماددەی دووی پرۆژەکە جێبەجێکرا، بووە ماددەیەکی قانونی دەنگمان لە سەردا، بۆیە لێرە  پێشنیار دەکەین ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێ، ماددەی (58)ی ئەسڵی قانونەکە ئیلغا بکرێ، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**کێ لەگەڵ دایە ماددەکە ئیلغا بکرێ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ فەرموو کاك عبدالسلام شەرحی بکە،**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆیە داوام کرد مەجالم بدەیی چونکە ئێمە نووسیومانە، دەنگ درا، چوو، بەڵام بڵێیم لە سەر چی دەنگتان دا؟ لیژنەی یاسایی لە ئێمەی داوا کرد کە ئێمە ئەو پرۆژەیەمان دادەڕشت، دوو هەڵە هەیە لە ناو دەقی دەستوری هەموارکراو چەند ئەندامی لیژنەی یاسایی ببوورن، لە ماددەی (61) ئیشارەمان پێکردووە، دەڵێت (على أنتخابات الدورة الأنتخابية ثانية ومجلس وادارتها) ئێمە وتوومانە دووەم لا دەدەین بە هەموارکردنەکە تەنها بۆ ئەوە بووە (الدورة الثانية) نەمێنێ بڵێ (الدورة الأنتخابية) هەروەها لە ماددەی دووی پرۆژە کە لە ئەسڵەکە جارێك هاتووە، (الدورة الرابعة) خەڵك ئێمەی هەشیار کرد وتی دەورەی چوارەم پێی دەڵێن تاکو ئەمە ببێتە یاسایەك بۆ هەموو، یەعنی ئێوە ئێستا دەنگتان دا ئیلغائی ئەو موقتەرەحەی ئێمە ماددەی (61) تەنها (تحل المفوضية العليا المستقلة محل الهيئة العليا) لە دەورەی دووەم صالحە لە دەورەی داهاتوو ئینتیخاب دەبێ (الهيئة العليا للأنتخابات) سەرپەرشتی بکات، چۆن، نا کەیفی خۆتانە، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**بە هەرحاڵ بڕۆنە ماددەیەکی دیکە،**

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**اضافة المواد البروتوكولية الى المشروع:**

**لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**کێ تێبینی هەیە؟ فەرموو کاك دڵشاد،**

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی بڕۆینە سەر ئەو ماددانە کاك خەلیل پێشنیارێکی کرد منیش لە یاساکە سەیرم کرد دیاری کراوە لە یاسا کۆنەکە کەم ترین لیست چەند پاڵێوراوی هەبێ، بەس زۆرترینەکەی دیاری نەکراوە، ئەمە خەلەلی قانونی بۆ دروست ناکات دوایی بۆ کۆمسیۆن، چۆن لە یاسای پارێزگاکان کە دوو ئەوەندە دادەنرێ، ئاخۆ بەم یاسایەش هەمان رێکار پەیرەو دەکرێ بۆ ئەوەی دوو ئەوەندە کاندید دانرێ، لە کەمترینەوە کە سێ کەس بێ، تا دوو ئەوەندە کاندید بەپێی دەنگەکان، حەز دەکەم روونکردنەوەیەك بدەن ئەگەر دەزانن فەراغێکی یاسایی هەیە بۆ ئەوەی موعالەجەی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو حاجی بلال،

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله (بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا هەمان تێبینیم هەبوو کاك دڵشاد باسی کرد، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك عونی،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دوای ئەو تێبینی و پێشنیارانە کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکرا، لیژنەی هاوبەش تێبینی ئەوەی کرد ماددەی (61) دەبێ دوو فەقەرەی لێ ئیلغا بکرێ، لەبەر ئەوەی لە ماددەی پێشوو دەنگمان لە سەر دا چارەسەر کرا، واتە ئەو فەقەرانە بمێنێتەوە تەعاروز دەکا لەگەڵ ماددەکانی پێشوو کە قسەمان لە سەر کرد دەنگمان لە سەردا، بۆیە ئێستا ماددەی (61) بەم شێوەیە دەیخوێنینەوە (تلغى الفقرتان اولاً و ثانياً من المادة الحادية والستون من القانون ويعاد تسلسل بقية الفقرات كالأتى) واتە سێیەم و چوارەم دەبێتە یەکەم و دووەم، ئەسڵی قانونەکەتان بۆ دەخوێنمەوە،

المادة الحادية والستون:

اولاً: إذا فقد عضو البرلمان مقعده لأي سبب كان يحل محله المرشح التالي في قائمته طبقاً للترتيب الوارد فيها بنسبة القوائم.

ثانياً: إذا فقد عضو البرلمان مقعده لأي سبب كان يحل محله المرشح التالي من نفس الكيان السياسي المؤتلف ضمن القائمة الأنتخابية المؤتلفة.

ئەو دوو فەقەرەیە چارەسەر کرا لە ماددەی پێشوو کە دەنگمان لە سەردا، بۆیە زیادە لێرە

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك عبدالسلام،

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەو مادده (58)ی باسی دەكەن پێش تەعدیلی پێنجەم بوو، ماددەی (61)ی لە قاعیدەی تەشریعاتی عێراقی هەیە پاش ئەوەی (تضاف ماددة) و (یعاد تسلسل) دەڵێ: (تحل المفوضیة العلیا المستقلة للأنتخابات العراقیة محل الهیئة العلیا لأنتخابات المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق الواردة في هذا القانون للأشراف على انتخابات الدورة الانتخابیة) لێرە سەرنج بدەن، (الثانیة للمجلس وادارتها)، ئەم هەمواركردنەی ئێمە پێشنیارمان كردووە بۆ ئەو نەسەیە تاكو (تحل المفوضیة محل الهیئة) نەبەس بۆ دەورەی دووەم بێ بۆ هەمووی بێت، لە باتی (الدورة الثانیة) وتوومانە (انتخابات البرلمان)، (اذا فقد) نەماوە، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

**فەرموو كاك عونی،**

**بەڕێز عونی كمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**قسەكانی كاك عبدالسلام ئێمە ماددەی دوو لەو پرۆژەیە كە دەنگمان لە سەردا بە تەعدیل كردنی ماددەی شەشەمی قانونەكە فەقەری یەكەم، اولاً: من المادة السادسة مكررة، سیاغەكەی بەو شكلە بوو: تعدل الفقرة اولاً من المادة السادسة المكررة من القانون وتقرأ كالأتي المادة السادسة مكررة:**

**اولاً: تحل المفوضیة العلیا المستقلة للأنتخابات محل الهیئة العلیا لأنتخابات برلمان كوردستان ـ العراق الواردة في هذا القانون للأشراف على انتخابات البرلمان وادارتها بموجب أحكام الفقرة الرابعة من المادة الثانیة من قانون المفوضیة العلیا المستقلة للأنتخابات رقم (11) لسنة 2007 لحین تشكیل الهیئة العلیا للأنتخابات والأستفتاء في إقلیم كوردستان) واتە لە هەر جێگا مفهوەزیە شوێنی هەیئەی دەگرێ، ئەوە دەنگمان لە سەر دا قانونەكە بووە ماددەكی قانونی لێرەوە تەسدیقمان كردووە، كاك عبدالسلام ئیلغامان كرد ماددەی (58) ئیلغامان كرد ماددەكی مەرحەلی بوو بۆ ئەو كاتەی بۆ ئینتیخاباتی پەرلەمانی دەورەی دووەم بوو، ئینتیخاب كرا تەواو بوو، ئیجاب ناكات ئەو ماددەیە لێر بمێنێتەوە، (تلغى الفقرتان اولاً و ثانیاً من المادة (61) من القانون) سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

**بەو شێوەیەی كە كاك عەونی خوێندیەوە لەو ماددەیە، كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرزكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ یەك كەس لەگەڵ دا نیە بەزۆرینەی دەنگ پەسەندكرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر، كاك حاجی فەرموو،**

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله (بیلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارەی کە کرا، سەبارەت بە لیستەکە چەند کاندیدی دەبێ لە چەندەوە بۆ چەند حەقی هەیە؟ ئەوە دیاری نەکراوە لە یاساکە ئەگەر دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەپێی هەڵبژاردنەکانی رابوردوو مفەوەزیە نەیهێشتووە لە ژمارەی کورسییەکان زیاتر بێ، فەرموو کاك دڵشاد،

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە لە کاتێکدا قائیمەکە داخراو بوو، لە کاتێکدا کە قائیمەکە کرا بە نیو کراوە، بڕوام وایە لە ئەوەی هەڵبژاردنی عێراق تەنها کەسێکیش بۆی هەبووە قائیمە دروست بکا، لەبەر ئەوەی مەعنای نیوکراوە تەکمیلە بێ، بۆیە لە قائیمەی نیوکراوە هەتا لە پارێزگاکانیش ئێمە پێشنیارمان کردووە کە موزاعەف دەتوانێ کاندید دانێ، ئەوە بۆ قائیمەی داخراو بەڵێ، نابێ عەدەدی لە عەدەدی کورسیەکانی پەرلەمان زیاتر بێ، بەس لە قائیمەی نیو کراوە دەتوانێ عەدەدی دوو ئەوەندەی کورسیەکانی پەرلەمان بێ، بۆیە دەکرێ ئەوە لە ماددەکە داخڵ بکەین بۆ ئەوەی کۆمسیۆن ماددەی (22) دەبێ تەعدیل بکرێ، لە بڕگەی یەك کە دەڵێ کاندید دەبێ وابێ، و نابێ لە سێ کەس کەمتر بێ، و ماددەی (22) سەیر بکەن مەجالی تەعدیلی تێدایە، چونکە لیستەکە بووە بە نیو کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك عمر هەورامی،

**بەڕێز عمر صدیق محمد (هەورامی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەم بنەمایەکی یاسایی هەمیش وەکو تەجروبەو ئەزموون هەمانە لە سێ هەڵبژاردنی رابوردوودا، هەر لیستێك یان با بڵێین هەر قەوارەیەکی سیاسی ئەگەر بەتەنیا دابەزی بێت بۆی هەبووە تەنها لە سەر ئاستی ئەو تەنافوسەی کە بەشداری دەکا لە ئینتیخاباتەکاندا عەدەدی پاڵێوراوەکان پیشکەش بکات، ئەمەش چۆن بنەما کراوە لە ماددەکانی (22) لە ماددەکانی سەرەتا کە دەڵێ پەرلەمانی کوردستان پێك هاتووە لە (111) پەرلەمانتار و ئەو ماددەشی ماددەی (36)ی موکەڕەڕ بە هەمان شێوە لەوێ دەست نیشانی کردووە، هەر کیانێکی سیاسی تەنها بۆی هەیە بەپێی عەدەدی ئەو مەقعەدانەی کە تەخسیس کراوە بۆ ئەو تەنافوسەی کە بەشداری تێدا دەکات، واتا ئێمە لەبەرئەوەی بنەماکەمان هەیە، و پێشنیارێکی موحەددەیش نەبووە لە هەردوو پرۆژەی پێشنیارکراوی پێشوودا، و ئەو راپۆرتەشی کە کرا بە ئەساس کە تێدا نەبووە، بۆیە هەر پێشنیارێك بۆ گۆڕینی ئەم بابەتە ناکەوێتە چوارچێوەی یاسایی، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو ئەو ماددەیە بخوێننەوە،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بەکۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر،**

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**على مجلس الوزارء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بەکۆی دەنگ پەسەندکرا،**

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**بە باشی دەزانین بیکەین، من تأريخ أصداره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**بەو سیغەی ئەخیری، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بەکۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ئەسباب موجیبە،**

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

**تماشياً مع متطلبات النظام الانتخابي الجديد لبرلمان كوردستان - العراق، شرع هذا القانون.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**ئەسبابی موجیبە و یاساکە هەمووی بە تێکڕایی، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ یەك کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، بە ئومێدی ئەوەی هەڵبژاردنێکی چاك و پاك و سەرکەوتووبێ، لیژنەی یاسایی فەرموو ئەو ماددەیە بخوێننەوە،**

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بڕگەی سێیەمی بەرنامەی کار خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای هەڵبژاردن ئەنجومەنی پارێزگا و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (4)یساڵی 2009**

ی هەموارکراو، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوەخۆ راپۆرتەکی هاوبەشمان ئامادەکرد سەبارەت بەو پرۆژەیە، دوێنێ کارمان لە سەر کرد، و راپۆرتەکە ئامادە بوو ئێستا پێشنیار دەکەین دوای خوێندنەوەی راپۆرتەکە بخرێتە دەنگدان راپۆرتەکە ببێتە بنەما بۆ گفتوگۆکردن بۆ ئاسانکاری، و دەنگدان لە سەری واتا بتوانین یاساکە بە زووترین کات دەرچوێنین، و رێکاری یاسایی ئەنجام بدرێ،

**الى / رئاسة برلمان كوردستان ـ العراق**

**م/ تقرير مشترك حول مشروع قانون التعديل الثانى لقانون انتخاب مجالس المحافظات والأقضية والنواحي في إقليم كوردستان - العراق**

أجتمع اللجنتان الشؤون القانونية واللجنة الداخلية والأمن والمجالس المحلية بصورة مشتركة بتأريخ (28) (جۆزەردان) 2713 كوردي المصادف ليوم 2013/6/18 ميلادي لدراسة مشروع قانون التعديل الثانى لقانون انتخاب مجالس المحافظات والأقضية والنواحي في إقليم كوردستان ـ العراق، المقدم من قبل العدد القانون لأعضاء البرلمان والمحال الى اللجان المعنية بعد القرأة الأولى له في البرلمان بجلسته الأعتيادية المرقمة (32) في 2013/6/18 وبعد المناقشة والمداولة توصلت اللجنتان الى ما يلي: بالنسبة للمادة الأولى من المشروع تؤيد اللجنتان المادة مع بعض التعديلات النحوية وكالأتي: إيقاف نفاذ الفقرة خامساً من المادة (38) مكررة من قانون انتخاب مجالس المحافظات والأقضية والنواحي في إقليم كوردستان ـ العراق، المرقم (4) لسنة 2009 انتخابات الدورة الثانية لمجالس المحافظات والأقضية والنواحي في الإقليم، بالنسبة للمادة الثانية من المشروع تقترح اللجنتان حذف المادة، تقترح اللجنتان اضافة المادة التالية الى المشروع وكالأتي: تعدل المادة الثانية عشرة المعدل بالقانون رقم (21) لسنة 2011 وتقرأ كالأتي: اولاً: تتولى الشرطة المحلية في وزارة الداخلية امر حماية المراكز الأنتخابية خلال العملية الأنتخابية.

ثانياً: لا يجوز لقوى الأمن الداخلي و المسلحين الدخول الى المراكز الانتخابية إلا بناءً على طلب من رئيس اللجنة.

بالنسبة للمادة الثالثة من المشروع: تؤيدها اللجنتان

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

بالنسبة للمادة الرابعة من المشروع: تؤيدها اللجنتان

ينفذ هذا القانون إعتباراً من تأريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الأسباب الموجبة**

لتسهيل عملية إجراء إنتخاب مجالس المحافظات في موعده المحدد بصورة سليمة ، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ لەگەڵ ئەوە دایە ئەم تەقریرە موشتەرەکە ببێتە ئەساس بۆ موناقەشە، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون ماددە، ماددە بیخوێننەوە،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الأولى: إيقاف نفاذ الفقرة الخامسة من المادة (38) مكررة من قانون انتخاب مجالس المحافظات والأقضية والنواحي في إقليم كوردستان ـ العراق المرقم أربعة لسنة 2009 لأنتخابات الدورة الأنتخابية الثانية لمجالس المحافظات والأقضية والنواحي في الأقليم

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە(کاك أمیر، کاك سالم، کاك شێردڵ، کاك یشار، ڤیان خان، کاك نەریمان، جیهان خان، د. سەروەر) فەرموو کاك امیر،

**بەڕێز امیر گۆگە یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك دیار هەرێمە کوردستانێ بەرامبەر گرنگ هەڵبژاردنایا ژ وان هەڵبژاردنا ئەنجومەنێ پارێزگاها، و گەلێ مە ژی کلدان سریان ئاشوری وەك هەمی خەڵکی کوردستانێ بەشێك ژ جیهانە سیاسی و جڤاکی چاڤەڕێ دکەت بە رژدی و گرانی هەمی ڤورساتیە خۆیە دیموکراتی ڤە بەشداری ڤی کەرنەڤالە دیموکراتی بکات وەك مافەك ل گۆڕ یاسا، بەڕێزان هەبوونە کۆتا سەرجەمێ گەلێ گوردستانێ جودا ناکەتن، بەلێ بتەنێ دەرفەت دان و روخسەت دانە دەرفەتە بەشداریێ بۆمە و یاسا مرۆڤاتی و دیموکراتی سەر گۆڕا کوردستانێ پەسەند کریا، و بۆیە زامنێ بەشدارێ مە دڵسۆزانە د ژیانا سیاسیدا کوردستانێ کۆمسیۆنە سەربەخۆیە هەڵبژاردنە کۆ ئەو ئامادەدا هەڵبژاردنە پارێزگاها گەل هەڵبژاردنە پەرلەمانێ و سەرۆکایەتیا هەرێمە کوردستان د کەن بەلێ برگە پێنجیش ماددەیە (32) دووبارە دیار کەت دەنگدەرێ کۆتا دەنگی بدەنە بەر بژارێ خۆ ئەڤە ئاستەنگەکە بتەنێ دیار کریە داخازا هەلۆیستنە وی کەتن ل دەمێکێ دا ل دەڤێ ماددێ دا یاسا ژمارە 4 ساڵە 2009 ئەم دەسکەفتەك کو مافەك کوپێکهاتی کلدان سریان ئاشوری دزانن و ل دیڤ

یاسا جهت پەیوەندیدار گیرن جێبەجێکرنا ڤی یاسایی ئەم ڤێرێ رژدیا خۆ بۆ گشتی یا گەلێ کوردستانێ دیار کتن ل ڤان هەڵبژاردنا دەمێ خۆ ایە دیار کری 2013/9/21دا ئەم ناخازن ببن ئاستەنگ یان بەربەست رێکە هەڵبژاردنە هیچ رەنگەکێ ل ڤرۆ هەڵوێستە ڤی ماددەیی پیچشنیارە گونجاوی دزانن، و جهێ پەیوەندیدار گەرا بێت یا هەڵبژاردنا هەمی ئامادەکاریە خۆ ل گۆڕ یاسایی دیار بکەت ش پێ خەمتنی راستەڤینە بۆ گەلێ مە، و ئومێدەوارین هەڵبژاردنە بە روحەکە دیموکراتی و برایەتی بێنە ئەنجام بۆ پاشە رۆژێکە باش و خۆش بۆ هەمی خەڵکی کوردستانێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك سالم،

**بەڕێز سالم توما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برگەی پێنج لە ماددەی (32)ی موکەرەڕ ئێمە ئەوەی لە ماددەکە هاتووە بەڕاستی بە حەڤێکی موکتەسەب و شەرعی و یاسایی گەلەکەمان و پێکهاتەکانی تر تورکمان و ئەرمەن دەزانین، و بوونی ئێمە لەم ئەنجومەنانە بەتایبەتی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزاو ناحیەکان بە زەروورەتی دەزانین، و مەبەست لە مەبدەئی کۆتا بۆ گەیاندنی نوێنەرانی ئەو پێکهاتانە بەو ئەنجومەنانەیە کە زیاتر لای ئێمە گرنگترە لە قەزاو ناحیەکان لە پارێزگاکانیش، بەڵام لەبەر بەرژەوەندی گشتی، و ئێمە قەت نابینە بەشێك یاخود ببینە ئاستەنگێك لە ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزاو ناحیەکان لە کاتی خۆیدا، و نابینە ئاستەنگ بۆ دواخستنی ئەمە، ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان رازین لە سەر تەعریفکردنی یاخۆد جێبەجێ نەکردنی ئەو برگەیە تەنها لەو خولە بەمەرجێك حکومەت ئیشی ئەوە بکا بۆ دەورەی داهاتوو ئەو ئیجرائاتانە جێبەجێ بکا تاکو فیعلەن بتوانی نوێنەری ئەو پێکهاتانە بگاتە ئەو ئەنجومەنانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك شێردڵ،

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو نەتەوەی تورکمان پشتگیری لە قسەکانی کاك سالم دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك یشار،

**بەڕێز یشار نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، ئێمە وەکو نەتەوەی تورکمان رایەکی جیاوازمان هەیە، پێمان باشە ئەو فەقەرەیە لاببرێ نەك تەنها بۆ ئەم هەڵبژاردنە بۆ هەموو هەڵبژاردنەکان لا ببرێ، چونکە ئەوەی کە ئێستا ناکرێ بەو شێوەیە ئەنجام بدرێ، خۆ لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا هەم دیسان هەر ناکرێ تورکمان هەر تورکمانە ئێستا و دوای سەد ساڵی تریش ناکرێ جیاکاری بکرێ لە ناو نەتەوەکاندا نابێ تورکمان تەنها دەنگ بە تورکمان بدا، چونکە تورکمانی وا هەیە دەنگ بە لیستەکانی تریش دەدا، دەنگ بە نەتەوەکانی تریش دەدا، ئەگەر ئێمە رێگری لەوە بکەین کە کوردێك دەنگ بە لیستە تورکمانیەکان بدا، دەبێ لە هەمان کاتدا رێگری لەوە بکەین تورکمانێك نابێ دەنگ بە لیستێکی کورد بدا، ئەوەش پیمان ناکرێ مفەوەزیەی عولیا دەڵێ ئەوەم پێ ناکرێ، هیچ ئامارێکیشمان نیە، کە کورد و تورکمان لێك جیا بکاتەوە، بۆیە پێویست دەکا نە لەو هەڵبژارنە، و نە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووش ئەوە ئەنجام نەدرێ، بۆ یەك جاری و هەتا هەتایی ئەو فەقەرە لا ببرێ، سوپاس.

1-خستنە روو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی ڕاگرتنی کارکردن بە یاسای بە کرێدانی خانووبەرە ژمارە (9)ی ساڵی 2008 بۆ ماوەی 2 ساڵ

2-خستنەروو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی حەوتەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی 1992 ی هەموار کراو

3-خستنەروو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاو قەزا و ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (4) ی ساڵی 2009 ی هەموار کراو

فەرموو جیهان خان،

**بەڕێز جیهان اسماعیل بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەز پشتگیریا ئاخافتنێت کاك سالم د کەم گەل هەندێ نیم کو ئەڤ مادده ئیلغا بیت قانوونە ئینتیخاباتە بەس بۆ ڤێ دەورە ئینتیخابێ ئەم گەل هەندێنە کو ڤێ دەورەی ئینتیخابێ  پێ نەکەن بەس بۆ دەورەی بێتە تەنفیزکرن، چونکە ئەمەش مافیچکە ژ مافە میللەتی مە رەئی میللەتێ مە کۆتا حەق وەرناگری ئەڤەر ئەڤ فەقەرە تەنفیز نەهێتە کرن، بەڵێ بۆ ڤێ دەورە ئینتیخابیدا ئەم نەبینە رێگر بۆ ئەوەی ئینتیخابات نەبێنە کرن، ئەمیژ گەل هەندێنە کو بەس ڤێ دەورێدا تەنفیز نەێیتە کرن ئەڤ ماددەیە بەس نەکو ئەوە ئیلغا کرن تەواویش قانونە ئینتیخاباتە ئەز حەز کەم تەوزیحێکی بدەم بۆ هەمی ئەندام پەرلەمان بەڕاستی ئەو پرۆژە هاتیە تەقدیم کرن سەر ئەساسێك هات تەقدیم کرن چونکە لە ئەساس موعتەقدی ئەسباب موجیبە بەڕاستی ئەز حەز د کەم گلەییەك بکەم، ئەڤە (20) ساڵە مە پەرلەمان هەیە ل هەرێمە کوردستان، مە کۆتایی هەی ئەڤ کۆتا هاتیە دان بۆ مە سەر ئەساسێ نەتەوەیی نەك سەر ئەساسی ئایینی، ئەز وەکو نوێنەرەکی میللەتێکی وەکو کەسێکی ئاشووری هاتیمە ڤێرێ، نە وەکو کەسێکی مەسیحی، هیڤیدارم ئەڤ شتە بەر چاڤی هەمی وازح بیتن چ کۆتا وازح وەکو نەتەوەیە ئەم وەکو

**كلدان سريان ئاشووری ڤیرێنه ئەڤە هاتیە تەسبیت کرن قانوونێدا هیڤیدارم ئەندام پەرلەمان ئەڤ تشتە جدی وەربگرن، وەکو تەوزیحێك بۆ وانە چونکە بەڕاستی بۆمە چ حزبێك ئەسڵەن نینە سەر ئەساسێ یەعنی ئایینی هاتیە ڤێرێ، هەمووی سەر ئەساسێ نەتەوەیینە، ئەڤە بەس بۆ تەوزیح، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**فەرموو د. سەروەر،**

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من وێرای پشتگیریم لە قسەکانی بەڕێزان کاك سالم و کاك شێردڵ دیارە پشتگیری لەوە دەکەین کە مەسەلەی کۆتاکان مافەکانیان بەپێی ئەمە دەست نیشان بکرێ لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە ئەمە ئێستا بۆ ئەوەی هەڵبژاردن پەکی نەخرێ، بەڵام حیکمەتی کۆتا لە چی دایە، لەوە دایە کەوا پێکهاتەیەك ناتوانێ بگاتە ئەو شوێنە ئایا بۆ پەرلەمانە، یاخود بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکانە واتا لێرەدا، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە دەسکاری دەکەین هیچ نا بەجۆرێك بێت ڕێکارێك بگرینە بەر هاووڵاتیانی هەرێم دەتوانن دەنگ بە پاڵێوراوی پێکهاتەکانی تر بدەن بە مەرجێك لەو یەکە ئیداریەدا ئەو پێکهاتانە هەبێ سیغەیەك هەبێ بەو جۆرە، چونکە ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردووە لە هەڵبژاردنەکاندا بەپێی دەرئەنجامەکانی کەوا دەرچوون لە ناوچەیەکدا کەوا پێکهاتەیەکی تێدایە، بەڵام هیچ کورسیەکیان بۆ تەرخان نەکراوە، بۆ نموونە ئێستا لە پارێزگای سلێمانی لە کفری و ئەو ناوچانەدا ڕێژەیەك هەیە کە تورکمانن کە حەقی خۆیانە ئەوانە لێرەدا نوێنەرێکیان بۆ دیاری بکرابایە، کاتێك ئێمە سەیری هەڵبژاردنەکانی تر دەکەین چونکە هەڵبژاردنەکان تێهەڵکێشن، بۆ نموونە لە پەرلەمانی کوردستاندا کاتێك هەڵبژاردن دەکرێت لە ناوچەیەکدا کەوا هیچ تورکمانی لێ نیە، بەڵام نوێنەری تورکمان ڕێژەیەکی زۆر زۆر دەنگ دەهێنێ، و یاخود با بڵێین نوێنەری سریان نوێنەری ئەو پێکهاتانە لە ناوچەیەکیشدا کەوا هەیە ناتوانێ نوێنەر دابنێ، ئایا ڕێگە چارە چییە بۆ ئەمە؟ ئایا لێرەدا ئەو مەبەستە دەپێ کێندرێت کەوا بۆی دانراوە کەوا کۆتایە، بۆیە من پێشنیاری ئەمە دەکەم لە پاڵ ئەمەدا هەم لێرەدا ئەگەر بکرێت نوێنەرێك بۆ ئەنجومەنی پارێزگا بۆ ئەو ناوچانەی تریش دەستنیشان بکرێ بەتایبەت کەوا کفریە، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**فەرموو کاك نەریمان،**

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من قسەکانم کرا، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**فەرموو لیژنەی هاوبەش،**

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراقی نووسراوێکیان ئاڕاستەی پەرلەمان کردبوو، تێدا ئیشارەتیان بەوە داوە ئەگەر ئەو فەقەرەیەی پێنجەم بمێنێتەوە لە قانوونەکەدا لە ماددەی (32)ی موکەرەر لە قانوونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ژمارە (4)ی ساڵی 2009 وتیان ئێمە ئیمکان نیە ئەو ماددەیە تەتبیق بکەین واتە ئینتیخابات دوا دەخرێ، ناتوانین خۆمان بگونجێنین لەگەڵ ئەو ماددەیە، بۆیە لە ئەنجامی پرۆژەکەدا ئێمە لەگەڵ ئەوە داین بەو شکلەی فەقەرەی پێنجەم رابگیرێ ئینفازەکەی کاری پێ نەکرێ، تەنها بۆ ئینتیخاباتی دەورەی دووەم هی ئەنجومەنی پارێزگاکان واتا پاشی ئەو یان ماددەیەکی تر یان قانوونێکی تر بەجورێکی تر کە بتوانێ مەسلەحەتی ئەو شەریحەیەی کە لە قانوونەکەدایە جێبەجێ بکاتن،

المادة الأولى: إيقاف نفاذ الفقرة الخامسة من المادة (38) مكررة من قانون انتخاب مجالس المحافظات والأقضية والنواحي في إقليم كوردستان - العراق المرقم أربعة لسنة 2009 لأنتخابات الدورة الأنتخابية الثانية لمجالس المحافظات والأقضية والنواحي في الأقليم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ یەك کەس لەگەڵ دا نیە کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون ماددەیەکی تر،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەمی پرۆژەکە هەردوو لیژنە داوامان کرد ئیلغا بکرێ، و نەسەکەی ئێستا دەخوێنمەوە،

المادة الثانية: تطبق الأجراءات والخطوات التي تتخذ بإجراء الانتخابات لبرلمان كوردستان لأجراء أتخاذ مجالس المحافظات والأقظية والنواحي لهذه الدورة،

پەرلەمانی کوردستان ئیجرائاتی ئینتیخاباتی رێکاری یاسایی و تەعلیماتی مفهوەزیە جیاوازە لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاکان، بۆیە عیلاقەیان بەیەك نیە، و ئیمکان نیە قانوونی پەرلەمان تەتبیق بکەین لە سەر ئەنجومەنی پارێزگاکان، بۆیە ئێمە پێشنیارمان کرد کە ئەو ماددەیە لە پرۆژەکەدا ئیلغا بکرێ،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ لەگەڵ دایە لەغو بکرێ، تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون ماددەیەکی تر،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەلایەن لیژنەی هاوبەش پێشنیاری ئەوە کرا کە ماددەی (12)ی تەعدیلی یەکەمی قانون بە ژمارە (21)ی ساڵی 2011 تەعدیل بکرێ، بەم شێوەیە:**

**اولاً: تتولى الشرطة المحلية في وزارة الداخلية امر حماية المراكز الأنتخابية خلال العملية الأنتخابية.**

**ثانياً: لا يجوز لقوى الأمن الداخلي والمسلحين الدخول الى المراكز الأنتخابية الى بناءً على طلب من رئيس اللجنة.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**کێ تێبینی هەیە؟ سێ کەس (کاك عدنان، کاك کاردۆ، د. احمد) فەرموو کاك عدنان،**

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕاستی تێبینی کاك عبدالله بوو، بەڵام خۆی لێرە نیە، ئەویش لە سەر دووەم، ئێمە تێگەیشتین (قوى الأمن الداخلي)، بەڵام (المسلحين) یەعنی چی؟ وشەی موسەلەحین بۆ لێرە دانراوە، و بۆچی ئەو مافە بدرێ کە موسەلەح قوەی ئەمنی داخلی هەیە، پۆلیس هەیە، ئەو کەسە دەتوانێ ئیستیعانەی پێبکا، بەڵام وشەی موسەلەح لێرە بۆچی دانراوە، و داواکارین کە لا بدرێ، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**فەرموو کاك کاردۆ،**

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من سەبارەت بەوەی کە سەرۆکی لیژنەکە داوای هێز بکات لە چ کاتێك، هەر کاتێك ویستی دەتوانێ داوای هێز بکات، کاتێك رووداوێك روودەدات، یەعنی کێشەیەکی گەورە دروست دەبێ ئێنجا بۆ روونکرنەوە، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**فەرموو د. احمد،**

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە لە ئەسڵی راپۆرتەکەدا بەو شێوەیە هاتووە کە ئەمە ماددەیەکی (مضاف)، بەڵام نازانم کاك عەونی وابزانم ئیشارەتی بەوەدا کە تەعدیلی ماددە (مضاف)کە بێ لە یاساکەدا هاتووە کە لە دوای ماددەی (32)ی موکەرەر هاتووە، ئەگەر ئەوە هەبێ، چونکە لەوێ ماددەیەك هەیە کە زیاد کراوە، (تتولى قوى الأمن الداخلي في وزارة الداخلية امر حماية المراكز الأنتخابية خلال العملية الأنتخابية) دەبێ ئەمە تەعدیل بێ بۆ ئەو ماددەیە، ئەوە یەك، منیش بەڕاستی هەر تێبینیم هەیە لە سەر فەقەرەی دووەم: باس لەوە دەکات، (لا يجوز لقوى الأمن الداخلي والمسلحين)وەکو کاك عدنان باسی کرد، دەکرێ بڵێی (لا يجوز لقوى الأمن الداخلي**

وأية قوة أخرى الدخول الى المراكز الأنتخابية الى بناءً على طلب من رئيس اللجنة) ئەمەش لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی تەنها قوەی ئەمنی داخیلی نیە کە چەکدارە، بەڵکو قوەی تریش هەیە کە چەکدارە بۆ ئەوەی تۆ ڕێگە بگری لەوەی کە هیچ قوەتێك، هیچ هێزێکی چەکدار بچێتە ناو مەراکزی ئینتیخابی، تەنها بە (بناءً على طلب من رئيس اللجنة) بۆیە ئەگەر ئەمەی بۆ زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش،

**بەڕێز بكر كريم محمد (وئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بۆ بەبیر هێنانەوەی خوشك و برایانی بەڕێز بەر لە ئێستا قانونێکی دیکەمان تەعدیل کرد لە ماددەی (5) کە پەیوەندی هەبوو بە ماددەی (30) قانونی ژمارە یەك ئەگەر لەوێدا ئێمە وتوومانە لە فەقەرەی دوو: (لا يجوز لقوى الأمن الداخلي والمسلحين الدخول الى المراكز الأنتخابية الا بناءً على طلب من رئيس اللجنة) ئێمە دەزانین هەر سێ ئینتیخابات لە هەرێمی کوردستاندا بەیەکەوە دەکرێ لە هەمان مەراکز، ناکرێ بەڕاستی دوو ماددەی قانونی جیاواز هەبێ، بۆیە ئێمە لە مەجالسی موحافەزاتیش هەر هەمان شتە لە هەمان ڕۆژدا دەکرێ، بۆیە بە هەمان شێوەی لێکراوە، بۆ ئەوەی ئینسیجامێکی قانونی هەبێ و تەعاروز نەبێ ئەوەیە قەسد لەو مادده موزافە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموون دوا سیاغەتان،

**بەڕێز عونی كمال سعيد (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تعدل المادة الثانية عشرة المعدلة بقانون رقم (21) لسنة 2011 وتقرأ كالآتي:

اولاً: تتولى الشرطة المحلية في وزارة الداخلية امر حماية المراكز الأنتخابية خلال العملية الأنتخابية.

ثانياً: لا يجوز لقوى الأمن الداخلي والمسلحين الدخول الى المراكز الأنتخابية الا بناءً على طلب من رئيس اللجنة.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ یەك کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر،

**بەڕێز عونی كمال سعيد (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون ماددەیەکی تر،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون ماددەیەکی تر،

**بەڕێز عونی کمال سعید (بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الأسباب الموجبة

لتسهيل عملية إجراء انتخاب مجالس المحافظات في موعده المحدد بصورة سليمة فقد شورع هذا القانون.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەسبابی موجیبە و یاساکە بە تێکڕایی، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەندکرا، کاک عدنان تێبینی هەیە، فەرموو کاک عدنان،

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتە نیزامیێکم هەیە، بەڵام هیوادارم تۆزێك تەحەمولتان هەبێ، چونکە زۆر نیزامیە، دەستان خۆش ئەم یاسایە پەسەند کرا، بەڵام لە یاسای ژمارە (4) لە 2009/7/13 پەسەند کرا، و نووسراوە (أعتبر نافذاً اعتباراً من تأريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية وقائع كوردستان بموجب المادة)، ئەوە هەمواری یەکەمیشی لە 2011/12/15 کراوە نووسراوە (اعتبر نافذاً اعتباراً من تأريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان)، تەبعەن نەشرکراوە، لەلایەن سەرۆکی هەرێمیش ئیمزاکراوە، من ئێستا دەمەوێ تەوزیح بدرێ، باس لەوە دەکرێ ئەگەر یاسایەك لە پەرلەمان دەرچوو لە وەقائیع بڵاوکرایەوە ئەو یاسایە پێش تەنفیزکردنی واتە پێش ئینفازکردنی نابێ بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان، گەڕانەوەی بۆ پەرلەمان کارێکی نا یاساییە، و دژ بە سەلاحیاتی پەرلەمان لە دەرکردنی یاساکان، لە راستیدا ئێستا ئەمە دووجارە هەموار دەکرێت، و بەڕێز سەرۆکی پێشتری لیژنەی یاسایی ئاماژە بەوە دەدات کە یاسایەك لە پەرلەمان دەرچوو پێش جێبەجێکردنی نابێ بگەڕێتەوە هەمواری یەکەمی خۆی سەرۆکی لیژنەی یاسایی بوو ئێستا

**ئەوە لیژنەی یاسایی و سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمانتاران رەزامەنـدیان لـە سـەر هـەمواری دووەم داوە، کەواتە ئێستا  دووشت هەیە دەبێ روون بکرێتەوە، خاڵی یەکەم ئایا ئەمە کارێکی یاسـاییە کـە کردوومانـە؟ بەمەرجێك کۆمەڵێکی بەڕێز باس دەکەن کە پەرلەمان بۆی نیە یاسـایەك تـەنفیز نـەکرێت بیگەڕێنێتـەوە، ئەگەر ئەمە یاساییە تەوزیح بدرێ، و ئەگەر نا یاساییە هەمان شێوە تەوزیح بـدرێ، و ئەگـەر یاسـاییە پـێم وایە ئەمە بۆ یاساکانی تریش نـاوی نـاهێنم خۆتـان هـەموو دەزانـن مەبەسـتم چییە، بـۆ یاسـاکانی تـریش بەهەمان شێوە دەبێ مامەڵەی لەگەڵ بکرێ،**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

**کاك عدنان ئەوە لە مەسەلەکان دەرچووی گیان، دانیشتنی ئەمڕۆمان هەڵدەگرین تا ئەو کاتەی ئاگادارتان دەکەینەوە بە خواتان دەسپێرین و هەر بژین، سوپاس**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سورە** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (34)**

## سێ شەممە ڕێکەوتی 2013\6\25

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (34)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 2013/6/25

کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی سـێ شـەممە رێکـەوتی 2013/6/25 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسـن محمـد سورە جێگری سەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـکرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (34)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیرەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان برپـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (34)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2013/6/25 دا بەم شێوەیە بێت:

1-خستنە روو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای یەکەم هەموار کردنی یاسای خزمەت و خانەنشین هێزەکانی ئاسایشی ناوەخۆ ژمارە (15)ی ساڵی 2011.

2-خستنەروو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای جێبەجێکردنی یاسای ئیمتیازاتی لێکۆڵینەرە دادگەریەکان ژمارە (80)ی ساڵی 2012 ئیتیحادی.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەست پێ ئەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارە دانیشتن (34)، ڕۆژی دانیشتن 2013/6/19،

بەرنامەی کار، بە پێی حوکمەکانی برگە (1) ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1) ی هەموار کراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (34) ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2013/6/25 بەم شێوەیە بێت:

1-خستنە روو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای یەکەم هەموار کردنی یاسای خزمەت و خانەنشین هێزەکانی ئاسایشی ناوەخۆ ژمارە (15)ی ساڵی 2011.

2-خستنەروو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای جێبەجێکردنی یاسای ئیمتیازاتی لێکۆڵینەرە دادگەریەکان ژمارە (80)ی ساڵی 2012 ئیتیحادی.

داوا لە لیژنەی یاسایی ئەکەین بفەرموون بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، نوێنەرێکی داراییش با بفەرموێ بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، لیژنەی یاسایی فەرموو بۆ خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار، لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەی هاوبەش راپۆرتمان لەسەر پرۆژەکە ئامادە کردووە، پرۆژەکەش کاتی خۆی لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کرابوو، بەم شێوەیەی خوارەوە کە ئێستا دەیخوێنمەوە:

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان - العراق**

**م/ تقرير مشترك حول مشروع قانون (التعديل الاول لقانون انفاذ قانون الخدمة و التقاعد لقوى الامن الداخلي رقم (18) لسنة 2011 في اقليم كوردستان)**

عقدت لجنتا الشؤون القانونية و الشؤون الداخلية و الآمن و المجالس المحلية، بصورة مشتركة سلسلة من الاجتماعات و كان آخرها بتاريخ 17/ رەزبەر/ 2712 كوردي المصادف ليوم 7/ 2012/10 ميلادي، لدراسة مشروع قانون (التعديل الاول لقانون انفاذ قانون الخدمة و التقاعد لقوى الامن الداخلي رقم (18) لسنة 2011 في اقليم كوردستان)، المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان و المحال الى اللجان المعنية و الى الحكومة بموجب كتاب رئاسة البرلمان المرقم (3223) في 6/13/ 2012 بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقم (24) في 11/ 6 /2012 ، و قد حضر جانباً من الاجتماعات ممثلي وزارة الداخلية و المالية و الشؤون الاقتصادية بعد المناقشة و المداولة ، لاحظت اللجنة المشتركة بأنه ظهر خلال انفاذ القانون في الاقليم وجود ثغرات و نواقص فيه و لسد تلك الثغرات و النواقص ترى اللجنة اجراء بعض التعديلات في بعض فقراتها التي تظهر من خلال هذا التقرير.

و تقترح اللجنتان العنوان التالي للمشروع و صياغة مواده و بنوده كالآتي:

**اولا: عنوان القانون:**

**قانون رقم (   ) لسنة 2012**

**قانون التعديل الاول لقانون رقم (15) لسنة 2011**

**قانون انفاذ قانون الخدمة و التقاعد لقوى الامن الداخلي في اقليم كوردستان - العراق رقم (18) لسنة 2011**

**ثانيا:صياغة مواده كالآتي:**

**المادة الأولى: تعدل المادة (8/ رابعا) من القانون في الاقليم و كالآتي:**

**المادة 8/ رابعا: اذا تعذر ترقية رجل الشرطة الى الدرجة التالية لرتبته او منحه العلاوة السنوية لوصول راتبه الى الحد الاعلى لرتبته يتم الاستمرار بمنحه العلاوة السنوية للرتبة التالية وفقاً للقانون.**

**المادة الثانية: تعدل المادة (28/ ثانيا) من القانون في الاقليم وكالآتي:**

**المادة 28 / ثانيا : يمنح رجل الشرطة اجازة اعتيادية لا تزيد عن (120) مئة و عشرين يوماً براتب تام بما لا يتجاوز عن استحقاقه المتراكم من الاجازات خلال مدة خدمته.**

**المادة الثالثة: تعدل المادة (36/ أولاً/ ج ، د) من القانون في الاقليم كالآتي:**

**المادة 36/ أولاً:**

**ج : عند ثبوت عدم كفاءته من قبل مجلس تحقيقي يشكل لهذا الغرض.**

**د: عند ثبوت عدم تقييده بآداب و ضوابط الخدمة من قبل مجلس تحقيقي يشكل لهذا الغرض.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**د. رۆژان خان فەرموو.**

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الرابعة: تعدل المادة (44/ اولا) من القانون في الاقليم وكالآتي:**

**المادة 44: تحتسب الحقوق التقاعدية لرجل الشرطة او لخلفه و كالآتي:**

**1- تحتسب الحقوق التقاعدية لرجل الشرطة او لخلفه في الاقليم بنسبة (80٪) من الراتب الكلي لآخر راتب كان يتقاضاه ( الراتب الاسمي + كافة المخصصات).**

**2- تسري احكام المادة اعلاه في الاقليم على الذين تم احالتهم الى التقاعد بعد تاريخ (23/10/ 1991) بشرط عدم صرف الفروقات المتراكمة لهم قبل صدور هذا القانون.**

**3- يعاد احتساب الراتب التقاعدي لضباط و منتسبي قوى الامن الداخلي في الاقليم الذين احيلوا على التقاعد قبل او بعد صدور القانون رقم (18) لسنة 2011 وفق الراتب الحالي على ان لا يقل راتبه التقاعدي عن الراتب التقاعدي الذي كانوا يتقاضونه قبل صدور القانون اعلاه.**

**المادة الخامسة: تعدل المادة (66/ ثانيا/ أ) من القانون في الاقليم وكالآتي:**

**المادة 66/ ثانيا/ أ: بالنسبة للزوج او الزوجة: يستحق احدهما تلك المخصصات اذا كان يتقاضى راتباً من حكومة الاقليم.**

**المادة السادسة:**

عدم العمل بالمادة (7/ اولا/ ه) من قانون التقاعد الموحد رقم (27) لسنة 2006 المعدل الخاص بقوى الامن الداخلي و العمل باحكام المادة (36) من قانون الخدمة و التقاعد لقوى الامن الداخلي رقم (18) لسنة 2011 النافذ في الاقليم.

**المادة السابعة:**

على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة الثامنة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**الاسباب الموجبة**

لقد ظهر خلال انفاذ قانون الخدمة و التقاعد لقوى الامن الداخلي للحكومة الاتحادية المرقم (18) لسنة 2011 في الاقليم وجود ثغرات و نواقص فيه كما و ادى الى الحاق الغبن بشريحة من منتسبي قوى الامن الداخلي في الاقليم كما و ان تأويلات و تفسيرات حصل في انفاذ بعض مواده ، و لازالة التأويلات و سد الثغرات الموجودة و رفع الغبن، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز حسن محمد سوره/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

راپۆرتەکە بە کوردیش بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**بابەت/ راپۆرت سەبارەت بە پرۆژە یاسای (یەکەم هەموارکردنی یاسای جێبەجێ کردنی یاسای راژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (18) ی ساڵی 2011 لە هەرێمی کوردستان)**

لێژنەی کاروباری یاسایی و لێژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجییەکان بە هاوبەشی زنجیرەیەك کۆبوونەوەیان بەست کە دواهەمینیان لە رۆژی 17 / رەزبەر/ 2712ی کوردی بەرامبەر بە 10/7/ 2012 ی زایینی، بۆ دیراسەت کردنی پرۆژە یاسای (یەکەم هەموارکردنی یاسای جێبەجێ کردنی یاسای راژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (18) ی ساڵی 2011 لە هەرێمی کوردستان)، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە و رەوانە کراوە بۆ لێژنە پەیوەندیدارەکان و حکومەت بە نووسراوی ژمارە (3223) لە 2012/6/13 لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی پەرلەمان ژمارە (24) لە 2012/6/11، نوێنەرانی هەریەك لە وەزارەتەکانی ناوخۆ و دارایی و کاروباری ئابووری لە لایەنێکی کۆبوونەوەکان ئامادەبوون، دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێ کردن، لێژنەی هاوبەش سەرنجیدا کە لە کاتی جێبەجێ کردنی یاساکە لە هەرێم کەلێن و کەم و کورتی تێدا دەرکەوتووە و بۆ

پڕکردنـەوەی ئـەو کـەلێن و کـەم و کورتیانـە، لێژنـە وای تێبـینی دەکـات کـە گۆڕانکـاری لـە هەنـدێك لـە بڕگەکانی ئەنجام بدرێ بەگوێرەی ئەوەی لەم ڕاپۆرتەدا دەردەکەوێ.

هـەردوو لێژنـە پێشـنیار دەکـەن کـە ئـەم ناونیشـانەی خـوارەوە بـدرێ بـە پڕۆژەکـە و داڕشـتنی مـاددە و بەندەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

**یەکەم: ناونیشانی پڕۆژەکە:**

**یاسای ژمارە (   ) ی ساڵی 2012**

**یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (15) ی ساڵی 2011**

**یاسای جێبەجی کردنی یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستانی عێراق ژمارە (18)ی ساڵی 2011**

**دووەم: داڕشتنی ماددەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**ماددەی یەکەم:** هەموارکردنی ماددەی (8/ چوارەم) ی یاساکە لە هەرێمدا بەم شێوەیە:

ماددەی 8/ چوارەم: ئەگەر نەتوانرا پلەی پیاوانی پۆلیس بـۆ پلـەی سـەرووتر بـەرز بکرێتـەوە یـان زیـادەی ساڵانەی پێ بدرێ بەهۆی گەیشتنی مووچەکەی بە ئاستی هەرە بەرزی پایەکەی، ئەو کاتە زیادەی سـاڵانەی بەردەوام دەبێ و زیادەی پلەی سەرووتری پێ دەدرێ بە گوێرەی یاسا.

**ماددەی دووەم:** هەموارکردنی ماددەی (28/ دووەم) ی یاساکە لە هەرێمدا بەم شێوەیە:

ماددەی 28/ دووەم: پیاوانی پۆلیس پشووی ئاسایی پێ دەدرێ کە لە (120) سەد و بیست ڕۆژ زیاتر نەبێ بـە مووچـەی تـەواو بـە مـەرجێك کـە لـە مـافی کەڵەکـەبووی پشـووەکانی تـێ نەپـەڕێ بـە درێـژایی مـاوەی ڕاژەکەی.

**ماددەی سێیەم:** هەموارکردنی ماددەی (36/ یەکەم/ ج، د) ی یاساکە لە هەرێمدا بەم شێوەیە:

ماددەی 36/ یەکەم :

ج: ئەگەر لێ نەهاتووەکەی سەلمێنرا لەلایەن ئەنجومەنێکی لێکۆڵینەوە کە بۆ ئەم مەبەستە پێك هێنرابوو.

د: ئەگەر پابەندنەبوونی بە ئاکار و پرەنسیپی ڕاژە سەلمێنرا لەلایەن ئەنجومەنێکی لێکۆڵینەوە کـە بـۆ ئـەم مەبەستە پێك هێنرابوو.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی چوارەم:** هەموارکردنی ماددەی (44/ یەکەم) ی یاساکە لە هەرێمدا بەم شێوەیە:

**مـاددەی 44/ یەکـەم: ئـەژمارکردنی مـافی خانەنشـینی بـۆ پیـاوانی پـۆلیس یـان بـۆ میراتگرەکانیـان بـەم شێوەیەی خوارەوە:**

**1- ئەژمارکردنی مافی خانەنشینی بـۆ پیـاوانی پـۆلیس یـان بـۆ میراتگرەکانیـان بـە رێـژەی (80٪) ی کـۆی گشتی دواین مووچەی کە وەری گرتووە (مووچەی بنەڕەتی + گشت دەرماڵەکان).**

**2- حوکمی بڕگەی (1)ی سەرەوە ئەوانە دەگرێتەوە کە دوای رێکەوتی(1991/10/23) خانەنشین کـراون بە مەرجێك جیاوازی کەڵەبوویان بۆ خەرج نەکرێت بەر لە دەرچوونی ئەم یاسایە.**

**3-ئەوانەی پێش یان پاش دەرچوونی یاسای ژمـارە (18) ی سـاڵی 2011 خانەنشـین کـراون لـە ئەفسـەر و کارمەندانی ئاسایشی ناوخۆ لە هەرێمدا، مووچەی خانەنشینیان ئەژمار دەکرێ بە گوێرەی مووچەی ئێستا بە مەرجێك مووچەی خانەنشینیەکەی کەمتر نەبێ لە مووچەی خانەنشینی کە بەر لـە دەرچـوونی یاسـای سەرەوە وەری دەگرت.**

**ماددەی پێنجەم: هەموارکردنی ماددەی (66/ دووەم/ أ) ی یاساکە لە هەرێمدا بەم شێوەیە:**

**ماددەی 66/ دووەم/ أ : سەبارەت بە ژن و مێرد: یەکێکیان مافی وەرگرتنـی ئـەو دەرماڵانـەی هەیـە ئەگـەر مووچەی لە حکومەتی هەرێم وەربگرێ.**

**ماددەی شەشەم:**

**کارنەکردنی بە ماددەی (7/ یەکـەم/ هـ) ی یاسـای یـەکگرتووی خانەنسـینی ژمـارە (27)ی سـاڵی 2006 ی هەموارکراوی تایبەت بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، و کـار بکـرێ بـە حوکمـەکانی مـاددەی (36) ی یاسـای راژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (18)ی ساڵی 2011 ی کارپێکراو لە هەرێم.**

**ماددەی حەوتەم:**

**لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**ماددەی هەشتەم:**

**ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.**

**هۆی پێویست**

**لە کاتی جێبەجێ کردنی یاسای راژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی نـاوخۆی حکومـەتی ئیتحـادی ژمـارە (18) ی ساڵی 2011 لە هەرێم هەندێك کەلێن و کەم و کورتی دەرکەوت کە بووە مایەی زیان گەیانـدن بـە توێژێکی کارمەندانی هێزەکـانی ئاسایشـی نـاوخۆی هـەرێم، هـەروەها بۆچـوون و لێکدانـەوەی جیـاواز هاتـە ئاراوە لە وادەی جێبەجێ کردنی هەندێك لە ماددەکـانی ، و بـۆ نەهێشـتنی ئـەو جیاوازیانـە لـە بۆچـوون و لێکدانەوە و بۆ پڕکردنەوەی کەلێن و کەم و کورتیەکان و سڕینەوەی ئەو زیانانە، ئەم یاسایە دەرچوو.**

**بۆ ئاگاداری ئەسڵی پرۆژەکـە و خسـتنەڕووی داڕشـتنەوەی یاسـایی بخرێتـە بـەردەم پەرلـەمان بـۆ دەنگـدان، لەگەڵ رێزدا.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

پێش ئەوە سۆزان خان، ئایا لیژنەی دارایی ئێوە راپۆرتان هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راپۆرتێکمان هەیە لەراستیدا، ئەو راپۆرتە بە نووسراوێك لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئاراستەی ئێمە کراوە، نووسراوێکی وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی دارایی لەسەر ئێوە ئێمە تەعلیقمان داوە، بە ژمارەی نووسراو، یەعنی هەمان ژمارەی نووسراو نیە کە ئاراستەی ئەم دوو لیژنە بەڕێزە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

تەئیدی راپۆرتی هاوبەش دەکەن، یان راپۆرتی خۆتان دەخوێننەوە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ تەئیدی دەکەین، ئەگەر پیشتان باش بێ دەیخوێنینەوە.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەگەر تەئید بکەن تەواو، فەرموو کاك د. ئاراس.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو خۆم، وەکو ئەندامێك تەئیدی دەکەم ناتوانم بە ناوی ئەوانی دیکە قسە بکەم، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

سۆزان خان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، وەك ژنێك ئیعتیرازم هەیە، لە چەندین ماددەی ئەم یاسایە، دەڵێ (رجل الشرطة)، ئێمە دەزانین لەناو وەزارەتی ناوخۆ کارمەندی ژنمان هەیە، و بە شانازیشەوە دەچنە سەر ئەرزی واقیع کاردەکەن، نازانم بە چ هینێك کەوا ئەم دەستەواژانە چاك نەکراوە لەلایەن هەردوو لیژنەی بەڕێزەوە، بۆیە من لێرەوە داوا دەکەم بەڵێ دەزانم یاساکە عێراقیە و نەفازمان پێکردووە لەناو یاسا عێراقیەکە نووسراوە (رجل الشرطة)، بەڵام دەبوایە ئاگاداری ئەو حاڵەتە بووینایە لەلایەن هەردوو لیژنەکەوە، من داوای لێ بووردن دەکەم کە ئەم قسەیە دەکەم، بەڵام حەقی خۆمە وەکو ژنێك ئیعتراز بکەم لەسەر دەستەواژەی (رجل الشرطة)، هەروەها هیوادارم هەردوو لیژنەی بەڕێز بە نەزەری ئیعتیباری وەربگرن هەر نەڵێن (لرجل الشرطة)، دەبێ بڵێین کارمەندی وەزارەتی ناوخۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

پەیمان خان فەرمووو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستیدا من نوقتە نیزامیەکەم پرسیارێکە لەسەر خودی ئەم راپۆرتەی کە هاتۆتە بەردەممان، وە رەنگە زیاتر کاك فرسەت بتوانێ وەڵام بداتەوە، ئێمە بە درێژایی ئەم چوار ساڵەی کار کردنمان لە پەرلەمان، و بەتایبەتیش لەم چەند هەفتەی رابردوودا، بە دائیمی نیقاش لەسەر ئەوە بووە کە پرۆژەیەك پێشکەش دەکرێ، ناکرێ هیچ ئیزافەیەکی بۆ بکرێ بە تەنها دەبێ ئەو پرۆژەیە راپۆرتی لەسەر بکرێت، بەڵام لەم راپۆرتەدا ئەو پرۆژە هەموارەی کە پێشکەش کراوە بە ئاشکرا لیژنە هاوبەشەکان ئاماژەیان پێ کردووە لە راپۆرتەکەیاندا کە ئەوان لەبەر ئەوەی هەندێ سەغەراتی تری قانونیش هەیە کۆمەڵێك خاڵی تریشیان ئیزافە کردووە، ئەمە تا چەندێك قانونیە؟ و ئەگەر قانونیە بۆ یاساکانی تر قانونی نیە؟ لە کاتێکدا کە داوای دەکەین کە ئیزافەیەك بکرێ لەبەر ئەوەی سەغرەیەکی تری قانونیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك پێشەوا فەرمووو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو راپۆرتەی کە خوێندرایەوە تاریخەکەی بۆ (2012/10/15) دەگەڕێتەوە، هەروەها بەیانیش کە داواکرا دانیشتنەکە دوابخرێ بۆ کاتژمێر (2)ی پاش نیوەڕۆ، من پرسیار دەکەم لەناو خودی راپۆرتەکە ئاماژە بەوە دراوە کە لەکاتی گفتوگۆی لیژنەی هاوبەش نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ و نوێنەری وەزارەتی داراییش ئامادە بووە دواتر موتەفیق بوون لەسەر راپۆرتەکە، واتە هیچ تێبینی یەکیان نەبووە، بۆیە من پرسیار دەکەم هۆکار و حیکمەت لە دواخستنی دانیشتنەکە بۆ کاتژمێر (2) چی بووو؟ کە هیچ لە مەسائیلەکان نەگۆڕاوە، هیچ پێشنیارێکی تازەش ناهاتۆتە ئاراوە، بۆیە حەز دەکەم لیژنەی هاوبەش و نوێنەری حکومەتیش ئەوەمان بۆ روون کەنەوە کە ئەگەر گۆڕانکاری کراوە ئەوە لەبەر دەستی ئێمە نیە؟ ئەگەریش گۆڕانکاری نەکراوە ئەو راپۆرتە هی مانگی (10)ی (2012)یە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

نوقتەی نیزامی تەسەور دەکەم وازحە، کاك د. عمر فەرمووو.

**بەڕێز د. عمر حمد امین خدر ( نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیاێکم لە لیژنەی یاسایی هەیە؟ ئەم پرۆژە یاسایە، یاسای جێبەجێکردنی یاسایەکی عێراقیە؟ یان هەموارکردنیەتی؟ ئەگەر هەموار کردنی بێ ئەوە فیعلەن جائیزە کە تۆ شتی تازەشی بخەیتە ناو، بەڵام ئەگەر جێبەجێکردنی دەقی قانونەکە بێ ئەوە رەنگە دەرفەت نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە هەموارکرنی جێبەجێکردنی یاساکەیە، نەك جێبەجێکردن، چونکە یاساکە کاتی خۆی بە یاسای ژمارەی تر جێبەجێ کرا لە هەرێمی کوردستان، دوو سەبارەت بە پرسیارەکەی خاتوو سۆزان خان، تەبیعی ئێمە لە قوانینی کوردستان، یان لەهەر قوانینێك کە لە عێراق و کوردستانیش دەرچووە ئەگەر ئاماژە بە پیاو بدەین بە موستەلەحی پیاو، واتە مەشمولە بە ژنیش، ئەوە قانون وا دەڵێ (کلمة المذکر یشمل المؤنث، کلمة المفرد یشمل المثنی و الجمع اینما وردت في القوانین)، ئەوە قاعیدەکی عامە لە هەموو قەوانینێکدا، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموون لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی هاوبەش پێشنیار دەکات راپۆرتی هاوبەشمان ببێتە ئەساس بۆ موناقەشە کردن و دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ دایە راپۆرتی هاوبەش ببێتە ئەساس بۆ گفتوگۆ؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، بەکۆی دەنگ راپۆرتی هاوبەش دەبێتە ئەساس، کاك خورشید لەسەر راپۆرتی خۆتان قسەت هەیە؟ یان لەسەر ئەم مەوزوعە؟ فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، ئێمە راپۆرتمان هەیە، راپۆرتیش عیلاقەتی بە لایەنی داراییەوە هەیە و، وەکو پرۆتۆکۆڵ دەبێ تۆمار بکرێت، چونکە ئێمە وەڵامان هەیە، حەقە ئەو راپۆرتە بخوێندرێتەوە لە پرۆتۆکۆڵ تۆمار بکرێت، ئیتر رەئی وەزارەتی دارایی چۆنە چۆن نیە ئەوە بابەتێکی ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموون لیژنەی دارایی راپۆرتی خۆتان بخوێنن، بەڵام لەبیرتان نەچێ دەنگتان دا کەوا راپۆرتی هاوبەش دەبێ بە ئەساس، فەرموو د. ئاراس.

**بەڕێز د. ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێز، لەراستیدا ئێمە بە نووسراوی بەڕێوبەرایەتی کاروباری پەرلەمان ژمارە (ك/ 302) لە (2013/2/10)، هاوپێچ لەگەڵ دەقی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (798) لە (2013/1/22)، سەبارەت بە هەموارکردنی یەکەمی یاسای خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆی ژمارە (18)ی ساڵی (2011) لە هەرێمی کوردستان ئەمە بە دەستمان گەیشتووە و، ئێمە کۆنووسێکمان پێ کردووە، کۆنووسەکە بە ژمارە (371) لە (2013/2/25)، واتە دوای گەیشتنی نووسراوەکە بە دەستمان بە (15) رۆژ ئەو کۆنووسە کراوە و رەوانەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، هەروەها ئەو کۆنووسەمان رەوانەکردووە بە نووسراوی ژمارە (483) لە (2013/3/25)، ئەمەش دەقی کۆنووسەکەیە کەوا بۆ تۆمارکردنی لە پرۆتۆکۆڵ بەم شێوەیەی خوارەوە:

پەرلەمانی کوردستانی عیراق، لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری کۆنووسی ژمارە (371) رێکەوتی (2013/2/25)، ئاماژە بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان ژمارە (ك/ 302) لە (2013/2/10)، هاوپێچ لەگەڵ دەقی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (798) لە (2013/1/22)، سەبارەت بە هەموارکردنی یەکەمی یاسای خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ ژمارە (18)ی ساڵی (2011) لە هەرێمی کوردستان، لە نووسراوەکەدا هاتووە کەوا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پشتگیری لە پرۆژە یاساکە و رای وەزارەتی ناوخۆ دەکات، وە لە رووی داراییەوە پێویستە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری بکرێت، بە هۆی ئەوەی ئەم وەزارەتە بە نووسراویان ژمارە (472) لە (2012/11/27) رای وایە یاساکە هەموار نەکرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە بەم شێوەیە گەیشتووە بە دەستمان، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەکەمان سێ سەد و حەفتاو یەکەمین کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجام دا لە بەرواری (2013/2/25) بۆ لێکۆڵینەوە لەم بابەتە و، بەزۆرینەی دەنگی ئامادەبووان گەیشتنە ئەم بڕیارانەی خوارەوە:

1- لە نووسراوی ناوبراو وا دەردەکەوێ کە تاوەکو ئێستا لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی هەرێم نەگەیشتوونەتە بڕیاری کۆتایی لەم بارەیەوە، چونکە وەزارەتی دارایی رای وایە ئەم هەموارکردنە نەکرێت، جارێکی تر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئاماژە بەوە دەکەم دوای گەیشتنی نووسراوەکە بە دەستمان بە (15) رۆژ ئەم کۆنووسە کراوە.

2- لیژنە وای بە باش دەزانێ کە لیژنەی ناوخۆ لە پەرلەمانی کوردستان ئەم بابەتە یەکلا بکاتەوە لەگەڵ حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان تاوەکو بڕیار بدرێت لەسەر رای کۆتایی.

3- به هۆی هەستیاری ئەم بابەتەوە و پەیوەندی بە سەقامگیری ئاسایشی هەرێمەوە لیژنەکەمان رای وایە کە پرۆژە یاساکە دەربچێ لە بەرژەوەندی خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ دابێ.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەخێر هاتنی وەکیلی وەزارەتی دارایی دەکەین، فەرموون لیژنەی هاوبەش بۆ ماددەی یەکەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**قانون رقم ( ) لسنة 2012**

**قانون التعديل الاول لقانون رقم (15) لسنة 2011**

**قانون انفاذ قانون الخدمة و التقاعد لقوى الامن الداخلي في اقليم كوردستان - العراق رقم (18) لسنة 2011**

**المادة الأولى:** تعدل تطبيق المادة (8/ رابعا) من القانون في الاقليم وتقراء كالآتي:

المادة 8/ رابعا: اذا تعذر ترقية رجل الشرطة الى الدرجة التالية لرتبته او منحه العلاوة السنوية لوصول راتبه الى الحد الاعلى لرتبته يتم الاستمرار بمنحه العلاوة السنوية للرتبة التالية وفقاً للقانون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموون کوردییەکەشی بخوێننەوە.

**بەڕێز اسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی یەکەم:** هەموارکردنی ماددەی (8/ چوارەم) ی یاساکە لە هەرێمدا بەم شێوەیە دەبێ:

ماددەی 8/ چوارەم: ئەگەر نەتوانرا پلەی پیاوانی پۆلیس بۆ پلەی سەرووتر بەرز بکرێتەوە یان زیادەی ساڵانەی پێ بدرێ بەهۆی گەیشتنی مووچەکەی بە ئاستی هەرە بەرزی پایەکەی، ئەو کاتە زیادەی ساڵانەی بەردەوام دەبێ و زیادەی پلەی سەرووتری پێ دەدرێ بە گوێرەی یاسا.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

با کوردیەکە و عەرەبیەکە موتابق بێ تکایە، فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز اسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی یەکەم:** جێبەجێکردنی هەموارکردنی ماددەی (8/ چوارەم) ی یاساکە لە هەرێمدا بەم شێوەیە دەبێ:

ماددەی 8/ چوارەم: ئەگەر نەتوانرا پلەی پیاوانی پۆلیس بۆ پلەی سەرووتر بەرز بکرێتەوە یان زیادەی ساڵانەی پێ بدرێ بەهۆی گەیشتنی مووچەکەی بە ئاستی هەرە بەرزی پایەکەی، ئەو کاتە زیادەی ساڵانەی بەردەوام دەبێ و زیادەی پلەی سەرووتری پێ دەدرێ بە گوێرەی یاسا.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر رەئیتان؟

**بەڕێز عبدالكريم سلطان شنگالی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

موافقین لەسەر ماددەكە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

ئەندامانی پەرلەمان كێ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ فەرموو كاك عونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیارەكەی خاتوو سۆزان خان دووبارەی دەكەمەوە لە قانوندا تەعریف كراوە، لە (قانون الخدمة و التقاعد لقوى الأمن الداخلي) دەڵێ (رجل الشرطة)، ئێستا دەیخوێنمەوە چۆن نووسراوە (رجل الشرطة أحد أفراد قوى الأمن الداخلي ذكراً كانَ أو انثى، و سواءً كانَ ضابطاً أو مفوضً أو ضابط صاف أو شرطياً أو طالباً في إحدى الكليات أو المعاهد أو مدارس قوى الأمن الداخلي، و ينصرف وصف الشرطة إلى قوى الأمن الداخلي ما لم يرد نص خاص في هذا القانون بخلاف ذلكَ)، واتە كە دەڵێین (رجل الشرطة) نەسەكە وازحە زۆر، نەسێكی قانونیە جێبەجێ كراوە لە كوردستان مەشمولەكە بۆ (ذكر) و (مؤنث)ە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

نوقتەی نیزامی نادەین، كاتی خۆی لە شوێنی موناقەشەی خۆتان قسە بكەن، ئەم ناوانە نووسراون بۆ موناقەشەكردن (هاژە خان، امینە خان، سۆزان خان، مامۆستا عمر، كاك پێشەوا، د. ڕێباز، د. احمد، شلێر خان، سمیرە خان، تارا خان، بێریڤان خان، كاك جمال، پەیمان خان)، هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنها دوو تێبینیم هەیە، ئەوەی كە (رجل الشرطة) هەرچەندە كاك عونی تەوزیحی كرد كە لە قانونەكەدا هاتووە، بەڵام من پێموایە ئەوە هەموارە دەتوانین ئەو وشەیە هەموار بكەین، بۆیە من پێشنیار دەكەم كە بكرێ بە كارمەندی پۆلیس، یەعنی ژن و پیاو دەگرێتەوە وا بزانم ئەو هەموارە دەتوانین بكەین، دەربارەی خاڵێكی تر تێبینیەكەم ئەوەیە نازانم من دەبینم ئەم دوو ڕستەیە موتەناقیزن بەرامبەر بەیەك، چونكە لە ڕستەی یەكەم دەڵێ (إذا تعذر ترقية رجل الشرطة إلى الدرجة التالية)، لە ڕستەی دووەمدا دەڵێ (يتم الاستمرار بمنحه العلاوة)، ئاخر چۆن دەبێت؟ یەعنی ئەگەر نەتوانێت كە پلەی بەرزبكرێتەوە، یان

عەلاوە وەربگرێ، چۆن دەتوانێت (استمرار) بکرێ لەسەر پێدانی ئەم عەلاوەیە، یەعنی بەپێی قانون ئەگەر لە پلەیەك عەلاوەکەی وەستا، یاخود تەرفیعەکەی وەستا ئەوە تەواو ئیتر ناتوانرێ ئیستمرار بکرێت، نازانم چۆنە ئەگەر ئەو تەوزیحە بدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

امینە خان فەرموو.

**بەڕێز امینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من ژی هەر سەر کەلیمە پیاوانی پۆلیسە، چونکە ئەگەر بە دیتنا من بەکارهینانا دەستەواژە زەلامێن پۆلیس بۆ هەردوو رەگەزان بیت بە دیتنا من ئیهانە کرن و سووکایەتی کرنە بە رەگەزی مێ، بەڵکی لە زمانێ عەرەبیدا ئەو موستەلەحە بێتە بەکار هینان، بەلاّم لە زمانێ کوردی هەندی من شارەزای تێدا هەبیتن موستەلەحێ زەلاما بۆ هەردوو رەگەزا نایەتە بەکار هینان، ژبەر هەندێ داخوازێت دکەین کو ئەڤ کوردیە لەوێدا راستڤە کرن، بێهتە کرن، چونکە بەراستی ئەڤە سووکایەتی کرنە بە کارمەندێت پۆلیسێت ژن، یا باشترە ئەم بەکار بینین یان پلەی کارمەندانی پۆلیس، یان ئەندامانی پۆلیس، دێجە ئەو موستەلەحێ دێتە بەکارهینان کە چیە جێی وێ بگریتن شوێنا پیاوانی پۆلیس، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەگەڵ هەموو رێزێك و حورمەتێکمان بۆ لیژنەی یاسایی و، بۆ قانونی عێراقی و، بۆ زمانی عەرەبی، زاراوەکە زاراوەیەکی عەرەبیە کاتێك کە دێی تەرجومەی دەکەی بۆ زمانی کوردی دەبێتە پیاوانی پۆلیس، ئێمە لە ماوەی پێشوو لەسەر تەلەفزیۆن بینیمان ژنی کارمەندی وەزارەتی ناوخۆ کە لە سلکی هاتوچۆ دایە وەستابوون لەسەر شەقام تەفتیشیان دەکرد، یەعنی نەوترا پیاوانی پۆلیس، وترا ژنانی کارمەندی وەزارەتی ناوخۆ هاتنە سەر شەقام تەفتیشیان کرد، گوێم لە خەبەرەکە بوو لەناو ئیعلامدا من سەیرم لێدێ ئێستا لەبەر ئەوەی لە قانوندا لە زمانی عەرەبیدا (رجل الشرطة) مەعنای ژن و پیاو دێت لە رووە قانونیەکەوە، ئەوە فەرز بکرێ بەسەر زمانی کوردیدا، ئێمە باس لە زمانی کوردی دەکەین، ئێستا باس لەوە دەکەین ئەم یاسایە بە دوو نوسخە دەخوێندرێتەوە، نوسخەیەکیان عەرەبیە، نوسخەیەکیان کوردیە، من لە ئێوە دەپرسم جوانە بوترێ پیاوانی پۆلیس بە ژنێکی پۆلیس، ئاخر پێی بڵێی تۆ پیاوی پۆلیسی، هەر وا لێکی بدەنەوە بزانم قسەکەم لە جێگەی خۆیەتی، یان لە جێگەی خۆی

نیه؟ بۆ حەل كردنی ئەم ئیشكالیەتە پێویستە بڵێین عونصری پۆلیس، دەتوانی بڵێی كارمەندی پۆلیس، دەتوانی بڵێی كارمەندی هێزەكانی ناوخۆ، كارمەند هەردوو رەگەزەكە دەگرێتەوە، بەلاّم مەعقول نیە تۆ بە ژنێك بڵێی تۆ پیاوی پۆلیسی، بۆ چی؟ والله قانون دەڵێ (رجل الشرطة) هەردوو رەگەزەكە دەگرێتەوە، من حەقم بەسەر نیە، نە دەڵێم هینە، یەكەم جیاكاریەكی جەندەریە، دووەمیش من عیلاقەم نیە نە بە زمانی عەرەبیەوە، نە عیلاقەم هەیە بەسەر ئەو موستەلەحاتانەی كە لەناو قانونی عەرەبیدا هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

ماموّستا عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله منیش پشتگیری لەوە دەكەم كە ئەم وشەیە نەمێنێ، دوو، سێ تێبینیش عەرز دەكەم لەم بارەیەوە، یەكەم ئەو ماددە یاسایەی كە بەڕێز كاك عونی خوێندیەوە بۆ ئێمە مولزەم نیە، یەعنی مەرج نیە ئیلا بڵێین پیاوی پۆلیس یان ژنی پۆلیس، چونكە من دەستەواژە كوردیەكە هەر بەم عیبارەتە دەخوێنمەوە بزانین چ خەلەلێكی دارِشتنی تێدا دروست دەبێ، بڵێین (ئەگەر نەتوانرا پلەی پۆلیس بۆ پلەی سەرووتر بەرز بكرێتەوە)، چ كێشەیەك دروست دەبێ؟ ئێمە لە كوردستاندا بە واقیعی ئافرەتی پۆلیسمان هەیە و مومارەسەی مەیدانیان هەیە، چ پێویست دەكات لەوێ بوترێ پیاوانی پۆلیس؟ ئەوە خاڵی یەكەم، دووەم بۆ ئاگاداری بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان ئەوەی كاك عونی دەڵێ شتێكی راستە قاعیدەیەكی عەرەبی هەیە پێی دەڵێن (علی باب التغلیب) كە وەختێ باسی ئینسان دەكرێ ژن و پیاو دەگرێتەوە، بەلاّم وشەی (رجل) راستە لەم قانونەی عێراقیدا هەیە، بەلاّم هیچ موستەنەدێكی لوغەوی نیە، من حەز دەكەم لێرەوە تەوزیح بدەم، چونكە ئیختصاصمە لەم مەجالە هیچ قاعیدەیەكی عەرەبیمان نیە وشەی (رجل) وشەی (مرأة) بگرێتەوە، یان بە عەكسەوە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەكەم هەردوو وشەكە لابەین، نە پێویست دەكات بڵێین ژن و پیاو، نە پێویست دەكات بڵێین كارمەند، هیچ نەڵێین یەكسەر بڵێین (ئەگەر نەتوانرا پلەی پۆلیس بۆ پلەی سەرووتر بەرز بكرێتەوە)، لە ماددەی داهاتووشدا هەر وای لێ بكەین هیچ ئەشكالێك دروست نابێت، ئەو پیش وەندەی ناوێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

لەراستیدا یەك ئیشكالیاتی تریش هەیە، ئێمە بەشێك لە یاساكە تەعدیل دەكەین، یەعنی ئەگەر لێرە ئێمە گۆڕیشمان لە ئەسڵی یاساكە دەمێنێ، بۆیە دەبێ موعالەجەكە جوانتر بكرێ، یەعنی پێشنیارەكانتان بۆ موعالەجەكە باشتر بێ، كاك پێشەوا فەرمووو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئامانج لە هەمواری ئەم یاسایە ئەوەیە کە هەم پۆلیس بە هەموو ئەو بەشانەی کە هەیە لە وەزارەتی ناوخۆ و، هەم کارمەندانی ئاسایشی ناوخۆش بگرێتەوە، مەبەستیش لە پێشکەش کردنی ئەم هەموارە بۆ ئەوەیە، بەلاَم ئەوەی کە تێبینیە لێرەدا دیارە خۆمان دەزانین ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم هەیە کە راستەوخۆ پەیوەندی بە سەرۆکایەتی هەرێمەوە هەیە و، لە دەرەوەی دەستەلاَتی وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێز وەزیری ناوخۆ دایە، هەروەها لە بەشەکانی تری ئەم هەموارە لە ماددەکانی تر باس لە کارمەندانی ئاسایشی ناوخۆ کراوە، بۆیە هەم ئەمە دەکەم بە پرسیار بۆ لیژنەی هاوبەش و بۆ نوێنەری حکومەت کە ئەگەر بەم شێوەیە بێ، ئایا ئەمە ئیشکالیەتێك دروست دەکات لە جێبەجیکردنی یاساکە؟ چونکە راستە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت و وەزارەتی ناوخۆ، بەلاَم کارمەندانی ئاسایشی ناوخۆ لە دەروەی دەستەلاَتی وەزارەتی ناوخۆ و خودی بەڕێز وەزیرە، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم حاڵەتە دەکرێ؟ کە ئەمە راستەوخۆ پەیوەندی بە ناونیشانی یاساکە و هەموارەکەشەوەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەگەر کارمەندانی ئاسایشی ناوخۆش زیاد بکرێ لەپاڵ پۆلیس، چونکە ئەوانیش بۆ پلەی سەرووتر بەرز دەکرێنەوە و سەر مووچەو پلەیان پێ دەدرێت ساڵانە، بۆیە حەز دەکەم وەلاَمی ئەو پرسیارەم دەست کەوێتەوە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەمە دەکرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك د. رێباز فەرموو.

**بەڕێز رێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك د. احمد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە وابزانم گۆڕانکاریەکە لەگەڵ ئەوەی عێراقیەکە تەنها لە دوایی کە دەڵێ (لوصول راتبه إلى الحد الاعلى لرتبته يتم الاستمرار)، (يتم) لەگەڵ (يجوز) لە قانونی عێراقیەکەدا دەڵێ ( يجوز الاستمرار بمنحه العلاوة السنوية)، لێرە کراوەتە (يتم الاستمرار)، یەعنی ئایا تەنها بە (يتم) دەبێتە لزومی؟ ئەگەر ببێتە لزومی ئەوە کارێکی باشە ئەم گۆڕانکاریەی تێدا کراوە، بە نیسبەتی وشەکەشەوە دیارە کاك عونی تەوزیحی کرد کە لە یاسا عێراقیەکە و جەنابیشتان ئاماژەتان پێدا، ئێمە هەموو یاساکەمان هەموار نەکردووتەوە، ئەگەر مەسەلە گۆڕینی (رجل الشرطة) بێ خۆ دەتوانین ئێمە تەنها لەم ماددەیە موستەلەحێکی تر بەکار بێنین، چونکە موستەلەحی (مذكر) عادەتەن ئەگەر بۆ تەغلیب بەکار بێ لە زمانی عەرەبیدا (مؤنث)یش دەگرێتەوە بەشێوەیەکی گشتی وەکو مامۆستا عمریش باسی کرد، مەرج نیە

وشەی (رجل) بەکار بێت، بەڵام ئەگەر بە تـەغلیب بـوو زۆر ئاسـاییە، زۆرجـار (رجـل الشـرطة) یـان (رجـل الدولة) کە بەکار دێـت ئیعتیادیـە ئەگـەر سـەرکردەیەك ئـافرەتیش بـێ (رجـل الدولـة)یـە، مـەرج نیـە هـەر پیاوەکە (رجل الدولة) بێ، بەڵام لێرە بۆ چارەسەرەکەی دەکرێ ئێمە لەعەرەبیەکەدا بڵێین (إذا تعذر ترقیـة افراد الشرطة) بەکار بێـنین و، لە کوردیەکەدا بڵێین (تاکەکانی پۆلیس)، یاخود بڵێین (کارمـەندانی پـۆلیس) بەکار بێنین پێموایە حەلی ئیشکالیەتەکە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله مـن لـە هـەموار کردنـی ئـەم یاسایە پرسـیارێکم هەیـە، ئـەم یاسـایە ئینفـاز کردنـی یاسـایەکە کـە لـە حکومەتی فیدرالی عێراق دەرچووە، ئەگەر ئێمە بتوانین دەست کاری ئەو یاسایانە بکەین ئێمە چەند جـار خەڵك کە لە مووچەی خۆی رازی نیە، یاخود لە خانەنشینی رازی نیە بۆ هەموو ئەو کەسـانەی کـە بـەپێی یاساکانی تر کە مەسەلەن بۆ هینی مەدەنی و ئەوانە ئیش دەکەن، پێیـان دەڵێین ئـەو یاسـایانە حەسـریە و دەبـێ لـە عێراقـەوە دەسـت کـاری بکرێـت، مـن پرسـیارەکەم ئەوەیـە ئێمـە کـە ئینفـازی یاسـایەکی عێراقـی دەکەین دەتوانین بەم شێوەیە دەست کاری بکەین؟ کەواتە دەبێ بۆ یاسـاکانی تـریش وابێـت؟ ئەگـەر وا نیـە تکایە وەڵامێکمان دەوێت؟ دوای ئەوە ئەوەی کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان باسی ئـەوەی پلـەی سـەرووتر ئەگەر گەیشتبێتە ئاخر پلە لە رێژەی سولەمی رواتب، چۆن ئەم عەلاوەی پێ دەدرێت؟ یەعنی ئەوەش هەر لامن زۆر جێگەی پرسیارە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ پێویست ناکات دووبارە بکەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی مەبەست لەم هەموار کردنە هەڵبەتە زەرورەتێك وای کردووە کە خزمەتێك بکرێ بۆ ئەم چینەی کە ماندووە و ئێستا هاتۆتە بەردەمی ئەندامانی پەرلـەمان، مـن زۆربـەی ئـەو قسـانەم کـرا لەلایـەن ئـەوەی

پلەو عەلاوەكە، بەراستی کە لەلام ئیستیفساربوو کە ئەگەر بگاتە پلەیەکی سەرووتر چۆن بۆی سەرف دەکرێت؟ ئەوە وەڵامەکەم وەرگرتەوە، ئەوەی دەمەوێ جەختی لەسەر بکەم ئێمە لێرەدا دەنگ بەوە دەدەین کە ئەگەر بێتو پلەی پیاوانی پۆلیس ببێتە ئەندامانی پۆلیس، راستە لە زمانی عەرەبی (رجل الشرطة، أو رجل الاطفاء، أو رجل الدولة) هەیە، بەڵام هاتووە بۆ ئەم یاسایە کە لەو کاتە دەرچووە خۆی تەفسیرێکی بۆ دەکات کە پیاوی پۆلیس، واتە پیاو و ژن دەگرێتەوە، بەڵام کە دێی بۆ زمانی کوردی دانێی کە ئێمە خۆمان ئەسڵەن ئەوە وەکو زمانێکین جیاوازین لەگەڵ زمانی عەرەبی، بوونی پیاو و بوونی ژن دوو رەگەزی جیاوازە و، ئێستاش ئێمە هەتاوەکو لە یاسای توندوتیژی خێزانی و، لە زۆر یاسای تریش کە ئێمە بۆ تەحقیق کردنیش داوامان کردووە کە ژنی تایبەت هەبێ کە لەناو پۆلیس بۆ تەحقیق کردن بێت، واتە هەتا جەخت کەینەوە لەسەر بێ فەرقی و، بێ جیاوازی بە نیسبەت زمانی کوردیەوە وابزانم باشترە بکرێتە بە (ئەندامانی پۆلیس) ئەو کاتە ئێمە هەمووومان هاوڕا دەبین لەگەڵی، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس (comment)ێکی بچوکم هەیە لەسەر ئەوەی پیاوانی پۆلیس، بەو روونکردنەوەی لیژنەی یاسایی ئیقناع نەبووم، پیاوانی پۆلیس ژنیش دەگرێتەوە، چونکە پۆلیسی ژن هەیە و، پۆلیسی پیاویش هەیە، دوایش ئەو پرۆژە یاسایە بۆ هەموار کردنەوەیە، ئەگەر لە عەرەبی وایە، شەرت نیە لە کوردی وابێ ئێمە ئەگەر تەرجومە بکەین، تەرجومەمان خوێندووە نابێ تەرجومەی حەرفی بکرێ، تەرجومەی حەرفی سەد لە سەد غەڵەتە، بۆیە تەرجومەکە وەکو خۆمان لێی تێبگەین بەو شێوەیە دەبێت تەرجومەی بکەین، بە نیسبەت ئەوەی کە دەڵێین پیاوانی پۆلیس ئەدی ژنانی پۆلیس چ بکەن؟ بچن بۆ خۆیان وەکو حەزورە حەلی بکەن بڵێ واللە لەوانەیە منیش بگرێتەوە، بە کورتی دەتوانم بڵێم ئەگەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە ژنانی پۆلیس تووڕە دەبن، دوایش (43) ئەندامی ژن هەیە لەم هۆڵی پەرلەمانە بۆ ئیعتیبارێك بۆیان دەنەنراوە؟ داوا دەکەم وشەی پیاوانی پۆلیس هەڵبگیرێ بکرێت بە (کارمەندی پۆلیس)، یان هەر پۆلیسی ئیعتیادی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

تکایە قسەکانتان کورت کەنەوە، چونکە دەمانەوێ بۆ جەلسە تەواوی کەین، کاك جمال فەرمووو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە عینوان دەست پێ دەکەم، ئەگەر بێین سەیری عینوان بکەین، مەبەست لەم یاسایە تەعدیل کردنی قانونی ژمارە (15)یە، بەڵام ئەوەی لێرە نووسراوە تەعدیلی قانونی ژمارە (18)ی عێراقیە، عینوانەکە

یەكتر ناگرێت، موفتەرەحم ناردووە بۆ لیژنەی یاسایی، پێشنیار دەكەم بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە، بنووسرێ (قانون رقم ( ) لسنة 2013) نەك (2012)، (قانون التعديل الاول لقانون رقم (15) لسنة 2011، قانون إنفاذ قانون الخدمة و التقاعد لقوى الامن الداخلي الاتحادي رقم (18) لسنة 2011 في إقليم كوردستان_العراق)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدين عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەراستیدا من دوو تێبینیم هەیە، تێبینی یەكەمیان وەكو ئەوەی زۆربەی هاوڕێیانی پێش خۆم باسیان كرد و، من پێشنیارێك دەخەمە روو بۆ مەسەلەی پیاوانی پۆلیس، راستە ئەوەی كاك عونی وتی لە قانونەكەی عێراقی وا هاتووە، بەلأم ئەوە لە عەرەبیشدا (رجل) هەر (رجل)ە، پێدەچێ بابلێین فەلسەفەی پشتی دانانی ئەوە بێت كە لە عێراقدا ئەسڵ ئیشی پۆلیس بە ئی پیاو دەزانن و ئیستسنا ژنی تێكراوە، بۆیە بووە بە مولحەق بۆ ئەوە، دەكرێ ئێمە لەبەر ئەوەی كاك اسماعیل ئیشارەتی بەوەدا ئەمە هەموارە، لە هەمواریشدا دەستمان كراوەیە بە ئارەزووی خۆمان هەموارەكە ئیزافە پێ بكەین بەبێ ئەوەی پرۆژە پێشكەش كرابێ یان نە، بۆیە من پێشنیار دەكەم پێناسەكە بگۆڕدرێ، پێناسەكە لە ئەسڵی یاساكەدا بگۆڕدرێ كە بابلێین (پیاوی پۆلیس) نەبێت، كە هەر بۆ خۆی (كارمەندی پۆلیس) بێ و، شەرح بكرێ هەردووكی دەگرێتەوە، تێبینی دووەمم لەسەر ناوەڕۆكە، زیاتر پرسیارە، ئایا ناوەڕۆكی ئەم ماددەیە شەرعیەت دان نیە بەدەر لە رێنمایی و یاساكان؟ واتە شەرعیەت دان بە یاسایی كردنی حاڵەتێك نیە كە یاسا خۆی رێگەی لێ گرتووە كە ئەمە وامان لێ بكات كە رووبەڕووی حاڵەتی تری نا قانونی ببینەوە، یان داوامان لێ بكرێ كە یاسای تریش بە بەدەر لە رێنماییەكان و لە یاسا، یاسای بۆ دەربچێنین، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

لیژنەی یاسایی بۆ موعالەجە كردنی ئەو پێشنیارە، فەرموو.

**بەڕێز رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمڕۆ رووبەڕووی یەك لە كێشەكان ئینفاز كردنی قانونی عێراقی دەبینەوە، بەس مانای ئەوە نیە كە چارەسەری نیە، ئێمە كە قانونێك لەلایەن پەرلەمانێكی تر دەرچووە دەستەلأتی ئەوەمان هەیە كە هەمواركردن بكەین، پێشتر ئەم یاسایەمان ئینفاز كردووە، ئێستا لەبەر چی پێویستی هەمواركردنە، تاوەكو ئەم یاسایە عێراقیە كە ئینفزمان كردووە بە یاسایەكی پەرلەمانی كوردستان بیگونجێنین لەگەڵ واقیعی هەرێمی كوردستان، بۆیە زۆر ئاساییە كە ئەم دەستەواژانە یاخود بەم زمانەی كە نووسراوە لەگەڵ واقیعی

ئێمە ناگونجێ دەست كاری بكەین و هەمواری بكەین، لەم چوار چێوەیەدا ئێمە ئازادین، بە نیسبەت ئەو وشەیەی كە زۆر لە پەرلەمانتاران پشتگیریان لە پێشنیارەكەی سۆزان خانیان كرد، ئایا (رجل الشرطة) لێرە لابەین؟ بە نیسبەت ئێمە زۆر ئاساییە وشەی (رجل)ەكە لەبەین، بەلاَم ناتوانین (كارمەند) دانێین لە شوێنی، لەبەر ئەوەی ناكرێ دەستەواژەیەك یاخود ماددەیەك هەموار بكەین لەگەلْ ماددەكانی پێشووتری یاسا عێراقیەكەدا نەگونجێ، یان تەعاروزێك دروست بكات، مونتەسیب لەوێ پێناسە كراوە كە مفەوەز و، زابتی سەف و، پۆلیس دەگرێتەوە، بۆیە ئەو پێشنیارەی (كارمەند) ئەوە قەبول نەكرا لە لایەن هەردوو لیژنە، ئێمە وشەی(شرطة) دێڵینەوە، وشەی (رجل) لادەدەین دەتوانین هەر دەستەواژەكی تر لە شوێنی دانێین، لە نێوان كەوانەك (ئافرەت و پیاو) دابنێین كێشەكە چارەسەر دەبێ ئەوەی پەیوەندی بەمە هەیە، سەبارەت بە (یجوز) لەگەلْ (یتم) فیعلەن ویستمان تابعێكی ئیلزامی بدەینێ، لەبەر ئەوەی لە یاسا عێراقیەكە شتەكەی بە جەوازی هێشتیتەوە ئەوەش لەبەرژەوەندی كارمەندانی هێزەكانی ناوخۆ نیە، ویستمان شتەكە بكەینە وجوبی، لەبەر ئەوە وشەی (یجوز)مان لادا لە رێزی دووەمی ماددەكە بەم شێوەیە هەموارمان كرد، كردمانە (یتم)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كاك گۆران داوای گفتوگۆت كردبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله تێبینیەكەی من هەر لەسەر مەسەلەی ئینفاز و تێبینیەكانی لیژنەی قانونیشە، ئەم یاسایە یاسایەكی عێراقیە، كە تەنفیز كراوە لە عێراقدا هێزەكانی پۆلیس و هێزەكانی ئاسایش هەردووكیان سەر بە وەزارەتی ناوخۆن، بەلاَم لە هەرێمی كوردستان بابلێین وشەی ئاسایش لەلای ئێمە مەعنایەكی تری هەیە، لەبەر ئەوە هەر تەنها پۆلیس بێ تەسەور ناكرێ لە تەنفیزكردنی مەشروعەكە تووشی گرفت و تەفسیر بین، بۆیە دەكرێ لەوەدا بیر لە موستەلەحێكی وردتر بكەینەوە كە هێزەكانی ئاسایشیش بگرێتەوە و، لە كاتی خۆشی لە ئینفازەكەدا ئەوەمان ئیزافەكرد كەوا هەموو هێزەكانی ناوخۆ بابلێین بەرپرسیارن لە پاراستنی ئەمنیەتی هەرێم دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من داوام كرد ناوم بنووسرێ، بەلاَم دیارە ناومت نەخوێندەوە، سەبارەت بە ماددەی هەشتەم، داواكارم خزمەتی سالأنی پێشمەرگە بۆ خانەنشینانی ناوخۆ ئەژمار بكرێت، لەبەر ئەوەی دیارە ژمارەیەكی زۆر لە خانەنشینانی وەزارەتی ناوخۆ موراجەعەی لایەنی پەیوەندیاریان كردووە، بەلاَم خزمەتی سالأنی

پێشمەرگایەتی پێنەدرایتـەوە بـۆ مەبەسـتی خانەنشینەکە، بۆیـە داواکـارم لـە لیژنەکـە کـە جێگایـەك لـەم ماددەیە بۆ ئەم مەبەستە بکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

سۆزان خان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەبەر ئەوەی دوو، سێ جار بـاس لـەوە کـرا کـە قانونەکـە چـەند ماددەیـەکی تێدا تەعدیل دەکرێ و، ئەسڵی قانونکە هەر بە (رجل الشرطة) هاتووە، ئێمە دەتوانین یەك ماددەی قانونی ئیزافە بکەین، بڵێین لە سەرەتاوە پێش ئەوەی دەست پێبکەین بە تەعدیلەکان، بڵێین (يعدل مصطلح رجل الشرطة أينما وردت في هذا القانون بالشرطة)، ئەگەر بـەڕێز وەزیـریش ڕەزامەنـدی بفـەرموێ لەسـەر ئـەوە، چونکە بەراستی بەلای منەوە زەحمەتە دەست بۆ قانونێك بەرزکەمەوە ژنانی پۆلیس تیایـە پێشـێلکاریەکی جەندەری تەواو بکرێ بەرامبەریان، بۆیە من داوا لە بەڕێزیان دەکەم ئەگەر ئیقتراحێکی تری هەیە لەسەر دۆزینـەوەی ڕێگـە چارەیەك بـۆ ئـەم وشـەیە و ئـەو (رجـل)ە نـەمێنێت مـن سوپاسـی دەکـەم، ئەگـەر نـا لـە سەرەتاشەوە ئەگەر ئەو تەعدیلەشمان کرد بۆ ئەوەی لە هەموو یاساکەدا جارێکی تر کە چاپ دەکرێتەوە بە تەعدیلەکەوە (رجل الشرطة) نەمێنێ، بوترێ بە ماددەیەکی قانونی لە کوێدا (رجل الشرطة) هاتووە (أينما وردت في هذا القانون) دەگۆڕێ بۆ ئەم موستەلەحە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمـە لـە بیدایەتیـدا لـە ناونیشـانی یاسـایەکە هـاتووە ئەگـەر بـە وردی خوشـك و بـرا پەرلـەمانتارەکان سەرەنجیان هەیە، دەڵێن یاسـای جێبـەجێکردنی یاسـای ڕاژە و خانەنشـینی هێزەکـانی ئاسـایش و نـاوخۆ لـە هەرێمی کوردستان، یەعنی ئەوە کۆتایی پێ هـاتووە، یاسـای یەکـەم: هـەموار کردنـی یاسـای ژمـارە (15) ی ساڵی (2011)، یاسـای جێبـەجێکردنی یاسـای ڕاژە و خانەنشـینی هێزەکـانی ئاسایشـی نـاوخۆ لـە هـەرێمی کوردستان، یەعنی هەر لـە یەکەمیـەوە کۆتـایی پـێ هـاتووە، یـەعنی ئـەوە عینوانەکـەی وەرگرتـووە، لەسـەر مەسەلەی ژن و پیاو ئێمە وا لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە بە فەرمانبەر ناوی بێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کاك نەریمان.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، ئـەم یاسـایەی ئێمـە بـە دەرجـە یـەك ئیعتیمـاد دەكاتـە سـەر یاسـای (قـانون التقاعد الموحد رقم (27) لسنة 2006 - 2007) ی عێراقی و، لەوێدا پێناسەی موەزەف كـراوە تایبەتـە بە تەقاعودی موەحەد لە مەدەنی و عەسكەری و هێزەكانی ناوخۆ، دەڵێ چی؟ دەڵێ (الموظف: كـل شـخصٍ عهدت إليه وظيفة داخلَ في الملاك المدني أو العسكري أو قوى الامن الداخلي الذي يتقاضى راتباً مـن الدولـة و تستقطع من راتبه الوظيفي التوقيفات التقاعدية و يشمل ذلك موظف القطاع العام ما لم يرد به نص خاص في هذا القانون يقضي بخلاف ذلك)، بۆیە موەزەفەكە شامل ترە دەتوانین لەبەر ئەوە ئەو كاتە هەم مـەدەنی دەگرێتـەوە، هـەم عەسـكەری و، هـەم قـوەی ئـەمنی داخلـی دەگرێتـەوە، بیكەینـە (فەرمانبـەری پـۆلیس)، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

ئێستا لیژنەی هاوبەش سیاغەكە جارێكی تر بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

با تەوزیحێكی تر بدەین بە نیسبەت ئاسایش، ئاسایش سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە با ئاگاشمان لەوە هەبێ، یەعنی ئەگەر موستەلەحەكەی بەكار بێنین كە دەڵێین (قوى الامـن الـداخلي)، واتـە ئـەوە تـابیعی وەزارەتـی ناوخۆیە، ئاسایش دەزگایەكە تابیعی ئەنجومەنی وەزیرانە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

ئەم وشەی پیاوانی پۆلیس چۆن موعالەجەتان كرد؟ فەرموو كاك عونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا سیاغەیەكی تر دەخوێنم ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان قەبولیان كرد، ئینجا بخرێتە دەنگدانەوە،

**المادة الأولى:** تعدل تطبيق المادة (8/ رابعا) من القانون في الاقليم وتقراء كالآتي:

المادة 8/ رابعا: اذا تعذر ترقية أفراد الشرطة أنثى كانَ أم ذكراً و الاسايش الى الدرجة التالية لرتبته او منحه العلاوة السنوية لوصول راتبه الى الحد الاعلى لرتبته يـتم الاسـتمرار بمنحـه العـلاوة السـنوية للرتبـة التاليـة وفقاً للقانون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كاك عمر عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

کەلیمەی بەکار هێنانی (أفراد الشرطة)، ئیتر پێویست ناکات (ذكر) و (مؤنث) ی لەسەر بنووسرێ، کە وتت (أفراد الشرطة) ژن و پیاوی پۆلیس دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیەکت هەبێ، فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم سلطان شنگالی/ وەزیر ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی ئێمە ڕێزێکی تایبەتمان هەیە بۆ ئافرەت، هەروەها ژن دەورێکی باشیان بینیوە لە پۆلیس و هێزەکانی ناوخۆ ئێمە شانازیان پێوە دەکەین و، پێمان باشە لە هەموو جێگایەك ناویان بێت، پێمان باشە هەر دەستەواژەیەك بێ ناوی ئەوانیش تێدا دیار بکرێ، لێرە تەبیعی ئێستا پێشنیار کرا (أفراد الشرطة)، تەبیعی (أفراد الشرطة) ژن و پیاو هەردووکی مەشمولە، بەلأم دەتوانین شتێکی تر بەکار بهێنین ئەگەر نەتوانرا پلەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، کە گوتمان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەمووی شمول دەکات، ئافرەتە، پیاوە، ئاسایشە، پۆلیسە، وە ئەم قانونە شمولی ئاسایشیش دەکات، چونکە دەڵێی هێزەکانی ئاسایش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك کاردۆ نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر لەسەر ئەم دستەواژەیە موناقەشە و شتی وا کرا، بەلأم ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئێمە دەریخەین کە جیاواز لەوەی عەرەبیەکە چ دەڵێ لە کوردستاندا هێزەکانی پۆلیس ژن و پیاوی تێدایە، یەعنی هەم مانای ئەوە دەبەخشی کە ئەمە جۆرەك لە پێشکەوتنی تێدایە بڵێین ژنان و پیاوانی پۆلیس، مێ و نێر و شتی وای بۆ چیە؟ سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من لەو روونكردنەوەی كاك عونی كە باس دەكات دەڵێ ئەوە بەس تەنها هێزەكانی پۆلیس سەر بە وەزارەتی ناوخۆ دەگرێتەوە، من حەز دەكەم روونكردنەوەیەك بدەم ئێمە لە لیژنەی ناوخۆ بۆ ئەم مەسەلەیە باسی دەزگای ئاسایشیشمان كردووە و، ئەم مەسەلەیە شمولیە هەموویان دەگرێتەوە، یەعنی من حەز ناكەم ئەوە لێكەینەوە و، ئەوە پرۆژەیەكە ئێمە زیاتر لە دوو ساڵە بۆ فەراهەم كردنی ئەو مافانەی كارمەندانی ئاسایش و هێزەكانی ناوخۆ لیژنەی ناوخۆ خەریكی ئەوەین، بۆیە لێك جیاكردنەوەیان پێمواپە شتێكی خراپە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كاك د. عمر فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

گوێمان لە بۆچوونێك بوو كە دەگوترێ هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ بەو مانایەی ئەوانەن كە سەر بە وەزارەتی ناوخۆن، ئێمە پێمانوایە بەراستی وا نیە، كە دەڵێی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ ئەوانەی سەر بە وەزارەتی ناوخۆن و دەرەوەی وەزارەتی ناوخۆن هەمووی دەگرێتەوە، بۆیە ئەم تەعبیرەی ئەم پێشنیارەی بەڕێز جەنابی وەزیر دوو ئیشكالیەتمان بۆ حەل دەكات هەم ئەوەی كە پەیوەندی بە ژن و پیاوەوە هەبوو، هەم ئەوەی لەناو وەزارەتی ناوخۆ یان دەرەوەی وەزارەتی ناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

ئێستا وازحە، فەرموو كاك عونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر تێبینی قانونەكەی ژمارە (15) ی ساڵی (2011) بكەین، لە ماددەی (4) لەوێ باسی ئەوەمان كردووە، بۆیە بە تایبەتی من تازە لێرە ئاماژەم پێ كرد، چونكە لەوێ موعالەجەمان كردووە بە شكلێك كە ئێستا دەیخوێنمەوە كاتی ئینفاز كردنەوەی قانونەكە، ماددەی چوارەمی قانونی (15) ی ساڵی (2011)، كە دەڵێ (تجري أحكام هذا القانون على من أستشهدَ بعد 1991/10/23 من افراد قوى الامن الداخلي و الاسايش لغرض إحتساب راتبه التقاعدي.... إلى أخره)، لەبەر ئەوەی ئەو تەعبیرەم بەكارهێنا تازە، چونكە لەوێش هەر بەو شكلەی ئیقرارمان كردووە، ماددەكی قانونی بووە و، جێبەجێ كراوە، واتە شمولی هەردووكیان دەكات هێزەكانی ناوخۆ و ئاسایش، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموون بۆ سیاغەی كۆتایی.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الأولى: تعدل تطبيق المادة (8/ رابعا) من القانون في الاقليم وتقرأ كالآتي:**

المادة 8/ رابعا: اذا تعذر ترقية أفراد قوى الامن الداخلي الى الدرجة التالية لرتبته او منحه العلاوة السنوية لوصول راتبه الى الحد الاعلى لرتبته يتم الاستمرار بمنحه العلاوة السنوية للرتبة التالية وفقاً للقانون.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە بەو سیاغەی خوێندرایەوە، كێ لەگەڵ دایە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ تكایە دەست بەرزكاتەوە، (2) كەس لەگەڵ دانیە، زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ئەم ماددە پەسەندكرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الثانية: تعدل تطبيق المادة (28/ ثانيا) من القانون في الاقليم و تقرأ كالآتي:**

المادة 28 / ثانيا : يمنح افراد قوى الامن الداخلي اجازة اعتيادية لا تزيد عن (120) مئة و عشرين يوماً براتب تام بما لا يتجاوز عن استحقاقه المتراكم من الاجازات خلال مدة خدمته.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموون بە كوردییەكەشی بیخوێننەوە،

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی دووەم: هەمواركردنی ماددەی (28/ دووەم) ی یاساكە لە هەرێمدا بەم شێوەیە:**

ماددەی 28/ دووەم: تاكەكانی هێزەكانی ناوخۆ پشووی ئاسایی پێ دەدرێ كە لە (120) سەد و بیست ڕۆژ زیاتر نەبێ بە مووچەی تەواو بە مەرجێك كە لە مافی كەڵەكەبووی پشووەكانی تێ نەپەڕێ بە درێژایی ماوەی ڕاژەكەی.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو ڕەئیتان.

**بەڕێز عبدالكریم سلطان شنگالی/ وەزیر ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

موافقین لەسەر ئەم ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ئەم ماددەیە کێ تێبینی هەیە؟ ئەم ناوانە نووسراون (کاك عبدالرحمن، گوڵێزار خان، ناسك خان، کاك دڵشاد، هاژە خان، کاك جلال)، فەرموو کاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی من پێشنیار دەکەم بکرێتە (یمنح افراد الشرطة و قوى الامن الداخلي اجازة اعتیادیة لا تزید عن (120) مئة و عشرین یوماً.........إلى آخره)، یەعنی (افراد الشرطة و قوى الامن الداخلي) ئەوە بنووسرێ باشترە بە رەئی من، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

گوڵێزار خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵێزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێر هاتنی وەزیرە بەڕێزەکان و جەنابی بریکاری وەزارەتی دارایی دەکەم، لە ماددەی دووەمدا کە هاتووە (هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ پشووی ئاسایی پێ دەدرێ کە لە (120) سەد و بیست رۆژ زیاتر نەبێ بە مووچەی تەواو بە مەرجێك کە لە مافی کەڵەکەبووی پشووەکانی تێ نەپەڕێ بە درێژایی ماوەی راژەکەی)، ئەم ماددەیە ماددەیەکی زۆر جوانە، بەلاَم من پرسیارێك دەکەم لە لیژنەی هاوبەش، ئایا چ جیاوازیەك هەیە لەگەڵ ئەسڵی پرۆژەکە؟ سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واللە من جاری پێشوو دەستم هەڵنەبڕی بوو، ئەو (قوى الامن الداخلي)یەی کە ئێستا گۆڕیمان لەم قاعەیەدا، ئایا تەعاروز لەگەڵ ئەسڵی یاساکە دروست ناکات؟ یان بابڵێین ئایا پێناسەی هەیە لەناو ماددەکە؟ یان لای ئێمە شتێ ناگرێتەوە و بڵێین لە بەغدا لە ناوەند شتێکی تر بێ، چونکە هەست دەکەم تەعاروزێك دروست دەبێ، ئێمە یان دەبێ پێناسەیەکی موستەقیلی بۆ بکەین مادام ئەم وشەت گۆڕی، چونکە بەراستی ئێمە ئەسڵی یاساکەمان لەبەر دەستدا نیە بەس من بۆ ئەوەی تووشی شائیبەیەکی قانونی نەبین ئەگەر لیژنەی یاسایی ئاگای لەوە بێ مەمنونم، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك دلشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی من کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من تەنها تێبینیەکەم لەسەر ئەوەیە (اجازة اعتيادية لا تزيد عن (120) مائة و عشرين يوماً)، نازانم ئەوە بۆ اغراضی تەقاعودیە یان چۆن ئەو (120) رۆژە حیساب کراوە، چونکە ئەگەر بۆ اغراضی تەقاعودی بێت، وا بزانم زیاترە لە (120) رۆژ، شەش مانگە، ئەگەر شەش مانگ بێت (180) رۆژ دەکات، یەعنی نازانم ئەوە چۆن ئەو (120) رۆژە دانراوە؟ ئەگەر روونکردنەوەیەك لەم بارەیەوە بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر چەندە وازحە (120) رۆژ لە ساڵێکدایە، بەڵام چونکە باسی (طول مدة خدمته)، یەعنی باسی هەموو راژەکەی کراوە، پێمباشە لە ئەخیردا کە دەڵێ (براتب تام) بە مووچەی تەواو بنووسرێ (خلال سنة)، لە ساڵێکدا، چونکە مادام باسی مودەی خدمە کراوە بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من ژنێتی خۆمم بیر ناچێتەوە بەدەست خۆم نیە، لێرەوە جارێکی تر مەوزوعێك دەوروژێنم هیوادارم بەڕێز وەزیر وەڵامم بداتەوە، ئەو (120) رۆژە مەبەستان ساڵی ئومومەکەشە ئێستا؟ من ماوەی پێشوو چەندین ژنی ئەفسەر لەناو هێزەکانی پۆلیسدا پەیوەندیان پێوە کردم وتیان مەجبورین ئیجازەی ئومومەکە قەتع دەکەین و دەگەڕێینەوە، لەبەر ئەوەی فەرقی مووچەکەمان زۆر زۆرە موخەصەصاتەکان هیچمان بۆ سەرف ناکەن، بۆیە پرسیارەکەی من لێرە ئاراستەی جەنابتە، ئەم (120) رۆژە مادام دەڵێین (رجل الشرطة) مەعنای ئەوەیە ژن و پیاوە، بۆ ئەو مافە دراوە بە پیاوان

(120) رۆژ وەرگرن خۆ ئەوان منداڵیان نابێت؟ ئەی بۆ ئەو ژنەی كە منداڵی دەبێت ئـەو مافـەی پـێ رەوا نابینن كە (براتب تام) بێت، بەراستی من دەمەوێ لە پشتی ئەو عەقلیەتەوە سـەیر بكـەم كـە بـزانم بۆچـی ئەو فەرق و جیاوازیە دەكرێت؟ ئەگەر ئەو بۆ خۆشی ژیان و، یان پێداویستیەك، یان نەخۆشیەك، خوا بەو رۆژە نەكات نـەخۆش بكـەوێت و پێویسـتی پـێ بـێ دەتـوانێ (120) رۆژ ئیجـازە وەرگـرێ، بـەلآم ئەمـە لـە تەبیعەتی ژندایە، مانای ئەوە نیە كە كاری لەناو هێزی ناوخۆدا كرد ئیتر واز لـە كـارە ژنایەتیەكـەی خـۆی بێنێ و منـداڵی نـەبێت، چـونكە بەراسـتی مووچەكەیان بـە موخەصەصـاتەوە بـۆ سـەرف ناكـەن، بـۆ ئەمـە چەندین حاڵەت و چەندین جاریش پەیوەنـدیم كـردووە بـە وەزارەتـی نـاوخۆ بـۆ ئـەوەی چارەسـەری ئـەو بابەتە بكرێ و، نازانم چارەسەرتان كرد یان نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

زكیە خان فەرموو.

**بەڕێز زكیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز سەد لە سەد پشتگیریا ئاخافتنا سۆزان خانێ دكەم، چونكە مە لە پەرلەمانی كوردستانێ سالا (2001) تەعدیلەكە یا قانونی كری، كو دڤێت تەعدیلێدا هاتی موهلەتا دایكایەتی بۆ ماوەی ساڵەكێ (براتب كامل)ە، لە هەندەك وەزارەتا ئەڤە دێتە تەتبیق كرن، بـەس وەزارەتـی نـاڤخۆ هـەتاكو نوكـە ئەڤـە نەهاتیـە تـەتبیق كرن، لە ڤێ دركێدا هاتی كو ئەو ئیجازە دێتە وەرگرتن (120) رۆژا زێدەتر نەبیتن، ئایا ئەڤە چەوا دهێتە عیلاج كرن؟ مادام لە هەندەك وەزارەتا دێتە تەتبیق كرن ئەو موهلەتا دایكایەتی بە راتبێ كامل، بۆچی لـە وەزارەتا ناڤخۆ ناهێتە تەتبیق كرن؟ دێ جارەكادی دێ زڤرینەوە ئەڤ جیاوازیە هـەی كـو تایبـەت بـوارێ یـا ژناندا یان وەكو رەگەزێ ئافرەتان بۆچی لەڤێ دركێدا ئەڤە نەهاتیە بەر چاڤ وەرگرتن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

فەرموو كاك عونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی سۆزان خان و هەندێك برادەرانـی تـر كـە پێشكەشـیان كـرد، سـەبارەت بـە ئیجازەی حـەمل ئەوە لە ماددەی (31)ی قانونەكە موعالەجە كراوە، (أجازة الامومـة) بـا بۆتـان بیخوێنمـەوە (تسـتحق المـرأة ضابطاً أو منسـتباً في قوى الامـن الـداخلي الاجـازاة التاليـة براتـب تـام وفقـاً لمـا هـو منصـوص عليـه في قـانون الخدمة المدنية وكماياتي:-

1- اجازة الحمل و الولادة.

2- اجازة أمومة.

3- هەتا دوایی....

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ڕەئی سۆزان خان و زکیە خانم هەبوو، بەڵام سێ نەوعە ئیجازە هەیە، کە ئافرەت حەملی هەیە (ما قبل الولادة) تەقریبەن (20) ڕۆژەك، دوایی (50) ڕۆژ، ئەو (72) ڕۆژەکەی وەردەگری ویلادەی پێ دەڵێن، دوایی شەش مانگ بە (راتب کامل)، شەش مانگەکەی تریش (نصف راتب)، ئایا لە قوەی ئەمنی داخلی و لە هێزی ناوخۆ هەمان ئەوە تەتبیق دەکرێ یان جوابەزە؟ کە پۆلیس و ئەوەیە، ئەگەر جوابەزە پێویستە ئەوانەش بە راتبی کامل بۆیان جێبەجێ بکرێت، چونکە ئەوە سروشتی ئافرەتە، ئەگەر ئەوها نەبێت نەفەریش زیاد نابێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم ئاراستەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ کرد؟ چاوەڕێی ئەوەم وەڵامەکە وەرگرمەوە، بزانم بۆ هەتا ئێستا ئەو حاڵەتە هەیە لەناو وەزارەتی ناوخۆ؟ بۆ کارمەندی ژن بەو شێوە سروشتیە یاساییە مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت لە کاتی وەرگرتنی ئیجازی ئمومەدا، وەڵامەکەی ئەو وەردەگرم بۆ ئەوەی ئەگەر بزانم لەلایەن وەزارەتەکەی بەڕێزیانەوە یاساکە بە تەواوەتی جێبەجێ نەکراوە حەقی ئەوەم هەیە پرسیاری لێ بکەم بڵێم بۆ؟ سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

باشە بەس تەحەمول بکەن جارێ کومەڵێك پرسیار کراوە، پرسیارەکانی تریش وەڵام بدرێتەوە، ئینجا دێینە سەر پرسیاری تۆش، پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستیدا لەگەڵ گرنگی ئەو پرسیارانەم، بەڵام من حەزدەکەم سەرۆکایەتی پەرلەمان بیربخەمەوە کە مەفروزە ئەو پرسیارانەی دەکرێ پەیوەندی بە خودی پرۆژەی هەموارەکەو بەو کارنامەیە هەبێ کە هەیە، هەروەها غەیری ئەوە زیاتر ئێمە وەختمان لە کیس دەچێ وهیچی تر، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

راستە، کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەراستیدا هەندێ پرسیار کرا لەوانەی کە گوڵێزار خان وتی جیاوازی چیە لە ئەسڵیەکەو لێرە؟ لەوێ نووسراوە (براتب) لێرە نووسراوە (براتب تام)، لەبەر ئەوە کە وتت (براتب) لە خانەنشینی بۆتە ئەشکالێك، ئایا راتبی کولیە؟ یان راتبی ئیسمیە؟ بۆیە (تام)مان بۆ زیاد کردووە (براتب تام)، هەروەها هاژە خان پرسیاری لەوە کرد بۆچی (120) رۆژە و لە شوێنێکی تر (180) رۆژە؟ لەراستیدا ئەوە ئیجازەی ئیعتیادیە (120)رۆژەکە و ئەو ئیجازەیە حەقی ئەو کارمەندەیە کە مانگانە دەیبا، حەقیەتی بە قانون پێی بدرێت، بەلاّم نایبا تەراکم دەکات کۆ دەبێتەوە لە کاتی زەرورەتێکدا دەڕوا ئیستیفادەی لێدەکات ئەو (120) رۆژە بە یەکەوە دەبا، بەلاّم بە مەرجێك لە حەقی خۆی تێنەپەڕێ، (براتب تام)یش لەبەر ئەوەیە کە حەقی خۆی بۆ بڕوا بە ئیجازە، نەڕۆیشتووە بە ئیجازە، بۆیە حەقی خۆیەتی راتبەکەی بە (تام) بێت بە موخەصەصات و ئیسمیەکەوە، لەوانەیە جەنابی جێگری وەزیریش ئەو پرسیارەی هەبێ، بۆیە حەقێکی خۆیەتی کە نەیبردووە دەیباتەوە، بۆیە دەوامی کردووە پێشتر لەسەر ئەو مەوزوعە، من حەزم کرد ئەو تێبینییانە بکەم و، (180) رۆژەکەش کە هاژە خان باسی کرد بۆ کۆتایی هاتنی خزمەتەکەیەتی لە دووەمدا عەفو لە ماددەی (29) چارەسەرکراوە ئەوە دەڵێ (یستحق رجل الشرطة المنتهية خدمته)، لەوێدا (180) رۆژە، بۆیە ئەوە جیاوازیەکەیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر پرسیار لە بەڕێزت کرا؟ فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم سلطان شنگالی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی ئێمە تەعلیماتی دارایی تەنفیز دەکەین، راتب لەلای ئێمە تەحدید ناکرێ، لە وەزارەتی دارایی تەحدید دەکریت، دووەم ئەوە ئێستا کەلیمەی (براتب تام) ئیزافەکراوە، ئەوە تەواوە هەموو ئێمە وا تەفسیری دەکەین، وەزارەتی دارایی چۆن تەفسیر دەکات من نازانم، لە داهاتوودا دەبێ ئێمە لەگەڵیان قسە بکەین، بەلاّم من لەگەڵ ئەوەم بەس هەندێ شت هەیە، موخەصەصات هەیە، سەرف ناکرێن نە لە حەمل، نە لە فەترەی ئیجازە، مەسەلەن موخەصەصاتی خواردن، ئەو سەرف ناکرێ لە فەترەی ئیجازە، بۆیە ئەوە مەتلوب نیە، بۆیە من دەتوانم ئەوە بڵێم تەعلیماتەکە لە وەزارەتی دارایی دەرچووە، وەزارەتی دارایی بەرپرسیارە، نەك ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموون لیژنەی هاوبەش بۆ سیاغەی کۆتایی.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثانية**: تعدل المادة (28/ثانيا) من القانون في الاقليم وتقراء كالآتي:

المادة 28 / ثانيا : (تمنح أفراد قوى الامن الداخلي اجازة اعتيادية لا تزيد على (120) مئة و عشرين يوماً براتب كلي بما لا يتجاوز عن استحقاقه المتراكم من الاجازات خلال مدة خدمته). کردمانە راتب کولی لەبەر ئەوەی لە ئەسڵی یاسا عێراقیەکە راتب کولی پێناسە کراوە، راتبی بنەڕەتی ئیسمی زائیدەن موخەصەصات، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو بەکوردییەکەشی بخوێننەوە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی دووەم**: هەموارکردنی ماددەی (28/دووەم) ی یاساکە لە هەرێمدا بەم شێوەیە جێبەجێ دەکرێ:

ماددەی 28/ دووەم: تاکەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ پشووی ئاسایی پێ دەدرێ کە لە (120) سەد و بیست ڕۆژ زیاتر نەبێ بە مووچەی تەواو بە مەرجێك کە لە مافی کەڵەکەبووی پشووەکانی تێ نەپەڕێ بە درێژایی ماوەی ڕاژەکەی.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە بەو سیاغەی خوێندرایەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، بەکۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثالثة**: تعدل تطبيق المادة (36/أولاً/ج ، د) من القانون في الاقليم وتقراء كالآتي:

مادة 36/ أولاً: ج : عند ثبوت عدم كفاءته من قبل مجلس تحقيقي يشكل لهذا الغرض.

د: عند ثبوت عدم تقييده بآداب و ضوابط الخدمة من قبل مجلس تحقيقي يشكل لهذا الغرض.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموون بەکوردییەکەی بخوێننەوە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی سێیەم:** هەموارکردن و جێبەجێکردنی ماددەی (36/یەکەم/ ج ، د) ی یاساکە لە هەرێمدا بەم شێوەیە بێ:

ماددەی 36/ یەکەم:

ج: ئەگەر لێ نەهاتووەکەی سەلمێنرا لەلایەن ئەنجومەنێکی لێکۆلێنەوە کە بۆ ئەم مەبەستە پێك هێنرابوو.

د: ئەگەر پابەندنەبوونی بە ئاکار و پرەنسیپی راژە سەلمێنرا لەلایەن ئەنجومەنێکی لێکۆلێنەوە کە بۆ ئەم مەبەستە پێك هێنرابوو.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم سلطان شنگالی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ماددەکە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ئەم ماددە کێ تێبینی هەیە؟ نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو ئامینە خان.

**بەڕێز امینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەسڵی ماددە ئەم نزانین چیە؟ کو هوسا هاتیە راست ڤەکرن، ئەگەر ئەو بێهتە خوێندن، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموون ئەسڵی ماددەکە بخوێنن.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستی ئێمە لەو گۆڕانکاریەی لە ماددەی دووەم تەنها لەوێدا هاتووە کە دەڵێ لیژنە، وەزارەتی ناوخۆ پێشنیاری ئەوەیان بۆ کردین دەڵێ لیژنە رەنگە بۆ مەبەستی کڕین و فرۆشتن و دروست کردنی کالاّ و شتی لەو بابەتانە لیژنە دروست دەکرێت، پێویستە ببێتە ئەنجومەن تەنها ئەو گۆڕانکاریەمان تێدا کردووە، مەجلیسێك هەبێ ئەنجومەنێکی لیکۆلێنەوە هەبێ لە جیاتی لیژنە، تەنها گۆڕانکاریەکە ئەوەیە بۆ بەرچاو روونکردنی ئەندامانی بەڕێز، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئێستا د. احمد و، کاك جلال قسەیان هەیە، فەرموو د. احمد.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە كە تەعدیلی ماددەی (36)، ڕاستیەكەی من تێبینیەكم هەیە لەسەر (أ، ب)، تەبعەن كە (أ) باس لەوە دەكات،

أولاً: يجوز إحالة رجل الشرطة الى التقاعد في أحدى الحالات الأتية:

أ- بناءً على طلبه لاسبابٍ معقولة على أن لاتقل مدة خدمته عن (15) عاماً

ب- إذا كان فائضً على الملاك.

یەعنی لێرە نەوعێك لە تەناقوز هەیە لەبەینی (أ، ب)، یەعنی لە (أ)دا حەقی بەوەداوە كەوا كارمەندی پۆلیس داوای خانەنشینی بكات، بەلاّم لەسەر داوای خۆی، بەلاّم لە (ب) دەڵێ ئەگەر هاتو (إذا كان فائضً على الملاك) لە میلاك زیاد بوو، یەعنی لەوێ ئەگەر لە میلاك زیاد بوو بۆی هەیە ئیحالەی تەقاعود بكرێت، لە كاتێكدا لە (بناءً على طلبه) خۆشی نەبێت، من لێرە پرسیارەكەم لە جەنابی وەزیر ئەوەیە كە ئایا لێرە ئەمە تەناقوز دروست ناكات لەبەینی (أ، ب)؟ كە ئەمە هەموار نەكراوەتەوە لێرەدا، چونكە لە (أ) تەنها لەسەر داوای خۆی ئەگەر (15) ساڵی تەواو كردبێ حەقی هەیە ئیحالە بكرێت بۆ تەقاعود، بەلاّم لە (ب) دەڵێ ئەگەر زیاد بوو لە میلاك (فائض)بوو ئەو كاتە ئیحالەی تەقاعود دەكرێت، ئەمە تەلەبی خۆشی نەبێ هەر ئیحالە دەكرێ، ئەمەش ڕەنگە (إجحاف) بێ بە حەقی ئەو پۆلیسە، ئەوەی تریش كە لە ڕاپۆرتەكەدا هاتووە كە لیژنەكە كراوەتە مەجلیس، بەلاّم لە (د) پێمواییە دووبارە پێویست ناكات بڵێین (عند ثبوت عدم تقييده بآداب و ضوابط الخدمة من قبل مجلس تحقيقي يشكل لهذا الغرض)، لە (ج) هاتووە (من قبل مجلس تحقيقي يشكل لهذا الغرض)، لە (د) پێویست ناكات ئەوە دووبارە بكەینەوە تەنها دەتوانین بڵێین (من قبل مجلس)، چونكە مەجلیسەكە لە (ج)دا هاتووە ئیتر لە (د) دووبارە پێویست ناكات، (المجلس) مادام تەشكیل كراوە پێویست ناكات دووبارە بڵێین (تحقيقي يشكل لهذا الغرض)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

كاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

والله تێبینیەكەی من لەوانەیە زمانەوانی بێ، مەسەلەی لێ نەهاتوویی ئەگەر خوشك و برایان لێ نەهاتوو بۆ سیفەت دەبێ بۆ ئەوە نابێ بۆ وەزیفەیەك، بڵێین نەشیاوی زۆر مەعقول ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر قسەکەی کاك د. احمد، تەبعەن کە پێشنیار دەکات لەوێ دووبارە نەبێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەنجومەنەکە کاتی یە، یەعنی بۆ هەر قەزیەیەك مەجلیسەك تەشکیل دەکرێت ئەوەنیە، لەبەر ئەوە پێویستە دەکات، لە (د)یشدا بە هەمان شێوە ئەنجومەنەکە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموون بۆ سیاغەی کۆتایی.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثالثة**: يعدل تطبيق المادة (36/أولاً/ج ، د) من القانون في الاقليم وتقراء كالآتي:

مادة 36/ أولاً: ج : عند ثبوت عدم كفاءته من قبل مجلس تحقيقي يشكل لهذا الغرض.

د: عند ثبوت عدم تقييده بآداب و ضوابط الخدمة من قبل مجلس تحقيقي يشكل لهذا الغرض.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو کوردییەکەشی بخوێننەوە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی سێیەم**: هەموارکردن و جێبەجێکردنی ماددەی (36/یەکەم/ ج ، د) ی یاساکە لە هەرێمدا بەم شێوەیە دەبێ:

ماددەی 36/ یەکەم:

ج: ئەگەر شیاویەکەی نەسەلمێنرا لەلایەن ئەنجومەنێکی لێکۆڵینەوە کە بۆ ئەم مەبەستە پێك هێنرابوو.

د: ئەگەر پابەندنەبوونی بە ئاکار و پرەنسیپی راژە سەلمێنرا لەلایەن ئەنجومەنێکی لێکۆڵینەوە کە بۆ ئەم مەبەستە پێك هێنرابوو.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگەوە بەو سیاغەی خوێندرایەوە، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە، بەکۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الرابعة**: تعدل المادة (44/اولا) من القانون في الاقليم وكالآتي:

المادة 44/ أولاً: تحتسب الحقوق التقاعدية لرجل الشرطة او لخلفه و كالآتي:

1- تحتسب الحقوق التقاعدية لرجل الشرطة او لخلفه في الاقليم بنسبة (80٪) من الراتب الكلي لآخر راتب كان يتقاضاه ( الراتب الاسمي + كافة المخصصات).

2- تسري احكام المادة اعلاه في الاقليم على الذين تم احالتهم الى التقاعد بعد تاريخ (23/10/ 1991) بشرط عدم صرف الفروقات المتراكمة لهم قبل صدور هذا القانون.

3- يعاد احتساب الراتب التقاعدي لضباط و منتسبي قوى الامن الداخلي في الاقليم الذين احيلوا على التقاعد قبل او بعد صدور القانون رقم (18) لسنة 2011 وفق الراتب الحالي على ان لا يقل راتبه التقاعدي عن الراتب التقاعدي الذي كانوا يتقاضونه قبل صدور القانون اعلاه.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموون کوردییەکەشی بخوێننەوە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی چوارەم:** هەموارکردنی ماددەی (44/یەکەم) ی یاساکە لە هەرێمدا بەم شێوەیە دەبێ:

ماددەی 44/ یەکەم: ئەژمارکردنی مافی خانەنشینی بۆ تاکەکانی پۆلیس یان بۆ میراتگرەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێ:

1- ئەژمارکردنی مافی خانەنشینی بۆ تاکەکانی پۆلیس یان بۆ میراتگرەکانیان بە رێژەی (80٪) ی کۆی گشتی دواین مووچەی کە وەری گرتووە (مووچەی بنەڕەتی + گشت دەرماڵەکان).

2- حوکمی بڕگەی (1)ی سەرەوە ئەوانە دەگرێتەوە کە دوای ڕێکەوتی(1991/10/23) خانەنشین کراون بە مەرجێك جیاوازی کەڵەبوویان بۆ خەرج نەکرابێ بەر لە دەرچوونی ئەم یاسایە.

3-ئەوانەی پێش یان پاش دەرچوونی یاسای ژمارە (18) ی ساڵی 2011 خانەنشین کراون لە ئەفسەر و کارمەندانی ئاسایشی ناوخۆ لە هەرێمدا، مووچەی خانەنشینیان ئەژمار دەکرێ بە گوێرەی مووچەی ئێستا بە مەرجێك مووچەی خانەنشینیەکەی کەمتر نەبێ لە مووچەی خانەنشینی کە بەر لە دەرچوونی یاسای سەرەوە وەری دەگرت.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە هەردوو لیژنە دوای گفتوگۆ لەگەڵ بەڕێز وەزیری ناوخۆ و، وەزارەتی دارایی و، بەڕێز وەزیری پەیوەندیدار لەسەر ماددەی چوارەم وا رێکەوتین نیسبەتێك دیاری بکرێت کە بەم شێوەیەی خوارەوە بێت، بەم شێوەی خوارەوە پۆلیس و ئاسایش خانەنشین دەکرێن بەبێ رەچاوکردنی تەمەن:

1- (15) ساڵ خزمەتی کەمتر نەبێ بە (60٪)ی مووچەو دەرمەڵەکانی جگەلە بەدەل ئازووقە خانەنشین بکرێت.

2- (20) ساڵ خزمەتی کەمتر نەبێ بە (70٪)ی مووچەو دەرماڵەکانی خانەنشین بکرێت.

3- (25) ساڵ خزمەتی کەمتر نەبێ بە (80٪)ی مووچەو دەرماڵەکانی خانەنشین بکرێت.

لەگەڵ ڕێزماندا، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموو بەڕێز جەنابی وەزیر.

**بەڕێز عبدالكريم سلطان شنگالی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەسەر ئەم خاڵانە ئیتیفاقمان كرد، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ئەم ماددەیە كێ تێبینی هەیە؟ ئەم ناوانە نووسراون (ئاشتی خان، پەیمان خان، كاك پێشەوا، كاك عبداللەی مەلا نوری، كاك سەرهەنگ، كاك كاروان، كاك عبدالرحمن، هاژە خان، كاك جلال، د. عمر، كاك گۆران، كاك قادر احمد، كاك سەردار، سمیرە خان، ناسك خان)، ببوورە ئاشتی خان، بەڕێز وەزیری هەرێم فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو موقتەرەحەی لیژنەی ناوخۆ، جەنابی وەزیری ناوخۆش تەئیدی كرد ئەو پێشنیارانە نوێن بابڵێین بۆ دارایی، بەراستی دارایی پێویستی بەوەیە كە زیاتر دیراسەی ئەو مەسەلەیە بكات، چونكە لە وەڵامەكەی حكومەت بەم شكلە هاتبوو كە ئەو مەوزوعە تۆزێك، یەعنی حەسر بكرێ بۆ ئەوانە بێ كە زیاتر ئەوانە سوود مەندبن كە خزمەتی تەواویان هەیە، بۆیە ئەوە ئیلتزاماتێك دەخاتە سەر حكومەت، دارایی ئەوە خۆیان لێرە ئامادەن، پێشنیار دەكەن كە ئەم مەسەلەیە بۆ ئەوان پێویستی بە زیاتر دیراسەیە، بۆیە بەراستی داوای كات دەكەن، بۆیە ئێمە پێشنیار دەكەین ئەگەر ئیمكان بێ وەقت بدرێتە مالیە بۆ زیاتر دیراسەت كردنی جانیبە داراییەكەی، زۆرسوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

سۆزان خان فەرموو نوقتەی نیزامت هەیە؟

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆ ئەم یاسایە ئەمڕۆ و دوێنێ نەهاتۆتە ناو پەرلەمانەوە، ئەوە ئاخیر تەقریری كە نووسیویانە لیژنەی ناوخۆ سەیری تاریخەكەی بكەن (2012/10/7)، یەعنی مەعقولە وەزارەتێك وەكو وەزارەتی دارایی گەورە نەیتوانیوە ئەو هەموو ماوەیە بزانێت ئەم بڕە پارەیە چەندە و، ئەو خەڵكانە چەندن كە ئەم موستەحەقاتانەیان دەكەوێتە لای؟ دوای ئەوە ئایا تەنسیق نیە لە مابەینی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی ناوخۆ لەسەر ئەم بابەتە؟ ئەمانە هەمووی پرسیارن دەوروژێن، وە ناشكرێ ئێستا ئێمە لەناوەراستی جەلسەكەداین ئەوەندە ماددەمان ئێمە دەنگ بۆ داوە، بێین لە ماددەیەكدا كە عیلاقەی هەیە بەم بابەتەوە بوترێ با تەئجیل بكرێ و، كاتمان بدەنێ، بزانین ئیقتراحی جەنابیان چیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوره/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر موناقەشەکە، لە ئاخیر گوێ لە وەزیر دەگرینەوە بزانین پێشنیارەکەی چۆن سیاغەی دەکاتەوە، ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (44)، لێرەدا دەڵێ (تحتسب الحقوق التقاعدية لافراد الشرطة أو خلفه)، لێرەدا حقوقی تەقاعودیەکە تەحدید کراوە لەگەڵ ئەو کەسەی تەقاعودیەکەی وەردەگرێ، لەگەڵ میراتگرەکانی، بەڵام زەمەنی تەقاعودیەکە لەم ماددەیە نەقسە کە تیایدا ئیزافە نەکراوە، چونکە حقوقی تەقاعودی یەکسانە بە زەمەنی ئیشکردنی ئەو کەسە، کەواتە دەبێ ئەلێرەدا ئیزافەی ئەوە بکرێت کە حقوقی تەقاعودیەکە لە چ کاتێکە؟ چونکە بەپێی پێناسەی یەکەم لە ئەسڵی پرۆژەکە ئەو حقوقە تەقاعودیە دوو شت دەگرێتەوە، یان راتبی کولی دەگرێتەوە، یان موکافەئەی وەردەگرێتەوە کە ئەو کەسە سنی قانونی تەواو نەکردووە، ئەگەر بەپێی تەعریفەکە بێ دەبێت ئەلێرەدا بۆ عائیلەکەی، خۆ ئەمە مەعنایەك نیە لە دڵی کەسەکەدا بمێنێتەوە، یاساکە دەبێت هەڵگری هەموو ماناکان بێت، واتە لە (80٪) میراتگرەکانی، یان تاکەکانی کە پیاوانی پۆلیسن، یان ژنانی پۆلیسن، لە (80٪) کام لە حقوقە تەقاعودیەکان وەردەگرن؟ مەبەستمان لە موکافەئەی تەقاعودیە، یان لە راتبی تەقاعودیە، بۆیە دەبێت ئەلێرەدا زەمەنی ئیشکردنەکەش بۆی ئیزافە بکرێت بنووسرێت (عند إحالته إلى التقاعد)، واتە زەمەنی ئیشکردنەکەش لە جوملەکەدا نەقسی هەیە، دەبێ ئیزافە بکرێ، سەبارەت بەو ئیزافانەی کە کراوە ئەگەر ئەمە تەناقوزە لەگەڵ ئەسڵی پرۆژەکەدا کە کۆمەڵێك پێناسە کراوە، لە ئەسڵی پرۆژەکەدا پێناسەکان کە کراوە باس لە حقوقی تەقاعودی دەکرێ کە مەبەست لە راتبی کولییە، وە جارێکی تریش مەبەست لە موکافەئەی تەقاعودیە ئەوانەی کە سنی قانونییان تەواو نەکردووە، راتبی تەقاعودیش بۆ ئەوانەیە کە سنی قانونی تەقاعودی، ئایا ئەمانە لە کوێدا جێگەیان دەبێتەوە لە پێناسەکەدا کە ئێمە تەحدیدمان کردووە بە (15) ساڵ و، بە (20) ساڵ، چونکە ئەگەر بڵێین والله ئۆتۆماتیکیەن مەبەستمان لە حقوقی تەقاعودیەو ئەمانیش شمولیان دەکات، نەخێر بگەڕێیتەوە بۆ ئەسڵی پرۆژەکە کە ئێمە دەست کاری پێناسەکانمان نەکردووە لەوێدا نەوتراوە حقوقی تەقاعودی مەبەست لە حاڵەتی ئیستسنایە، تەحدیدی کردووە دەڵێ مەبەستم لە راتبی کولییە بۆ ئەوانەی سنی قانونییان تەواو کردووە، موکافەئەی تەقاعودیش ئەوانەی کە ئیحالە دەکرێن بۆ تەقاعودی، بەڵام زەمەنی ئیشکردنیان تەواو نەکردووە، کەواتە حاڵەتی ئیستسنای تێدانیە، ئەمە ناچارمان دەکات دەبێ لە پێناسەکاندا ئیزافەی حاڵەتێکی ئیستسنائی بکەین بۆ حقوقی تەقاعودی بڵێین ئیستینادەن لەسەر ئەم ئیستسنایانەی کە لەم هەموارکردنەدا لە هەرێمی کوردستان دەکرێ، ئەگەر

وانەبێت ئەو مەعنایانەی کە هاتووە لە پێناسەکانی پرۆژە ئەسڵییەکەدا ناتوانی ئیستسنائەکانی جێگای تێدا بکەینەوەو موخالف دەبێت بۆ ماددەی یەکەمی تەعاریفی یاساکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستیدا من لەگەڵ پشتگیری کردنم بۆ ئەو خاڵانەی کە کاک اسماعیل خوێندیەوە، وەکو لیژنە هاوبەشەکە، من پێم خۆشە لە رووی ئینسانیەوە ئێمە حاڵەتێکی تر لەبەر چاو بگرین کە من جارێکی تر لە یاسای خانەنشینی گشتیدا ئەو مەسەلەیەم باس کرد، هیوادارم لایەنی کەم لەم یاسایەدا بە نەزەری ئیعتیبار وەری بگرین، ئێمە کۆمەڵێك هاووڵاتیمان هەیە لە هەرێمی کوردستاندا چ ئەوانەی لە دەرەوەی هێزەکانی ناوخۆن، وە چ ئەوانەی لەناو هێزەکانی ناوخۆدان، کە ئێستا مەبەستی ئێمە ئەوانەی هێزەکانی ناوخۆیە کە ئەمانە تەمەنی خانەنشینیان هەیە و، خانەنشین کراون، بەڵام خزمەتی هیچ کامیان ناگاتە ئەو خزمەتانەی کە کاك اسماعیل باسی کرد، لەم حاڵەتەدا بۆ نموونە (5) ساڵی هەیە، یان (6) ساڵی خزمەت هەیە، بەڵام تەمەنی گەیشتۆتە بۆ نموونە (63) ساڵ خانەنشین کراوە، تەمەنی خانەنشینی هەیە، خانەنشین کراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی خزمەتی نیە هیچ خانەنشینیەکەی بۆ حیساب ناکرێت کە ئەمەش ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانە لە هەرێمی کوردستاندا، ئێمە ئەگەر لەم یاسایەدا دەست پێ بکەین ئەوانەشی کە تەمەنی خانەنشینییان تێپەڕاندووە، وە بەهۆی تەمەنەکەیانەوە خانەنشین کراون لە (40٪) بێ، لە (50٪) بێ، ئەو نیسبەیەی کە لەسەری رێکدەکەوین بۆیان حیساب بکرێت، چونکە ناکرێ کۆمەڵێك هاووڵاتی هەرێمی کوردستان لەبەر گەورەیی تەمەنیان عەقوبەیان بدەین و هیچ داهاتێکیان نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەرچاومان روون نیە بەراستی قسە لەسەر چی دەکەین وەکو ئەندامانی پەرلەمان، دیارە پێشتر بەکۆی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان بڕیار درا کە راپۆرتی هاوبەش بکرێت بە ئەسڵ بۆ گفتوگۆ، وە ئەگەر ئەمە جێبەجێ بکەین لە راپۆرتی هاوبەش ئەو پێشنیارانەی کە ئەو بەڕێزانەی وەکو لیژنەی هاوبەش کردیان تێیدا نیە، کەواتە وا پێویست دەکات جارێکی تر مادام ئەوەی کە سێ پێشنیارکرا، پێشنیاری لیژنەی هاوبەش، بخرێتە دەنگدانەوە، کە خرایە دەنگدانەوە ئەو کات بەرچاومان روون دەبێ گفتوگۆ

لەسەر چی دەکەین، بۆیە ئەگەر گفتوگۆ لەسەر ئەسڵی راپۆرتی موشتەرەك دەکەین، ئەوە ئەو سێ پێشنیارەی تێیدا نیە، دەبێ قسە لەسەر ئەو ماددەیە بکەین کە لە راپۆرتی موشتەرەك هاتووە، ئەگەر قسە لەسەر سێ پێشنیارەکەش دەکەین پێویستە بیدایەت ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەرێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

خۆی لەراستیدا راپۆرتی هاوبەش بۆتە ئەساس، بەلاّم ئەوە وەکو پێشنیارێك وەردەگیرێ ئێوە ئازادن تەئیدی بکەن، یان تەئیدی ئەسڵی راپۆرتەکە دەکەن، فەرموو کاك عبداللەی مەلا نوری.

**بەرێز عبدالله محمد نوری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستیدا منیش هەمان سەرەنج و بابلێین داواکاری پەیمان خانم هەیە، لەراستیدا کۆمەڵێکی زۆر فەرمانبەر هەن جا لە سلکی مەدەنی بێ، یاخود لە عەسکەری بێ، لە بوارە جیاجیاکاندا بە حوکمی ئەوەی هەر لەسەرەتاوە لە تەمەنێکی گەورە دامەزراون، وە کە تەمەنیان گەیشتۆتە بۆ نموونە بە (63) ساڵ کە خانەنشین کراون، بەلاّم بڕی خزمەتەکەیان کەمە (5) ساڵە تا (10) ساڵە، بابلێین (14) ساڵیشە، یەعنی ئەمە ئەوان خانەنشین کراون، بەلاّم دواتر هیچ حەق و هیچ مافێکیان پێ نەدراوە، واتە تۆ مەبدەئی پێدانی خانەنشینیش بابلێین ئەم مافە کە دەدرێ بە کەسێك کە خزمەتی کردووە لەسەر ئەو بنەمایە نیە کە بۆ نموونە لە (5) ساڵ، یان (10) ساڵ، یان (20) ساڵ خزمەتی کردووە، لەسەر ئەو بنەمایە کە خزمەتی کردووە، واتە دەبێ پێدانی مافەکەش لەسەر بنەمای رێژەی خزمەتەکەبێ، یەعنی بەبڕوای من پێویست دەکات وەکو پەیمان خان پیشنیاری کرد، گفتوگۆکردن لەسەر ئەم یاسایە بکرێتە بنەمایەك بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی بنەرەتی دەشێ بۆ نموونە لای کەمی خزمەت بە (5) ساڵ دیاری بکرێت، لەدوای ئەوە بۆ هەر ساڵێك بۆ نموونە (10٪) بڕی ئەو دەرماڵەو موچەیە دابنرێت بۆ هەر ساڵێك، بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێك (6) ساڵ، یان (7) ساڵ، یان هەر چەندێك خزمەتی کردبێ دواتر لە نەتیجەدا بەرهەمی ئەو ماندووبوونەی خۆی بچێنێتەوە، بۆیە هیوادارم ئەم یاسایەش هاوشێوەی یاساکانی تر بە خراپی تێنەپەڕێ، وە موعالەجەی ئەم کێشەیە بکرێت، چونکە بەراستی خوا قەبول ناکات خەڵکانێك ئەگەر (14) ساڵ و (11) مانگیش خزمەتی کردبێ دواتر تۆ هیچ مافێکی پێ رەوانبینی ئەمە بەراستی ناعەدالەتیە، یەعنی ئێمە نوێنەری ئەوانیشین لە پەرلەماندا دەبێ خەمی ئەوانیشمان بێت، سوپاس.

**بەرێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

باشە کاك عبدالله بەس ئەمە پێشنیاری جەنابتە ئەگەر کێ تەئیدی کرد بە تەئکید ئێمە دەیخەینە دەنگدان و حەقیشە، کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەرێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من شتێك كە پرسیار بێ لەلام ئەویش مەسەلەی خزمەتە، ئایا مەسەلەن ئەو خزمەتە بە خزمەتی فیعلی ناو وەزارەتی ناوخۆ هەژمار دەکرێ؟ چونکە ئێمە دەبێ ئاگاداری ئەوەبین کە بەشێکی زۆر بەتایبەتی لەدوای ساڵی (2003)ەوە خەڵکانێکی زۆر وە پێموایە هەتا ئێستاش رەنگە بەردەوام بێ لە وەزارەتی پێشمەرگەوە هاتوونەتە سەر وەزارەتی ناوخۆ، ئایا ئەم خزمەتە خزمەتی پێش هاتنیان بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەگرێتەوە؟ یان هەر ئەو خزمەتەیە کە لەناو وەزارەتی ناخۆدا کردوویانە، خزمەتی فیعلی ناو وەزارەتی ناوخۆیە، ئەمە مەوزوعێکە بەرەئی من دەبێ روون بکرێتەوە، چونکە ئیشکالیەتی دروست کردووە، پێموایە ئەندامانی لیژنەی ناوخۆی بەڕێزیش بە وردی ئاگایان لەم مەسەلەیە، مەوزوعێکی تر مەسەلەی (15) ساڵ خزمەت و ئەو نیسبەتەیە کە لە مووچەو دەرماڵە دوای خانەنشینی دوای (15) ساڵ دەتوانن وەری بگرن مونتەسیبینی وەزارەتی ناوخۆ، دیارە پێشتر ئێمە هەموومان دەزانین ئەو مەوزوعە قسەی لەسەر کراوە، وە بەو شێوەش چۆتەدەرەوە و کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایش بەو شێوەیە وەریان گرتووە کە ئەمە دوای (15) ساڵ خزمەت بە (80٪) خانەنشین دەکرێن ئێستا وەکو دەیبینین لیژنەی هاوبەش ئەم ژمارانەیان دەست کاری کردووە، کردوویانە بە لە (60٪) یەعنی بەپێی خزمەتەکە، بەبڕوای من ئەمە نیسبەتێکی زۆر دابەزیوە، یەعنی لە (80٪) بۆ لە (60٪)، یەعنی لە (20٪) دابەزیوە بەبڕوای من پێداچوونەوەی دەبێ بۆ بکرێت، وە لە (60٪) بۆ خزمەتی (15) ساڵی بەبڕوای من کەمە دەبێ ئەمە بەرزبکرێتەوە، ئەم رەقەمانە دەست کاری بکرێ بە هەر سیغەیەك کە ئێمە بتوانین لێرە موتەفیق بین لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

برادەرانی لیژنەی ناوخۆ و وابزانم لیژنەی یاسایی شایەدی ئەوەن ئێمە زیاتر لە ساڵێکە خەریکی ئەو پرۆژەیەین، وە ئەو پرۆژەیە هەموارکردنەوەیە لە پێناوی ئەوەبووە کە بتوانین بەشێك لە ئیستحقاقاتی کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ فەراهەم بکەین، بەڵام ئەوەی کە ئێستا بەراستی گوێمان لێ دەبێ ئەوەیە کە ئێمە چەندین جار لەگەڵ وەزارەتی دارایی و، وەزارتی ناوخۆ دانیشتنمان کردووە، چەندین جار لەسەر ئەو پرسە ئێمە خۆمان لیژنەی ناوخۆ چووینەتە وەزارەتی دارایی، چەندین جار تەکلیفمان کردووە لەوەی کە چارەسەرێك بدۆزینەوە، ئێستا لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی یاسایی چارەسەرێکی موعتەدیلیان دۆزیوەتەوە لە نێوان حکومەت و لە نێوان پەرلەمان بۆ ئەوەی کە حکومەت بتوانێ ئەو ئیلتزامە جێبەجێ بکات، ئەو پێشنیارەی کاك اسماعیل کردی، ئەو پێشنیارە تەقریبەن پیشنیاری زۆربەی برادەرانی لیژنەی ناوخۆ بووە لەسەری رێکەتین بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێ ئیلتزامەکەی جێبەجێ بکات، ئەگەر مەسەلەکە

بێتە سەر ئەوەی کە ئەو مەسەلەیە دوا کەویّ من پێموایە دواخستنی کارێکی زۆر باش نابێت، وە هێزەکانی ناوخۆ چاوەڕێی ئەوەن کە بەارستی وە بەتایبەتی وەزارەتی ناوخۆش چاوەڕێی ئەوەیە خۆی نوێ کاتەوە، ئێمە بە خۆتان دەزانن جۆرەها تەمەن و، جۆرەها خەڵك کەوتۆتە ناو ئەو هێزەو کەوتۆتە ناو ئەو وەزارەتە، ئەو وەزارەتە بۆی نەلوایە تا ئێستا خۆی بە ئەکادیمی بکات دەرچووانی مەعهەد و زانکۆ و هەر نەبێ پلەی وەزیفی تازە بدات بە خەڵکێك، بۆیە ئێمە بەراستی دەبێ لەوە تێبگەین کە ئەو هێزە پێویستی بەوە هەیە ئەو پرۆژە یاسایە بۆی هەموار بکرێتەوە و دوا نەخرێ، هەروەها چارەسەرێکی موعتەدیل، مامناوەندی کراوە، لەو نێوەندە چەندین رۆژە گفتوگۆ لەسەر ئەو پرسە دەکرێت، من پێموایە ئەو مەسەلەیە بەپێی ئەو رێژەیەی کە دانراوە هەم حیساب بۆ ئەو تەمەنە بکرێ کە خەڵکێك تەمەنی بە سالا چووە، هەم خەڵکێك کە کۆمەڵێك ئیستحقاقاتی لەناو ئەو هێزە بۆ دروست بووە، کە ماندوبووە، هەروەها جێگای ئەوە بۆتەوە کە بەو سێ، چوار پێشنیارەی هەردوو لیژنەی هاوبەش بتوانن ئەو پرۆژە یاسایە هەموار کەینەوە زۆرینەی زۆری هێزەکانی ناوخۆ لەدوای ساڵی (1991)ەوە شمولی ئەو قەرارە دەکەن، من پێموایە کەم لەوانە لە ژیاندا ماون کە لە پێشی (2004) لە هێزەکانی ناوخۆدا شمولی ئەو یاسایە بکەن، بۆیە پێم خۆشە ئەو مەسەلەیە دوا نەکەوێت و سیاغەیەکی تازە بدۆزرێتەوە بەپێی ئەو پێشنیارەی کە کاك اسماعیل کردی، پێشموایە بتوانرێ هەموو لایەنەکان فەرامۆش نەکرێن و هەموو لایەنەکان لەو موستەحەقاتە شتێکیان بە بەرکەوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی کە ئێمە دێین هەمواری ئەم یاسایە دەکەین بۆ ئەوەیە کە هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس ئیستیفادەی زیاتر بکەن، بەلام کە دێین سەیری دەکەین ئەوە خۆی لەخۆیدا تەبیعاتی مالی هەیە، دەبوایە ئەو پێشنیارانەی کە بەڕووی لیژنەی هاوبەشی کردیە ئێستا لێرە، دەبوایە پێش ئێرە ئەو پێشنیارانە بەڕووی وەزیری دارایی کردبا، لەگەڵ وەزیری دارایی قسەیان کردبا، رێککەوتبانە، تەنسیقی کردبا، تەوفیق کردبا، ئینجا هاتبانە ئێرە ئەو پێشنیارەی کردبا، چونکە ئەمە خۆی لەخۆیدا بە وەزارەتی داراییەوە بەستراوە و، جێبەجێکردنیش بە وەزارەتی ناوخۆیەوە پەیوەستە، ئەوە ئێمە لێرە چی بڵێین لەسەری ئەگەر وەزارەتی دارایی لێی رازی نەبێت چی دەڵێین، ئەمە دوا بخەین هەر خراپە دوا نەخەین جەنابی وەزیر ئێستا خۆی لە روونکردنەوەی خۆی وتی دەبێ دوا بخەین ئەمە، چونکە تەبیعاتی دارایی هەردەگرێتەوە، ئەمانە دەبوایە پێش بێنە ئێرە لەگەڵ ئەو قسەی کردبا، لەگەڵ ئەو رێککەوتبانە، ئینجا

ئێمە لێرە ئەو قسانە کردبا، منیش بەڕاستی پشتیوانی لێ دەکەم، دوای ئەوە ئەمە شتێکی باشە، زۆر پێمان باشە کە ئەوە بکرێ بۆ ئەو هێزی پۆلیس و ئاسایش لە هەرێم، چونکە خۆیان زۆر داوا لە ئێمە دەکەن کە ئەو یاسایەی لە عێراق هەیە لێرە هەموار بکرێ ئێمە زۆریان ئیستیفادە لێ بکەین و خانەنشین بکرێن، بەڵام دەبوایە ئەو لیژنەیەی هەیە لەگەڵ وەزارەت قسەیان کردبا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها تێبینیم لەسەر ئەوە هەیە لێرە نووسراوە (كافة المخصصات)، یەعنی بە تەئکید هەموو قانونێکی تەقاعودی (كافة المخصصات) نادرێ، ئەگەر چ قانونی تەقاعودی مەدەنی بێت، یان ئەوەی (قوى الامن الداخلي) بێت، یان هەر تەقاعودیەکی تر بێت، کاتێك کە کەسێك تەقاعود دەبێ هەموو موخەصەصاتەکان وەرناگرێت بۆ نموونە مەوقیعی جوگرافیە، مەلابس، تەعام، ئەوانە هەمووی ئەو موخەصەصاتەیە کە لە بڕی ئیشکردنی ئەو کەسە دەدرێت، مەوقیعی جوگرافی بۆ هاتوچۆیە، مەلابس بۆ جل کڕینە، بەڕاستی ئەو موخەصەصاتانە لە کاتی تەقاعودی ئەو موخەصەصاتانە نادرێت بە هیچ کەسێك، بۆیە من پێموایە ئەو موخەصەصاتانە دیاری بکرێت ئێمە نابێت بڵێین (كافة المخصصات)، هەندێك موخەصەصاتی ئەساسی هەیە زەوجیەیە، منداڵە، شەهادەیە، نازانم ئەگەر موخەصەصاتی تریش هەبێت دەبێ ئەوانە تەحدید بکرێ کە لەکاتی تەقاعودی هەم خزمەتی مەدەنی و خزمەتی عەسکەریش دەیگرێتەوە، بۆیە (كافة المخصصات) پێموایە هەڵەیە نابێ لێرە دابنرێت لەگەڵ راتبی ئیسمی، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە کە یاسا دەردەکرێ دەبێت بەڕاستی بە روونی بێ و ئاشکرا بێ و شەفاف بێت، مەسەلەی کە لە خاڵی یەکەمدا دەڵێ بەرێژەی (80٪)، یەعنی ئەمە دەبێ دیاری بکرێ بەو مەرجەی خزمەتی یاسایی تەواو کردبێ، ئەی بۆ ئەگەر (80٪) نیە ئەو پێشنیارانە هەیە کە بەڕێز کاك اسماعیل خوێندیەوە، لەبەر ئەوە کە دەڵێ ئەژمار کردنی مافی خانەنشینی بۆ پۆلیس یان بۆ میراتگرەکانیان بە رێژەی (80٪) دەبێ بۆی ئیزافە بکرێ بەو مەرجەی خزمەتی یاسایی تەواو کردبێ، چونکە ئەگەر خزمەتی یاسایی تەواو نەکردبێ چۆن (80٪) ی دەدەیتێ، ئەمە یەك، دوو دیارە هەندێك دەرماڵە هەیە جێگیرە، هەندێ دەرماڵەش هەیە ناجێگیرە وەکو هاژە خان باسی کرد، مەسەلەن دەرماڵە هەیە ختورەیە، مەوقیعی جوگرافیە، خواردنە،

دەبێ بوترێ گشت دەرماڵە جێگیرەکان یەعنی (المخصصات الثابتة) ئەوە دوو، سێ لە تەرجومەکە بەراستی هەڵەیەك دەبینم لە کوردیەکەدا دەڵێ بە مەرجێك جیاوازی کەڵەکەبوویان بۆ خەرج نەکرابێ لە عەرەبیەکەدا دەڵێ (بشرط عدم صرف)، لەبەر ئەوە دەبێ بکرێ بە مەرجێك جیاوازی کەڵەکەبوویان بۆ خەرج نەکرێت، نەك نەکرابێ، نەکرابێ دەگەڕێتەوە بۆ (ماضي) ئەوە دەکەوینە غەڵەتێکی گەورەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لەبەر دەستی ئێمە دایە بێ گومان ئەو ماددەی (44)، هەموارکردنەکەی تەنها سێ خاڵە دیارە لیژنەی هاوبەش ئەو خاڵانەی تریشی ئیزافە کردووە (60٪، 70٪، 80٪)، من پرسیارەکەم ئەوەیە یەکەم من پشتگیری هاوڕێکانم دەکەم پەیمان خان و کاك عبداللە، کە تەمەنی خانەنشینی کاتێك بەپێی یاسای خانەنشینی کەسێك تەمەنی گەیشت، چونکە تەمەنی خانەنشینی جگەلەوەی خزمەت، تەمەنیش گرنگە، بۆیە پێموایە ئەو فەقەرەشی بۆ زیاد بکرێ، ئەوانەی تەمەنی خانەنشینیان تەواو کردبێت بەبێ ڕەچاوکردنی خزمەتی سالانە (80٪)ی مووچەو گشت دەرماڵەکانیان پێ بدرێت، بۆ؟ سەبەبکە ئەوەیە مەبدەئی خانەنشینی تەمەنە جگەلە لە ساڵی خزمەت، یەعنی کەسێك لە دونیا کاتێك تەقاعود دەبێ، چونکە ئەو پێشتر کاری تریشی کردووە، کاری گشتی کردووە، کاری خاسی کردووە، یەعنی ئەوە نیە کەسێك هەتا گەیشتبێتە (63) ساڵی هیچ کارێکی نەکردبێ، لە دونیاشدا خانەنشینی کارت کربێ و نەتکردبێ تەمەنت گەیشتە سنی قانونی خانەنشینی وەك ساڵ خانەنشین دەکرێی، یەعنی ئەوە لە دونیا مەعلومە، یەعنی تەمەنی خانەنشینی ئەگەر گەیشتبێت خزمەتت کردبێ، نەکردبێ، یەعنی دەکرێ، بۆیە پێویستە لێرە ئەو خاڵە ڕەچاوبکرێ جگەلە لەو نیسبەتانەی کە دانراوە، ئەوانەی تەمەنی خانەنشینیان تەواو کردووە بەبێ ڕەچاوکردنی ساڵانی خزمەت (80٪)ی مووچەو گشت دەرماڵەکانیان پێ بدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

د. عمر فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمد امین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیەدا دوو زاراوە یان چەمك هەن زۆر گرنگن پێویستە ڕوونیان بکەینەوە، یەکێکیان حقوقی تەقاعودیە، ئەوەی تریشیان خزمەتی تەقاعودیە، حقوقی تەقاعودی هەموو ئەو مافانەیە کە حەقی تاکەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆیە دوای تەقاعودی یان مردنی بەپێی ئەم یاسایە دەبێ ڕوون بکرێتەوە

بلێ بەپێی ئەم یاسایە هەرچەندە لە تەعریفەکاندا هاتووە، خزمەتی تەقاعودیش ئەو خزمەتەیە کە بۆ مەبەستی تەقاعودی بە گوێرەی ئەم یاسایە حیساب دەکرێت، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم پێشەکی ماددەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە تا لەو ئیشکالیەتەی کە بەڕێزان پێشتر باسیان کرد دەربازمان ببێت، ئەوەی کە دەوترێت تەمەنی تەقاعودی، خزمەتی تەقاعودی، خزمەتی فیعلی، ئەگەر بەم شێوەیە دایبڕێژینەوە لەو ئیشکالیەتە دەربازمان دەکات، ئەژمارکردنی مافەکانی خانەنشینی واتە حقوقی تەقاعودی بۆ تاکەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یان میراتگرەکانیان لەسەر بنەمای ماوەی خزمەتی خانەنشینی بەم شێوەیەی خوارەوە، من کە تەئیدی پێشنیارەکەی ئێوە دەکەم ئەگەر تۆ بڵێی ماوەی خزمەتی خانەنشینی واتە هەموو ئەو ماوەیەی کە بۆ خزمەتی خانەنشینی حیساب دەکرێ ئەگەر (15) ساڵ بوو بە (60٪)، ئەگەر (20) ساڵ بوو بە (70٪)، ئەگەر زیاتر بوو (25) ساڵ بوو بە (80٪)، واتە ئەو ماوەیە بۆ خزمەتی تەقاعودی، رەنگە یەکێك فەرمانبەر بووبێ لە یەکێك لە دامودەزگاکانی حکومەت خزمەتی (10) ساڵی هەبووبێ پاشان بۆتە کارمەند لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لەوێش (5) ساڵ خزمەتی هەیە هەردووکی دەبێتە (15) ساڵ، ماوەی خزمەتی کە دەگوترێ خزمەتی تەقاعودی، چونکە (10) ساڵەکەشی هەر بە خزمەتی تەقاعودی بۆ حیسابە لەگەڵ ئەو (5) ساڵەی کە لەوێ هەیە، جا دەبێ ئەوە روون بکەنەوە ئایا (15) ساڵەکەتان پێ خزمەتی فیعلیە لەناو وەزارەتی ناوخۆ، چونکە سەیری موستەلەحەکە بکەن، موستەلەحێ کە دەڵێ خزمەتی تەقاعودی، خزمەتی تەقاعودی وا ناڵێت جیاوازە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ئێوە، خزمەتی تەقاعودی وا حیساب کراوە ئەو خزمەتەیە کە بۆ مەبەستی تەقاعودی حیساب دەکرێت، بەراستی لێرەدا تۆ بتەوێ ئەم (10) ساڵەی بۆ حیساب نەکەی ئەوە شتێکی ترە، یەعنی دەبێ سیاغەکە بە شێوەیەك بکەین ئەم شتانە روون بکرێتەوە، سەبارەت بە موخەصەصاتیش لەراستیدا هەم هاژە خان و هەم کاك جلال باسیان کرد، موخەصەصاتی جێگیرمان هەیە و، موخەصەصاتی نا جێگیرمان هەیە، پێش تەقاعود هەندێك لەو موخەصەصاتانە بەراستی مافێکی رەوای ئەو کەسەیە کە خزمەت دەکات لەوێ، وەکو ئەوەی کە هاتوچۆ دەکات، وەکو ئەوەی کە جل و بەرگی پێویستە، وەکو ئەوەی کە لەحاڵەتی مەترسی دایە، وەکو ئەوەی کە خواردن دەخوات، بەڵام دوای تەقاعودی خۆ نە هاتوچۆ دەکات، نە جل بەرگی تایبەتی پێویستە و، نە رۆژانە لەوێ دەوام دەکات تا مەسەلەی خۆراك و ئەرزاقی پێویست بێت، بۆیە ئەمە پێویستە لێك جیابکرێتەوە بە شێوەیەك مەسەلەن رێك بخرێ کە بە بەراورد لەگەڵ تەقاعودی موەزەفی ترو ئیتر باقی چین و وتووێژەکانی تریش جۆرەك لە هاوسەنگی و عەدالەت هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

پێشنیارەکانتان زۆرن، تکایە بە نامە بینێرن بۆ لیژنە، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من بۆچوونەکانی خۆم لەسەر خودی راپۆرتەکە دەخەمە روو، دواتر دێمە سەر پێشنیارکراوەکانی لیژنە، پشتگیری هاوکارانم دەکەم کە باس لە (80٪) دەکەن ئەگەر نەسی راپۆرتەکە بێت جارێك دەبێ قسە لەسەر ئەوەبێ، ئایا ئەم (80٪)یە بۆ تەمەن چەند پێویستە بۆ ئەوەی بە (80٪) خانەنشین بێ؟ یاخود ساڵانی خزمەت چەند پێویستە بۆ ئەوەی بە (80٪) خانەنشین بێ؟ دەبێ ئەگەر ئەوە وەك راپۆرتەکەبێ ئەمە یەك لا بکەیەوە، دوو: بەپێی راپۆرتەکە لە خاڵی دووەم قسە لەسەر ئەوە کراوە وەك کاك جلالیش روونی کردەوە کە غەلەتێك هەیە کە ئەوانەی لە (1991/10/23) بە دواوە خانەنشین کراون فروقاتیان بۆ سەرف نەکرێ، بەڵام ئەم رەئیە لە خاڵی سێیەمدا باس نەکراوە، چونکە دیارە کە ئەم قانونە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە بە تەئکید ئەوانەی کە لە دوای جێبەجێکردنی ئەم یاسایە لە ساڵی (2011) مووچەکانیان چاککراوە، وە ئێستاکە ئەم یاسایە بچێتە جێبەجێکردنەوە بە تەئکید مووچەی ئەوانیش زیاد دەبێت، ئایا ئەم فروقاتە بۆ ئەوانەش سەرف ناکرێ، واتە بۆ هەردوولا چ ئەوانەی بەپێی یاسا نوێکەی ژمارە (18) بۆیان چاککراوە، یاخود ئەوانەی کۆنەکان تەنها بۆیان سەرف ناکرێ، واتە دەبێ ئەم کێشەی فروقاتە بۆ هەردوولا یەکلا بکرێتەوە، هەروەها دێمە سەر پێشنیارەکەی لیژنەی هاوبەش یەکەم شت ئەگەر ئێمە ئەو ساڵانە (15) ساڵ، (20) ساڵ، (25) ساڵ، دابنێین بۆ مەسەلەی خانەنشینی کێ دەستەڵاتی ئەوەی هەیە ئەمانە بنێرێ بۆ خانەنشین، ئایا ئیختیاریە؟ یاخود ئیلزامیە؟ یاخود زەروریەتە؟ بۆیە ئەگەر زەروریەتە دەبێ باس کرێن، بەرەئی من زەرورە بوترێ (بناءً علی طلب)، یەعنی ئەو کەسەی کە خزمەتی ئەوەندەی هەبێ داوا بکاتن بۆ ئەوەی بکرێت خانەنشین بکرێ، واتە ئیختیاری تێدابێ، هەروەها ئەوەی من ئاگاداریبم خزمەتی پێشمەرگایەتی بۆ خانەنشینی حیساب دەکرێ وە پارەشی لێ دەگێڕدرێتەوە کە یەکێك خزمەتی پێشمەرگایەتی دەهێنێتەوە لە وەزارەتی دارایی پارەکەی هەمووی لێ دەگێرنەوە کە چەند ساڵ خزمەت دەهێنێتەوە، جا لێرەدا ئێمە بەس بڵێین خزمەت وەك هاوڕێم کاك د. عمر باسی کرد دەبێ بزانین بڵێین خزمەتی وەزارەتی ناوخۆ، یان هەر کە دەگوترێت خزمەت، چونکە ئگامان لێیە زۆربەی ئەوانەی لە وەزارەتی ناوخۆ و هێزەکانی ئاسایش کار دەکەن خزمەتی پێشمەرگایەتیان هەیە و منیش پشتگیری ئەوە دەکەم کە ئەگەر وەبێ خزمەتی پێشمەرگایەتیشیان بۆ حیساب بێت، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك قادر احمد فەرموو.

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەحوکمی ئەوەی من لە لیژنەی ناوخۆم لە ساڵی رابردوودا موناقەشەیەکی زۆر لە لیژنەی ناوخۆ لەسەر یاسای خانەنشینی کراوە و من جگەلەوەی کە پشتگیری لە پێشنیارەکانی لیژنەی ناوخۆ دەکەم، پێشنیارێکیش دەکەم ئەم خانەنشینیە ئەسەرێکی رەجعی هەبێ بۆ هەموو ئەو پۆلیس و ئەفسەرانەی کە لە ساڵی (1992) خانەنشین بوون، چونکە ژمارەیان نزیکەی (3000) کەس رەنگە زیاتر بێ، بەحوکمی

کەمی ئەو سەردەمەی مووچە و بەحوکمی خانەنشینی ئەوان ئەو عائیلانەی کە لەو سەردەمانەدا خانەنشین کراون ئاستی ژیانیان لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، بۆیە من لایەنگری ئەوەم کە ئەم خانەنشینیە لە ساڵی (1992) باش بکرێ و، هەموو ئەو پۆلیس و ئاسایشانە بگرێتەوە کە لەو کاتەوە خانەنشین کراون، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان لە لیژنەی هاوبەش هەر وەك دەزانن هەندێ ئەفسەر بە پلەی جیاواز پێشتر بە مووچەیەکی کەم خانەنشین کراون، واتە کێشەیان هەبوو و بەڕێزتانیان ئاگادارکربوو، من نازانم لام رۆشن نیە بەم تەعدیلە، ئایا موعالەجەی هەموو کێشەکانیان کراوە وەك دەزانن هاتۆتە لاتان؟ ئەمە یەك، سەبارەت بەوەی کە دەوترێ تەمەن گەیشتە (63) ساڵ دەبێ خانەنشین بکرێ، لەراستیدا بەپێی یاسای زەمان ئەو کەسە دەبێ زەمانی دابێت، ئەگەر زەمانی نەدابێ لەراستیدا تەمەنی بگاتە (70) ساڵیش خانەنشین ناکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبداللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران و پشتگیری لە پێشنیاری لیژنەی هاوبەش دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە، دیارە من ئەوەی کە لە ئەسڵدا هاتبوو کە باس لە ئەژمارکردنی مافی خانەنشینی بۆ پۆلیس دەکات یان میراتگرەکانی بە رێژەی (80٪)، لەبەر ئەوەی دیار نیە، لەبەر ئەوەی نە ساڵی خزمەت و نە تەمەنی دیاری کردووە، بۆیە من پشتگیری لەو خاڵانە دەکەم کە لیژنەی ناوخۆ خوێندیانەوە بەڕێز کاك اسماعیل خوێندیەوە، بەلاَم ئەوەی تێبینیە لام ئەوویش ئەوەیە ئەوەی کە بەڕێز پەیمان خان ئیشارەتی پێدا و کاك عبداللە تەسنیەی کرد، مەسەلەی ئەوەی ئەگەر یەکێك گەیشتە تەمەنی خانەنشینیش، کە من پێموایە بنەما بۆ خانەنشین بوون تەمەنە، چونکە ئەگەر یەکێك تەمەنی گەیشتە (63) ساڵ، ئەگەر پێشتریش پۆلیس نەبووبێ خۆ نەخەوتووە ئەکید ئیشێکی کردووە، کرێکای کردووە، شتێکی هەر کردووە،

لەبەر ئەوە مەبدەئەکە مەبدەئی تەمەنە، بۆیە ئەگەر بکریٚ مەسەلەن بە خالێك خالی چوارەم بکەین بەوە بلێین لە کاتی گەیشتن بە تەمەنی خانەنشینی بەبیٚ ئەوەی خزمەتیشی گەیشتبێتە رادەی پێویست بە (50٪) خانەنشین بکرێت، لەبەر ئەوەی تۆ لە (60٪)ەوە هاتووی تۆ لە (60٪) پێدا هاتووی، (60٪، 70٪، 80٪) دەکریٚ ئەو بە لە (50٪) بێت ئەمە یەك، دوو ئەوەی من، چونکە من قانونی نیم حەزدەکەم د. رۆژان ئیشارەتێك بدا بەوە من بزانم سنی تەقاعودی ئافرەت فەرقی هەیە لەگەڵ سنی تەقاعودی خانەنشین کردنی پیاو، وا هەست دەکەم پێنج ساڵێك فەرقییەتی ئەگەر لێرەش وابیٚ یەعنی نازانم چۆنە، لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە پێشتر باسی پیاوانی پۆلیسی کردووە دەبیٚ ئاگامان لەو خاڵەش بێت بۆ ئەوەی بزانین چۆن چۆنی تەعدیلی تێدا دەکرێت، خاڵێکی تر کە بەراستی من حەزم دەکرد وەزارەتی دارایی لێرە بوایە بۆ ئەوەی دوایی وەکو یاساکەی ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندامانی لیٚ نەیەت، کە دوێنیٚ سەرۆکی حکومەت بە نوێنەری کەم ئەندامانی وتووە ئەوە خەتای پەرلەمانە بودجەی حەقیقی دانەناوە بۆتان، ئێمە بودجەمان لەبەر دەستدا نیە لەگەڵ ئەوەی ئەوان نوێنەری حکومەت لێرە بیٚ، ئێستا ناکریٚ نوێنەری حکومەت لێرەبیٚ دوایی ئەم یاسایە دەرچیٚ، بەلاٚم نەتوانین جێبەجێی کەین بلیٚ والله پەرلەمان موراعاتی بودجەکەی نەکردووە، بۆیە بەراستی من لەگەڵ ئەوە نیم دەست هەڵبڕین بۆ ئەم ماددەیە تا وەزارەتی دارایی پێمان نەڵێت بۆ ئەوەی دواتر دیسان جارێکی تر تۆپەکە نەخەنەوە مەرمای ئێمەوە و بلێن خەتای پەرلەمانە و نازانیٚ حیساب بۆ بودجە بکات و ئەگەر نا ئێمە بودجەی پێویست و قەیرانی ماديمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

فەرموون لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کۆمەڵێك پێشنیاری زۆر هات، ئەسڵی خۆی ئێمە کە بە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ئەو پرۆژە یاسایەمان پێشکەش کردووە بۆ هەمواری ئەم یاسایە، لەسەر داوای کۆمەڵێك لە ئەفسەران و بەڕێز وەزیری ناوخۆ و وەزارەتی ناوخۆ بوو، کە پێمان وابوو وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ ئەو هەموو دەورە کاریگەریەك کە دەیبینی لە هەرێمی کوردستان، بەلاٚم لەبەرامبەر مووچەکانیان ئەو یاسایەی کە نەفازی قانونیمان پێدا، هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش مەغدور کرابوون، لەبەر ئەوە ئێمە ئەو پرۆژە یاسایەمان پێشکەش کرد و بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ دیارە ماوەیەکی زۆر لە مێژەیە ئێمە خەریکین تا گەیشتینە سیاغەیەکی ئەمرۆ، کۆمەڵێك داوا و داخوازی هەبووە، لەبەر ئەوە ئێمە پێمان

لەسەر ئەوە داگرتووە کە بتوانین چاکی کەین، یەکەمیان ئەوەبووە کە کۆمەڵە خەڵکێك خانەنشین کراون بە مووچەیەکی زۆر کەم کە غەدریان لێ کراوە پێمان وایە، دووەمیان وەزارەتی ناوخۆ کۆمەڵێك لیوا و، عەقید و، عەمید و، ئەوانەیان هەیە کە رێگرن لە بەردەم ئەوەی خۆیان خانەنشین بکەن، چونکە کە خانەنشین دەکرێن بە مووچەیەکی زۆر کەم خانەنشین دەکرێن، یان خوا نەخواستە تووشی هەر حاڵەتێك بن بۆ کەس و کاریان بوونەتە کێشە، مەسەلەن من نموونەیەکتان بۆ دەهێنمەوە یەك لەو کەسانە کە ئەمری خوای کردووە بە ناوی (محمد علی) نووسراوێکی ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ کردووە خێزانەکەی و نووسراوێکیشی ئاراستەی لیژنەی ناوخۆ کردووە دوای (39) ساڵ خزمەتی فیعلی کە عەمیدی پۆلیس بووە خزمەتی مووچە و خانەنشینی بۆ دەرچووە بە (318)هەزار دینار، حیسابی بکە (39) ساڵ خزمەتی هەبووە ئەوجا کە مووچەکەی بۆ دەرچووە، تەقاعود کراوە بە (318) هەزار دینار، نووسراوەکەمان لەلایە کە بەرەسمی داوای لێ کردووین و لە وەزارەتی ناوخۆش ئەو سکاڵایەی هەیە، لەوێشەوە بۆمان ناردراوە، لەبەر ئەو سەبەبانە بوو ئێمە ئەوەمان پێشنیار کردووە، قائیمەشمان لەلایە قائیمەیەکە ئەوانەی کە ئێستا موالیدیان پەنجایە تەقریبەن (10) کەسن هەمووی، بە لیوا و، عەمید و، عەقید و تا ئاخیری بە قائیمە (12 ) کەسن، کارمەندەکانیش ئەوانەی کە پێشتر شمولیان دەکاتن ئەوانیش تەقریبەن لە حدودی (12) کەسن کە موالیدیان پەنجایە و تێپەڕیوە، ئەوانەی کە ئێستاش دێتە پێش لیستمان لە وەزارەتی ناوخۆ وەرگرتووە هەمووی (16) ئەفسەرە کە شمولی دەکات بۆ ئەوەی خانەنشین بکریت، لە ساڵ (1997)ەوە تا (2012/9/12) کە کۆی ئەمانە دەکاتە (276) ئەفسەر لە وەزارەتی ناوخۆ، کارمەندەکانیشیان لە ساڵی (1993)ەوە تا وەکو (2012/9/12) بە تەواوی کارمەندەکانیان دەکاتە (3563) کەس کە هەموو رەقەمەکان شتێکی کەمە زۆر نیە، لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ وەزارەتی دارایی دەمێکە خەریکی ئەوەین ئەو دەڵێ تەبیعاتی مالی هەیە و ناتوانین بچینە ژێر باری، کە دواخرا ئەمرۆش کە کۆبوونەوەمان کرد و قسەمان لەگەڵ بەرێز وەزیری ناوخۆ کرد و لەگەڵ وەزیری پەیوەندیدار جارێکی تر جەنابیان چووە ئەنجومەنی وەزیران کە پێشنیارەکەی لیژنەی ناوخۆ ببات، حکومەت تێبینی هەبوو لەسەر خانەنشینیەکان، لەبەر ئەوەی دەڵێ ئەگەر هاتو گەنجێك لە وەزارەتی ناوخۆ ئێستا لە تەمەنی (18) ساڵی بوو بە پۆلیس (15) ساڵ خزمەتی کرد بە (33) ساڵ ئەو گەنجە خانەنشین دەکرێ، هێشتا گەنجە، ناکرێت ئێمە گەنجێك بە (33) ساڵی خانەنشینی بکەین، کە وای لێ بێت ئێمە ئەو دەرگایە بکەینەوە تەواوی گەنجەکان وەزارەتی ناوخۆ پێموایە بەجێ دەهێڵن، خەڵکێکی زۆر خۆی خانەنشین دەکات، غەرەزی ئێمە تایبەت بووە بەو لیوا و، عەقید و، عەمیدانەی کە تەمەنیان بەسەرچووە، بەڵام وتمان با چارەیەکیش بۆ ئەوانە بدۆزینەوە کە مادام ئەوانە خانەنشین دەکەین با فرسەتێکیش بدەینە بەر ئەوانەی تر، بەڵام بەو نیسبەیەی کە دامانناوە ئەگەر (15) ساڵی تەواوکرد بە (60٪)ی مووچە و، ئەگەر (20) ساڵی تەواوکرد بە (70٪) هێزەکانی ناوخۆ خزمەتی فیعلی هەبێت، هەروەها ئەگەر (25) ساڵ بەسەرەوە بوو بە (80٪) ی مووچەکەی، ئەسڵی خۆی ئێمە بۆ (20) و (25) بەسەرەوەیە کە کۆمەڵە خەڵکێك چاوەڕوانی هەمواری

ئەم یاسایە دەکات، بۆ ئەوانە نەبوو ئەگەر نا خۆی لە یاسا کۆنەکەدا ئەوانەی کە خانەنشین دەکرێن بەپێی قانونی کۆن کە موعالەجە کراوە (15) ساڵ خزمەتی خۆی هەیە، بەلاَم خانەنشین دەکرێ کە (15)ساڵ خزمەتی فیعلی هەبوو، بەلاَم بە (80٪) ی مووچەی ئیسمی کە هیچ ناکات، لەبەر ئەوەیە خەڵك ماوەتەوە تا ئێستا خۆی خانەنشین نەکردووە، ئێمە دەمانەوێ هەموارکەی بکەین بەو مەبەستە هەموارەکەمان کردووە، بۆ ئەوەی بتوانین وەزارەتی ناوخۆ گەنج کەینەوە، ئەگەر وای لێ بێت ئێمە هەموو ئەوانە خانەنشین کەین وەکو پەیمان خان دەڵێ (5) ساڵی خزمەت هەبێ و خانەنشینی کەین، ئەوە هیچی تێدا نامێنێتەوە، یان ئەوەی دەڵێی (5) ساڵ خزمەت دەبێ تەگبیری ئەوانەش بکەین ئەوە پەیوەندی بە قانونی مەدەنییەوە هەیە، دەبێ ئەوە قانونی مەدەنی هەموار بکرێت، ئەوە قانونی خاصە، تایبەتە بە قانونی وەزارەتی ناوخۆ و هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایشەوە، لەبەر ئەوە ئەمە ناکرێ ئێستا دەست لەو مەسەلەیە بدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بزانین نوقتەی نیزامی هەیە؟ سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەبوایە ئەو شەرحەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ لەسەرەتای ماددەکەدا بکرایە، بۆ ئەوەی ئێمە تێگەیشتنمان هەبوایە، نیەتەکەی ئەو ئەندامانەی کە پێشکەشیان کردووە یاساکە چی بووە و، بەدەنگ هاتنەوەی وەزارەتی ناوخۆ چی بووە؟ و بەدەنگ هاتنەوەی وەزارەتی دارایی چۆن بووە؟ لە ئەنجامی ئەم شتانە یەعنی کەواتە مەبەستەکە دیارە چیە، من لێرەدا یەك خاڵم بۆ دیار بوو ئایا دەکرێ ئێمە تەمەنی خانەنشینی بکەینە پێوەر لە بڕی مودەتی خانەنشینی، ئەگەر تەمەنی خانەنشینی بکەینە پێوەر فیعلەن قسەکەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ تەواوە ئەو کەسانەی گەیشتوونەتە تەمەنی خانەنشینی و لەبەر کەمی مووچەکەیان خۆیان خانەنشین ناکەن دەتوانن ئێستا خۆیان خانەنشین کەن، بەلاَم ئەگەر بڵێین و باسی مودەتی کارکردن بکەین کە وەکو ئەوەی (15) ساڵە دەتوانێ خۆی تەقاعود بکات باسی تەمەن نەکەین، بەڵێ گەنجێکیش دەتوانێ خۆی خانەنشین بکات، ئینجا بۆیە من داوا لە لیژنەی هاوبەش دەکەم ئێوە چارەسەر بدۆزنەوە بزانین نیەتەکەی کە ئەوان باسیان کردووە چۆن بەرجەستەی بکەین، بەرەئی من وایە ئەگەر بوترێ (من اکمل سن التقاعدیة)، کە وتمان (من اکمل سن التقاعدیة) حاڵەتێکمان بۆ دروست دەبێ ئەو کەسانەی کە فیعلەن پێشمەرگە بووە و هاتووە بووە بە (رجل شرطة) (15) ساڵ خزمەتی هەیە دەتوانرێ بە (60٪) ی مووچەکەی خانەنشین بێت، بەلاَم گەنجێك، بەڵێ ئەگەر بەپێی ئەو ماددەیە بێ کە ئێستا تەرح کرا گەنجێکیش بە (15) ساڵ خزمەت ئەگەر (18) ساڵ بێ چووبێت ئێستا بە (33) ساڵی دەتوانێ تەقاعود بێ بە (60٪) ئەگەر خۆی ئیستیعدادی تیدابێ بە (60٪)،

ئینجا بەڕێز وەزیری ناوخۆش دەبێ پێمان بڵێ کامیان باشترە، ئەوەی کە گەنجەکە بە (60٪) خۆی تەقاعود بکات باشە لەلای ئەوان، یاخود سنی تەقاعودی و ئەو خەڵکانەی کە گەیشتوونەتە بەرزترین پلە؟ بەڵام لەبەر کەمی مووچەکە نایانەوێ خۆیان خانەنشین بکەن، ئەو ئیشکالەمان بەڕێز وەزیری ناوخۆ بۆمان حەل بکەی، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین سیاغەی کۆتایی بزانین دەنگ لەسەر چی دەدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی کە ئێمە کردمان، یان ئەو داواکاریەی کە هەمان بوو و چوار پەرلەمانتار قسەمان لەسەر کرد، پەیوەندی بەوەوە نیە کە کاك اسماعیل وتی ئێمە بمانەوێت خەڵکی تەمەن مناڵ خانەنشین بکرێ ئەگەر (5) ساڵی خزمەت هەبێ، ئێمە دەڵێین ئەگەر (5) ساڵی هەبێ، بەڵام تەمەنی (63) بێ، چونکە ئەی موعالەجەی ئێمە چیە بۆ ئەو خەڵکانەی کە بە تەمەنن و لەبەر تەمەنەکەیان بەزۆر خانەنشین کراون؟ سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من والله ئەو تێبینی و روونکردنەوە بۆ بەڕێز پەیمان خان، تەبیعی بەپێی یاسا هەر کەسێك تەمەنی لە (35) ساڵ گەورەتربێ لە پۆلیس وەرنەگیراوە، بۆیە هیچ کەس نیە (5) ساڵ بە نموونە خزمەتی هەبێ و گەیشتبێتە تەمەنی تەقاعودی، بۆیە هیواداریین ئەوەی کە دەگاتە تەمەنی تەقاعودی حەتمەن لایەنی کەم (25) ساڵ بەسەرەوەی خزمەت هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەراستیدا هاوڕێم کاك اسماعیل هەندێ روونکردنەوەی دا لەسەر ئەسبابی ئەو تەعدیل کردنەوەی کە کراوە لە یاساکەدا، بەڕێزان ئەم یاسایە بۆچی تەعدیل کرایەوە؟ ئەم یاسایە پێش ئەوەی کە ئێمە یاساکەی عێراق جێبەجێ بکەین، لە هەرێمی کوردستاندا لە (80٪) ی مووچە و موخەصەصات خەڵکی پێ خانەنشین دەکرا کە ئەم یاسایەمان دەرکرد لە (80٪) ی مووچەی وەزیفی

نووسرابوو، مووچەی وەزیفیش واتە مووچەی ئیسمی، یەکێك لەو هۆکارانەی کە لیژنەی ناوخۆ کە هەوڵی داوە ئەو یاسایە چارەسەر بکات و، هەروەها وەزارەتی ناوخۆ کێشەیەکی زۆر گەورەیان بۆ دروست بوو، بەڕێزان مووچەی کارمەندانی هێزەکانی ناوخۆ لەگەڵ پۆلیس ئیسمیەکەیان زۆر کەمە، زۆر جیاوازە لە مەدەنی ئەگەر چی لەوانەیە لە یاساکانی مەدەنی و خانەنشینی مەدەنیشدا هەندێك کەم و کورتی هەبێت، بەڵام دەکرێ لە یاساکانی تایبەت بە خۆیان ئەمە چارەسەر بکرێت، بەڵام هۆکاری چی بوو ئەمە کە ئێمە دەستمان کرد بەوەی چارەسەرێکی ئەو گرفتە بکەین کە وەزارەتی ناوخۆی تێکەوت بە هۆی ئەم یاسایەوە، بەڕێزان من لیستی هەموو کارمەندانی ئەم هێزانە کە ئێمە یاساکەیان بۆ خانەنشین دەکەینەوە لەبەر دەستمانە نزمترین مووچەیان کە پۆلیسێکە تازە دادەمەزرێ (164) هەزارە، بەڕێزان (164) هەزار کە ئیسمیەکەیەتی چەندی پێ دەدەی لە کاتی خانەنشینی، بەراستی ئەم ناعەدالەتیە وای کرد کە ئێمە بتوانین ئەم یاسایە چارەسەرێکی بۆ بکەین، بۆ نموونە مفەوەزێك ئەگەر هاتو شەهادەی تەواوی نەبێ لەوانەیە (40) ساڵ لە خزمەت دابێ (509) هەزاری هەیە، (509) هەزارەکە لە (80٪) پێ بدەی شتێکی ئەوەتۆ ناکات و، بەرزترین پلە و بەرزترین مووچە لەناو ئەم هێزانە (1500000) دینارە، تێیدا نیە لەمە زیاتر، بۆ نموونە من مولازمێك دەهێنمەوە مولازمێك (296) هەزار دینارە لە (80٪) ی چەندی پێ دەدەی کە خانەنشینی دەکەی، بۆیە گرفتێکی زۆر گەورەی دروست کردبوو بۆ ئێمە، ئەمە ئەسبابەکەی بوو بە دەرەجە یەك کە کاك اسماعیل ئیشارەتی بە کۆمەڵێك خاڵی تریشدا، هەروەها ئێمە بۆیە دەستمان کرد بە ئەوەی کە ئەم یاسایە چاك بکەین بۆ ئەوەی دەستی وەزارەت بکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانێ خوێنی تازە، گەنجی تازە بتوانێ بێتە پێشەوە و ئەوانەی کە کۆنن و مودەی خزمەتیان بەسەرچووە توانای ئیشیشیان نەماوە لەبەر کەمی مووچەکەو چوونە ماڵەوەیان بەراستی کێشەو گرفتێکی داراییان بۆ دروست دەبێ کە ناچن بۆتە ئەشکالێك بۆ وەزارەت، بۆ ئەوەی بتوانین ئێمە خوێنێکی تازە بەبەری وەزارەتەکە بکەینەوە، دێمە سەر ئەوەی کە من زۆرێك لە تێبینیەکانم نووسی کە بەڕێزان قسەیان لەسەر کردووە، ئەوەی توانی بێتم تێبینیم نووسیە، ئەوەشی ئاگام لێ نەبووە داوای لێ بوردن دەکەم، بۆ نموونە ئاشتی خان بەوە دەستی پێکرد کە زەمەنی تێدا دیاری نەکراوە، بەڕێزان ئێمە زەمەنەکەمان تێیدا دەست نیشان کردووە،،،،،

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

تکایە وەڵامی ئەندامان مەدەنەوە، رەئی خۆتان بە وازحی بڵێن، وەڵامیان مەدەنەوە و کورتیشی کەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوە لە بڕگەی یەکەمدا گۆڕاوە بەو سێ بڕگەیەی کە باسی مودەکانمان کردووە بە شێوەیەکی قانونی (15) ساڵ تا (20) ساڵ بە (60٪)، (20) ساڵ تا (25) ساڵ بە (70٪)، (25) ساڵ بۆ سەرەوە ئەوە بە (80٪)، من دێمە سەر ئەوەی کە چەند ئەندام پەرلەمانێکی بەڕێز باسی خانەنشینی کرد لە کاتی

تەقاعوديدا لەوانەيە خزمەتەكەی بەشی ئەوە نەكات، وەكو ئەوەی كە چەند ئەندام پەرلەمانێك تەبەنييان كرد ئەوە راستە، بەلاّم ئەوە چارەسەری قانونی بۆ كراوە ئەگەر هاتو بچينە سەر ماددەی (35) لە ياساكە برگەی يەك ئەو بەرێزانەی كە تەرحيان كردبوو بۆ ئەوەی چۆنكە ئيمە هەموويمان تەعديل نەكردووە بەرێزان ئەوانە ماون، ئەوەی كە ماددەی (35) چی دەڵێ بۆ ئەوەی بەرچاومان روون بێ (تتحتم إحالة رجل الشرطة إلى التقاعد عند إكماله السن القانونية البالغة (63) سنة من العمر مهما كان مدة خدمته)، كەواتە ئيستيفادە دەكات لەم ياسايە بەپێی ئەو ماددەيە هيچ ئەشكالێكی ياسايی نيە و كێشەكەی بۆ حەل بووە، هەروەها لە ماددەی (49) دا هەندێ ئيستسنا كراوە بە هەمان شێوە خزمەتەكەی بەرزدەكرێتەوە بۆ (15) ساڵ لە پێناوی ئەوەی شمولی ئەم ياسايە بكات و، لەوە زياتر و كەمتر ئەگەر ئەو ئەسبابانەی نەبوو ئەو كاتە موكافەئاتی تەقاعودی دەدرێ بەرێزان، لەمەدەنيش هەروايە ئەگەر هاتو مەرجە تايبەتيەكانی نەبوو موكافەئاتی تەقاعودی دەدرێتێ لەو حاڵەتانە، پێموايە ئەوە وەلاّمی زۆرێك لەو بەرێزانە بوو، ئێمە لەگەڵ وەزارەت دەوترێت تەنسيق بكرێ؟ بەڵێ تەنسيقمان كردووە چەندين كۆبوونەوەمان كردووە، بەرێزان لە (2011)ەوە ئەم ياسايە لە موناقەشەدايە دەيان جار ليژنەی ناوخۆ لەگەڵ دارايی، لەگەڵ ياسايی دانيشتووين، لەگەڵ وەزارەتی دارايی و، لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ چەندين جار دانيشتووين و، وەزارەتی داراييش ئەشكالێكيان نەبووە لەسەر جێبەجێكردنی ئەم ياسايە بەپێی ئەم نووسراوە كە كراوە بۆ ئەنجومەنی وەزيران تەنها داوای ئەوە بكەن لە رووی داراييەوە تەقويە بكرين، هاژە خان باسی موخەصەصاتی مەدەنی و (كافة المخصصات) كرا، بەرێزان ئەمە ياسايەكە تايبەتە بە هێزەكانی ئاسايشی ناوخۆ پەيوەندی نيە بە (كافة المخصصات)، لە موخەصەصاتيشدا بەپێی ياساكەی ئێمە هاتووە موخەصەصاتی (ثابت) هەيە، موخەصەصاتی موەقەتە هەيە، بۆيە ئەوانەی بەدەل ئەرزاق و ئەوانەی كە باسكرا دەچێتە موەقەتەكەوە لە كاتی خانەنشين بووندا ئەوانە سەرف ناكرێت، بەرێزێك لە ئەندامان داوای ئەوەی كرد كە لە كوردييەكە دەڵێ خەرج نەكرێ؟ بەڵێ راستە ئەوە چاكمان كردووە لە خوێندنەوەكان پێموايە لەلای جەنابتان چاك نەكراوە، بەرێزێك باسی لە خزمەتی قانونی كرد، كە خزمەتی قانونيەكە چيە بۆ ئەم هينە خزمەتی فيعلی يان خزمەتی قانونی؟ بەرێزان ئەگەر بچنە سەر ماددەی (1، 21) پێناسەی كردووە خزمەت چيە، هەروەها باسی خزمەتی پێشمەرگە كراوە و خزمەتی مەدەنی كرا، بەرێزان هەر خزمەتێك كە لە حكومەتی هەرێمی كوردستان لە هەر كوێەك كرابێ ئەوانە بە خزمەتی قانونی حيساب دەكرێت، لە كاتێكدا ئەگەر ئەنجومەنی وەزيران و وەزارەتی ناوخۆ كە رازی بوون ئەو كەسەی بێتە سەر هێزەكانی پۆليس و ئاسايش ئەو كاتە ئەو خزمەتە بۆ تەقاعودی بەكار دێت، بەلاّم بۆ تەرفيع بەكار نايەت، بۆيە ئەو خزمەتانەش نافەوتێ و حيسابی خۆی هەيە، پێموايە چەند ئەندام پەرلەمانێك باسی لەو بابەتە كرد، هەندێ روون كردنەوەی تر هەبوو ئەگەر مەجالم بدەی جەنابی سەرۆكی پەرلەمان تەوزيح بدەم،،،

**بەرێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان:**

با بۆ دوایی بێت.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

داوا لە لیژنـەی هاوبـەش دەکـەین هـەم بـۆ ئـەو ئەشـکالاتانە لەگـەڵ حکومـەت حـەل بکـەن، کۆبوونـەوە دوا دەخەین بۆ رۆژی یەکشەمە کاتژمێر (10).

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (35)**

**یەك شەممە ڕێکەوتی 30\6\2013**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (35)

## یەك شەممە رێكەوتی 2013/6/30

کاتـژمێر (10)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی یـەك شـەممە ڕێکـەوتی 2013/6/30 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسـن محمـد سورە جێگری سەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـکرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (35)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2013) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (35)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە کـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی یـەك شـەممە ڕێکـەوتی 2013/6/30 دا بـەم شێوەیە بێت:

**دانیشتنی یەکەم**

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای خزمەت و خانەنشین هێزەکانی ئاسایشی ناوەخۆ ژمارە (15)ی ساڵی .2011

2-خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای جێبەجێکردنی یاسای ئیمتیازاتی لێکۆڵەرە دادگەریەکان ژمارە (80)ی ساڵی 2012 ئیتیحادی.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای درێژکردنەوەی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

4-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای درێژکردنەوەی ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق.

**دانیشتنی دووەم**

1-خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای درێژکردنەوەی خولی سێیەمی پەرلەمان کوردستان – عێراق.

2-خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای درێژکردنەوەی ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق.

3-ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی خولی گرێدانی دووەم لە خولی سێیەمی هەڵبژاردنی ساڵی چوارەم پەرلەمانی کوردستان لەلایەن ڕێزدار سەرۆکی پەرلەمانەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارە دانیشتن 35 ڕۆژی دانیشتن 2013/6/30، بەرنامەی کار، بە پێی حوکمەکانی برگە (1) ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1) ی هەموار کراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بریاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (35) ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11) ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی 2013/6/30 بەم شێوەیە بێت:

**دانیشتنی یەکەم**

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای خزمەت و خانەنشین هێزەکانی ئاسایشی ناوەخۆ ژمارە (15)ی ساڵی 2011.

2-خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای جێبەجێکردنی یاسای ئیمتیازاتی لێکۆڵەرە دادگەریەکان ژمارە (80)ی ساڵی 2012 ئیتیحادی.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای درێژکردنەوەی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

4-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای درێژکردنەوەی ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق.

**دانیشتنی دووەم**

1-خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای درێژکردنەوەی خولی سێیەمی پەرلەمان کوردستان – عێراق.

2-خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای درێژکردنەوەی ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق.

3-راگەیاندنی کۆتایی هاتنی خولی گرێدانی دووەم لە خولی سێیەمی هەڵبژاردنی ساڵی چوارەم پەرلەمانی کوردستان لەلایەن رێزدار سەرۆکی پەرلەمانەوە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

......کردنی پێشنیازی پرۆژەی یاسای درێژکردنەوەی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، خاڵی چوار: خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق پێمان وایە پێشێلکاری زەقی یاساییە، و پێشێلکاری بنەما دیموکراتیەکانە، و پێشێلکاری مافی هاووڵاتیە لە درێژ کردنەوەی هەم پەرلەمان، هەم ویلایەتی سەرۆکی هەرێمن لەبەر ئەوەی رۆژی هەڵبژاردنی هەرسێ پارێزگاکە دیاری کراوە، بە پێی یاسا نابێ ئەم هەڵبژاردنانە لێکجیا بکرێنەوە، لێکجیاکردنەوەی ئەو هەڵبژاردنانە و درێژ کردنەوەی ماوەیان، پێمان وایە ئەمە پێشێلکاری زەقی بەرنامەی کار و بنەما دیموکراتیەکانە، هەم دیاری کردنی وادەی هەڵبژاردنە، ئێستا ئەزانین بۆ هەموو ئەو هەڵبژاردنانە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن رێکارە یاساییەکانی خۆی هەڵبژاردووە، پەرلەمان بە چ مافێك و یاسایەك ئەتوانێ ماوەی خۆی درێژ بکاتەوە؟ هەروەها ماوەی سەرۆکایەتی درێژ بکاتەوە لە کاتێکدا یاسای روون و ئاشکرا هەیە کە سەرۆکی هەرێم لە 2 ویلایەت ناتوانێ زیاتر خۆی هەڵبژێرێتەوە، و سەرۆکی هەرێم لە ناو خەڵك هەڵبژێردراوە، بۆیە بۆ پەرلەمان نیە ماوەی درێژ بکاتەوە، لەبەر ئەوە داوا لە بەرێزتان ئەکەین ئەو 2 خاڵە لە بەرنامەی کار دەربهێنن، چونکە پێمان وایە پێچەوانەی پەیرە و یاساکانە، هەم پێچەوانەی مافی هاووڵاتیە لە دیاری کردنی نوێنەرەکانیان، و لە کاتی دیاری کراو لێکجیا کردنەوە و پارچە پارچە کردنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بە مەبەستی ئامانجی سیاسی و حیزبی

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عومەر

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وێڕای پشتیوانیم لە قسەکانی کاک کاردۆ، بیری بەڕێزتان ئەخەمەوە کە بەڕێزت سەرۆکی پەرلەمان ڕۆژی 6/20 نووسراوێکت ئاراستەی ئێمە کردووە کە ئەڵێ لەبەر ئەوەی خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان لەسەر تەواو بوونە و ژمارەیەکی زۆر لە پرۆژە و یاسا لەبەر دەستن و تەواو نەبوون داوا ئەکەین پێشنیاری تازە پێشکەش بە پەرلەمان نەکەن، ئەمە دەقی نووسراوی بەڕێزتانە کە 20 ی مانگ بە دەستی ئێمە گەیشتووە، ئێمە وەکو شتێکی موفاجی ڕاستە لەملاو لەولا بیستوومانە، ئەمە ڕێکەوتنێکی سیاسیە، ئێمە وەکو پەرلەمانتاران مافی خۆمانە کە داوا لە بەڕێزتان بکەین بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بجوڵێینەوە، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ وەکو کاک کاردۆ تەئکیدی کرد، موفروز وایە ئاگادار بین لە کارنامەی پەرلەمان، بەداخەوە کارنامە سەعات دەوری 12 نێردراوە بۆ ئێمە کە لێشی نووسراوە سەعات 10 کۆبوونەوە ئەکرێ، ئێمە ئەزانین وەزعەکە چۆنە، بۆیە من چەند خاڵێك عەرزی بەڕێزتان ئەکەم، هەموو لایەنەکان بە لایەنەکانی دەستەڵات و ئۆپۆزۆسیۆنیشەوە، بە تایبەتی ئێمە لە ناو پەرلەمان بەردەوام باس لە سازانی نیشتیمانی ئەکەین، باس لەوە ئەکەین قەیرانەکان قول بوونەتەوە و بەرێکەوتن ئەو بابەتانە تاوتوێ بکەین کە گرنگن و ڕەهەندی نیشتیمانیان هەیە و پەیوەندی بە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، ئایا لە بەڕێزتان لە سەرۆکایەتی پرسیار ئەکەم، بابەت هەیە هەستیار تر لە بابەتی درێژ کردنەوەی خولی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کە بە بێ ڕاوێژ لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزۆسیۆن لە ناو پەرلەمان خراوەتە بەرنامەی کارەوە؟ ئەگەر ئەوترێ ڕاوێژ کراوە، ئایا بە تەوافوق گەیشتووین ئەمە بخرێتە بەرنامەی کارەوە؟ جگە لەوەی کە درێژ کردنەوەی ویلایەتی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە دەستەڵاتی پەرلەمان نیە، چونکە ئێمە یاسای سەرۆکایەتیمان هەیە کە دوو خولی داناوە بۆ بەڕێز سەرۆکی هەرێم، و ویلایەتی تەواو بووە لە 8/20 کۆتایی پێ دێت، سەبارەت بە درێژ کردنەوەی ماوەی پەرلەمان پرسیار ئەکەم چ جەدوایەك هەیە خراوەتە بەرنامەوە لە کاتێکدا ئێمە تا 8/20 کاتمان ماوە، ئەتوانین کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمان بکەین، ئەتوانین ئەم پشووەی خۆمان چەند ڕۆژێك درێژ بکەینەوە، بۆیە پێشنیار ئەکەم و تەئکیدش لەو پێشنیارەی کاک کاردۆ ئەکەمەوە ئەگەر بەڕێزتان موافق بن ئەو دوو برگەیە تەواو بکەین، چونکە کاری خۆمانە، و ئەمڕۆش دەوامی ئاسایی خۆمانە، برگەی یەك و دوو چونکە تەواو نەبووە، ئەوە بخەینە دەنگدان یان موناقەشەکانیان تەواو بکەین، بەڵام بە نیسبەت بڕگەکانی ترەوە پێشنیاری ئەوە ئەکەم بۆ ماوەی 15 ڕۆژ بە دەنگدانی ناو پەرلەمان کە دەستەڵاتی خۆمانە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، بۆ ماوەی 15 ڕۆژ ماوەی دەوامی پەرلەمان درێژ بکەینەوە بۆ ئەوەی ئەو سازانە و ئیتیفاقیەی کە هەموومان باسی لێ ئەکەین دروست بکەین و گفتوگۆ بکەین لەسەر ئەوەی ئەو

بابەتانەی پێویستن لەو 15 رۆژە چیە؟ ئەکرێ ئێوەش وەکو لایەنی سەرۆکایەتی یان فراکسیۆنی زۆرینە پێشنیارێکی هەیە بیخاتە روو، ئەکرێ ئێمە بە گفتوگۆ بگەینە نەتیجەیەك، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە ئێمە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان هەمیشە لەگەڵ سازان و تەبایی و یەکریزی میللەتەکەمانین، و هێندەی لە تواناشماندا بوو وەکو سەرۆکایەتی سەردانی حیزبمان کردووە، سەردانی کۆبوونەوەکانمان کردووە، هەوڵمان دا، بەلاَم بەداخەوە دیارە ئەو سازانە دروست نەبوو، بۆیە ئەمرۆ کە ئەوەمان کردووە لە ئەنجامی ئەوەیە یان بەهۆی ئەوەیە فەراغی قانونی دروست نەبێ، چونکە ناکرێ میللەتەکەمان لە فەراغێکی قانونی بێ، ئێمە ئەوەمان بە چاك زانیوە بەراستی، لەبەر ئەوە ئەیخەینە بەردەمی ئێوە، خاڵی سێیەم و چوارەم بیخەینە پێشەوە و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکەین، کێ لەگەڵ ئەوەیە خاڵی سێیەم و چوارەم بخرێتە پێشەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، تکایە بێدەنگ بن، دانیشە، دانیشە، لیژنەی یاسایی خاڵی سێیەم و چوارەم یەك، یەك بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، خاڵی سێ، چوار دێنینە پێشەوە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەقی پرۆژەکە

**یاسای ژمارە ( ) یاسای درێژ کردنەوەی خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمان**

ماددەی یەکەم: خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمانی کوردستانی عێراق کە لە 2013/8/20 تەواو ئەبێ و پەرلەمان بەردەوام ئەبێت تا 2013/11/1 لەسەر کاری خۆی ئەمێنێ بە مەرجێ هەڵبژاردن لە 2013/9/21 ئەنجام بدرێ

ماددەی دووەم: کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ کە پێچەوانەی بڕگەکانی ئەم یاسایە بێ

ماددەی سێیەم: پێویستە سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەو یاسایە جێ بەجێ بکەن

ماددەی چوارەم:ئەم یاسایە لە بەرواری دەرچوونیەوە جێ بەجێ ئەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بلاَو ئەکرێتەوە

**هۆیەکانی دەرچوواندنی:**

لەبەر ئەوەی بڕیار وایە رۆژی 2013/9/21 هەڵبژاردنی خولی چوارەمی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان بکرێ، لەبەر ئەوەش ماوەی هەڵبژاردنی خولی سێیەم لە بەرواری 2013/8/20 تەواو ئەبێ، کۆتایی دێت، بۆ ئەوەش کە هیچ بوارێك بۆ بەبەتاڵی یاسایی لە هەرێم نەرەخسێ، تا هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی نوێ و گرێدانی دانیشتنی یەکەمی، لەبەر ئەوە ئەم یاسایە دەرچوێندرا بەرنامەی کاری پرۆژەی یاسای...

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**دوای سلاّو ڕێز**

**ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە لە خوارەوە ناومان هاتووە واژوومان کردووە پرۆژە یاسای تایبەت بە درێژ کردنەوەی ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم پێشکەش ئەکەین کە دەقەکەی هاوپێچی ئەم داواکاریەیە، تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان**

**یاسای ژمارە ( ) ساڵی 2013**

**یاسای درێژکردنەوەی ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق.**

**ماددەی یەکەم: ویلایەتی سەرۆکی هەرێم کە لە 2013/8/20 تەواو ئەبێ درێژ ئەکرێتەوە تا 2015/8/19 کە ئیتر بۆ دووەمجار توانای درێژ کردنەوەی نیە. ماددەی دووەم:**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڵێ بیخەنە دەنگەوە، فەرموو مامۆستا عومەر قسەی خۆت بکە

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەو شێوەیە تەرحەکە ئەکەم، ئەوەی کە کاك کاردۆش هەر ئاماژەی بۆ کرد، ئێمە پێشنیاری ئەوە ئەکەین، ئەگەر ئەمانەوێ لەم قەیرانانە رزگارمان بێ و ڕێکەوین لەسەر ئەو بابەتانەی مەسلەحەتی گشتی تێدایە و سازانی نیشتیمانی پێویستە بە تایبەت ئەم دوو خاڵەی لێرە باس کراوە، پێشنیارەکەی ئێمە موحەدەدە، ئەگەر 15 رۆژتان پێ زۆرە 10 رۆژ تا هەفتەیەك خولی پەرلەمان، پشووەکەی خۆمان بخەینە سەر کارمان و درێژە بدەین بە کۆبوونەوەکانمان بۆ ئەوەی ئەو سازانەی پێویستە و وەزعە سیاسیەکەی ئەیخوازێ تەرتیب بکەین، پێشیناری موحەدەدی ئێمە ئەوەیە، ئەو دوو برگەیەی پەیوەندی بە درێژ کردنەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمەوە هەیە لابرێ و بەردەوام بین لەسەر بەرنامەکە، ئەوە پێشنیاری ئێمەیە بۆ ئێوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وتم ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان......

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو دوو پرۆژە یاسایەی ئێستا خوێندنەوەی بۆ کرا ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار کرا، ئەو سازان و ئەو تەوافوقەی کە ئێستا ئێمە مەبەستمانە و راپۆرتی لەسەر ئەنووسرێ، چۆن لەبەرژەوەندی هەموو لایەك بێ؟ ئەکرێ ئیزافاتی بۆ بکرێ، پێشنیاری بۆ بکرێ، لە دانیشتنی لیژنەیە ئەو کاتی نوێنەری فراکسیۆنەکان دێت و لە نووسینی راپۆرتەکە قسە لەسەر ئەو حاڵەتی تەوافق و گونجانە بکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە 15 رۆژ تەئجیل بکرێ؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ فەرموو لیژنەی یاسایی بەردەوام بن

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە کۆبوونەوەکانی پێشوو سێ مادده لە یاسای هەموار کردنی جێ بەجێ کردنی یاسای هێزەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان پەسند کرا، گەیشتینە ماددەی چوارەم، دوای وەرگرتنی را و سەرنجی ئەندامان سیاغەی ماددەی چوارەمی یاساکە بەم شێوەیە بوو:**

**المادة الرابعة: تعدل المادة 44 اولا من القانون في الاقليم وكالاتي:**

**المادة 44: ا: تحتسب الحقوق التقاعدية لرجل الشرطة، لە قانونەکانی تر کردمانە (لقوى الامن الداخلي، والاسايش او لخلفهم وكالاتي:**

**تحتسب الحقوق التقاعدية لافراد قوى الامن الداخلي والاسايش او لخلفهم في الاقليم بنسبة 80٪ من الراتب الكلي والمخصصات لاخر راتب كانوا يتقاضونه**

**2- تسري احكام المادة ( ) على الذين تم احالتهم على التقاعد بعد تاريخ 1991/10/23 بشرط عدم صرف الفروقات المتراكمة لهم قبل صدور هذا القانون**

**3- يعاد احتساب الراتب التقاعدي لافراد قوى الامن الداخلي والاسايش في الاقليم من الذين احيلوا على التقاعد قبل او بعد صدور قانون رقم 18 لسنة 2011 وفق الراتب الحالي على ان لا يقل راتبه التقاعدي عن الذين كان يتقاضونه قبل صدور القانون ( )**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو جەنابی وەزیر.**

**بەڕێز شێروان حیدەری:وەزیری داد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە ئەو پرۆژەی تەقدیم کرایە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، و بەتایبەت ماددەی (44)، باس لە مووچە و دەرماڵە ئەکات، بەلاَم ئەو کیتابەی لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هاتووە تەنیا باس لە مووچە ئەکات، بۆیە و لەبەر ئەوەی کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ زەرەمەند نەبن، و جەنابی وەزیری مالیەش ئامادە نیە، بۆیە داوا ئەکەم گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو پرۆژە تەئجیل بکرێ، تاکو وەزیری مالیە دێتەوە، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەی جەنابی وەزیر دایە کە تەئجیلی بکرێ، تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ (37) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دا نیە؟**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**برگەی تری بەرنامەی کار (گفتوگۆ کردنی ئینفاز کردنی یاسای ئیمتیازاتی موحەقیقین قەزائی رەقەم (80) بۆ ساڵی 2012 لە هەرێمی کوردستان) ئەم یاسایە لە حکومەتی ئیتیحادی دەرچووە:**

**ماددەی یەکەم: انفاذ قانون امتیازات المحققین القضائین الاتحادي رقم (80) لسنة 2008 والعمل باحكامه في اقلیم کوردستان - العراق**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ڕەئی خۆتان چیە؟**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پشتگیری ماددەکە ئەکەین بەو شێوەی خوێندمەوە**

**الماده الثانیة: تحل السلطات والمؤسسات في الاقلیم محل السلطات والمؤسسات الاتحادیة اینما وردت ذكرها في القانون رقم (80) لسنة 2008**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ڕەئی لیژنە**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لیژنەی پشتگیری ماددەکە ئەکات بەو شێوەی خوێندمەوە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ تێبینی هەیە؟**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە لە لیژنەی یاسایی پێشنیاری دوو ماددەی ئیزافیمان کردووە پێش ئەوەی بچمە سەر ماددەکانی پڕۆتۆکۆلی، ئەویش ئەوەیە (یصرف الامتیازات والاستحقاقات المالیة الواردة في هذا القانون من موازنة السلطة القضائیة في الاقلیم) داوا ئەکەم ئەو ماددەیە بخرێتە دەنگدانەوە**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ تێبینی هەیە؟ کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی تر کە لیژنەی یاسایی داوای ئەکات زیاد بکرێ لەسەر پڕۆژەکە (على مجلس القضاء في الاقلیم اصدار التعلیمات اللازمة لتسهیل تنفیذ احكام هذا القانون**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ تێبینی هەیە؟**

**بەرێز عونی كمال بەزاز:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەكانی پرۆتۆكۆلی على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون**

**ماددەیەكی تر: لا یعمل بای نص قاوني او قرار یتعارض مع احكام هذا القانون**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ تێبینی هەیە؟ كێ لەگەڵ دایە؟ كێ لەگەل.......**

**بەرێز عونی كمال بەزاز:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی تر: ینفذ هذا القانون اعتبارا من تاریخ نشره في الجریدة رسمیة (وقائع كوردستان)**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو تێبینیەكەت چیە؟**

**بەرێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**كاتی خۆی ئەم یاسایە كە لە عێراق دەرچوو لە مانگی (10) ی 2012 دەرچوو، بەڵام لە 2012/1/1 كاری پێكرا، بۆیە بۆ ئەوەی ئەو موحەقیق قەزائیانە ماوەیەكی زۆرە داوا ئەكەن، بۆیە داوا ئەكەم لە 1/1 ەوە بێت، نەك لە تاریخی ئیصداری، سوپاس**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو**

**بەرێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لەوانەیە ئێستا بڵێین ئەوە نابێ ئێستا باسی هەبێ، بەڵام دوو ساڵە لە بودجەی 2012 و 2013 شدا ماددەیەكمان هەیە كە ماف و ئیمتیازاتی هەموو فەرمانبەران بە هەموو چین و توێژەكانەوە وەكو ناوەندی لێبكرێ، بۆیە ئەكرێ ئەم یاسایە ئەسەری رەجعی هەبێ، و شمولیان بكات لە 2012/1/1 ەوە تا ئێستا**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك گۆران**

**بەرێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پشتیوانی بۆچوونی هاورێیانم ئەكەم، و لەبەر ئەوەی ماوەكانی تر قانونێكمان پەسند كرد هی رێژە و خزمەتی مامۆستایانی زانكۆ، بە هەمان شێوە ئەسەری رەجعی لە مانگی (5) ی ساڵی 2012 تەنفیز كرا.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر پشتیوانی لە هاوکارانم ئەکەم کە ئەو یاسایە چونکە یاسایەکی ئیتیحادیە و ساڵی 2012 جێ بەجێ کراوە، بۆیە منیش پشتیوانی لەوە ئەکەم کە ئێمە ماوەیەکی زۆرە لە چاوەڕوانی جێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژە یاسایەین، بۆ ئەوەی کە لێکۆڵەرە دادیەکان ئەو مافەی خۆیان دەستەبەر بکەن، بۆیە منیش پشتیوانی ئەکەم کە بە ئەسەری رەجعی بێ، و رابردووشیان بۆ هەژمار بکرێ، ئەمە یەك، دوو، سەبارەت بە جێ بەجێ کردنەکەی، چونکە لێرە ئەڵێ (اعتباراً من تاریخ نشره فی الجریده الرسمیه)، ئەمە لە تاریخی ئیصدارەکەیەوە بێ نەك لە بڵاو کردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی، و بە ئەسەری رەجعیش بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی هاوڕێکانم ئەکەم لە مەسەلەی ئەسەری رەجعی، چونکە ئەم قانونە لێکۆڵەرەوانی دادی لە لای ئێمەش هەمان ئیستیحقاقیان وەرگرتووە لە رۆژی دەرچوونی ئەم یاسایە لە پەرلەمانی عێراق، لەبەر ئەوە پشتیوانی لەوە ئەکەم کە ئەسەری رەجعی هەبێ ئەو یاسایە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام حکومەت بەو مەرجە موافەقەتی کردووە لەسەر ئەو ....

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر مەجلیسی قەزایە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت تەوزیحت کرد، تەبیعی حکومەت موافەقەتی کردیە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایە بەو مەرجەی بەتایبەتی ئێمە ماددەیەکمان دانا ئەو ئیلتیزاماتە مالیەمان هاوێشتە سەر ئەنجومەنی دادوەری، و بودجەی ئەنجومەنی دادوەری پەسند کرا، واتە پارەیان نیە، ئەکرێ لە ئایندە حیسابێکی بۆ بکرێ لە کاتی موناقەشە کردنی بودجەی ئەنجومەنی دادوەری

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە پەیوەندی بە عبئی مالیەوە هەیە، پەیوەندی بە دەستەڵاتی دادوەریەوە هەیە، ئەوانیش بودجەیان هەیە، هەموو لیژنەی یاسایش ئەزانێ هیچ پەیوەندی بە حکومەتەوە نیە، بۆیە پێویستە ئەو یاسایە ئەسەری رەجعی هەبێ، ئەو یاسایە یاسای ئینفاز کردنە، دەمێکە ئەبوایە مافەکانیان وەرگرن

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی بیخوێنەوە پێشنیارەکەی ئەوان ئەخەینە دەنگەوە

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ینفذ هذا القانون اعتبارا من 2013/1/1.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە پێشنیاری ئەوانە؟ کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە بێدەنگ، تکایە جارێکی تر بیخوێنەوە

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ینفذ هذا القانون اعتبارا من 2013/1/1 و ینشر في الجریدة الرسمیة (وقائع کوردستان)

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ ....

تا سەعات (4) ی ئێوارە بەخواتان ئەسپێرین، دانیشتنی...

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم کاتەتان باش، ئێستاش بەردەوام ئەبین لەسەر بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، سەر لەبەیانی دانیشتنی یەکەممان ئەنجام دا، ئێستاش دانیشتنی دووەم، داوا لە لیژنەی یاسایی ئەکەین بفەرموون بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە حەقە پێش چوونە ناو گفتوگۆکانەوە بۆمان روون بکرێتەوە، چونکە ئەمە بەدەرە لە هەموو عورف و یاسایەك کە تا ئێستا پەرلەمان لەسەری ڕۆیشتووە

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عومەر

**بەڕێز عمر عبدالرعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وائەزانم نوقتەی نیزامی جدیە ئەوەی عەرزی بەڕێزتانی ئەکەم، بەس تۆزێ نەفەستان درێژ بێ، ئێمە ماوەیەکی زۆرە چەندین پەرلەمانتار دوو، سێجار چەندین پرۆژەمان سەبارەت بەم بابەتەی ئێستا داوە بە سەرۆکایەتی بەرێز، لەبیرتانە بەرێزتان بۆ سازان لەسەر دەستوور (60) پەرلەمانتار واژووی کرد تەقدیمی بەرێزتان کرا، بەڵام نەخرایە دەنگدان و کارنامەوە، من ئێستا پرسیارێکی زۆر قانونی و جدی ئاراستەی بەرێزتان و لیژنەی یاسایی و بەرێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەم، سەرۆکی هەرێم پێش (10)، (15) رۆژ وادەی هەڵبژاردنی لە 9/21 ڕاگەیاندووە، پرسیارێکی یاسایی و زۆر جدیە و پەرلەمان بەرپرسە لە موعالەجەی ئەم حاڵەتە کە ئەمە خەلەلێکی گەورەیە، کەس تەعنی لەم بڕیارەی سەرۆکی هەرێم نەداوە، لەسەر چ ئەساسێك ئەم بڕیارە هەڵئەوەشێندرێتەوە بەم پەلە پەلیە پرۆژە یاسایەك پێشکەش ئەکرێ بۆ ئەوەی لێرە وەکو لە دەقەکە هاتووە پەرلەمان تا 2013/11/1 لەسەر کاری خۆی ئەمێنێ؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەدنان

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت ئەمڕۆش و رۆژەکانی تر هەم لە پرۆسەیەك بووی بەناوی سازانی نیشتیمانی و هەم ئەمڕۆش قسەی زۆر کرا، و دانیشتنی ئەمڕۆش سەرتاپای پەیوەستە بە مەسەلەیەکەوە، یان لەچوار چێوەی قالبێکە کە پێی ئەوترێ سازانی نیشتیمانی، بەرێز سەرۆکی هەرێم نامەیەکی ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان

کردووه که راسپاردەی حیزبەکان و تێبینی حیزبەکانە، وەکو ئەرکی سەرۆکایەتی پەرلەمان مەفروز بوو داوای دانیشتنێکی پەرلەمانی بکردابوایە، ئێمە داوای لیژنەمان کرد تەشکیلتان نەکرد، بەلاَم ئایا ئەندامانی پەرلەمان ئەو کەسایەتی و ئەو نوێنەری خەڵکی کوردستانە نین ئاگایان لەوە هەبێ چی باشە بکرێ و ئەو نامانە چی تێدایە و ئەو تێبینیانە چی تێدایە؟ بۆچی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەم ماوەیە ئامادە نەبوو دانیشتنێك بکات؟، چ ئاشکرا یان داخراو لەگەڵ پەرلەمانتارانی کوردستان بۆ عەرزی ئەو نامانە و ئەو راسپاردانەی کە هاتووە، ئەو تێبینیانەی هاتووە بۆ پەرلەمانی کوردستان قسەی لەسەر بکرێ، بۆچی جەنابتان سەردانی هەموو حیزبەکان ئەکەن و ئەولاو ئەولا ئەکەن، بەلاَم لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەری خەڵکی کوردستانن دانانیشن تێیان بگەیەنن کە کێشەکان لە چیدایە؟ بێئەوەی بزانین نەتیجەی دانیشتنەکانی جەنابتان لەگەڵ حیزبەکان و لایەنە سیاسیەکان و کۆمەڵگەی مەدەنیش چیە؟ ئێوە لەگەڵ هەموویان دانیشتوون بەس ئامادە نەبوون لەگەڵ پەرلەمان دانیشن، و لە نێو هۆڵی پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکرێ، لەبەر ئەوەی ئەو نامەیە ئاراستەی پەرلەمانی کوردستانە، ئەمڕۆ ئیعلانی فەشەلی هەموو ئەو هەوڵانەت کرد، کە ئیعلانی فەشەلت کرد هاوکات لەگەڵ ئەوە یاسایەکتان هێناوە سەرۆکایەتی پەرلەمان بە شێوەیەکی نایاسایی پرۆژە یاسایەکتان هێناوەتە ناو پەرلەمان قسە لەسەر سازان ئەکات، لەولاوە جەنابت ئەڵێی سازان فەشەلی هێناوە، کەس ئامادەی سازان نەبووە، لێرەش بە ناوی سازان چ لیژنەی یاسایی و چ ئێوە و چ ئەوانەش کە پرۆژەکەیان ئامادە کردووە قسە لەسەر سازانی نیشتیمانی ئەکەن، ئەمە ئەبێ تێمان بگەیەنن، بۆچی ئامادە نین ئێوە لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان ئاگاداری ورد و درشتی ئەو کێشەیە بێ کە گرنگترین و حەساس ترین مەوزوعە لە ئێستادا؟ و بۆچی لەدەرەوەی ئەو عورفە پەرلەمانیە و ئەو کارە پەرلەمانیەوە دێن پرۆژەیەکی وا وەکو بەڕێزان باسیان کرد ئەیخەنە بەرنامەی کارەوە؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ئەزانین بەڕێزان پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە ناو پەرلەمان موناقەشەی لەسەر نەکراوە، لیژنەیەك پێك هاتووە بە قانونێك لە 19 کەس، ئەو لیژنەیە پرۆژەی دەستووری ئامادە کردووە، لە پەرلەمان فەقەت بە (ئا) یان (نا) دەنگی بۆ دراوە، لەبەر ئەوە ئێمە ناتوانین پرۆژەی دەستوور بێنینەوە ناو پەرلەمان هەروا بە ئاسانی، بەلاَم ئەگەر پەرلەمان ئگادار نیە ئێمە دووجار لەگەڵ نوێنەری ئێوە، لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان قسەمان کردووە، و تکامان لێکردوون رەزامەندی بفەرموون بۆ ئەوەی لیژنەیەکی موشتەرەك پێکبینین لە فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان، لەگەڵ حیزبەکانی دەرەوەی پەرلەمان، لەگەڵ ئەو لیژنەی بۆ نووسینەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێم ئامادە بووە، لەگەڵ خەڵکی تریش، بەداخەوە ئێوە رازی نەبوون، و ئێمە هەوڵەکانیشمان ئەیلێینەوە، هەوڵەکانیشمان لەگەڵ حیزبەکان و لیژنەی دەستووریش کە پرۆژەکەی نووسیوە، لەگەڵ هەموو فراکسیۆنەکان هەرچی لە تواناماندا بوو

کردمان، نەتیجە ئاوای لێهات، ناکرێ هەمووتان قسە بکەن بەراستی، دوو کەسی تر رێگە ئەدەم ئەویتر ناهێڵم، فەرموو کاك ئارام

**بەڕێز ایوب نعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سەیری هۆیەکانی دەرکردنی ئەو دوو پرۆژە یاسایە بکەین باس لە سازان ئەکات، ئەو پرسیارە ئەکەم، ئایا سازان بریتی نیە لەوەی کە هەموو لایەنە سیاسیەکان کۆبکاتەوە لە چوارچێوەیەك و هەموو یەك ڕاو بیر و بۆچوونی هەبێ و ئیعتیبار بۆ رەئی تاکە هاوولاَتیەکیش دابنرێ؟ بەلاَم لە کاتێکدا ئۆپۆزۆسیۆن، ئێمە زیاتر لە 10 ڕۆژە پرۆژە بریارێکمان پێشکەش کرد سەبارەت بەوەی کە پرۆژە بڕیاری سازان لەسەر مەسەلەی دەستوور، بەلاَم بەداخەوە نەخرایە خشتەی کارەوە، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ نەکرا، و هەروەها فەرامۆش کرا، لەبەر ئەوە خۆی بۆخۆی یەکسەر بەشێك لەلایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان فەرامۆش ئەکرێن و پەراوێز ئەکرێن، کەواتە ئەوە سازان نیە، خاڵی دووەم، سەبارەت بە مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کە درێژ کردنەوەی ویلایەتە، ئەوە خۆی بۆخۆی پێچەوانەی یاسایە، چونکە هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەبێ بەیەکەوە بێ، ئێستا چۆن دێی هەڵبژاردنێك جیا ئەکەیتەوە لە هەڵبژاردنێکی تر؟ ئەوەش جارێکی تر لە کاتێکدا پەرلەمان پێویستە بەرگری لە سەروەری یاسا بکات، بەرگری لەوە بکات نابێ پێشێلکاری یاساکان بکرێ، بەلاَم بەداخەوە ئێمە خۆمان نین لە پەرلەمان، پرۆژە بریارێك پەسند ئەکەین کە پێچەوانەی یاساکانی ترە، خاڵێکی تر، جەنابت باسی مەسەلەی دەستوورت کرد، ئێمە لەگەڵ سازانین لەسەر دەستوور، ئەم پرۆژە بڕیارە هەر باس لە سازانی دەستوور ئەکات، کەواتە بەم پرۆژە بڕیارە ئەبێ دەستوور بێتەوە پەرلەمان، بەڵی لە ناو پەرلەمان (ئا) و (نا) ی بۆ کراوە، بەلاَم کاتێ سازانی بۆ ئەکرێتەوە ئەگەر لە دەرەوەی پەرلەمانیش بێ هەر ئەبێ بێتەوە پەرلەمان و لێرەش جارێکی تر دەنگدانی بۆ بکرێتەوە، کەواتە کێشەکە بریتیە لە مەسەلەی تەوقیت، ئەوە دەبوو ئێمە کارمان کردبایە، لە ئێستاوە لیژنەیەك پێکبهێندرێ، ئەو لیژنەیە هەڵسێ بە سازان لەسەر برگە و ماددەکانی دەستوور و بگەڕێتەوە پەرلەمان، ئێستا هەمان قسەی پەرلەمان کرا، ئۆپۆزۆسیۆن کراوە کە دێتەوە بۆ ناو پەرلەمان، بەلاَم کاتەکەی دواخراوە لەبەر خاتری هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم، بۆیە ئەم پرۆژە بڕیارانە تەواو پێچەوانەی بڕیار و یاساکانی خۆمانە، ئینجا لە لایەکی ترەوە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان هیچ دەقێك و ماددەیەك نیە باس لە درێژ کردنەوەی ویلایەتی نە پەرلەمان بکات، نە سەرۆکایەتی هەرێم، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

قسەی خۆتان کرد، یەك، دوو، سێ، چوار، پێنج، شەش، حەوت، هەشت، نۆ، دە، یانزە، چوار کەسیش قسەی کردووە، نابێ، نوقتەی نیزام؟ بیست کەس نوقتەی نیزام قسە بکات نابێ بەراستی، لە هیچ قانون و

پەیڕەوێکی ناوخۆی پەرلەمان بیست کەس نوقتەی نیزامی نابێ بەراستی، لەبەر ئەوە بەردەوام ئەبین لەسەر موناقەشەی خۆمان، قسەی خۆتان کرد، لیژنەی یاسایی مادده، مادده بیخوێنەوە لیژنەی یاسایی

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم:

خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمانی کوردستانی عێراق کە لە 2013/8/20 کۆتایی دێی بەردەوام دەبێ، و پەرلەمان تا 2013/11/1 لەسەر کاری خۆی ئەمێنێ، بە مەرجێ هەڵبژاردن لە 2013/9/21 ئەنجام بدرێ

لیژنەی یاسایی تەئیدی ئەکات

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی دووەم بەو شێوەی خوێندرایەوە کێ لەگەڵ دایە؟ کێێ لەگەڵ دا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەی سێیەم

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەێ\م: ئەم یاسایە لە بەرواری دەرچوواندنیەوە جێ بەجێ ئەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائعی کوردستان بلاو ئەکرێتەوە

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندنی

لەبەر ئەوەی بڕیار وایە ڕۆژی 2013/9/21 هەڵبژاردنی خولی چوارەمی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان بکرێ، و لەبەر ئەوە لە ماوەی هەڵبژاردنی خولی سێیەم لە بەرواری 2013/8/20 تەواو ئەبێ، بۆ ئەوەش هیچ بوارێك بۆ بەتاڵی یاسایی لە هەرێم نەڕەخسێ تا هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانی نوێ و گرێدانی دانیشتنی یەکەمی، لەبەر ئەوە ئەم یاسایە دەرچوێندرا، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی ئەکەم یاساکە و هۆیەکانی دەرچوواندنی بخرێتە دەنگدانەوە

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەسبابی موجەبەکە و یاساکە کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ خاڵی دووەم، بۆ بەرنامەی کاری خاڵی دووەم

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دووەمی بەرنامەی کار

یاسای درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم

ماددەی یەکەم: ویلایەتی سەرۆکی هەرێم کە لە 2013/8/20 تەواو ئەبێ درێژ ئەکرێتەوە تا 2015/8/19 کە ئیتر بۆ دووەم جار توانای درێژ کردنەوەی نیە

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە هاودژ بێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ خاڵێکی تر

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

پێویستە سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر

**بەرێز عونی کمال بەزاز:**

**ماددەی پێنجەم:**

**ئەم یاسایە لەبەرواری دەرچوونیەوە جێ بەجێ ئەکرێ، و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائعی کوردستان بلاْو ئەکرێتەوە.**

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر**

**بەرێز عونی کمال بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە:**

**لە پێناو بەرژەوەندی گشتی هەرێمی کوردستان، و بۆ هاتنە کایەی پێکهاتن و سازان لەسەر هەموار کردنی پرۆژەی دەستووری هەرێم، و لەبەر ئەوەش پرۆژەی دەستوور بۆ سیستەمی سیاسی هەرێم گرنگە و بۆ مسۆگەر کردنی رەخساندنی بارودۆخی مەوزوعی بۆ ئەوەی بگەین بە پێکهاتن لەسەری کە ئامانجەکانی گەلی کوردستانی عێراق بگاتە جێی رێز گرتن و رابەرایەتیان بەردەوام بێ، بۆیە ئەم یاسایە دەرچوێندرا.**

**بەرێز د.ارسلان بایز_سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، تێکڕای قانونەکە کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، پیرۆزبایی لەگەلی کوردستان ئەکەین، بەمجۆرە ئەم خولەی پەرلەمان کۆتایی پێدێنین، تا خولێکی تر بەخوتان ئەسپێرین، هەربژین.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |